تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

نەوشیروان مستەفا ئەمین

حکومەتی کوردستان

ڕێبەندانی ١٣٢٤- سەرماوەزی ١٣٢٥

کورد لەگەمەی سۆڤێتی دا

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

چاپی سێیەم

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

حکومەتی کوردستان

کورد لەگەمەی سۆڤێتی دا

نەوشیروان مستەفا ئەمین

حکومەتی کوردستان

کورد لەگەمەی سۆڤێتی دا

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان
سلێمانی ۲۰۰۷

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان

دەزگایەکی کەلتورییە لەساڵی ١٩٩٢دا دامەزراوە، ئامانجەکەی لێکۆڵینەوەی زانستییە لەبوارەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی نێو دەوڵەتان‌و ئابوری‌و مەسەلە ستراتیجییەکان‌و هەوڵی بەدەست هێنانی قازانجی ماددی نادا.

هەمو ئەو لێکۆڵینەوانەی کەسەنتەر دەریانەدەکا، گوزارشت لەڕاو بۆچونی خاوەنەکانیان دەکەن‌و بەپێی پێویست گوزارشت لەڕاو بۆچونی سەنتەر ناکەن.

- نەوشیروان مستەفا ئەمین
- حکومەتی کوردستان کورد لەگەمەی سۆڤیێتی دا
- سلێمانی ٢٠٠٧
- چاپی سێیەم
- مۆنتاجی کۆمپیوتەر: ئاسۆ سەعید
- بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان
- ژمارەی سپاردن: (١٩)ی ساڵی ٢٠٠٦
- ژمارەی سپاردن بەکتێبخانەی سەنتەر: ٦/٣٦/٣
- چاپ: چاپخانەی تیشك ـ سلێمانی

ناومرۆك

پێشەكی ١٣
١-ئێران لەژێر سایەی پەهلەوی دا ٢١
١-ئێرانو دنیا ٢١
١/١ ئێرانو دراوسێكانی ٢١
٢/١ پەیمانی سەعداباد ٢٣
٣/١ ئێرانو زلهێزەكان ٢٦
٢/ هەلگیرسانی دوەمین جەنگی جیهانی ٢٧
١/٢راگەیاندنی بێلایەنی ئێران ٢٨
٢/٢تێوەگلانی روس ٢٨
٣/داگیركردنی ئێران ٢٩
١/٣هێرشی روسی- ئینگلیزی ٣١
٢/٣ مەبەست لەداگیركردنی ئێران ٣٢
٤ هەرەسی((ئەرتەشی شاهنشاهی ئێرانی)) ٣٣
١/٤دەستوری تەركی موقاوەمەت ٣٥
٢/٤ لێخرانی رەزاشای پەهلەوی ٣٧
٣/٤ پەیمانی ئیتیحاد........................ ٣٧
٥/ كورد و روداوەكانی شەهریوەر ٤٠
١/٥ هەڵوێستی كورد ٤٠
٢/٥ ژیانی كورد لەسایەی رژێمی پەهلەویدا ٤١
٣/٥ بۆشایی دەسەڵات........................ ٤٦
١/٣/٥ سەرانی كوردو سەردانی باكۆ ٤٦
٢/٣/٥ روداوەكانی بانە........................ ٥٠
٣/٣/٥ روداوەكانی ورمێ ٥٥
٤/٥ بۆشایی سیاسی ٥٨

٢ -ڕێکخراوه کوردییه‌کانی ئێران ٦١
١/پێشینه‌ی مێژوویی ٦١
٢/کۆمه‌ڵه‌ی ژ. ك ٦٢
١/٢ چوارچێوه‌ی گشتی ٦٢
١/١/٢ زه‌مینه‌ی دامه‌زرانی ٦٢
٢/١/٢ دامه‌زرێنه‌ره‌کانی ٦٣
٣/١/٢ ئه‌ندامه‌تی ٦٤
٤/١/٢ ئامانجه‌کانی ٦٤
٢/٢چالاکی رۆشنبیریی ژ.ك ٦٧
١/٢/٢ گۆڤاری نیشتمان ٦٩
٢/٢/٢ رۆژژمێری کوردی ٧٤
٣/٢/٢ دیاری کۆمه‌ڵه‌ی ژ.ك ٧٦
٣/٢ کۆمه‌ڵه‌ی هیواو کۆمه‌ڵه‌ی ژ.ك ٧٧
٤/٢قازی محه‌مه‌د دێته کۆمه‌ڵه‌وه ٧٨
٥/٢ ژ.كو سۆڤێت ٨٠
٦/٢ گیرانی زه‌بیحی‌و هه‌ندێ له‌هاوڕێکانی ٨٢
٧/٢ ژ.كو بارزانیه‌کان ٨٣
١/٧/٢ هه‌ڵوێستی ژ.ك له‌شۆڕشی ١٩٤٥ی بارزانیان ٨٣
٢/٧/٢ کشانه‌وه‌ی بارزانیه‌کان بۆ ئێران ٨٥
٣/حیزبی دیموکراتی کوردستان ٨٦
١/٣ راگه‌یاندنی دامه‌زراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان ٨٦
٢/٣ هه‌وه‌ڵ کۆنگره‌ی حیزبی دیموکراتی کوردستان ٨٨
٣/٣ مه‌رامنامه‌ی حیزبی دیموکراتی کوردستان ٩٢
٤/٣ هه‌ڵکردنی ئاڵای کوردستان ٩٥
١/٤/٣ له‌مه‌هاباد ٩٦
٢/٤/٣ له‌نه‌غه‌ده ٩٧
٣/٤/٣ له‌بۆکان ٩٩

٢ -ریکخراوه کوردییه‌کانی ئیران ٦١
١/پیشینه‌ی میژویی ٦١
٢/کۆمه‌ڵه‌ی ژ.ک ٦٢
١/٢ چوارچیوه‌ی گشتی ٦٢
١/١/٢ زه‌مینه‌ی دامه‌زرانی ٦٢
٢/١/٢ دامه‌زرینه‌ره‌کانی ٦٣
٣/١/٢ ئه‌ندامه‌تی ٦٤
٤/١/٢ ئامانجه‌کانی ٦٤
٢/٢چالاکی رۆشنبیریی ژ.ک ٦٧
١/٢/٢ گۆڤاری نیشتمان ٦٩
٢/٢/٢ رۆژژمیری کوردی ٧٤
٣/٢/٢ دیاری کۆمه‌ڵه‌ی ژ.ک ٧٦
٣/٢ کۆمه‌ڵه‌ی هیواو کۆمه‌ڵه‌ی ژ.ک ٧٧
٤/٢قازی محه‌مه‌د دیته کۆمه‌ڵه‌وه ٧٨
٥/٢ ژ.ک‌و سۆڤیت ٨٠
٦/٢ گیرانی زه‌بیحی‌و هه‌ندێ له‌هاورێکانی ٨٢
٧/٢ ژ.ک‌و بارزانیه‌کان ٨٣
١/٧/٢ هه‌ڵویستی ژ.ک له‌شۆرشی ١٩٤٥ی بارزانیان ٨٣
٢/٧/٢ کشانه‌وه‌ی بارزانیه‌کان بۆ ئیران ٨٥
٣/حیزبی دیموکراتی کوردستان ٨٦
١/٣ راگه‌یاندنی دامه‌زراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان ٨٦
٢/٣ هه‌وه‌ڵ کۆنگره‌ی حیزبی دیموکراتی کوردستان ٨٨
٣/٣ مه‌رامنامه‌ی حیزبی دیموکراتی کوردستان ٩٢
٤/٣ هه‌ڵکردنی ئالای کوردستان ٩٥
١/٤/٣ له‌مه‌هاباد ٩٦
٢/٤/٣ له‌نه‌غه‌ده ٩٧
٣/٤/٣ له‌بۆکان ٩٩

٣/ئاهەنگەکانی ڕێبەندان ١٠٩
١/کۆبوونەوەی مەهاباد ١٠٩
١/١دوعای مەلا حسێنی مەجدی ١١٢
١/٢نوتقی جەنابی پێشەواو ڕەئیس جمهوری بەرزی کوردستان ... ١١٤
١/ ٣ نوتقی فەرماندەکانی پێشمەرگە ١١٦
١/٣/١ محەمەد حسێن خان ١١٦
١/٣/٢ محەمەد نانەوازادە ١١٧
١/٤سەرانی ئێلەکان ١١٨
١/٤/١ عومەر خانی شکاك ١١٨
١/٤/٢ زیروبەگی هەرکی ١١٨
١/٤/٣ ئیبراهیم ئاغای ئەدهەم مەنگور ١١٩
١/٤/٤ محەمەد فەیزوڵڵا بەگی ١٢٠
١/٤/٥ ئەحمەد ئاغای ئیلخانیزادە ١٢٠
١/٤/٦ محەمەد قادری مامەش ١٢٠
١/٥ بنەماڵە دینییەکان ١٢١
١/٥/١ حاجی بابەشێخ ١٢١
١/٥/٢ شێخ حەسەنی شەمسی بورهان ١٢١
١/٥/٣ سەید عەبدالعزیز گەیلانی ١٢٢
١/٦ وتاری حیزبییەکان ١٢٤
١/٦/١ سەید محەمەد تەها زادە ١٢٤
١/٦/٢ شیعری هەژار ١٢٥
١/٦/٣ شیعری هێمن ١٢٦
١/٦/٤ محەمەد ئەمین موعینی ١٢٨
١/٧ ئافرەتان ١٣٠
١/٧/١ یای ویلمەی سەیادیان ١٣٠
١/٧/٢ یای خەدیجە حەیدری ١٣١
١/٨ قسەکان و قسەکەرەکان ١٣١

٢/بڕیاری کۆبونەوەی ٢ی ڕێبەندان ١٣٥
٣/ئاینی سوێند خواردن ١٣٨
٤/ئاینی بەیعەتی پێشەوا ١٣٩
یا: ((جەژنەکانی سەربەخۆیی‌و ناساندنی سەرۆك جمهوری کوردستان))
١/٤ بەیعەتی پێشمەرگە بەپێشەوا ١٤٠
٢/٤ بەرپرسەکانی ڕاگەیاندن ١٤٣
٣/٤ بازرگانەکان ١٤٣
٤/٤ سەرانی ئێلەکان ١٤٤
٥/٤ کۆمەڵی یەهودی مەهاباد ١٤٦
٥/دامەزراندنی دەزگاکانی حکومەت ١٤٧
٤-گەشانەوەی ڕۆشنبیریی ١٥١
١/بەکوردی کردنی زمانی رەسمی ١٥١
١/١ مزگەوت ١٥٣
٢/١خوێندن ١٥٤
٣/١ زمانی حوکمڕانی ١٥٨
١/٣/١ زمانی شەرعی ١٥٨
٢/٣/١زمانی قانونی ١٥٩
٣/٣/١ زمانی بازرگانی ١٦٠
٤/٣/١ زمانی پێشمەرگایەتی ١٦١
٢/دامەزراندنی چاپخانەی کوردستان ١٦١
١/٢گۆڤاری کوردستان ١٦٣
٢/٢ ڕۆژنامەی کوردستان ١٦٥
٣/٢ هاواری نیشتمان ١٦٩
٤/٢ گۆڤاری گروگاڵی منداڵان ١٦٩
٥/٢ گۆڤاری هەڵاڵە ١٦٩
٣/رادیۆی: ((کوردستان قسان دەکا)) ١٦٩
٤/دامەزراندنی کتێبخانەی میللی ١٧١
٥-سینەمای کوردستان ١٧٥

٥/دامەزراوی پێشمەرگایەتی ١٧٧
١/ستراتیجی- سیاسی- پێشمەرگەیی حکومەتی کوردستان ١٧٧
٢/رێکخستنی پێشمەرگە ١٧٩
٢/١وەزارەتی هێزی دیموکراتی کوردستان ١٧٩
٢/٢ هێزەکانی ئێلاتی کورد ١٨١
٣/بارزانییەکان ١٨٣
٣/١پێشوازیی رەسمیی مەلا مستەفا ١٨٣
٣/٢نوتقی محەمەد محمود ١٨٥
٣/٣ بەرنامەی گەڕانی بارزانی ١٨٦
٣/٤رێکخستنی هێزی بارزانییان ١٨٨
٣/٥پێکهێنانی پارتی دیموکراتی کورد ١٨٩
٤/گفتوگۆ لەتاران و شەڕ لەسەقز ١٩٠
٤/١ شەڕی سالّح ئاوا: یەکەمین پێکادانی پێشمەرگەو ئەرتەش ١٩٠
٤/٢هاتنی پێشمەرگەو لەخۆبوردوان ١٩٢
٤/٣هێزەکانی ئێران لەسەقز ١٩٣
٤/٤راوەستان یا پێشڕەوی ١٩٣
٤/٥ بەردەوامیی وردە شەڕ ١٩٤
٥/گفتوگۆ یا خلافاندن ١٩٥
٥/١کۆبونەوەی سەقز ١٩٥
٥/٢بۆچونی کۆمیتەی مەرکەزی ١٩٨
٥/٣بۆچونی فەرماندەی جەبهە ٢٠٠
٥/٤بۆچونی قازی محەمەد ٢٠١
٦-ئاگربڕی تا سەر ٢٠٢
٦/١شەڕی مامەشا: دوایین پێکادانی پێشمەرگەو ئەرتەش ٢٠٢
٦/٢رێکەوتنی سپایی قازی- رەزم ئارا ٢٠٥
٦/٣ دانانی نوێنەرانی کورد ٢٠٦
٦/٤بەربونەوەی ئانەوازادە ٢٠٧

٦/٥ دۆخی جەبهەو ژیانی پێشمەرگەکانی ٢٠٨

٧/ڕێکەوتنی سوپایی کوردستان‌و ئازەربایجان ٢٠٨

٦-کورد لەنێوان دۆست‌و دوژمنەکانی دا ٢١٣

١/ڕاگەیاندنی ئەتلانتیك‌و هیواکانی کورد ٢١٣

٢/ترسی کورد: پەژارەی هاوبەش ٢١٩

٣/کوردو ئازەربایجان ٢٢٣

٣/١پاشماوەی ناکۆکییەکانی رابردو ٢٢٣

٣/٢پەیمانی یەکێتیی و برایەتی ٢٢٥

٣/٣ گفتوگۆی هاوبەش ٢٢٨

٣/٣/١ خولی یەکەمی گفتوگۆ لەتاران ٢٢٨

٣/٣/٢ خولی دوەمی گفتوگۆ لەتەورێز ٢٣٧

٣/٤کێشەی کورد لەسەبەتەی مەسەلەی ئازەربایجان دا ٢٤٠

٤-کوردو تاران ٢٤٤

٤/١ بۆچونی کاربەدەستانی ئێرانی بۆ چارەسەری کێشەی کورد ٢٤٤

٤/٢ گفتوگۆی کوردی- ئێرانی ٢٤٥

٥/کوردو روس ٢٥٣

٥/١ سیاسەتی کوردیی یەکێتیی سۆڤێت ٢٥٣

٥/٢ بانگهێشتنی سەرانی کورد بۆ باکۆ ٢٥٥

٥/٣ سۆڤێت: ئامۆژگاریکەرێکی خراپ ٢٥٧

٧-کوردستان لەژێر هەرەسی سەرماوەزدا ٢٦١

١/کابینەی قەوامی سەڵتەنە ٢٦١

١/١ ئاڕامی سیاسی ٢٦١

١/٢پێکهێنانی کابینەی قوام ٢٦٢

١/٣سەردانی موسکۆ ٢٦٣

١/٤قوام دەستی ستالین ئەبری ٢٦٤

١/٤/١ڕێکەوتنی نەوتی ئێرانی- روسی ٢٦٤

١/٤/٢ تودەیی ئەبن بەوەزیر ٢٦٦

٢/گەڕانەوەی ئەرتەش بۆ کوردستان ٢٦٧
٢/١کشانەوەی روس ٢٦٧
٢/٢ کوردو رۆیینی ئۆردوی سور ٢٦٩
٢/٣ فەرمانی شا ٢٧٢
٢/٤پلانی گشتی ستادی ئەرتەش ٢٧٣
٣/هەڵوەشانی حکومەتی کوردستان ٢٧٤
٣/١ کۆبونەوەی مزگەوتی هەباس ئاغا ٢٧٤
٣/٢خۆبەدەستەوەدانی سەرانی حکومەت ٢٧٨
٣/٣ ئەرتەش دێتەوە مەهاباد ٢٧٩
٣/٤گیرانو موحاکەمەی قازییەکان ٢٧٩
٣/٥ چارەنوسی قازییەکانو بەرپرسەکانی حکومەتی کوردستان ... ٢٨١
٤/بارزانییەکانو حکومەتی ئێران ٢٨٣

نەخشەکان

١/کوردستان لەباری سەرنجی مێژونوسێکی کوردەوە ١٧
٢/کوردستان لەباری سەرنجی ئەفسەرێکی ئێرانییەوە ١٨
٣/کوردستان لەباری سەرنجی دیپلۆماتێکی ئەمریکییەوە ١٩
٤/میرایەتییەکانی کورد تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە ٢٠
٥/دابەشکردنی ١٩٤١-١٩٤٦ی ئێران لەنێوان سۆڤێتو بەریتانیا ... ٣٠
٦/ناوچە کوردنشینەکانی ئێران ٤٧
٧/کوردەکانی ئێران ١٣٢
٨/کوردەکانی تورکیا ١٣٣
٩/کوردەکانی عیراق ١٣٤
١٠/سنوری دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان، شوێنی شەڕەکانی پێشمەرگەو ئەرتەش، ڕێگای چونی بارزانییان بۆ سۆڤێت........ ٢١٢

ڕۆژنامەوانی

١/گۆڤاری((نیشتمان)) ٧٢
٢/گۆڤاری((کوردستان))بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان ١٠٧
٣/ریپۆرتاجی گ((کوردستان))دەربارەی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەمەهاباد ١٠٨
٤/رۆژنامەی((کوردستان))بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان........................... ١٧٢
٥/گۆڤارەکانی((هاواری کورد))و((هاواری نیشتمان)) ١٧٣
٦/گۆڤاری((هەڵاڵە)) ١٧٤
٧/ریپۆرتاجی ژمارە ٢٣ی آذرماهی ١٣٢٥ی رۆژنامەی((مرد امروز))ی تارانی دەربارەی هەڵواسینی قازییەکان ٢٨٦

پێشەکی

حکومەتی کوردستان لە مەهاباد، دوای تەجروبەی حکومەتی کوردستانی جنوبی لە سلێمانی لە سەرەتای بیستەکاندا، دوەمین تەجروبەی حوکمڕانی کوردە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا. ئەم تەجروبەیە سەرەڕای کورتیی ماوەکەی یەکێکە لە کێلە بەرزە دیارەکانی سەر ڕێگای دورودرێژی خەباتی نەتەوەی کورد لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆییدا. هەر بۆیە نوسەرانی کورد و بێگانە بایەخێکی تایبەتییان پێ داوە.

لەسەر حکومەتی کوردستان لە مەهاباد و، ڕوداوەکانی پێش و پاش دامەزراندنی زۆر وتار، باس و بابەت، بە زمانی جیاجیا، لە لایەن کورد و ئێرانی و ئەوروپایی و ئەمریکاییەوە نوسراوە.

کەس نیە لەسەر مێژوی نوێی کوردی نوسی بێ، کەم و زۆر باسی مەهابادی نەکردبێ. گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان وەکو "خەبات – النضال"، "ئازادی"، "دەنگی کورد – صوت ألاکراد"، "ژین"، گۆڤارەکانی "ڕۆژی نوێ"، "ڕوناهی" لە سالانی ١٩٥٩ – ١٩٦٠ دا گەلێ بابەت و وتاری بەنرخیان لە سەر بلاوکردۆتەوە. تا ئێستاش حیزبی دیموکراتی کوردستان سالانە یادی ئەم ڕوداوە مێژوییە ئەکاتەوە و لە سەری ئەنوسێ.

لەناو کوردا ئەوانەی بە کوردی لە سەریان نوسیوە:

عەلادین سوجادی، عەبدوڕەحمان زەبیحی (ع زانا)، مەحمود مەلا عیزت، جەلال تالەبانی، د عەبدوڕەحمان قاسملو، کەریمی حسامی، رەحیمی قازی، سەید محەمەدی سەمەدی، هێمن، ئەحمەد تۆفیق (أ ت سوارە)، بەکر عەبدولکەریم حەوێزی (ب ئەلوەند)، عەبدولقادر دەباغی.

ئەوانەی بە عەرەبی لە سەریان نوسیوە:

جەلال تالەبانی، عەبدوڕەحمان زەبیحی، د. سەید عەزیز شەمزینی، مەسعود بارزانی، کەریم زەند، د عەبدولستار تاهیر شەریف.

ئەو ئێرانییانەی لە سەریان نوسیوە:

بە فارسی: نەجەفقولی پسیان، جەعفەر مەهدی نیا، مستەفا ئەلەموتی.

بەئینگلیزی: د روحولا رەمەزانی و حەسەن ئەرفەع.

بێگانە لەوانە:
بە ئینگلیزی ئارشی روزفێلت و ولیام ئیگلتن و ویلسن هاوێل.
بە فەرەنسی کریس کۆچرا.
ئەوانەی نوسینە ئینگلیزی‌یەکانیان وەرگێڕاوەتە سەر کوردی یا عەرەبی وەکو:
ناجی عەباس و زاهیر حەمەد، کە هەریەکەیان لە ماوەیەکی جیاوازدا، وتارەکەی ئارشی روزفێلتیان یان بە لێدوانەوە کردۆتە عەرەبی.
جەرجیس فەتحولا و سەید محەمەدی سەمەدی کتێبەکەی ئیگلتن یان بە لێدوانەوە یەکەمیان بۆ عەرەبی و دوەمیان بۆ کوردی وەرگێڕاوە.
چەند کەسێکیش نامەی ئاکادیمی‌یان لە سەر ئامادەکردوە لەوانە:
خانمی فەریدە کەمالی دیهکوردی بەزمانی ئینگلیزی نامەی ماستەر بۆ زانستگای ئۆکسفۆرد ١٩٨٦ و، د گوڵمراد مرادی بە زمانی ئەڵمانی نامەی دکتۆرا بۆ زانستگای هایدلبیرگ ١٩٩١.
ڕەنگە هەبێ بڵێ جا ئەگەر ئەم هەمو شتەی لە سەر نوسرابێ چ پێویست ئەکا شتی تری لە سەر بنوسرێ؟
بە لای منەوە، لێکۆڵینەوە لە سەر حکومەتی کوردستان هەمیشە بە ناتەواو دائەنرێ تا ئەو ڕۆژەی بە کەرەستەی چەند سەرچاوەی تر دەوڵەمەند ئەکرێ وەکو:
دۆکۆمێنتەکانی ئێران و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەی تاران
دۆکۆمێنتەکانی حکومەتی سۆڤێتی
دۆکۆمێنتەکانی حکومەتی ئەمریکی
دۆکۆمێنتەکانی حکومەتی کوردستان خۆی
بۆ ئامادەکردنی ئەم باسە هەوڵی کردنی دو شتم داوە: یەکێکیان، زۆری ئەو بابەت و لێکۆڵینەوانەم پشکنیوە کە بە زمانی جیاواز و لە سەردەمی جیاوازدا لەسەر حکومەتی کوردستان نوسراون. ئەوی تریان، لەم باسەدا پشتم بە بەڵگەکانی حکومەتی کوردستان، لە پلەی یەکەم دا، بە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ئەوکاتە بەستوە. هەوڵم داوە خوێندەوار ببەمەوە ناو ڕوداوەکانی ئەو زەمانە بۆ ئەوەی خۆی داوەری بکات.

بۆ ئەوەش زۆر جار هەندێ لە نوتقەکانی پێشەوا و بەرپرسانی تری حکومەت و وتار و لێدوانەکانی ڕۆژنامەی کوردستانم، بێ لێ قرتاندن وەکو خۆی نوسیوەتەوە. یاخود ڕوداوەکانم بە درێژی وەکو خۆی گێڕاوەتەوە. ڕەنگە هەندێ کەس ئەمەیان پێ زیاد بێ، بۆ من ئەگەرچی ئەمە ماندوبونێکی زۆرتر بو، بەڵام وام بە پێویست و بە چاك زانی. دوەمین تەجروبەی حوکمڕانیی کورد ئەهێنێ پیاو بچێتە ناو وردە باس و بابەت و ڕوداوەکانیەوە.

بۆ تەواو کردنی ئەم کارە زۆر کەس یاریدەیان داوم:

دۆستانی بەڕێز: ئەحمەدی ئەسکەندەری، عومەری ئێلخانی زادە، عەبدولقادری دەباغی، د سادقی شەرەفکەندی، سەلاح ڕەشید، مەحمودی مەلا عیزەت، حەسەنی قازی، د لەتیف ڕەشید، محەمەد قەرەداخی... گەلێ سەرچاوەی نایابیان بۆ پەیدا کردم.

مامۆستایانی بەڕێز: ئیبراهیم ئەحمەد و سەلاحەدینی موهتەدی، پێشنوسی کتێبەکەیان خوێندەوە، گەلێ تێبینی مێژویی و سیاسی و زمانەوانی بەنرخیان دەربڕی.

کاك بەکرئاغای حەوێزی بە نامەیەکی تایبەتی وەڵامی پرسیارەکانی دامەوە.

برایانی بەڕێز: شازاد صائیب، کاکەمین قادر، ئازادی کاك مستەفا، بەختیار مستەفا، یاریدەی هونەرییان دام.

ئەگەر چاکەی ئەو جوامێرانە نەبوایە لەوانە بو ئەم بەرهەمە هەرگیز ڕوناکی نەبینێ. پڕبەدڵ سپاسیان ئەکەم.

بێگومان هەر بیرو بۆچون و داوەرییەك لەم کتێبەدا هاتوە، ڕاست بێ یا چەوت، ئۆباڵەکەی بە تەنیا لە ئەستۆی خۆم دایە.

هیوام وایە لە کارەکەم دا سەرکەوتو بم.

لەندەن، مایسی ۱۹۹۳ نەوشیروان مستەفا ئەمین

نەخشەی -١-

کوردستان لەباری سەرنجی مێژوونوسێکی کوردەوە

سەرچاوە: محمد امین زکی، کورد و کوردستان، بەغداد، ١٩٣٠

تێبینی: نووسەر ئەم پەراوێزەی لەسەر نەخشەکەی نوسیوە:

قەومی کورد ئەم وەضعییەتی قەومی کوردە، بە گوێرەی خەریتەی عەشائیری کورد (سیر مارك سایکس)، خەریتەی ئەتنوگرافی‌ی (چوار عەصری دوایی عیراق، میجەر لونگریك)، خەریتەی لیجنەی عصبە الامم و، خەریتەیەکی سری کە لە ساڵی ١٩١٢داو ٢٦ئاغستوس دا بۆ ضابطانی ئوردوی هند طبع کرابو و، لە سەر مەعلوماتی ئینسیکلوپیدیای ئیسلام و، (کردلر، مهاجرین مدیر عمومیه)

نەخشەی -٢-

کوردستان لەباری سەرنجی ئەفسەرێکی ئێرانییەوە

سەرچاوە: حسن ارفع، کوردەکان (بە ئینگلیزی)، لەندەن ١٩٦٦



نەخشەی -٣-

کوردستان لەباری سەرنجی دیپلوماتێکی ئەمریکاییەوە

سەرچاوە: ولیام ئیگلتن، کۆماری کوردی ١٩٤٦ (بە ئینگلیزی)، لەندەن، ١٩٦٣



نەخشەی -٤-

میرایەتییەکانی کورد تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە

سەرچاوە: امیر حسنپور، نەتەوایەتی و زمان لە کوردستاندا (بە ئینگلیزی)، سانفرانسیسکۆ، ١٩٢٢



١. ئێران لە سایەی دەسەڵاتی پەهلەویدا

١. ئێران و دنیا

ڕەزاشا بۆ ئەوەی بیپەرژێتە سەر بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی لە ناوەوەی ئێراندا زۆری مەبەست بو پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ دەوڵەتانی دنیا، بەتایبەتی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ، باش بکا.

١. ١. ئێران و دراوسێکانی

حکومەتی ڕەزاشا تا ساڵی ١٩٢٩ ئامادە نەبو بە ڕەسمی دان بە دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراقدا بنێ. حکومەتی عێراقی پشت گوێ خست بو. هەر شتێکی پێوەندی لەگەڵ کاروباری عێراق هەبوایە ڕاستەوخۆ لە گەڵ کاربەدەستانی بەریتانیا باسی ئەکرد. ساڵی ١٩٢٩ ئێران بەڕەسمیی دانی بە دەوڵەتی عێراقدا نا. هەردو دەوڵەت ڕێککەوتنێکی کاتییان ئیمزا و ئاڵوگۆڕی دیپلۆماسییان کرد. هەر لەو ساوە چەندین ناکۆکی ئەرزی و ئابوری لە نێوان ئەم دو دەوڵەتەدا هەبو. هەندێ لەم ناکۆکییانە لەسەردەمی عوسمانییەوە بەمیرات بۆ دەوڵەتی تازە- دامەزراوی عێراق بەجێ مابو.

لە ساڵەکانی دو جەنگی جیهانیدا سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ژێر دەسەڵات، یاخود نفوزی ئینگلیزدا بو. بیری بەستنی پەیمانێکی دیفاعی لە نێوان دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ ڕێبڕین لە تەنینەوەی نفوزی ڕوسی بەرەو خەلیج و پاراستنی پەترۆڵجارەکانی ناوچەکە لای کاربەدەستانی ئینگلیز گەڵاڵە بو. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی ئەدا دەوڵەتانی ناوچەکە لە یەك نزیك بخاتەوە، ناکۆکییەکانیان بەخۆشی چارەسەر بکات، پێوەندی دۆستانەیان لە نێواندا دروست بکات بۆ ئەوەی زەمینەی بەستنی پەیمانێکی وەها خۆش بکات.(١)

سالی ۱۹۳۲ مەلیك فەیسەل، شای عێراق، سەردانێکی ڕەسمیی ئێرانی کرد. ئێرانییەکان بۆ کۆبونەوەکانی ئەم سەردانە ۳ کێشەیان خستبوە بەرنامەی گفتوگۆکانەوە:

١. کێشەی جیاکردنەوەی سنوری شەتولعەرەب.
٢. هاوکاری لە کاروباری نەوتدا.
٣. دانانی سیاسەتێکی هاوبەش بەرامبەر کورد.(٢)

ئەم سەردانە پێوەندی دوقۆڵی هەردو وڵاتی بۆ پێشەوە برد.

شەتولعەرەب وەکو کێشەیەکی زیندو لە پێوەندییەکانی هەردولادا مایەوە تا لە سالی ۱۹۳۷ دا "ڕێککەوتنی سنوری لە نێوان عێراق و ئێراندا" ئیمزا کرا. بە دوای ئەم ڕێککەوتنەدا "پەیمانی دۆستایەتی" یشیان بەست. بەگوێرەی ئەم پەیمانە هەردولا پێکهاتن لەسەر دانانی ڕێوشوێنی چەند ڕێککەوتنێکی تر دەربارەی، دراوسێیەتی باش و ئاسایشی سنور، گێڕاندنەوەی تاوانکاران، ئیقامە و جنسیە، کاروباری بازرگانی، هاوکاری دادوەری، پێکهاتنی کۆنسوڵی، پۆست و تەلگراف.(٣)

لە سەرەتای دامەزراندنی جمهوریەتی تورکیاوە ڕەزاشا هەوڵی دا پێوەندی دۆستانە لەگەڵ مستەفا کەمال دروست بکا. هەر ئەوسا قورئانێك و شمشێرێکی بە دیاری بۆ ناردبو.

لە سالی ۱۹۲٦ دا "موعاهەدەنامەی ویدادیە و تەئمینیە" یان بەست. هەرچەندە هەڵگیرسانی شۆڕش لە کوردستانی تورکیا و تێکچونی ئاسایشی سنور و گومانی کاربەدەستانی تورك لە تێوەگلانی ئێران ماوەیەك نێوانی تێك دان، بەلام زۆری نەخایان نێوانیان خۆش و پێوەندییەکانیان گەرم بوەوە.

لە ۱۹۳۰ دا ڕێککەوتنێکی گومرگییان ئیمزاکرد.

لە ۱۹۳۲ دا ڕێککەوتنی سنورییان مۆر کرد. بە پێی ئەم ڕێککەوتنە ئێران بەشێ لە بنارەکانی چیای ئاراراتی دا بە تورکیا بەرامبەر پارچە ئەرزێکی فراوان لە ورمێ.

لە ۱۹۳۲ دا ڕێککەوتنی دۆستایەتی و بێتەرەفی و هاوکاری ئابوری نێوان دو وڵات لە ئەنقەرە ئیمزا کرا.

سالی ۱۹۳٤ ڕەزاشا لە سەر بانگهێشتی مستەفا کەمال سەردانێکی ڕەسمیی تورکیای کرد. لەم سەردانەدا هەردو پێشەوا لەسەر سیاسەتی دەرەوە پێك هاتن.

ڕەزاشا پتەوکردنی پێوەندی لەگەڵ تورکیا ئەوەندە بەلاوە گرنگ بو، لە کاتی بێنەوبەرەی نوێنەرانی ئێرانی و تورکی لەسەر دابەشکردنی مەڵبەندەکانی سنوری هەردو دەوڵەت، هەردولا لە سەر خاوەنێتی چەند بەرزاییەك کێشەیان بو، ڕەزاشا بە نوێنەرەکانی خۆی گوت بو: "دۆستایەتی ئێران و تورکیا بنچینەیە ئەم گردە بەشێ بێ لەخاکی ئێران یا لەخاکی تورکیا گرنگ نیە، بیدەن بە وان."(٤)

پاش ئەوەی ئەفغانستان لە ١٩٢١دا سەربەخۆیی تەواوی لە بەریتانیا وەرگرت ئێران بە ڕەسمیی دەوڵەتی ئەفغانستانی ناسی و هەر لە هەمان ساڵدا "عەهدنامەی مودەدت و بێتەرەفی ئێران و ئەفغانستان" لە کابول ئیمزا کرا. ئەمانوڵاخان و هاوسەرەکەی ساڵی ١٩٢٨ دوای گەشتی ئەوروپا سەردانی تورکیا و ئێرانیشی کرد. ئەمانوڵاخان ویستی لاسایی ئێران و تورکیا بکاتەوە لە چاولێکەری ئەوروپادا بەلام ئێلە کۆنەپارێزەکانی لێ ڕاست بونەوە شۆڕشیان کرد. ئەمانوڵاخان شکا. سەردار محەمەد نادرخان، وەزیری موختاری ئەفغانستان لە پاریس، کاروباری گرتە دەست و شۆڕشگێڕەکانی شکاند. ئێران حکومەتی نوێی بەڕەسمی ناسی. لە ١٩٣٠دا ئاستی ئاڵوگۆڕی دیپلۆماسی لە ئاستی کۆنسوڵییەوە بەرزکردەوە لە کابول سەفارەتی دامەزراند.

لە ١٩٣٤ دا لە ئەنجامی ناوبژی و "تەحکیمی" تورکیادا ناکۆکییە ئەرزییەکانی ئێران و ئەفغانستان لە خوراسان و سیستان لابەلا کرا.(٥)

ئێران نێوانی لەگەڵ دراوسێکانی باش بوبو. زەمینەی بەستنی پەیمانێکی هاوبەش خۆش بوبو. ئینگلیزیش ڕەنجێکی زۆری دا بو ئەم دەوڵەتانە لە یەك نزیك بخاتەوە و لە چوارچێوەی پەیمانێکی "ئیقلیمی" دا دژی مەترسی یەکێتی سۆڤێت یەکیان بخا.

١. ٢. پەیمانی سەعداباد

ڕۆژی ١٧ ی ڕەزبەری ١٣١٤ لە خانوی دەستەی نوێنەرایەتی ئێران لە جنێف پرۆژەی "عەهدنامەی عەدەم تەعەڕوز" لە نێوان نوێنەرانی دەوڵەتەکانی ئێران و تورکیا و عێراق هەروەها پرۆژەی "بەلاداخستنی هێمنانەی ناکۆکییەکان" لە نێوان دەوڵەتانی ئێران و عێراق دا نوسرا. ڕۆژی ٢٩ ی خەزەڵوەریش ئەفغانستان چوە پاڵ "عەهدنامەی عەدەم تەعەڕوز" ی نێوان هەر ٣ دەوڵەت.

بەمجۆرە زەمینەی بەستنی پەیمانی سەعداباد ساز بو.(٦)

١١ ی خەزەلوەری ١٣١٥ سەردار شاە مەحمود خان سەدری ئەعزەم و وەزیری جەنگی ئەفغانستان سەردانی ئێرانی کرد.
١٠ ی پوشپەڕ ناجی ئەسیل گەیشتە تاران و "عەهدنامەی حدودی ئێران و عیراق" و "حەللی ئیختیلافات راجیع بە شەتولعەرەب" ی لەگەڵ سەمیعی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران ئیمزا کرد.
هەر لە هەمان ماوەدا تۆفیق روشدی ئاراس وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیاو فەیز محەمەد خان وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەفغانستان گەیشتنە تاران.
وەزیری دەرەوەی ئێران، عێراق، تورکیا و ئەفغانستان لەرۆژی ١٧ ی پوشپەڕی ١٣١٦ دا لەکۆشکی سەعداباد (لە شەمێرانی نزیک تاران) پەیمانێکیان ئیمزا کرد بە ناوی "عەهدنامەی عەدەم تەعەڕوز" کە بە پەیمانی سەعداباد ناوی دەرکرد.
پەیمانی سەعداباد پێك هات بو لە ١٠ مادە.
لە مادەکانی ١ و ٢ و ٣ و ٨ ی‌دا، دەوڵەتانی پەیمانکار بەڵێنیان بە یەکتری دابو: بەهیچ جۆرێ دەسوەرنەدەنە کاروباری ناوخۆی یەکتری‌یەوە، ڕێزی سنورەکانی یەکتری بگرن و لەو ناکۆکی‌یانەدا کە لە ناو دەوڵەتاندا ڕو ئەدەن ڕاوێژ بە یەکتری بکەن و ناکۆکی‌یەکانی ناوخۆیان بە ڕێگای گفتوگۆی هێمنانە بەلادا بخەن.
مادەکانی ٥ و ٦ و ٩ و ١٠ ی تەرخان کرابو بۆ باسی شکاندن و هەڵوەشاندنەوەی پەیمانەکە و کارنەکردنی لەو بەڵێنانەی لایەنە پەیمانکارەکان دابویان بە کۆمەڵی گەلان و بۆ زمان و وەرگرتنی رونوسەکانی.
گرنگترینی بابەتەکانی لەمادەی ٤ و ٧ دا باس کرا بون:
مادەی ٤ هەمی ئەڵێ:
"دەوڵەتانی پەیمانکار بەڵێن بە یەکتری ئەدەن کە لە هیچ کاتێك دا نە بە تەنیا و نە لەگەڵ یەکێ یا چەند دەوڵەتێکی تردا هیچ جۆرە کارێکی دەستدرێژیکەرانە دژی یەکتری نەکەن.
ئەم کارانەی خوارێ بە دەستدرێژی دائەنرێ.
١. ڕاگەیاندنی جەنگ.
٢. هێرشی هێزی چەکداری ولاتێك، تەنانەت بێ ڕاگەیاندنی جەنگ، بۆ سەر خاکی ولاتێکی تر.

٣. هێرشی هێزی زەمینی و دەریایی یا ئاسمانی، تەنانەت بێ ڕاگەیاندنی جەنگ، بۆ سەر خاك یا بۆ سەر کەشتی یا فڕۆکەکانی وڵاتانی تر.
٤. یارمەتی هاوبەشی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی دەسدرێژیکەر.
ئەم کارانەی خوارێ بە دەستدرێژی دانانرێن:
١. بەجێهێنانی مافی دیفاعی مەشروع واتە بەرهەڵستی کارێکی دەستدرێژیکەرانە وەکو لە سەرەوە تەعریف کرا.
٢. هەنگاونان بۆجێبەجێکردنی مادەی ١٦ ی پەیمانی کۆمەڵەی نەتەوەکان.
٣. هەنگاونان لە ئەنجامی بڕیاری هاوبەشی کۆبونەوەی گشتی یا ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان یا بۆ جێبەجێ کردنی بەندی ٧ ی مادەی ١٥ ی پەیمانی کۆمەڵەی گەلان بەو مەرجەی ئەمەی دوایییان دژی دەوڵەتێ بکرێ کە لە پێشەوە دەستدرێژی کردبێ.
٤. یارمەتیدانی دەوڵەتێ کەوتبێتە بەر هێرش و پەلامار یا ڕاگەیاندنی جەنگی یەکێ لە دەوڵەتانی پەیمانکار کە بە پێچەوانەی ناوەرۆکی پەیمانی قەدەغەکردنی جەنگی ٢٧ ی ئابی ١٩٢٨ ی پاریس ڕوی دابێ."
مادەی ٧ هەمی ئەڵێ:
"دەوڵەتی پەیمانکار بەڵێن ئەدەن لە مەڵبەندە سنورییەکانی خۆیاندا ڕێ نەدەن بە دامەزراندنی ڕێکخراو یا بە جموجوڵی تاقمی چەکدار یا بە هیچ جۆرە تاقم یا ڕێکخستنێ کار بکا بۆ تێکدانی دامەزراوەکانی هەبو یا بۆ شێواندنی ئاسایش و ڕێکوپێکی بەشێ لە خاکی پەیمانکارەکەی تر (سنوریی یا ناسنوریی بێ) وە یا بۆ هەڵگێڕانەوەی جۆری حکومەتی لایەنەکەی تر."(٧)
ڕۆشنبیر و سیاسییەکانی کورد لایان وا بو ئەم پەیمانە، بەتایبەتی مادەی حەوتەمی، دژی بزوتنەوەی ڕزگاریی کورد بەستراوە و لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە بۆ یەکەم جار بنچینەی سیاسەتێکی ئیقلیمیی هاوبەشی لە نێوان ٣ دەوڵەتی داگیرکەری کوردستاندا داڕشتوە.
هەندێ لە سیاسییەکانی ئێرانیش لایان وا بو ئێران لە بەستنی ئەم پەیمانە زەرەر و تورکیا و عێراق قازانجیان لێ کردوە، تورکیا بنارەکانی ئارارات و عێراق شەتولعەرەبی دەس کەوتوە.
بەڵام ڕەزاشا خۆی بەستنی ئەم پەیمانەی بەلاوە ڕوداوێکی گرنگ بو چونکە پەژارەی ناکۆکی و دوژمنایەتی لە گەڵ دراوسێکانی لە کۆڵ ئەکردەوە. لە بەردەمی خولی یانزەهەمی "مەجلیسی شورای میللی"دا وتبوی: "پەیمانی سەعداباد لە مەشریقدا شتێکی بێ سابیقەیە، لەم کاتەدا کە کاروباری دنیا شێواوە یارمەتییەکی گەورەی مانی ئاشتی ئەدا."(٨)

١. ٣. ئێران و زلهێزەکان

دەوڵەتان گۆڕینیان بەسەردا دێ، ڕژێمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بۆچونی ئایدیۆلۆجی‌یان ئەگۆڕێ، بەڵام فاکتەری جیۆپۆلیتیک لە ژیانی دەوڵەتدا وەکو شتێکی کاریگەر و گرنگ هەمیشە ئەمێنێ. ئەرزی ئێران و نزیکیی لە ئاوی گەرمی خەلیجەوە هەروەکو بۆ ڕوسیای قەیسەری گرنگی ژیانی‌ی هەبوە بۆ ڕوسیای سۆڤێتیش هەمان گرنگی ژیانی‌ی هەبوە. ئەگەرچی ڕوسیای سۆڤێتی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ هەوڵێکی زۆری دا پێوەندی باش لە گەڵ حکومەتی ئێران دابمەزرێنێ و دەستی لە زۆر دەسکەوت و قازانجی ئابوری و سیاسی سەردەمی قەیسەر هەڵگرت، بەڵام لە هەمان کاتدا چەند مادەیەکی گرنگی بە قازانجی ستراتیجی خۆی خستە ناو "پەیمانی دۆستایەتی ئێران – ڕوسی ٢٦ ی شوباتی ١٩٢١" ەوە بۆ ڕۆژی مەبادا.

ئێران مەترسی‌یەکی دێرینەی لەچاوتێبڕینی ڕوسیا هەبوە. ڕوسیای قەیسەری سەرزەمینێکی فراوانی بەزۆر لێ زەوت کردبو. گۆڕانی سروشتی سیاسی و ئابوری بگرە ئایدیۆلۆجی ڕژێمی حوکمڕانی نەیئەتوانی ترسی ئێران بڕەوێنێتەوە.

ئێران لە سیاسەتی دەرەوەی‌دا هەمیشە هەوڵی دۆزینەوەی هاوپەیمانێکی زلی بەهێزی ئەدا بۆ ئەوەی هاوسەنگی تەرازوی هێزی خۆی لە بەرامبەر ڕوسیادا ڕاست بکاتەوە.

سەردەمی فەتحعەلی شا هەوڵی دا لە گەڵ ناپلیۆندا و دوای ئەویش لە گەڵ بەریتانیا و پێش جەنگی جیهانی یەکەم لە گەڵ ئەڵمانیا. ڕەزاشایش لە ناوەڕاستی سییەکانەوە خۆی لە ئەڵمانیا نزیک خستەوە.

ساڵی ١٩٢٧ ئیمتیازی گوێزانەوەی پۆستی ئاسمانیی ئێران درا بە کۆمپانیای ئاسمانیی یونیکەرس.

ساڵی ١٩٢٨ دروستکردنی بەشێ لە ڕێگای ئاسنینی شیمال درا بە قۆنتەراتچی ئاڵمانی.

ساڵی ١٩٣٠ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری "بانکی ملی ایران" بە شارەزایانی ئاڵمانی سپێردرا.

ساڵی ١٩٣٩ هیتلەر پێشەوای نازی‌یەکان کاروباری ئەڵمانیای گرتە دەست و رایخی سێیەمی دامەزراند. پێوەندی ئێرانی – ئاڵمانی چوە قۆناغێکی گرنگەوە. ئاڵمانی‌یەکان پروپاگاندەیەکی فراوانیان دەربارەی "ئارێتی" ی ڕەگەزی هەردو نەتەوەی ئێرانی و ئاڵمانی و ئامانجی هاوبەشی هەردوکیان دژی کۆمۆنیزم و ئیمپریالیزم دەست پێ کرد.

سـاڵی ١٩٣٥ د. شـاخت وەزیـری ئـابوری ئاڵمـان سـەری لـە ئێـران دا. دەربارەی پەرەپێدانی پێوەندی بازرگانی هەردو وڵات گفتوگۆی کرد. بە دوای ئەمـەدا لـە کـانونی دوەمـی ١٩٣٥ دا ڕێککـەوتنێکـی ئـابوری‌یـان ئیمـزا کـرد. ئـاڵوگۆڕی بازرگـانی بـە ئـەندازەیـەك زیـادی کـرد لـە مـاوەی پێنج ساڵدا هەناردەی ئاڵمانی بۆ ئێران بو بە پێنج قـات و ئـەڵمـان بـو بـە گـەورەتـرین کڕیاری کەرەستەی خاوی ئێرانی.

سـاڵی ١٩٣٨ ڕێگـای دەریـایی یـەکـسەری خـوڕەمـشەهـر – هـامبورگ و، کۆمپانی لوفتهانزاش ڕێگای ئاسمانیی تاران – بەرلینی کردەوە.

سەدان ئەندازیار و شارەزای ئاڵمانی لە ئێران کاریان ئەکرد.(٩)

٢. هەڵگیرسانی دوەمین جەنگی جیهانی

کاتێ هیتلەر لە دوای مردنی هندنبورگ کاروباری ئەڵمانیای گرتە دەست، ئەڵمانیای بەرەو خۆ چەکدار کردن و خۆ بەهێز کردن برد و کەوتە سەرپێچی لـەو ڕێوشـوێنانەی دەوڵـەتـانی سـەرکـەوتـوی یـەکـەم جـەنگـی جیهـانیی سەپاندبویان بە سەر ئەڵمانیادا.

ڕۆژی ٢١ ی ڕەشەمەی ١٣١٦ هێزێکی ئاڵمانی چوە ناو خاکی نەمساوە بێ شەڕ خستییە سەر ئەڵمانیا.

لـە ڕۆژانـی هـەوەڵـی ڕەزبـەری ١٣١٧ دا خـاکی سـودیتی ئاڵماننشینی چیکۆسلۆڤاکی بوهیم و مراوی دایە دەم ئەرزی ئەڵمانیا.

لە خەرمانانی ١٣١٨ دا هێزی زەمینـی و دەریـایی و ئـاسمـانیی ئاڵمـانی هەڵیکوتایە سەر پۆڵۆنیا بە بیانوی ئەوەی بە خۆشی ئامادە نەبوە داڵانی دانستیگی بداتێ. بەریتانیا و فەرەنسە ناڕەزایی‌یـان لـەم هێرشە دەربڕی. هەڕەشەیان لە ئاڵمانیا کرد کـە ئـەگـەر هێـزەکـانی بـە خۆشـی لـە پۆڵۆنیا نەکێشێتەوە ئەوان بە زۆر ناچاری کشانەوەی ئەکەن.

ئەڵمان گوێی نەدایە هەڕەشەکەیان.

ڕۆژی ١٣ ی خـەرمانـان فرۆکـەکـانی بـەریتانیـا پـەلامـاری میناکـانی ئـەڵمانیایـان دا لـە دەریـای سـەرودا و هێـزی فـەرەنـسیش دەسـتی کـرد بـە پێشکەوتن بۆ نـاو خـاکی ئاڵمانیـا. بـەم جـۆرە دوەمـین جـەنگـی جیهـانی هەڵگیرسا.

لە خاکەلێوەی ١٣١٩ دا هێزی ئاڵمانی پەلاماری دانیمارك و نەرویجی دا و لە بانەمـەڕدا هێرشـی کـردە سـەر هۆڵـەنـدە و بـەلچیك و لۆکسەمبۆرگ و داگیری کردن.

لە ٢٠ ی جۆزەردانی ١٣١٩ دا ئیتالیاش جەنگی دژی فەرەنسا ڕاگەیاند.(١٠)

یەکێتی سۆڤێت ئەیویست لە شەڕەوە نەگلێ. پێی وا بو لە شەڕی ناو دەوڵەتانی سەرمایەداریدا ئەبێ یەکێتی سۆڤێت وەکو تەماشاکەر ڕابوەستێ. ئەڵمانیاش لەسەرەتادا بۆ ئەوەی هێزەکانی روسیای سۆڤێتی لە شەڕەکە دور ڕابگرن ڕێکەوتنێکیان لەگەڵ ئیمزاکردن دەربارەی دەستدرێژی نەکردن بۆ سەر یەکتری، بەڵکو ڕێکەوتن لەسەر دابەشکردنی هەندێ لەوڵاتانی ئەوروپی.

تا ئەو کاتە سۆڤێت لە شەڕ دور بو، نێوانی لەگەڵ حکومەتی ئێرانیش ئاسایی بو. کە هێزەکانی بەریتانیا ڕێگەیان لە هەناردەکانی ئاڵمانی بۆ ئێران گرت، ئەڵمانیا کەلوپەلی بەناو خاکی روسیادا ئەنارد بۆ ئێران.(١١)

٢. ١. ڕاگەیاندنی بێلایەنی ئێران

کە هەواڵی هێرشی ئەڵمانی بۆ سەر پۆڵۆنیا بڵاوبوەوە سەروەزیرانی ئێران بێلایەنی وڵاتەکەی بەم بەیانە ڕاگەیاند:

"لەم کاتەدا بەداخەوە ئاگری جەنگ لە ئەوروپا هەڵگیرساوە حکومەتی شاهنشاهی ئێران بە پێی ئەم بەیانە بڕیاری خۆی بە هەموان ڕائەگەیەنێ کە لەم شەڕەدا بێلایەنە و پارێزگاری بێلایەنی خۆی ئەکات. سەروەزیر مەحمود جەم"(١٢)

ئێران لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا بێلایەنی خۆی ڕاگەیاند بو. بەڵام لەبەر ئەوەی ئامادە نەبو بە هێزی چەکدار پارێزگاری لەم بڕیارەی خۆی بکات، نە لە سالانی یەکەمین جەنگ و نە لە ساڵانی دوەمین جەنگی جیهانی دا هیچ کام لە لایەنەکانی جەنگ ڕێزی ئەم بێلایەنی‌یەیان نەگرت. هەردوجار سەرزەمینی ئێران پێخوستی هێزەکانی بێگانە ئەبو. بە ئارەزوی خۆیان بێ هیچ بەرهەڵستی‌یەك تەراتێنیان تێدا ئەکرد.

٢. ٢. تێوەگلانی روس

یەکێتی سۆڤێت نەیئەویست تێکەڵاوی شەڕ بێ. پشتئەستور بو بە پەیمانی دەستدرێژی نەکردن بۆ سەر یەکتری کە لە گەڵ ئەڵمانیا ئیمزای کرد بو. کاتێ هێزەکانی ئینگلیز لە دەریادا ڕێگەیان بە کاروانی کەلوپەلی هەناردەی ئەڵمانی بۆ ئێران گرت، ڕوسیا ڕێگەی ترانزیتی بۆ گەیشتنی کەلوپەلی ئەڵمانی بە ناوخاکی خۆیدا بۆ ئێران کردەوە.

ساڵی ١٩٤١ لە ناکاو ئەڵمانیا هێرشێکی گەورەی بۆ سەر یەکێتی سۆڤێت دەس پێ کرد. لە ماوەیەکی کورتدا زەرەرێکی زۆری لە ڕوسیا دا و سەرزەمینێکی فراوانی لێ گرت. دوای تێوەگلانی ڕوس لە شەڕەوە، گرنگی ئێران بۆ یەکێتی سۆڤێت لە دو سەرەوە زیادی کرد: یەکێکیان، ژمارەیەکی زۆری شارەزا و ئەندازیار و کارگەری ئەڵمانی لە ئێران کاریان ئەکرد، ئەمانە ئەیانتوانی دژی ڕوسیا جموجوڵی کاریگەر بکەن. ئەوی تریان، لە هیچ ڕێگایەکەوە هاوپەیمانەکان نەیانئەتوانی بە ئاسانی یارمەتی بۆ ڕوسیا بنێرن لە ڕێگای ئێرانەوە نەبێ. بەشێکی گرنگی کارگەی ڕوسیا کەوتبونە ژێر دەستی هێزی ئەڵمانی‌یەوە. ڕوسیا پێویستی‌یەکانی هێزەکانی خۆی پێ دابین نەئەکرا، ئەبو هاوپەیمانەکانی بۆی بنێرن. بۆ چارەکردنی کێشەی لۆجستیکی نێوان ڕوسیا و هاوپەیمانەکانی ٤ ڕێ هەبو، ڕێگاکانی مورمانسك و ولادیوستك چەندین مانگ بەفر ئەیگرتن. ڕێگای بوغازەکانی بۆسفۆر و دەردەنێل، تورك لە ڕوی هاتوچۆی هاوپەیمانەکاندا دایخستبون، ئەبو بە شەڕ پێیان بکەنەوە. هەر ڕێگای ئێران ئەمایەوە کە لەبار بێ بۆ گوێزانەوەی پێویستی‌یەکان لە خەلیجەوە بۆ سەردەریای خەزەر و لە وێوە بۆ ڕوسیا.

حکومەتەکانی سۆڤێتی و بەریتانی دوجار داوایان لە ئێران کرد شارەزاکانی ئەڵمان دەر بکات. حکومەتی ئێران گوێی بەم داوایە نەدا. بەتایبەتی لەو کاتەدا هێزەکانی ئەڵمانیا لە زۆری مەیدانەکانی جەنگدا ڕو لە سەرکەوتن بون. هێزەکانی ڕوسیا و بەریتانیا ئەوەیان کرد بە بەهانە. ڕێوشوێنی داگیرکردنی ئێرانیان دانا.

٢. داگیرکردنی ئێران

نوسەری ئێرانی حسێن مەکی نوسیوێتی:

"لە سەعات چواری بەیانی‌ی ڕۆژی دوشەممو سێیەمی شەهریوەر لە کاتێکدا دانیشتونی پایتەخت لە خەودا بون، کاربەدەستانی وڵات لە سەرو ئەوانەوە شەخسی یەکەمی مەملەکەتیش لە پێخەفی حەسانەوەدا نوستبون، لەگەڵ ئەو جیاوازی‌یەی کە ئەمان سەرەڕای خەوتنی ئاسایی، لە خەوی غەفڵەت و بێخەبەری‌دا، کە لەمێژ بو باوەشی بۆ کردبونەوە، ڕاکشابون.

لەو سەعاتەدا دو ئوتۆمۆبیل کە یەکێکیان ئاڵای چەکوش و داس و ئەوی تریان ئاڵای ئینگلستانی بە سەرەوە بو لە بەردەمی ماڵی مەنسوری سەروەزیردا ڕاوەستان. دوای ئەوەی زەنگی ماڵەکە بەردەوام لێ درا، دوایی خزمەتکاری ماڵەکە هاتە پشت دەرگاکە و ناسنامەی هاتوەکانی پرسی.

نەخشەی -٥-

دابەشکردنی ١٩٤١-١٩٤٦ی ئێران لە نێوان سۆڤێت و بەریتانیا



سەرچاوە: لینچوفسکی، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کاروباری دنیادا (بە ئینگلیزی)، ١٩٧٠

وەڵام درایەوە سەفیرانی ڕوس و ئینگلیز بێ ئەوەی کات بە فیڕۆ بدەن هەر ئێستا ئەیانەوێ لە گەڵ سەرووەزیر دابنیشن. دەسبەجێ مەنسور لە خەو هەڵسێنراو پێیان وت کە سەفیرەکانی هەردو دەوڵەتی ئینگلستان و سۆڤێتی لەو دیو دەرگای ماڵەکە ڕاوەستاون و گەرەکیانە ئێوە ببینن. مەنسور فەرمانی دا ئەوانە بۆ ژوری میوان ڕێنوێنی بکەن تا جلەکانی بپۆشێ و بێتە ساڵۆن.

مەنسور لەم دیدەنی‌یە چاوەڕواننەکراو و نابەجێ‌یە سەخت کەوتە بیرکردنەوە ئەبێ چی ڕوی دابێ؟ لەبەرئەوە بە پەلە جلەکانی لەبەر کرد و چو بۆ ژوری میوان.

دوای چاك وخۆشی‌یەکی کورتی ئاسایی سەفیرانی دەوڵەتانی ئینگلستان و سۆڤێتی هەریەکە یادداشتێکیان دا بە سەرووەزیر تێیا زۆر بەتوندی لە جموجوڵی هاووڵاتی‌یانی ئەڵمان لە ناوئێراندا پەژارەیان دەربڕی بو، بە قسەش ڕونیان کردەوە لەبەرئەوەی حکومەتی ئێران گوێی نەداوەتە یادداشتەکانی ٢٨ ی پوشپەڕ و ٢٥ ی گەلاوێژ ١٣٢٠ دەربارەی دەرکردنی هاووڵاتی‌یانی ئەڵمانی لە ئێران و، بیرخستنەوەی هەردو دەوڵەتی بە نیازی پاك وەرنەگرتوە، ناچار هێزی زەمینی و دەریایی و ئاسمانیی ئێمە دێنە ناو خاکی ئێرانەوە و ئەوان لە ئێران دەرئەکەن.

مەنسور کە دوای بیستنی ئەم هەواڵە - کە لەڕاستی‌دا وەکو ڕاگەیاندنی جەنگ وا بو دژی حکومەتی ئێران - توشی نارەحەتی و پەشۆکان بوبو، یادداشتەکانی وەرگرت. سەفیرانی دەوڵەتانی ناوبراو لە شوێنی خۆیان هەستان، خواحافیزی‌یان کرد و ڕۆیشتن. ئەم دیتنە هەموی نزیکەی ٢٥ دەقیقەی خایاند.

مەنسور لە پێش هەمو شتێکدا عامیری وەکیلی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئاگادار کرد خۆی ئامادە بکا تا پێکەوە بڕۆن بۆ سەعداباد..."(١٣)

٣.١. هێرشی ڕوسی _ ئینگلیزی

شەوی ٣ ی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ هێزی ڕوسی لە لای سەروی ئێرانەوە لە ٣ لاوەو هێزی بەریتانی لە لای ڕۆژئاوا و خواروی ڕۆژئاواوە لە چەند لاوە لەناکاو خۆیان کرد بە ناو خاکی ئێراندا.

ستادی ئەرتەشی شاهنشاهی ئێران بەم بۆنەیەوە ئەم بەیانەی دەرکرد:

"ڕاگەیاندنی ژمارە ١

١. سەعات ٤ ی ڕۆژی ٣ ی شەهریوەر سپای سۆڤێتی لە لای سەرو و سپای ئینگلیزی لە لای ڕۆژئاوا و خواروی ڕۆژئاوا سنورەکانی دەوڵەتیان شکاندوە.

٢. شارەکانی تەورێز، ئەردەبیل، رەزائیە، خوی، اهر، میاندواو، ماکۆ، مەهاباد، بناب، رەشت، حەسەن کیادە، میانە، ئەهواز و بەندەر پەهلەوی بۆمبارانی ئاسمانی کراون، زەرەرێ کە لە خەڵك کەوتوە زۆر و هی نیزامی‌یان، ئەگەرچی سەربازخانەکانیان بۆمباران کردوە، لەگەڵ ئەوەشا زەرەر تا ئەندازەیەك کەم بوە. فرۆکەیەکی پەلاماردەر لە مەڵبەندی تەورێز لە ئەنجامی تەقەی تۆپخانەی دژی ئاسمانی دا خراوەتە خوارێ.

٣. هێزی مۆتۆڕیزە و میکانیزەی سۆڤێتی لە رێگای جولفا، مەرەند، پول دەشت، ماکۆ، قەرەزیائەدین و هێزی مۆتۆڕیزە و میکانیزەی سپای ئینگلیزی لە رێگای خانەقین، قەسری شرین، نەفتخانە، گیلان، ئابادان، بەندەر شاهپور و قەسری شێخ، کەوتونە هێرش کردن.

٤. هێزی دەریایی سۆڤێتی لە کەنارەکانی دەریای خەزەر و هێزی دەریایی ئینگلیز لە بەندەر شاهپور و خورەمشەهر هێرشیان کردوە.

٥. یەکەکانی ئەرتەشی شاهنشاهی کە غافڵگیر کراون بە پێی توانا بەرەوڕویان چون و لە شوێنی جیاجیا لە گەڵ ئەوان لێکیان داوە و دیفاعیان کردوە و ئەرابە زرێپۆشی پەلاماردەر لە ناوچەی ڕۆژئاوا ئەنگێوراوە و لە کار کەوتوە و پێشڕەوی هێرشبەرەکانیان ڕاوەستاندوە.

٦. ورەی خەڵك لە هەمو شوێنەکانی سەرو و ڕۆژئاوا زۆر باشە، بەگشتی داوا ئەکەن لە ریزی ئەرتەشی‌دا وەربگیرێن و بۆ پارێزگاری لە نیشتمان ڕەوانەی جەبهە بکرێن."(١٤)

ناوەرۆکی ڕاگەیاندنەکەی ستادی ئەرتەش هەندێکی ناڕاست و هەندێکی فیشاڵ و پێوەنانە. ئەمە یەکەمین و دوایین بەیان بو دەری کرد.

٣. ٢. مەبەست لە داگیرکردنی ئێران

ئێرانی‌یەکان خۆیان داگیرکردنی وڵاتەکەیان وەکو زۆر ڕوداوی تر لە سەر بنچینەی "تیۆری پیلانگێڕان" لێك ئەدەنەوە. هەندێکیان وایان دائەنا کە بۆ ڕوخاندنی ڕێژیمی رەزاشا و هەندێکی تر ئەیانوت بۆ داگیر و دابەشکردنی ئێرانە.

رەزاشای پەهلەوی خۆی داگیرکردنی ئێران و پێشکەوتنی هێزەکانی دەوڵەتانی هاوپەیمانی بەرەو تاران بەوە ئەزانی کە هەموی دژی ئەوە و بۆ ئەوەیە ئەو ناچار بکەن، واز لە "سەڵتەنەت" بهێنێ.(١٥) گوایا ئێران لە ژێر سایەی سەڵتەنەتی ئەودا زۆر بۆ پێشەوە چوە، بە لابردنی ئەو ئەیانەوێ رێی پێشکەوتنی لێ بگرن.

مەنسور، سەروەزیری ئەو کاتەی ئێران، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا لە ژێر سەرناوی "مەبەست لە پەلاماردانی ئێران چی بو؟" نوسیوێتی: "مەبەستە بنەڕەتییەکانی ئەوان بەمجۆرە دەرکەوت:
هەڵوەشاندنی بنچینەی وڵات و توانای ناوەندی دەوڵەت.
دەسبەسەراگرتن و چاودێری هەمو سەرچاوەکانی دارایی و هۆکانی پێوەندی..."(١٦)
ڕادیۆی لەندەن لە زمانی هەواڵنێری ڕۆژنامەی ئینگلیزی "تایمز"ەوە لە وتاری ڕۆژانەی ١٥ ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٢دا لەم بارەیەوە وتبوی:
"هاوپەیمانەکان لە گرتنی ئێران ٣ مەبەستیان هەبو: یەکەم، ئەیانویست پێشگیری لە نفوزی ئەڵمانی بکەن. دوەم، بڕیاریان دابو پارێزگاری سەرچاوەکانی نەوتی ئێران و عێراق بکەن. سێیەم، مەبەستێکی تریان ئەوە بو کە مەسەلەی گوێزانەوەی کەلوپەلی پێویست بۆ ڕوسیا پەرە پێ بدەن..."(١٧)
دواییتریش چەرچڵ سەروەزیری ئەوسای بەریتانیا لە "یاداشتەکانی دا" هەر هەمان بیانوی دوبارە کردەوە.

٤. هەرەسی "ئەرتەشی شاهنشاهیی ئێران"

ڕەزاشا هەوڵێکی زۆری دا بۆ دامەزراندن و بەهێز کردن و چەسپاندنی ئەرتەشی شاهنشاهیی ئێران. هەر بۆ ئەو مەبەستە دەستی ئەمیرەکانی لەشکری ئازاد کرد بو لە مەڵبەندە دورەکانی ئێران دا چی ئەکەن بیکەن بێ ئەوەی هیچ قانونێ بتوانێ لێیان بپێچێتەوە. ئازاردانی خەڵك و سوکایەتی پێ کردن، زەوتکردنی زەویوزار و تاڵانکردنی سامانی دەوڵەمەندەکان، بەرتیلخواردن، گرتن و کوشتن و دەرمانخوارد کردن و گومکردنی بێ لێپرسینەوەی سەرانی ئێل و پیاوە ناودارەکانی ئێران... بەشێ بون لە شێوەکارەکانی فەرماندەکانی هێزە چەکدارەکانی ئێران بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوەندی حکومەت لە سەرانسەری ئێران دا.
ڕەزاشا و فەرماندەکانی تا ئەندازەیەکی زۆر بە خۆیان و ئەرتەشەکەیانەوە ئەنازین. لە پێش ڕوداوەکانی خەرماناندا ئەفسەرێکی ئێرانی بە ناوی ئازمین لە مەهاباد لە وتارێکدا بۆ خەڵك گوتبوی: "ئەمڕۆ ئەرتەشی ئێران لەگەڵ بەهێزترین ئەرتەشەکانی دنیا بەرامبەرە، زەمانم لاڵ بێ، بەرزترە."(١٨)

ئەمە نمونەیەك بو لە بۆچونی ئەفسەرەکانی ئێران بەرامبەر خۆیان و ئەرتەشەکەیان. تەنانەت شاهنشاهیش هەر وای ئەزانی. یەکێ لە ئەفسەرە زلەکانی ئەرتەش ڕوداوێکی لەو بابەتە ئەگێڕێتەوە.

لەشکرەکانی ١ و ٢ مناوەرەیەکیان لە خواروی رۆژهەلاتی تاران ئەنجام دا. ئەمیرەکانی هەردو لەشکر، هەروەها شاگردەکانی "دانیشگاهی جەنگ" بەشدار بون. لە کاتێکدا ئەمانە هەمو لە کەناری ئاوی جاجرودا بەڕیز ڕاوەستابون بۆ سانی فەرماندەی گشتی هێزەکان. یەکێ لەوانەی بەشداری ئەم مناوەرەیە بون جەنەراڵ ژاندار بو. ژاندار جەنەراڵێکی فەرەنسی شارەزا بو. هاوبەشی شەڕەکانی یەکەم جەنگی جیهانیی بوبو. ئەوسا لە ئێران سەرۆکی "دانیشگاهی جەنگ " بو. دوای ئەوەی فەرماندەی گشتی سەیری هێزەکانی دەکا و بە بەردەمی ڕیزی ئەمیرەکانیدا تێ ئەپەڕێ بەرامبەر جەنەراڵ ژاندار ڕائەوەستێ و لێی ئەپرسێ: "ئەرتەشی ئێران بەرامبەر ئەرتەشی بێگانە ئەتوانێ تاچەند مقاوەمەت بکا؟" جەنەراڵ ژاندارماوەیەك ڕائەمێنێ ئینجا ئەڵێ: "دو سەعات" فەرماندەی گشتی وەلامەکەی بەدڵ نابێ و ئەڕوا. ئەمیرەکانی ئەرتەش بە گلەییەوە بە جەنەڕاڵ ژاندار ئەڵێن: "ئەمە چە وەلامێ بو تۆ داتەوە؟" ئەویش بە ئەوپەڕی خوێن ساردییەوە ئەڵێ: "ئەو دو سەعاتەشم بۆ دڵخۆش کردنی کابرا گوت ئەگینا وەلامی ڕاستەقینەی پرسیارەکەی ئەبو بڵێم هیچ..."(١٩)

ڕوداوەکانی خەرمانانی ١٣٢٠ و پێشکەوتنی هێزەکانی ڕوسیا و بەریتانیا بەناو خاکی ئێراندا خۆهەڵکێشانەکەی ئازمین و هەڵسەنگاندنەکەی ژانداری خستە بەر تاقیکردنەوە.

کاتێ هێزەکانی بێگانە کەوتنە پێشڕەویی بۆ ناو خاکی ئێران، ئەرتەشی شاهنشاهی چەندین لەشکری لەو مەڵبەندانەدا مۆڵ دابو، لەوانە:

لەشکری ١ ی تاران بە فەرماندەیی سەرلەشکر کەریم بوزەرجەمهەری
لەشکری ٢ ی تاران بەفەرماندەیی سەرلەشکر عەلی ئەسغەر نەقدی
لەشکری ٤ ی رەزائیە بە فەرماندەیی سەرلەشکر موعینی
لەشکری ٣ ی تەورێز بە فەرماندەیی سەرلەشکر مەتبوعی
لەشکری ١٥ ی ئەردەبیل بە فەرماندەیی سەرتیپ قادری
لەشکری ١١ ی گەیلان بەفەرماندەیی سەرتیپ قادر
لەشکری ی ئوستراباد بە فەرماندەیی سەرهەنگ موعتەزید
لەشکری ٩ ی خوراسان بە فەرماندەیی سەرلەشکر موحتەشەم
لەشکری ٥ ی کوردستان بە فەرماندەیی سەرلەشکر موقەدەم

لەشکری ٢ ی کوردستان بە فەرماندەیی سەرتیپ پوریا
لەشکری ٦ ی خوزستان بە فەرماندەیی سەرلەشکر شاهبەختی (٢٠)
هێرشی لەناکاوی هێزەکانی سۆڤیێتی و بەریتانی ریزەکانی ئەرتەشی هەڵوەشان، زۆری نەخایان ئەم لەشکرانە بڵاوەیان لێ کرد.
ڕوداوەکانی ساڵی ١٣٢٠ ی ئێران دەریخست:
هێزە چەکدارەکانی ئەم جۆرە وڵاتانە بۆ سەرکوتکردنی گەلەکانی خۆیان و بۆ پارێزگاری رژێیمە زۆردار و بۆگەنە دەسەڵاتدارەکانی وڵاتەکانی خۆیان ئازان. ئەتوانن هەمو ڕۆژێ قەسابخانە بۆ میللەتەکانی خۆیان دابنێن بێ ئەوەی لە هیچ شتێ بسڵەمێنەوە. بەڵام لە بەرامبەر دوژمنی دەرەوەدا، لە بەرامبەر هێزە زلەکان دا، کەساس و کۆڵەوارن. بە ئاسانی سەر شۆڕ ئەکەن و خۆیان بەدەستەوە ئەدەن.
پەیماننامە و ڕێککەوتنە ئیقلیمی‌یەکانی نێوان ئەم جۆرە دەوڵەتانە بۆ پشتیوانی کردنی یەکتری دژی ڕاپەڕینی ناوخۆی گەلەکانیان و بۆ پاراستنی حکومەتەکانی خۆیان لە مەترسی شۆڕش و ناڕەزایی میللەتەکانی خۆیان بەکەڵك دێن، بەڵام لە بەرامبەر گوشاری هێزە زلەکانی دنیادا نەك هەر بەکەڵك نایەت، بەڵکو هەر زۆر زو بێهودەیی خۆی ئەسەلمێنی و هەرەس ئەهێنێ.
کاتێ هێزەکانی بەریتانیا و ڕوسیا چونە ناو ئەرزی ئێرانەوە نە ئەرتەشی شاهنشاهی بایی ئەوەندە بەرەنگاری کردن کە ڕەزاشا بتوانێ ڕێککەوتنێکی ئابڕومەندانەیان لە گەڵ ئیمزا بکا و نە هاوپەیمانەکانی سەعدابادی بەدەنگیەوە هاتن لە سەری بکەنەوە.

٤. ١. دەستوری تەرکی موقاوەمەت

سەربازەکانی لەشکرەکانی ١ و ٢ ی تاران بە فەرمانی ڕەزاشا خۆی لە ترسی هەڵگەڕانەوە و شۆڕش بڵاوەیان پێ کرا. بە پێ بە ڕێگاکانی دەوروبەری تاراندا بەرەو شار و ئاوایی‌یەکانی خۆیان گەڕانەوە.
لەشکرەکانی ٣ و ٤ و ٩ و ١١ و ١٥ ی ئازەربایجان و خوراسان لە بەر هێرشی هێزەکانی ڕوسیا و لەشکرەکانی ٥ و ٦ و ١٢ ی کوردستان و خوزستان لە بەر هێرشی هێزی بەریتانیادا خۆیان پێ نەگیرا، تەنانەت نەیانتوانی ڕێوشوێنی کشانەوەیەکی ڕێکوپێك دابنێن، بەڵکو تەفروتونابون.(٢١)
هێزی دەوڵەتانی هاوپەیمان درێژەیان دا بە هێرش و بۆ پێشەوە چون. شا بۆ ئەوەی نیاز پاکیی خۆی بۆ هاوپەیمانەکان دەرببڕێ و هێرشەکەیان ڕابگرێ "دەستوری تەرکی موقاوەمەت" واتە فەرمانی بەرهەڵستی نەکردنی

هێزی داگیرکەر بێ هیچ مەرجێکی پێشەکی دەرکرد. عەلی سوهەیلی وەزیری کاروباری دەرەوەی کابینەی نوێی محەمەد عەلی فروغی کە ڕاستەوخۆ دوابەدوای هێرشی هاوپەیمانەکان دامەزرا لە ڕۆژی ٦ ی خەرماناندا ئەم نامەیەی بۆ سیر ریدەر بولارد سەفیری بەریتانیا و، سمیرنوف سەفیری یەکێتی سۆڤێت سەبارەت بە بڕیاری حکومەتی ئێران دەربارەی "تەرکی موقاوەمەت" نوسی:

"بیری ئەو جەنابە ئاگادارە کە دەوڵەتی شاهنشاهی ئێران بە پێڕەوی سیاسەتی بێلایەنی بەردەوام هەوڵی داوە پێوەندی دۆستانەی خۆی، بەتایبەتی لە گەڵ دەوڵەتانی دراوسێی، پارێزگاری بکا. لەم کاتەشدا کە هێزە جەنگی‌یەکانی یەکێتی سۆڤێت و ئینگلیز هاتونەتە ناو خاکی ئێرانەوە، حکومەتی ئێران بۆ دەرخستنی ئەوپەڕی نیاز پاکی و پاراستنی پێوەندی دراوسێیەتی، شەڕی نەکردوە. لە گەڵ ئەوەش دا هێزەکانی ئەو دەوڵەتە کەوتونەتە کاری جەنگی و بۆمبارانی شارەکان و هێزی پادگانی ئێران لە شارستانەکاندا دیارە لە بەرامبەر هێرشێ کە کراوەتە سەریان بەناچاری دیفاعیان لە خۆیان و موقاوەمەتیان کردوە.

وە بە بیری بەرزی ڕائەگەیەنێ کە دەوڵەتی شاهنشاهی ئێران بۆ سەلماندنی نیازی ئاشتیخوازانەی خۆی فەرمانی داوە هێزی دەوڵەتی بەتەواوی دەست لە موقاوەمەت هەڵبگرن و خۆیان لە هەمو جۆرە بەرەنگاری‌یەك لابدەن. چاوەڕێیە هێزەکانی ئەو دەوڵەتەش پێشڕەویی خۆی ڕابگرێ و کاری جەنگی ڕابوەستێنێ. نوێنەرانی دەوڵەتەکانی تریش لەم بڕیارەی حکومەت ئاگادار ئەکرێنەوە."(٢٢)

دەستوری تەرکی موقاوەمەت بە هەمو هێزەکانی ئەرتەش ڕاگەیەنرا. بەڵام لە ڕاستی‌دا نە هیچ لەشکرێ بە پێوە مابو تا "موقاوەمەت" بکا و نەهیچ موقاوەمەتێ هەبو تا "تەرك" بکرێ.

نوێنەرانی سۆڤێتی و بەریتانی وەڵامی حکومەتی ئێرانیان دایەوە. چەند داوایەکیان لێ کردبون لەوانە:

"... ئەبێ حکومەتی ئێران هێزەکانی خۆی لە خواروی خەتێکەوە کە لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات بەم شوێنانەی خوارێ دا ڕائەبورێ بکێشێتەوە دواوە: بازێڕی شنۆ (لە خواروی ڕۆژئاوای دەریاچەی رەزائیە)، حەیدەرئاباد و میاندواو (لە خواروی دەریاچەی رەزائیە)، زەنجان و قەزوین و خورەمئاباد (لێواری خواروی دەریای خەزەر)، بابل و زیراب و سەمنان و شاهرود لە

ڕۆژهەڵاتی عەلی ئاباد. ئەو شوێنانەی ئەکەونە ژوروی ئەم خەتەوە ئەبێ بە مۆقەت لە ژێردەستی هێزی سۆڤێتی دا بن.

حکومەتی ئێران ئەبێ فەرمان بە هێزەکانی خۆی بدات کە لە ژورو و ڕۆژهەڵاتی خەتێك کە بەم شوێنانەی خوارێدا ڕائەبورێ بکێشێتەوە دواوە: خانەقین و کرمانشاە و خورەمئاباد و مەسجید سولەیمان و هەفتگل و گەچساران و رامهورمز و بەندەر دەیلەم. ئەو شوێنانەی ئەکەونە ژێرو و ڕۆژئاوای ئەم خەتەوە بە مۆقەت هێزەکانی ئینگلیز داگیری ئەکەن."(٢٣)

هەمو ئەم شوێنانە بە کردەوە لە ژێردەستی هێزەکانی ڕوسی و بەریتانیدا بو، مابو حکومەتی نوێی ئێران بە ڕەسمی بۆیان بسەلمێنێ و گیروگرفتیان بۆ دروست نەکا.

٤. ٢. لێخرانی ڕەزاشای پەهلەوی

شا بە هەمو نرخێ ئەیویست تاج و تەختەکەی بپارێزێ. ئامادە بو هەمو مەرجەکانی هاوپەیمانەکان قوبوڵ بکا. پێی وابو بە گۆڕینی حکومەت و دانانی وەزارەتێکی تازە و تەرکی موقاوەمەت و قوبوڵ کردنی مەرجەکانی تری هاوپەیمانەکان وازی لێ ئەهێنن.

شا وەزارەتەکەی عەلی مەنسور (مەنسورولمولك) و هاوکارەکانی لێ خست. محەمەد عەلی فروغی (زەکائولمولك) ی کرد بە سەروەزیری ئێران و وەزارەتێکی نوێیان پێك هێنا. دەستوری تەرکی موقاوەمەتی دا. خێزانەکەی نارد بۆ ئەسفەهان. هێزی هاوپەیمانەکان بەردەوام لە پێشکەوتن دا بون. تاران کەوتبوە ژێر مەترسی گیرانەوە.

وەزارەتەکەی فروغی چەند کارێکی گرنگی ئەنجام دا، ڕەزاشا دەستی لە تاج و تەختی ئێران هەڵگرت بۆ محەمەد ڕەزای کوڕی. ڕازی بو خۆی لە ئێران دور بخرێتەوە بۆ خوارەوی ئەفریقا. ئێران لە باری بێلایەنی دەرچو، جەنگی دژی ئەڵمانیا و دەوڵەتانی میحوەر ڕاگەیاند. پەیمانێکی ٣ قۆڵی لە گەڵ بەریتانیا و ڕوسیا بەست، بەمجۆرە سەرلەنوێ پێوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ڕێکخستنەوە.

٤. ٣. پەیمانی ئیتیحاد

عەلی سوهەیلی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران و، سیر ریدەر بولارد سەفیری بەریتانیا و، سمیرنوف سەفیری یەکێتی سۆڤێت، لە تاران لە ڕۆژی ٩ ی ڕێبەندانی ١٣٢٠ دا بەرامبەر بە ٢٩ ی کانونی دوەمی ١٩٤٢ لە کۆشکی

وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران کۆبونەوە، پەیمانی ٣ قۆڵی: ئێران، بەریتانی، سۆڤێتی "ئیتیحاد" یان ئیمزا کرد.

پەیمانی ئیتیحاد پێك هات بو لە ٩ مادە.

لە مادەی ١ هەمی دا هەمویان بەڵێنیان دابو ڕێزی یەکێتیی ئەرز و حاکمییەت و سەربەخۆیی ئێران بگرن.

لە مادەی ٢ هەمی دا ئێران ئامادەیی دەربڕی بو بۆ ئیتیحاد لەگەڵ دەوڵەتانی یەکگرتو دژی ئەڵمانیا و میحوەر.

لە مادەی ٦ هەمی دا بەڵێنیان بە یەکتری دا بو کە دەوڵەتانی هاوپەیمان کارێ نەکەن یا پەیمانێ نەبەستن زەرەری یەکێتی ئەرز و حاکمییەت و سەربەخۆیی سیاسی ئێرانی تێدا بێ و ئێرانیش کارێ نەکا یا پەیمانێ نەبەستێ پێچەوانەی ئەم پەیمانە بێ.

لە مادەی ٧ هەمی دا بەڵێنیان بە ئێران دابو یارمەتی بدەن بۆ چارەسەر کردنی دژوارییە ئابوریەکانی.

لە مادەی ٨ هەمی دا ئەبو هەمو ئەو بەڵێنانەی بە یەکتری درا بون، هەمو لاکان وەکو یەك بە جێی بهێنن.

لە مادەی ٩ هەمی دا ماوەی کارپێ کردنی پەیمانەکە دیاری کرا بو.

مادەکانی ٣ و ٤ و ٥ ی پەیمانەکە گرنگییەکی تایبەتییان هەبو کاری لە پاشەڕۆژی دەوڵەتی ئێران و گەلەکانی ئەکرد.

مادەی ٣ هەمی ئەڵێ:

١. دەوڵەتانی یەکگرتو پێکەوە و هەریەکەیان بەتەنیا بەڵێن ئەدەن کە بە هەمو ڕێگەیەکی لە بەردەستیان دایە ئێران لە هەر دەسدرێژییەکی ئەڵمان و هەمو دەوڵەتێکی تر بپارێزن.

٢. خاوەن شکۆی هومایون شاهنشاهی ئێران بەڵێن ئەدەن کە:

أ. بە هەمو وەسیلەیەکی کە لە دەستیان دایە و بە هەر شێوەیەکی بۆیان بلوێ هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتانی یەکگرتو بکەن بۆ ئەنجامدانی بەڵێنی سەرو، بەڵام پشتیوانی هێزەکانی ئێران سنوردار ئەبێ بە پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی خاکی ئێران.

ب. بۆ تێپەڕینی لەشکرییان و تفاق لە یەکێ لە دەوڵەتانی یەکگرتووەوە بۆ یەکێکی تر لە دەوڵەتانی یەکگرتو یا بۆ مەبەستی لەو بابەتە مافی بێ سنور بدەن بە دەوڵەتانی یەکگرتو کە ئەوان هەمو هۆکانی پێوەندی لە خاکی ئێراندا بەکاربهێنن و چاودێری بکەن و بپارێزن و لە حاڵەتێکدا پێویستی جەنگی ئیجاب بکا بەهەر جۆرێ کە بە چاکی بزانن بیگرنە دەست، ئەم

برگەیە ڕێگەی ئاسنین و ڕێگەی ڕوبار و فرۆکەخانە و مینا و لولەی نەوت و دامەزراوی تەلەفۆن و تەلەگراف و بێتەل ئەگرێتەوە.

ج. هەمو جۆرە یارمەتی و کارئاسانی‌یەکی لە توانادا بێ بنوێنن بۆ چاودێری و باش کردنی هۆکانی پێوەندی ناوبراو لە برگەی (ب) دا، دامەزراو و کرێکار ئامادە بکەن.

د. بە ڕێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتانی یەکگرتو هەرجۆرە سانسۆرێ لە سەر هۆکانی پێوەندی ناوبراو لە برگەی (ب) دا بە پێویست بزانن دابنێن و بیهێڵنەوە.

٣. ڕون و دیارەکە لە جێبەجێ کردنی برگەکانی (ب، ج، د) ی بەندی دوەمی ئەم مادەیە دەوڵەتانی یەکگرتو پێویستی‌یەکانی ئێران بەتەواوی لە بەرچاو ئەگرن.

مادەی ٤ هەمی ئەڵێ:

١. دەوڵەتانی یەکگرتو ئەتوانن لە خاکی ئێراندا هێزی زەمینی و دەریایی و ئاسمانی بەو ئەندازەیەی بە پێویستی ئەزانن بهێڵنەوە و تا جێیەکی پێویستی‌یەکانی ستراتیجی ڕێگا بدەن ئەو شوێنانەی ئەم هێزانەی تێدا ئەهێڵرێتەوە بە موافەقەتی دەوڵەتی ئێران دیاری ئەکرێن. هەمو کاروبارەکانی پێوەندی‌یەکانی نێوان دەوڵەتانی یەکگرتو و ئیداراتی دەوڵەتی ئێران هەتا بتوانرێ بە هاوکاری ئیداراتی ئێران بە لادا ئەخرێن، بە جۆرێ کە ئاسایشی هێزی گۆڕین بپارێزرێ. بێگومان کە هەبونی ئەم هێزانە لە خاکی ئێراندا داگیرکردنی سپایی نابێ و بەرامبەر بە بەڕێوەبەرایەتی و هێزەکانی ئاسایشی ئێران و ژیانی ئابوری وڵات و هاتوچۆی ئاسایی دانیشتوان و جێبەجێ کردنی قانون و بڕیارەکانی ئێران ئەوەندەی بکرێ کەمتر خۆیانی تێ هەڵئەقورتێنن.

٢. ئەوەندەی بتوانرێ زو لە پاش جێبەجێ کردنی ئەم پەیمانە یەکێ یا چەند ڕێکەوتنێ دەربارەی بەڵێن دانی دارایی کە دەوڵەتانی یەکگرتو بە هۆی بڕیارەکانی ئەم مادەیە و برگەکانی (ب، ج، د) ی بەندی دوەمی مادەی سێیەم دەگرنە ئەستۆ لە کاروباری وەکو کڕینی ناوخۆ و کرێی خانو و دامەزراوی پیشەسازی و بەکرێ گرتنی کرێکار و خەرجی هەڵگرتن و گواستنەوەی شتی لەو بابەتانە لە نێواندا ئەبەسترێ. ڕێکەوتنێکی تایبەتی لە نێوان دەوڵەتانی یەکگرتو و دەوڵەتی شاهنشاهی ئێراندا ئەبەسترێ ئەوە دیاری ئەکا کە پاش جەنگ خانو و ئیسلاحاتی تر کە دەوڵەتانی یەکگرتو لە خاکی ئێران دا کردویانە بە چ مەرجێ ئەیدەن بە دەوڵەتی شاهنشاهی

ئێران. لەو ڕێکەوتنانەدا کە باس کران ئەو پارێزگاری‌یانەش بڕیار ئەدرێن کە هێزەکانی دەوڵەتانی یەکگرتو لە ئێران دا ئەیان بێ.

مادەی ٥ هەمی ئەڵێ:

دوای ئەوەی هەمو دوژمنایەتی‌یەکانی نێوان دەوڵەتانی یەکگرتو لە گەڵ دەوڵەتی ئاڵمان و هاوبەشەکانی دا بە پێی یەك یا چەند ڕێکەوتنێکی ئاگربڕی جەنگ ڕاگیرا دەوڵەتانی یەکگرتو لە ماوەیەکدا کە لە شەش مانگ تێ ناپەڕێ هێزەکانی خۆیان لە ئێران ئەبەنە دەرەوە. ئەگەر پەیمانی ئاشتی‌یان لە پێش شەش مانگی دوای ئاگربڕدا لە نێوان دا بەسترا ڕاستەوخۆ هێزەکانیان ئەبەنە دەرەوە. مەبەست لە هاوبەشەکانی ئاڵمان هەمو دەوڵەتێکی ترە کە ئێستە یا لە پاشەڕۆژا دوژمنایەتی یەکێ لە دەوڵەتانی یەکگرتوی کرد بێ یا بیکا."(٢٤)

پەیمانی ئیتیحاد سەرکەوتنێکی گەورە بو بۆ دیپلۆماسی ئێرانی چونکە بێ شەڕ و بەرهەڵستی:

(١) دەوڵەتانی گەورە سەرلەنوێ یەکپارچەیی خاك و سەربەخۆیی حکومەتی ئێرانیان سەلماندەوە،

(٢) حاڵەتی دوژمنایەتی و داگیرکراوی ئێرانیان گۆڕی بە حاڵەتی دۆستایەتی و هاوپەیمانێتی،

(٣) دەوڵەتانی داگیرکەر گفتیان دا دوای بڕانەوەی جەنگ ئێران بە جێ بهێڵن.

٥. کورد و ڕوداوەکانی شەهریوەر

٥. ١. هەڵوێستی کورد

بە پێچەوانەی نوسینی ڕەسمی‌ی ئێرانەوە زۆرایەتی کورد بە خۆشی‌یەکی بێ وێنەوە هەواڵی هاتنی هێزەکانی ڕوسی – ئینگلیزی‌یان وەرگرت. "حیزبی ئازادیخوازانی کوردستان" بەم بۆنەیەوە بەیانێکی دەرکرد بۆ بەخێرهاتنی ئۆردوی سور.

"هێمن"ی شاعیر بیرەوەری‌یەکانی خۆی ئەگێڕێتەوە:

"... لە مانگی خەرمانانی ١٣٢٠ – ١٩٤١ ڕۆژێکی چوبومە سەر خەرمانان کرێکارەکانمان خەریکی مالۆسك زرینگاندنەوە و باڵەکەو بون و منیش لە کنیان دانیشتبوم و ئەسپەکەم وەسەر کوێزەر کرد بو ئەو دەمی فڕۆکە و ماشین زۆر کەم بون و خەڵك پێی سەیر بون. لەپڕ دو فڕۆکەی ڕەشی زەلام پەیدا بون. ئێمە تا وێستا فڕۆکەی ئەوەندە زلمان بە ئاسمانەوە نەدی بو. هەمو دەستیان لە کارهەڵگرت و تەماشای فڕۆکەکانیان دەکرد. دیمان

فرۆکەکان نێزیك بونەوە و نەوی بون و کاغەزیان بەردانەوە. هەمویان ڕایانکرد بزانن چییە؟ ژنێك لەپێش هەمواندا گەڕاوە و کاغەزێکی دامێ و گوتی ها بە قوربانت دەبم بیخوێنەوە بزانە چییە و چی تێدا نوسراوە؟

بڕوا بکەن وەختا بو لەخۆشیان باڵ بگرم. ئەو کاغەزە بەیاننامێك بو کە بەزمانی کوردی نوسرا بو. چۆن ئەوە خەونە یا ڕاستی‌یە؟ دەوڵەتێکی گەورەی وەك یەکێتی سۆڤیەتی بە زمانی کوردی بەیاننامە بڵاو بکاتەوە؟ بۆ من هەروا کەم نەبو.. ئەو بەیاننامە بۆنی شەڕی لێ دەهات... هەرچەندە دڵخۆشی خەڵکیان دابوەوە و... بەیانی دو فڕۆکە هاتن و چەند نارنجۆکی بچوکیان بە شاردا دا، ئەرتەشی شاهەنشاهی وەك تۆوی هەرزن بڵاوبو..."

ئەو "چەند نارنجۆکە بچوکە" لە ناو خەڵکی موکریان دا بە سەرەتای شادی و ڕزگاری دائەنرا پێیان ئەگوت "بۆمبی ڕەحمەت". شاعیرەکانی کورد بە ستایشێکی بێ ئەندازەوە لە هاتنی "فریشتەی ئازادی" و "مژدەهێنەری ئازادی" ئەدوان. هەژار بە بۆنەی ئەو بەیاننامەیەوە وتویەتی:

بە بڵاوبونی دو پەڕ ئاگاهی   بو بڵاو، ئەرتەشی شەهەنشاهی

٥. ٢. ژیانی کورد لە سایەی ڕیژێمی پەهلەویدا

بۆ تێگەیشتن لە مەلامەتی شادمانی کورد بە هاتنی هێزی روسی - ئینگلیزی بۆ ناو کوردستانی ئێران ئەبێ سەرنجی هەلومەرجی ژیانی گەلی کورد لە ژێر سایەی دەسەلاتی ریژێمی رەزاشادا بدرێ. بۆ زانینی باری ژیانی کورد و خواستەکانی لەو سەردەمەدا، چاکتر وایە هەندێ لە وتارەکانی رۆژنامەی کوردستان. وەکو خۆی رابگوێزین.

ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ژێر سەردێری "لە بەر چی کورد قیامی کرد؟" نوسیوێتی:

"کورد تەنها میللەتێکە کە رسوم و ئادابی باستان و شەعائیری میللی و خەسایسی زاتی خۆی لە دەست نەداوە و بێگانەکان قەت نەیانتوانیوە دەستی تەعەددا بۆ سەر زەمینی کوردان درێژ بکەن. فیتنەی جەنگیز و حادیسەی مەغۆل، ئەو دو ئاورە خانمان سوتێنانە نەیانتوانی چکۆلەترین تەئسیرێکی لە روحیەی کوردان بکەن ئەو میللەتە قەدیمەی بێننە ژێر باری نفوزی خۆیان. تاریخی ئێران و عالەم، تاریخی ئیسلامی فیداکاری ئەو شێرمەردانەی لەبیرە. وێستاش واقیعەی گزنفۆن و تەلەف بونی ئەکسەری لەشکری‌یانی بە دەست کوردانی کوێستان نشین لە بەر چاوە.

خولاسە دەتوانم بڵێم کە لە تەواوی ئەدواری درەخشانی ئێراندا غاشیەی شەوکەت و عەزەمەتی ئێران لەسەر شانی موباریزانی بێنەزیری کوردی بوە

وەلێ حەقیقەتێك كە لە ئیفشای وی ناتوانم خودداری بکەم ئەوەیە: کوردی بێچارە وەکو سایری برادەرانی ئێرانی نە لە دەورەی سەراسەر زوڵمەتی دیکتاتۆری و نە لە دەورەی دیموکراسی موشەعشەع لە حقوق و مەزایای ئینسانیەت بەرخوردار نەبوە و ئەغلەب یوغی بەندەگی و بوردەگی حکومەتانی دیکتاتۆری لە مل دا بو. هیچ وەختێ رۆژی عەدالەت و دیموکراسی نەهاتۆتە سۆراخی ئەو تودە رەنجبەرەی کە ڕەگی ئەعزەمی ئیقتیسادی ئێرانی تەشکیل داوە، قەت باسکی مەعدەلەت و ئازادیخواهی پەنجەی زۆر و قولدوری لەسەر گەروی ئەو میللەتە لا نەبردوە و دەستی ڕەددی لە سینگی ئەربابانی وی نەداوە.

ئەگەرچی گاە گاهێك لە ئەتراف و سەرحەداتی ئەو مەملەکەتە ئیقداماتیك لە لایەن بەعزێك لەو میللەتە نەجیبەی واقیع بوە و مونجەڕ بە خونریزی تەرەفەین بوە لەو ئیقداماتە نەزەرێکی مونافی ئیستیقلالی ئێرانیان نەبوە بەڵکو وەختێك لیباسی عەمەلیان لەبەر... ئیقداماتی خۆیان کردوە کە شەرەف و ناموس و غیرەتی میللی خۆیان لە مەعرەزی ئەغرازی دوچە و دیکتاتۆران دیوە و شەهامەتی فیتری‌یان ئیجازەی نەداوە حقوقی میللی خۆیان فیدای مەتامیع وحیرس و وەلەعی چەند نەفەر سپاهی و کیشوەریی ئێران ناشوناس بکەن وە بۆ ئاوری ئیحساساتی میللی‌یان هەڵگیرساوە و خائینین و غاسیبینی حقوقیان لە خۆیان دور خستۆتەوە ئەو دیفاع لە حقوقانەیە کە بە قەولی ئەوانەی دەیانەوێ میللەتی کورد بە خوێنخوار و چەپاولگەر موعەڕەفی کەن، سەرکەشی! و توغیانی نێوە.

لەو بیست و چەند ساڵەی ئەخیردا وکەلا و وزەرای دەوڵەتی عەریز و تەویلی شاهنشاهی! لەباتی وەی حاسڵی دەسترەنجی مە سەرفی خوێندەوار کردن و تەربیەتی مە بکەن و لە ئیستیعدادی زاتی و هۆشی سەرشاری مە ئیستیفادە بکەن و چەرخی سنعەت و کیشاوەرزی مەملەکەت وەکارخەن لەباتی ئەو کارانە، کە زامنی وەحدەتی میللی و ئارامشی سیاسی مەملەکەتە، ئاغایانی وزەرا و وکەلای سەلاحیەتدار حاسڵی عەرەقی جەبینی و کەددی یەمینی مەیان بە سورەتی ماشینی لوکس و ئاپارتمان و غەیریهی دەرێنا. ئازادیخواهانی کوردی یەك لە پاش یەك حەپس و تەبعید و دەرماندراو کران.

نزیك بو بە کوللی میللەتی کورد، کە لە ژێر مەنگەنەی زوڵم و زۆری ڕەزاخان دەیناڵاند، مەحو و نابود بێ. خۆشبەختانە لە شەهریوەرمانگی ساڵی ١٣٢٠ بایەکی شەماڵ وەزی و بەفری زوڵم و شەقاوەتی دیکتاتۆری

تواندەوە. ئەو هەمو حەبس و تیرۆر و زەجرو شکەنجە و بێحقوقی و کوشت و کوشتارە بو ئیحساساتی میللی کوردی وە جۆش هێنا، ئینعیکاسی ئەعمالی شەنیعەی رەزاخان و ئەترافیانی بو میللەتی کوردی ئازادی و خودموختاری وەگیر کەوت. هیچ قوە و قودرەتێك ناتوانێ لە دنیای دیموکراسی فیعلیدا ئێمە بێنێتەوە ژێر یوغی ئەسارەت و بەندەگی چون ئەو حەقە ئەورۆ ئێمە بە دەستمان هێناوە روحی مەنشوری ئەتلانتیك و موعاهەداتی موتەفیقینە."(٢٥)

لە سەروتارێکی تری دا لە ژێر سەردێڕی "ئێمە دەڵێین چی؟" بە قەڵەمی ح قزڵجی نوسیوێتی:

"ئێمە دەڵێین: لە دەوری بلەوەزی و دیکتاتۆریی بیست ساڵەدا زوڵم و زۆرێکی یەکجار زۆر و زەوەندمان لێ کراوە، بەروبوی کوردستان کە بە ڕەنجی باسك و ئارەقی نێوچاوانی کوردان رەنێو دەهات بە فیڕۆئی دەبرا، بەندیخانە و زیندانی شاران لە برا کوردەکانی ئێمە پڕ دەکران لە هەمو شوێنێکەوە هەر کورد بو دەماندی بۆ وڵاتانی دور دەردەکران، زمانی زگماکمان یاساغ بو، نەیان دەهێشت جلوبەرگی خۆمان لەبەر کەین، بە زمانی خۆمان بخوێنین و بنوسین، دەرگای مزگەوتەکانیان لێ دەبەستین تا عیبادەت و خواپەرستنمان بۆ نەکرێ، مەوقوفەکانیان گرت بوە دەست خۆیان و مەلا و فەقێکانیان پەڕەوازە کردن، بەتایبەتی ئەمنییە گوزەرانیان لە لادێییە هەژارەکان وا تاڵ کرد بو مەرگی خۆیان بە ئاوات دەخواست وەکو سەیفولقوزات، ڕەحمەتی خودای لێ بێ، لەو دەمیدا گوتویە:

لا هەڵدڕاو و جگەربڕاو و فڕێ دراو
ڕامان دەدەن بە جارێ لە هەوراز بۆ نشێو

حاسڵی ئێمە هەرچی بومان: توتن، گەنم، پەمبۆ، خوری، شتی لێڕەوار، هەموی ئینحیسار بو بە نرخێکی زۆر کەم لێیان دەسەندین و دەیان برد بەشی خۆشمان بۆ نەدەماوە. کوتاڵ و وردەواڵەی خۆشیان نەدەداینێ. ماڵیات و عەواریزی بەلەدیە و شێروخورشیدی سوریان لە ئێمە دەسەند و لە تاران کۆشك و باڵەخانەیان پێ دروست دەکرد و بە خەرجی مۆدی ژن و فۆرمی جلی ئەوان دەچو قامکی مادموزیلی... ئێمەش لە شاخ و داخ هەناسە سارد و ڕەشوڕوت بە دەست مەئمورە غەدارەکانەوە دەلەرزین، دیسان شاعیری ناوبراو گتویەتی:

بۆ وانە هەرچی جوانە لە جێ، دێ، لە ژن، لە ماڵ
هەر شاخ و داخە بۆ مە، کوڕی ڕەش، کچی دزێو

هەرگیز لە بیرم ناچێ جارێك کابرایەکی بەقاڵ لە مەلایەکی دەپرسی: چۆنم لەو مشکوزمەییە نەجات دەبێ؟ گوێزم لە کابرایەکی لێرەواری کڕی، کابرا گوتی تا وڵاغەکانم تاقەت دەکەم جەواڵەکانم بۆ بەتاڵ کە، برێکی پێ چو کابرا هاتەوە پڕی دا جەواڵەکانی و هەڵات ئەوەندی بانگم کرد وەرە حەقەکەت بدەمێ ئاوڕی نەداوە و ڕۆیی. دوای چەند دەقیقە پیاوێکی مالیە هات و لە کابرای پرسی، کە ورد بومەوە دوقاتی قیمەتی گوێزەکەی ماڵیات داوا لێ کرد بو بۆیە کابرای بەدبەخت هەقی گوێزەکەشی نەویست و هەڵات.

ئەمە تنۆکێکە لە دەریایەك و کایەکە لە کێوێکی ئەزیەت و ئازاری ئەودەم، هیچ کەس نیە ئێستاش نەناڵێنێ و ئاگای لەو کارەساتە نەبێ هێندەش لەمێژ نیە شایەد و بەڵگەی بوێ، ئەوە چوار ساڵە تەواوی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی تاران لەم بابەتەوە دەدوێن هێشتا لە عۆدەی نەهاتون.

ئێمە دەڵێین: ئێستاش بەشی گەورەی کوردستان بەو دەردەوە دەناڵێنن، لە سەقز و بانە و سەردەشت خەڵکی حاڵێکیان نیە، دەیانگرن، لێیان دەدەن، شتیان لێ دەستێنن، لەبەر سوغرە و بێگار لە کار و کاسبی بون. بە زۆر کاغەز و تەلگرافی ڕەزامەندی‌یان پێ دەنوسن. هاتوچۆیان بڕیوە. خەڵکی لای ئێمە بچنە ئەوێ دەیانگرن. لەو ڕۆژانەدا سەرهەنگێك خەڵکی سەقزی کۆ کردۆتەوە و نوتقێکی بۆ کردون گوتویەتی ئەو تۆپانەی لە سەر ناری قەڵام دابەستوە بۆ گیانی ئەوانەیە بۆی مەرامی دیموکراسی‌یان دەسەردا بێ!

دو نەفەر ئەفسەری سنەیی کە موتەهەم بون بە گوناحی گەورەی ئازادیخوازی!! باڵیان بەستون و بردویانن بۆ سنە. قەدەغە کراوە لە بازاڕ و کوچە و شەقام و قاوەخانە لە دو کەس پتر پێکەوە ڕانەوەستن. شەوانە هاتوچۆی خەڵك بۆ ماڵی یەکدی سەخت یاساغە. خۆ نوسینی زمان و خوێندنەوەی مەتبوعاتی کوردیش ئەوە هیچ کە باسی سەروماڵە لە هەورامان و مەریوان و جوانڕۆ و کرماشان و سنە و تیلەکۆ و گەروسیش گوزەرانی خەڵك هەروایە.

بە ڕاستی پێیان وایە ئەم شەڕە گەورەی دونیا بۆ ئەستورکردنی ملی بەچکە دیکتاتۆران کراوە وا خۆیان هەڵمساندوە و سمێڵیان گیڤ کردۆتەوە، دەنا ئێستا کە لە حەبەشە و زەنگەباریش گوڕەی ئازادی گوێی ئامانی پڕ و کەڕ کردوە بۆ دەبێ لە کوردستان جەنابی زوحاك و ئارژمی () فیرعەون لە گۆڕێ دا بێ؟ بۆ دەبێ حکومەتی ئیرتیجاعی دە هەزار تۆن توتنی کوردستان بکڕێ؟ لە بری دراو درۆ و فروفیشاڵ دەدەست خاوەنی توتن نێ و، قاقا بە ژن و منداڵی سەرمابردو و ریشی بەفراوی وەرزێری کورد پێ بکەنێ؟

ئێمە دەڵێین: قانونی خۆرسکاو (تەبیعەت) هەر وەکو لە حەیوان و گیا و شتی وادا دەسەلاتی هەیە، لە کۆمەڵ و پۆل و بیر و فیکر و عەقڵ و شعور و هونەر و سنعاتیش دا حوکمی هەیە. منداڵ کە دەبێ پلەگۆشتێك پتر نیە کەچی پاش ساڵێك بەخۆدا دێ و بڕێك زل دەبێ، وردە وردە پێوە دەچێ تا دەبێتە ئینسانێکی تەواو و خۆی دەناسێ. کاروباری خۆی بۆ خۆی پێ ڕادەگا. دیارە کەمیش رەگەڵ زۆر و هێندیش رەگەڵ هەمو (جوزء رەگەڵ کول) دەکەوێ.

لە دەوری شارستانیەتی و زانستی ئەمڕۆکەدا کە دەنگوباسی ئەمپەڕ و ئەوپەڕی دونیا هەمو ڕۆژێ هەمو کەس بە گوێی خۆی دەبیسێ و ئینسان وەك مەل و باڵندە بۆ هەمو جێگایەك بە باڵ دەفڕێ و دونیا هێندە لێك نزیك بۆتەوە بە ڕاستی وەك خێزان زۆری لێ هاتوە.

دیارە کوردستانیش بڕێکە لە دنیا و کوردیش کۆمەڵێکن لە نەوعی ئینسان بە ئەندازەی خۆیان لە گەڵ دنیا و ڕەگەزی بەشەر سەرکەوتون و بیر و شعوریان لە ئاسۆگی جاران بەرز بۆتەوە، تێ گەیشتون ئەم جۆرە حکومەت و ڕژێمە وەکو گێرەی هۆمەرەکوێر وایە هەر بۆیە کە دەستەیەك خوێنمژ و خۆهەڵمسێن بە نێوی (هەیئەتی حاکیمە) نەقیزەیان تێوەژێنن و مەبەست و ئارەزوی خۆیانیان پێ گێرە کەن. کابرایەکی ئازەربایجانی لە سەر فارس یا فارس لە سەر ئازەربایجانی یا ئازەربایجانی و فارس لە سەر کورد دەکەنە ملۆزم تا ئەم نەتەوانە لەگەڵ یەك ببنە دوژمن و قین لە یەك هەڵگرن و قەت دەس نەدەنە دەستی یەکدی نەکو مەقامی فیرعەونیی ئەوان لەق بێ وەکو کوردستان و ئازەربایجانی ئێستای لێ نەیە، کە ئەو هەمو دوژمنایەتی و بەربەرەکانی‌یەی داروودەستەی دیکتاتۆری دەبەینی خست بون بە جارێك فڕێیان داوە و بونە برایەکی بە ڕاستی و قازانج و زەرەری یەکتری بە هی خۆیان دەزانن.

چەندە سەیرە کە ئێستاش خەیاڵی خۆهەڵمساندنی نەتەوایەتی لە سەردا ماوە!

تێ گەیشتون ژیانی ئەو هەمو عالەمە تۆپی فوتباڵ نیە چەند کەس بە شەق بۆ یەکتری بهاوێژن.

ئێمە دەڵێین: سەعادەت و خۆشبەختی خۆمان و تەواوی میللەتانمان دەوێ و مانیعی کاری کەس نین بەلام ئەوانەی بەرهەڵستی ئەو خۆشبەختی‌یەن بە دوژمنیان دەزانین.

ئەو (ئیسلاحاتەی) بیوەڵە دیکتاتۆرەکان دەیڵێن و سەری ئەو سەری دەگاتە ئاڵوگۆڕی مەئموران بە لایەلایە و چاوبەستنی دەزانین. ئەوە بۆ فریودانی خەڵکی هەزار ساڵ لەوە پێش دەبێ. دەنا تازە لەم عەسرەدا گوێی ئێمەی پێ نائاخندرێ و چاوی مەی پێ نانوسێ.

ئێمە پێمان وایە دەبێ ڕیژیمێکی موناسیبی دونیای ئەمڕۆ بۆ ئێمە بێتە ڕو، سیستەم چەشنێکی دیموکراتیك حاکم بێ لەبەر ئەمە لە کوردستاندا لە ژێر باڵی پیرۆزی لایەنگرانی ئازادی بەشەر بەرێکخستنی حیزبی دیمۆکرات و شارەزایی کردنی جەنابی قازی محەمەد پێشەوای کوردستان کاروباری خۆمان دەدەست گرتوە و چاوەنۆڕیشین برا کوردەکانی کەش لەگەڵ ئێمە لە سفرەی ئازادی کوردستان کۆببنەوە."(٢٦)

٥. ٣. بۆشایی دەسەڵات

هەرەسی ئەرتەش بۆشایی‌یەکی گەورەی لە دەسەڵاتی حوکمڕانی دا بەجێ هێشت بو. دەزگای بەڕێوەبەرایەتی ئێران، تەنانەت هێزەکانی ژاندارم، بە پشتیوانی ئەرتەش دەستی بە سەر کاروباری ناوچەکاندا ئەڕۆیشت. نەمانی دەسەڵاتی ئەوان ڕێگەی تەخت کرد بۆ پیاوە دەسڕۆیشتوەکانی کورد خۆیان لە ناوچەکانی خۆیاندا حوکمڕانی بکەن. زۆر لەوانەی لە سەردەمی دیکتاتۆری ڕەزاشا گیرا بون و دور خرا بونەوە بۆ دەرەوەی کوردستان، لە دوای ڕوخانی ڕەزاشا ئازادکران و گەڕانەوە کوردستان. سەرانی کورد لەزۆری ناوچەکاندا کەوتنە جموجوڵ. بە ئازادی هاتوچۆیان ئەکرد. لە زۆر جێگەی مەڵبەندەکانی شیمال و جنوبی کوردستان کاروباری ناوچەکانی خۆیان گرتە دەست و پەلاماری ئەو پاسگایانەیان ئەدا کە نیشانەی زوڵموزۆری سەختی ساڵانی دورودرێژی دیکتاتۆرێتی ڕەزاشا و دەزگای بۆگەنی بەڕێوەبەرایەتی ئێرانی بو. چەکیان لێ ئەسەندن و دەریان ئەکردن.

٥. ٣. ١. سەرانی کورد و سەردانی باکۆ

د قاسملو نوسیوێتی:

"پاش ئەوەی لە ٣ ی خەرمانانی ١٣٢٠ (٢٥ ی ئوتی ١٩٤١) دا ڕێژیمی ڕەزاشا ڕوخا و لەشکری سور هاتە ئێران و لە بەشی شیمالی کوردستانی ئێران دا جێگیر بو، کاربەدەستانی سۆڤێتی ڕاستەوخۆ لە گەڵ مەسەلەی کورد ڕوبەڕو بون. هێندێك جولانەوەی وەك بزوتنەوەی ورمێ لە بەهاری ساڵی ١٣٢١ دا سەرنجی دەوڵەتی سۆڤێتی بۆ ئەو ڕاستی‌یە ڕاکێشا کە لە

نەخشەی ژمارە -٦-

ناوچە کوردنشینەکانی ئێران



سەرچاوە: امیر حسنپور، نەتەوایەتیو زمان لەکوردستاندا، سانفرانسیسکۆ، ١٩٢٢

کوردستان دا هەستێکی بەهێزی نەتەوایەتی هەیە و کوردستان بیلقوە ناوچەیەکی شۆڕشگێڕە. هەر بۆیە هێندێك لە کومیسێرە سیاسیی‌یەکان و ئەفسەرە سۆڤێتی‌یەکان کە لە تەوریز و ورمیّ کاربەدەست بون، بەرەبەرە تیّ گەیشتن کە پێویستی بەوە هەیە کە یەکێتی سۆڤێتی لە گەڵ گەلی کورد پێوەندی پتەوتر دابمەزرێنیّ. بەلام لە بەر نەبونی ڕێکخراوێکی سیاسی و هەروەها لە بەر ئەوەی سەرۆك عەشیرەتەکان و ئاغا و شێخەکان لە نێو خۆیان دا ڕێك نەدەکەوتن تا نوێنەرێك هەڵبژێرن و یا چەند کەسێك وەك نوێنەری خۆیان دیاری بکەن، یەکێتی سۆڤێت لەم بارەیەوە توشی سەر لیّ شێواوی بو نەی دەزانی دەگەڵ کیّ دەبیّ پێوەندی بگریّ و وتووێژ بکا و کیّ دەتوانیّ نوێنەری ڕاستەقینەی گەلی کورد بیّ.

لە وەزعی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی ئەو کاتەدا و بە لە بەر چاو گرتنی پلەی پێگەیشتن و تەرکیبی چینایەتی کۆمەڵی کوردەواری، بەرە بەرە نوێنەرانی سۆڤێتی تیّ گەیشتن کە واقیعبینانەتر و باشتر ئەوەیە لە گەڵ کەسانێك پێوەندی بگرن کە چ لە باری عەشیرەتی و ئاینی و چ لە باری ڕوناکبیری‌یەوە لە کوردستان دا خاوەن نفوزن، ئەوە بو کە یەکێتی سۆڤێتی لە مانگی سەرماوەرزی ١٣٢٠ دا پاش ئەوەی ئەفسەر و کۆمیسێرە سیاسی‌یەکان چەندین جار هاتوچۆی مەهابادیان کرد، هەیئەتێکی ٣٠ کەسی‌یان لە پیاوە ناسراوەکانی کوردستان بۆ باکۆ بانگ هێشتن کرد. تەرکیبی هەیئەتەکە بریتی بو لە سەرۆك عەشیرەتەکان و هێندێك شێخ و ئاغا و هەروەها نوێنەری چین و توێژە نێوەنجی‌یەکانی شاری مەهاباد. ئەندامانی ئەم هەیئەتە کە لە لایەن نوێنەرانی سۆڤێتی‌یەوە هەڵبژێردرا بون لە سەرەوەی هەموان قازی محەمەد بو کە ئەو وەختە هەم بە شەخسییەتی ئایینی و سیاسی و هەم بە ڕوناکبیرێکی بە نفوز ناسرا بو. ئەوانە بە ڕەسمی نە نوێنەری حیزبێکی سیاسی بون نە نوێنەری جولانەوە، تەنانەت بیروباوەڕیشیان بە تەواوی پێکەوە ڕێك نەدەکەوت.

لە ڕاستی‌دا ئەم سەفەرە زیاتر باری یەکترناسینی هەبو، یانی مەبەست ئەوە بو کە هەم سۆڤیتی‌یەکان نوێنەرانی کوردەکان بناسن و هەم سەرۆکە کوردەکان کۆمەڵی سۆڤیتی لە نزیکەوە بە چاوی خۆیان ببینن و بیناسن. هەرچەند لە بنەڕەتەوە ئەم سەفەرە، سەفەرێکی سیاسی بو، بەلام بە ڕەسمی وەك سەفەرێکی فەرهەنگی ناویان برد."(٢٧)

جگە لە قازی محەمەد، ئەوانەی بۆ ئەم سەفەرە بانگ کرا بون: حاجی بابە شێخ، عەلی ئاغای ئەمیر ئەسعەدی دێبوکری، عومەر عەلیاری دێبوکری،

ڕەشید بەگی هەرکی، زێرۆ بەگی هەرکی، تەها هەرکی، سەید محەمەد سدیق، محەمەد ئەمین شکاك، حەسەن هەنارەی شکاك، حەسەن تیلۆ شکاك، حاجی قەرەنی ئاغای مامەش، کاك هەمزەی نەڵۆسی مامەش، مەجید خانی میاندواو، نوری بەگی بەگزادە، نورکۆ بەگزادە، ئەحمەد بەگی فەیزوڵابەگی، بایزئاغای گەورك، محەمەد حسێن سەیفی قازی.(٢٨)

لەو کاتەدا سیاسەتی سۆڤیتی وابو: کورد هێمن و ئارام بێ. لە هیچ کام لەو وڵاتانەی تیا بون گیروگرفت دروست نەکەن. ئەویش هەمان سیاسەتی بەریتانی هەبو. ئەی ویست تا شەڕ کۆتایی دێت، بۆ ئەوەی کۆریدۆری ئێرانی بۆ گوێزانەوەی پێویستی‌یەکانی خۆی ئارام بێ، لە ئێران و تورکیا و عێراق هیچ پشێوی‌یەك ڕو نەدات. بۆ ئەم سەفەرە کاربەدەستانی سۆڤیتی هەر کوردە ناسراوەکانی موکریان، واتە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان، بانگ کرد بو. لە کوردەکانی سنە و، کرماشان و، ئیلام... هیچ کەسێکیان بانگ نەکرد بو.

لەم سەفەرەدا کاربەدەستانی سۆڤیتی سەرانی بانگکراوی کوردیان هان نەدا بۆ هیچ چالاکی‌یەکی سیاسی یا ڕۆشنبیری. تەنانەت کە بەریتانی‌یەکان پەژارەی خۆیان بەرامبەر بەم دیدەنی‌یە دەربڕی، وەزیری کاروباری دەرەوەی سۆڤیتی مۆلۆتۆف، سەفیری بەریتانی سێر ریدەر بولاردی دڵنیا کرد لەوەی لەم دیدەنی‌یەدا "هیچ جۆرە گفتوگۆیەکی سیاسی نەکراوە."(٢٩)

گۆڤاری "نیشتمان" زمانی "کۆمەڵەی ژ. ك" بە گاڵتە پێ کردن و ڕەخنە لێ گرتنەوە باسی ئەم سەردانەی ئاغاکانی کورد بۆ باکۆ لە گۆشەی "دەمەتەقەیەکی دوکەسی"دا بەم شیعرانەی لای خوارو ئەگێڕێتەوە:

بایز: ئەرێ مام باپیرکتێبە پەرپوت
باپیر: سندان، دەڵێی چی ، دیسان بایزە ڕوت
بایز: پرسینم هەیە، جوابم دە زوبە
ئاغا تەشریفی، بۆ چوە....
باپیر: رەئیسێك ناردی، لە شوێنی و بردی
نامەی ڕزگاری بدا بە کوردی
بایز: زۆرباشیان بەخێرهێنا بو؟
باپیر: ئەی چۆن،
دەی فەرمو بە پێی فێڵان قەیسی و ڕۆن
بایز: وای هەرنەگوتوە، پێم ئیفتەرایە
باپیر: بۆ لای تۆ ئاغا ئیبنو سینایە؟

وەڵا وای دەگوت لە خۆم بیستوە
بایز: کەوابێ ئاغا... بوە
باپیر: بەڵێ هەمو کەس پێی ماخۆلیایە
بایز: نەفام چی وەختی جەفەنگە و کایە
پێم بڵێ چی کرد چلۆن هاتەوە
باپیر: بەتۆن و نیوێك خورافاتە
بایز: ئاخر شەرحی دە مەی رێسە نەفام
نازانیی عەیبە ڕستن بێ مەرام
باپیر: ئاخر هی ئاغاش وەك هی من وایە
چوبو لای ئەوەی... شایە
گوتبوی: بە مەردی لێوت ببزێوی
ڕزگاریت بوێ دەبی بە خێوی
ئاغا فەرمو بوی: ئازادی چیە؟
فەرمایشتی من لەسەر قەندیە
ئەگەر دەم دەنێ قەند و زین باشە
وە ئیللا هێجگار کارم لە پاشە
بۆ موغالەتە زینی هێنا بو
لە سایەی وانیش تێر قەند و چا بو
بایز: دەك نەژی باپیر، ئەمەش خەبەر بو
دەخوێنی ساڵی جارێك، ئەمیش...(٣٠)

دیارە ئەم شیعرانە ماوەیەك لە دوای سەردانەکەی باکۆ نوسراون چونکە ئەوکاتەی ئاغاکانی کورد بانگ کرابون بۆ باکۆ هێشتا کۆمەڵەی ژ.ك دانەمەزرا بو.

٥. ٣. ٢. ڕوداوەکانی بانە

جموجوڵی سەرانی کورد لە دو مەڵبەندی کوردستان دا گەیشتە ئەوپەڕی توندوتیژی و فراوانی: یەکێکیان لە مەڵبەندی بانە –سەقزدا و، ئەوی تریان لە مەڵبەندی ورمێ، بێ ئەوەی هیچ پێوەندی‌یەکیان لەگەڵ یەك هەبێ. حەسەن ئەرفەع، سەرۆکی ئەوسای ستادی ئەرتەشی شاهنشاهی ئێران، سەبارەت بە ڕوداوەکانی بانە و، سەقز لە ژێر سەرناوی "یەکەمین شۆڕشی کوردەکانی ئێران لە ماوەی دوەمین جەنگی جیهانیی‌دا" نوسیوێتی:

"پەلاماردانی ئێران لە لایەن هێزەکانی سۆڤێت و بەریتانیاوە و، داگیرکردنی ئوستانەکانی ژورو و ڕۆژئاوای ئێران بو بە هۆی هەڵوەشانی

ئەرتەشی ئێران لە ناوچە داگیرکراوەکاندا و، کزبونی کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەندی لەوێ. بە هۆی فەرمانێکی ناڕاستەوە کە جەنەراڵ ئەحمەد نەخچەوان وەزیری جەنگ دەری کرد بو سەربازانی وەزیفە بڵاوەیان لێ کرد، ئەگەرچی ئەم فەرمانە لە ماوەیەکی کورت دا ڕاست کرایەوە، بەڵام زۆر دژوار بو ئەوانە بهێنرێنەوە بۆ خزمەت، بە تایبەتی لە ناوچە خێڵەکیەکانی وەکو کوردستان. کوردەکانی ناوچە سنوریەکان، بە یارمەتی ئەوانەی لە عێراقەوە هات بون، دەوری پۆست و پادگانە پچوکە دابڕاوەکانی سنوریان دا و، چەکیان کردن. بەمجۆرە چەکێکی زۆریان کەوتە دەست.

هێزەکانی سۆڤێتی پادگانی بانەیان گرت. سەربازەکانیان بەردا بچنەوە ماڵی خۆیان و ئەفسەرەکانیان بە گیراوی ڕەوانەی سەرو کردن. هەروەها شاری سنەیان چەند سەعاتێ داگیر کرد بەڵام بە هۆی ڕێککەوتنی سۆڤێتی – ئینگلیزیەوە دەربارەی دابەش کردنی ناوچە داگیرکراوەکان، ئەوێ ناوچەی بەریتانیا بو، بۆیە ئەوان بەجێیان هێشت بەرەو سەقز کشانەوە، هێزێکی ئینگلیزی کە پێك هات بو لە تیپێکی مۆتۆریزەی هندی شارەکەیان داگیر کرد.

هەر کە ئۆردوی سور لە بانە ڕۆیشتن و ئەفسەرە ئێرانیەکانیان لە گەڵ خۆیان برد، حەمە ڕەشید، سەرکردەیەکی کوردی ئێلەکانی بانە کە لە گوندی وێنە لە دیوی عێراقیی سنوردا ئەژیا، بە چوار سەد سوارەوە پەلاماری ئێرانی دا پاش دو ڕۆژ شەڕ لە گەڵ تاقمێ سەربازی ئێرانی کە پادگانی بانەیان ئەپاراست، بانەی گرت. لە هەمان کات دا ئێلەکانی مەڵبەندی مەریوان کە لە لایەن کوردەکانی عێراقەوە لە لای پێنجوێنەوە یارمەتی درا بون، پەلاماری پۆستی سنوریی باشماخیان داو گرتیان. پادگانەکانی مەریوان و سنە پێشتر لە ئەنجامی هێرشی ڕوس و ئینگلیز دا هەڵوەشا بون کوردەکان چونە ناو مەریوانەوە. بەڵام نەیان توانی بچنە ناو سنەوە چونکە لە ژێردەستی هێزەکانی ئینگلیزدا بو. لەم کاتەدا، جەنەراڵی لێهاتو، مەحمود ئەمین، بە حاکمی عەسکەری سنە دانرا.

فەرماندەی گشتی هێزەکانی ڕۆژئاوا جەنەراڵ موقەدەم، هێزێك کە پێك هات بو لە ٣ گوردانی پیادە (٣٠٠ کەس) و ٦ ئوتۆمۆبیلی زرێپۆش بە فەرماندەیی براکەی من، کۆلۆنێل ئیبراهیم ئەرفەع، بۆ گرتنەوەی سەقز و بانە نارد. ئەم هێزە لە دوای گرتنی سەقز بەرەو بانە بەڕێ کەوت. لە ڕێگا لە لایەن دوهەزار کەس لە هێزی ئێلەکان بە سەرکردایەتی حەمە ڕەشید خان گەمارۆ درا کە لە لایەن ئێلەکانی بانە و خورخوڕەوە یارمەتی درا بو. [٥]

ماشینی زرێپۆش بە هۆی سوتاندنی پردی تەختەی سەر ڕێگاکە لە دەس چو. هێزەکەش ناچار بو بگەڕێتەوە سەقز. کوردەکان بەشێکی هێزە پیادەکەیان بەدیل گرت. بەڵام براکەی من بە ژمارەیەکی کەمەوە پاش دو ڕۆژ بە پێ ڕۆشتن خۆیان گەیاندە میرانشاە. ئینجا لەوێوە گەڕانەوە دیواندەرە. لەوێش لە لایەن چوارهەزار کەسی هێزی حەمە ڕەشیدەوە گەمارۆ دران، وەکیلییەکان، ئەردەڵانەکان، ڕەسوڵ ئاغا و عەلی ئاغای جەوانمەردی گەورك و، سەرشیو و، سلێمان جاف بەشدار بون. ئەگەر چی براکەی من تەنیا ١٧٠ کەسی لە بەر دەستا بو، لە گەڵ ئەوەشا توانی کوردەکان بگێڕێتەوە دواوە، کە لەم پێکادانەدا دو کەس لە سەرانی کورد کوژران و ڕەسوڵ ئاغا بریندار بو، ورەیان بەردا و کشانەوە سەقز. لە ڕێگا تیلەکۆیییەکانی عەلی خانی حەبیبی، کە لە هۆبەتوەوە لە ڕێگای میرانشاوە بۆ یارمەتی دانی هێزەکانی حکومەت هاتبو، هەڵی کوتایە سەریان و تەفروتونای کردن.

پاش ئەم ڕوداوە براکەی من چو بۆ کرماشان دانرا بە سەرکردەی لەشکری ١٢ و چو بۆ شەڕی ئێلە یاخییەکانی لوڕ. جەنەراڵ ئەمین کرا بە فەرماندەی هێزەکانی کوردستان.

کوردەکانی ژێر فەرمانی محەمەد ڕەزا مەریوانی، مەحمود کانی سانانی، محەمەد ڕەشید ئەلەمانە، محەمەد عەلی مرادی گەڵباخی، عەلی ولەژێری، فەرەج کۆماسی، جەلال گەمباری، مەحمود لهۆنی، بەرەو سنە چون، جەنەراڵ ئەمین، کە تازە گەیشت بوە سنە بۆ گفتوگۆ و ڕێککەوتن چو بۆ لایان. کوردەکان گرتیان، بەڵام لە ماوەی ٢٤ سەعات دا بەریان دا. ئەمەش لە سەر داوای ئەفسەرانی ئینگلیزی نیشتەجێی سنە بو. لە هەمان کاتدا کوردەکان داوایان کرد بو دان بەسەربەخۆیی کوردستان دا بنێن. پاش ١٠ ڕۆژ سەرکردایەتی ئینگلیز لە سنە وەڵامیان دانەوە، کە ئەو ناتوانێ کێشەکە چارەسەر بکا بەڵکو ئەبێ بخرێتە بەردەم سەرکردایەتی بەرز لە بەغداد. کۆبونەوەی هێزەکانی ئێران لە سنە بو بە هۆی ڕێ گرتن لە هێرشی کوردەکان بۆ سەر ئەو شارە. دوای ماوەیەك بڵاوەیان لێ کرد، هێزە خێڵەکییەکان نە تاقەتی چاوەڕوانیی و نە هیچ هۆیەکی لۆجستیکیی مانەوەیەکی درێژخایانیشیان هەبو.

لە مانگی نۆڤەمبەرا جەنەراڵ ئەمین هێزێکی ساز دا و بەرەو دیواندەرە جوڵا. دوای پێکادانێ لە گوندی زاغە کوردەکانی حەمە ڕەشید شکان و گەیشتە دیواندەرە و کەوتە پێشکەوتن بەرەو سەقز. ئەم شارەش کەوتە دەست هێزەکانی حکومەت، بەڵام چەند دەستەیەك کورد کە پێشتر لە ناو

ماڵەکان دا خۆیان حەشار دا بو، پەلاماری ئەرتەشیان دا هاوزەمان لەگەڵ ئەو هێزانەی لە دەری شارەوە هێرشی پێچەوانەیان دەس پێ کرد بو. جەنەراڵ ئەمین کوژرا و هێزەکەش بەشێکی بڵاوەی کرد و بەشێکی گیرا. ٣٠٠ کەس لە ئێلی تیلەکۆی کورد بە سەرکردایەتی سەرۆکەکەیان، عەلی خانی حەبیبی، کە بۆ هاوکاری لە گەڵ هێزەکانی حکومەت هات بون، ئەوانیش تەفروتونا بون، حەبیبی، لە لایەن حەمەڕەشیدەوە کوژرا.

لە دوای مەرگی جەنەراڵ ئەمین، کۆلۆنێل ئیبراهیم ئەرفەع لە جێگەی ئەو بو بە فەرماندەی لەشکری کوردستان. هێزەکانی رێك خستەوە و دوبارە لە سنەوە بەرەو سەقز جوڵا. محەمەد خانی حەبیبی، برای عەلی خان، و کوردەکانی تیلەکۆ، کە ئەیان ویست تۆڵەی کوژرانی سەرۆکەکەیان بسێننەوە، بەشداری ئەم هێزە بون، هەروەها حەبیبوڵا خانی مەندمی. کوردەکانی مەریوانیش، کە هەوڵەکانیان بۆ گرتنی سنە بە هۆی ئینگلیزەکانەوە سەری نەگرت بو، ئیتر دەمیان لە سەربەخۆیی کوردستانەوە نەئەدا، تەنانەت نوێنەریان نارد بوە لای براکەی من پێشنیاریان کرد بو هاوکاری لە گەڵ بکەن دژی حەمە ڕەشید.

لەم کاتەدا منیش لە تارانەوە نێردرامە کوردستان بۆ لێکۆڵینەوەی بارودۆخی ئەوێ، دوای گەیشتنم بە سنە لە گەڵ ئەو نوێنەرە چوین بۆ سەقز. لە ڕێگا دڵنیای کردم لە دڵسۆزی هۆزەکەی بۆ شا و بۆ ئێران، وای دەر ئەخست کە جموجوڵەکانیان بە هاندانی بێگانە بوە و، ئەوان ئامادەن یارمەتی ئێمە بدەن بۆ شکاندن و سزادانی حەمە ڕەشید، ئەگەر ئێمە چەك و تەقەمەنی‌یان بدەینێ... من گەیشتمە میرانشا لە کاتێکدا هێزەکانی حکومەت لە هێرش دا بون بۆ سەر ئاوایی سوننەتە، پاش ٥ سەعات پێڕۆیی بە ناو بەفرێکی ئەستوردا. منیش لەم شەڕەدا بەشدار بوم. کوردەکانی حەمە ڕەشید بە سەختی شکان و خێڵەکی‌یەکانی تیلەکۆ ڕژانە ناو ئاوایی و کەوتنە تاڵان کردنی دوژمنەکانیان هەر لە جل و سەرپۆشی ژنانەوە تا سەماوەر و قۆری.

لە مایسی ١٩٤٢ دا کۆلۆنێل ئەرفەع بە ٢ هەزار کەس و ١٤ تانکی سوك و شەرکەرانی ئێلی تیلەکۆ چوە سەر سەقز، حەمە ڕەشیدی شکان و بەرەو بانە کەوتە پێشکەوتن. بە ڕێگاوە بو، لە سەرکردە تازەکەیەوە، جەنەراڵ شاهبەختی، فەرمانی پێ گەیشت، کە ئیتر بۆ پێشەوە نەچێ، بەڵکو خەریکی ڕێککەوتن بێ لە گەڵ حەمە ڕەشید. مێجەر فلیتچەر، ئەفسەرێکی سیاسی بەریتانی لە کرماشانەوە بۆ سەقز هات بۆ ئەوەی لەم گفتوگۆیەدا بەشدار

بێ. حەمە ڕەشید بە ناوی تارانەوە دانرا بە فەرمانداری بانە و، ڕێگەی پێ درا چەکەکانی پێ بمێنێ، لە کاتێکدا ئەبو هێزەکانی ئەرتەش و پۆلیسی ئێران مەڵبەندەکانی بانە – سەردەشت بە جێ بهێڵن.

پاش ماوەیەك کۆلۆنێل ئەرفەع، کەلەم کاتەدا گەیشت بوە پلەی جەنەراڵ، بو بە فەرماندەی لەشکری ۲ ی تاران و، جەنەراڵ هۆشمەند ئەفشار لە جێگەی ئەو بو بە فەرماندەی لەشکری کوردستان. هاوینی ۱۹٤۲ بانە دوبارە لە لایەن هێزەکانی حکومەتەوە گیرایەوە..."(۳۱)

جەنەراڵ هۆشمەند ئەفشار وەکو ئەفسەرەکانی پێش خۆی ڕەفتاری کرد. لە ئازار دان و، گرتن و ڕاونان و کوشتن و، تاڵان و زەوت کردنی ماڵ و دارایی خەڵك و، بەرتیلخۆری درێخی نەئەکرد. هاووڵاتی‌یەکی کورد چیرۆکی خۆی لە زیندانی هۆشمەند ئەفشاردا بەمجۆرە ئەگێڕێتەوە:

"... خەریکی کارو کاسبی بوم و سەفەرێکم بۆ سەردەشتێ کرد سەرتیپ هۆشمەند ئەفشاری خوێنخۆر کە هەمیشە عادەتی وی خوێنمژتنە خسوسەن دەگەڵ کوردان فەورەن ئەمری بە گرتنی من دا و هەمو مالولتیجارەی کە لە ئەسەری زەحمەت کێشانی چەند ساڵەدا کۆم کرد بوەوە لێیان ئەستاندم و حەبسیان کردم و حەوالەی حەبسی تاریکی خەفەکونی لەشکری ٤ ی کوردستانیان کردم. مودەتی ١٦ مانگان بە بێ قسور دەو حەبسخانەی دا کە زۆر مردنم پێ خۆشتر بو ڕلیان گرتم و هەمو ڕۆژێ ئەزێتیان دەدام و بۆ ئەوەی کە نەمرم ڕۆژی نانێکی ویشکیان دەدامێ هەرچەندە هاوارم دەکرد لە بەر چی ئەمنو گرتوە؟ کەس نەبو جوابم داتەوە و ڕۆژبەڕۆژ زەحمەتیان زیاتر دەکردم ئەگەر بێتو هەمو ئەزیەتەکانی خۆم بنوسم شانامەیەك زیاتر دەبێ..."(۳۲)

سەرتیپ ئەفشار بەو پەڕی دڵڕەقی‌یەوە سەرکردایەتی هێزەکانی ئێرانی کرد بۆ دامەزراندنەوەی حکومەتی ناوەندی لە هەورامان، مەریوان، بانە. زیاتر لە ۱۵۰۰ تفەنگی لە خەڵکی ناوچەکە سەند. مەحمود خانی کانی سانان و حەسەن خانی ڕەزاو تەسلیمی عێراق بون. مەحمود خانی دزڵی لەو ماوەیەدا لە سەر سنور مرد. لە نۆڤەمبەری ۱۹٤٤ دا حەمە ڕەشید خان لە ژێر گوشاری هێزەکانی ئێران دا هیچی تر خۆی پێ نەگیرا هەڵاتە ناو ئەرزی عێراق و تەسلیمی کاربەدەستانی عێراق بو. حەمە ڕەشید خان دەسبەسەر لە کەرکوك دانرا. زۆر لەوێ نەمایەوە دیسان لە ڕێگای پێنجوێنەوە هەڵات و چوە مەهاباد.(۳۳)

ڕۆژنامەی کوردستان هەواڵی لابردنی هۆشمەند ئەفشاری لە لاپەڕەی یەکەمی دا بە خۆشییەوە بڵاو کردۆتەوە:

"پاش برادەرکوژی کوردستان و ئاوارە کردنی دەهەزار ماڵ هەورامی و مەریوانی، پاش زەرەردانێکی زۆر لە دەوڵەت و لە کوردستان هۆشمەند ئەفشار دەستی ڕاستی ئەرفەع لە کار دەرکرا. دیارە دەرکردن کافی نیە و کوردستان چاوەنواڕی موحاکەمە و موجازاتی ئەو خائینەیە."(٣٤)

٥. ٣. ٣. ڕوداوەکانی ورمێ

سەرلەشکر ئەحمەد زەنگەنە، یەکێ لە ئەفسەرانی لەشکری ٤ ی رەزائیە لە ژێر سەردێڕی "دەربارەی هەلومەرجی رەزائیە لە ساڵی ١٣٢١ دا" نوسیوێتی:

"دوای هەڵوەشانی لەشکر لە شەهریوەری ١٣٢٠ دا لە رەزائیەش وەکو هەمو شوێنەکانی تری وڵات ئارام و ئاسایشی بیست ساڵە گۆڕا بە نائەمینی و شێوان، هەندێ لە سەرانی کوردی ئاژاوەخوازی دەوری رەزائیە وەکو: عومەر شەریفی شکاك لە ناوچەی سۆمای برادۆست لە مەڵبەندی سەروی رەزائیە. رەشید بەگی جیهانگیری لە ناوچەی تەرگەوەڕ، دەشت، مەرگەوەڕ لە مەڵبەندی ڕۆژئاوای رەزائیە. زێڕۆ بەگی بەهادوری لە ناوچەی بالانوش و مەڵبەندی خواروی رەزائیە. تەها هەرکی لە مەڵبەندی دۆڵی خواروی بالانوش. کەوت بونە ژێر نفوز و هاندانی بێگانە و پروپاگەندەی ئەفسەرانی سۆڤێتی. دەستیان کرد بە بەدڕەفتاری و شەرارەت و و ڕاووڕوت و، پەلاماردان و تاڵان کردنی ئاواییەکانی دەوری شاری رەزائیە و تا ئەهات سنوری جەردەیییان فراوانتر ئەبو. لە بەر ئەوەی لە ناو رەزائیەدا هێزی ئەرتەشی لێ نەبو بۆیە بێ هیچ کۆسپ و ڕێگرێك هەرجێیەکی ویستیان تاڵان و هەر تاوانێکی ویستیان کردیان. درێژەکێشانی ڕاووڕوت و ڕێ لێ نەگرتنیان ئەشراری جەردەی ئازاتر کرد، بەجۆرێ سنوری ڕاووڕوتیان فراوان کرد تا گەیشتە شاری رەزائیە و شاریان گەمارۆ دا، لەبەر ئەوەی رەزائیە لەلایەن سۆڤێتەوە داگیر کرا بو کوردەکان بەئازادی هەمو تاوانێکیان ئەکرد.

دانیشتوانی دێهات کە کەوت بونە بەر پەلامار و تاڵان پەنایان بۆ شار هێنا مزگەوت و کۆڵانەکان پڕ بون لە ژن و منداڵی دێهاتیی ئاوارە. ئەهالی شاری رەزائیە سەرەڕای ترسیان لە پەیدا کردنی دەسەڵاتی کورد، لە مەترسی کەمی ئازوقە و خواردەمەنی و بڵاوبونەوەی نەخۆشی ساری دا بون، کورد بە جۆرێ چاویان قایم بو بو شەوانە هێرشیان ئەکردە سەر پاسگای ژاندارمری دەروازەی شاپور. ژاندارمەکانی پاسەوانی پاسگاکەیان کوشت. لە

ناوشاریش کەلانتەری ۳ ی خیابانی داریوش لە لایەن کوردەوە پەلامار درا. لە بەر ئەوەی هێزی ئەرتەش لە رەزائیە نەبو بە هیچ جۆرێ نەئەتوانرا رێ لەم کارەسات و کوشتن و تالآنە بگیرێ."(۳۵)

کۆنسوڵی گشتی بەریتانیا لە تەورێز، بەجۆرێکی جیاواز لەمان، هۆی نائارامی لە رەزائیە شی کردۆتەوە، لەراپۆرتەکەی دا نوسیوێتی:

"لە گەڵ سەردانی سەرهەنگ هاشمی بۆ رەزائیە روداوەکان دەستیان پێ کرد. فەرمانێکی دەرکرد بۆ کوردەکان لە ناو شاردا نابێ چەك هەڵ بگرن و داوای لە ژاندارمەکانی کرد بو فەرمانەکەی بە زۆر جێبەجێ بکەن. سەرهەنگ هاشمی ژاندارمەکانی لە ناو شیعەکانی دانیشتوی ئەوێ دا هەڵئەبژارد و چەکداری ئەکردن بۆ ئەوەی هێزێکی گەورە پێکەوە بنێ، ئەم پیاوە بێ دیسیپلینانە بە کوشتنی یەکەمین کوردێکی کە ویستیان چەکی بکەن دەستیان پێ کرد. زنجیرەیەك روداو بە دوای یەك دا وایان لە کورد کرد بو کە وا بزانن ئەفسەرانی فارس هەوڵی گێڕانەوەی دەسەلآتی زۆردارانە ئەدەن بۆ ناوچەکە. کوڕێکی شێخ تەها، لە ناو رەزائیەدا بەسواری عەرەبانەیەکەوە تفەنگێکی پێ بو، دایان بەزاند بو لێیان دابو. کوردێ مێزەری لە سەردا بوە دابویانە بەر زللە. دو کوڕ و سێ نۆکەری حاجی ئاغا کە لە ناو شار یا لە نزیکیەوە تفەنگیان پێ ئەبێ لە لایەن ژاندارمەوە پەلامار ئەدرێن و لە ناو ئەبرێن..."(۳٦)

بە پێی راپۆرتێکی تری کۆنسوڵ، لە مایسی ۱۹٤۲ دا لە رەزائیە، کۆبونەوەیەك کراوە، سەرۆکی شارەبانی ورمێ، کۆنسوڵی گشتی سۆڤێتی لە تەورێز، چەند ئەفسەرێکی ئۆردوی سور و ۱۲ کەس لەسەرانی کورد، لەم کۆبونەوەیەدا بەشدار بون. سەرانی کورد وەکو مەرجی پێشەکی بۆ گەڕانەوەی ئاشتی و ئاسایش بۆ ناوچەکە داوایان کرد بو:

١. پۆستی ژاندارم لە ناوچە کوردنشینەکانی نێوان خوی و مەهابادا نەمێنێ.

۲. رێ بە کورد بدرێ چەك هەڵ بگرن.

۳. ئەو ۱۲۰۰ تفەنگەی دەستی بە سەردا گیراوە بەسەر لادێیەکانی مەڵبەندی رەزائیەدا دابەش بکرێ.

٤. لە هەمو دائیرەکانی حکومەت دا لە رەزائیە نوێنەرێکی کوردی تێ دا بێ.

٥. کورد لە کاروباری نەتەوەیی خۆیان دا ئازادییان هەبێ.

٦. حکومەتی فارس قوتابخانە بە زمانی کوردی لە کوردستان دا بکاتەوە.

٧. ئەو ئەرزانەی داگیر کراون بدرێنەوە بە خاوەنە ئەسڵییە کوردەکانی.
٨. ئەو ٢٠ کوردەی گیراون بەر بدرێن."(٣٧)

کاربەدەستانی ئێرانی گوێی خۆیان لە ئاستی ئەم خواستانەدا کەڕ کرد. جموجوڵەکانی ئەوێیان بە جەردەیی و شەرارەت و، بە هاندان و فیتی بێگانە دائەنا. حسین ئەفشار، نوێنەری رەزائیە لە مەجلیسی شورای میللی دا، لە دانیشتنی ڕۆژی ١٣ ی بانەمەڕی ١٣٢١ دا، ڕوی قسەی کردە سەروەزیران وتی:

"..بە پێی تەلگراف و ڕاپۆرتەکان ٨ ڕۆژە ئەو ئەشرارەی لە کۆتایی جەنگی جیهانی ڕابردودا بونە هۆی تێکدان و کوشتن و تالانی مەڵبەندی خۆشی ورمێ و، دوای ئەو شەڕە ئەم شوێنەیان کردە گردی خۆڵەمێش ئەوەتا دەستیان داوەتە دەستی یەك و ٨ ڕۆژە کەوتونەتەوە کوشتن و تالان و ئەتکی ناموسی ئەهالی ٣٠٠ پارچە دێهاتی ئەفشارنشینی رەزائیە...

تا ئێستا هەر ئەمنییە فیداکارەکانن کە بەو ژمارە زۆرکەمەوە لە بەرامبەر هێزێکی چەند جار لە خۆیان زۆرتر بە ئازایەتییەکی شایانی ڕێزەوە بەرهەڵستی ئەکەن ئێستاش کە ئاغای سەروەزیر تەشریفیان لە مەجلیسن ئەمەوێ بپرسم کە بۆ ڕەفعی ئەم غائیلەیە و پاراستنی گیانی ئەهالی رەزائیە و دەوروبەری چ کارێکیان کردوە و ئەکەن؟"

عەلی سوهەیلی، سەر وەزیری ئەوسای ئێران لە وەڵامی نوێنەری رەزائیەدا، بێ ئاگایی خۆی پیشان دا لە هۆی نا ئارامی ناوچەکە و هێرشی کوردەکان بۆ سەر شاری ورمێ ، بەڵام ڕایگەیاند کەوا لە ڕێگای سیاسییەوە هەوڵی دۆزینەوەی چارە ئەدەن.(٣٨) مەبەستی لە ڕێگای سیاسی گفتوگۆ بو لەگەڵ کاربەدەستانی روسی بۆ وەرگرتنی موافەقەتی ناردنی ئەرتەش.

سەروەزیر، سەرلەشکر ئەمانولا جیهانبانی وەزیری جەنگی نارد بۆ ورمێ بۆ لێکۆڵینەوەی لە هۆی نائارامی هەلومەرجی ئەوێ و، دانانی ڕێکاوشوێنی پێویست. وەزیری جەنگ دوای سەردانی ورمێ و دیتنی کاربەدەستەکانی، کەوتە گفتوگۆ لە گەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەتی بۆ وەرگرتنی موافەقەتی ناردنی هێزێکی ئەرتەش بۆ ئەوێ، بۆ ئەوەی پارێزگاری ئاسایشی ناوچەکە بکات، دوای گەڕانەوەشی بۆ تاران درێژەیان بە گفتوگۆ دا تا کاربەدەستانی سۆڤێتی موافەقەتیان کرد.

ڕۆژی ٢٦ ی بانەمەڕی ١٣٢١ هێزێکی لەشکری ١ ی مەرکەز بە فەرماندەیی سەرهەنگی تۆپخانەی مهین چو بۆ رەزائیە...."(٣٩)

هاتنەوەی ئەرتەش بۆ ناوچەکە و دامەزراندنەوەی پادگانەکانی هەرگیز نەیتوانی ئاسایش بگێڕێتەوە بۆ ناوچەکە. هۆکانی نائارامی ناوچەکە هەر مابون، لەبەر ئەوە نائارامییش درێژەی کێشا. پێکادانی چەکدارەکانی ئێلە کوردەکانی هەرکی و شکاك لەگەڵ هێزەکانی ئەرتەش و ژاندارم بەردەوام بو تا لە سەرماوەرزی ١٣٢٤ دا ورمێ بەیەکجاری کەوتە دەست هێزەکانی دیموکرات، واتە دوژمنانی ڕژێمی پەهلەوی. ئەوانەی سەرلەشکر زەنگەنە لە "خاترات"ەکەی دا بە "ئەشرار" ناوی برد بون، لە ئازادکردنی ورمێ و مەڵبەندەکانی دەوروپشتی دا، دەورێکی دیارو کاریگەریان گێڕا و، لە حکومەتی کوردستان دا هەمو پلەی سیاسی و پێشمەرگەیی بەرزیان پێ درا.

٥. ٤. بۆشایی سیاسی

ناوچەی بانە و سەقز مەڵبەندی نفوزی هێزەکانی بەریتانیا و، ناوچەی ورمێ مەڵبەندی نفوزی هێزەکانی سۆڤێت بو. هەر دولا ئەیان ویست ئێران ئارام بێ، نە کورد و نە هیچ تاقمێکی تر ئاڵۆزی و پشێوی و نائارامی دروست نەکەن.

سۆڤێتی‌یەکان لایان وابو: ڕوداوەکانی بانە بە فیتی ئینگلیزەکان قەوماوە و، بەریتانی‌یەکانیش پێیان وابو: ڕوداوەکانی ورمێ بە هاندانی ڕوسەکان بوە. هەر دولا لە یەکتری دوڕدۆنگ بون و، بە چاوی گومانەوە سەیری ئەو کوردانەیان ئەکرد کە لەم ڕوداوانەدا بەشدار ئەبون.

ڕوداوەکانی ورمێ و دەوروبەری پێوەندی‌یان لە گەڵ ڕوداوەکانی بانە و سەقز دا نەبو. بە واتەیەکی تر لەژێر سەرکردایەتی‌یەکی یەکگرتو و، بە هاوکاری و ئاگاداری یەکتری نەبو. هێشتا ئەوسا لە کوردستانی ئێران دا نە ڕێکخراوێکی سیاسی دامەزرا بو ئەم جوڵانەوە نارێکوپێك و لە یەك دابڕاوە خێلەکی‌یانە ڕێك بخا و پێکەوە گرێیان بدا و ڕەنگی سیاسی - نەتەوەیی‌یان لێ بدا و، نە هێشتا سەرکردەیەکی ناسراوی دەسەڵاتداری وا لە ناو کوردا پێ گەیشت بو، نفوزی لە هەمو ناوچەکان و لە ناو هەمو گەورەپیاوەکانی کوردا هەبێ. هەوڵ دانی کوردەکانی دەوری ورمێ لە گەڵ سەید عەبدوڵای گەیلانی (شەمزینی)، کە ئەوسا بە ناوبانگترین گەورەپیاوی کورد بو، بۆ ئەوەی ببێتە سەرکردە و دەمڕاستییان سەری نەگرت.(٤٠) کوردستان بۆشایی‌یەکی سیاسی تێ دا دروست بو بو، ئەبو بە ڕێکخراوێکی سیاسی پڕ بکرێتەوە.

پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

١. عبدالرضا هوشنگ مهدوی، تاریخ روابط خارجی ایران از ابتدای دوران صفویه تا پایان جنگ دوم جهانی، انتشارت امیر کبیر، چاپ سوم، تهران، ١٣٦٤، ص ٣٩٠. لێره به دواوه ئەنوسین: مەهدەوی.

هەروەها: حسین مکی، تاریخ بیست سالەی ایران، نشر ناشر، تهران، ١٣٦٢، ج ٦، ص ١٤٤. لێره به دواوه ئەنوسین: مەکی.

٢. توفیق السویدی، مذکراتی: نصف قرن من تاریخ العراق و القضیه العربیه، دار الکاتب العربی، ١٩٦٩، بیروت، ص ٢٣٢.

٣. عبدالرزاق الحسنی، تاریخ العراق السیاسی الحدیث، ط ٦، مطبعه دارالکتب، بیروت، ١٩٨٣، ص ٣٤٧-٣٩٥، مەکی، ٦/ ٣٥٠- ٣٦٢.

٤. مەکی، س ن، ل ٣٦٧.

٥. مەهدەوی، س ن، ل ٣٩١.

٦. مەکی، س ن، ج ٦، ٣٢٤.

٧. بۆ تێکستی پەیمانی سەعداباد بروانە: مەکی، س ن، ج ٦، ص ٣٤٧-٣٥٠.

٨. حاج مخبر السلطنه هدایت، خاطرات و خطرات، چ ٤، زوار، تهران ١٣٦٣، ص ٤١٢.

٩. مەهدەوی، س ن، ٣٩٧- ٣٩٨.

هەروەها: لینچوفسکی، تاریخ خاورمیانه، ترجمه: دکتر هادی جزایری، انتشارات اقبال، تهران، ص ١٨١- ١٨٢.

١٠. مەکی، س ن، ج ٦، ل ٤٤٠ – ٤٤٦.

١١. مەهدەوی، س ن، ل ٣٩٩ .

١٢. مەکی، س ن، ج ٦، ل ٤٤٣.

١٣. مەکی، س ن، ج ٧، ل ١١٣- ١١٤.

١٤. مەکی، س ن، ج ٧، ل ٢٦٥.

١٥. مەکی، س ن، ج ٧، ل ٣٣٦.

١٦. مەکی، س ن، ج ٧، ل ١٢٧.

١٧. مەکی، س ن، ج ٧، ل ١٣٢.

١٨. گ ڕۆژی نوێ، ژ ١٠، سلێمانی، ١/ ١/١٩٦١، ل ٥.

١٩. مەکی، س ن، ج ٧، ل ٤٥٩.

٢٠. مەکی، س ن، ج ٧، ل ٤٣٧.

٢١. دەربارەی چارەنوسی هێزەکانی ئەرتەشی ئێران دوای پەلاماری ڕوسی – بەریتانی بروانە:

سرلشکر احمد زنگنه، خاطراتی از مأموریتهای من در اذربایجان (از شهریورماه ١٣٢٠ تا دی ماه ١٣٢٥)، انتشارات شرق، تهران، بلا، ص ٦١. لێره به دواوه ئەنوسین: زەنگەنە. هەروەها بروانە:

مەکی، س ن، ج ٧، ل ٤٣٦ – ٤٨٦.

داود امینی، از سوم تا بیست و پنجم شهریور.

سپهبد کمال، گوشه‌ای از خاطرات.
٢٢. مەكی، س ن، ج ٧، ل ٣١٤.
٢٣. مەكی، س ن، ج ٧، ل ١٨٨.
٢٤. مەكی، س ن، ج ٨، ل ٢٤٦- ٢٥٠.
٢٥. ر كوردستان، ژ ٣، ٢٤/ ١٠/ ٢٤ بەرامبەر ١٥/ ١/ ١٩٤٦.
٢٦. ر كوردستان، ژ ٦، ١/ ١١/ ٢٤: ٢١/ ١/ ٤٦.
٢٧. قاسملو، ل ٦٠- ٦٢.
٢٨.
Eaglton,William,Jr. The Kurdish Republic of 1946, London,1963. p. 133.
لێرە بە دواوە ئەنوسین: ئیگلتن.
P. 70- 71. 1966, London, The Kurds, Hassan Arafa,
لێرە بە دواوە ئەنوسین: ئەرفەع.
٢٩. فریدە كوهی – كمالی دیهكوردی، كۆماری كوردستان: دامەزران و ڕوخانی، نامەیەك بۆ بەدەستهێنانی پلەی ماستەر بە ئینگلیزی دراوە بە زانستگای ئۆكسفۆرد، ١٩٨٦، ل ٢٣.
بۆ ئاگاداری زۆرتر لە سەر سەردانەكەی باكۆ بڕوانە:
مەحمود مەلاعیزەت، كۆماری میللی مەهاباد: لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی سیاسی، ١٩٨٤، ل ٨٩–٩٠.
هەروەها: ئیگلتن، س ن، ل ٢٣.
٣٠. گ نیشمان، ژ ٣ و ٤، سەرماوەز- ڕێبەندانی ١٣٢٢، ل ١٢-١٣. ئەو شوێنانەی نوقتەی لێ دانراوە لە بنەڕەتدا خۆی وەها نوسراوە.
٣١. ئەرفەع، س ن، ل ٦٧- ٧٠.
٣٢. ر كوردستان، ژ ١٨، ٤/ ١٢/ ١٣٢٤: ٢٣/ ٢/ ١٩٤٦.
٣٣. بەڵگەنامەی بریتانی: FO/391/67352
٣٤. ر كوردستان، ٢٧/ ٤/ ١٣٢٥.
٣٥. زەنگەنە، ل ٣٦.
هەروەها: علی دهقان، سرزمین زردشت، انتشارات ابن سینا، تهران، ١٣٤٨. ل ٦٦٩.
٣٦. بەڵگەنامەی بریتانی: FO/ 371/31426/May 1942
٣٧. بەڵگەنامەی بریتانی: FO/ 371/31414/May 1942
٣٨. دهقان، س ن، ل ٦٧١.
٣٩. زەنگەنە، س ن، ل ٣٥- ٣٧.
٤٠. ر كوردستان، ژ ٢١، ١١/ ١٢/ ١٣٢٤.

٢. ڕێکخراوە کوردییەکانی ئێران

١. پێشینەی مێژویی

نەریتی پێکهێنانی ڕێکخراوی سیاسی یا ڕۆشنبیریی کوردی لە کوردستانی ئێراندا تا درەنگانێ نەبوە.

لە پێش یەکەمین جەنگی جیهانیدا "کۆمەڵەی جیهاندانی" بە دەسپێشکەری عەبدولڕەزاق بەگی بەدرخان و بە هاوکاری سمکۆ و هەندێ لە گەورەپیاوەکانی تری کورد، لە خوی و ماکۆ دامەزراوە، بەڵام ئەم کۆمەڵە نەتەنییەوە بۆ شارەکانی تری کوردستان و زۆر زوش پوکایەوە. هیچ شوێنەوارێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، لە کوردستانی ئێراندا بە جێ نەهێشت.

دوای ئەویش لە دوا ساڵی جەنگ دا کە کۆمەڵەی "ئیستیخلاسی کوردستان" لە لایەن سەید تەهای شەمزینییەوە بە هاوکاری سمکۆ و هەندێ لە گەورەپیاوەکانی تری کورد لە ناوچەی ورمێ دامەزرا ئەویش زو شوێنەواری نەما.

چەسپینی دیکتاتۆرێتی ڕەزا شا لەئێراندا و، چەسپینی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی لە کوردستاندا ماوەی هەمو جۆرە چالاکییەکی بڕی. یاخیبونە خێڵەکییە چەکدارەکانی مەحمود خانی دزڵی و مەحمود خانی کانی سانان لە ناوچەی مەریوان و هی جافرسان لە هەورامان و، هی مەلا خەلیل لە سەردەشت، بە تێشکان کۆتاییان هات. زۆری سەرۆکی عەشیرەتەکان و پیاوە ناسراوەکانی کورد بەگیراوی لە کوردستان دورخرانەوە، لە تاران و شوێنە دورەکان یا خرانە زیندانەوە یا دەسبەسەر گل درانەوە. لە کوردستان دەسەڵاتێکی پۆلیسیی زۆردار و ترسێنەر جێگیر بو بو. ئەم دۆخە تا ڕوخانی ڕەزاشا درێژەی کێشا. لە گەڵ ڕوخانی ڕەزاشادا بو، گەلەکانی ئێران لەوانە کورد هەناسەیەکی ئازادیان هەڵکێشا.

کۆمەڵەی "خۆیبون" دوای دامەزرانی لە لوبنان (١٩٢٧) و پەلهاویشتنی بۆ ناو کوردە هەڵاتوەکانی تورکیا لە سوریا و، دواییتر پەرەسەندنی بۆ ناو

کوردستانی تورکیا بۆ دانانی ڕێوشوێنی شۆڕشی سەرتاسەری لەوێ، توانی پێوەندی لە گەڵ هەندێ لە کوردەکانی ئێران بە تایبەتی هەندێ لە پیاوە ناسراوەکانی بنەماڵەی قازییەکان دابمەزرێنێ. تەنانەت یەکێ لە ڕۆشنبیرانی ئەم بنەماڵەیە کە لە تورکیا بو بۆ هەمان مەبەست گەڕایەوە سابڵاخ. ئەم پێوەندییە لە سنورێکی تەسکی دیاری کراودا بو، چەند کەسێ زیاتری نەگرتەوە و نەبوە ڕێکخراو.

وەکو هەندێ سەرچاوە ئەگێڕنەوە لە سەرەتای چلەکاندا "حیزبی ئازادیخوای کوردستان" دامەزراوە. تەنیا چالاکییەکی ئەم حیزبە نواندویەتی دەرکردنی بەیانێکی تایبەتی بوە دەربارەی "بەخێرهاتنی لەشکری سوری سۆڤێتی بۆ ئێران". هیچ ئاگادارییەکی تر یا هیچ بەڵگەیەکی زانراوی لە دوا بە جێ نەماوە.(١)

٢. کۆمەڵەی ژ. ک

٢. ١. چوارچێوەی گشتی

٢. ١. ١. زەمینەی دامەزرانی

د. قاسملو دەربارەی خۆشبونی زەمینەی دامەزرانی کۆمەڵەی ژ. ك نوسیوێتی:

"کە شەڕی دوەمی جیهانی دەستی پێ کرد، ڕەزاشا بەرەبەرە خۆی لە ئەڵمانی نازی نزیك کردەوە و وەزعێکی ئەوتۆ پێك هات کە ئێران بو بە مەیدانی هات و چۆ و نفوزی جاسوس و پیاوەکانی ئاڵمانی هیتلەر، پاش ئەوە کە ئاڵمان لە هاوینی ساڵی ١٩٤١ ی زایینی دا هێرشی کردە سەر یەکێتی سۆڤێتی، بە کردەوە جەبهەیەکی گەورە لە دەوڵەتە گەورەکان لە یەکێتی سۆڤێتی و ئەمریکا و ئینگلستان دژی ئاڵمان و ئیتالیا و ژاپۆن کە وڵاتانی میحوەر بون پێك هات، پاش وتووێژ ئەم ٣ دەوڵەتە ئێرانیان بۆ ئەوە هەڵبژارد کە هەم نفوزی ئەڵمانی نازی لەم وڵاتە خاشەبڕ بکەن و هەم لە وێ ڕا بتوانن یارمەتی و بە تایبەتی چەك و تەقەمەنی بۆ یەکێتی سۆڤێتی بنێرن. بۆ ئەوە بڕیاریان دا لە ڕۆژی ٣ ی خەرمانانی ١٣٢٠ (٢٥ ی ئوتی ١٩٤١ دا) لەشکری سور لە شیمالەوە و لەشکری ئەمریکا و ئینگلیس لە جنوبەوە ئێران داگیر بکەن، ڕێژیمی دیکتاتۆری ڕەزاشا نەیتوانی چوکترین بەربەرەکانی بەرانبەر بە هاتنی لەشکری هاوپەیمانەکان بکا و تێك ڕوخا، کۆنترۆڵی جنوبی وڵات کەوتە دەست ئینگلیس و ئەمریکا و کۆنترۆڵی شیمال کەوتە دەست یەکێتی سۆڤێتی، بە تێکچونی دیکتاتۆری ڕەزاشا هێندێك ئازادیی دیموکراتی لە ئێران دا پەیدا بو و حیزب و ڕێخراوە سیاسیەکان

بوژانەوە و پەرەیان گرت، پاش بیست ساڵ دیکتاتۆری ئێران ڕوی ئازادی بە خۆیەوە دی.

لە کاتێك دا کە بەشی جنوبی کوردستانی ئێران لە لایەن لەشکری ئەمریکا و ئینگلیسەوە داگیر کرا بو، لە بەشی شیمالی تا شاری ورمێ لەشکری سور جێگیر ببو.

ناوچەی مەهاباد لەو وەزعە دور بو، واتە نە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان لەشکریان تێدا جێگیر کرد بو و نە لەشکری سور، بەم شێوەیە وەزعێکی تایبەتی لە ناوچەی مەهاباد خوڵقا بو، لە لایەکی دیکەوە مەهاباد و دەوروبەری ڕابردویەکی دورودرێژیان لە جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردا هەبو. ئەوەبو کە یەکەم ڕێکخراوی بە هێزی سیاسی کوردی بە ناوی کۆمەڵەی ژ. ك یان کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە ناوچەی مەهاباد پێك هات."(٢)

٢. ١. ٢. دامەزرێنەرەکانی

لە گێڕانەوەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەدا هەندێ لەیەکنەچون هەیە. زەبیحی کە سکرتێری کۆمەڵەکە بوە، هەروەها د. قاسملو کە پیاوێکی شارەزای روداوەکانی کوردستانی ئێرانە بەم جۆرە ناویان ئەبەن:

حسێنی فروهەر، عەبدوڕەحمانی زەبیحی، عەبدوڕەحمانی ئیمامی، عەبدولقادر مودەڕیسی، نەجمەدینی تەوحیدی، محەمەدی نانەوازادە، عەلی مەحمودی، محەمەدی ئەسحابی، عەبدوڕەحمانی کەیانی، سدیقی حەیدەری، قاسمی قادری.(٣)

مەلا قادری مودەڕیسی، کە خۆی یەکێ لە دامەزرێنەرانی ژ. ك بوە، لە گفتوگۆیەکی تایبەتی دا ئەڵێ:

"بناغەدانەرەکانی ئەوانە بون:

محەمەدی نانەوازادە، ڕەحمانی زەبیحی، حسێنی فروهەر، عەبدوڕەحمانی ئیمامی، قاسمی قادری، مەلا عەبدوڵا داودی، محەمەدی یاهو، عەبدولقادری مودەڕیسی، سدیقی حەیدەری، عەبدوڕەحمانی کەیانی، میرحاج". بە قسەی مەلا قادر ماوەی دو ساڵ حسێنی فروهەر (حسێنی زێڕینگەران) سەرۆکی کۆمەڵە بوە.(٤)

ئیگلتن، ناوی هەندێ لەمانە نابا، بەڵام لە باتی ئەوان ناوی هەندێ کەسی تر ئەبا. ئەویش بەم جۆرەیان باس ئەکات:

ڕەحمانی حەلەوی، محەمەد ئەمین شەرەفی، محەمەد نانەوازادە، ڕەحمانی زەبیحی، حسێنی فروهەر (زەڕگەری)، عەبدوڕەحمانی ئیمامی،

قاسمی قادری، مەلا عەبدوڵای داودی، قادری مودەڕیسی، ئەحمەدی عیلمی، عەزیزی زەندی، محەمەدی یاهو، میرحاج لە عێراق.(٥)

ڕەنگە هەندێ لەمانە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە نەبن، بەڵام ئەبێ هەمویان لە گەشەپێدان و بەهێزکردنی دا بەشدار بوبن.

٢ . ١ . ٣. ئەندامەتی

بە قسەی مەلا قادری مودەڕیسی:

"کەسێك کە دەبوە ئەندامانی ژێ. کاف هەوەڵی دەچوە حەمامێ وە لە ڕوانگەی ئاینیەوە خۆی خاوێن دەکردەوە، ئەوجار دەهاتە لای سێ کەس، وە لە لای وان حەوت جاری بە قورئان سوێند، بۆ وەبەرچاو گرتنی ئەو شەش مەبەستانە، دەخوارد:

١. خەیانەت بە نەتەوەی کورد نەکات.

٢. کۆشش بۆ خودموختاری کوردان بکات.

٣. هیچ رازیکی ڕێکخراوە، نە بە زمان، نە بە قەڵەم، نە بە ئیشارە، ئاشکرا نەکات.

٤. هەتا ئاخری عومری هەر ئەندام بێت.

٥. تەواوی پیاوانی کورد بە برای خۆی و تەواوی ژنانی کورد بە خوشکی خۆی بزانێ.

٦. بە بێ ئیزنی کۆمەڵەی ژێ. کاف نەبێتە ئەندامی هیچ رێکخراو و دەستەیەکی تر.

وە غەیری ئەو سێ کەسەش کەسێکی دیکەی نەدەناسی."(٦)

کۆمەڵە پێڕەوی ڕێکخستنی نهێنی شانەی پچوکی ئەکرد.

کۆمەڵەی ژ. ك وەکو ڕێکخراوێکی سیاسی بە نهێنی کەوتە چالاکی ڕێکخراوەیی و سیاسی. زۆری نەخایاند سەدان کەسی لە موکریان ڕێك خست و پەلوپۆی بە زۆر لای کوردستانی ئێران دا هاویشت.

٢. ١. ٤. ئامانجەکانی

کۆمەڵەی ژ. ك ڕێکخراوێکی نهێنی بو پرۆگرامێکی نوسراوی لەبەر دەس دا نیە ئامانجەکانی بە ڕونی دیاری بکا. بۆ خوێندنەوەی بیری کۆمەڵەی ژ. ك ئەبێ لە دو توێی یادداشتەکانی دا بۆ حکومەتی ئێران و، وتارەکانی ناو ٩ ژمارەکەی گۆڤاری "نیشتمان" ی "بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ. ك" و، لەوانەش ڕونتر لەو نامە تایبەتیەی دا کە بۆ مەلا مستەفای بارزانی نوسیوە، بگەڕێین.

لە یەکەمین ژمارەی "نیشتمان" ی "بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ. ک" دا لە ژێر سەردێڕی "ئامانجی ئێمە" دا نوسیوێتی:

"ئەی برای کوردی خۆشەویست!

کۆمەڵەی ژ. ک بە پێچەوانەی هەمو بەرهەڵست و قۆرت و چەڵەمەیەکی وەکو دوژمنایەتی خۆبەخۆ، دوبەرەکی و خۆخۆری، پولپەرستی و بێگانەدۆستی، کە لە ڕێگای پێشکەوتن و سەرکەوتنی کوردا هەیە بە هەمو هێز و توانای خۆی تێ ئەکۆشێت تا زنجیر و کەڵەمەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد دامالێ وە لەم کوردستانە لەت و کوتەی ئێستا کوردستانێکی گەورە و ڕێکوپێك بێنێتە بەرهەم کە هەمو کوردێك بە سەربەستی تیا بژیت.

زۆر کەس وای لێك ئەدەنەوە کە ئەبێ نەتەوەی کورد بە زۆر و نیروی چەك لە دیلی ڕزگار بکرێت بەڵام ئەوانە هەمو بە هەڵە چون و ڕێگای ڕاستیان لێ ون بوە چونکو چەك و تفاقی شەڕ کە لە چەنگ کوردایە لە بەرانبەر چەك و تفاقی شەڕی ئەمانەی بونە بەرهەڵستی سەربەستی ئێمە کار ناکات ئەبێ کورد بزانێت ئیمڕۆ تفەنگ لە چاو گوللەپژێن و تۆپ و تانك و فڕۆکەو ... توقتوقەیەك زیاتر نیە تەنیا ڕێگایەکی ئەبێ کورد بەرەو سەربەستی پێیا بڕوا شەقامی شارستانێتی‌یە، ئەم ڕێگایە ڕاست و ڕەوان ئەچێتە ناو مێرگی ئازادی و سەربەستی.

کۆمەڵەی ژ. ك بڕیاری داوە بۆ ڕوناك کردنەوەی بیری نەتەوەی کورد و دۆزینەوەی هۆی چارەڕەشی و دواکەوتنی ئەم میللەتە بەستەزمان و بێدەسەڵاتە لە هیچ فیداکاری‌یەکی ڕو وەرنەگێڕێت ئەوا لە سەر بڕیاری هەیئەتی ناوەندی ئەم گۆڤارە دەرئەچێت تا بەرەبەرە هەر چەوتی و ناڕەوایی‌یەکی لە ژیانی کوردا هەیە پیشانی بدا و ببێتە شارەزای نەتەوەی کورد لە ڕێگای سەربەستی و سەربەخۆیی‌دا."(٧)

لە ژمارەی پێنجەمی دا نوسیوێتی:

"بۆ وەڵامی هێندێك لە نەفام و تێ نەگەیشتوەکان بەندێکی مەرامنامەی کۆمەڵە دەنوسین:

کۆمەڵەی ژ. ك لە سەر چوار کۆڵەکەی ئیسلامەتی، کوردایەتی، مەدەنییەت، سولح و ئاشتیخوازی داندراوە و هەمو قانون و نیزامنامەکانی لە گەڵ شەریعەتی موقەدەسی ئیسلام تەتبیق ئەکرێ و ئینجا ئەخرێتە کار."(٨)

لە ژمارەی شەشەمی دا نوسیویێتی:

"چەند بەندێك لە مەرامنامەی کۆمەڵە

٧. بۆنەی موتەدەین بونی بەشی زۆری نەتەوەی کورد بە دینی ئیسلام کۆمەڵە لە کوردستان تەنیا دینی موقەدەسی ئیسلام بە ڕەسمی دەناسێ و بۆ تەرویجی شەریعەتی خاوێنی ئیسلام و بەجێ گەیشتنی هەمو رێوشوێنێکی ئیسلامەتی تێ دەکۆشێ و لە گەڵ مونافیقان بەربەرەکانییەکی بە شیدەت ئەکا.

٨. مەسلەکی کۆمەڵە دیموکراتییە و لەم پێناوەدا بۆ خۆشی ژیانی بەشەرییەت کۆشش ئەکرێت.

١١. کۆمەڵە هەمو قەبیلە و عەشیرەتەکانی کورد بە چاوێك تەماشا دەکا و بۆ برایەتی هەموان کۆشش ئەکا. ڕەخنەگری و ئینتیقاداتی کۆمەڵە لە ئاکاری ئەوان تەنیا لە ڕوی دڵسۆزی کوردایەتییەوەیە کە حەز بە لەناوچونی ئاکارە و ڕەفتاری ناشیرین لە ناو کوردەواری دا دەکا."(٩)

بە پێی گێرانەوەی گۆڤاری "ڕۆژی نوێ" بەرنامەی کۆمەڵەی ژ. ك ئەبێ بەمجۆرە بوبێ:

"لە ساڵی ١٩٤٤ دا کە شەڕی جیهانگیری بەرەو برانەوە ئەچو کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی ژ. ك کۆبونەوەیەکی کرد بۆ ڕێوشوێن دانان بۆ دواڕۆژی کورد، لەو کۆبونەوەیەدا سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی ڕاپۆرتێکی بە نرخی پێشکەش کرد، وە لە ئەنجامی لێدوان و لێکۆڵینەوەیەکی وردا کۆمیتەی ناوەندی ئەم بڕیارە مێژوییانەی دا:

١. هەر کە شەڕ کۆتایی هات دەوڵەتی کوردستان ئیعلان ئەکرێ.

٢. خاکی ئەم دەوڵەتە لە ناوچەی ژورووی عێراقەوە دەس پێ ئەکا بە بانەدا ئینجا سەقز و هەمو ناوچەکانی لای سنوری ڕۆژهەڵاتی عێراق تا شاخەکانی دالانپەڕ لە سەر سنوری تورکیا، وە خواروی ئەم سنورە وە لە ڕۆژئاوای ماکۆ وە بە کەناری ڕۆژئاوای گۆمی ورمێ دا بەرەو خوارو بۆ ناوچەی ئەفشار.

٣. ڕژێمی ئەم دەوڵەتە کۆماری ئەبێ.

٤. بۆ پارستنی دەوڵەت کۆمەڵەی ژ. ك لەشکرێکی بەرگری پێك دێنێت کە پێی ئەوترێ "میلیشیا".

٥. پێویستە لە سەر کۆمەڵە کە بەشەکانی تری کوردستان ڕزگار بکا.

وە ئەو ناوچانەی کە لە سەر کۆمەڵە بو هەوڵی ڕزگارکردنی بدا، هەموی دیاری کرابو وە بڕیاریان لەسەر دابو."(١٠)

هەر بە پێی گێڕانەوەی گۆڤاری "ڕۆژی نوێ" ئەبێ کۆمەڵەی ژ. ك یادداشتێکی دابێ بە حکومەتی ئێران بەمجۆرەی خوارێ:

"... حکومەتی تاران، خەلیل فەهیمی "فەهیمولمولك" ی نارد کە وەزیری ڕاوێژ بو، بۆ کوردستان، کاتێ کە ئەم وەزیرە گەیشتە مەهاباد "کۆمەڵەی ژ. ك" یادداشتێکی پێشکەش کرد کە ئەمە کورت کراوەی ئەو یادداشتەیە لە خوارەوە ئەینوسین:

١. لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە زمانی کوردی بە "ڕەسمی" دابنرێ بۆ هەمو ناوچەکانی کوردستان کە ژمارەی دانیشتوانی ٣ ملیۆن پترە.

٢. زمانی کوردی ببێت بە زمانی خوێندن و بەڕێوەبەرێتی و دادگەری لە کوردستاندا.

٣. فەرمانبەران لە هەمو کوردستاندا کورد بن.

٤. ئەو باجەی "زەریبە" لە کوردستاندا کۆ ئەکرێتەوە ئەبێ بۆ کوردستانیش بە کار بهێنرێتەوە، بۆ دروستکردنی خەستەخانە و قوتابخانە و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، نەك بۆ ڕازاندنەوەی تاران.

٥. ئەبێ ئەم داخوازییانە لە پەرلەمانا باس بکرێن وە قانونێك دەربارەیان دابنرێت تا کورد دڵنیا بێ.

٦. ئەمانە داخوازی ئێستامانن بەڵام کۆمەڵەکەمان ژ. ك بڕوای تەواوی هەیە بەوەی کە "هەقی دواڕۆژ دانان – حق تقرير المصير" مافێکی ئاسایی و سروشتییە بۆ هەمو نەتەوەیەك، لە بەر ئەوە پێویستە دوای کۆتایی شەڕی جیهانگیری دوەم لەم لایەنەوە گفتوگۆ بکرێ، وە هیچ گومانی تیا نیە کە کورد خۆی دوا ڕۆژی خۆی دائەنێ.

٧. کۆمەڵە ئەم یاداشتە بڵاو ئەکاتەوە، وە نەتەوەی کورد کە "چارەنوسی خۆی – حق تقرير المصير" دانا حکومەتی ئێران ئەوسا بە دراوسێیەکی باش و بێ وەزەن دا ئەنێ"(١١)

٢.٢ چالاکی ڕۆشنبیری ژ. ک

چەرخی ڕابوردو تا پێش هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی یەکەم چەندین شاعیری گەورەی وەکو وەفایی، ئەدەب (١٨٥٩- ١٩١٢)، حەریق (١٨٥١- ١٩٠٧) لە کوردستانی ئێران بە تایبەتی لە موکریان هەڵ کەوتن، کە بە پیرەوی لە قوتابخانەی بابان شیعریان ئەهۆنییەوە و، لەو مەیدانەدا شانیان لەشانی شاعیرەکانی کوردستانی جنوبی ئەدا. هاتنی ڕەزاشا بۆ سەرکار، هەروەکو کارەساتێکی سیاسی و ئابوری بو بۆ کوردستان، هەروەها

کارەساتێکی گەورەش بو بۆ زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی. لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەم دا کورد توشی سەرکوت کردن بو.

لە کاتێکدا لە کوردستانی عێراق لە ١٩١٩ەوە بێ پسانەوە ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی کوردی بەردەوام بو: بانگی کورد، تێگەیشتنی ڕاستی، پێشکەوتن، بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان، ئومێدی ئیستیقلال، بانگی حەق، ژیانەوە، ژیان، زبان، ژین، دیاری کوردستان، زاری کرمانجی، ڕوناکی، دیاری لاوان، یادگاری لاوان، پەیژە، گەلاوێژ... بە دوای یەك دا لە بەغداد، سلێمانی، ڕەواندوز، هەولێر، دەرئەچون و گەشەیان بە زمان، ئەدەب، ڕۆشنبیریی، مێژوی کورد ئەدا، لە کوردستانی ئێران بە دوای ئەو چەند ژمارە کەمەی ڕۆژنامەی "کورد" ی سمکۆ ئیتر هیچ ڕۆژنامە، گۆڤار، بڵاوکراوەیەکی کوردی دەرنەچوە. ترس و تۆقاندنی ڕەزاشا کارێکی کرد بو باسی ئەدەبی کوردی لە هیچ بوارێکدا نەیەتە پێشەوە. کاربەدەستانی ئێرانی پیوشوێنیان دائەنا بۆ تواندنەوەی کورد لە ناو بۆتەی نەتەوەی ئێران دا.

لە بیستەکان و سییەکان‌دا شاعیر یا نوسەری دیاری ئەوتۆ پەیدا نەبون جێگەی پەنجەیان بە زمان و ئەدەبی کوردی‌یەوە دیار بێ. ئەبولحەسەنی سەیفولقوزات(١٢٥٥- ١٣٢٣)، مەلا مەعروفی کۆکەیی (١٢٥٤- ١٣٢٤)، عەلی بەگی حەیدەری "سالار سەعید" (١٢٥١- ١٣٣٥) ئەمانە ئەگەر بەرهەمی ئەدەبی‌یشیان بوبێ و، شیعری کوردی‌یان هۆنی بێتەوە، ئەوا لە بەر نەبونی ئازادی نوسین و چاپەمەنی کوردی، بەرهەمەکانیان بەدەسنوسی ماوەتەوە، خۆ ئەگەر بڵاویش بوبێتەوە لە سنورێکی زۆر تەسك و تەنگ نەترازاون.

هاتنی هێزی هاوپەیمانەکان بۆ ناو ئێران و، ڕوخانی دەزگای دیکتاتۆری ڕەزاشا، دەرفەتی بۆ دانیشتوانی ئێران ڕەخساند هەناسەیەکی ئازاد بدەن. ئازادی نوسین و چاپ و چالاکی ڕۆشنبیریی و سیاسی تا ئەندازەیەك پەیدا بو. بەشێکی موکریان کە لە نێوان دەسەڵاتی ڕوسی – ئینگلیزی دا بە بۆشی مابوەوە و، بوە مەڵبەندی دامەزران و پەرە سەندنی کۆمەڵەی ژ. ك و، لەئەنجامی ئەوەش دا مەڵبەندی چالاکی سیاسی و ڕۆشنبیریی و ئەدەبیی کورد.

دامەزراندنی ژ. ك دابڕاو نەبو لە ڕوداوەکانی دوەم جەنگی جیهانی. ئینگلیز و هاوپەیمانەکانی ئەیان ویست کورد کە گەورەترین نەتەوەی چەوساوەی "بێدەوڵەت" ی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بو لە سەردەمی شەڕدا ئارام و ژێر بێ، ئاژاوە نەنێتەوە و گێچەڵ دروست نەکا.

لە کوردستانی عێراق سەرەرای ئەوەی هەمیشە وەزیری کورد لە وەزارەتدا هەبون، لە پارلەمانی عێراقیشدا نائیبی کورد هەبون، بوارێکی ڕۆشنبیری دیاری کراویشی دا بو. لە مێژ بو لە سلێمانی حەفتەنامەی "ژین"ی پیرەمێردی شاعیری بەناوبانگی کورد دەرئەچو. مانگنامەی "گەلاوێژ" لە کۆتایی ١٩٣٩ واتە لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگ دا کەوتە دەرچونێکی ڕیکوپێك، دوای ئەویش "دەنگی گێتیی تازە" بۆ بڵاو کردنەوەی هەواڵەکانی جەنگ و پڕوپاگاندە بۆ هاوپەیمانەکان لەلایەن سەفارەتی بریتانیەوە لە بەغدا کەوتە دەرچون.

لە سوریا و لوبنان هاوزەمان لە گەڵ کوردستانی عێراق نەوەکانی بەدرخان کەوتنە چالاکی‌یەکی زۆر. هاوار، روژا نو، ستێر، بە یارمەتی فەرەنسی‌یەکان لە بەیروت و دیمەشق دەرچون.

لە کوردستانی ئێران رەزاشا زو روخا. بەڵام رەزاشا فەرهەنگی کوردی وەها ڕوخاند بو ماوەیەکی ئەویست، لەوێش چالاکیی ڕۆشنبیری وەکو بەغدا، سلێمانی، شام، بەیروت دەس پێ بکا. لە تاران، سنە، کرماشان، ورمێ، هەمان دەرفەت بۆ ڕۆشنبیرانی کورد پەیدا بو. بەڵام رەزاشا پرزەی لێ بڕی بون بە جۆرێ کە هەندێ ڕۆشنبیری بەتوانا نەیان ئەوێرا کارێ بکەن.

لەو سەردەمەدا هەمو بڵاوکراوەکانی کوردستانی عێراق، هەروەها بڵاو کراوەکانی شام و بەیروتیش، بە پۆستەو بە ڕێگەی کاروانچی ئەگەیشتە دەست خەڵك.

لە کوردستانی ئێران چەندین نوسەر و شاعیر پەیدا بو بون. نوسینەکانی خۆیان ڕەوانەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستانی عێراق ئەکرد. لەوانە سەید تاهیری هاشمی، سدیقی حیدەری، ئیبراهیم نادری، دڵشادی ڕەسوڵی، هەژار، هێمن، نوسین و شیعرەکانیان بڵاو ئەکرانەوە کەسیشیان نە ئەکەوتنە بەر ئەشکەنجە و سزادان. راستی ئەوە بو هێشتا لە کوردستانی ئێران زەمینەی چاپکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی ئامادە نەبو. نە کەسانێکی ئەوتۆ هات بونە پێشەوە ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆ، نە لە کوردستانیش چاپخانە هەبو.

٢. ٢. ١. گۆڤاری "نیشتمان"

لە مانگی بانەمەڕی ١٣٢٢ (ئاوریلی ١٩٤٣) نزیکەی ١٠٠ کەس لەئەندامانی کۆمەڵە لە باخی خوداپەرست کۆبونەوە. کۆبونەوەکە شێوەی کۆنگرەی بەخۆیەوە گرت. هەم سەرکردایەتی کۆمەڵەی هەڵبژاردەوە، هەم بڕیاری دا گۆڤارێك بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕاکانی خۆی بڵاو بکاتەوە. ئەوە بو لەو ماوەیەدا دەستی کرد بە چاپکردنی گۆڤاری "نیشتمان".(١٢) دەرکردنی

گۆڤاری "نیشتمان"، ئەگەرچی بێ ئیجازەی دەوڵەت و بە نهێنی بو، هەلێکی لەباری هەڵخست بۆ پێگەیاندن و پەروەردەکردنی دەستەیەکی باش لە شاعیر و نوسەر. ئەمە یەکەمین تەجروبەی کوردەکانی ئێران بو. یەکەمین جار بو گۆڤارێکی تایبەتی خۆیان هەبێ شیعر و نوسینەکانی خۆیانی تێ دا بڵاو بکەنەوە.

بابەتەکانی "نیشتمان" لە لایەن نوسەر و شاعیرەکانەوە بەدەستی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەدا ئەنێردرا بو دەستەی نوسەران. دەستەی نوسەران پاش ئامادەکردنی ئەی نارد بۆ تەورێز لە چاپخانەی "خەلیفەگەری ئەرامینەی ئازەربایجان" لەشەقامی "شەهناز" بە نهێنی چاپ ئەکرا و دیسان ئەهێنرایەوە مەهاباد و لەوێوە بە هەمو کوردستان دا بڵاو ئەکرایەوە.

نیشتمان لە نوسین و شیعرەکانی دا هەستی نەتەوەیی کوردانی ئەبزواند. هانی ئەدان بۆ یەکێتی و یەکگرتن، بۆ خەبات بۆ دەرچون لە دیلی، بۆ هەوڵدانی گەیشتن بە ئازادی. عەبدولڕەحمانی زەبیحی "ع بێژەن" سکرتێری کۆمەڵە، لەگەڵ دڵشادی رەسوڵی "م نادری"، جوتە شاعیری نەتەوەیی: عەبدورەحمانی شەرەفکەندی "هەژار" و محەمەد ئەمینی شێخولئیسلامی "هێمن"، زۆری بابەتەکانی نیشتمانیان ئەنوسی و ئامادە ئەکرد بۆ چاپ "نیشتمان" بە سەریەکەوە ٩ ژمارەی لێ دەرچوە.

ژمارەی یەکەمی ساڵی یەکەمی لە پوشپەڕی ١٣٢٢ بەرامبەر جولای ١٩٤٣ دەرچوە.

لە سەرەوەی لاپەڕەکەدا نوسراوە: بژی سەرۆك و کورد و کوردستان و هیوا. لە سەرەوەی ناوی نیشتمان بە پیتی لاتینی لە ناو خۆرێکی خڕدا نوسراوە: J.K و بەدەوری خۆرەکەدا ئایەتی: (کم مَن فئه قلیله غلبت فئه کثیره بأذن الله). لە ژێری دا نوسراوە "بڵاوکراوەی بیری کۆمەڵەی ژ.ك" لەژێر ئەویش دا نوسراوە "گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، خوێندەواری و مانگی کوردیە"

بابەتەکانی ژ ١ بریتی‌یە لە: ل ١ تا ٢، ئامانجی ئێمە. ٣ تا ٤، تەماع. ل ٤ تا ٥، دەردی دەرون: دەمەتەقەیێکی دوکەسی. ل ٥ تا ٦، رێك کەون تا سەرکەون، ع. بیژەن. ل ٦ تا ٧، مێجەر سۆن دەرحەق بە کورد چی ئەڵێ. ل ٨، سەرکەوتن بە زۆر و کەمی نیە. ل ٩ تا ١٠، (شیعر)، م م هۆشەنگ. ١١ تا ١٢، (شیعر)، مەولەوی. ١٢ تا ١٣، (شیعر) ، زێوەر. ل ١٣ تا ١٤، شاعیری بەناوبانگ وەفایی، ع بیژەن. ل ١٤ تا ١٥، بەشی طبی: جیگارە چۆن ئەکێشرێت. ل ١٦، بۆ گەنم کرد. ل ١٧ تا ١٩، کورد و عیسبەتولئومەم. ل ١٩ تا ٢١ (شیعر). ل ٢١ تا ٢٢، کوردستان ماڵی کوردە، ع سامان. ل ٢٢ تا ٢٣،

پەلامارەکەی ئەوساڵی ئەڵەمان لە ڕوسیا، م فەروخ. ل ٢٤، دەستیاوی بۆ چاپ

ژ ٢ ی س ١ ی لە خەزەلوەری ١٣٢٢ دا بڵاو کراوەتەوە.

لە سەر دروشمەکەی ژ. ك ئایەتی: (ومن یتوکل علی الله فهو حسبه) نوسراوە.

بابەتەکانی ژ ٢ بریتی‌یە لە: ل ١، بۆ خوێنەرە خۆشەویستەکانمان. ل ٢ تا ٣، لە ناو کۆمەڵەدا چەباسە؟ ل ٤ تا ٨، مایەی ڕزگار نەبونی ئێمە لە زنجیرو کەڵەمەی دوژمن چیە و کێ یە؟ بۆچی پێش ناکەوین. ل ٨ تا ٩، ئێمەو مەردم، بیژەن. ل ٩ تا ١٠، دەردی دەرون: دەمەتەقەێیکی دوکەسی. ل ١١، خۆت بناسە، م ش هێمن. ل ١٢، مەحکەمەی مەنحوسی ئیستیقلال. ل ١٣ تا ٢٠، گەنجینەی ئەدەبیات (شیعر): مەحکەمەی ئیستیقلال، م ش هێمن. حوڕ بژی، فانی. نادەم بە فەلەك، گیوی موکریانی. مناڵێکی بوێژ. کوردمو... م ش هێمن. ئیمڕۆ مەوقیعی ئازادیە، م حەریق. ل ٢١ تا ٢٢، زایعەێیکی گەورە (بۆ کۆچی دوایی مەلا محەمەدی کۆیی). ل ٢٢ تا ٢٣، ئەی لاوی کورد، م ئاریا. ل ٢٤، ئینقیلابی گەورەی ئۆکتۆبەر، م فەروخ. ل ٢٤ تا ٢٥، دەمی ڕاپەڕین (شیعر)، لە ئیستگای ڕادیۆی کوردستان. لەم ژمارەیەدا وێنەیەکی شێخ عەبدولقادری شەمزینی و، وێنەیەکی مەلا محەمەدی کۆیی چاپ کراوە.

ژ ٣ و ٤ ی س ١ پێکەوە لە سەرماوەرز –ڕێبەندانی ١٣٢٢ دا دەرچوە.

لە سەر دروشمەکەی ژ. ك ئایەتی: (نصر من الله وفتح قریب وبشر المؤمنین) نوسراوە.

بابەتەکانی ژ ٣ و ٤ بریتی‌یە لە: ل ١ تا ٤، بەهەشتی بەختیاری، م نادری. ل ٣، ئیستگەی ڕادیۆی کوردستان. ل ٥ تا ٩، کوردی دەبێ چۆن بنوسرێ، برای ڕاست. ل ٩ تا ١٠، لە ناو کۆمەڵەدا. ل ١١، شیعار بۆ هەمو کوردێك. ل ١٢ تا ١٣، دەمەتەقەیەکی دوکەسی. ل ١٣ تا ١٥، بەشی طبی: ئالکول. ل ١٥ تا ٢٤، گەنجینەی ئەدەبیات (شیعر): پایزی نیشتمان، قانع. دەڵێم بیڵێم و ناوێرم، فانی. کۆمەڵی هیوا و حەرفی ژ. ك، شاعیرێکی بەناوبانگ. مەرامی کۆمەڵەکەم دینگە، هەژار. ئاخافتنی خوشك و برایان، م ش هێمن. ل ٢٤ تا ٢٦، بۆچی نەگریم؟ع بیژەن. ل ٢٦ تا ٢٧، ئەستێرەیەکی تازە لە ئاسمانی چاپەکانی کوردی دا. ل ٢٧ تا ٢٨، وتارێکی فەلسەفی: هێزی بیر لە ڕەوانی میللەتان دا، م بەیان. ل ٢٩ تا ٣٠، ژنێکی بوێژی کورد، م لاو. ل ٣٠ تا ٣٣، تاران – ئەنکارا. ل ٣٤، کوردستان. ل ٣٥ تا ٣٦، ئینقیلابی گەورەی ئۆکتۆبەر، م فەروخ.

بژی سەروك و کورد و کوردستان و هیوا

کم من فئه قلیله غلبت فئه کثیره باذن الله

J. K

نیشتمـــــــــان

گوواریکی کومەلایەتی! ئەدەبی! خونیدەواری و مانگی کوردیە

زمارەی ـ١ ساڵی یەکەم پوش پەری ١٣٢٢ جولای ١٩٤٣

آمانجی ایمه

ئەی برای کوردی خوشه ویست:

کومەلەی ژ.ك بە پیچەوانەی هەمو بەر هەلست و قورت و جەلەمەیەکی وەکو دوز منایەتی خوبەخو، دوبەرە کی، خوخوری، پول پەرستی و بیگانە دوستی کەلەریگای پیش کەوتن و سەرکەوتنی کوردا هەیە بەهەمو هیزو توانای خوی تی‌نەکوشیت

روژنامەوانی ١: گوڤاری نیشتمان بلاوکەرەوەی بیری کومەلەی ژ. ک

ژ ٥ ی لە ڕێبەندانی ١٣٢٢ دا دەرچوە.

لە سەر دروشمەکەی ژ.ك ئایەتی: (وتعاونوا علی البر والتقوی) نوسراوە.

بابەتەکانی ژ ٥ بریتی‌یە لە: ل ١ تا ٤، کورد لە حەیات ئینسیکلۆپیدیاسی دا، ع بیژەن. ل ٥ تا ٨، پیاوی چاك بەو مەی خوێنەوە، م نادری. ل ٨ تا ٩، دەردی دەرون: دەمەتەقەیەکی دوکەسی. ل ١٠، لە ناو کۆمەڵەدا. ل ١١، قسەی نەستەق، م نادری. ل ١٢ تا ١٣، ڕۆژی کارە، م ش هێمن. ل ١٤ تا ١٥، فەلسەفەی ژیان، ع بیژەن. ل ١٦ تا ٢٢، گەنجینەی ئەدەبیات(شیعر): قەڵای نیشتمان، م ش هێمن. ناڵەیی دڵ، مەلاحەسەنی قازی. چوار، قانع. بیکەن بە جمهوری، شاعیرێکی بە ناوبەنگ. جوجەڵەی نیشتمان، هەژار. ئەمن دەیڵێم و بێ باکم، م ش هێمن. ل ٢٣ تا ٢٤، بەغدا. ل ٢٤، ئینقیلابی گەورەی ئۆکتۆبەر، م فەروخ.

ژ ٦ ی س ١ ی لە ڕەشەمەی ١٣٢٢ دا بڵاو کراوەتەوە.

لە سەر دروشمەکەی ژك ئایەتی: (ان الله یأمر بالعدل والاحسان) نوسراوە.

بابەتەکانی ژ ٦ بریتی‌یە لە: ل ١ تا ٤، بۆچی گەورەکانی قورەیش موسلمان نەدەبون، ع بیژەن. ل ٥ تا ٦، سکاڵایەك لە گەڵ نیشتمان، م ش هێمن. ل ٧ تا ٩، خۆشبەختی چیە؟ م ش ئازەر. ل ٩ تا ١٠، دەردی دەرون: دەمەتەقەیەکی دوکەسی. ل ١١ تا ١٢، تکا لە کوردە ناودارەکانی ئێستا، پشتیوان. ل ١٣ تا ١٤، کوردستان (وەرگێڕان)، م نادری. ل ١٥، عەشایری کورد، ع راد. ل ١٦، لە ناو کۆمەڵەدا. ل ١٧، گەنجینەی ئەدەبیات (شیعر): ئەگەر مردم، قانع. ناڵەیی دڵ. دڵی دایك، هەژار. کەمی ماوە، بوێژێکی ناودار. خەوی غەفڵەت بەسە، ع هونەر. ل ٢٢، بەشی تیبی: تیفوس، م ئیرەج.

لەم ژمارەیەدا وێنەیەکی لینین چاپ کراوە. لە ژێری دا نوسراوە:

باقیە ناووت ئەتو، گەرچی دەمێکە مردووی

نا، لەنین! ماوی هەتا ڕۆژی قیامەت زیندووی.

ژ ٧ و ٨ و ٩ ی س ١ ی پێکەوە لە بەرگێك دا لە خاکە لێوە، بانەمەڕ، جۆزەردانی ١٣٢٣ دا بڵاو کراوەتەوە.

لەسەر دروشمەکەی ژ.ك ئایەتی: (کل حزب بما لدیهم فرحون) نوسراوە.

بابەتەکانی ژ ٧ و ٨ و ٩ بریتی‌یە لە: ل ١ تا ٢، کوردستان قوت نادرێت، ع بێژەن. ل ٢، گۆڤاری نیشتمان، م نادری. ل ٢، ڕاسپێری شەماڵ بۆ کورد (شیعر) ئاواڵ. ل ٤، وناڕێکی شێخ سەعید پێشەوای ئینقیلابی میللی کورد. ل ٥ تا ٦، مۆسکۆا – واشنگتۆن – لۆندۆن، ع مرو. ل ٦ تا ٧، شێخ یوسف

شەمسەدین بورهانی، م ش هێمن. ل ٧، قەومی کورد لایەقی ژیانە ئاریا. ل ٨، هاوار، م ش ازەر. ل ١٠، دوکچە کورد لە تورکیەدا لە داری سیاسەت دران. ل ١٢، ئاشتی، رژدی. ل ١٣، برون برون، م فەرروخ. ل ١٤، دەردی دەرون: دەمەتەقەێیکی دوکەسی. ل ١٥ تا ٨ ، سەربەستی یامردن. م نادری. ل ١٨ تا ١٩، سەربەستی نادری دەستێندرێ، بێستون. ل٢٠ تا ٢٦، گەنجینەی ئەدەبیات (شیعر): خەوی غەفڵەت بەسە، ع هونەر. کوردە گیان و خەونم دێت، م ش هێمن. وەتەن، م م عشقی. دەمەتەقەی دوباز پێکەوە، ع هەژار. ل ٢٧ تا ٢٩، خۆشبەختی، م نادری. ل ٢٩ تا ٣٠، کورد چی دەوێ، هێمن. ل ٣١ ، مەلا عەلی ئەشنوی – شێخانی، گرشاسب. ل ٣٢، بەشی پزیشکی: تیفۆس، ئیرەج.

لەسەر بەرگی زۆری ژمارەکانی نیشتمان وێنەی سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی چاپ کراوە. نیشتمان، بەم ژمارەیە ئیتر لە دەرچون وەستاوە. بەڵام زەمینەی دەرچونی چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی تری خۆش کرد.

٢ . ٢ . ٢. ڕۆژژمێری کوردی

کۆمەڵەی ژ . ك دوساڵ لەسەر یەك: ١٣٢٢ و ١٣٢٣ ی کۆچی ڕۆژی بەرامبەر ١٩٤٣ و ١٩٤٤ ی زاینی دو ڕۆژژمێری کوردی چاپ و بڵاو کردەوە.

لەسەرەتای ڕۆژژمێری ساڵی ١٣٢٢ دا لەژێر سەرناوی "پەیامێکی کۆمەڵە بۆ دایکی نیشتمان" نوسیوێتی:

"ئەی دایکی نیشتمانی کورد دڵنیابە

ئەندامەکانی کۆمەڵەی ژ. ك ناڵەی دەرونی و سکاڵای تایبەتی تۆ بە هەمو ناوچەکانی کوردستان دا بڵاو ئەکەنەوە و لاوەکان بۆ خزمەتی تۆ هان ئەدەن.

بە هەمو کوردێکی نیشتمان پەروەر ڕائەگەیەنین کە دونیای ئیمڕۆ دونیای شارستانێتی و تەمەددونە.

ئەوەندەی لە توانایان دا بێت بە بروسکەی زانست و خوێندەواری سەرەڕێی پێشکەوتنی کورد ڕوناك ئەکەنەوە، پەیامی تۆ کە ئەڵێی سەرکەوتن لە ڕێککەوتنایە بە گوێی هەمو دانیشتوەکانی کوردستان ڕائەگەیەنن"

لە ڕۆژژمێری ساڵی ١٣٢٣ یشدا لە ژێر سەرناوی "پەیامی کۆمەڵە بۆ دایکی نیشتمان" نوسیوێتی:

"ئەی دایکی نیشتمان!

ئێمە لە نەورۆزی ڕابوردودا وەعدەمان پێ دای کە بۆ ڕزگار کردنی تۆ لە هیچ تاڵی و ناخۆشی‌یەکی ژین نەپرینگێینەوە بە یارمەتی یەزدان و ناردراوی خۆشەویستی ئەم پەیمانەشمان بە جێ گەیاند بۆ گەیشتن بە ئامانجی پاکی خۆمان کۆششێکی زۆرمان کرد ڕۆڵە ناخەلەف و پارەپەرستەکانت گەلێ قۆرت و تەگەرەی زلیان هێنایە پێش بەڵام یەزدان لانی حەقی بەرنەدا ئەم نەیروە نەگریسەمان بەرەو دوا کشاندەوە ئەوا دیسان هاتونە پێش نازانن کۆمەڵی ئێمە پەنجەی شێری ژیانی بێشەلانی کوردستانە گاڵتەی پێ ناکرێت.

ئەی دایکی نیشتمان!

وا لە سەرەتای ئەم ساڵەش دا پەیمانت لەگەڵ ئەبەستین کە زۆر لە پار بە تین و تاوتر کۆشش بکەین تا بە یارمەتی یەزدان و ناردراوی گەورەی ئیسلام حەزرەتی محەمەد (صلی الله علیه وسلم) لە هەمو شوێنێکی نیشتمان ڕەگوڕیشەی نیفاق و دوبەرەکی دەربهێنین.

ئەی دایکی نیشتمان!

دڵنیابە کۆمەڵەی ژ. ك هەرچی دەبێ ببێ لە پێناو ڕزگاری تۆ بە هەمو هێزێکی یەزدان داوێتێ کۆشش ئەکا هەرکەسیش بەربەرەکانی بکا بێگومان بزانێ ڕیسوای شار و بازێڕی کوردستان ئەکرێ و تەپڵی بەدناوی بۆ دەکوترێت.

ئیتر پەنا بە یەزدانی بەرز."

ڕۆژژمێرەکە، هەمان ڕۆژژمێری "هیجری شەمسیی" بو کە ئێرانی‌یەکان بە کاریان ئەهێنا.

ناوی فارسی مانگەکان کرا بون بە کوردی.

هەمو سەری ساڵێکی تازە لە ڕۆژی ٢١ ی مارت بەرامبەر ١ ی خاکەلێوە، واتە لە ڕۆژی نەورۆزەوە دەستی پێ ئەکرد.

٦ مانگی نیوەی یەکەمی ساڵ هەموی یەکی ٣١ ڕۆژ و ٦ مانگی نیوەی دوەمی ساڵ یەکی ٣٠ ڕۆژ بون.

ئەمە یەکەمین جار بو بەڕێکوپێکی ناوی کوردیی مانگەکانی ساڵ بنوسرێ وەکو لای خوارو:

مانگی ١	فەروەدردین (حەمەل)	خاکەلێوە	مارت - نیسان
مانگی ٢	ئوردیبەهەشت (سەور)	بانەمەڕ	نیسان - مایس
مانگی ٣	خورداد (جەوزا)	جۆزەردان	مایس – حوزەیران

مانگی ٤	تیر (سەرەتان)	پوشپەڕ	حوزەیران-تەمموز
مانگی ٥	مورداد (ئەسەد)	گەلاوێژ	تەمموز – ئاب
مانگی ٦	شەهریوەر(سونبول)	خەرمانان	ئاب - ئەیلول
مانگی ٧	میهر (میزان)	ڕەزبەر	ئەیلول – تشرین ١
مانگی ٨	ئابان (عەقرەب)	خەزەلوەر	تشرین ١– تشرین ٢
مانگی ٩	ئازەر (قەوس)	سەرماوەز	تشرین ٢ – کانون ١
مانگی ١٠	دەی (جەدی)	بەفرانبار	کانون ١– کانون ٢
مانگی ١١	بەهمەن (دەلو)	ڕێبەندان	کانون ٢ - شوبات
مانگی ١٢	ئەسفەند (حوت)	ڕەشەمە	شوبات - مارت

ئەم ڕۆژژمێرانەی بە شیعری نەتەوەیی و دینیی ڕازاند بووەوە. هەندێ لە بیرەوەری‌یە گرنگەکانی تێ دا نوسی بو وەکو:

٢٥ ی گەلاوێژ جێژنی سەرسالّی کۆمەڵەی ژ. ك.

٣٠ ی پوشپەڕ سەرسالّی گۆڤاری نیشتمان .

١٦ ی ڕەشەمە ڕۆژی بنیادی چاپخانەی ژ. ك.

کۆمەڵە بەهۆی ئەم ڕۆژژمێرانەوە ئەچوە زۆر مالّی کوردەوە.

٢. ٢ . ٣. دیاری کۆمەڵەی ژ. ک

کۆمەڵە لە سالّی ١٣٢٢ (١٩٤٣) دا چەند کۆمەڵە شیعرێکی لە نامیلکەی سەربەخۆدا لە ژێر ناوی: "دیاری کۆمەڵەی ژ. ك بۆ لاوەکانی کورد" و "دیاری مەلا محەمەدی کۆیی" و "گوڵبژێرێك لە دیوانی حاجی قادری کۆیی بلبلی نیشتمان" و " دەستە گوڵێکی جوان و بۆنخۆش لە باغی نیشتمان پەروەری" بلّاو کردەوە.

لە سەرەوەی بەرگی دیاری نوسراوە: "بژی سەرۆك و کورد و کوردستان و هیوا" و لە دەوری دروشمەکەی ژ. ك "لا اله الا الله محمد رسول الله" ئینجا "بە پارەی کۆمەڵەی ژ. ك بۆ هەڵساندنی ئاغاوات و سەردار عەشیرەتەکانی کورد لە خەوی نەفامی چاپ کرا"

لە سەر بەرگی گوڵبژێرێك نوسراوە: "بە پارەی کۆمەڵەی ژ. ك بۆ وشیاری ئاغاوات و سەردار عەشیرەتەکانی کورد لە چاپ درا"

لە سەر بەرگی دەستە گولێك نوسراوە: "بە پارەی کۆمەڵەی ژ. ك بۆ بەهێز کردنی هەستی نیشتمان پەرستی لە ناو ئاغاوات و سەردار عەشیرەتەکانی کورد لە چاپ درا"

۲. ۳ حیزبی هیوا و کۆمەڵەی ژ. ک

ساڵی ۱۹٤۲ حیزبی هیوا کە ئەوسا بە هێزترین ڕێکخراوی سیاسی بو لە کوردستانی عێراق دا دو کەس لە ئەندامە شارەزاکانی خۆی، میرحاج ئەحمەد و مستەفا خۆشناو، کە هەردوکیان ئەفسەر بون بۆ دروستکردنی پێوەندی هاوکاری و هاوخەباتی لە گەڵ کوردەکانی ئێران نارده کوردستانی ئێران. دوای پێوەندی کردن لە گەڵ چەندین کەس لە ڕۆژی ۲۵ ی شەهریوەر (خەرمانان) ی ۱۳۲۱ (۱٦ ی ئەیلولی ۱۹٤۲) دەستەیەك لاوی سابلاخی لە باخی حاجی داود لە نزیك چۆمی سابلاخ بە ئامادە بونی نوێنەرانی حیزبی هیوا: میرحاج ئەحمەد و مستەفاخۆشناو، کۆبونەوە بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی سیاسی بە ناوی کۆمەڵەی ژ. ك.(۱۳)

پێوەندی نێوان ژ. ك و هیوا بە پتەوی مایەوە. تەنانەت کۆمەڵەی ژ. ك دو ڕۆژژمێری ساڵانەی بڵاو کردەوە، هەردوکی بە ناوی خۆی و هیواوە چاپ کرد بو. لە سەر دێڕی "ڕۆژئەژمێری تایبەتی کۆمەڵەی ژ. ك بۆ ساڵی ۱۳۲۲ " دا نوسراوە "بژی سەرۆك و کورد و کوردستان و هیوا" و لە هی ساڵی ۱۳۲۲ نوسراوە "ڕۆژئەژمێری تایبەتی کۆمەڵەی ژ. ك بۆ وەرزی ۱۳۲۳ ڕۆژیی ٦٤ – ۱۳٦۳ ی هیجریی و ٤٥ – ۱۹٤٤ ی میلادی. ئەم ساڵی تازەیە لە هەمو ئەندامەکانی ژ. ك و هیوا و هەمو کوردێکی کە لە پێناوی سەربەستی نەتەوەی کورد تێ ئەکۆشێ پیرۆز بێت".

نوێنەرانی هەردو ڕێکخراو دیدەنی یەکتریان ئەکرد و ئاڵوگۆڕی بیرو ڕایان ئەکرد. لە ئازاری ۱۹٤٤ دا محەمەد ئەمین شەرەفی بە نوێنەرایەتی ژ. ك بۆ دانانی ڕێوشوێنی هاوکاری سەردانی کوردستانی عێراقی کرد. لەوکاتەدا حیزبی هیوا لە تەنگوچەڵەمەیەکی قوڵی ڕێکخراوەیی و سیاسی دا بو. یونس عەبدولقادر لە جێگەی ڕەفیق حلیمی کاروباری حیزبی هیوای گرت بوە دەست. کۆمەڵەی ژ. ك لقی خۆی لە عێراق دامەزراند بو. لەم سەردانەدا ژمارەیەك لە بەرپرسەکانی هیوای بینی لەوانە: عیزەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، سەید عەزیزی شەمزینی، ئەمین ڕواندوزی و شێخ قادر. هەر لە هەمان ساڵ دا لقی عێراقی ژ. ك ئیسماعیل شاوەیس و عوسمان دانشی بە نوێنەرایەتی خۆی نارده مەهاباد. دواییتریش چەند کەسی تر وەکو حەمزە عەبدوڵا و محەمەد تۆفیق ووردی خۆیان چونە مەهاباد.

بە ئیمزای "شاعیرێکی بە ناوبانگ" لە یەکێ لە ژمارەکانی نیشتمان دا، شیعرێکی درێژ، بە ناونیشانی "کۆمەڵەی هیوا و حەرفی ژ. ك " بڵاو کراوەتەوە. ئەڵێ:

ئەی خودایا بۆم بنێری قاسیدێکی سینە ساف
بچتە خزمەتی کۆمەڵی هیوا و حەرفی ژێ و کاف
گیر نەبێ بڕوا لە قەولی من بچێ پێیان بڵێ
ئەی مودیری ئیتیحاد و ئەی مەداری ئیئتیلاف
هیمەتو ئەوڕۆکە بێ، ئەوڕۆ کە ڕۆژی غیرەتە
دەس بدەینە دەستی یەك ڕو بکەینە مەیدانی مەساف
ڕەفعی زوڵم و حیفزی ناموس و حقوقی میللەتێ
چاکترە سەد مەرتەبە لە زیارەتی بەیت و تەواف
یا بە ئازادی و بە شادی دەچنە نێو حەلقەی میلەل
یا لە سەر کورسی سەرومل دەچتە نێو حەلقەی تەناف"(١٤)

٢. ٤. قازی محەمەد دێتە کۆمەڵەوە

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە پەرەیان سەند ژمارەیەکی زۆر ئاغا، مەلا، شێخ، دوکاندار، بازرگان و سەرۆکی عەشیرەتەکان چونەڕیزی کۆمەڵەوە لەوانە ئاغا و گەورەکانی دێبوکری، مامەش، زەرزا، مەنگوڕ، هەرکی، شکاك، جەلالی، ساداتی نەهری. تەنانەت پەلوپۆی هاویشت بۆ پارچەکانی تری کوردستان و لە گەڵ زۆر لە پیاوە ناسراوەکانی کوردستانی عێراق و تورکیا و سوریا پێوەندی دامەزراند. لە کوردستانی عێرق، دوای هەڵوەشانی حیزبی هیوا، لقێکی دامەزراند ڕۆشنبیری ناسراوی کورد ئیبراهیم ئەحمەد، خاوەنی گۆڤاری گەلاوێژ، بەرپرسی بو. کەسانی وەکو فایەق بێکەس، ئیسماعیل حەقی شاوەیس، سدیق شاوەیس، محەمەد عەلی مەدهۆش، عەتا تاڵەبانی، ساڵح روشدی، ئەندامی بون.

بنەماڵەی قازییەکان لە سابڵاخی ئەو سەردەمەدا خاوەنی پایەیەکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی و ئابوری بون. خاوەنی زەویوزارێکی فراوان بون و پێوەندی بەهێزیان لە گەڵ ئێلەکانی موکریان و سەرۆك و بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانیان هەبوە. دەسەڵاتی قەزاوەت بە ڕەسمی، پشت لە دوای پشت، لە دەست یەکێ لە مەلا ناسراوەکانی بنەماڵەی ئەوان دا بوە. چەندین مەلا و خوێندەواری ناسراویان تێ دا هەڵکەوتوە، کە قوتابی و شاگرد لە بەردەستیان دا خوێندویانە و پێ گەیشتون.

لە بزوتنەوەی مەشروتەدا بەشدار بون. هاودەنگ و هاوکار لە گەڵ ئازادیخوازانی ئێران دا بۆ گۆڕینی شاهێتی موتڵەق بە شاهێتی مەشروتە (دەستوری). لە گەڵ شێخ محەمەدی خیابانی، سەرکردەی ئازادیخوازی ئازەربایجان، هاودەنگ و هاودەرد بون. قازی عەلی لە گەڵ سمکۆ لە کاتی

ئازادکردنی مەهابادا هاوکاربو. ڕێکخراوی خۆیبون پێوەندی لە گەڵ دروست کرد بون و، ئەمانیش پشتیوانیی‌یان لە شۆڕشگێڕانی ئارارات کرد.

بنەماڵەی قازی‌یەکان بە خۆشی‌یەوە هاتنی هۆردوی سوری سۆڤێتی و ڕوخانی دەسەڵاتی ڕەزاشایان وەرگرتوە. سەیفولقوزات بەو بۆنەیەوە شیعری هۆنیوەتەوە.

قازی محەمەد (١٩٠١ – ١٩٤٧) کوڕی قازی عەلی کوڕی قازی ئەبولقاسمە. لە مەهاباد لە دایك بوە. هەر لەوێ خوێندنی دینیی تەواو کردوە و، ئیجازەی عیلمی‌ی وەرگرتوە. مامۆستای تایبەتی هەبوە بۆ فێربونی زمانە ئەوروپاییەکان. جگە لە فارسی و عەرەبی و تورکی هەندێ ڕوسی و فەرەنسی زانیوە.

ماوەیەك سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و فێرکردنی مەهاباد بو. دوایی بو بە " قازی" مەهاباد.(١٥)

لە سەرماوەزی١٣٢٠ دا ڕوسەکان ٣٠ کەسیان لە گەورەپیاوەکانی کورد بانگ کرد بۆ باکو، یەکێکیان قازی محەمەد بو. قازی لە حکومەتی ئێران قاچاخ و ڕاکردو نەبو. بەڵکو فەرمانبەری حکومەت و، لە لای کاربەدەستانی تاران بەڕێز و قسە لێ وەرگیراو بو. لە کاتی پشێوی‌یەکانی ورمێ دا ئێرانی‌یەکان هەوڵیان دا بە هۆی قازی‌یەوە هەلومەرجی گرژی ئەوێ ئاسایی بکەنەوە.

هەر لە ئەنجامی ئەو ڕێزە تایبەتی‌یەدا کە بنەماڵەی قازی‌یەکان لە موکریان هەیان بو، ئەبولقاسم سەدری قازی برای قازی محەمەد بۆ خولی ١٤ هەمی مەجلیسی شورای میللی هەڵبژێردرا.

کۆمەڵەی ژ. ك تا ئەهات پەرەی ئەسەند و لە ناو خەڵك دا خۆشەویست ئەبو. هەستی کوردایەتی بوژابوەوە. ڕوداوەکان ڕویان لەوە بو کورد هەلی بۆ بێتە پێشەوە هەندێ دەسکەوتی نەتەوەیی بە دەس بهێنێ. لەو هەلومەرجەدا کۆمەڵە پێویستی بە سەرکردەیەکی ناسراو بو ڕابەرایەتی جوڵانەوەکە بکات. کۆمەڵە لە سەرەتای دامەزراندنی دا بڕیاری دا بو سەرکردایەتی بزوتنەوەی کورد نەداتە دەس هیچ ئاغا یا شێخ یا دەرەبەگێ.(١٦) بەڵام پێ ئەچێ تەوژمی گوشاری ڕوداوەکان لە ویست و ئارەزوی دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بەهێزتر بوبێ. کاتێ مەسەلەی وەرگرتنی قازی محەمەد بە ئەندامی کۆمەڵە هاتە پێشێ، سەرکردایەتی کۆمەڵە دو بۆچونی جیاوازیان هەبو: هەندێکیان پێ‌یان وا بو کە ئەبێ قازی وەربگیرێ، چونکە ئەبێتە هۆی بەهێز بونی کۆمەڵە، بە پێچەوانەی ئەمە هەندێکی

تریان لایان وا بو، قازی پیاوێکی بە توانای دەسەلآتداری ناسراوە، زو دەسەلآت لە ناو کۆمەڵەدا ئەگرێتە دەست و ئەوەش ئەبێتە هۆی گەڕانەوەی سەرلەنوێی دەسەلآتی دەرەبەگیی بۆ سەرکردایەتی جولآنەوەی کورد. سەرەنجام قازی محەمەد لە ماڵی ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی، بە ئامادە بونی چەند ئەندامێکی تر سوێندی ئەندامەتی خوارد و بە ناوی نهێنی "بینایی" بو بە ئەندام. ئەندامەتی قازی محەمەد لە کۆمەڵەدا کۆمەڵەی بەهێزتر کرد. بەلآم زۆری نەخایان بە کردەوە قازی بو بە سەرکردەی کۆمەڵە و خاوەنی بڕیار.

٢. ٥. ژ. ک و سۆڤێت

کاربەدەستانی سۆڤێتی دوابەدوای هاتنی لەشکری سور بۆ ناو ئێران، لە سەرماوەزی ١٣٢٠ دا ٣٠ کەسیان لە سەرانی ئێل و پیاوە ناسراوەکانی موکریان بانگ کرد بۆ باکۆ.(١٧) لەم سەردانەدا کاربەدەستانی ڕوسی شتێکی ئەوتۆیان دەربارەی مافی نەتەوەیی کورد لە گەڵ میوانە کوردەکانیان باس نەکرد. نە هانیان دان بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی‌یەکی کوردی و، نە هانیان دان بۆ دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی، تەنانەت هانیشیان نەدان بۆ دەرکردنی بلآوکراوەیەکی کوردی. بەڵکو مەبەستیان دامەزراندنی پێوەندی دۆستایەتی و ئاشنایی بو لە گەڵ پیاوە دەسڕۆیشتوەکانی کورد. ئەو کاتە یەکێتی سۆڤێتیش وەکو بەریتانیا سیاسەتی وابو لە سەردەمی شەڕدا ناوچەکە بە ئارامی بمێنێتەوە و، کورد هیچ پشێوی و ناخۆشی‌یەك بۆ ئێران و عێراق و تورکیا دروست نەکات.

لە هەلومەرجی دواکەوتوی کۆمەلآیەتی، ئابوری، سیاسی و فەرهەنگی کۆمەڵی کوردەواری ئەو سەردەمەدا کە هێشتا سەرانی عەشیرەت و، ئاغا و مەلا و شێخ نفوزی گەورەیان هەبو، هێشتا زەمینەی پێکهێنانی ڕێکخراوی کۆمۆنیستی یا سۆسیالیستی ئامادە نەبو. ژ. ك ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی یا تەنانەت مارکسییش نەبو. بەڵکو وەکو خۆی نوسی بوی لە سەر ٤ کۆڵەکەی: ئیسلامەتی، کوردایەتی، مەدەنییەت، سوڵح و ئاشتیخوازی دامەزرا بو. کاتێ هەندێ لە ناحەز و دوژمنەکانی تاوانی کۆمۆنیستی‌یان بەپاڵ دان، دەسبەجێ سکرتێری کۆمەڵە ع بیژەن بە جواب هات. بیژەن لە ژێر سەردێڕی "ئێمە و مەردم" دا نوسیوێتی:

" تۆز و غوباری تەبلیغات و پروپاگاندای ژەهراوی فاشیستەکان ڕوی مینای بێ گەردی کوردستانیشی وەکو زۆر ولآتانی گێتی وەها تاریك داهێنابو ئێستاش پاشماوەی دوایی نەهاتوە.

له كاتێك دا كه موبهلیغهكانی نازی له عێراق و ئێرانا خهریكی لێلاو و شلوێ كردنی ئاوی هێمنی سیاسهتی ئهم ولاتانه بون گهورهترین پروپاغاندیان خراپ پیشاندانی كۆمۆنیزم و كۆمۆنیست بو به ناوی شیوعی ئهیان دا به گوێی مهردما. وایان برد بوه مێشكی خهڵكهوه كه شیوعییهكان زۆر دوڕنده و وهحشین و پیاوكوشتن له لایان زۆر ڕهواجی ههیه ئهم مهوزوعه وهها چو بوه مێشكی دانیشتوانی ئهم ولاتانه كه به بیستنی ناوی شیوعی (بولشهویك) توڕه دهبون و نێوچاوانیان تێك ئهنا. دوای هاتنی ئۆردوی سور (جیش الاحمر) بۆ كوردستان ڕهفتار و ئاكاری وا باشیان پیشان دا كه ئهم ههمو ڕهنجی موبهلیغهكانی هیتلهر بهبا چو بهڵام هێشتا هێندێك مێشكی وا ههن دهسخهڕۆی ئانتریكات و درۆو دهلهسهی فاشیستهكانن.

چهند كهسێك لهم بێ مێشكانه كه كتێبی دیاری و ژمارهی یهكهمی نیشتمانیان خوێند بوهوهو له لایهنگری و تهمایولی ئێمهیان بهلای حكومهتی سۆڤێتی دا دی بو گوت بویان ئارمانی كۆمهڵهی ژ. ك بلاو كردنهوهی مهسلهك و باوهڕی كۆمۆنیزمه. ئهم قسهیه بێ شك له سهرچاوهی تهبلیغاتی فاشیستهكان ئاو ئهخواتهوه دهنا ئێمه كۆمۆنیست نین ئهگهر كۆمۆنیستیش بین جێگای هیچ ئیعتیرازێك بۆ خهڵك نیه. لهم مهوزوعهدا ههیئهتی مهركهزی كۆمهڵ بهیاننامهی ڕهسمی دهر ئهكات."(١٨)

ههیئهتی ناوهندی كۆمهڵهیش بهیاننامهیهكی بهم بۆنهیهوه له ژمارهی ٣ و ٤ ی نیشتمان دا بلاو كردۆتهوه. نیشتمان، له چهند وتارێكی كورت دا، به ستایشێكی زۆرهوه له سهر شۆڕشی ئۆكتۆبهری نوسیوه و، وێنهی لینینی بلاو كردۆتهوه. بهڵام نیشتمان به ستایشێكی زۆرهوه له "جوامێری و مهردوم دۆستی بهریتانیای گهوره" ش ئهدوێ. به خۆشییهكی زۆرهوه ههواڵی دامهزراندنی "ئیستگای ڕادیۆی كوردستان" ی له یافا و، بلاو كردنهوهی "دهنگی گێتیی تازه" ی له بهغداد بلاو كردۆتهوه. بهو بۆنهیهوه نوسیوێتی:

" كورد ماوهیهكی زۆر لهمێژه ههستی به نهجابهت و مرۆ خۆشهویستی بهریتانیا كردوه ئهم حكومهته گهورهیه به درێژایی مێژوی ئیمپراتۆرێتی خۆی ههمیشه پارێزگاری ئازادی و سهربهخۆیی و پهروهرێنهر و پێ گههێنهری نهتهوه پچوكهكانی گێتی بوه زۆر جاران وهكو ئهم جارهی ئێستا له سهر حهقی نهتهوهیهكی پچوك بهرهنگاری نهتهوهیهكی زل و بێدادگهر و ستهمكار بوه ئاسایشی نهتهوهی خۆی له پێناوی ئاسودهیی مهردوم ناوه به تایبهتی تیشكی ئهم ههتاوه داویه له كوردی بێچاره و چارهڕهش و ستهمدیتو.."(١٩)

بە درێژایی سالانی جەنگ کاربەدەستان و ئەفسەرانی سۆڤیتی لە ناوچەکەدا ئەسوڕانەوە و، پێوەندییان لەگەڵ خەڵك ئەکرد، بۆئەوەی هانیان بدەن بۆ جوڵان و کارکردن دژی دەسەلاتی تاران. پێشتر کۆمەڵەی ژ. ك یان پشت گوێ خست بو. هیچ هەوڵێکیان نەئەدا بۆ ناسین و دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵی و، هیچ پشتیوانییەکیان لە خەبات و چالاکییە سیاسییەکانی نەئەکرد چونکە: ژ. ك لەگەڵ حیزبی هیوا و سەرۆکەکەی رەفیق حیلمی پێوەندی پتەویان هەبو. ڕوسەکان حیزبی هیوا و سەرۆکەکەیان بەگومانلێکراو، یان ڕونتر بە نۆکەری ئینگلیز، لە قەڵەم ئەدا ژ. ك یشیان بە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی دائەنا.

دوای تەواو بونی شەڕ بەپێی مادەی پێنجەمی "پەیمانی ٣ قۆڵی ئیتیحاد " یەکێتی سۆڤێت ئەبو هێزەکانی خۆی لە ئێران بباتە دەرێ، بەلام سەرکردایەتی سۆڤیتی نەی ویست هێزەکانی هەروا بە خۆڕایی و بە ئاسانی بکێشێتەوە، بە تایبەتی جەنگی ساردی نێوان هەردو ئۆردوگای ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا خەریکی گەرم بون بو، ڕوسیا خەریکی پەل هاویشتن بو لە ئەوروپای ڕۆژهەلات و لە بەلقان.

دوای تەواو بونی شەڕ کە ئیتر باسی پێویستی کشانەوەی هێزەکانیان هاتە کایەوە. پێوەندییان لە گەڵ پیاوە ناودارەکانی ئازەربایجان و کوردستان کرد. کاربەدەستانی سۆڤێتی هەندێ لە پیاوە ناسراوەکانی کورد لەوانە: قازی محەمەد، سەیفی قازی، مەنافی کەریمی، عەلی رەیحانی و قاسمی حاجی بایزئاغای ئێلخانی زادە، عەبدولا قادری مامەش، کاك هەمزەی نەلۆسی مامەش، نوری بەگی بەگزادەیان بانگ کرد بۆ باکۆ. لەوێ جەعفەر باقیرۆف بینینی. کاربەدەستانی سۆڤیتی باسی گۆڕینی ناوی کۆمەڵەی ژ. ك و شێوەی کارکردنیان لەگەڵ کردن.(٢٠) داوایان لە قازی و هاوڕێکانی کرد: لە باتی ژ. ك، ڕیکخراوێکی جەماوەری نوێ بە ناوی حیزبی دیموکراتەوە دابمەزرێنن و، زۆری سەرانی ئێلە کوردەکان لەم حیزبەدا کۆبکەنەوەو، لەباتی کاری ژێرزەمینی، کاری سیاسی و کۆمەلاتیەتی و ڕۆشنبیری ئاشکرا بکا و، گۆڤارو ڕۆژنامە بلاو بکاتەوە.

٢ . ٦. گیرانی زەبیحی و هەندێ لە هاوڕێکانی

سەرلەشکر زەنگەنە نوسیوێتی:

"سەرەتای خەزەلوەری ١٣٢٤ ئاگادارییەك گەیشتە تیپی رەزائیە و هەنگی ژاندارمری کە تاقمێ لە لایەن کۆمەڵە و قازی محەمەدەوە بە ڕێگاوەن بۆ رەزائیە، پێوەندی لەگەڵ سەرانی عەشایەری ببەستن و

ئەیانەوێ لەگوندی کوکیا لە خانوی زێرۆی بەهادوری کۆببنەوە. ژاندارم لەسەر ڕێگای مەهاباد بۆسەیەکیان دانا. پاش تەقوتۆقێکی کەم عەبدوڕەحمان زەبیحی و دڵشادی ڕەسوڵی و قاسم قادری" وەکو ئەو ئەڵێ "بە ٨ نامەوە گیران"(٢١)

نامەکان، وەکو زەنگەنە ئەڵێ، قازی محەمەد بۆ جەعفەر باقیرۆف و کاربەدەستانی تری سۆڤیەتی نوسی بو. ناوەرۆکی نامەکان بریتی بون لە باسی سەردان و دیدەنی خۆی لە باقیرۆف و کاربەدەستانی سۆڤیەتی و ئەو بەڵێنانەی پێی درا بون و، گلەیی لەوەی کە هیچیان جێبەجێ نەکراون. هەروەها داوای یارمەتی چەك، دەزگای ڕادیۆ، کاغەز و چاپخانە. نامەکان و گیراوەکان بە پەلە ئەنێرن بۆ ستادی ئەرتەش. وەك ئەم ئەڵێ ئێران کەڵکی لەم نامانە وەرگرتوە بۆ شکات لە لای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان.(٢٢)

٢ . ٧ ژ. ك و بارزانییەکان

٢ . ٧. ١. هەڵوێستی ژ. ك لە شۆڕشی ١٩٤٥ ی بارزانییان

حیزبی هیوا لە سەرەتادا پشتیوانییەکی کاریگەری لە شۆڕشی ١٩٤٣ – ١٩٤٥ ی بارزانییان کرد. تەنانەت چەند کەس لە ئەندامە ئەفسەرەکانی خۆی نارد بەشداری کارەکانی شۆڕشەکە بکەن و خواستەکانی لە قاڵبی نەتەوەییدا دابڕێژن. کۆمەڵەی ژ. ك یش بە گەرمی پشتیوانی لەم شۆڕشە کرد. لە ژمارەی دوەمی نیشتمان دا بە خەتێکی درشت نوسیوێتی "ئەم جەنگەی سەرۆکی گەورەی کورد مەلا مستەفای بارزانی هەڵیاییساندوە ئیختیلالێکی میللی کوردە". هەر لەو ماوەیەدا نامەیەکیشی بۆ مەلامستەفا سەرکردەی شۆڕشەکە نوسیوە. لەبەر گرنگی مێژویی ناوەرۆکی نامەکە لێرەدا هەموی وەکو خۆی ئەنوسینەوە:

"بۆ جەنابی زەعیمی ئازادی مەلا مستەفای بارزان

بە ناوی هەیئەتی کۆمەڵەی ژ. ك... لە پاشی زانینی دەنگوباسی شۆڕشی ئازادی موقەددەسی ئێوە ئەم موخابەرە... هیوامان وایە بە تەفسیل وەڵاممان بدەنەوە:

١. لە پێش هەمو شتێك تەبریکی زەعیم و لەشکری ئازادی کوردستان دەکەین کە زاڵ بوە بەسەر دوژمن دا.

٢. بۆ ئەوەی کە ئێمە ئەو عاتیفە جوانەی کە بەرامبەر ئێوەمان هەیە و شوعوری برایەتی، کوردایەتی، یەکەتی، یارمەتییەکی عەمەلی و فیعلی بێ ولیە ئەم مەعلوماتەی خوارەوە بزانی، چونکە خۆمان تەقدیری مەوقیفی ئەمە دەکەین بەرامبەر بە مەسئولییەتی سیاسەتی دوەل.

٣. باعیسی سەورەی ئێوە چیە ئایا ئیدیعای ئازادی کوردستانی عێراق دەکەن وە یاخود هەمو کوردستانی گێتی وە زیمنەن کوردستانی تورکیا.
٤. مەوقیفی ئێوە بەرامبەر سیاسەتی ئەجنەبی لە عێراق دا چیە و ئەگەر هاتو لە تەرەف ئەم سیاسەتە تەهدید وە یاخود ئیقناع کران سەورە ڕائەوەستێنن و یاخود دەوام دەکەن.
٥. ڕەئی ئێمە ئەوەیە کە سەورەی موقەددەسی ئێوە ناوێکی عمومی وەربگرێ یەعنی ئیدیعای ئازاد کردنی هەمو کوردستان بکەن وە بۆ ئەمە دەبێ هەمو کوردێکی گێتی بە مەشوەرەت تەعاونتان لە گەڵ بکا و ژێر قیادەی ئێوە لەشکرێکی کوردی لە هەمو کوردی گێتی بۆ ئەوەش دەبێ ئامادە... موئتەمەرێك لە حاڵی حازر لە ئێوە و هەیئەتی ئیستیشارەی ئێوە و هەیئەتی ئیستیشارەی ئێمە تەنزیم بکرێ و جێگا و زەمان تەعیین بکرێ... ئەم موئتەمەرە چی لە ئەرزی عێراق چی لە ئەرزی کوردستانی ئێران لەم موئتەمەرە هەمو... کورد بە شکلی پەیمانێکی میللی تەعیین دەکرێ... هەموان ئیمزا دەکرێ وە لەم موئتەمەرەدا نیزامی عەسکەری کورد تەعین دەکرێ و واجیباتی هەمو لایەك لە سەورەی میللی تەعیین دەکرێ.
٦. پێویستە مەوقیفی حەربی خۆتان لە گەڵ مەوقیفی حەربی دوژمن بۆمان موفەسسەلەن و بە دیققەت تەعیین بفەرمون لە گەڵ مەوقیفی عەشائیری کوردی عێراق بەرامبەر ئێوە.
٧. بۆ ئازاد بونی کوردستان دەبێ سیاسەتی یەك لە دوەلی موعەزەمە لە گەڵمان بێ بە ڕەئی ئێمە ئەم دەوڵەتە دەوڵەتی شورەوییە، ڕای ئێوە بەم خوسوسە چیە چونکو نابێ عەلەلحیاد بین لە گەڵ هەمو دەوڵەتان.
٨. لە هەموی موهیمتر پێویستە بە سورەتێکی موستەعجەل ئیجتیهادی خۆتان بەیان بکەن بە خسوسی ڕای ئینگلیس بەرامبەر سەورەی ئێوە و گفتوگۆیان لە گەڵ ئێوە چیە چونکی ئێمە دەزانین بە... نابێ ئینگلیس لەم سەورەیەدا بێ دەخل بێ.
٩. ئێوە زەعیمێکی ئازادپەرستن هیچ نەبێ موکافەحەی زوڵم ئەکەن بۆ عەشرەتی خۆتان وە کوردی ئێران بە روحی برایەتی کوردایەتی زۆر ئیشتیاقی هەیە بۆ موەفەق بونی ئێوە بە هەرچی نەوعێك ببێ.
وە ئامادەیە بۆ یارمەتی ئێوە بە گوێرەی موسامەحەی زروفی سیاسی مەملەکەتمان وە کە ئەم سوئالانە ئەکەین مەقسودمان ئەوەیە کە تەئمینی یارمەتی‌یەکی زۆر گەورە بۆ ئێوە بکەین و حەرەکەتی موبارەکی ئێوە بکەینە حەرەکەتی میللی عمومی تاکو لە تاریخ دا ئەم فەخرە بۆ ئێوە تەسجیل بکرێ.

له لایەن هەیئەتی شورای شاری أ - خ

ئەم نامەیە هەڵئەگرێ ئێستێکی لە ئاستا بکرێ، نەك بۆ گومان لێ کردنی بەڵکو بۆ زیاتر لێکۆڵینەوەی:

(۱) ئەم نامەیە لە ئارشیفی بریتانی دا دۆزراوەتەوە، ئەبێ بۆچی گەیشتبێتە ئەوێ؟

(۲) نامەکە بە زمان و داڕشتنێ نوسراوە لە گەڵ زاراوی موکریان و سەرکردەکانی کۆمەڵەی ژ. ك و نوسینەکانی گۆڤاری نیشتمان جیاوازی هەیە زۆرتر لە زاراوەی کوردی عێراق نزیکە، جا نوسەر بەوجۆرەی داڕشتوە بۆ ئەوەی لە زمانی کوردی عێراقەوە نزیك بێ، ئەوە باسێکی ترە.

(۳) ناوەرۆکی نامەکە، پرسیارەکانی و بۆچونەکانی و پێشنیارەکانی پتر لە هەمو نوسینەکانی تری ژ. ك ستراتیجی نەتەوەیی کۆمەڵە دەر ئەخا و، لە هەندێ مەسەلەی سەرەکی دا لە گەڵ بۆچونە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە دا ناسازێن.

۲. ۷. ۲. کشانەوەی بارزانیی‌ەکان بۆ ئێران

دوای ئەوەی گفتوگۆی سەرکردایەتی شۆڕشی بارزان و حکومەتی عێراق بە تێشکان تەواو بو، حکومەتی پاچەچی بڕیاری لەشکرکێشی دا بۆ سەر بارزان. یەکەمین تێکهەڵچون لە ۲۵ ی ئابی ۱۹٤٥ دا دەستی پێ کرد. جەیشی عێراق زۆرایەتی هێزەکانی خۆی بۆ ئەم هێرشە ساز دابو. هێزی ئاسمانیی بەریتانیاش پشتیوانی هێزی زەمینیی عێراقی ئەکرد. هێزەکانی شۆڕش پاش چەند شەڕ و پێکادان بڕیاریان دا بکشێنەوە بۆ کوردستانی ئێران. لە کۆتایی ئەیلول دا بارزانیی‌ەکان و خێزانەکانیان لە کانی ڕەش کۆبونەوە بە ڕێگای کێلەشین دا بە ڕێ کەوتن. لە ۱۱ ی ۱۰ ی ۱۹٤٥ دا گەیشتنە ناو ئەرزی کوردستانی ئێران. مەلا مستەفا خۆی چو بۆ دیتنی بەرپرسی هێزی سۆڤێتی بۆ نیشتەجێ کردنی خێزانەکانیان. خێزانی بەرزانیی‌ەکان لە مەرگەوەڕ، تەرگەوەڕ، شنۆ، نەغەدە، مەهاباد، دامەزرێنران.(۲۳)

کشانەوەی بارزانیی‌ەکان بۆ کوردستانی ئێران هاوزەمان بو لە گەڵ خۆشبونی زەمینەی دامەزرانی حیزبی دیموکرات و حکومەتی کوردستان.

سۆڤێتیی‌ەکان داوایان لە مەلا مستەفا کرد ماوەیەك خۆی لەبەر چاوان بزر بکا. بارزانی چوە گوندی میراوای سەردەشت تا کۆتایی ۱۹٤٥ لەوێ

مایەوە. دوای ئەوە چوە شنۆ. هەندێ سەرچاوە ئەڵێن بەهۆی دەربڕینی ناڕەزایی و گوشاری بریتانی و عێراقی‌یەوە بوە.(٢٤) بەڵام هەندێ سەرچاوەی تر ئەڵێن لەبەر ئەوە بو ڕوسەکان لە بەرزانی دوڕدۆنگ بون، گومانیان هەبوە لە گەڵ ئینگلیز پێوەندی هەبێ. قازی محەمەد و سەرانی تری حیزبی دیموکراتی کوردستان کشانەوەی بارزانی‌یەکان و چونی کوردی عێراقیان بۆ ئەوێ پێ خۆش نەبو.

٣. حیزبی دیموکراتی کوردستان

هێشتا کۆمەڵەی ژ. ك نەگۆڕا بو بە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هاندانی قازی محەمەد و چەند کەسێکی تر لە هاوکار و هاوبیرەکانی تۆمارێکی چەند گەزی لە قوماش ئامادەکراویان لە ناو خەڵك دا گێڕا بۆ کۆ کردنەوەی ئیمزا بۆ پشتیوانی لە دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان. هەزاران کەس ئەو تۆمارەیان ئیمزا کرد.

٣. ١. ڕاگەیاندنی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

ح د ك دامەزرانی خۆی بە بەیاننامەیەکی کوردی – فارسی ڕاگەیاند. بەیاننامەکە زیاتر لە حەفتا کوردی ناسراو ئیمزایان کرد بو. خواستەکانی گەلی کوردی بە دیاریکراوی تێدا ڕون کرا بوەوە. تێکستی بەیانەکە وەکو لای خوارو بو:

بسم الله الرحمن الرحیم

بەیاننامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان

هاونیشتمانان، برایان!

ئاگری شەڕی جیهانگیری کە بە هۆی دوژمنانی ئازادی و لەژێرپێنەرانی دیموکراسی هەڵگیرسا بو، بە باسکی بەهێزی سەربازانی ئازای هاوپەیمانی گەورەی ئێمە کوژایەوە. دنیای دیموکراسی سەرکەوت و دنیای فاشیستی کە هەوڵی دەدا گەلان و نەتەوەکانی جیهان لە ژێردەستی چەند نەفەر ملهوڕ و سەرەڕۆدا یەخسیر بکا بە شێوەیەکی قەتعی تێك شکا و لێك بڵاوبو و هەروەها کە چاوەڕوان دەکرا بۆ ئازادی گەلان و نەتەوەکانی جیهان ڕێگا خۆش کرا. ئەمرۆ گەلانی دنیا لە گەورە و چوك دەیانهەوێ لەو ڕێگایەی کە بەرەو ئازادی خۆش کراوە کەڵك وەرگرن و لەو بەڵێنی‌یانەی کە بە هۆی مەنشوری مێژویی ئەتلانتیکەوە دراوە سود ببینن و هەڵسوڕاندنی کاروباری خۆیان بەدەستەوە بگرن و چارەنوسی خۆیان بە مەیل و ویستی خۆیان دیاری بکەن.

ئێمەی کورد کە لە ئێران دەژین ساڵەها و بەڵکو چەندین سەدساڵە کە لە پێناوی ماف و دەسەڵاتی نەتەوەیی و مەحەللی خەباتمان کردوە و قوربانی‌مان داوە. بە داخەوە کاربەدەستانی سەرەڕۆی ئێران بە هیچ جۆرێك حازر نەبون قسەی حسێبیی ئێمە قبوڵ بکەن و تەنانەت نەیان هێشتوە ئێمە لەو مافەش کەڵك وەربگرین کە قانونی ئەساسی بۆ ئەیالەتەکان و ولایەتەکانی ئێران دای ناوە و بەردەوام وەڵامی ئێمە گوللە و بۆمب و تۆپ و زیندان و تەبعید و یەخسیری بوە. بە تایبەتی لە سەردەمی بیست ساڵەی ڕەزاخان‌دا تەنانەت لە لەبەرکردنی جلوبەرگیش‌دا ئازاد نەبوین. بە زۆری سەرنێزە بە هۆی ئەفسەرانی دز و خائین و تاڵانکەرەوە هەمو دارایی و ژیانی ئێمەیان تەفروتونا کردوە و چاویان لە ناموس و شەرەفی ئێمەوە بوە و بۆ لە نێو بردن و خاشەبڕ کردنی نەسلی ئێمە لە هیچ نزمی و دڕەندیی‌یەك خۆیان نەپاراستوە. ئاخر ئێمەش ئینسانین، ئێمەش مێژو، زمان و شوێنەواری خۆمان هەیە کە لامان خۆشەویستن. بۆچی دەبێ مافی ئێمە لە ژێر پێ بنرێ؟ بۆچی ناتوانین لە نێو ماڵی خۆمان‌دا ئازاد و موختار بین؟ بۆچی ڕێگا نادرێ منداڵانی خۆمان بە زمانی کوردی پەروەردە بکەین؟ بۆچی نایەڵن کوردستان ولایەتێکی خودمختار بێ و لە لایەن ئەنجومەنی ولایەتی‌یەوە ئیدارە بکرێ کە قانونی ئەساسی دیاری کردوە؟

هاونیشتمانانی بەڕێزا دەبێ بزانن حەق نادرێ، حەق وەردەگیرێ، ئێمە دەبێ بۆ وەرگرتنی ماف و دەسەڵاتی نەتەوەیی و مەحەللی خۆمان خەبات بکەین. ئەم خەباتە یەکێتی و یەکڕەنگی پێویستە، ڕێکخراو و پێشەنگی پێویستە، بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزەیە حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزراوە و دەستی بەکار کردوە. ئێوە هاونیشتمانانی خۆشەویست، دەبێ چاو و گوێی خۆتان بکەنەوە و لە دەوری حیزبی نەتەوەی خۆتان کۆببنەوە و لە پێناوی وەرگرتنی مافی ڕەوای نەتەوەیی خۆتان فیداکاری بکەن.

حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێبەر و ڕێنوێنی ئێوەیە. تەنیا لە ژێر ئاڵای ئەوە کە نەتەوەی کورد لە مەترسی تەفروتونا بون ڕزگار دەبێ و هەبون و ناموس و شەرەفی نەتەوەیی خۆی دەپارێزێ و دەتوانێ لە نێو سنوری دەوڵەتی ئێران دا خودموختاری نەتەوەیی خۆی وە دەست بێنێ.

هاونیشتمانان! ئێمە بێجگە لە مافی ڕەوا و ئینسانی خۆمان هیچمان ناوێ دروشمەکانی ئێمە لە بەندەکانی خوارەوەدا خولاسە کراون. بیان خوێننەوە و هەمو گەلی کورد فەرد فەردیان تێ بگەیەنن. ئەوە دروشمەکانی ئێمەن:

١. نەتەوەی کورد لە نێوخۆی ئێران دا بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری مەحەللی خۆی سەربەخۆ و ئازاد بێ و لەسنوری دەوڵەتی ئێراندا خودموختاری خۆی وە دەست بێنێ.

٢. مافی خوێندنی بە زمانی زگماکی خۆی هەبێ و تەواوی کاروباری ئیدارەکان بە هۆی زمانی کوردی‌یەوە بەڕێوە بچێ.

٣. لەسەر بناخەی قانونی ئەساسی، ئەنجومەنی ولایەتی کوردستان بە زویی هەڵبژێردرێ و بە هەمو کاروباری کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی ڕابگا و چاودێری‌یان بە سەردا بکا.

٤. کاربەدەستانی دەوڵەت دەبێ بە بێ قسە لە خەڵکی ناوچەکان بن.

٥. دەبێ لەسەر ئەساسی قانونێکی گشتی لە نێوان لادێیی و خاوەن موڵك دا ڕێککەوتنێك پێك بهێنرێ و دواڕۆژی هەردولا دابین بکرێ.

٦. حیزبی دیموکراتی کوردستان تێ دەکۆشێ کە لە خەبات دا بە تایبەتی لە گەڵ نەتەوەی ئازەربایجان و کەمایەتی‌یەکانی تر کە لە ئازەربایجان دەژین، ئاسوری‌یەکان و ئەرمەنی‌یەکان و هی دیکە، یەکێتی و برایەتی‌یەکی تەواو پێك بهێنێ.

٧. حیزبی دیموکرات بە ئامانجی بەرەو پێش بردنی کشتوکاڵ و بازرگانی و پەرەپێدانی فەرهەنگ و لەشساخی و باشترکردنی ژیانی ئابوری و مەعنەوی گەلی کورد دەست دەکا بە سود وەرگرتن لە سامانەکانی سروشتی و کانگاکانی کوردستان و لەم ڕێگایەدا تێ دەکۆشێ.

٨. ئێمە دەمانەوێ تەواوی گەلەکانی ئێران هەلی تێکۆشانی بە ئازادییان بدرێتێ بۆ بەختەوەری و پێشخستنی نیشتمانی خۆیان.(٢٥)

٣. ٢. هەوەڵ کۆنگرەی حیزبی دیموکرات

" کوردستان" گۆڤاری "بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان" لە ژمارەی یەکەمی ساڵی یەکەمی دا کە لە ١٥ ی سەرماوەزی ١٣٢٤ بەرامبەر ٦ ی دێسەمبەری ١٩٤٥ لە ژێر ناونیشانی "حیزبی دیموکراتی کوردستان" نوسیوێتی:

"لە دوای ئەوە لە هەوەڵی مانگی خەزەلوەر (ابان) ی ١٣٢٤ حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد داندرا و بەیاننامەی خۆی بڵاو کردەوە لە ڕۆژی ٢ ی ٨ ی ١٣٢٤ دا هەوەڵ کۆنگرەی خۆی کە تێکەڵ بو لە سەران و نوێنەرانی کوردان بە تەرتیبی ژێرو.

١. ماكۆ و ئارارات:

ئاغای عومەر خانی جەلالی، ئاغای شێخ حەسەن، ئاغای شێخ کی، ئاغای حەسەن ئاغای دلایی، ئاغای عەبدوڵا ئاغای ملان. ئاغای فەخری.

٢. سۆما، برادۆست، دەشت، مەرگەوەڕ:

ئاغای عومەرخان شەریفی، ئاغای تاهیرخانی سمکۆ، ئاغای عەباس ئاغای فەنەك، ئاغای قۆیتاس ئاغا مەمەدی، ئاغای حاجی وەتمان، ئاغای شیرۆ، ئاغای عەبدی، ئاغای حەسەن تێلۆ، ئاغای تەمەرخان، ئاغای مراد، ئاغای نورکۆ، ئاغای زبید، ئاغای عەزۆ، ئاغای حەسەن هەنارە، جەنابی ئاغای حاجی سەید عەبدوڵا ئەفەندی.

٣. شنۆ:

ئاغای موسا خانی زەرزا، ئاغای قەرەنی ئاغای زەرزا، ئاغای میرزا سەعید، ئاغای قازی محەمەد، ئاغای کاك حەمزە.

٤. سندوس

ئاغای ئەحمەدی کاخزر، ئاغای قاسم ئاغای پیرۆتی، ئاغای محەمەد ئەمین ئاغای پیرۆتی.

٥. لاهیجان

ئاغای عەبدوڵا ئاغای قادری، ئاغای کاك مامەند قادری، ئاغای کاك حسێن محەمەدی، ئاغای پیرۆت ئاغای ئەمیر عەشایر، ئاغای محەمەد ئەمین ئاغای پیرۆتی.

٦. پیران

ئاغای محەمەد ئەمین ئاغا، ئاغای قەرەنی ئاغا.

٧. میاندواو:

ئاغای محەمەد حسێن خان سەیفی قازی.

٨. بۆکان:

ئاغای عەبدوڕەحمان شەرەفکەندی، ئاغای رەشید عەلیزادە.

٩. مەنگوڕ:

ئاغای ئیبراهیم ئاغای ئەدهەم، ئاغای مام حەسەن، ئاغای کاك سلێمان، ئاغای کاك حەمزە، ئاغای مین ئاغا.

وە باقی برایانی کورد تەشکیل دا و لە لایەن سەران و ڕەوشنفیکرانی حیزبەوە نوتقی زۆر چاك دایر بە دیموکراتی و یەکەتی ئیراد کرا. لەم کۆنگرەدا هەمو لکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان تەسویب کرا و

نوێنەری تایبەتییان بۆ داندرا. هەریەك لە جیٚی خۆیان دامەزران و دەستیان بەکار کرد.

هەژار هۆنەری جەوانی کوردستان ئەم شیعرانەی خوارەوەی کە باسی دیموکرات دەکا خوێندەوە:

دیموکراتمان دەویٚ
حەوت ساڵی ئاگری شەڕی دونیایە دایسا
دیزەی شەڕی تیا دەکوڵی گۆشتی پیر و جەوان
میلیۆنها جەوان تەڕو تازە نەونەمام
ملیۆنها بە عیلم و هونەر نابیغەی زەمان
ئێسکیان کرا بە خواردەمەنی کرم و موورومار
سەریان کرا بە گۆ لە مەیدان فڕیٚ دران
سەد هەزار شار و دێهات تێکدران بە بۆم
پیستر لە وەزعی مەملەکەتی کوردی بارزان
بۆچی هەڵایسا؟ لەبەر ئاسایشی بەشەر
ریشەی فەساد و زوڵمیٚ ببەتڵیٚ لە روی جیهان
میللەت پچوك و گەورە حەقی وە دەس کەویٚ
مەئمور و شا لە خۆی بیٚ چە جای خەت و زمان
کوردیش نەخو بە شەر بو کەچی هەر دەیان کوژن
وردە و ئەسیرە دی لە عێراق و لە کوردسان (!)
وا دیارە هی ئەوانە لەبەر نەفعی شەخسییە
کیٚ ڕاستە؟ قەولی سابیتە بێجگە لە ڕوسەکان؟
ئەو لەشکری کە فەتح و زەفەری یاوەری وییە
بەیداغی سوری داس و ستارە و چەکوچ نیشان
ئەو لەشکرەی بە ئەمری ستالینی پێشەوا
بەیداغی فەتح و مەردی لە سەر بیرلەنی چەقان
ئەو لەشکرەی کە مستی گریٚ کردوە و دەڵیٚ
زاڵم لە کویٚیە تێکی شکێنم دەم و ددان
وا ئەو بەزەیی بە حاڵی مەدا هاتوە کە بۆ
کورد بیٚ کەسن لە گێتی و بیٚ جێن و بیٚ نەوان
بۆچی دەبیٚ لە ڕیزی بەشەر کوردی چارەرەش
نانی نەبیٚ زمانی نەبیٚ تام نەکا ژیان
پێویستە قەومی کورد وەکو سایری بەشەر

بەهرەی ببیٚ لە حەقی ژیان بێتە نێو ئەمان
ئێمەش لە سایەی ئەو لوتفی قیمەتی
دەستمان لە دەستی یەك دەگرین زۆر بە روح و گیان
حیزبێکی ساز دەکەین و دیمۆکراتمان دەویٚ
فارس چلۆنە کورد دەیەویٚ بیٚ وەکو ئەوان
مەئمور لە خۆم بیٚ هەرچی گوتی چاکە تێی دەگەم
خوێندن زمانی خۆم بیٚ گەلێك زوی دەکەم ڕەوان
گەر حاسلم لە خۆمی خەرج کەم چە زو دەبیٚ
دانێم مەتەب لە شاری و مەکتەب لە دیٚیەکان
ئەو قەومە پاکی فێری سەواد و عیلم دەبیٚ
بێگانە چیدی پێم نەڵی کورد وەحشییەو نەزان
ئەی گەورەکانی کورد موبارەك بیٚ کۆمەڵو
تەوفیقو بیٚ لە لایەنی خەللاقی بیٚ مەکان
یا رەب بژی بە فەتح و زهفەر لەشکری قزل
هەر چەرخ و خول بە مەیلی ستالین بدا زەمان(٢٦)

چەند کەسی تر لەم کۆبونەوانەدا شیعرو وتاریان خوێندەوە لەوانە خاڵەمین شیعرێکی خوێندۆتەوە کە لە هەمان ژمارەدا بڵاو کراوەتەوە.

لەم کۆنگرەیەدا قازی محەمەد بە سەرۆك و پێشەوای حیزب و چەند کەس بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵ بژێردران. ناوی ئەندامەکانی کۆمیتەی ناوەندی لە هەمو سەرچاوەکان دا وەکو یەك نین. بەڵکو هەندیٚ جیاوازییان تیٚ دایە. ئیگلتن بەمجۆرە ناوی بردون:

حاجی بابەشێخی سیادەت، محەمەد حسێن سەیفی قازی، مەنافی کەریمی، سەید محەمەدی ئەیوبیان، عەبدولڕەحمانی ئێلخانی زادە، ئیسماعیلی ئێلخانی زادە، ئەحمەدی ئیلاهی، خەلیلی خوسرەوی، کەریمی ئەحمەدین، حاجی مستەفا داودی، محەمەد ئەمین موعینی، مەحمود وەلی زادە، محەمەد رەسولی دڵشاد، محەمەد ئەمین شەرەفی، عەبدولڕەحمانی زبیحی(٢٧)

لەو لیستانەی بڵاوکراونەتەوە هەندیٚ ناویان تیٚدا نیە، کەچی لە بەڵگە بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمەدا ناویان براوە، وەکو:

سید محەمەد تەهازادە کە لە هەمو بۆنە سیاسییەکان دا بە ناوی "معاونی حیزب" واتە پلەیەکی وەکو سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی دواوە و، سەید عەبدوڵای گەیلانی و، عومەر خانی شکاك و، زێرۆ بەگی هەرکی و،

رەشید بەگی جیهانگیری، کە هەر چواریان وەکو لە پێشەکی مەتنی "پەیمانی یەکێتیی و برایەتیی کوردی - ئازەری" دا نوسراوە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب ناو براون.

ئەگەرچی یەکەمین بەیاننامەی خۆناساندنی حیزب بە خەڵك و، دانانی یەکەمین مەرامنامەی و، هەوەڵ کۆنگرەی لە سەرەتای مانگی خەزەلوەردا بوە، کەچی حیزب هەمو ساڵێ بۆ یادی دامەزراندنی خۆی لە ڕۆژی ٢٥ ی گەلاوێژدا ئاهەنگ ئەگێڕێ هۆی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ح د ك خۆی بە درێژەی کۆمەڵەی ژ. ك دا ئەنێ و، ژ. ك یش وەکو خۆی لە ڕۆژژمێرەکانی دا نوسیوێتی لە ٢٥ ی گەلاوێژدا دامەزرا بو.

ڕۆژنامەی کوردستان، لەم بارەیەوە، بە ناونیشانی "جێژن و چراخانی" نوسیوێتی:

"ڕۆژی ٢٥ ی گەلاوێژ بە بۆنەی ڕۆژی پێنجەمین ساڵی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەر هەیوان و حەساری عەمارەتی پێشەوا جێژنێك گیرا بو. لەم جیژنەدا تەواوی ئەهالی شیرکەتیان کرد و شیرینیات و چا و میوەجاتیان مەسرەف کرد. جێژن لە سەعاتی ١ ی پاش نیوەڕۆ دەست پێ کرا. دەوروبەری عەمارەتی پێشەوا بە ئاڵای سێرەنگی کوردستان و وێنەی پێشەوای موعەزەم ڕازا بوەوە و شەوێ سەعات ٧ بەرنامەی جێژن دەست پێ کرا و بە بۆنەی ئەم جێژنە لە لایەن ئاغایانی: عەلی خوسرەوی، سەید محەمەد تەهازادە، دڵشاد رەسولی، سەید محەمەدی حەمیدی، جەعفەر کەریمی، ووردی، سدیقی، سەید عوبەیدوڵای تەهازادە، عوسمان دانش، محەمەد ئەمین قادری، کاك ئەمین شەرەفی.. نوتق و مەقالات و ئەشعار خوێندرایەوەو دەنێوان نوتقەکان‌دا بێوچان مۆزیکی میللی کوردستان دڵی حازرانی فێنك دەکرد و جێژن لە سەعاتی ١٢ زۆر بە خۆشی دوایی هات."(٢٨)

هەر لە هەمان ژمارەدا سەید محەمەدی حەمیدی وتارێکی بە ناونیشانی "موبارەزەی ئازادی و دیموکراسی ئێمە پێی دە پێنجەمین ساڵی خۆی نا" هەمان بابەتی دوبارە کردۆتەوە.

٣.٣. مەرامنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان

ح د ك هەر لەو ماوەیەدا مەرامنامەی خۆی داڕشت و لە مانگی سەرماوەزی ١٣٢٤ دا بڵاوی کردەوە. تێکستی تەواوی بەمجۆرە بو:

فەسڵی یەکەم

١. ناوی حیزب: حیزبی دیموکراتی کوردستانە.

٢. حیزب لە سەر ئەم بناغانە دامەزراوە: حەقیقەت، عەدالەت، تەمەددون. هەمو نیزامنامە و قانونەکانی حیزب پاش پەسند کرانی لە لایەن کۆنگرەوە جێبەجێ ئەکرێن.
٣. قەڵەم و گوڵە گەنم بۆ عەلامەتی حیزب قوبوڵ کراوە.

فەسڵی دوەم

٤. لە قۆناغی ئێستادا گەورەترین ئامانجی حیزب بریتی‌یە لەوەی کە لە ناو سنورەکانی دەوڵەتی ئێران دا، پارێزگاری مافەکانی کورد بکا و بۆ جێگیر کردنی ڕێگەی خودموختاری هەڵبژێرێ. لە هەمو ئەو ئەیالات و ولایاتانەدا کە بە درێژایی مێژو کوردیان تێدا ژیاوە و زەحمەتی کێشاوە، هەروەها لە کوردستان ئەبێ لە سەر بنچینەی دیموکراسی، قازانجەکانی کۆمەڵانی خەڵك ڕەچاو بکرێ، ئەبێ بێ گوێدانە جیاوازی میللی و مەزەبی، بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ مەجلیسی شورای میللی مافی وەکو یەکیان هەبێ.
٥. ئامانجی حیزب بریتی‌یە لە پەرەپێدانی دیموکراسی، لە سەر ئەو بنچینەیە تێ ئەکۆشێ بۆ خۆشی مرۆڤایەتی.
٦. حیزب هیچ دوژمنایەتی و ناکۆکی‌یەکی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی نیە، بەڵام ئەیەوێ بە ڕێگای هێمنانە تێ بکۆشێ بۆ گەشەپێدانی فەرهەنگ و لەشساخی و کشتوکاڵی گەلی کورد، کە لە ئەنجامی دەسەڵاتی چەوسێنەران دا، بە دواکەوتویی ماوەتەوە، بۆ ئەمەش داواکاری مافی خودموختاری میللی‌یە.

فەسلی سێیەم

٧. هەمو مالیات و عەوازیر بە شێوەی زەروری کۆئەکرێتەوە، لەسەر بنچینەی بودجە ڕێك ئەخرێ و دابەش ئەکرێ.
٨. یەکەمین هەنگاوی میللی ئەوەیە دەس ئەکا بە ئاواکردنەوەی وڵات و پەرەپێدانی ڕێکخراوەی ئابوری و سیاسی، لە بەر ئەوە زیادتر لە ٣٠% ی مالیاتی کۆکراوە بە حکومەتی مەرکەزی بدات.
٩. ئەبێ هەمو مەئمورانی کیشوەری و سیاسی و دائیرەکانی کشتوکاڵ کورد بن. حکومەتی میللی هەر کاتێ بە پێویستی زانی ڕاوێژکارانی بێگانە بانگ ئەکا. هەمو کارەکانی کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی و دادگوستەری ئەبێ بە زمانی کوردی بنوسرێن و بەڕێوە ببرێن.
١٠. حیزب تێ ئەکۆشێ بۆگەشەپێدانی کشتوکاڵ ماشین بکڕێ و، هەوڵ ئەدا ئەو بەروبومەی جوتیاران بەرهەمی ئەهێنن بە باشی بفرۆشرێ.

١١. حیزب تێ ئەکۆشێ بۆ ئاوەدانی و پاراستنی لە شساخی دێهات و، بۆ نەهێشتنی ئەو کۆسپانەی لەڕێی هاتوچۆدایە لە دێیەکەوە بۆ دێیەکی تر.
١٢. حیزب بە بێ جیاوازی نەتەوایەتی و قەومی و مەزهەبی حیمایەت لە ژیانی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و لەشساخی هەمو زەحمەتکێشان ئەکا کە لە کوردستان ئەژین.
١٣. بە مەبەستی پەرەپێدانی زانست و شارستانێتی لە ناو خەڵکی کوردستان دا، خوێندنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی ئەکرێتە ئیجباری و لە هەمو قوتابخانەکاندا ئەبێ بە زمانی کوردی دەرس بخوێنرێ.
١٤. بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانین و ژیان و شارستانێتی خەڵک، ژمارەیەکی زۆر ناوەندی زانستیی، کتێبخانە، قەرائەتخانە، کلوب، تیاتر و مەیدانی وەرزش، دائەمەزرێنێ.
١٥. هەمو مەئمورانی کوردی کە لە ئەیالات و ولایاتی تردا لە ئیدارە و ئەرتەش دا کارئەکەن ئەبێ بگەڕێنەوە کوردستان.
١٦. حکومەتی میللی بە لە بەر چاو گرتنی قازانجەکانی خۆی پێوەندی فەرهەنگی و ئابوری لە گەڵ دەوڵەتانی تر، لە پلەی یەکەم دا لە گەڵ دەوڵەتی گەورەی یەکێتی سۆڤێتی، دائەمەزرێنێ.
١٧. حکومەتی ناوچەیی کوردستان لە هەمو کۆنفرانسە جیهانییەکان دا کە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی ئەبەسترێن، بە پێی ژمارەی خۆی، داوای بەشدار بون ئەکات.
١٨. حکومەتی خودموختاری کوردستان ئەبێ دەسەڵاتی هەبێ کە ئیمتیازی دەرهێنانی کانە دەرهێنرا و و دەرنەهێنراوەکانی کوردستان بدات بە هەرکەسێ کە بیەوێ.

فەسلی چوارەم

١٩. حکومەتی میللی بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی خەڵکی کوردستان بە ڕێگای هەرزان و ڕەحەت بە توندی دژی سەلەم و گرانفرۆشی و موحتەکیران ڕائەوەستێ.
٢٠. حکومەتی میللی پەرە بە ئابوری کوردستان ئەدا و لە هەمو شارەکاندا کارگە دائەمەزرێنێ، ئەبێ دەستی گڵاوی ئیستیعمار لە سامانی سروشتی ئێمە ببڕێ، ئەبێ بۆ خۆمان سود لەم سامانە وەربگرین و لە هەمان کات دا سود بە مرۆڤایەتییش بگەیەنین.
٢١. ئەبێ لە هەمو کاروباری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی دا ژنان وەکو پیاوان مافی وەکو یەکیان هەبێ.

٢٢. ئەبێ مافی کەمە نەتەوەیی‌یەکانی کە لە کوردستان ئەژین وەکو ئازەربایجانی، ئەرمەنی و ئاسوری، بە تەواوی دابین بکرێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرماوەزی ١٣٢٤(٢٩)

لێکۆڵینەوەی بەرنامەکەی ح د ك دەری ئەخات کە زۆری پێویستی‌یەکانی گەشەکردنی ژیانی کۆمەڵی کوردەواری ئەوسای گرتۆتە خۆی:

چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێران دا لە سەر بنچینەی "خودموختاری میللی" و، نەهێشتنی چەوسانەوەی نەتەوەیی، دینی، مەزەبی، لە نێوان کورد و کەمایەتی‌یەکانی وەکو ئازەری و ئاسوری و ئەرمەنی و، لە نێوان ژن و پیاودا، لە ژێر سایەی دەسەڵاتی حکومەتی کوردستاندا... گرنگترین لایەنی سیاسی و؛ گەشەپێدانی کشتوکاڵ و ماکینەدار کردنی و، دابینکردنی بازاڕی ساخکردنەوەی بەروبومەکانی و، دەرهێنانی سامانی ژێرزەمین و، دامەزراندنی کارگەی پیشەسازی و، کردنەوەی ڕێگاوبان و، دابەشکردنی دەرامەتی باج لە نێوان دەسەڵاتی ناوچەیی و ناوەندی‌دا بۆ دابینکردنی پێویستیەکانی خەرجی گەشەپێدانی ڕۆشنبیری، ئابوری، کۆمەڵایەتی، گرنگترین لایەنی ئابوری و؛ بە کوردی کردنی زمان و بەرنامەی خوێندن و، بە ئیجباری کردنی خوێندنی قۆناغی سەرەتایی و ناونجی بۆ کچ و کوڕ و، دانانی ڕێوشوێنی گەشەپێدانی ژیانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی... گرنگترین لایەنی بەرنامەکە بون.

ئەم بەرنامەیە لە لایەن دانیشتوانی کوردستانەوە پشتیوانی‌یەکی زۆر و قوڵی لێ کرا، ڕەخنەی هەرەگەورە کە لە بەرنامەکە گیراوە: باس نەکردنی هیچ جۆرە چارەیەك بو بۆ گیروگرفتی دژواری پێوەندی زەویدارەکان و جوتیارانی بێ زەوی.

لە ڕوانگەی کاربەدەستانی ئێرانەوە، ئەم مەرامنامەیە لە گەڵ "قانونی ئەساسی" ناکۆك و نەگونجاو بو چونکە کوردستانی ئەکرد بە "دەوڵەتێکی تەواو جیاواز" لە ئێران. بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەش: جۆری دابەشکردنی باج و داهاتی ناوچەکە لە نێوان حکومەتی خودموختار و دەسەڵاتی ناوەندی دا و، یەکخستنی ناوچە کوردنشینەکان و، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی ئەیالەتی و ولایەتی کوردستان ئەکاتە بیانو.(٣٠)

٤.٣. هەڵکردنی ئاڵای کوردستان

مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ سەرانسەری ئازەربایجان هات بوە جۆش و خرۆش. فیداییەکانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان پەلاماری ناوەندەکانی دەسەڵاتی حکومەتیان ئەدا. تەورێز و شارەکانی تریان یەك لە

دوای یەك گرت. فیداییەکانی دیموکرات و خەڵك دەوری ناوەندەکانی ئەرتەش و ژاندارمی ڕەزائیەیان دابو.

کوردەکانی دەوری ورمێ لە مەدا بەشدار بون. هەواڵەکانی ئەم بزوتنەوە جەماوەرییە گەیشت بوە کوردستانیش. ڕۆژی ٢٦ ی سەرماوەز خەڵك، بە هاندانی هەندێ لە سەرکردەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەڵیان کوتایە سەر "شارەبانی مەهاباد" کە دوایین نیشانەی ڕواڵەتی دەسەڵاتی تاران بو. پاش تەقوتۆقێکی کەم گرتیان. ئاڵای حکومەتی ئێران داگیرایە خوار و، ئاڵای کوردستان لە جێگەی هەڵ کرا. خەڵك ئەیان ویست لە باتی زەبیحی و هاوڕێ گیراوەکانی ژاندارم و فەرمانبەرە گیراوەکانی ئێران بە بارمتە لە لای خۆیان گل بدەنەوە، تا کاربەدەستانی تاران ئەوان ئازاد نەکەن، ئەمانیش ئەوان بەرنەدەن. قازی محەمەد ئەم کارەی بە لاوە پەسند نەبو. ئەوانە بەر دران.

کوردستان هات بوە جۆش. بە دوای مەهابادا لە شارەکانی نەغەدە و بۆکان و، لە زۆر شوێنی تر ئاڵای کوردستان هەڵ کرا. هەڵکردنی ئاڵای کوردستان ڕوداوێکی مێژویی بو لە ژیانی سیاسی خەڵکی کوردستان دا. لێرەدا بۆ نمونە ئاهەنگی هەڵکردنی ئاڵا لە ٣ شار وەکو بڵاوکراوەکانی ئەوسا نوسیویانە، ئەگێڕینەوە:

٣. ٤. ١. هەڵکردنی ئاڵا لە مەهاباد

گۆڤاری "کوردستان" لە ژمارەی سێهەمی دا لە ژێر سەردێڕی "هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردوستان لە مەهاباد " نوسیوێتی:

" هەروەکو لە پێش دەرهاتی کوردستان‌دا عەرز کرا ڕۆژی ٢٦ ی سەرماوەز تەواوی نوێنەرەکانی ئەهالی کوردستان لە شاری مەهاباد کۆبونەوە. لە سەعات ١٠ ی بەیانی لە کانگای حیزب ئاڵای کورد بە حوزوری دەهەزار نەفەر هەڵکرا و لە کاتێك دا دەستەی موزیك مارشی میللی لێ دەدا و لە سەرتاسەری شەقامی وەفایی‌دا سەفی نیزام کە لولەی تفەنگ و موسەلسەل و سەرنێزەیان دەدرەوشا، دەستەی لاوان و قوتابیەکانی مەکتەب، کچ و کوڕ، لە لای ڕاستی ئاڵا لە حەرەکەت‌دا بون، گەورە و چوکی مەهاباد هەیئەت و نوێنەرانی حێزبی دیموکرات لە پشت سەری ئاڵا سەری تەعزیمیان بۆ دانەواند بو و، بۆ ئیحتیرام چەپڵەیان لێ دەدا و هورایان دەکێشا و، پێشەوای موعەزەمی کوردستان جەنابی قازی محەمەد وتارێکی بەتینی لە بابەت ئاڵای موقەدەسی کوردستان ئیراد فەرمو.

ئەوجار لە پاش نوتق و خیتابە و تیر هاویشتنێکی زۆر و بەجێهێنانی مەراسیم و نەسبی ئاڵا لەسەر عەمارەتی هەیئەتی رەئیسەی میللی کوردستان جێژنە دوایی هات."(٣١)

٣. ٤. ٢. هەڵکردنی ئاڵا لە نەغەدە

گۆڤاری "کوردستان" لە ژمارەی دوهەمی دا لە ژێر سەردێڕی "هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردوستان لە نەغەدە" نوسیوێتی:

"بە پێی دەستوری هەیئەتی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردوستان برایانی خۆشەویست: ئاغای حسێنی فروهەر، عەلی خوسرەوی ڕۆژی ٢٦ ی ٩ ی ٢٤ مەئمور کران کە ئاڵای موقەدەسی کوردوستان لە نەغەدە هەڵکەن. دەسبەجێ ئەو نوێنەرانە وەسائیلی حەرەکتیان ساز کرد. بۆ جێی ئەمرکراو حەرەکەتیان کرد و ڕۆژی ٢٧ ی ٩ ی ٢٤ گەیشتنە نەغەدە و بە بێ ئەوەی مەعتەل بن دەستوری چەقاندنی سادر کراو جۆشوخرۆشێکی بێ غایەت لە دانیشتوانی نەغەدە و دەوروپشتی پەیدا بو لە پاش ٣ سەعات لە ئاخرین نوقتەی ئەتراف ئاغایان و دێهاتی و ژن و منداڵ لە حیزبی دیموکرات کۆبونەوە و فیداییانی موسەللەح سوارە و پیادە نزیکی٧٠٠ نەفەرێکیان تەشکیل دابو و، وەسائیلی ئەو جێژنە لە هەمو قیسمەتەوە بە هەیئەتی ئەو نوێنەرانە و ئاغایانی ئەحمەدی قادری رەئیسی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لکی نەغەدە، کاک محەمەد قادری، ئاغای غولام رەزاخان خوسرەوی، ئاغایان ئەحمەدی عوزیری و ئیبراهیم ئیرەجمەندی موکری و... و قاسم ئاغای پیرۆتی و کاك بایز و میرزا ئیبراهیم ڕەئیسی شارەبانی حازر کرا.

ڕۆژی چوارشەممو سەعات ٩ ی بەیانی جێژنە دەست پێ کرا و قوتابیانی کورد و ئەرمەنی و ئاسوری بە سرود خوێندنەوە لە مەحەللی جێژنەدا ئامادە بون. برایانی خۆشەویست ئاغای فروهەر و خوسرەوی ئاڵای موقەدەسیان بۆ بەشی سواران کە لە شەقام ئامادە بون برد. وەختێکی ئاڵاکە وە دەرکەوت هەزار تیر بە ئیفتیخاری دیتنی ئاڵا هاوێژرا. سوارەکان ئاڵایان وەرگرت و بۆ کانگای حیزبی دیموکرات چون وە تا گەیشتنە بینای حیزب هەرچەند قەدەم گاوگەردون دەکرا. خەڵکی لێکدا لێکدا چەپڵەیان لێ دەداو هورایان دەکێشا لەو وەختەدا بە جارێك هەزار نەفەر بۆ زیارەتی ئاڵای موقەدەس هێرشیان برد و، لە پاش زیارەتی عموم ئاڵای موقودەس هەڵکراو سڵاوی ئاڵا خوێندراوە و، سەدویەك نەفەر فیدایی موسەللەح هەر یەك سێ تیریان بەتاڵ کرد لە پاش ئاغای ئیبراهیم ئیرەجمەندی نوسەری حیزبی دیموکراتی لکی نەغەدە

نوتقێکی راجیع به ئازادی به عەزەمەتی ئاڵای موقەدەس ئیراد کرد کە بە چەپڵەلێدانێکی زۆر دوایی هات. لە پاش وی سرودی میللی لە لایەن...

ئینجا برای خۆشەویست ئاغای خوسرەوی بە دەنگێکی بەرز و شێرانە گوزاریشی خۆی داو لە بابەت ئاڵای کوردستان و شەهیدانی ڕێگای ئازادی و حکومەتی کوردستانەوە نوتقیکی زۆری ئیراد کرد کە تەئسیرێکی زۆری لە ناو خەڵکی کرد و بە هورا و چەپڵە لێدانێکی زۆر تەواو بو.

سرودی "ئەی ڕەقیب" لە لایەن لاوانەوە خوێندراوە.

برای بەرز حسێنی فروهەر لە وەسفی ئاڵای موقەدەس چەند وتەیەکی ئیراد کرد کە جێگای تەقدیر بو. لە دوایی دا کوڕی ئاغای تەقی خان لە تەرەف ئەهالی‌یەوە جێژنە پیرۆزی لە حیزبی دیموکرات کرد و عیدەیەکی زۆر لە برایان لە وەسفی ئاڵای کوردستان هەریەك بە جۆرێك چەند وتەیەکیان فەرمو.

ئینجا برای خۆشەویست ئاغای خوسرەوی لاوی خوێن گەرم دوایی بە نمایش هێنا و خەڵکی، بە دڵێکی شادەوە، دەم بە دوعاوە بۆ ئاڵای موقەدەسی کوردوستان و میللەتانی ئازادی خوا، بڵاوەیان لێ کرد..."(٣٢)

لە ئاهەنگی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە نەغەدە، کوردەکانی عێراق بەشدار بون. وەکو ڕۆژنامەی کوردستان دواییتر بڵاوی کردۆتەوە، محەمەد مەحمود لەو ڕۆژەدا ئەم وتارەی خوێندۆتەوە:

"گەورەکانم! ئەی گەلی بەشەرەف! خۆشەویستان و ڕاوەستاوان!

ئەی کرێکار و فەلاح و سەپان و پاڵەی کوردی بە نرخ!

ڕۆژەها بەسەر شۆڕشی میللی پیرۆزی کوردا هەلات و تیری دوژمن کەللە و سینگی بەچکەشێرانی کوردی پێکا و خاکی کوردستان لاشەی جەوانانی گرتە باوەش. چیاو دۆڵ و دەشتەکانی کوردستان پڕە لە گۆڕستانی دلێران و نەبەزانی کورد کە لە پێناوی ڕێگای ئازادی‌دا، لە پێناوی هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردا گیانی پاکیان لە لاشەیان جیاواز بوەوە.

ئەی برای کورد! شۆڕشەکانی دیاربەکر، دەرسیم، سلێمانی، ئامێدی، بارزان، هەمو نیشانەی ئەو جەوانمەردی‌یەیە کە بۆ ئازادی کراوە. ئەمڕۆ، ئەمڕۆ کە گەورەترین و پیرۆزترین ڕۆژە بۆ کورد، ئەبینن هەڵۆی بە هێزی کورد بە چنگی ئاسنینی خۆی ئەو ئاڵا پیرۆزە هەڵدەکا. بەڵێ ئەو ئاڵایە هەڵ ئەکات کە لە سەرەتای مێژوەوە کورد خۆی بۆ بەخت کردوە.

برایان! پیرۆزبایی خۆم پێشکەشی هەمو کوردێك و هەمو میللەتێکی ئازادیخواه دەکەم.

ئەی برای کورد! ئەزانی ئاڵای خۆشەویست چە ئامۆژگاری‌یەکت دەکا؟ ئەڵی بۆ کۆبونەوەیەکی بێ جیاوازی گەورە و پچوك، ئاغا و کرێکار، قوتابی و شوان و فەلاح و ژن و پیاو، منداڵ و کچ، هەمو پێکەوە بە یەکدڵ بۆ یەك ئامانج تێ ئەکۆشن، هەوڵ دەدەن. دیسان دەڵێ:

ڕەنگی سورم نیشانەی جەنگاوەری و نەبەزی گەلی کوردە.

ڕەنگی سپیم دەڵێ میللەتی کوردی نەجیب گیانێکی پاك و ڕاستی هەیە.

ڕەنگی سەوزم هاوار دەکا خاکی کوردستان پڕە لە دەغڵ و دان، کانگای زێڕ و زیو. ئەی کورد هەمو بە گیانێکی خاوێنەوە و، بیرەوەری‌یەکی پاك و ڕاستەوە، هەمو پێکەوە کەڵك لە کوردستانەکەتان وەر گرن.

دیسان دەڵێ:

ئەی فەلاح، ئەی کرێکار و پاڵەی کورد، دڵت لە خۆت نەمێنێ لە سەر نیشانەی پاکی و ڕاستی نیشانەی تەقەلا و هەوڵی دەسی تۆ ئەو دو گوڵە گەنم و جۆیە هەمیشە بە پێش چاوتەوەیە پێت ئەڵێت هەوڵ بدە، ئیش بکە و وڵاتت بڵیند بکەرەوە.

ئەی کورد دیسان ئاڵاکەت ئەڵێ و ئەمرت پێ ئەکات سەرکەوتنت و گەورەییت لە خوێندنایە، ژن و پیاو، کوڕ و کچ بە جارێ بخوێنن چونکی خوێندن هەمو میوەیەکی خۆشی و زیندەگانی پێوەیە. کردگاریش تیشکی ڕۆژی خۆی بەسەر هەمو سیفاتی جوانی ئینسانی دا بڵاو ئەکاتەوە و جوانتری ئەکا.

ئەی کورد ئێمەش بەرامبەر بە ئامۆژگاری‌یەکانی ئەڵێین:

ئەی ئاڵا پەیمانت ئەدەینێ، هەمو پێکەوە بە یەکدڵ بە تەنیکی ئاسنینەوە هەوڵ بدەین ببینە سپەرت. ڕاست بین. ئیش بکەین. بخوێنین.

ئەی کورد ئاڵا ڕەمزمانە لە دوای هەڵکردنی نرخی هێنانە خوارەوەی قوربانی کردنی هەمو میللەتی کوردە.

ئیتر بژی کورد و کوردستان

بژی پێشەوای یەکێتی جەماهیری شورەوی سۆسیالیستی مارشاڵ ستالینی مەزن.

بژی هەمو میللەتێکی ئازادیخواه." (٣٣)

٣. ٤. ٣. هەڵکردنی ئاڵا لە بۆکان

ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ژمارەی یەکەمی دا لە ژێر سەردێڕی "هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردوستان لە شاری بۆکان" نوسیویێتی:

"بە پیێ دەستوری هەیئەتی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئەمری جەنابی قازی محەمەد، سەدری ئەعزەم و پێشەوای کوردستان، قەرار درا ئاڵای موقەدەس و سێڕەنگی کوردستان لە بۆکانیش هەڵکرێ ئاغایان میرزا مستەفا سوڵتانیان، عەبدولقادر مودەڕیسی، حسێنی فروهەر، میرزا محەمەد ئەمین شەرەفی، عەلی خوسرەوی، مەحمود وەلی زادە، میرزا رەحیم لەشکری و، ئەعزای هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و، ئاغای شێخولئیسلامی هێمن شاعیری میللی و نوماینەدەی هەیئەتی ڕەئیسەی میللی و، ئاغای محەمەد نانەوازادە فەرماندەی ئۆردوی میللی بە فەرماندەری گاردی ئیحتیرام و، دەستەی موزیك لە گەڵ ئاغای قاسم ئاغای ئێلخانی زادە نوماینەدەی کۆمیتەی محەللی حیزبی دیموکرات لکی بۆکان، بە مەئموری هەڵگرتنی ئاڵای موقەدەس مەعلوم کران.

سەعات ١ ی پاش نیوەڕۆیە ڕۆژی چوارشەمو ٥ ی ١٠ ی ٢٤ بە ئیفتیخاری وە ڕێکەوتنی هەیئەتی هەڵگری ئاڵا لە حەساری کانگای حیزب مارشی میللی کوردستان خوێندراوە و موزیك لێ درا.

لەو کاتەدا ئوتۆمۆبیلی مەخسوس لە نێوانی هەزاران نەفەر خوشك و برایانی سابڵاغی گەیشتنە بەردەرکی کانگای حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕاوەستا هەیئەتی هەڵگری ئاڵا، لە نێوان شریخەی چەپڵەرێزانا و نەعرەتەی توند و بڵیندی هوڕاو بژی کورد و کوردستانی بەڕێکەرەکانەوە، کە لە دڵێکی گەرموگوڕەوە بە کوڵەوە دەهات وە ڕێ کەوت.

سەعات دوونیوی پاش نیوەڕۆ هەیئەت گەیشتە میاندواو و لەوێ پێشوازی هاتوەکانی ئاغایان: قازی قزڵجی، حەسەن خانی بوداقی، برایم ئاغای ئێلخانی زادە، حەمەد ئەمین ئاغای ئێلخانی زادە، ئەبوبەکر ئاغای ئێلخانی زادە و دو نەفەر شاعیری میللی: هەژار و حەقیقی، لە گەڵ سەد نەفەر پتر لە ئەعزای کۆمیتەی محەللی بۆکان گەیشتنێ و مەراسیمی ئیحتیرامیان بەجێ هێنا، مارش و موزیك خوێندرا ولێدرا. ئەم جار قەتاری ئوتمۆبیلی هەڵگری هەیئەت و پێشوازی هاتوەکان کەوتنە ڕۆین تا گەیشتنە (تەقی ئاباد).

لەوێ برا دیموکراتە ئەرمەنی‌یەکان بە فەرماندەی عیشقی خان لە لای ڕاستەوەی ڕێگاوە، خوشکە ئەرمەنی‌یەکانیش لە لای چەپەوە ڕاوێستا بون، ئیحتیرامی نیزامی و هوڕا و چەپڵەڕێزانیان کرد و، عیشقی خان لە تەرەف هەموانەوە تەبریکی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی کرد. قاسم ئاغای ئێلخانی زادە لە لایەن هەیئەت و تەواوی برایانی کوردەوە ئیزهاری مەمنونییەت و سپاسی بە خوشك و برا ئەرمەنی‌یە هاوئامانجەکان کرد (حیزبی دیموکراتی کوردوستان سوپاسیان دەکاو قەدری عیشقی خان دەزانێ) هەیئەت لە نێو هوریا و چەپڵەڕێزانی برا ئەرمەنی‌یەکان وە ڕێ کەوت تا گەیشتە قەرەموسالیان (یانی ئەو دێیە کە مانگی ڕەشەمەی پارەکە - سەروان خاکسار و سەربازەکانی - خەیاڵی خاوی دیکتاتۆر بای باڵی دان و بە ڕێبواری هات بونە ئەوێ و مزگەوتیان هەڵوەشاند و نیر و ئاموریان سوتاند بو و خەڵکی ئەوێیان پەرشوبڵاو کرد بوەبوە) لەوێ میرزا مستەفا موقتەدیری و مەحمود خان و یونس خان و عەبدوڵا خان ئەمیری ئەعزای لکی محەللی دیموکراتی ئەوێ لەگەڵ تەواوی خەڵکی دێ و چەند دێی دەورووبەریش ڕیزیان گرت بو میرزا مستەفا لە جیاتی هەموان تەبریکی ئیزهار کرد و سێ دەسرێژ کراو هوریا و چەپڵەیەکی زۆر لێ درا و گاوگەردونیان کرد.

هەیئەت وەڕێ کەوت و سەعات چوارونیوی پاش نیوەڕۆ گەیشتە (عەلی ئاباد) سی کیلۆمەتری بۆکان لەوێ گاردی ئیحتیرام بە فەرماندەری سەلیم ئاغای ئێلخانی زادە و عیدەی سوار لە ژێر دەستوری جەعفەر ئاغا و مارف ئاغای ئێلخانی زادە و قوتابی‌یەکانی قوتابخانەی بۆکان و ئاغایانی ئەحمەد بەگی فەیزوڵابەگی و فەیزوڵا خان و عەلی خانی قازلیان و ئەحمەد ئاغا و عومەرئاغا و کەریم ئاغای عەباسی و هەباس ئاغا و خالید ئاغای حیسامی و چوارپێنج هەزار نەفەر خەڵکی بۆکان و دەوروبەر بە پێشوازەوە هات بون. لەوێ هەیئەتی هەڵگری ئاڵا پیادە بون و ئاڵای موقەدەس وەك ڕۆژ لە پشت هەور بێتە دەرێ لەیف دەرکەوت و کوردستانی گرتە ژێر شاباڵی پیرۆزی خۆی و مزگێنی و سەعادەت و خۆشبەختی بە نەتەوەی کورد دا.

مارشی میللی خوێندرایەوەو موزیك دەستی کرد بە لێدان و لە تەرەف گاردی ئیحتیرامی مەهاباد و بۆکان و سواران ٣ شیلینگ کرا. گاوگەردون کراو ئاڵا لە سەر شانی جەوانی ڕەشید ئەبوبەکر ئاغای ئێلخانی زادە لە نێو چەپڵەڕێزان و هوریا و بژی کورد و کوردستان دا گەیشتە کێلەشین دیسان گاوگەردون کراو بە خۆشی و بەشارەت و شایی‌یەوە ئاڵا گەییە سەر حەوزی

بۆکان. تەواوی کۆمەڵی خەڵکی لە دەوری حەوز و مەیدانی ئەوێ کۆبونەوە و، قازی محەمەد سادق قزڵجی وتار و شیعری بە تینی خۆی لە ژێر ئاڵادا خوێندەوە و پاش وی حەقیقی و هەژار شاعیری میللی هەر کام دەستە شیعرێکی زۆر چاکیان خوێندەوە و هەیئەتی هەڵگری ئاڵا چونە عەمارەتی قەڵا کە لە پێش دا بۆ بەخێر هێنانی ئەوان ساز کرا بو.

....

سەعات ١٢ ی بەیانی ئەوێ ڕۆژێ جەنابی حاجی بابەشێخ ڕەئیسی میللی کوردستان، لە گەڵ ئەحمەد ئاغای ئێلخانی زادە واریدی بۆکان بون و سڵاوی سەربازی و تەپڵ و موزیك بە جێ هات و ئەوێ ڕۆژیش لە بەر وەی کە تەواوی ئەهالی ئەتراف لە نیعمەتی ئەو جێژنە میللی‌یە بەهرەوەر بن و بگەنە شارێ ئاڵا هەڵ نەکرا.

ڕۆژی هەینو ٧ ی ١٠ ی ٢٤ لە سەعات ٨ ی بەیانی‌یەوە دەست بە تەشریفات کرا.

١. لە سەر بانی عەمارەتی قەڵای بۆکان بۆ هەڵکردنی ئاڵا لە تەرەفی ڕاستی ئاڵاوە جەنابی حاجی بابەشێخ و لە لای چەپەوە جەنابی حاجی بایز ئاغا ڕاوەستان و لە هەردولاوە دو موسەلسەل داندرا.

٢. قوتابی‌یەکانی قوتابخانەی بۆکان و مامۆستاکان و خەڵکێکی یەکجار زۆر لەسەر سەکۆی قەڵا - دەستەی موزیك و گاردی ئیحتیرامی مەهاباد و بۆکان بە فەرماندەری ئاغای محەمەدی نانەوازادە فەرماندەری ئۆردوی میللی مەهاباد و سەلیم ئاغای ئێلخانی زادە فەرماندەری بۆکان لە هەیوانی نێوەڕاستی قەڵا ئامادە بون - تەواوی ئاغایانی ناوبراوی سەرەوە و جەمعییەتێکی کەش لە ئاغایان مین جوملە حسێن ئاغای عەلی یار و براکانی لە سەربانی قەڵا بەڕیز لە ملاولای ئاڵاوە بە چەند سەف ڕاوێستان. خەڵکێکی بێ ژماریش لە مەیدانی خوارەوە و دەوروبەری حەوزی گەورەی بۆکان ڕاوەستان.

٣. قاسم ئاغای ئێلخانی زادە پرۆگرامی خوێندەوە و، جەنابی حاجی بابەشێخ نوتقێکی زۆر گەرمی فەرمو مزگێنی خۆشبەختی نەتەوەی کوردی دا و ئاڵای موبارەکی بە دەستی خۆی هەڵ کرد.

حەسەن قزڵجی لە باتی ڕەحمان ئاغای ئێلخانی زادە وتاری پیرۆزبایی دا. قازی محەمەد سادقی قزڵجی، عەلی خوسرەوی سەرەکی دائیرەی چاپ و بڵاوکردنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەحمەد ئاغای ئێلخانی زادە،

ڕەحمان مودەڕیسی، حەمەدەمین ئاغای ئێلخانی زادە، مارف ئاغای ئێلخانی زادە، جەعفەر ئاغای ئێلخانی زادە، حاجی بایز ئاغای ئێلخانی زادە، هەریەکە وتارێکی بۆ پیرۆزبایی لە هەڵکردنی ئاڵا دا و، هەژار، حەقیقی، خالید ئاغای حیسامی، بەم بۆنەیەوە سەرو شیعریان خوێندەوە.

لە خاتیمەدا قاسم ئاغای ئێلخانی زادە نوتقێکی زۆر بەتینی لە بابەت خۆشی و ئازادی کوردەوە بەیان کرد و سەعات ١ ی دوای نیوەڕۆ بە خوێندنەوەی مارشی میللی و لێدانی موزیك جێژن تەواو بو.

برا مەهابادییەکان سەعات چواری پاش نیوەڕۆ بە هوریا و چەپڵەڕێزان و نەعرەتەی بژی کوردو کوردستان بەڕێ کران."(٣٤)

پەراوێزەکانی بەشی دووەم

١. علاءالدین سجادی، شۆڕشەکانی کورد و کورد و کۆماری عێراق، بەغداد، چاپخانەی مەعارف، ١٩٥٩، ل ٢٧٦. لێرە بە دواوە ئەنوسین: سجادی.

٢. د قاسملو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی: کورتەیەك لە مێژوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. بەرگی یەکەم، چ ٢، ١٩٨٨: ١٣٦٧، ل ٢٦ – ٢٧. لێرە بە دواوە ئەنوسین: قاسملو.

٣. جلال الطالبانی، کردستان والحرکه القومیه الکردیه، دار الطلیعه، بیروت، ١٩٧٠، ص ١٢٤.

هەروەها: الدکتور عبدالستار طاهر شریف، الجمعیات والمنظمات والاحزاب الکردیه فی نصف قرن ١٩٠٨- ١٩٥٨، بغداد ١٩٨٩. ص ٢١٦.

هەروەها: قاسملو، س ن، ل ٢٨.

٤. سەید موحەممەد سەمەدی، ژ.ک. کاف چبوو؟ چی دەویست؟ وە چی لێ بەسەرهات؟، مەهاباد، ١٣٦٠: ١٩٨١، ل ١٥.

٥.

Eaglton,William,Jr. The Kurdish Republic of 1946, London,1963. p. 133.

لێرە بە دواوە ئەنوسین: ئیگلتن.

٦. سەمەدی، س ن، ل ٤، قاسملو، س ن، ل ٢٩. ئیگلتن، س ن، ل ٢٤.

٧. گ نیشتمان، ژ ١، س ١، پوشپەڕی ١٣٢٢ بەرامبەر جولای ١٩٤٣، ل ١-٢.

٨. گ نیشتمان، ژ ٥، ڕێبەندانی ١٣٢٢، ل ١٠.

٩. گ نیشتمان، ژ ٦، ڕەشەمێ ١٣٢٢، ل ١٦.

١٠. گ ڕۆژی نوێ، ژ ١٠، سلێمانی، ١٩٦١/١/١، ل ١٣.

١١. گ ڕۆژی نوێ، ژ ١٠، سلێمانی، ١٩٦١/١/١، ل ٤٧.

١٢. قاسملو، س ن، ل ٢٩.

١٣. دکتور عزیز شمزینی، الحرکه القومیه التحرریه للشعب الکردی، مطبعه الشهید ابراهیم عزو، نیسان ١٩٨٦، ص ١٣١. سجادی، س ن، ل ٢٧٥.

١٤. گ نیشتمان، ژ ٣ و ٤، سەماوەز و ڕێبەندانی ١٣٢٢، ل ٢٠- ٢١.

١٥. دەربارەی ژیانی قازی محەمەد بڕوانە:

ر کوردستان، ژ ٢٥، ٢٦/ ١٢/ ١٣٢٤.

گ ڕۆژی نوێ، ژ١٠، سلێمانی، ١٩٦١/١/١، ل ١٦.

١٦. سەمەدی، س ن، ل ١٣.

١٧. قاسملو، س ن، ل ٦١.

١٨. گ نیشتمان، ژ ٢، خەزەڵوەری ١٣٢٢، ل ٨-٩.

١٩. گ نیشتمان، ژ ٣ و ٤، سەماوەز و ڕێبەندانی ١٣٢٢، ل ٢٧- ٢٨ .

٢٠. بۆ ئاگاداری زۆرتر لە سەر ئەم سەردانە بڕوانە:

علاءالدین سجادی، شۆڕشەکانی کورد و کورد و کۆماری عێراق، بەغداد، چاپخانەی مەعارف، ١٩٥٩، ل ٢٧٨.

مەحمود مەلا عیزەت، کۆماری میللی مەهاباد: لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی، ١٩٨٤، ل ٩٢ تا ٩٦.

ئیگلتن، س ن، ل ٤٣–١٣٣.

قاسملو، س ن، ل ٦١.

٢١. سرلشکر احمد زنگنه، خاطراتی از ماموریت‌های من در أذربایجان (از شهریور ١٣٢٠ تا دی ماه ١٣٢٥)، انتشارات شرق، تهران، بلا، ص ٦١.

٢٢. زنگنە، س ن، ل ٦٢.

٢٣. مسعود البارزانی، البارزانی و الحرکه التحرریه الکردیه: ثوره بارزان ١٩٤٣ – ١٩٤٥.

٢٤. مسعود البارزانی، البارزانی و الحرکه التحرریه الکردیه: ثوره بارزان ١٩٤٥ – ١٩٥٨، ل ١٣.

٢٥. ئەم بەیانە لە بنەڕەت دا بە دو زمانی فارسی – کوردی بڵاو کراوەتەوە. تێکستە کوردییەکەی تا ئێستا لە بەردەست دا نیە. ئەوی هەیە وەرگێڕانی تێکستە فارسییەکەیەتی.

بۆ تێکستی فارسی بڕوانە: ویلیام ایگلتون جونیر، کۆماری کورد لە ساڵی ١٩٤٦ ی زایینی، وەرگێڕانی سید محمد صمدی، بەرگی ٢، ل ٩١ – ٩٢.

بۆ تێکستی کوردی بڕوانە:

عەبدولڕەحمان قاسملو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، بەرگی یەکەم، چاپی دوهەم، ١٩٨٨: ١٣٦٧، ل ٣٥–٣٨.

مەحمود عزت، کۆماری میللی مەهاباد: لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی، ١٩٨٤، ل ٧٥–٧٧.

بۆ تێکستی عەرەبی بڕوانە: عبدالستار طاهر شریف، الجمعیات والمنظمات والاحزاب الکردیه فی نصف قرن ١٩٠٨- ١٩٥٨، ل ٢٤١-٢٤٣.

بۆ تێکستی ئینگلیزی بڕوانە: فریده کوهی – کمالی دیهکوردی، ل ٥١–٥٤. ئەویش لە دۆکۆمێنتەکانی بەریتانیا دەری هێناوە:

FO/371/45436-Nov

8,1945

٢٦. گ کوردستان، ژ١، س ١، ١٥/ ٩/ ١٣٢٤ بەرامبەر ١٩٤٥/١٢/٦، ل ١١–١٢.

٢٧. ئیگلتن، س ن، ل ١٣٤.

٢٨. ر کوردستان، ١٣٢٥/٥/٢٩

٢٩. ئەم مەرامنامەیە لە بنەڕەت دا بە کوردی نوسراوە. لە لایەن "سازمان انقلابی حزب توده ایران در خارج از کشور" کراوەتە فارسی و لە ژمارەی ١٩ ی ئۆرگانەکەیدا بەناوی "توده" کە لە ئەوروپا دەرئەچو بڵاو کراوەتەوە. لە بەرئەوەی تێکستی ئەسڵی لە بەر دەس دا نەبو سەر لەنوێ کرایەوە بە کوردی.

د شەریف لە ئارشیفی نیشتمانی عیراق دا وێنەیەکی ئەسڵی ئەم "مەرامنامە"یەی دۆزیوەتەوە کە لە چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد چاپ کراوە. دەقەکەی کردۆتە عەرەبی و، کۆپی‌یەکی لە پاشکۆی کتێبەکەی دا بڵاو کردۆتەوە، بەڵام لە بەر رەشیی کۆپی‌یەکە بە باشی ناخوێنرێتەوە. بروانە: الدکتور عبدالستار طاهر شریف، الجمعیات والمنظمات والاحزاب الکردیه فی نصف قرن ١٩٠٨- ١٩٥٨. بغداد ١٩٨٩. ل ٣٤١-٣٤٦.

بۆ بەراوردی زمانی ئەسڵی مەرامنامەکە لە گەل وەرگێرانەکەی دا، چەند مادەیەکی ئەنوسینەوە:

فەسڵی ئەوەڵ

مادە ١. حیزب نێو دەبرێ بە حیزبی دیموکراتی کوردستان.

مادە ٢. حیزب لە خوارەوە ئەساسی لە سەر ئەو پایانە داندراوە: حەقیقەت، عەدالەت، تەمەدون. تەواوی نیزامنامەی حیزب و قانونی لە کۆنگرەدا تەسدیق دەکرێ و لە پاشان ئیجرا دەبێ.

مادە ٣. وێنەی حیزب قەڵەم و گوڵەگەنم قبوڵ کراوە.

فەسڵی دوەم

مادە ٤. عومدە ئامانجی حیزب لە کوردوستاندا لە سنوری دەوڵەتی ئێران بە پەرە پێ دانی حقوقێکی مەخسوس بۆ خۆی بە واسیتەی ئوسول و ئەرکانی ئیدارەکانی خودموختاریەت تەشکیل دانە ئەو ئەیالەت و ولایەتێکی میلەتی کورد کە قەرنەها لەوە پێش لەوێدا زەحمەت کێش بون بە پێی قانونی دیموکراتی، هەروەها لە مەنتیقەی کوردستان دا دەبێ تەواوی مەنفەعەتی ئەهالی کە لەوێدا دەژین لە نەزەر بگیرێ. (میلیەت، قەومیەت، مەزهەب) بە بێ تەفاوت بە میقدارێکی تەواو نمایندە بۆ مەجلیسی شورا هەڵبژێررێ.

......

٣٠. ئەرفەع، س ن، ل ٨٠.

٣١. گ کوردستان، ژ ٣، س ١، مانگی خاکەلێوە بەرامبەر مارسی ١٩٤٦

٣٢. گ کوردستان، ژ ٢، س ١، ١٣٢٤/٩/٣٠ بەرامبەر ١٩٤٥/١٢/٢١.

٣٣. ر کوردستان، ژ ٥، ٢٩/ ١٠/ ١٣٢٤ بەرامبەر ١٩٤٦/١/٢٠.

٣٤. ر کوردستان، ژ ١، ٢٠/ ١٠/ ١٣٢٤ بەرامبەر ١٩٤٦/١/١١.

کوردوستان

بلاو کەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی
کوردوستان

گوواریکی ئەدەبی کومەلایەتی سیاسییە

هەر پازدە روژ جاریك بلاو دەکریتەوە

زمارە ١ سالی یەکەم ١٥ سەرماوەز ١٣٢٤ ـ ٦ دیسامبر ١٩٤٥

فهرست

١ ـ شرح حالی استالین	٢	٤
٢ ـ پەیام بە ملەتی کورد	٥	٨
٣ ـ بوپەیدابوونی جەنگی سییەم	٩	١٠
٤ ـ کردەوەی حزبی دیموکرات	١١	١٦
٥ ـ دیموکراسی چییە	١٨	٢٠

و گەلی باسی دیکەی تیدایە

مهاباد چاپخانەی کوردوستان

ڕۆژنامەوانی ٢: ژمارەی یەکەمی گۆڤاری «کوردستان»
بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان

هەلکردنی آلای مقدسی کوردوستان

❁ لە مهاباد ❁

هەروەکو لەپێشدا دەرحەقی کوردوستاندا عرض کرا ڕۆژی ٢٦ سەرماوەزی تەواوی نوێنەرەکانی اهالی کوردوستان لە شاری مهاباد کۆبونەوە لە سەعات ١٠ی بەیانی لە کانگای حزب آلای کورد بەحضوری دە هەزار نفر هەلگیرا و لەکاتێکدا دەستەی موزیک مارشی ملی لێ‌دەدا و لە سەرتاسەری شەقامی پەهلەوی‌دا صفی نظام کە لولەی تفنگ و مسلسل و سەرنیزەیان دەدرەوشا دەستەی لاوان و قوتابیەکانی مکتب «کچ و کوڕ» لە لای ڕاستی آلا لە حرکت‌دابون گەورە و چوکی مهاباد هەیئەت و نوێنەرانی حزبی دیموکرات لە پشت سەری آلا سەرتوتلیەیان بۆ دا و ابەر و بە احترام سیپەلیان لێ‌دەدا و هورایان دەکێشا و پێشەوای معظمی کوردوستان جنابی قاضی محمد وتارێکی بە تینی لە بابەت آلای مقدسی کوردوستان ایراد فەرمو ئەو جار لە پاش نطق و خطابە و تیرهاویشتنێکی زۆر و بەجێ هینانی مراسم و نصبی آلا لە سەر عمارتی هیئتی رئیسەی ملی کوردوستان جێژنەکە کۆتایی هات.

کوردوستان: ئێمە ئەو موفقیتە گەورەیە بە تەواوی کوردەواری بە تایبەتی بە پێشەوای معظم جناب قاضی محمد و هەیئەتی مرکزی حزبی دیموکراتی کوردوستان کە لە ڕێی ئازادی و نوێنەرەکانی لە چنگی استعمار بە گیان و مال فداکاریان کردوە تبریک عرض دەکەین و امیدواران ڕۆژ بە ڕۆژ آلای مقدسی ملی لە دلی واندا بەرزتر و گەشتر ابی.

ڕۆژنامەوانی ٣: ڕیپۆرتاجی گ «کوردستان»
دەربارەی هەلکردنی ئالای کوردستان لە مەهاباد

٣. ئاهەنگەکانی ڕێبەندان

١. کۆبونەوەی مەهاباد و دامەزراندنی حکومەتی کوردستان

ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ژێر سەردێڕی "جێژنی سەربەخۆیی و ئیستیقلالی کوردستان، یا درەوشینی ئەستێرەی خۆشبەختی کوردان، بژی سەرۆك و کورد و کوردستان" ریپۆرتاجێکی درێژی دەربارەی ئاهەنگەکانی ڕێبەندان بە قەڵەمی سەرنوسەری ڕۆژنامەکە، سەید محەمەدی حەمیدی، بڵاو کردۆتەوە. لە بەر نرخی مێژویی ئەم ریپۆرتاجە، لێرەدا بەشە گرنگەکانی ئەنوسینەوە:(١)

"ڕۆژی ٢٨ ی بەفرانبار (دەیماه) ی ١٣٢٤ ی شەمسی هەیئەتانی مودیرەی هەمو لکەکانی حیزبی دیموکراتیی کوردستان و نوێنەرانی قەبایل و عەشایر و تەواوی تەبەقات لە مالیك و غەیرە مالیك هەر یەك لە چەند سەد فرسەنگ ڕێگاوە بۆ کانونی ئیحساساتی میللی و قیبلەی ئارەزو و ڕوناکیدەری ئەفکاری هەموانی خۆیان: شاری پڕ لە ئیفتیخاری میللی مەهاباد، وەکو بلبل بۆ لای گوڵ و وەکو پەپولە بۆ دەوری چرا هاتن و کۆبونەوە. لەم ویشکە سەرمای چلەی زستان بە نێو بەفر و رنوی زۆردا چەن هەزار برایانی ئێمە بێ ئیختیار تەنیا بە حوکمی ویجدان وەکو عاشق بۆ لای مەعشوق یا چاتر بڵێم وەکو ئاسن بۆ لای ئاسنرفێن (آهن ربا) بە توندی لینگیان دا و، هاتن هەستی سەرما و مەینەت و ماندوێتی ڕێگایان نەکرد هەمو بە ڕوخۆشی و پێکەنین دەگەڵ چەپڵەرێزانی بێوچان لە کاتێك دا کە وەکو ڕەعد دەنگی هورا کێشانیان بۆ ئاسمان دەچو... بون.

بۆچی؟

چونکو عەشق: عەشقی نیشتمان، عەشقی ئازادی و سەربەخۆیی، عەشقی پێشەوای خۆشەویست وە ڕەهبەری بزورگەواریان، ئەوانی وە ڕێ خست بو. چونکو فریشتەی بەخت و ئیقبال و پەری سەعادەت و خۆشبەختی لە لاسەروی فەزای گیان فێنکەرەوەی مەهاباد ئەوانی بە دەنگی دڵ لاوێنەوە و گیان

پەروەردەی خۆی بۆ بەشدار بون لە دیتنی ئەستێرەی خۆشبەختی و پیت (فەیز) وەرگرتن لە مەواهیبی هەرە گەورەی عالەمی سەرەوە بانگ کرد بو.

دڵان هەمو پێکەوە وە لە یەك سەرچاوەوە پڕ لە میهر و وەفا بون، گیانان هەمو دەگەڵ یەك جوت و لە یەك مەنشەئەوە شین و سەوز ببون: حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەو دڵانەی پێکەوە ڕاگرت بو و هەستی میللی‌یەت ئەو ئەرواحەی بە یەکەوە بەست بو.

ئەمانە هەمو لە کێ ڕا بون؟

هەمو لە هێزی دەستی بەیزا و ئیعجازی وێنە مەسیحایی بێ وێنەی کورد و تاقە کوڕی با شەهامەتی کوردستان مامۆستا و ڕەهبەری مەزنی حیزبی دیموکراتی کوردستان جەنابی قازی محەمەد، کە دەگەڵ جید و جەهدی خەلەل ناپەزیر و باوەڕی ڕاسیخ و شەجاعەت و مەتانەتی بێژمار، ڕێگای ڕەهنومایی قەومی خۆی وە پێش گرت و، تەواوی خەتەراتی زۆر سامناك و بەرهەڵستی زلی ملۆزمان و دوژمنانی بە نەبو دانا و بە بێ شك و تەردید و خەیاڵات هەوڵ بە لابردنی هەمو بەرهەڵستەکان خەریك بو، پاشان بە فەراهەم کردنی زەمینە و ئیجاد و ئیستیعدادی کۆمەڵ لە ڕێی دانانی فیرقەی دیموکراتی ئیقدامی فەرمو.

ئەی کوردستانی مەزن! ئەی دایکی نیشتمانی ٩ ملیۆن کوڕانی ڕەشیدی کورد، سەرت لە دۆشەکی بیماری و دیلی هەڵێنە و نیقابی سپی بەفر لە ڕوی خۆت هەڵگرە بۆ کفن بۆ کوڕەکانتی واگوزار کە، ئەوەتا ئەرشەدی کوڕانی تۆ ئیعجازی کرد و ئاخر رایەڵە و پۆی فێڵ و تەڵەکەی نابەکارانی لەبەر یەك دەرێنا و ژیان و خۆشبەختی بە یەکجاری تۆ و کوڕانتی سازو قایم کرد.

ئەی نیشتمانی ماد و ئەشکانی‌یان، ئەی لانکەی سەلاحەدین و نورەدین، دەیسەم، مزگێنیت لێ بێ ئاخر میکرۆبی ئەنواعی نەخۆشی‌یان لەم خاکە ماڵدراوە و، کوڕانی تۆ وەك دانەی بەرموری گەوهەر هۆندراونەوە و لە حزوری پێشەوای بزورگەواری خۆیان دا بە سان دەڕون و بە دەنگی فێنکاییدەری: "بژی کورد و کوردستان" دڵی گڵاوی دوژمنان وەلەرزین دێنن، ئەی جێگای باوك و باپیرمان شاد و خوڕەم بە کە زستانت بە تازە بەهار و بەفر و رنوت بە گوڵستان گۆڕدراوە. ئەوەتا ڕۆژی دوەمی ڕێبەندان (بەهمەن ماە) ١٣٢٤ ساتی ٨ ی بەیانی خۆشتر و ڕوناکتر ڕۆژانی مێژوی شەش هەزار ساڵەی تۆ گەیشتوە، لە سێرەی قازی، هێزی بە هێزی دیموکرات بە ساز و بەرگ و ئەسلەحەوە لە لایەکەوە قوتابی‌یەکانی کچان و کوڕانی هەمو قوتابخانەکان و لەلایەکی دی بیست هەزار نەفەر لە تەواوی تەبەقاتی

نەتەوەی بەرزی کورد هەر یەك لە جێی خۆی تەرتیب ڕیزیان بەستوە و ئاڵای سێرەنگی کوردستان لە هەمو لایەکی میتینگەکەوە و لە ڕاست و چەپی جێگای تایبەتی پێشەوای گەورەی، کە لە قەلبی میتینگ دا قەراری گرتوە، دەلارێتەوە.

حوزار هەمو چاویان بڕیوەتە ڕێی پێشەوا، ئاسمانی مەهاباد ڕوی خۆی ساف و ڕوناك کردوە، ڕۆژ پەردەی هەوری لە ڕوی هەڵایساوی خۆی هەڵگرتوە و هەمو چاوەنۆڕی مەوکیبی موبارەکی پێشەوان. بەڵێ چاوەنۆڕن و دەبێ چاوەنۆڕیش بن چونکە عەشق، عەلاقە، خۆشویستن، ئیحساسات، میللی‌یەت، هومێدی سەربەستی، لە ڕەگ و شاڕەگی وان دا دەگەڕێ و نوختەی یەکێیتی ئیتیسالی هەموان وجودی مەسعودی ڕەهبەری گەورەیە.

لەم کاتەدا بزۆکی پێشەوای خۆشەویست لە نێو سەلامی نیزامی و چەپڵەرێزان و هوڕا و ئیحساسات و شەوق وشەعەفی فەوقولعادەی کۆمەڵ دا وە دەرکەوت و پێشەوای بەرز لە کاتێك دا کە ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی لە پشت سەری دەهاتن و ئاڵای سێرەنگی کوردستان لە ڕاست و چەپی تریبون لە ئیهتیزاز دا بو ئەستۆی بەرزی بۆ ئاسمان هەڵینا بو نزولی ئیجلالی فەرمو. موتابیقی بەرنامەیەك کە لە پێشدا ساز کرا بو بە تەواوی حوزار ڕۆژباشی فەرمو پاشان تەشریفی لە تریبون هاتە خوارێ و بەپێش تەواوی گوردان و گروهان و دەستەی سەربازان و پێشمەرگەکانی کوردستان دا هات و هەموی تەماشا کردن و بەهەموان ڕۆژباشی فەرمو، لەم کاتەدا بە دەستوری معاونی فەرماندەی هەمو هێز لەلایەن سەربازان و پێشمەرگەکان و تۆپخانەی کوردستان دە دەقیقە بێوچان بە ئیفتیخاری سەربەستی کوردستان و ناساندنی ڕەئیس جمهوری کوردستان شیلینگ کرا.

پاشان لە کاتێکدا کە دەنگی هوڕا دەچو بۆ ئاسمان و لە قەلبی میتینگ دا موزیك و سرودی میللی کوردستان لێ دەدرا و دەخوێنرایەوە برای خۆشەویست غەنی خوسرەوی شەهرداری مەهاباد بە پێی دەستور هاتە پێشەوە و بە تەرتیبی ژێرەوە میتینگی ئیفتیتاح کرد و وتی:

"ئەمن غەنی خوسرەوی شەهرداری مەهاباد ئەو موەفەقیەتە گەورەیەی کە میللەتی کورد لە پاش هەزاران قوربانی دان ئەوڕۆ لە نەتیجەی فەعالییەت و کارزانی و میللەتپەروەری فەوقولعادەی پێشەوای موعەزەمی کوردستان جەنابی قازی محەمەد نسیبی بو وە پیرۆزی و موبارەکبادی بە مەقامی گەورەی پێشەوای مەزن و میللەتی ڕەشیدی کورد عەرز دەکەم وە میتینگ و جەلەسەی ئەوڕۆ بە نێوی شاری مەهاباد ئیفتیتاح دەکەم و بە دڵێکی خاوێن و پاکەوە دەڵێم بژی پێشەوای موعەزەمی کوردستان."

لە دوایە ئاغای خوسرەوی بەرنامەی میتنگی بەتەرتیبی ژێرەوە بە ئیتیلاعی حازران گەیاند:

١. دوعای جەنابی مەلا حسێن مەجدی
٢. نوتقی جەنبی پێشەوا و ڕەئیس جمهوری کوردستان
٣. نوتقی جەنابی حاجی بابە شێخ
٤. نوتقی ئاغای محەمەد حسێن خانی سەیفی قازی
٥. ئەشعاری ئاغای هەژار شاعیری میللی
٦. ئەشعاری ئاغای هێمن شاعیری میللی
٧. خیتابەی ئاغای سەید محەمەد تەها زادە
٨. نوتقی ئاغای شێخ حەسەنی شەمسەدینی
٩. نوتقی ئاغای عومەر خان
١٠. نوتقی ئاغای زێڕۆ بەگ
١١. نوتقی ئاغای محەمەد ئەمین موعینی
١٢. نوتقی ئاغای سەید عەبدولعەزیز
١٣. نوتقی ئاغای ئیبراهیم ئەدهەم
١٤. نوتقی ئاغای محەمەد فەیزوڵابەگی
١٥. خیتابەی ئاغای نانەوازادە
١٦. سرودی مەدرەسەی کوردستان
١٧. سرودی مەدرەسەی پەروانە (کچان)
١٨. خیتابەی یای ویلمەی سیادیان
١٩. خیتابەی یای خەدیجەی حەیدەری
٢٠. سرودی مەدرەسەی گەلاوێژ
٢١. سرودی مەدرەسەی سەعادەت
٢٢. خیتابەی ئاغای ئەحمەدی ئیلخانی زادە
٢٣. خیتابەی ئاغای محەمەد قادری(٢)

١. ١. دوعای مەلا حسێنی مەجدی

ئاغایان، حازران! ئەوەڵەن لەخودای بەرز دەخوازین کە پێشەوای مەزنی ئێمە لە عەدالەتی عومەری کوڕی خەتاب و ئەمانەتی ئەبو عوبێدە و شەجاعەتی خالیدی کوڕی وەلید و عیلمی عەلی کوڕی ئەبوتالیب (خودایان لێ ڕازی بێ) بەهرەوەر بێ. ئامین. پاشان ئەی ئاغایان وحازرینی نەتەوەی

کوردی غەیور حەق تەعالا لە قورئانی مەجیددا دەفەرموێ: (ان المتقین فی جنات و عیون فادخلوها بسلام امنین) کە پەرهێزگاران لە باغاتی بەهەشت و کانی‌یان دا دادەنیشن و مەلائیکە بەوان دەڵێن: وەرن بە سەلامەت و لە هەمو ناڕەحەتی‌یەك ئەمین بن دەرد و بەڵای دنیا لاچو. پاشان خودا دەلیلی ئەم سەلامەتی‌یە و وارید بونی ئەم ئەشخاسە دەفەرموێ: (ونزعنا ما فی صدورهم من غل اخوانا علی سرر متقابلین) یانی ئێمە لەبەر سەعی و کۆششی خۆمان حەسەد و کینە و بوغزمان لەوان دور کرد و وەکو برایانێ کە لەیەك ڕەنگ بوبن لەسەر تەختان دادەنیشن و بە ئەدەب ڕو لەیەکدی دەکەن، چونکو پشت لە یەکدی کردن نیشانەی ناڕەزایەتی‌یەو ئەم نەتەوانەی جۆرجۆری کە لە بەهەشت دا ئیتیفاقیان هەیە لە ئەسەری تەرکی حەسەد و کینە و لە ئەسەری نیشان دانی تەعاون و کۆمەکی بوە کە لە دنیادا پێکیان کردوە، ئەگەر وابو ئەمە تەرکی کینە و بوغز و نیفاق بکەین و بە مەقامی ئەشخاسی سزاوار حەسەد نەبەین. ئەمن حەدیسێك لە کتێبی(مسلم) ئەویش لە ئەبوسەعدی خدری نەقڵ دەکا کە پێغەمبەر (ص) بە ڕوخۆشی فەرموی ئەبوسەعید بانگدەرێك لە کاتی چونی بەهەشت بانگ دەکا: کە لە بەهەشت دا بژی بێ مەرگ و لەشساغ دەبێ، بێ نەخۆشی و هەمیشە جوان دەبێ، پیر نابی لە نیعمەتی خوا بەشدار دەبی بێ ناڕەحەتی و ناهومێدی.

ئەمەش نەتەوەی کورد ئینشائەڵلا لە ژیانی سەربەستی بە یەکجاری و، لە لەشساغی بێ نەخۆشی و، لە نەمامی ئازادی بە بێ سیس بون و، لە نیعمەتی ئازادی بێ زەواڵ، بەهرەمەند دەبین.

خوداوەندا ئەم ئاڵایە کە بە خوێنی لاوان چەقاندومانە قایم و یەکجاری کەی. ئامین.

یانی دەرەجەی بەرزو سەربڵیند بێت و سوفەرای دەوڵەتی ئێمە لە هەندەران گەورە و قسە لێ قبوڵکراو بن. ئامین.

وە دەوڵەتی جیرانی ئێمە: "ئیتیحادی جەماهیری شورەوی" هەمیشە لە عیزەت و شەوکەتی زیاد بێ و لە سەر دوژمنی موزەفەر بێ. ئامین

وە ئەو زاتانە کە لە ڕێی سەربەستی گیان و بەدەن و ماڵی خۆیان بەتڵاند موریدی ڕەحمەتی خودا و لە دەرەجەی شوهەدا بن.

وە ئاخر کەلیمەی ئێمە جوملەیەکە کە ئەهلی بەهەشت لە ورودی ئەوەڵی دا دەڵێن: حەمد بۆ خودایەکە کە چرای هیدایەتی هەڵکرد و ئەگەر چرای ڕوناك نەکردایە بەو نیعمەتە بێ پایانە نەدەگەیشتین و دو نەفەر شازادەی بەنی هاشم و سیراجەدین کە لێرە حازرن لە خودا دەخوازین کە لەسەر خزمەت بە نەتەوەی کورد بە دڵ هیمەت بکەن و موەفەق بن.(٣)

١. ٢. نوتقی جەنابی پێشەوا و
ڕەئیس جمهوری بەرزی کوردستان

"کوردستان مەوقیعیەتی جوغرافیائیەکی مەخسوسی هەیە کە بۆ پسانەوەو بۆ ئەوەی نەتەوەو میللەتێکی کە لە نێویان دا فاسیل و لێکیان بپچڕێتەوە کورد بەسەریەکەوە و پێکەوە سکونەتیان تێی دا هەیە و دارای مالکییەتی میللین دەوێ دا. بەسەرهات و سەوابیقی تاریخی‌یان یەکە و عومومەن تێی دا شەریکن. خاوەنی ئاداب و عادات و ڕسومی میللی‌یەکی وان کە هیچ جۆرە سەدەمە و حەوادیسێك نەی توانیوە سستی‌یەك لە بناغەی میللیەتی ئەوان دا پەیدا بکا.

کورد لە قەدیم ڕا هەزاران پادشا و حوکمدار و تەشکیلاتیان بوە. هەر لەم کوردستانی ئازادی ئێستادا بنەماڵەی ئومەرای موکری کە سەر سیلسیلەی ئەوان ئەمیر سەیفەدین بوە تا ١٠٢٠ ی هـ بیلئیستیقلال یەك لە دوی یەك: ئەمیر سەیفەدین، سارم بەگ، شێخ حەیدەر، ئەمیر بەگ، ئەمیر پاشا تا دەگاتە قوباد خان بە دەسەڵات و قودرەتەوە حکومەتیان کردوە.

میللەتی ڕەشید و بە غیرەتی کورد لە هەمو دەور و زەمانێك دا هەر کەس خەیاڵی ئیستیلای نیشتمانی ئەوانی بو بێ بەرەنگاری بون بەربەرەکانی‌یان کردوە و لە هیچ فیداکاری‌یەك دەستیان دانەنەواندوە. لە پاش لە دەست چونی سەڵتەنەت و حوکمداریشیان بو وەگیرخستنەوەی ئیستیقلال و ئازادی بە ملیۆن قوربانی‌یان داوەو لە بەر ئەوەی کە هەمیشە لە موبارەزە و ملە دا بون هیچ جۆرە ئەزییەت و ئازارێك نەماوە نەی چێژن و نەی بینن.

لەگەڵ ئەوەش هەمو کوێرەوەری و کوشتن و بڕینێکیان تەحەمول کردوە و قەت لە ئامانج و ئارەزوی خۆیان شل نەبونەوە و لە ڕێی وە دەست خستنەوەی ئازادی دا وچانیان نەداوە، بە دڵێکی ئەوەندە بە هێزو عەزمێکی هێندە سابیتەوە تێکۆشاون تا ئێستا هێزێکی وا پەیدا نەبوە بتوانێ تێکڕا خەفەیان بکا. میرەکوێرەیان کوشتوە بابان سەریان هەڵداوە، بابانیان بێدەنگ کردوە ئەردەڵان بڵێند بون، ئەوانیان لە عەرزی داوە بتلیسی بەرز بونەوەو هەزاری دیکەی وەك ئەوان.

تا لەو دوایی‌یانەدا لە پاش شەڕی بەینەلمیلەلی پێشوەوە کە دیکتاتۆری ئێران و تورکیا هاتنە سەرکار و زمان و عادات و مەزهەب و خسوسیاتی میللی کوردیان بە جارێك لاواز و کز و کەنەفت کرد، لە هیچ وەحشییەت و دڕندەییەك ڕانەوەستان، خوێندن و نوسینی زمانی کوردی مەمنوع و پۆشینی لیباسمان قەدەغە بو.

نەیان دەهێشت لە هیچ جۆرە مەزایا و حقوقێکی بەشەرییەت بەشمان ببێ، ڕێگای فێربونی عیلم و سنعەتیان لێ بڕی بوینەوە، هەر ڕۆژە بە بەهانەیەك و هەردەمێ بە تەشقەڵەیەك دەستە دەستە و پۆل پۆل کوردی هەژار و بەدبەختیان حەبس و تەبعید دەکرد و دەیان کوشتن و لە بەینیان دەبردن، حاسل و دەسڕەنجی ئەو میللەتە بێچارەیان دەبرد بۆ خۆیان و ئەوانیشیان برسی و تینو و ڕوتوقوت دەهێشتەوە.

تا لە شەهریوەری ١٣٢٠ دا فریشتەی ئازادی دەستگای دیکتاتۆری و فاشیستی رەزاخانی تێکشکاند. کورد سەری لەو هەمو فشار و ئەزێتە کەمێ فاریغ بو فەوری ئیحساسی کرد، چۆن دەبێ لە فرسەت ئیستیفادە بکات و، ڕێگای سەلاح و وەدەست خستنی ئازادی ئەو میللەتە چیە و چبکا؟ پیاوانێکی بە بیرو هۆش و بە شەرەف کە زۆر لە مێژ بو خوێناوی دڵی خۆیان دەخواردەوە و بۆ زەلیلی ئەو میللەتە دوکەڵ لە دەرونیان دەهاتە دەرێ زۆر زو تەشخیسیان دا کە وەختی کارە و لەو فرسەتە دەبێ بەهرە وەربگیرێ و ئەوە تەواو ئەو ڕۆژەیە کە پشتاوپشتمان چاوەڕوانی بون. یەکجار و خێرا، بێوچان و ڕاوێستان، دەستیان بە کار کرد حیزبی دیموکراتی کوردستانیان تەشکیل دا و بە دەستوبرد خەریکی کاروباری میللی بون و بە چاوێکی ورد و بە دیقەت ئیحتیاج و پێداویستی کوردیان تەشخیس داو بەدی کرد.

لە پێش هەمو شتێك دا ئیختیلاف و دوبەرەکانی عەشایەری کە بە دەسیسە و حیلەبازی ئیستیعمارچی و دیکتاتۆران بۆ ئیستیسمار و خواردن و کروشاندنەوەی ئەو میللەتە بە قەولی خۆیان: "تفرقە بینداز و حکومەت کون " دە بەینی خست بون و تا ئەندازەیەك ئەو ئاورە بڵێسەی ساند بو برای دایکوبابی لە یەك بەزاند بو یەکەتی لە گورێ هەڵگیرا.

....

چەند مەدرەسەی کچان و کوڕانمان کردەوە، مەدرەسەی شەوانەمان دایر کرد و کتێب بە زمانی کوردی تەرجەمە کران... کوڕ و کچ و پیاوی گەورە لە مەداریسی شەوانە و ڕۆژانە بە زمانی کوردی دەخوێنن لە جیاتی ئەوەی شەش حەوت ساڵ خەریکی خوێندن و فێربونی زمانی فارسی بن لە مانگێك و دومانگ دا دەبنە خوێندەوار و هەمو شتێك دەخوێننەوەو دەنوسن.

بۆ ناساندنی لیاقەتی میللی و دەرخستنی حەیاتی ئەدەبی و فەرهەنگی کورد و بۆ ڕاگەیاندنی هاواری خۆمان بە گوێی دنیای بەشەریەت و عەدالەت موحتاجی وەسیلەی چاپ و بڵاوکردنەوە بوین، چاپخانەی زۆر چاك تەئسیس کرا و دانرا لە شاری خۆمان دا بە زمانی خۆمان بە چاپخانەی خۆمان گۆڤار و ڕۆژنامە دەردەچێ و بیر و فیکر و داخوازی ئێمە لە دنیادا بڵاو دەکاتەوە.

حاسل و بەروبوی ئێمە کە میقدارێکی زۆرو زەوەند و بە قیمەت بو بە فیرۆیی لە دەستیان دەرهێنان و دەستی ئیستیعمار سەددێکی لە پێش ئێمە و بازاڕی دنیا دروست کرد بو ڕێگای حەلمان دییەوەو تیجارەت و ئیقتیسادی کوردستان زۆر باش تەئمین کرا.

لە زەمانی دیکتاتۆری دا کە هەمو عەواریزێکیان لێ دەستاندین کەموزۆر وەسیلەی لەشساغی و موعالەجە، نە حەکیم، نە دەرمان، نە مەریزخانە، بۆیان سازنەکردین ئێمە بۆ خۆمان مەریزخانەی زۆر باش بەو زوانە دایر دەکەین و لەشساغی وڵاتمان تەئمین دەبێ.

هێزێکی میللیمان تەشکیل داوە کە بە شەجاعەتێکی تەواو حازرە دیفاع لە نیشتمان بکا.

دیارە موەفەقییەتی ئێمە سەراسەر لە عەینی مەرامی دیموکراسی و لە نەتیجەی فەعالییەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بە پشتیوانی عالەمی دیموکراتە لەبەرئەوە... دەڵێین بژی موئەسیسینی دیموکرات.

میللەتی کورد هەزاران سەد و بەرهەڵستی سەخت و سەهەندەی لە ڕێ دا بو دەستەودایرەی دیکتاتۆری بێوچان کارشکێنی ئێمەیان دەکرد و لە هیچ نامەردییەك ڕانەدەوەستان. ئیختیلافاتی عەشایەر بۆ داخلیش ئیشکالێکی گەورە بو بۆ ئێمە. ئەمما ئەوانە هیچکامێکیان نەیان توانی پێش بە ئێمە بگرن بە دڵێکی بەهێز پایەداریمان کرد و ئیدامەمان بە فەعالییەتی خۆمان دا تا ئیستیقلال و ئازادی نەتەوەی کوردمان بە دەست هێنا.

دیارە بەقایایەکی ئەو خەتەراتەش کە ماوە چە لە داخل دا و چە لە خاریجا میللەتی کورد موبارەزەی خۆی لە گەڵیان ئیدامە پێ دەدا بە پشتیوانی خودا موزەفەر و مەنسور دەبێ.

ئەورۆ لە نومایندەکانی تەواوی نەواحی و نوقاتی کوردستان بێ ڕیعایەتی تەبەقات ئەعەم لە ئاغاو ڕەعییەت و، گەورە و چوك، کۆبونەوە و یەکدڵ و یەکزمان هاواری دیموکراسی دەکەن بە ڕێی دیموکرات دا دەرون قودرەت و قوەتی دیموکرات نیشان دەدا."(٤)

١. ٣. نوتقی فەرماندەکانی پێشمەرگە

١. ٣. ١. محەمەد حسێن خان

کومەک فەرماندەی هەمو هێزی کوردستان

ئەمن بە نوێنەری لە لایەن هێزی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە پێپیرۆزەی خۆم دەگەڵ گیانی سەربازی و پێشمەرگەیی بە پێشگای ئەقدەسی جەنابی قازی محەمەد ڕەئیسی خۆشەویستی جمهوری کوردستان و بە هەمو

نەتەوەی کورد ڕادەگەیەنم و، شانازی ئەوەم هەیە کە بڵێم یەکەیەکەی سەربازانی کە بە تەواوی ساز و بەرگ و ئەسلەحەوە لە کن حەزەراتی گەورە ڕاوەستاون و منیش یەکێکی چکۆلەم لەوان وەکو شێری ڕق هەڵستاو لەشی ڕوت و گیانی بێ بەهای خۆمان بۆ دیفاع لەو ئاو و خاکی کوردستانە تا ڕژاندنی دوایی تنۆکی خوێن لە سەر دەسمانە.

.... برایانی هاوخوێن بە پشتیوانی یەکەتی و دڵپاکی کە لە کوردستانی ئەوڕۆ و لە نێو ئێمەدا، لە ژن و پیاو و، چکۆلەو گەورەدا، هەیە لە سەر ئەو مێزە ڕاوەستاوم و دەڵێم و داوا دەکەم: کە ئێمە بۆ هێزپێدان و سەرکەوتنی جمهوری کوردستان لە هەڵاویشتنی گیان و دە پێناو دانانی درێغ ناکەین و درێغمان نیە، بە پێی ئەم پایەش پێویست دەزانم کە خائین و خادیم، ڕاست ودرۆزن بە ئەنگۆ و براکانی تر بناسێنم."

....

سەیفی قازی ئینجا ناوی چەند کەسێ لەوانەی هاوکاری لە گەڵ دوژمن ئەکەن، ئەهێنێ لەوانە: عەلی عەلی یار، ڕەحیمی وەستا عەزیز، غەفوری مەحمودیان، حەمزەی عەلی قاوەچی، مەلا ڕەحمانی سرنجداغی، محەمەدی عەباسی، عەلی نەوزەری، عەبدوڵا بایزئاغا، بایز ئاغا و کاکەڵا ئاغای گەورك، قەرەنی ئاغای مامەش، محەمەد فاروقی.(٥)

١. ٣. ٢. خیتابەی ئاغای ئانەوازادە

فەرماندەی هێزی مەرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان

ئەی قارەمانان و جەنگاوەران!

ئەی ڕەشیدان و دلێرانی خاکی پاکی کوردستان!

تاریخی ئەوڕۆکەو هیچ وەخت لە بیر نەچێ. ئەوڕۆ ڕۆژێکە لە ئایندەی نیشتمان و میللەتی کورد ئەسەراتێکی زۆر و بێ سابیقەی هەیە. خۆم ئیعتیراف دەکەم لە عوهدەی ستایشی ئەوڕۆژە نایەمە دەر و باوەڕیش ناکەم کەسیش بێتە دەرێ. چون تەقدیری خودای لایەزال ئەو ڕۆژەی گەورە و سەربەرز کردوە. ئەوڕۆ مەنشەئی تەحەولێکی گەورەیە بۆ نەژادی کورد، بۆچی؟ نیشتمان و تەبیعەت ئەوڕۆکانێ چاکترین هەدیەی خۆیان پێشکەشی میللەت کردوە یەگانە نابیغە و پێشەوای کوردیمان وە دەرخست تا بە بێکەسی و دەربەدەری و دەرد و زیللەتی کوردەواری خاتیمە بدا و کوردان بو هەزاران موەفەقیەت و سەربەرزی ئامادە بکا.

ئەی خالیقی لایەزال! پێشەوا و ڕەئیسی جمهوری کوردان موەفەق و پایەدار بکەی، کوردستان جێگای دلێران و لە گیان ڕابردوانە. کورد بە

ڕەشیدی و بێباکی شوهرەی دونیا بون و ڕابردوی زۆر ڕەوشەنی ژیانی ئەو میللەتە قەدیمە وەکو ئەستێرە ڕوناکی چاوی هەموانە.

ئەی لاوان و پێشمەرگانی کورد! ئەنگۆ کوڕی ئەشخاسێکن کە بە موروری زەمان دەنگی شەهامەت و گوڕەی وان عالەمگیر بوە و یادگاری زۆر ڕوناك لە شەهامەت و عیزەتی نەفس و ڕەشادەتی وان باقی ماوە. نۆبەی ئەنگۆیە، سینگ وە پێش خەن و بە ئیمانێکی قایم داخڵی خزمەتی سەربازی و پێشمەرگەیی بن، بۆچی؟ ئیفتیخاراتی سەربازی لە هەمو ئیفتیخاراتێك مەزنترە. چون سەرفرۆشتن لە ڕێگای نیشتمان گەورەترین فیداکارییە. بۆیە گەورەگەوران فەرمویانە: قشون ڕوحی مەملەکەتە. مەملەکەت دەبێ ساحێب هێز و قوەت بێ تاکو ئیفتیخاراتی میللی خۆی ڕاگرێ، دەلیلێکی زۆر قایم و نیزیك هۆردوی سورە کە بە هێز و قوەتی خۆی بە دنیای نواند کە هۆردوی سور بە ئیفتیخارترین ئەرتەشی دنیایە، ئەو ئیفتیخارە گەورەیە کە خودا نسیبی مەی کردوە بە جەبونی و کەم دڵی لە دەستی نەدەین.

ئەمن فەرد فەردی لاوانی بە جەرگ و هەناوی کورد بۆ مەیدانی ڕەشادەت و شەجاعەت و ئیفتیخار دەعوەت دەکەم کە لە ڕێگای نیشتمان و پێشەوای موعەزەم ئیفتیخاری جانبازیمان هەبێ.

لە ئاخری دا بە دڵێکی خاوێن و ئیمانێکی قایم بە میللەتی خۆم پایەدار بونی دەوڵەتی کوردی لە خودای بەرز و بێ هاوتا دەخوازم و بە دەنگێکی بڵیند دەڵێم:

بە سەلامەتی ڕەئیس جمهوری و پێشەوای مەحبوب هورا!
بۆ بەرزێتی خاکی پاکی نیشتمان هورا!(٦)

١. ٤. سەرانی ئێلەکان

١. ٤. ١. عومەر خانی شکاک (٧)

١. ٤. ٢. زێرۆ بەگی هەرکی

"ئەمن بە نوێنەری لە لایەن هەمو قەبایلی شکاك و هەرکی موبارەکبادی ئەم جێژنە خۆشەویست و مەزنە بە هەمو برا کوردێك بە تایبەتی بە حزوری جەنابی پێشەوا و ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی و کارگەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان عەرز دەکەم و بەڵێنێ دەدەم کە تەواوی نەتەوەی شکاك و هەرکی ئامادەن بە وێنەی باب و باپیری خۆیان سەروماڵیان لە ڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی کوردستان بەخت بکەن.

قسێکی دی کە بۆ ڕون بونەوەی بیری هەمو کەس زۆر بە پێویستی دەزانم عەرز دەکەم ئەوەیە: کە ئاغای حاجی سەید عەبدوڵا ئەفەندی لە پاش

شەهریوەری ١٣٢٠ کە کورد دەستیان بە ملە و موبارەزەی میللی کرد و ویستیان حەقی مەشروعی خۆیان بستێنن، عیدەیەکی زۆر لەبەر چاوەنۆڕی کە لە وییان هەبو وە دوی کەوتن و دەیان ویست بە پێشەوایی و پشتیوانی ئەو ئاغایە ڕەهنمایی بکرێن. بەڵا ئەو زاتە بە پێچەوانەی ئینتیزارات و چاوەنۆڕی هەمو کەس لەساڵی ١٣٢١ هەڵستا چوە تاران و بە زدی کوردان دەگەل کاربەدەستانی تارانی بە تایبەتی دەگەل ستادی ئەرتەشی ئێران خەریکی گفتوگۆ بو وە خەیانەتی بە کوردان دەکرد و سەد دەر سەد کاری کوردانی وەپاش خست..."(٨)

١. ٤. ٣. ئیبراهیم ئاغای ئەدهەم مەنگوڕ

پاش ئەوەی تەبریکی جێژنی سەربەخۆیی کوردستانی بە حزوری پێشەوای موعەزەم و هەمو حازران گەیاند گوتی:

" تەواوی ئێلی مەنگوڕ بە تایبەتی بابوباپیری من بۆ دەفعی دیکتاتۆران و دەرهێنانی نیشتمانی کوردستان لە ژێر چەنگی وان هەمیشە دەکێشە و ملە و هەرادا بون. حەمزە ئاغای گەورەی باپیرم کە زۆر بە نێوبانگە چەن جار دەگەل بلەوەزەکانی ئێران بە شەڕ هاتوە و مەراکیزی لێ چۆڵ و وێران کردون و بە دەسیسەی ئێرانییان لە ئاستەنبول ١٢ ساڵ گیرا پاش بەربون دیسان چەن جار لە گەڵ ئێرانییە موستەبیدەکان بە شەڕ هاتوە تا چارەیان نەما بە فێڵ و فریو حەمزە ئاغایان دەگەڵ کاکە سواری برایم ئاغا گرت و سەریان بڕین.

حەمزە ئاغای براشم دەگەل حەسەن ئاغای بایز ئاغا چەن وەختێك بەند کران و سلێمانی ڕەسول ئاغا و عەبدوڵای فەتاحی ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان حەبسی زاڵمەکانیان زۆر دیوە.."

ئیشارەی بە شەڕی مەلا خەلیل کرد. ئەمانەی هەر بۆیە بو کە ئیسپات بکا کە ئێلی مەنگوڕ هەمیشە بۆ نەجات دانی وەتەنی خۆی لە ژێر دەستی زاڵمان سەعییان کردوە و قوربانییان داوە. پاشان گوتی:

" ئەمەش کە نەوەی ئەو شێرمەردانەین ئامادەین وە دوای ڕابردوانی خۆمان کەوین و بە خوی چاك و ڕێوشوێنی چاك دا لە ڕێی نیشتمان دا بمرین."(٩)

١. ٤. ٤. محەمەدی فەیزوڵابەگی (١٠)

١. ٤. ٥. ئەحمەد ئاغای ئێلخانی زادە

"برایانی خۆشەویست!

من یەك نەفەرم دەتوانم سابیت ڕەوشەنی بکەم کە لە دەوری دیکتاتۆری ئێران دا لە من بێنەوا و پەرێشانتر کەس نەبو، چونکو ویجدان و میللی‌یەتم ئیجازەی نەدەدا کە بچم و بە وان تەمەلوق و فروتەنی بکەم، و گەلێ جار بە خۆم دەگوت: خۆزگا نەدەمردم و بە چاوی خۆم دەمدیت جارێکی دی تفەنگ و فیشەکدانم هەڵدەگرت و بە ئەسلەحە دەڕازامەوە. و وجودی ئەمنییەم نەدەدیت، ئێستا دەبینم لە مەراحیمی ئیلاهی لە باتی بێگانان برایانی بەهێزی کورد پێ بە عەرزی دا دەدەن و دەرجا لێ دەدەن و دەنگی چەکمەی ئەو لاوە ڕەشیدانەی کورد و برایانی کوردی خۆم مونعەکیس بوە و بەتەواوی دوژمنانی بەشەرییەت و دیکتاتۆران دەڵێ: کە لەمەوپاش بە ئەندازەی بەرەی خۆتان پێ ڕاکێشن و، بۆ حقوقی خەڵکی دەسدرێژی مەکەن دەنا بەم چەکمانە سەرتان پان دەکەینەوە.

ئێستاش، کە لە حەمدی خوداوە لە سایەی ئازادی، ئەملاك و داراییم زیاد بوە، ئەوا سێ دانگی دێی "عیش ئاوا" ی موڵکی خۆم کە پێم وایە لە ژیانی ماڵ و منداڵم زیادە، بە دەوڵەتی سەربەرزی کوردستانم پێشکەش کرد، چونکو لە پێش چاوم گەلێ چەتونە کە برایانی خۆم بێ سەواد و ئەسبابی خوێندنیان نا مورەتەب بێت و من لە عەیشی کامەرانی‌دا بم، دیسان گیانی خۆم وەقفی دەوڵەتی سەربەزی کوردستان کرد کە لە ڕێی نیشتمانی خۆشەویست دا گیانی خۆم بەخت و هەمو هێزی سەرف کەم و بە یارمەتی خودا و هومێدی ڕەسولی ئەکرەم خوێنی دوژمنانی کوردستان دەگەل مێشکی سەریان بڕێژم و بە نوێنەریی برایانی ئەفسەران ئەوانەو عەرز دەکەم: مەبادا دوژمنانی کوردستان خەیاڵی یەك زەرە تەجاوەز بۆ خاکی کوردستان بکەن دەنا بە یارمەتی خودا لە سنوری خۆیان دا مەحو و نابودیان دەکەین.

بژی کوردستان!

بژی ڕەئیسی جمهوری کوردستان جەنابی قازی محەمەد!

١. ٤. ٦. محەمەدی قادری مامەش

"ئەی ئاغایانی مەزن

ئەی برا سەپان و تیجار و کاسبە باشەرافەتەکان!

پێویستە ئێوە بزانن وەزعیەتی کوردستانی ئێمە ئیمڕۆ لە هەمو کاتێکی ڕابردو ئەهمییەتی زیاترە چونکە لە لایەکەوە حکومەتی زاڵمی ئێرانی کەوتۆتە پەلە و دەستەپاچە بوە بە هەر وەسیلەیەکی کە لە دەستی دایە هەوڵ دەدا کە یەکێك لە برایانی ئێمە فریو بدات و بیان خاتە ژێر پەنجەی

دێوی ئیستیبدادەوە لە لایەکی تر چەند کەسێ لە پیاوە تێنەگەیشتو و مێشك ڕزیوەکانی وەکو قەرەنی ئاغای پەسوێ و عەلی ئاغا لەم قەڕنی بیستەمی تەمەددونەدا تەماع و تەکەببور چاوی بەستون و شەرافەت و میللییەتی لە دەست داون. سەهلە لە بۆ ئازادی کورد تێ ناکۆشن بەڵکو چاوەنۆڕی دەرفەتیش دەکەن کە ئێمە دوبارە ئەسیر کەنەوە. ئەنجا ئەی برا کاسبکارەکانی باشەرافەت! ئەی شێربەچانی مێشەی کوردستان! ئیمڕۆ بۆ ئێمە دو شت زۆر لازم و پێویستن: ئەوەڵ فیداکاری و گیانبازی هەموان بۆ کوردستان. دوەم فیداکاری پێشەوای بەرز بۆ هەمو کورد. فیداکاری ئێمە بۆ کوردستان ئەمەیە کە گیان و ماڵی خۆمان بە تەواوی دە ئیختیاری پێشەوای مەزن بنێین بۆ پێداویستی وڵات بەختی بفەرمون و فیداکاری پێشەوای مەزن..."(١١)

١. ٥. بنەماڵە دینییەکان

١. ٥. ١. حاجی بابە شێخ (١٢)

١. ٥. ٢. شێخ حەسەنی شەمسی بورهان

"برایانی خۆشەویست، ئاغایانی موحتەرەم!

ئەوڕۆ ڕۆژێکی زۆر بەنرخ و قیمەتە. ئەوڕۆ ڕۆژێکی یەکجار گەورە و بە حورمەتە. ئەوڕۆ جێژنێکی پیرۆز و موبارەکە. ئەوڕۆ ئەو ڕۆژەیە کە گەلی کورد لەمێژ بو چاوەڕێی هاتنی بو و لەمێژ بو هەوڵی بۆ دەدا و هەزاران پیاوی ناودار و لاوی نازداری خۆی لە سەر بە کوشت دا. سوپاس بۆ خوا کە پاش گەلێك کوێرەوەری و دەربەدەری و ئەسیری و فەقیری و زیللەت و مەینەت بەو ئاواتە پیرۆزە گەیشتین و ئێستا جێژنی ئازادی و سەربەخۆیی دەگرین.

شنەبای ڕەحمەت هات و تەپوتۆمانی نەگبەتی لە سەر ڕەواندین و هەتاوی خۆشبەختی هەڵات و زوقم و سیخواری چارەڕەشی لە کوردەواری دا تواندەوە، ئەو ڕێبەندانە بۆ ئێمە بەهاری ئازادیە.

براکان! چاو هەڵێنن و ئاڵای موقەدەس و سێرەنگی کوردستان ببینن و چاو و دڵتان ڕون بێتەوە و ڕەئیسی جمهوری خۆشەویست ببینن و شوکرانەی خودا بە جێ بهێنن. لە ئەنجام دا جێژنە پیرۆزەتان لێ دەکەم و دەڵێم خۆشەویستەکانم بۆ پاراستنی ئەو ئاڵا موقەدەسەو، بۆ خزمەتی ئەو پێشەوا مەحبوبە بکۆشن." (١٣)

١. ٥. ٣. سەید عەبدولعەزیز سەید عەبدوڵا گەیلانی

"براکانم گەورە و ئاغایانی کورد!

خانەوادەی نەهری بە گەورە و پچوك و، ژن و پیاو و، کچ و کوڕیانەوە زۆر بە ئیفتیخارەوە تەبریکی ئەم جێژنە موبارەکە و موقەدەسە ئەوەڵەن تەقدیمی مەقامی عالی ڕەئیس جمهوری موحتەرەم دەکەن کە لە ڕێی ئەم ئازادییەدا هیچ جۆرە قسورێکی نەکردوەو بە هیمەت و عەزم و ڕوحبەرزی و حیکمەت و تەواناى خۆی توانی موکافەحە بکا و ئەم ئازادییەمان بۆ وەگیر بخات.

وە دوەم جێژنە پیرۆزە لە هەمو برا کوردێك دەکەن کە ئەوانیش لە ڕێی ئەم ئازادییەدا نەبەزیون و موقابیل بەو سەدەماتە و نەکەباتەی زەمان کە بە نیسبەت کورد هەمیشە عەکسی بوە و هەمیشە هێز و پەنجەی ئیستیعمار و جەهالەت لە کوردستان دا سەرکەوتو بوە بە عەزم و سەبات وەکو پۆڵا ڕاوەستاون و هەر نەبەزیون و هەر وەکو تاریخ بۆمان ئیسپات دەکا کە کورد لە هەموو فرسەتێك دا محاوەلەی ئازادی وەرگرتنیان کردوە بەڵام لەبەر ئەوەی پەنجەی ئیستیعمار هەمیشە لەسەر کورد غالب بوە و بە ئەنواعی وەسائیلی وەحشییانەو بە ناوی دین و دنیا حەرەکاتی ئازادییان کوژاندۆتەوە کە کورد نەیتوانیوە ئازادی خۆی بستێنێ. بەڵام لە نەتیجەی ئەو هەمو کیفاح و سەعی و هەوڵدانەی کورد دەوڵەتی شورەوی کە پشتیوانی میللەتانی بێ کەسە لەسەر حەقی میللەتی بێچارەی کورد بە جواب هات و مەجالی نەدا ئەمجارەش ئیستیعمار سەری پان کاتەوە ئازادی پێ بەخشین و دەبێ بشزانین کە ئەوەش لە نەتیجەی سەعی و هەوڵدانی ڕەهبەری موحتەرەم ڕەئیس جمهور حەزرەتی قازی محەمەد بو کە شەو و ڕۆژی خۆی لەو ڕێیەدا سەرف دەکرد و مەعنای ئیسراحەتی نەدەزانی کە توانی بە هۆی سەعی و محاوەلات و نەبەزینی خۆی میللەتی کورد بە دەوڵەتی شورەوی بناسێ و داوای ئازاد بونی کورد بکا.

ئەی برا کوردەکانم بزانن شوهەدای خانەوادەی نەهری کە لە ڕێی ئەم ئازادییەدا خوێنی خۆیان ڕشتوە و شەهید کراون و سەفحەی تاریخی خۆیان بە ئاوی زێڕین نوسیوە ئێستەکە لە ئێمە مانان شادترو مەسرورترن و ئێستەکە جێژنی ئەوانە. بەڵێ جێژنی ئەوانە چونکە زانییان کە خوێنی ئەوان بە خۆڕایی نەڕۆیوە و نەتەوەی ئەوان بەو ئازادییە موقەدەسە شاد بون ئەوەش بزانن کە ئێستاکە ڕوحی پاکی ئەو شەهیدانە لێرەدا حازرن و بە یەکدەنگ جێژنە پیرۆزە لە هەمو برا کوردێك دەکەن و تەواوی ئەفرادی

خانەوادەی نەهری بە گەورە و بچوکیانەوە بە ڕویەکی زۆر سپی و موفتەخیرانەوە ڕجا و تکا لە هەمو کوردێك دەکەن کە بۆ خاتری خودای: مازی و عەنعەناتی کۆن و ئاکاری سەخیفانەی ئیقتاعی و ئیستیعماری لە بیر بکەن. تەوائیفولملوکی و دوژمنایەتی و مەنافیعی مادی و مەعنەوی شەخسی تازە مەکەنەوە. گەورەیی و بچوکیی و ئاغایی و گەدایی لە ناو خۆتان هەڵگرن. هەر وەکو برا دەست دەنە دەست یەك و بخوێنن و موتەحیدو یەکدڵ و جانفیدا بن بۆ ئەوەی ئەو ئازادییەی کە لە پاش سەعی و کیفاحی هەزاران ساڵ بە دەستمان کەوتوە لە دەستی نەدەین و بەرقەرار و بەهێزتری بکەین.

براکانم دەزانن کە زۆر برای دیمان هەن ئێستاکەش لە ژێر زنجیری ئیستیعمار و ئیستبداد و ئەسارەت دەناڵێنن و بە چاوێکی زۆر برسییەوە چاوەڕوانی هیمەت و پیاوەتی ئێوە دەکەن؟ لە بەر ئەوە نابێ هیچ کوردێکی بە شەرەف بەم ئازادییە کەمە ڕازی بێ بەڵکو فەرزە و پێویستیشە لەسەر هەمو کوردێك مازی و ڕابوردوی ڕەشی لە بیر کا و بە هۆی عەزم و برایەتی و هێزو هیمەتی خۆیان لە ژێر ڕیاسەت و سەرپەرشتی ڕەئیسی جمهورمان قازی محەمەد ئامادە بین ئەو برا کوردە ئەسیرانەی دیمان کە حالی حازر لەژێر زنجیری ئیستیعمار و ئەسارەت دا دەناڵێنن دەربێنین و خوێنی خۆمان لەو ڕێگایەدا بڕێژین و بە خۆمان نەڵێین ئازادین تاوەکو کوردستانی گەورە بە تیشکی ئازادی ڕوناك دەکەینەوە.

ئێمەش هەر فەردێك لە خانەوادەی نەهری حازر و ئامادەین بە ڕوح و گیان و سەرو ماڵمان و بە ڕوحێکی زور پڕ ئیخلاسەوە لەو ڕێیەدا خزمەت و فیداکاری بکەین.

لە دوایەدا لە خوای عەزەوەجەل دەپاڕێینەوە کە خوا بە گەورەیی و عەزەمەتی خۆی عومری ڕەهبەرو ڕەئیس جمهورمان قازی محەمەد درێژو پایەدار کا کە بتوانێ ئەو ڕیسالە موقەدەسە گەورەیە کە دەستی پێ کردوە تەواو و بەرقەرار کا و کوردستانی گەورە ئازاد کا. وە بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکەین و دەڵێین:

هەر بژی ڕەهبەرمان ڕەئیس جمهوری کورد قازی محەمەدو
هەر بژی کورد و کوردستانی گەورەو
هەر بژی جەنرالیسموس ستالین ڕەهبەرو پێشەوای ئازادی گێتی!"(١٤)

١. ٦. وتاری حیزبی‌یەکان

١. ٦. ١. سەید محەمەد تەهازادە

"بسم الله الرحمن الرحیم

ئاغایانی موحتەرەم برایانی خۆشەویست

ئەورۆکە ڕۆژێکی زۆر موبارەکە، ڕۆژێکی تاریخی‌یە، تا ئەورۆکە دایکی نیشتمانی کوردستان وای بە خۆیەوە نەدیوە کە کوڕەکوڕەکانی بە شادی و کەیف خۆشی لە دەوروبەری دا کۆبونەوە و لە هاتوچۆدان بە قاە قاە پێ دەکەنین داوەتیانە و هەوری نەگبەت و چارەرەشی بەنوکی قەڵەمی ڕوناك فیکران بە زۆری باسکی لاوە بەغیرەتەکان زنجیری دیلی و بەدبەختی‌یان لە ئەستۆی داڕنیوە و چاوی بە فرمێسکی بە دەسرەی خۆشەویستی دەسترِنەوە ڕۆڵە دەنگ خۆشەکانی وردەبرینی خوێ پێ وەرکراوی دەرمان دەکەن... قیمەت و بەرز بیندراو. دەبێ قەدری بزانین و بۆ بەرقەراری ڕاوەستانی دەستەو دوعا ڕو بە قیبلە ڕاوەستین و بە دەنگێکی بەرز لە خودای بێ هاوتا تەمەنا بکەین ئەو ڕۆژەمان لێ پیرۆز کا و تا زەمان بەروبو درێژ بۆمان ڕاوەستاو و بەرقەرار بکا - ئامین.

... ییکیش دەمەوێ موختەسەرێك لە زەمانی چارەڕەشی و بەدبەختی دایکی نیشتمان کە کوردستانە کە بە سەر گەنجە ئازا و خوێنگەرمەکانی هاتوە بەیان بکەم.

ساڵەهای ساڵە پەنجەی ئیستیبداد و دیکتاتۆری گەروی دایك و بابی ئێمەی ڕێك دەگوشی. ڕوچنە ڕوناکی ئێمەی بە پەردەی زوڵم دادەپۆشی، دەستی مەردانەگی و ئیتیحادی ئێمەی بە زنجیر دەبەست و ڕێگای جادەی سەرکەوتنی ئێمەیان بەو دەردە دەبرد چاڵاوی دوبەرەکی و نیفاقیان لەسەر ئێمە هەڵ دەقەند، چاوی تیژبینی ئێمەیان رەشایی پەردەی زوڵمەتی نادانی دایان دەپۆشی ڕیگای نەجات و تەرەقی‌یان لێ ون دەکردین و توشی هەزار ئەشکەوتی تاریك و چاڵاوی بێ بن و مەوجی دەریای بەدبەختی و چارەڕەشی‌یان دەکردین هەرچی حەول دەدرا ڕێگای نەجات غەیرە مومکین بو وەکو عەرزو دەکەم بەو هەمو دەردی سەری و بەدبەختی دوبارە خوێنی گەرم و چاك لە ڕەگی کوردەواری دا بە جونبوش دەهات کەمەری مەردانەگی‌یان دەبەست و ڕوڵە ڕەشیدەکانی میللەت دە تەقەلا دەکەوتن و دەستیان دەکرد نەهزەت زۆر بەهێز و تا دوامین هەناسەی ژیانیان پایەداری‌یان دەکرد.

وەکو نەهزەتی شێخ عوبەیدوڵا کە لاپەڕە بەرزەکانی مێژو شاهیدی فیداکاری و جانبازی وین کە تا ئاخر هەناسەی ژیانی عومری خۆی بە هەدەر ڕانەبوارد شوهەدای کوردی شیمال بە خوێنی خۆیان خاکی کوردەواری‌یان ڕەنگاندوە قیامی شێخ سەعید کە لە ڕێی ئازادی میللەت و خاك و خۆڵی کوردستان دا گەردنی خۆی تەسلیمی تەنافی کەمالی بێ کەمال کرد. یا خیر شێخ عەبدولقادری شەمزینی تا ئاخر نەفەسی پایەداری کرد و تا دەرەجەیەکی حازر بە فیدای ڕێ بو وەکو حەزرەتی ئیبراهیم بە ئەمری خودای تەعالا کوڕی خۆی حەزرەتی ئیسماعیلی حازر کرد بۆ قوربانی لە ڕێی خودای خۆی دا ئەویش لە پێش هەمو کەس دا ڕەوشی ئەو زاتە موقەدەسەی کردە سەرمەشق بۆ میللەتی بە شەهامەتی کورد. حازر بو لە ڕێی ئازادی و سەربەستی میللەت دا کوڕی خۆی سەید محەمەد ئەفەندی کرد بە قوربانی و بە ڕشتەی تەنافی بێ مروەتی کەمالی بێ کەمال لە تەناف درا. وەکو ئێلی جەلالی تەواوی پیاوە گەورەکانی خۆیان فیدای میللەت کرد و منداڵە چوکەکان و بێ دەسەڵاتەکانیان دەربەدەر و تەفرەقە بون بۆ وڵاتی بێگانە. ئیسماعیل ئاغای سمکۆ قەهرەمانی ڕەشید و بە ناوبانگی میللەتی کورد بە فێڵ و فریو بە دەستی دەوڵەتی ئیستیبدادی ئێران لە بەین چو. دەستە گوڵی ٦ ی ئەیلول کە لەو ڕۆژەدا چەند منداڵ و لاوی بێ گوناه دەوڵەتی موستەبیدی عێراق وەبەر موسەلسەل و دەستڕێژی تفەنگ دران.

هەزارەها وێنەی خوێنڕێژ و زوڵم و زۆر و تەفرەقە و بڵاوکردنەوەی میللەتی کورد هەیە کە زمان لە گوتن و قەڵەم لە نوسینی قاسرە کە شەرحی بدەم وەلێ لە بەرابەری ئەو هەمو زوڵم و دەردیسەری و بەدبەختی و چارەڕەشی‌یە دا خودای بێ هاوتا ڕەحمی کرد ئەستێرەی ئیقبالی میللەتی کورد لە گۆشەی ئاسمانی کوردستان دا تلوعی کرد تەپڵی بەشارەت ئاوازەی بڵند کردوە و مزگێنی ئازادی بە گوێی تەواوی کورد و کوردەواری دەدا.

شتێکی دی هەیە کە دەبێ بۆ هەوەڵ جار بە خەتی زێڕین لە سەفحەی مێژودا بنوسرێ کە مەرامی ڕەهبەر و کارگەرەکانی حیزبی دیموکرات ئەوە بو کە ئازادی بە بێ خوێنڕێژی نسیبی میللەتی کورد بێ و دۆست یا بەرهەڵستەکانی حیزب بە چاوی برایەتی و یەکەتی تەماشا کراوە."(١٥)

١. ٦. ٢. شیعری هەژار

سەد بەهار نۆکەری ئەو زستانە
نیشتمان ئەوڕۆ کوڕانت جێژنی ئازادی دەکەن
بونەوە خێوی وەڵات تاڵانکراو ڕوت و ڕەبەن

شیرنی خۆی گرته نێو ئامێز و باوەش کوهکەن
ڕوتەنی کوێستانی کوردان بوە بژوێن و زەمەن
گەرچی ڕێبەندانە ئێستێ پڕ گوڵ و بونە چەمەن
بۆتە جەنناتی عەدەن، چاو و بەدەن، دار و دەوەن
سەد بەهار نۆکەری ئەو زستانە
جێژنی ئازادی کوردستانە
خوێنی کوردانی شیمال و ئەشکی چاوی دایکەکان
شینی خوشکانی وەتەن بۆ لاوەکانی نەوجەوان
چونە داد بۆ لای خودا، دەریای تەرەحوم هاتە جۆش
لاگریکی بۆ مە مەعلوم کرد نەبەرد و قارەمان
یوسف ئەستالین کە ئەوڕۆ.....
نێوی هۆردوی سور بڵێن دەڕژێ زراوی زاڵمان
تۆ لە لات وایە چیە هۆردوی سور
سوری چی؟ کاکە بڵێن کۆگای نور
.... گەلی لاواز لە گێتی نێو برا
تا ڕێگای کوردستانی دیت و لێی هەڵکرد چرا
مستی خۆی کردە گڕێ خوێنمژانی مورتەجیع
حەق وە سەر ناحەق کەوت لەو نێوە حەقی کورد درا
جێژنی ئیستقلالتان پیرۆز بێ ئەی لاوانی پاك
دوژمنو یاخوا لە خوێنی خۆی بگەوزێنێ کەلاك
زو هەمو کوردان لە ژێر زنجیری دیلی بێننە دەر
پێکەوە هەوڵێ بدەن بۆ ئاوەدانی ئاو و خاك
من "هەژار"ێکم لە دەستم دا نیە غەیری دوعا
ئەی ڕەئیسی جمهوری کوردان هەر بژی بۆ کاری چاك
تا هەیە چەرخ و خولی تۆپی زەمین
بژی هۆردوی قزل و ئیستالین(١٦)

١. ٦. ٣. شیعری هێمن

نەوجەوانانی ژیر و وریای کورد
پیرەپیاوانی پیاوو ئازای کورد
بێچوە شێرانی چابك و بێباك
تازە لاوانی میللی و خوێنپاك
نەونەمامانی باغچەی ئاوات
کاربەدەستانی حیزبی دیموکرات

ئەی ئەوانەی کە چاو بەگریان بون
دڵ و داماو کز و پەرێشان بون
بۆ وەتەن ڕۆژ و شەو دەگریان زار
دیتو لەو ڕێیەدا هەزار ئازار
بەشبڕاو بون لە خۆشی و شادی
دەرکراو بون لە باغی ئازادی
موژدە بێ لێو کە پاش گەلێك زەحمەت
پاشی زۆر ڕەنج و تاڵی و مەینەت
پاشی تاڵان و جەنگ و دەربەدەری
پاشی کوشتار و شین و قوڕوەسەری
پاشی وەی سەد مەزن، هەزار سەردار
لەسەر ئازادی ڕۆیینە سەردار
پاشی وەی سەد هەزار کوڕی لاوچاك
دەستی دوژمنان: لە خوێن و خاك
گەوز بو دایکی بۆی لە سینگی دا
بەزەیی هات بە حاڵی ئێمە خودا
یاریدەی داین و کردیە مەئمور
بۆ نەجاتدانی کوردی هۆردوی سور
میللەتی کوردی بێکەسی ڕزگار
کرد، لە ژێر چەنگی دوژمنی زۆردار
کوردەواری بە جارێ ئازاد بو
کوردی غەمگین بە کەیف و شاد بو
ئاشکرا هەڵکراوە بەیرەقی کورد
هاتە دەستی لاوی کورد حەقی کورد
تێ پەڕی ڕۆژی ڕەش نەما دەمی خەم
ڕۆژی کورد هاتەدەر لە ژێر مژو تەم
بۆ مە ئەو ساڵە کە چلەی زستان
خۆشترە زۆر لە مانگی جۆزەردان
گەرچی ئێستا نەماوە گوڵ لە چەمەن
وەك گوڵە ڕومەتی کوڕانی وەتەن
ئێستەکانە تەواوی میللەتی کورد
کچ و کوڕ پیاو و ژن درشت و ورد
بێ خەم و لێو بەخەندە و شادن

بۆچی چونکو ئەوێستە ئازادن
ئەی برایانی میللی و دڵسۆز
ڕۆژتان باش و جێژنەتان پیرۆز
ئەوی ئاواتی ئێوە بو دیتو
نیشتمان سەربەخۆ و ئازاد بو
بەیرەقی جوانی ئێمەیە ئێستا
دەیشەکێنێ لە هەر بڵیندیەك با
کاری خۆمان بە دەستی خۆمانە
ئێستە با کوێر بێ چاوی بێگانە
تا هەزار ساڵی دیکە ئیستالین
هەر بژی یا ڕەبی: بڵێن ئامین
چونکە دەربەست حەقی زەعیفانە
لاگری دیل و بێنەوایانە
بۆ ئەوەی بێ کەسان بکا مەسرور
پایەدار بێ و بمێنێ هۆردوی سور
پێشەوامان بژی لە بۆ خزمەت
کردنی، دین و مەزهەب و میللەت
ڕەبی هەر کەس کە دوژمنی کورد بێ
هەردو چاوی دەرێ و ملی ورد بێ
بمرە "هێمن" کە تۆ لە سەر زیادی
مایەوە، چونکو دیتت ئازادی(١٧)

١. ٦. ٤. محەمەد ئەمینی موعینی

"بە ئیفتیخار و سەربڵیندی دەزانم دەو ڕۆژە موبارەکەدا کە جێژنی سەربەخۆیی کوردستانەو بە پشتیوانی خودا و پێشەوای کوردستان دوژمنانی داخلی کە هەتا ئەوڕۆ شەریکی دز و ڕەفیقی قافلە بون بۆتان بەیان کەم:

یەکێك لەوانە قەرەنی ئاغای مامەشە. دەوڵەتی ئێران هەرچەند جار تەلگرافی دەکرد بە لەقەبی شەریفی نێو دەبرد و ئەو نێوەش مەعنای وابوە کە ئەتۆ دەبێ وەتەن و میللەتی خۆت کە کوردە مەحوی کەیەوەو بیفرۆشی، ئەو شەخسە شەریفە خائینە کە بە زمانی دەوڵەتی ئێرانی بو بە حکومەتی دەوڵەتی ئێرانی لە مەهاباد دەست بە عەمەلیاتی وەتەنفرۆشی و میللەتفرۆشی کرد هەروەها دەگەڵ کە بو بە حکومەت لە مەهاباد رونیشت ئەوەڵ کارێکی کە کردی ٣٠ نەفەری سوار ناردە مالە ڕەسولی یاهوی پولێکی

زۆری بە ناحەق لێ ئەستاندو بۆ خۆشی حەبسی بو جیا لەوە چەند نەفەر ئازادیخواە بون کە بە ئەمری تەوریز و دەستوری ڕەزائیەی کە پێی گەیی بو خەیاڵو عەزمی خۆی جەزم کرد بو کە ئەو ئازادیخواهانە بگرێ و تەحویل بە دەوڵەتی دیکتاتۆری ئێرانی بدا. ئەوانە محەمەدی مەولودی و سەید محەمەدی سەیدی و چەند نەفەری دیکە بون. بۆ بەجێهێنانی ئەو کارە ۱۰۰ نەفەری وە کوچە و خیابانان خست. ئەمما چونکە خودای تەعالا نەی ویست کورد زەلیلی دەستی ئەو دیکتاتۆرانە بێ دەستێکی غەیبی دە نێوی دا بو بە لەمپەری قەرەنی ئاغای مامەش لەقەب شەریف ئەلحەمدولیلا بە ئاواتی خۆی نەگەیشت و بە تایبەتی مام عەزیزی ئەمیرعەشایەری کوڕی قەرەنی ئاغای مامەش دەو ئاکارانەدا چی وا لە بابی کەمتر نەبو، هاوڕێیەکانی ئەو نیشتمانفرۆشانە کە لەوانە یەکیان عەلی خانی نەوزەری، دوەم بایزی عەزیز ئاغای گەورك، سێیەمی عەبدوڵا ئاغای مەنگوڕ.

یەکێکی دیکە لە خائینە گەورەکان عەلی یارە کە ئەمیر ئەسعەدی پێ دەڵێن سەهلە ئەو خائینە کە کورد وێستا نێوێکی وایان نەبو کە خائینەتی دەکرد ئەلعانیش کە حکومەتی کوردی ئەلحەمدولیل ابەرقەرارە و زۆر ساحیب قودرەتیشە ئەو خائینە حالی حازر لە تارانی دەگەڵ ستادی لەشکر کە سەرتیپ ئەرفەعە لە تێکدانی بناغەی حکومەتی کورد ڕاناوەستێ. ئەو ئاغایە سی ساڵ لەوەی پێش کە بو بە فەرمانداری مەهابادی ئەمری کرد ئەهلی مەهابادی هەموی ژنە ژنیش نابێ ئەسلەحەی پێ بێ. لە سایەی خودای بێ هاوتا بناغە و دامەزراندنی حکومەتی کوردی دیموکرات مەهابادی داندرا. پێویستە ئەو خائینە بێ خۆی دە تەویلەی ئەو مەهابادیيانە کە پێی دەگوتن ژنن بهاوێژێ، ئەو وەختە ئەوان بۆ خۆیان دەزانن عەفوی دەکەن یان ناو خۆ دە تەویلە هاویشتنی ئەو خاینە حەتمییە و یەکێ لە هاودەستانی عەلی یار، ئاغای ڕەحمەتی شافیعیيە کە لە کۆمەك و یاریدەی ئەو خائینە ڕانەوەستاوە. یەکی دیش لەوانە کاکەڵا ئاغای گەورك سەهلە لە سەقزی و مەهاباد ڕانەدەوەستا حەملەی دەبرد بۆ ڕەزائیە و تەوریز و سنە و کرماشان.

ئەمن لەو تاریخەوە لەلایەن حیزبی حکومەتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئامۆژگاری و ئاگاداربونی ئەوخائینانە هەتا ۱۵ ڕۆژی دیکە ئیبلاغ دەکەم خۆیان بە حیزبی دیموکراتی کوردستان بناسێنن بەڵکو لە سوچ و تاوانی ئەوان چاو بپۆشن.

زیاتر لەوە دەڵێم: بژی کورد و کوردستان!

بژی حیزبی دیموکراتی کوردستان!"(۱۸)

١. ٧. ئافرەتان

١. ٧. ١. یای ویلمەی سەیادیان

مودیرەی مەدرەسەی پەروانەی کچانی مەهاباد

"لە دنیای موتەمەدین و زانست دا. هەر میللەت و نەتەوەیەك، هەر تایفە و قەوم و تیرە و بەرەیەك، بە زمانی خۆی کە دایك لەسەر پشتی لانك حەرفێك و دو حەرف خستویەتیە لێویان و دەگەڵ شیر دە زاری کردون خوێندویانە و دەخوێنن، نوسیویانە و دەنوسن، لە چوار سنور و وڵاتانی خۆیان دا بە ئازادی ژیاون و دەژین. بەڵام داخەکەم میللەتی کورد، ئەو میللەتەی کە تاریخ ئیفتیخار و شانازی شەش هەزار ساڵی وانی لە بیرە و لەبەر ئەهمییەت و گەورەی لەسەر دڵی کتێبانی داناوە، ئەو میللەتەی لەگەڵ هەمو بەرهەڵستێك، لەگەڵ هەر کەسێك کە پەلاماری نیشتمانی وانی دابێ بەربەرەکانی‌یان کردوە بست بە بست بە خوێنی خۆیان ڕایان گرتوە، مودەیەکی زۆر گرفتاری چنگاڵی رەش و برش و پیسی ئیستیبداد دیکتاتۆری بون. زمان و عادات و ئادابی میللی ئێمە قەدەغە کرابو. لە ترسی ئەوەی مەقامی دیکتاتۆری و قازانجی ئیستیعماری خۆیان نەکەوێتە قولە، ئێمەیان لە تەرەقی و زانست و سەرکەوتن دەگێڕاوە و نەیان دەهێشت دنیا لە ئیستیعداد و لیاقەتی ئێمە: میللەتی کورد حاڵی ببن. تا لەم شەڕە گەورەیەدا کە پەری عەدالەت و ئازادی بە سەر مۆتە و دێوی فاشیست و دیکتاتۆری غالب بو، بە فەرمانی یەکە پیاوی مەیدانی عەدالەت و بەشەر دۆستی ژەنەرالیسموس ستالین ئێمەش لە زیندانی دیلی هاتینە دەرێ و ڕیگامان بۆ کراوە. لە ژێر ئامۆژگاری حەکیمانە و شارەزایی کردنی پیاوانەی پێشەوای موعەزەمی کوردستان جەنابی قازی محەمەد دا زمان و دین و عەدالەت و ئادابی میللی ئێمە ئازاد بو. ئیستیعدادی میللی و لیاقەتی حەقی ژیانی خۆمان بە موستەقیللی و سەربەخۆیی بە دنیا نیشان دا. دەستی بە هێزی ئەو پێشەوا مەزن و گەورەیە ئەوەتا باسکی ئێمە، میللەتی کوردی کە تا چوار ساڵ لەوە پێش دیل و یەخسیر بوین، گرتوە و زۆرخێرا لە هەمو کەندو کوڵۆ و هەورازێك وە سەری خستوین و ئەوا لە ژێر باڵی پیرۆزی ویە شاهیدی سەعادەت و خۆشبەختیمان دە باوەش گرتوە. ئێمە مامۆستا و قوتابی‌یەکانی مەدرەسەی کچان موبارەکبادی ئەو موەفەقیەتە گەورە بە دەرماڵی پێشەوا موعەزەم عەرز دەکەین و تەمەننای قبوڵمان هەیە و هەمومان وێکڕا بە دڵێك و زارێك دەڵێین:

بژی پێشەوای مەزنی کوردستانی گەورە!"(١٩)

١. ٧. ٢. یای خەدیجەی حەیدەری

".... مەشغولی فەعالیەت بون و خودای تەبارەك و تەعالا موەفەقی كردن و دڵی نەشكاندن. ئەلئان ئەی خوشكە خۆشەویستەكان با ئێمەش چاو لە برا خۆشەویستەكانمان بكەین دەستی ئیتیحاد بۆ یەكتری درێژ بكەین. چون دەبینم دایكی نیشتمان چاوەڕێی كچەكانی خۆیەتی كە دەس بە فەعالیەت و خوێندن بكەین بەڵكو تا ئێمە بگەینە برا خۆشەویستەكانی خۆمان لە بەر ئەوەی دنیای ئەورۆ موحتاجی كچ و كوڕە كە بە خوشكو برایەتی دەست بدەینە دەستی یەك بۆ ڕزگار كردنی دایكی نیشتمان.

ئەمن لە تەرەف تەواوی كچ و خوشكەكانی كوردستانی مەزن پیرۆزی ئەو ڕۆژە موقەدەسە تەقدیمی هەیئەتی دەوڵەت دەكەم. وە لە ئاخری دا تەمەننا دەكەم ئێوەش لە گەڵ من هەمسەدا بن و بڵێن: بژی پێشەوای بەرزی كوردستان جەنابی قازی محەمەد!

بژی قارەمانانی كورد! "(٢٠)

١. ٨. قسەكان و قسەكەرەكان

وەكو لە ناوی قسەكەرەكان دا دەرئەكەوێ پێكهاتنی خێڵەكی سیاسی – كۆمەڵایەتی كۆمەڵی كوردەواری تا ئەندازەیەكی زۆر لێك دراوەتەوە. نفوزی مەلا و شێخەكان و، كار و دەسەڵاتی سەرانی ئێلەكان و، ناوبانگی بنەماڵە ناسراوەكانی مەهاباد لە بەر چاو گیراوە.

مەلا حسێنی مەجدی، حاجی بابەشێخی سیادەت، شێخ حەسەنی شەمسی بورهان، سەید عەبدولعەزیزی سەید عەبدوڵای گەیلانی (شەمزینی) و، سەید محەمەدی تەهازادە، وەكو كەسانی ناوداری دینیی و بنەماڵە دینی‌یە ناسراو و دەسەڵاتدارەكانی موكریان.

عومەر خانی شكاك، زێڕۆ بەگی هەركی، ئیبراهیم ئەدهەم ئاغای مەنگوڕ، محەمەد فەیزوڵابەگی، محەمەدی قادری مامەش، ئەحمەد ئاغای ئێلخانی زادەی دێبوكری و، محەمەد حسێن خانی سەیفی قازی، وەكو گەورەپیاوی ئێلە گەورە ناسراوەكانی مەڵبەندی حكومەتی كوردستان.

هێمن و هەژار وەكو دو ڕوی ئەدەبی و ڕۆشنبیری ناسراوی كوردستانی ئێران.

محەمەد ئەمین موعینی، محەمەدی نانەوازادە و، غەنی خوسرەوی، وەكو كوڕانی بنەماڵە ناسراوەكانی مەهاباد.

یای ویلمە و یای خەدیجە وەكو ڕوی خوێندەواری ئافرەتی كورد.

نەخشەی ٧: کوردەکانی ئێران



سەرچاوە: حسن ارفع سەرچاوەی ناوبراو

نەخشەی ٨: کوردەکانی تورکیا



سەرچاوە: حسن ارفع سەرچاوەی ناوبراو

نەخشەی ٩: کوردەکانی عیراق



(4) The Kurds in Iraq

سەرچاوە: حسن ارفع، سەرچاوەی ناوبراو

وتاردانی ئەمانە لە سەر سەکۆی ڕاگەیاندنی حکومەتی کوردستان لە مەیدانی چوارچرای مەهابادا لە ئاهەنگەکانی ۲ ی ڕێبەندان دا، هەر بۆ دەربڕینی خۆشی نەبو، بەڵکو مەعنای تایبەتی خۆیان هەبوە.

ناوەڕۆکی وتارەکان لە دەوری چەند بابەتێکی دیاری کراو ئەخولانەوە: باسی سەروەری‌یەکانی ڕابوردوی گەلی کورد و، هێرش کردن بۆ سەر ڕیژێمی دیکتاتۆری ڕەزاخان و، ستایشی سەردەمی ئازادی و، پێشەوا و، دەربڕینی دڵسۆزیی و گوێڕایەڵی. ستایشی ستالین و ئۆردوی سور و یەکێتی سۆڤێت و، دوعای سەرکەوتنی. ئەمانە باسە سەرەکی‌یەکانی هەمو "نوتق" و "خیتابەکان" بەڵکو هی شیعرەکانی هەژار و هێمنیش بون.

لە کۆبونەوەکانی ۲ ی ڕێبەندان دا، چەند کەسێ لە قسەکەرەکان لەوانە: محەمەد حسێن خان، وەزیری هێزی دیموکرات. محەمەد ئەمین موعینی، وەزیری کیشوەر. محەمەدی قادری مامەش. لە بەردەمی دەیان هەزار کەسی بەشداری خۆپیشاندانەکەدا، بە توندی هێرشیان کردە سەرچەند کەسێکی ناسراوی کورد سەبارەت بەوەی هاوکاری‌یان لە گەڵ حیزبی دیموکرات و، حکومەتە تازەکەی نەکرد بو. لە مانەش سەیرتر ئەوەبو، زێڕۆ بەگی هەرکی لە قسەکانی دا هێرشی کردە سەر سەید عەبدوڵا گەیلانی (شەمزینی) لە کاتێك دا خۆی لەو کۆبونەوانەدا، لەگەڵ قازی محەمەد بەشداری ئاهەنگی دامەزراندنی حکومەتی کوردستان و، ماوەیەك لەوە پێش بەشداری هەوەڵ کۆنگرەی دامەزراندنی حیزبی دیموکرات بو. سەرەڕای ئەوەش سەید عەزیزی کوڕی، ئەفسەری پێشوی ناو جەیشی عێراق، یەکێ بو لە ئەندامە ناسراوەکانی کۆمەڵەی هیوا و، یەکێ بو لە هاوکارەکانی مەلا مستەفای بارزانی. قسەکانی زێڕۆ بەگ لەو کات و ڕۆژەدا لەوانە بو کۆبونەوەکان بشێوێنێ. سەید عەزیز لە سەر باوکی هەڵی دایە. قازی محەمەدیش لە سەر سەید عەبدوڵای کردەوە. گرژی ناو خۆپیشاندانەکە خاوبوەوە.(۲۱) پاش ماوەیەك هەمان وتار لە ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاوکرایەوە. دیارە ئەمە بە "ئەنقەست" و، بە هەڵوێستی سیاسی ئەژمێردرا بۆ کەم کردنەوە لە پایەی سەید عەبدوڵا، چونکە وەکو ئەڵێن، ئەو یەکێ بو لەوانەی ئەیان توانی لە گەڵ قازی محەمەد ململانێی نفوز و دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بکا.

۲. بڕیاری کۆبونەوەی ۲ ی ڕێبەندان

کۆبونەوەی ۲ ی ڕێبەندان هەر بۆ شایی کردن و، دەربڕینی خۆشیی و، خوێندنەوەی سرودی میللی و، شیعری نەتەوەیی دڵڕفێن و، وتاری سیاسی بزوێنەری هەستی دەرون... نەبو، بەڵکو بۆ ڕاگەیاندنی بڕیارێکی مێژویی بو،

کە پێشتر سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات و پێشەواکەی، پاش ڕاوێژ و پرس کردن بە کاربەدەستانی سۆڤێتی و، ژمارەیەکی زۆر لە گەورەپیاوەکانی کورد، دابویان ئەویش: دامەزراندنی حکومەتی کوردستان بو.

ڕۆژنامەی کوردستان، لە ڕیپۆرتاجێکی تایبەتی دا، باسی کۆبونەوەکە و بڕیارەکانی بەمجۆرە بڵاوکردۆتەوە:

"قەرارێك کە لە ۲ ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ دا لە لایەن ۲۰ هەزار نەفەر نومایندانی تەواوی تەبەقاتی ئەهالی کوردستانی شیمال لە میتینگی شاری مەهابادی دا قوبوڵ کراوە

دە ڕابردوی نەتەوەی کوردیش دا وەك سایری نەتەوەکانی دیکەی دونیایە پادشایی و حاکمییەت و ئوسول و ئیدارە و مەدەنییەت و عادات بوە، بەڵام لە بەر فێڵ و تەڵەکەی دەوڵەتانی مورتەجیع لەت لەت بوە و کراوەتە عەبد و دیل. وە نەبێ هەر لە حاکمێتی بەڵکو لە تەواوی ئیختیاراتی میللی بێ بەش کرا بون.

چەند عەسرە کە کورد گرانایی و ئەزییەتی غەیرە قابیلی تەسەوری ئەسارەتیان لەسەر خۆیان درك کردوە بە تایبەتی لە پاش هاتنە سەرتەختی ڕەزاشای خوێنخۆری مورتەجیع کوردەکان بە گرانایی ئەسارەتی زیاتر دوچار بون و ئەو موستەبیدە لە لایەن هیتلەری مەخبەتەوە کوردی لە هەمو حقوقی میللی خۆی مەحروم کرد و هێندێك لە عەشایەری کوردی بە تەواوی لە ڕیشە دەرهێنا و لە نیشتمانی خۆیانی وە دورخستن و فارسانی مورتەجیع بە خانمان و دین و منداڵانی کورد جنێوی غەیرە قابیلی شەرحیان دەدا و، کوردان نەك هەر خوێندن بەڵکو قسەکردن و دوانیش بە زمانی دایکی خۆیان قەدەغە کرا بو.

کوردەکانی تورکییەش خسوسەن پاش هاتنە سەکاری مستەفا کەمال پاشای هەروا بون ئەو دڕندەیە بۆ بێدەنگ کردنی هەرای ئازادیخواهی شێخ سەعید یەك ملیۆن و نیوی لە کوردان کوشت.

کوردەکانی عێراقیش دەردی ئەسارەتیان کەم نەکێشاوە. لە لایەن کەسانێك کە دە فکری سەعادەتی بەشەری دا نین بۆ عەبدایەتی دران بە عەرەبان.

دە گەڵ ئەو هەمو تیرۆر و تەعقیب و کوشت و کوشتار و تەلەفاتەش کورد هەرگیز دە موقابیل زاڵمان دا سەری دانەنەواندوە و دە ڕێی ئیستیقلال و ئازادی دا موبارەزەی خۆی دەوام پێ دا و ئیرادەی پۆلایی فەناناپەزیرە هەر بوە و هەر دەمێنێ. دەو ساڵانەی دوایەدا فرسەت و ماوەیەکی چاك هەبو کە

بە ئازادی‌یەکی کە ئەمە ئارەزومان بو پێی بگەین و لە مێژ بو وە دەستمان دەکەوت بزوتباینەوە وەك بزوتنەوەی قارەمانان و مەردانی پێشومان.

بەدبەختی ئەوەیە کە ئێستا دەنێو کوردان دا کەسانێك هەن وە نەبێ هەر خزمەت بەو فارسانە، کە چەن عەسریکە ئەمەیان دە ژێر زوڵمی خۆیاندا ڕاگرتوە، بکەن، بەڵکو بە ئاشکرا میللەتی کوردی دەفرۆشن.

سەودای عەلی ئاغای ئەمیر ئەسعەد دەگەڵ ستادی ئەرتەشی ئێرانی کە هەمو کوردی فرۆشتون لە هەمومان مەعلومە. لە خەڵکی مەعلومە، مەلا عەبدوڕەحمانی سرنجداغی و محەمەدی فاروقی و حەمزە قاوەچی و غەیریهی جاسوسن و میللەت فرۆشن. قەرەنی ئاغای مامەش و محەمەدی عەباسی و عەلی خانی مەنگوڕ و عەبدوڵا ئاغای مەنگوڕ و چەن کەسی دی بە ئاشکرا بۆ ئیختیلاف و پارچە پارچە کردنی کوردان سەعی دەکەن.

عەیبەی بزانن ئەی مەلعونینە!

وە خەبەر بێن تا زۆر درەنگ نەبوە!

تەماشای دوژمنانی کەچ فیکر نەکەین دەزانین کوڕە پێشوی کورد هەرگیز میللەتی خۆیان و هومێد و ئارەزوی وانیان لەبیرنەکردوە.

لاوچاکانی مە وەك ڕابردوان بێ موزایەقە قوەی سەرف دەکەن کە کورد خۆشبەخت و ئازاد بێ. ئەوان زانیان موەفەقییەت وەختێك وە دەست دەکەوێ زۆر توند پاڵ وێك دا یەك... ببێ و دە گەڵ برایانی ئازەربایجانی پێکەوە بزوتنەوە و پێ گەیشتن ئەو حیزبە کە حیزبی دیموکرات بو بە کۆمەگ و یاری خەڵکی کوردستان داندرا لە مودەتێکی کەمدا بە موەفەقییەتی زۆر گەورە گەیشتوە، زدییەتێکی دە نێو عەشائێران دا بو هەڵی گرت و یەکێتی‌یەکی قایمی دە نێو وان دا پەیدا کرد و هەیئەتی میللی هەڵبژارد و چاپخانەی تەئسیس کرد و ئەوە لە تاریخی کوردی ئێران دا هەوەڵ جارە بە تەوری عموم بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە دەس پێ کراوە مەدرەسەی میللی تەشکیل کردوە کە دە وێ دا منداڵانی کورد بە زمانی دایکی خۆیان دەخوێنن و مەسئەلەی خوێندنی ئیجباری و عمومی حەل دەکات و شارەوانی و عەدلییەی داناوە و هێزی موسەللەحی میللی و... ساز کردوە.

بژی حیزبی دیموکراتی کوردستان !

بژی موئەسیس و ڕەهبەری وی جەنابی قازی محەمەد !

ئەمە دەزانین و باوەڕیمان هەیە کە ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەو کارە موقەدەسەی خۆیان بە موەفەقییەت دەبەنە سەرێ.

ئەمە نوماینداني تەواوی تەبەقات و کورداني شیمالي کوردستاني لە میتینگێك کە لە شاری مەهاباد سازمان کردوە و ژمارەمان ٢٠ هەزار نەفەرە ئەورۆ ئارەزوی عومومي خۆمان ئیزهار دەکەین و لە کۆمیتەی حیزبی دیموکرات و ئەنجومەني خۆمان خواهیش دەکەین ئیختیاری دەدەینێ:

١. لەو جێگایانەدا کە ئێستا کوردی تێدا دەژین بە ئیستیقلالي تەواو بگا.

٢. ئینتیخاباتي مەجلیسي شورا دەس پێ بکەن.
٣. حکومەتي میللي کوردستان وەزیران ئیدارەکاني سازبکەن.
٤. هێزی موسەللەحي میللي کورد تەشکیل بدەن.
٥. لە گەڵ دەوڵەتاني هەمسایە رابیتەی تیجارەتي و ئیقتیسادی بەرقەرار بکەن.
٦. لەگەڵ برا ئازەربایجاني‌یەکان هەمکاری و دۆستایەتي مەحکەم بکەن.

پایەدار بێ کوردستاني ئازاد!
بژی حیزبی دیموکراتي کوردستان !
بژی ڕەهبەری خەڵکی کوردستان جەنابی قازی محەمەد!" (٢٢)

٣. ئایینی سوێند خواردن

ڕۆژنامەی کوردستان لە درێژەی ڕیپۆرتاجەکەی دا نوسیویەتي:

"... لە هەوەڵ و ئاخر و نێوان وتارەکان دا و لە هەر کاتێك دا نێوی: ڕیاسەتي جمهور قازی محەمەد، بە سەر زمان دا دەهات بێوچان موزیکی میللي لێ دەدرا و چەپڵەڕێزان دەکرا و بەیناوبەینیش قوتابیی‌یەکاني مەداریسي کوڕ و کچ سرودی میللي‌یان دەخوێندەوە. لەم کاتەدا ڕەئیسي جمهوری بەرز بە ئەندامەکاني کۆمیتەی مەرکەزی ئەمر فەرمو کە قورئاني موقەدەس و نەقشە و ئاڵای کوردستان حازر بکرێت. بێوچان هەیئەت کۆبونەوە و دوبەدو لە پشت سەری یەك کەوتنە ڕێ و چون لە کانگای حیزبی دیموکراتي کوردستان قورئاني موقەدەسیان دەگەڵ ئاڵا و نەقشەی کوردستان، دە گەڵ ئیحترامێکي فەوقولعادە، لە سەر دەستي مەلا حسێني شکاك دانا و، هەیئەت بە تەرتیبي هەوەڵ لە پشت سەری وی گەڕانەوە تا گەیشتنەوە حزوری پێشەوا.

پێشەوا بە دەستي خۆی سەرپۆشي لە سەر قورئاني موقەدەس و نەقشە و ئاڵای بەرزی کوردستان لابرد و مەراسیمي سوێندی:

" ئەمن بە خودا، بە کەلامي عەزیمي‌خودا، بە نیشتمان، بە شەرافەتي میللي کورد، بە ئاڵای موقەدەسي کوردستان سوێند دەخۆم کە تا ئاخر

هەناسەی ژیانم و ڕژاندنی ئاخر تنۆکی خوێنم بە گیان و بە ماڵ لە ڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی و بەرز کردنەوەی ئاڵای کوردستان دا تێ کۆشم و نیسبەت بە ڕەئیسیی جمهوری کوردستان و یەکەتی کورد و ئازەربایجان موتیع و وەفادار بم."

خوێندەوە و، هەمو پێشمەرگەکان و نوێنەران و حازران بەو سوێندە سوێندیان خوارد و قەولی وەفاداریيان دا.

پاش ٥ دەقیقە برای خۆشەویست غەنی خوسرەوی تەواو بونی میتینگی ئیعلام کرد. لە پێش دا پێشمەرگەکان مەرەخەس بون و جەنابی ڕیاسەتی جمهور تەشریفی چو بۆ کانگای حیزبی دیموکرات و لە سالۆنی ئەنجومەنی فەرهەنگی دا قەراری گرت و دەستە دەستە نوێنەرانی تەوایف و قەبایل و لکەکانی حیزبی دیموکرات و خەڵکی شارو دێهات دەچونە حزوری پێشەوا و ئاینی بەیعەتیان بە جێ دەهێنا. قەولی فیداکاری و وەفاداریيان دەدا، پاش خواردنەوەی شەربەت و چای لە خزمەت مەرەخەس دەبون.

دەنگی: بژی کورد و کوردستانی گەورە، بژی ڕەئیسی جمهوری موعەزەمی کوردستان، بژی یەکەتی کورد و ئازەربایجان، ئینسان و حەیوان، دار و دیواری وە سەما خست بو. دڵان وەها پڕ لە شادی بو کە هێندی مەستی مەی ئازادی و برێك لەبەر شیددەتی سرور دەگریان و هێندێك لە مەرحەلەی گریان دەرچوبو و بێدەنگ دانیشت بو ڕوحی لە عالەمی مەلەکوت دا دەفڕی و خۆی دەعالەمی سەرەوەدا دەدیت و بێوچانیش لە شەقام و کوچەدا دەنگی موسەلسەل و تفەنگ و دەمانچە هەرد و چیای دەلەرزاند. ئەمانە هەموی بە شانازی سەربەخۆیی و ناساندنی ڕەئیس جمهوری کوردستان دەکرا و میتینگ تا ساتی ١٢ ی پاش نیوەڕۆ دەوامی بو لەم وەختەدا ڕیاسەتی جمهور بۆ مەنزڵ گەڕاوە و حازرینیش لە کاتێك دا کە هەمو غەرقی سرور و مەستی سەربەستی بون بۆ مەنزڵی خۆیان چونەوە.(٢٣)

٤. ئاینی بەیعەتی پێشەوا

یا: "جەژنەکانی سەربەخۆیی و ناساندنی سەرۆك جمهوری کوردستان"

بۆ دەربڕینی گوێڕایەڵی و دڵسۆزی بۆ پێشەوا و سەرۆکی کۆماری کوردستان و، ناسینی بە ڕەسمی، هێزەکانی پێشمەرگە، بەرپرسەکانی هۆکانی ڕاگەیاندن، بازرگانەکان، سەرانی ئێل و هۆزەکان، هەروەها "کۆمەڵی یەهودی" جەژنیان کردوە و ئاهەنگیان گێڕاوە و، بە خوێندنەوەی وتار و شیعر و سرود و شایی و کۆبونەوە و دانیشتنی بە کۆمەڵ خۆشی و دڵسۆزی و گوێڕایەڵی خۆیان بۆ پێشەوای کوردستان دەربڕیوە.

٤. ١. بەیعەتی پێشمەرگە بە پێشەوا

ڕۆژنامەی کوردستان لە ڕیپۆرتاجێکی تایبەتی دا نوسیوێتی:

"لە کانگای پێشمەرگە لە مەهاباد

"بەیانی ڕۆژی ٣ ی ١١ ی ٢٤ هەمو سەریان لە خەوی مەستی هەڵێنا و گشت خوماری شەرابی سەربەخۆیی بون کە ڕۆژی پێشو دەرخواردیان درابو. ئەوەش پێویستی شکانەوە بو. لە ناکاو ساتی ٨ ی بەیانی دەنگی"شەیپور حازربە" لە کانگای پێشمەرگەکان بڵیند بو. لە ماوەی چەند دەقیقەیەك دا تەواوی پێشمەرگەکانی کورد، لیزگە، قۆڵ، دەستە، چڵ، لك، پۆل، خولاسە تەواوی هێزی کوردستان لە کاتێکدا بە تەجهیزاتی جەنگی ڕازابونەوە. سوارە و پیادە بە جوێ و بەشی موسەلسەل و تۆپخانە بە تەنێ، نیهایەتی شادمانی و روخۆشی کە لە خۆشی‌یان ڕومەتیان وەك گوڵی گەش وا بو وە لەبەر کەیف و سرور دە پێستی خۆیان دا نەدەحەجمین لە کانگای کۆبونەوە و، هەمو فەرماندەکان لە قۆڵ یەکەوە بگرە تا سەرقۆڵ یەك و لە سەردەستەوە تا سەرکردە و، لە ناودار یەکەوە تا سەرلك و، لە سەرپۆلەوە تا سەرهێز هەریەك لە جێی خۆی دامەزرا. فەرمانی فەرماندەهان دڵی دوژمنانیان ڕادەوەشان و زراوی خائینانی دەتواندەوە، بێوچان فەرمانی حەرەکەت درا. هەمو پێشمەرگەکان قۆڵ قۆڵ و دەستە دەستە سێ کەس سێ کەس حەرەکەتیان کرد و هاتن تا واریدی شەقامی وەفایی بون و فەرمانی ڕاوەستان درا لەم سەر و ئەو سەری شەقامدا هەمو هەریەك لەجێی خۆی ڕاوەستان و لە سان دران.

ئەمە لەبەر چی و بۆچیە؟

هەستی نیشتیمان پەرستی، ڕوحی پێشمەرگەیی و لەخۆ بوردن، هەستی تۆڵە کردنەوە، ئارەزوی مولحەق بون بە شوهەدای ئازادی، چێشتنی لەزەتی سەربەخۆیی، بەرز کردنەوەی ئاڵای موقەدەس، دەنگی دیلی و زەلیلی دایکی نیشتمان، ئەم لاوە نازدارانەی وەجونبوش و جۆش و خرۆش هێنابون و ئێستا چاوەنوڕی ڕەئیسی جمهور و فەرماندەی خۆیان دەکەن کە بەیعەتی دەگەڵ بکەن بەڵێنی بدەنێ کە ئەم لە خۆبوردوانە ئامادەن تا ئاخر تنۆکی خوێنیان دەس لە فیداکاری هەڵ نەگرن. لەم کاتەدا ڕەئیس جمهوری بەرزی کوردستان دیاری کرد و لەسەر شەقامی وەفایی دابەزی و ڕۆژباشی لە هەموان فەرمو و لە لایەن پێشمەرگەکان بە"زیاتر فیداکارم" جوابی عەرز کراوە.

ئەمجا ریاسەتی جمهور یەکە یەکە نێو چاوانی ماچ دەکردن و ئەوانیش بەیعەتیان دەکرد و قەولی فیداکاری‌یان تازە دەکردەوە. لە نێوجەرگەی

سوپادا نۆبە گەیشتە سەید باوەجان کە سەیدێکی پەنجا ساڵەیەو ردێن دارە. بێ وچان دەستی فەرماندەی خۆشەویستی ماچ کرد و وتی "حازرم ئەم ردێنەم لە رێی دیفاع لە نیشتمان لە خوێن دا شەتڵ کەم" و فەرماندەی خۆشەویست فەورەن ردێنی ماچ کرد و ئافەرینی لێ کرد. لەم کاتەدا ئاغای سدیقی حەیدەری‌یان لە سەر دەستان هەڵ گرت بو. ئەویش بە دەنگێکی بڵیند دەیگوت: "بژی کورد و کوردستانی گەورە". "بژی ڕەئیس جمهوری بەرزی کوردستان". دڵی خەڵکی وە جۆش هێنا بو. پاش تەواوبونی مەراسیمی بەیعەت ماوەی ٢٠ دەقیقە شلینگی تفەنگ و موسەلسەل کراو لە گۆشە و کەناری شاریش دا بەشانازی پێشمەرگەکان هەر تەقە دەهات...(٢٤)

لە ڕێپۆرتاجێکی تردا لەسەر "جەژنی سەربەخۆیی و ناساندنی سەرۆك جەمهوری بەرزی کوردستان لە پێشمەرگەخانەی هێزی دیموکراتی کوردستان" نوسیوێتی:

"شەوی ٤ ی ١١ ی ٢٤ شەوێکی سەراسەر خۆشبەختی بو. تەواوی ئەفسەران و پێشمەرگەکانی هێزی مەرکەزی دیموکراتی کوردستان بو چون لەو شەوەدا پێشمەرگەخانە غەرقی نوری شادی بو، تەواوی وەتاغەکانی بە جۆرێکی موجەلەل ڕازابونەوە. ٢٠ نەفەر کیشکچی تەشریفاتی کە هەمو ئەفسەر بون لە پێش دەرکی پێشمەرگەخانە و تەشریف هێنانی حەزرەتی سەرۆك جەمهور دامەزرا بو. هەمو جۆرە شیرینی و شەربەت بۆ پەزیرائی میهمانانی خۆشەویست لە سەر مێز داندرا بو. دەستەی موزیك لە حاڵی تەرەنوم دا بو. دەهۆڵ و زورنا لە پێش دەرکی پێشمەرگەخانە لێ دەدرا و هەزاران برای بە ئیحساسات لە پێش دەرکی لە شادی و هەڵپەڕین دا بون. بە پێی کارتی ڕەسمی کە بۆ میهمانان ناردرا بو میهمانانی خۆشەویست دەستە دەستە دەهاتن و ٦ وەتاغی تایبەتی پڕ لە میهمان بون. لەو ئانەدا ئوتۆمبیلی حەزرەتی سەرۆك جمهور دیاری دا و لە لایەنی فەرماندەی هێزی دیموکراتی کوردستان فەرمانی ئیحتیرام درا. موزیك و کێشکی تەشریفاتی ئیحتیرامیان بەجێ هێنا. حەزرەتی سەرۆکی جمهوری نیسبەت بە کێشکی تەشریفاتی ئیبرازی مەرحەمەتی فەرمو. هوڕا و چەپڵەڕێزان ساتێك ئیدامەی هەبو. پاشان لە لایەن محەمەد نانەوازادە فەرماندەی هێزی مەرکەزی دیموکراتی کوردستان لە عموم مەراسیمی بە خێرهاتن بە عەمەل هات."

ئەوانەی لەم جەژنەدا قسەیان کرد: محەمەد نانەوازادە، قاسم ئاغای ئێلخانی زادە، ئەحمەدی ئێلخانی زادە، عەبدوڕەحمان ئێلخانی زادە، ئیسماعیل ئێلخانی زادە، ئیبراهیمی ئێلخانی زادە، محەمەد ئەمین ئاغای

ئێلخانی زادە. قاسم ئاغای ئێخانی زادە لە باتی حاجی بایز ئاغا و مەحمود ئاغای ئێلخانی زادە، قادر ئاغای قارەمانی، مەعروفی، ئیفتیخاری چواردولی، برایم قارەمانی، سوڵتان ئاغای وەتەمیشی، محەمەد ئەمین موعینی، ڕەحمەتی شافیعی، ئیسماعیل شێخ ئاغایی، حەسەن ئاغا و عەبدوڵا ئاغای داربەسەر، حەسەن خانی بوداغی.

هێمن بەم بۆنەیەوە شیعری لای خوارێی خوێندەوە:

ڕۆژی جێژن و شادییە تێپەڕی ڕۆژی دەرد و خەم
هات شنەبایێکی ڕەحمەت ڕایڕفاند و بردی تەم
دێ لە هەر لایێکی قاقای پێکەنینی لاوەکان
دێ لە هەر لایێك سەدای ساز و تار و زیل و بەم
گەرچی زستانە بە بەفر ئاخندراوە پاك وڵات
ئەوڕۆ خەمڵیوە وڵاتی ئێمە وەك باخی ئیرەم
جێژنی ئیستیقلالی کوردستانە، ڕۆژی شادییە
جێژنە پیرۆزە لە هاوخوێنی خوێنگەرمم دەکەم
نەوجەوانانی وەتەن ڕوحم فیداو بێ هەوڵ دەن
بۆ تەرەقی کوردو بۆ پاراستنی خاك و عەلەم
بۆ نەجاتی نیشتمانی خۆشەویستو کاربکەن
زو دەری بێنن لە چەنگی عارەب و ترك و عەجەم
هەر کەسێ بۆ لای سنور و نیشتمانی ئێوە بێ
هەڵدڕن ورگی ئەو و بینێرنە موڵکی عەدەم
لاوەکان! پێشمەرگەکان! ئازایەکان! بێباکەکان!
دەس دەنە شیر ئێوە، ئێمەش تیژ دەکەین نوکی قەڵەم
خوا مەدەد کاربێ لە دەس بێگانەکان دێنێنە دەر
خاکی پاکی کوردەواری نایەڵین بۆ کورد ئەلەم
جێژنە پیرۆزە دەکەم لێت و دەڵێم یا خوا بژی
ئەی ڕەئیس جمهوری کوردو پێشەوای موحتەرەم
گەورەکەم: کورد ئێستاکە موحتاجی کارەو نابێ تۆ
تەك بدەی ساتێك و دانیشی دەمێکی کەمتەرخەم
تۆم بە خوا ئەسپارد و ئەسپاردم بە تۆ ئەی پێشەوا
میللەتە ئازایەکەم، ئازیزەکەم، خوێن پاکەکەم

"لە دوایە حەزرەتی سەرۆکی جمهوری کوردستان لە پشت مێزی خیتابەوە ڕاوەستا لە هەوەڵدا لە ئیحساساتی ئەو برایانە تەقدیری فەرمو و لە

خسوسی بە ئارەزو گەیشتنی میللەتی کورد لە دەرگای خودای بێ هاوتا شوکری بەجێ هێنا و بۆ یەکەتی و پێشکەوتنی میللەت نەسائحێکی زۆری فەرمو و مەرحەمەتێکی زۆری نیسبەت بە فەرماندەی هێزی نواند.

پاشان لەنێو هوڕا و چەپڵەڕێزان دا ساتی ٥ ی شەوێ حەرەکەتی فەرمو لە نێو گاردی ئیحتیرام ڕابرد و مەجلیسی شادمانی لە ساتی ٨ ی شەوێ تەواو بو."(٢٥)

٤. ٢. بەرپرسەکانی ڕاگەیاندن

کوردستان لە ڕێپۆرتاجێکی تردا نوسیوێتی:

"ڕۆژی ٥ ی ١١ ی ١٣٢٤ بە موناسەبەتی سەربەخۆیی و ناساندنی سەرۆك جمهوری بەرزی کوردستان جێژنێکی موجەلەل گیرا"... "لە ساتی دیاری دا بانگکراوەکان کە عیبارەت بون لە ئەعزای کۆمیتەی مەرکەزی و هەیئەتی ڕەئیسەی میللی و کارگەرانی حیزبی دیموکرات و نوێنەرەکانی قەبایل و تەوایف و لکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و عولەما و ڕوحانیان و موحتەرەمینی شاری مەهاباد تەشریفیان حازر بون و هەرکەس لە جێی خۆی دانیشت و جەنابی سەرۆك جمهوریش لە ساتی ٥ لە کاتێك دا کە گاردی تایبەتی مەراسیمی ئیحتیرامیان بە جێ دینا و سرود و موزیکی میللی کوردستان دەخوێندراوە و لێ دەدرا، تەشریفی وارید بو لە سەر جێگای خۆی نزولی ئیجلالی فەرمو و یەك دەورە شەربەت و چای بە میوانەکان پێشکەش کرا."

ئاغای عەلی خوسرەوی مودیری داخلی چاپخانە جێژنی ئیفتیتاح کرد. ئاغای قادری مودەڕیسی مدیری چاپخانەی کوردستان و، سەید محەمەدی حەمیدی مدیر و سەردەبیری ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان، هاشم خەلیل زادە ئەندامی هەیئەتی تەحریریەی ڕۆژنامەی کوردستان و، محەمەدشاپەسەندی بە ناوی کارگەرانی چاپخانەی کوردستانەوە وتاریان خوێندەوە. هەژار و هێمن هەر یەکە شیعرێکیان بەو بۆنەیەوە خوێندەوە.(٢٦)

٤. ٣. بازرگانەکان

کوردستان لە ڕێپۆرتاجێکی تردا نوسیوێتی:

"جێژنی شیرکەتی تەرەقی کوردستان

لە لایەن بەزازان بە بۆنەی سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان بە بۆنەی جێژنێکی کە لەلایەن ئەعزای شیرکەتی تەرەقی کوردستان و تەبەقەی بەزازانی مەهابادی بە بۆنەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان کرا

بۆ ساتی ۳ ی پاش نیوەڕۆ مەجلیسی جێژن دایر بو و حەزرەتی پێشەوا و جەنابی حاجی سەید عەبدوڵای شەمزینی و جەنابی حاجی باباشێخی سیادەت و حاجی بایزئاغا و مەحمودئاغای ئێلخانی زادە و تەبەقاتی عولەما و ئاغایانی عەشایەر و تیجار و موحتەرەمینی شار تەشریفیان بو.

عەلی خوسرەوی کۆبونەوەکەی کردەوە. لەم کۆبونەوەیەدا ئاغایان: هەژار و هێمن و قادری مەحمودزادە، یەکی شیعرێکیان خوێندەوە. حسێن داودی دەربارەی پێکهێنانی شیرکەتەکە و هەلومەرجی ئابوری دوا. قاسم ئاغای ئێلخانی زادە، ئەحمەد ئاغای ئێلخانی زادە، پیرۆت ئاغای ئەمیرعەشایەری، حاجی بابە شێخ و، مەلا حسێنی مەجدی، لەم جەژنەدا دوان.

پێشەوا وتارێکی دا لە قسەکانیدا وتی: "یەگانە حەملەیی دوژمنان حەملەی ئیقتیسادیە و هەمیشە خەریك دەبن کە لەو ڕێگایەوە ئینقیلاب دەخەنە نێو میللەتێ مەسەلەن مەسئەلەی توتن کە دەوڵەتی ئێران خەریك بو وەسائیلی نیفاق و دوبەرەکی لە نێو کوردان دا پێك بێنێ. لازمە کە ئەمە ڕێگایەکی ئیقتیسادی بۆ خۆمان بکەینەوە، شیرکەتی تەرەقی دەبێ تەوسیعەی پێ بدرێ و ڕەوابیتی تیجارەتی لە هەمو کوردستان دا بەرقەراربکرێ. حکومەتی کوردستان ئیحتیاجاتی زۆرە دەبێ وەزعی خۆی وەکو دنیای ئەورۆ تەغییر بدا مەسەلەن فەرهەنگ، فەلاحەت، کارخانەجات کە دەبێ دە تەوسیعە و تەرەقی ئەوانەدا سەعی و جدییەت بکرێ."(۲۷)

٤. ٤. سەرانی ئێلەکان

ڕۆژی ٦ ی ڕێبەندان ئاغایان شێرزاد و محەمەد حسێن خان ئەمیری جەژنیان کرد. لەم جێژنەدا ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی و نوێنەران و سەرانی کورد ئامادە بون. پێشەواش بەشداری کرد.

بەم بۆنەیەوە چەند کەسێ وتاریان داو هێمن شیعرێکی خوێندەوە.(۲۸)

ڕۆژی ۹ ی ڕێبەندان عەبدوڵا ئاغای قادری لە گوندی جەلدیان جەژنی گرت و "مەراسیمی شەربەت خۆری بەجێ هێنا" و "لە شادی ئەم جێژنەدا چەند سەر ڕەشە وڵاخی کوشتوەتەوە و عیدەیەکی زۆر لە ئاغا و فلەخوی دەوروبەر تێدا حازر بون".

بەم بۆنەیەوە مەلا ساڵح و چەند کەسی دی وتاریان خوێندەوە.(۲۹)

هەر لەم ڕۆژەدا حاجی سەید عەبدوڵا ئەفەندی، گەورەی بنەماڵەی شێخانی شەمزینان "بە شانازی پێشەوای کوردستانەوە" جێژنی گێڕا.

بەم بۆنەیەوە چەند کەس وتاریان دا لەوانە سەید عەبدولعەزیزی کوڕی سەید عەبدوڵا.(۳۰)

ڕۆژی ١٢ ی ڕێبەندان جەعفەری کەریمی "بە ئیفتیخاری ئازادی و سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان" لە سالۆنی ئەنجومەنی فەرهەنگی جەژنی گێڕا. لەم جەژنەدا حاجی سەید بابا شێخی سیادەت، شێخ محەمەد مەعسوم زیائی و، "ژمارییەکی زۆر لە عولەمای عیزام و ئاغایانی عەشایەر و تیجار و موحتەرەمین" ئامادە بون. جەعفەری کەریمی و چەند کەسێکی تر وتار و شیعریان خوێندەوە.(٣١)

ڕۆژی ١٦ ی ڕێبەندان سەید عەبدوسەلام لە گردیگلان جێژنی کرد. سەید حسێن و سەید محەمەد نورانی زەنبیل و چەند کەسێ کە بەشدار بون. سەید عەبدوسەلام و سەید کامیل و مەلا عەبدوڵا و شێخ ئەحمەد، وتاریان خوێندەوە و شیلینگی تفەنگ کرا.

ڕۆژی ١٩ ی ڕێبەندان محەمەد ڕەشید خان، ئەحمەد بەگی سەلیمی، حاجی گەنجعەلی بەگی سەلیمی لەگەڵ خزمەکانیان و بنەماڵەی شێربەگ و دادخواە و، ئاغایان ئیبراهیم بەگی سەلاح و سەلیم بەگی بەگزادە و محەمەد حسێن خانی ئەمیری و فەیزوڵا خانی حەریقی و محەمەد کەریم بەگی مەجیدی و محەمەد بەگی ئیبراهیم بەگی فەیزوڵابەگی و ئەحمەد خانی کەیخوسرەوی ئاغایانی ئەحمەد بەگی فەیزوڵابەگی تەواوی ئاغایانی بەگزادە لە یەکشەوە کۆبونەوە. هاشم حەمزەیی سەرۆکی ستادی بۆکان، حەسەن خانی بداقی، بۆ سەر ئەو جێژنە بانگ کرابون "لەسەعات ٩ ی بەیانی دا ١٥٠ نەفەر پێشمەرگە و غەیرە تاقمێکی ٣٠٠ نەفەری ئاغا و رەعییەت و نۆکەر بە ناوی گاردی ئیحتیرامی ئاڵا لە مەیدانی پێش کۆمیتەدا سەفیان بەست، لەو وەختەدا پێشمەرگە سەلیمی فەیزوڵابەگی هەڵگری تایبەتی ئاڵا، ئاڵای موقەدەسی لە غایەتی ئیحتیراما نایە سەرشانی و فەرماندەی لك لە شانی ڕاستی ئاڵاوە و فەرماندەی بەشی سوار لە شانی چەپەوە بە جەلال و شەوکەتێکی زۆر جوان هێنایانە مەیدانی پێش کۆمیتە لە قوەی کەس نایەت شەرحی بدا کە لەو سەعاتەدا چە خۆشی و شادییەك لە ناو ئەو جەماعەتەدا پەیدا بو.

لە حدودی هەزار کەس زیاتر لە دێهاتی بەگزادەوە بۆ سەیر و پێشوازی ئاڵا هات بونە یەکشەوە لە پاش چەپڵەڕێزان و هوڕایەکی زۆر فەرماندەی لك ئاغای شێرزاد خیتابەیەکی زۆر شیرین و جوانی خوێندەوە... لە دوای ئەوە ئاغای محەمەد شکارچی قەراردادی ٢ ی ڕێبەندانی بە دەنگێکی بەرز خوێندەوە. ئاغایانی حسامی دادخواە، پێشمەرگە مستەفا فەیزوڵابەگی و، ئەسەدی دادخواە و، میرزا محەمەد ئەمینی تاهیری، هەر یەك بە نۆبەی

خۆیان نوتقێکی زۆر بەتین و تەوژمیان کرد". ئاغای عەبدوڵا نیرومەند نوسەری حیزبی یەکشەوە شیعرێکی خوێندەوە.

"لە پاش بەجێهێنانی مەراسیمی ئیحتیرامی نیزامی چەپڵەڕێزان و هوراکیشان وە گوتنی بژی پیشەوای کوردستان تاقمێ پێشمەرگە لە ژێر فەرمانی حسێن شێرزاد دەسڕێژێکی زۆریان کرد لە دوای ئەوانە ئاغای ڕەئیسی ستادی بۆکان نوتقێکی بێ ئەندازە بەتینی کرد لەو نوتقەدا تەواوی حازرینی بەلوتف و مەرحەمەتی پێشەوای موعەزەمی کوردستان ئومێدەوار کرد. ئەوجار بە کەمالی ئیحتیرامەوە ئاڵای موقەدەسیان لە سەربانی کۆمیتەی حیزب نەسب کرد. سەلامەتی پێشەوای کوردستان بە تەقەی دەهۆڵ و زوڕنا، شەربەتخۆرییان کرد و خاتیمە بە جێژن درا."(٣٢)

ڕۆژی ٢٣ ی ڕێبەندان "ئەهالی دەوروبەری کولیجە کە بۆ جێژن بانگێشت کرابون "لە دیوەخانی شێخ حسێن کۆبونەوە" لە پاش سەرفی شەربەت و چایی حەسانەوە بە دەستی گەل هاتنە دەرێ. ماوەی ٣ سەعات بە دەف و بلوێر لاوك گوتن و شایی و زەماوەند ڕایان بوارد." بەم بۆنەیەوە مەلا محەمەد ئەیوبی، مەلا قادری بورهانی، سەید برایمی نورانی، شێخ عەبدوڕەحمان، مەلا عەبدوڵا قەمتەرەیی وتاریان خوێندەوە. ٣ کەڕەت شیلینگی تفەنگ کراو "تەواوی خەڵکی بە ڕاهنومایی مەلا محەمەد بە خودا و قورئان و ئاڵای موقەدەسیان سوێندخوارد کە بۆ سەرکەوتنی کوردستان کۆتایی نەکەن."(٣٣)

ڕۆژی ٢٦ ی ڕێبەندان زێڕۆ بەگی هەرکی لە گوندی بالانیش جەژنی گێڕا. "لەم جێژنەدا گەلێك لە ئاغایانی دەوروبەری بالانیش و ورمێ تێدا بەشدار بون چەند هەزار کەس لە جوتێر و فلەخوی حازر بون شایی و هەڵپەڕکێ و خوێندنەوەی گۆرانی میللی کوردستان و موزیك دەهۆڵ و زوڕنا هەمو کەسی سەرخۆش کرد بو."(٣٤)

٤. ٥. کۆمەڵی یەهودی مەهاباد

"ڕۆژی ٦ ی ١١ ی ١٣٢٤ لە لایەن کۆمەڵی یەهودی مەهاباد بە شادی سەربەخۆیی کوردستان و ناساندنی پیشەوای کوردستان جێژنێکی زۆر جوان گیرا چەند موغازە لە خیابانی قازی بە ئەنواعی پارچە ڕازابونەوە و بەپێی بانگهێشتنێك کە لە ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی و کاربەدەستان و نوێنەرانی حیزبی دیموکرات و سەرانی تەواوی قەبایل کرابو دەستە دەستە و پۆل پۆل بانگکراوەکان گرد دەبون پاش چارەکێ دانیشتن و خواردنەوەی شەربەت و چای هەڵ دەستان دەستەیەکی دی دەهاتن بەوجۆرە ئەم جێژنە ٤٨ سەعات دەوامی کرد..."(٣٥)

٥. دامەزراندنی دەزگاکانی حکومەت

حکومەتی کوردستان، حکومەتێکی "دی فاکتو" بو، حاڵەتێکی قانونی دیاری کراوی نەبو. نە لە قانونی ئەساسی ئێران دا دەزگا و دەسەڵاتەکانی باس کرا بو، وە نە خۆیشی دەستور یا قانونێکی ئەساسی نوێی بۆ خۆی دانا بو. لە بەر ئەوە جۆرێ لە پاشاگەردانی وشەی سیاسی و قانونی و بەڕێوەبەرایەتی لە ناو داوودەزگاکانی حکومەتی کوردستان و دەسەڵاتەکانی دا هەبو.

ڕیژێمی ناوەندی سەڵتەنەتی بو کەچی ئەم جمهوری بو. بە ناو بە خۆی ئەگوت "جمهوری خودموختار" بەڵام ڕاستییەکەی ئەو دەسەڵاتانەی بە خۆی ڕەوا دی بو لە هی فیدراڵی زۆرتر بو.

لە دوای "ڕەئیسی جمهور" کە پێشەوای حیزبی دیموکراتی کوردستان، قازی محەمەد، بو، بەرزترین دەزگا "هەیئەتی ڕەئیسەی میللی کوردستان " بو، پێکهێنانی ئەم هەیئەتە کارێکی ناچاری بو. لە مێژ بو مەهاباد دەسەلاتی حکومەتی ناوەندی تێدا نەمابو. لە دوای ٢٦ ی سەرماوەزیشەوە کە شارەبانی مەهاباد چەك کرا، ئیتر بۆشاییەکی گەورە لە کاروباری بەڕێوەبەرایەتیدا دروست بو بو، ئەبو پڕبکرێتەوە. کۆمیتەی مەرکەزی حیزب بڕیاری پێکهێنانی "هەیئەتی ڕەئیسەی میللی " دا، ئەم هەیئەتە پێك هات بو لە:

ڕەئیسی هەیئەت	حاجی بابەشێخ
وەزیری جەنگ	محەمەد حسێن خانی سەیفی قازی
وەزیری کیشوەر	محەمەد ئەمین موعینی
وەزیری ئیقتیساد	ئەحمەدی ئیلاهی
وەزیری پۆست و تەلەگراف	کەریمی ئەحمەدین
وەزیری فەرهەنگ	مەنافی کەریمی
وەزیری تەبلیغات	سدیقی حەیدەری
وەزیری کار	خەلیلی خوسرەوی
وەزیری تیجارەت	حاجی مستەفای داودی
وەزیری کیشاوەرزی	مەحمودی وەلی زادە
وەزیری ڕێگاوبان	ئیسماعیلی ئێلخانیزادە
وەزیری بیهداری	سەید محەمەدی ئەیوبیان
وەزیری موشاویر	عەبدوڕەحمانی ئێلخانیزادە
ڕەئیسی عەدلیە	مەلا حسێنی مەجدی(٣٦)

ئەم دەزگایە لە باتی کابینە، یاخود ئەنجومەنی وەزیران بو. کارەکانی ئەویشی ئەنجام ئەدا. ناو لێنانی بەم جۆرە: یەکەمیان، چاو لێکەری حکومەتی ئازەربایجان بو، چونکە ئەوانیش هەمان ناویان لە دەزگای وەزارەتەکەیان نابو. دوەمیان، بۆ ڕەواندنەوەی ترسی دوژمنەکان بو، بۆ ئەوەی بە جیابونەوەخوازی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەر بەخۆ تاوانبار نەکرێن.

جگە لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگایەتی کە هەندێ جار بە "وەزارەتی جەنگ" و هەندێ جاری تر بە "وەزارەتی هێزی دیموکراتی کوردستان" و محەمەد حسێن خان بە "وەزیر" ناو ئەبران، بە وەزارەتەکانی تر جاروبار ئەوتزا "ئیدارە" و بە وەزیرەکان "ڕەئیسی ئیدارە" هەر بۆیە دەزگاکەش ناو نرا بو "هەیئەتی ڕەئیسە". لە ڕۆژنامەی کوردستان دا "سەرۆکی کیشاوەرزی کوردستان" و "سەرۆکی فەرهەنگی کوردستان" و "سەرۆکی ئیدارەی عەدلییەی کوردستان" نوسراوە. هەروەها "وەزیری تەبلیغات" و "وەزیری پۆست و تەلگراف". جگە لەوانەی ئەندامی هەیئەتی ڕەئیسە بون چەند کەسێکی تر لە پیاوە ناسراوەکانی موکریان لە پایەی "مشاویر" دانران. هەروەها چەند ئیدارەیەکی تریش دامەزرێنرا لەوانە: ئیدارەی دارایی کوردستان بە سەرۆکایەتی عیلمی، ئیدارەی کوللی ئەوقافی کوردستان بە سەرۆکایەتی محەمەد لاهیجان. ئیدارەکان کەوتنە ئەنجامدانی کارەکانیان. حوکمی داوودەزگا ڕەسمی‌یەکانی حکومەتی کوردستان دەستی پێ کرد.

پەراوێزەکانی بەشی سێیەم

١. ئەم ڕێپۆرتاجە لەبەر درێژی بەزنجیرە لە ڕ کوردستان، ژ ١٠ تا ١٥، ١١/١٥ – ١٣٢٤/١١/٢٧ بڵاوکراوەتەوە. دەربارەی ٢ ی ڕێبەندان هەروەها بڕوانە:

مەحمود مەلا عیزەت، کۆماری میللی مەهاباد: لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی، ١٩٨٤. ل ٩٨–١٠٢.

جعفر مهدی نیا، زندگی سیاسی قوام السلطنه، چ ٢، تهران، تابستان ١٢٩٩. لێرە بە دواوە ئەنوسین: مەهدی نیا. ل ٥٠١–٥٠٤.

1963. p. ، London.Jr. The Kurdish Republic of 1946.William.Eaglton ٦٢–٦٤.

لێرە بە دواوە ئەنوسین: ئیگلتن.

٢. ڕ کوردستان، ژ ١٠، ١٣٢٤/١١/١٥ بەرامبەر ١٩٤٦/٢/٤.

٣. ڕ کوردستان، ژ ١٠، ١٣٢٤/١١/١٥ بەرامبەر ١٩٤٦/٢/٤.

٤. ڕ کوردستان، ژ ١٠-١١، ١٥-١٣٢٤/١١/١٧. ئەو شوێنانەی نوقتە دانراوە نەخوێنرانەوە.

٥. ڕ کوردستان، ژ ١١، ٢٤/١١/١٧.

٦. ڕ کوردستان، ژ ١٢، ٢٤/١١/٢٠.

٧. لەو ژمارانەی لە بەر دەس دان نوتقی عومەرخانی تێدا نیە.

٨. ڕ کوردستان، ژ٢١، ١٣٢٤/١٢/١١. وتارەکەی زێڕۆبەگ دوجار بڵاو کراوەتەوە. جاری یەکەم لە ژ ١٥ ی ڕۆژی ٢٤/١١/٢٧ تەنیا بەشی یەکەمی بێ ئەوەی باسی سەید عەبدوڵای تێ دا نوسرا بێ، بەڵام جاری دوەم بەو جۆرە بڵاو کراوەتەوە.

٩. ڕ کوردستان، ژ ١٥، ١٣٢٤/١١/٢٧ بەرامبەر ٤٦/٢/١٦.

١٠. لەو ژمارانەی لەبەر دەس دان وتاری محەمەد فەیزوڵابەگی تێ دا نیە.

١١. ڕ کوردستان، ژ ١٣، ١٣٢٤/١١/٢٢ بەرامبەر ٤٦/٢/١١.

١٢. لەو ژمارانەی لەبەر دەس دان وتارەکەی حاجی بابەشێخیان تێ دا نیە.

١٣. ڕ کوردستان، ژ ١٥، ١٣٢٤/١١/٢٧ بەرامبەر ٤٦/٢/١٦.

١٤. ڕ کوردستان، ژ ١٣، ١٣٢٤/١١/٢٢ بەرامبەر ٤٦/٢/١١.

١٥. ڕ کوردستان، ژ ١٢، ٢٤/١١/٢٠. ئەو شوێنانەی نوقتەیان لێ دانراوە نەخوێندرانەوە.

١٦. ڕ کوردستان، ژ ١١، ٢٤/١١/١٧. ئەو شوێنانەی نوقتەیان لێ دانراوە نەخوێندرانەوە.

١٧. ڕ کوردستان، ژ ١٢، ٢٤/١١/٢٠.

١٨. ڕ کوردستان، ژ ١٨، ١٣٢٤/١٢/٤ بەرامبەر ٤٦/٢/٢٣.

١٩. ڕ کوردستان، ژ ١٣، ١٣٢٤/١١/٢٢ بەرامبەر ٤٦/٢/١١.

٢٠. ڕ کوردستان، هەمان ژمارە. ئەو شوێنانەی نوقتەیان لێ دانراوە نەخوێندرانەوە.

٢١. ئیگلتن، س ن، ل ١٩. مەهدی نیا، ل ٥٠٣.

٢٢. ر كوردستان، ژ ٨، ١٣٢٤/١١/٨ بەرامبەر ١٩٤٦/١/٢٨.
٢٣. ر كوردستان، ژ ١٤، ٢٤/١١/٢٤.
٢٤. ر كوردستان، ژ ١٤، ١٣٢٤/١١/٢٤.
٢٥. ر كوردستان، ژ ١٥ ـ ١٧، ١١/٢٧ ـ ١/ ١٢/ ١٣٢٤.
٢٦. ر كوردستان، ژ ١٧- ٢١، ١- ١٣٢٤/١٢/١١.
٢٧. ر كوردستان، ژ ٢٣، ١٣٢٤ /١٢/١٥.
٢٨. ر كوردستان، ژ٢٥، ١٢/٢٦/ ٢٤.
٢٩. ر كوردستان، ژ ٢٥، ٢٤/١٢/٢٦.
٣٠. ر كوردستان، ژ ٢٥، ٢٤/١٢/٢٦.
٣١. ر كوردستان، ژ ٣٠، ١٣٢٥/١/١٢.
٣٢. ر كوردستان، ژ ٢٤، ١٣٢٤/١٢/٢٢.
٣٣. ر كوردستان، ژ ٢١، ١١/ ١٢/ ٢٤.
٣٤. ر كوردستان، ژ٢٣، ٢٤/١٢/١٥.
٣٥. ر كوردستان، ژ ٢٢، ١٢/١٣/ ١٣٢٤.
٣٦. علاءالدين سجادى، شۆڕشەكانى كورد و كورد و كۆمارى عێراق، بەغداد، چاپخانەى مەعارف، ١٩٥٩، ل
گ ڕۆژى نوێ، ژ ١٠، كانونى دوەى ١٩٦١، ل ٤٠.
محمودعزەت، س ن، ل ١٠٢- ١٠٣.
دكتور عزيز شمزينى، الحركە القوميە التحرريە للشعب الكردى، مطبعە الشهيد ابراهيم عزو، نيسان ١٩٨٦. ل ١٦٢.
ئەرفەع، ل ٨٥.
Hassan Arafa، The Kurds، London، 1966، P. ٨٥.
ئيگلتن، س ن، ل ١٣٤.

٤. گەشانەوەی ڕۆشنبیری

حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بایەخێکی تایبەتی بەکاروباری ڕۆشنبیری و خوێندەواری دا. مەنافی کەریمی بە وەزیری فەرهەنگ و سدیقی حەیدەری بە وەزیری تەبلیغات لە هەیئەتی ڕەئیسەی میللیدا دانا. هەردو وەزارەت لەو ماوە کورتەی تەمەنیان دا کاری گرنگ و نرخداریان ئەنجام دا.

١. بە کوردی کردنی زمانی ڕەسمی

لەوەتی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد دەستی پێ کردوە، بە کارهێنانی زمانی کوردی و پاککردنەوەی لە وشەی بێگانە و پاراستنی لە شێوان و لە ناوچون بۆتە یەکێ لە ئامانجەکانی.

لە تورکیا دوای ئینقیلابی عوسمانی یەکێ لە خواستە سەرەکییەکانی ڕێکخراوە کوردییەکانی ئەستەموڵ ناسینی ڕەسمی زمانی کوردی بو لە ناوچە کوردنشینەکان دا وەکو زمانی: دادگا و، قوتابخانە و، نوسینی گۆڤار و ڕۆژنامە. هەر بەو مەبەستەش حەفتەنامەی تورکی - کوردی "کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی" و گۆڤارەکانی "کوردستان" و "ڕۆژی کورد" و "هەتاوی کورد" و "ژین" یان دەرکرد و، لە گەڕەکی چەمبەرلی تاش قوتابخانەیەکی سەرەتایییان بۆ دەرس دانی زمانی کوردی بە منداڵانی کورد دامەزراند. کاربەدەستانی "ئیتیحاد و تەرەقی" و، دوایی تر کەمالییەکان بونی کوردیان ئینکار و بەکارهێنانی زمانی کوردییان لە هەمو بوارەکانی ژیانی ڕەسمی و ناڕەسمیدا لە تورکیا قەدەغە کرد.

لە عێراق ئەو هەوڵەی لە دوای بڕانەوەی جەنگی جیهانی یەکەمەوە بۆ کورد ڕەخسا، بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە بڵاو کردنەوەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و لە خوێندنی قوتابخانەکان و، لە قسەکردنی ناو دائیرەکانی دەوڵەت دا بە تایبەتی دادگاکان، جێگیر بو. بەڵکو چوە قاڵبی قانونییەوە چونکە پارلەمانی عێراق لە ١٩٣١ دا "قانون اللغات المحلیه" ی دەرکرد و

زمانی کوردی به ڕەسمی ناسی. به دەیان کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی پێ بڵاو کرایەوە.

له ئێران جگه لەو تاقه حەفتەنامەیەی که سمکۆ له ورمێ بۆ ماوەیەکی کورت بێ ڕێگه پێدانی قانونی حکومەتی تاران دەری کرد بو، ئیتر ماوەی دەرچونی هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەك، یا چاپ کردنی هیچ کتێبێکی کوردی نەدراوە. بەکارهێنانی زمانی کوردی بۆ قسەکردنیش له دائیرەکانی دەوڵەت و له قوتابخانەکان دا قەدەغه بو.

کاربەدەستانی ڕیژێمی پەهلەوی بونی کوردیان ئینکار نەئەکرد، وەکو کەمالییەکان له تورکیا ئەیان کرد، بەڵام دانیان بەوەدا نەئەنا که کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆ و جیاوازه له فارس. وایان بڵاو ئەکردەوە: کورد یەکێکه له قەبیله ڕەسەنه خوێنپاکەکانی ئێران و، زمانی کوردی یەکێکه له زاراوه پاکەکانی زمانی فارسی. چەندین مامۆستای زانستگای تاران و، زانای ئێرانی له لایەن کاربەدەستانەوه ڕاسپێردران بۆ ئیسپات کردنی ئەو بۆچونه لێکۆڵینەوه و باسی مێژویی و جوگرافی و زمانەوانی و سۆسیۆلۆجی بنوسن.

کاربەدەستانی ئێران و تورکیا ئەیان وت کوردی زمان نیه. لەوەدا هەندێ عەرەبیش ئەبونه هاوئاوازیان. ئەمه یەکێك بو لەو هۆیانەی هەمیشه وای له کورد ئەکرد که زمانەکەی به ڕەمزی خۆناسین و سەلماندنی نەتەوایەتی خۆی دابنێ. ڕۆشنبیرەکانی هەوڵی دارشتنی ڕێزمان و ڕێنوسی تایبەتی و، ڕاگرتنی ئاخاوتنی زمانەکه به پاکی و بژار کردنی له وشەی بێگانەی عەرەبی و، تورکی و، فارسی و، نوسینی فەرهەنگ بدەن. یەکێ له خواسته سەرەکییەکانی هەمو ڕێکخراوه سیاسی و ڕۆشنیرییه کوردییەکانی سەرانسەری کوردستان، تەنانەت هی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانیشی ناسینی ڕەسمی زمانی کوردی بوه له ناوچه کوردنشینەکان دا.

یەکێ له ئامانجەکانی کۆمەڵەی ژ. ك و، دواییتر حیزبی دیمۆکراتی کوردستان هەمان مەسەله بو. حیزبی دیمۆکرات نوقتەی ۲ ی خواستەکانی له حکومەتی ناوەندی له ناو یەکەمین ڕاگەیاندنی دامەزراندنی خۆی و، مادەی ۱۳ ی فەسڵی ۳ ی مەرامنامەکەی بۆ ئەو مەبەسته تەرخان کرد بو.

کوردەکانی ئێران له ژێر سایەی ڕیژێمی پەهلەوی دا هەرگیز ئەم ئاواتەیان نەهاته دی. بەڵام یەکێ له کاره گرنگەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دوای ئەوەی کاروباری موکریانی گرته دەست ئەوه بو: زمانی کوردی کرده زمانی ڕەسمی خوێندن و نوسین و قوتابخانه و دائیرەکان. قازی محەمەد له وتارەکەی ڕۆژی ۲ ی ڕێبەندانی دا بەشانازییەوه ئەڵێ:

"... چەند مەدرەسەی کچان و کوڕانمان کردەوە، مەدرەسەی شەوانەمان دایر کرد و کتێب بە زمانی کوردی تەرجەمە کران... کوڕ وکچ و پیاوی گەورە لە مەدرەسەی شەوانە و ڕۆژانە بە زمانی کوردی دەخوێنن لە جیاتی ئەوەی شەش حەوت ساڵ خەریکی خوێندن و فێربونی فارسی بن لە مانگێك و دو مانگ دا دەبنە خوێندەوار و هەمو شتێك دەخوێننەوە و دەنوسن. بۆ ناساندنی لیاقەتی میللی و دەرخستنی حەیاتی ئەدەبی و فەرهەنگی کورد و بۆ ڕاگەیاندنی هاواری خۆمان بە گوێی دنیای بەشەرییەت و عەدالەت موحتاجی وەسیلەی چاپ و بڵاوکردنەوە بوین چاپخانەی زۆر چاك تەئسیس کراو دانرا لەشاری خۆماندا بە زمانی خۆمان بە چاپخانەی خۆمان گۆڤار و ڕۆژنامە دەردەچێ و بیر و فیکر و داخوازی ئێمە لە دنیادا بڵاو دەکاتەوە."

١. ١. مزگەوت

مزگەوت لە کوردەواری دا گرنگی‌یەکی زۆری هەبوە. جگە لەوەی شوێنی نوێژ و خواپەرستی بوە. ماوەیەکی درێژ تەنیا جێگای فێر بونی خوێندەواری و زانست بوە. زۆری شاعیر و نوسەر و ئەدیبەکانی کورد تا کۆتایی چلەکان لە مزگەوتەکان دا پێ گەیشتون. سەرەڕای ئەوەش شوێنی کۆبونەوەی خەڵك و، پرسە و بەلادا خستنی ناکۆکی بوە. مەلاکان لە دوانگەی مزگەوتەکانەوە ئەیان توانی کار لە بیروڕای خەڵك بکەن. لە هەمو شار و ئاواییە گەورەکان دا ڕۆژانی هەینی نوێژی بە کۆمەڵی موسوڵمانان لەوێ ئەکرێ. نوێژی هەینی گرنگی‌یەکی تایبەتی هەیە چونکە لەو ڕۆژەدا ئیمامی جومعە وتارێکی درێژ ئەخوێنێتەوە و، ژمارەی بەشدارانی نوێژی جومعەش لە نوێژی جەماعەتی ڕۆژانی تر زۆرترە.

مزگەوت بۆ ح د ك و بۆ حکومەتی کوردستانیش گرنگ بو. قازی محەمەد زۆری کۆبونەوە گرنگەکانی لە مزگەوت دا ئەکرد و، لەوێ دا لە گەڵ پێشەوا دینیی و دەمڕاست و ئاغاکانی کورد کۆ ئەبوەوەو ڕاوێژی ئەکرد.

هەمو دینێ بۆ ئەوەی باوەڕ و سەرەتاکانی خۆی بە خەڵك بگەیەنێ ئەبێ بە زمانی خۆیان بدوێ. کورد لەم مافەش بێ بەش بو. لە مزگەتی گەورەی شارەکان دا خەتیبی جومعە ئەبو بە زمانی عەرەبی یان بە زمانی ڕەسمی دەوڵەت خوتبەی جومعە بخوێنێتەوە. حاجی قادری کۆیی مشتومڕێکی توندوتیژی خۆی لە گەڵ کابرایەك دا ئەگێڕێتەوە، لە سەر ئەوەی کابرا ڕەخنەی لە کاك ئەحمەدی شێخ گرتوە، چونکە قورئانی بە کوردی لێك داوەتەوە.

ح د ك بڕیاری دا كه ئیتر خوتبەی جومعه به كوردی بخوێنرێتەوە. بەو بۆنەیەوەلە ڕۆژنامەی كوردستان دا ئەم هەواڵە بڵاو كراوەتەوە:

"هەوەڵ جارە كە خوتبەی جومعە بە كوردی دەخوێنرێتەوە

وەكو برایان هەمو دەزانن ساڵێكی تەواوە كە لە لایەن حیزبەوە دەستور بە ئیمامی جومعە درا بو كە خوتبەی جومعە بە كوردی بخوێنرێتەوە و، ئیمام لە پێش دا خوتبەی بە كوردی دەخوێندەوە پاشان بە عەرەبی. بەڵا دوێنێ ١٢ ی ١١ ی ١٣٢٤ ئیمام پاش بەسمەلە.... خوتبەی بە كوردی خوێندەوە دڵی هەمو...

بە ئەمری پێشەوا و ڕەئیس جمهوری بەرزی كوردستان لە لایەن حیزبەوە بە جەنابی مەلا حسێنی مەجدی ئیمام جومعە و سەید محەمەد حەمیدی ئەمر دراوە كە خوتبەی جومعە لە سەر دەستوری ژێرو تەنزیم بكرێ:

موبارەزە دەگەڵ خورافات و، ئیحتیرامی قانون و دین. بیهداری و ئیجادی بیمارستان. تەئسیری ئەمنییەت لە سەركەوتنی نیشتمان دا. تەمەدونی كوردستانی قەدیم. ئیعتیماد بە نەفس و ئەهەمیەتی سەربازی وەزیفە... تەهیەی كودەكستان. چلۆن دەبێ پێش بە تەراخوم بگیرێ. ڕوحی سیلەحشۆڕی. وەحدەتی میللی. عەواقیبی تەبەهكاری، سوخەن چینی و دوزبانی. وە دەستور دراوە جەنابی ئیمام جومعەش ئەمانە ڕەچاو بكرێ و خوتەبای دێهاتیش لەم دەستورە پشتیوانی بكەن."(١)

١. ٢. خوێندن

قوتابخانەی حكومەتی لە كوردستان دا یەكجار كەم بو، بەشی هەرە زۆری خەڵك نەخوێندەوار بون. ئەوەش وەنەبێ ڕوداوێكی بە ڕێكەوت بوبێ. بەڵكو ئەمە سیاسەتێكی نەخشەكێشراوی ڕیژێمی پەهلەوی بو. یەكەمین سەفیری عێراقی بۆ دەرباری پەهلەوی گفتوگۆی خۆی لە گەڵ سەفیری بەریتانی لە تاران دەربارەی كێشەی كورد بەمجۆرە ئەگێڕێتەوە:

" ئینجا چوینە سەرباسی سیاسەتی ئێران بەرامبەر كێشەی كوردەكان.

وتم: لەوەتی گەیشتومەتە تاران تا ئەمڕۆ، بەرپرسە ئێرانییەكان چەندین كەڕەت باسی كێشەی كوردیان لە گەڵ كردومەتەوە. وا تێگەیشتم ئێران گرنگییەكی زۆر بە كێشەی كوردەكان ئەدا، عێراق هەرچی كارئاسانییەك بۆ ئاواتی كورد بكا ئەمان بە جەزرەبەیەكی دائەنێن بۆ سیاسەتی ئێران و بە مەترسییەكی دائەنێن لە دەرەوە دێتە سەریان. هەروەها وا حاڵی بوم كە سیاسەتی ئێرانی پشت ئەبەستێ بەو تەئمیناتەی دراوێتێ دەربارەی یارمەتی نەدانی كورد بۆ وەرگرتنی لەوە زیاتر كە بەدەستیان هێناوە.

وتی: زۆر جار گفتوگۆمان بوە لە گەل سەیمورتانی سەربەرەی کورد. نەتوانم پێت بڵێم هەندێ جار دەمەقاڵەشمان بوە لەسەری. ئەوەی ئەیزانم سیاسەتی تورك بەرامبەر کوردەکانی دانیشتوی ئەو وڵاتە، سیاسەتی توندوتیژی و نەهێشتنیانە بە هەمو ڕێگایەك، ئینجا بە تورك کردنیان. بەڵام سیاسەتی ئێرانی بەرامبەر کورد بریتی‌یە لە سیاسەتی پشت گوێ خستن، واتە فەرامۆش کردنی ڕەگەزی کورد و یارمەتی نەدانی لە ڕوی پەروەردە و تەندروستی و ئیسلاحات و شتی ترەوە تا ڕۆژێ دێ ئەوەندە لاواز ببێ نەتوانێ خۆی ڕابگرێ و، ناچار بێ لە ناو ڕەگەزی ئێرانی‌دا بتوێتەوە و نەمێنێ."(٢)

حکومەتی کوردستان بۆ پڕ کردنەوەی دەلاقەی پشت گوێ خرانی دەیان ساڵ چەند هەنگاوێکی گرنگی هاویشت. مەنافی کەریمی لە "هەیئەتی ڕەئیسەی میللی" دا دانرا بە "وەزیری فەرهەنگ" و لە پاڵ ئەوەدا "هەیئەتی فەرهەنگی" یش دامەزرێنرا.

"هەیئەتی فەرهەنگی‌ی کوردستان" لە یەکێ لە کۆبونەوەکانی دا چەند بڕیارێکی گرنگی بەمجۆرە دا:

"ڕۆژی چوار شەممویە ١٢ ی ١٠ ی ٢٤ جەلەسەی هەیئەتی فەرهەنگی‌ی کوردستان ساتی دو پێش نیوەڕۆ گیرا لە بابەت مەکتەب و دانانی دو نەفەر پشکنێر بۆ مەکتەبەکان گفتوگۆی لازم کرا. ئاغایانی عەلی خوسرەوی و ڕەحیم لەشکری بۆ پشکنێر هەڵبژێردران و حوکمیان سادر کرا.

قەرار درا ئەو منداڵانەی بێ کەسن وە بە سواڵ مەشغوڵن کۆ بکرێنەوە لە ناو میللەت دا بەش بکرێن و ڕۆژانە لە مەکتەبی گەلاوێژ بخوێنن و بۆ خڕ کردنەوەی ئەم هەژار و بێ کەسانە بە شارەوانی ئەمر درا کە خڕیان کاتەوە و بیان داتە دەست ئاغایانی حسێن فروهەر و مەنافی کەریمی و ئەوانیش بە نێو میللەت دا بەشیان کەن.

٢. بە ئەکسەریەتی ئارا پەسەند کرا ئاغایانی فروهەر و کەریمی خەڵکی بێ سەواد حازر کەن کە شەوانە لە مەکتەب دا بە زمانی کوردی بخوێنن.

٣. پەسەند کرا هەمو نیشانەی "تابلۆ" ئیدارات و مەکتەب و تیجارەتخانان و عەمارەتان بگۆڕن و بە کوردی بنوسرێ.

٤. پەسەند کرا ئەو منداڵانەی کۆ دەکرێنەوە تەمەنیان لە ٦ تا ١٤ ساڵان زیاتر نەبێ.

٥. لە ئاخری جەلەسەدا پەسەند کرا کە جەلەسەی دیکە جۆری لیباسی شاگردی مەکتەب مەعلوم کرێ."(٣)

یەکێکی تر لە کارەگرنگەکانی "هەیئەتی فەرهەنگی" ماوەنەدانی شێواندنی زمانی کوردی بو بە ناوی داهێنانی وشەی تازەکورە و دروستکراوەوە. کوردستان لەو بارەیەوە ئەم "ئاگاداری" یەی بڵاو کردۆتەوە:

"بە تەواوی زانایانی بەرزی کورد ڕادەگەیەندرێت:
بۆ وە کارهێنانی وشەی کوردی کە تا ئەورۆ وە کارنەهێندراوە دەبێ لە پێش دا بە هەیئەتی فەرهەنگی پێشنیهاد بکرێ و لەوێ دا تەسویب و ئیجازەی وە کارهێنانی بدرێ وە کەس حەقی نیە وشە ڕۆنێ و دەکاری بێنێ."(٤)

ناوە فارسی و ناقۆلاکانی مەکتەب و شوێنە گشتییەکان کران بە ناوی کوردی و خۆش. بۆ نمونە ئەم "ئاگاداری" یە لە کوردستان دا بڵاو کراوەتەوە:

"بە پێ ی دەستوری پێشەوا و ڕەئیسی جمهوری کوردستان لە ٢٠ ی ١٠ ی ٢٤ دا هەیئەتێك لە ئاغایانی فەرهەنگی لە ئیدارەی فەرهەنگ کۆببونەوە پەسەند کرا کە مەدرەسەی پەهلەوی بە نێوی مەکتەبی کرمانجی کوردستان نێودار بێ. خواهیش دەکەین لەو تاریخەوە بە نێوێکی کە پەسەند کراوە: (مەکتەبی کرمانجی) بناسن" (٥)

قوتابخانەکان بە ناوی "کوردستان" و "گەلاوێژ" و " پێشەوا"... ناونران. وە نەبێ هەرناوی قوتابخانەکان گۆڕا بن، بەڵکو زمانی خوێندن و، جۆری خوێندن و، بەرنامەکانی بە گوێرەی هەلومەرجی سیاسی نوێ گۆڕان. کوردستان بە ئیمزای "معاونی حیزب - تەهازادە" بە ناوی "کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان" ئەم ئاگادارییەی بڵاو کردەوە:

"بە تەواوی ئەهالی خۆشەویستی سابلاغ ڕادەگەیەندرێت:
لە سەر ئەمری پێشەوای موعەزەم و قەراری حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەوێ بەولاوە پێویستە بۆ پەرەپێدان و ڕەواجی زمانی کوردی خوێندن لە مەدرەسەکان دا بە کوردییە. لەو تاریخەوە تا ١٠ ڕۆژی دیکە هەر کەسێك کوڕ و کچی هەبێ کە عومری ئیقتیزای خوێندن بکا دەبێ بنێرێتە مەدرەسە. ئەڵبەت هەر کەس لەو ئەمرە ڕو وەرگێڕێ بە توندترین موجازات تەنبێ دەکرێ. "(٦)

لەم بڕیار و فەرمانەدا دو مەسەلەی گرنگی تێ دا باس کراوە:

(١) بە کوردی کردنی خوێندن لە قوتابخانەکان دا.

(٢) تەعلیمی ئیلزامیی منالان بۆ کوڕ و کچ.

هەندێ قوتابخانەی نوێ لە سابلاخ و بۆکان و شنۆ کرانەوە. لەوانە قوتابخانەیەکی کچان لە شنۆ.(٧)

چەند مامۆستایەکی کوردی عێراق لە وانە: محەمەد تۆفیق ووردی، عەبدولقادر ئەحمەد، عوسمان دانیش، جەمیل بەهادین، لە ڕەوتی گەشەپێدانی خوێندن و پەروەردەدا بەشدار بون. ئیدارەی فەرهەنگی کوردستان بۆ پێزانینی ئەم چاکەیە لە زمانی: "سدیقی – لە لایەن ڕەئیسی فەرهەنگی مەهاباد" لە ڕۆژنامەی کوردستان دا سوپاسی بۆ نوسیون.(٨)

چەند هەیئەتێك دانرا بون بۆ "پێ ڕاگەیشتن بە کارەکانی فەرهەنگ، ئەوقاف، دانانی دانیشکەدەی مەعقول و مەنقول و..."(٩) بەڵام تێکچونی حکومەتی کوردستان بو بە هۆی سەرنەگرتنی دامەزراندنی ئەم دانیشکەدەیە.

حکومەتی کوردستان ڕێزی مافی فەرهەنگی و دینیی کەمینە دینی‌یەکانی گرتوە. ڕێگەی بە "کلیمی" یەکان، واتە بە جوەکان، داوە قوتابخانەی تایبەتی خۆیان بکەنەوە. لە ڕۆژنامەی کوردستان دا لەو بارەیەوە ئەم "ئاگاداری" یە بڵاو کراوەتەوە:

"بە عومومی میللەتی کلیمی‌یانی دانیشتوی مەهاباد ڕادەگەیەنم کە لە ژێر حیمایەتی حەزرەتی پێشەوای موعەزەم و مەحبوبی کوردستان و نەزارەتی ئیدارەی موحتەرەمی فەرهەنگ بە ئیجازە لە مەقاماتی بەرزی کوردستان مەدرەسەیەك بە نێوی تێکەڵی کوردی وعیبری دەکەینەوە. پێویستە لە بروارى ئەو ئاگاداری‌یەوە منداڵانی خۆتان چە کوڕ و چە کچ بە دەفتەری ئەو مەدرەسە کە ڕوبەڕوی عەمارەتی داودزادەیە بە موعەرەفی و بە سەبتی بگەیەنێ. لە غەیری ئەو سورەتەدا مەجبورەن بە وەسیلەی شارەوانی حازر دەکرێن. مدیر و سەرپەرشتی مەدرەسەی عیبری - داودزادە"(١٠) ڕێگە دان بە تاقمی جوی خەڵکی مەهاباد بۆ کردنەوەی قوتابخانەی تایبەتی خۆیان گرنگی‌یەکی تایبەتی هەبو چونکە:

(١) زۆر لە مێژ نەبو جو لە ئەڵمانیا و قەڵەمڕەوی ژێردەستی ئەڵمانی دا کەوت بونە بەر هێرشی لە ناوبردنی بە کۆمەڵ. لە سەرانسەری دنیادا بە کەمایەتی‌یەکی دینیی زۆرلێکراوی بێ دەسەڵات ئەژمێردران.

(٢) فراوانیی ئاسۆی بیرکردنەوەی سەرانی حکومەتی دیمۆکراتی کوردستانی دەرئەخست سەبارەت بە ڕێزگرتنی مافی دینیی و ڕۆشنبیری کەمایەتی‌یەکی پچوکی دینی، لە وڵاتێك دا کە بە درێژایی زەمان چەوساندنەوەی دینیی، مەزەبی، نەتەوەیی، تێ دا بوبو بە جۆرێ لە نەریتی حوکمڕانی.

١. ٣. زمانی حوکمڕانی

زمانی هیچ نەتەوەیەك بێ هەبونی دەسەڵاتی سیاسی ناتوانێ وەکو پێویست لە بوارەکانی قانون، سیاسەت، ئابوری، دیپلۆماسی... دا گەشە بکات و دەوڵەمەن بێ. کوردیش لەم قانونە بەدەر نیە. چونکە دەوڵەتی تایبەتی خۆی نەبوە، زمانەکەشی نەی توانیوە پێویستی‌یە زۆرەکانی مەیدانە جیاوازەکانی ژیان بە ئاسانی بەدەستەوە بدات. حکومەتی کوردستان لە مەهاباد لە دوای تەجروبەی حکومەتی کوردستانی جنوبی بە سەرکردایەتی شێخ مەحمودی حەفید دوەمین تەجروبەی حوکمڕانی کورد بو. هەردوکیان تازە بون. ئەبو لە نوێ خەریکی دانانی بناغەی زمانی دەوڵەت بن.

حکومەتی کوردستان، لە کاروباری ڕۆژانەی خۆی دا وازی لە زمانی فارسی هێنا و، هەر لە سەرەتاوە هەنگاوێکی ئازایانەی هاویشت بۆ دانانی بناغەی ئەو زمانە پێویستە. کۆمیتەی مەرکەزی، کە بە کردەوە، ئەرکی دانانی قانون و هەیئەتی ڕەئیسەی میللی و، وەزارەتەکانیش یاخود وەکو خۆیان ناویان بردون: ئیدارەکان کە ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانە و جێبەجێ کردنی بڕیارەکان ئەبینێ بە کوردی کارەکانیان ئەنجام دا. لەوەش دا سەرکەوتو بون و بە شێنەیی خەریك بو زمانی کوردی ئەبو بە زمانی دەوڵەت و حوکمڕانی. لێرە دا وەکو نمونە بۆ زمانی حکومەتیی: قانونی و ئابوری و بازرگانی چەند بڕیار و ئاگاداری‌یەك ئەنوسینەوە:

١. ٣. ١. زمانی شەرعی

لە ٢٤ ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ دا "ڕەئیسی هەیئەتی میللی کوردستان حاجی سەید بابا شێخ" دو بڕیاری دەربارەی دو مەسەلەی کۆمەڵایەتی گرنگ بڵاو کردۆتەوە: ڕەدوکەوتن و، پرسەی مردو.

" ڕەدوکەوتنی کچان و ژنان قەدەغەیە

لە سەر قەراردادی هەیئەتی میللی کوردستان هەر پیاوێك بە زۆر ژنی بە مێرد، گوێزرابێتەوە یا نە گوێزرابێتەوە، ڕاکێشێ دەبێ بکوژرێ، بە زۆر ئەگەر کچێکیش ڕاکێشرێ دەبێ ئەو پیاوە بکوژرێ. ئەمما کچێ خوازبێنی بکا مانیعی شەرعیش نەبێ، بە مێرد نەبێ و کچەکە ڕەزای ببێ جەزای نیە وە گەرنە لە ٣ مانگەوە تا ٣ ساڵ حەبس دەکرێ"

" لە تەرەف هەیئەتی میللی کوردستانەوە قەرار درا کە لێرە بەولاوە سەرەخۆشی کردن دەبێ بە ئەمری شەرعی ئیسلام بێ.

مردودار حەقی نیە بە هیچ جۆرێك زەحمەت و مەخاریج بکێشێ. مەجلیسی سەرەخۆشی بۆ پیاوان دەبێ لە نزیکتر مزگەوتێ دابنرێ و نابێ پەزیرائی لە سەرەخۆشیکەران بکرێ. هەروەکو شەرع دەفەرموێ مەجلیسی سەرەخۆشی ڕەسمەن ڕۆژێکە.

ئەم قەرارداده بۆ هەمو شار و دێهاتی کوردستان حوکمێکی هەیە."(١١)

١. ٣. ٢. زمانی قانونی

نمونەی ١ "ئاگاداری

بە هۆی ئەو نوسراوە لە سەر قەراری کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە تەواوی مەئمورینی حکومەتی کوردستان و میللەت ڕادەگەیەندرێت هەرکەس لە هەر مەمەڕێکەوە بە هەر نێویك تمەنێك تا چەند تمەن بۆ هەڵسوڕاندنی کارێکی (چە قانونی شەرعی و غەیریهی) بەرتیل و ڕیشوە بدات وە یا وەربگرێ لە پاش مەعلوم بون بە خاینی میللەت و مەملەکەت دەناسرێ و قەراری موجازاتی ئەو کەسانەش لە دە ساڵ حەبسی هەتا کوشتن (ئیعدام) تەسویب و موقەڕەڕ کراوە.

کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان."(١٢)

نمونەی ٢ " تەسویبی قانونی موجازات

بەرابەر بە ئەمرییەی ژمارە ١٦٠٧ – ٢٥/٢/١ ی کۆمیتەی مەرکەزی حیزب، دیوانی حەربی هێزی دیمۆکرات تەشکیل و قانونی موجازاتیش وەك لە خوارەوە نوسراوە تەسویب بو:

قانون

مادە ١ جاسوسی کە بە یەقین گەیشت جەزای ئەو ئیعدامە. ئەمما ئەگەر دەلیلی تەخفیف لە کاردا بین تەواوی دارائی ئەو کەسە دەبێتە هی دەوڵەت، یان زیندانی بەکار لە شەش مانگەوە تا مردن.

مادە ٢ مەستی و هەرزەیی لە دە ڕۆژەوە تا یەك مانگ زیندانی لە گەڵ کار و لە پەنجا تا دوسەد قەمچی هەر نۆبەی لە پەنجا قەمچی زیاتر نەبێ.

مادە ٣ دزین یان لە نێو بردنی ماڵی دەوڵەت لە چاو ئەو گوناحە کە کردویە ئیعدام یا هەڵگرتنی دارایی ئەو کەسە بۆ دەوڵەت و یان زیندانی بەکار لە دو مانگەوە تا مردن و لە هەمو حاڵ دا دەرکردنی لە سەر خدمەت. کەسانێك کە بە تفەنگ و یان ئەسلەحەیەکی شەڕ جەردەیی و ڕێگری و یان دزی بکەن ئەوانیش جەزایان هەروایە.

مادە ٤ زۆرهێنان بۆ هاوسەر یان بۆ کەسانی دی یەکساڵ زیندانی بەکار و لێ ئەستاندنەوەی ئەوەی کە سەندویە.

ماده ٥ تریاك كێشان بێ بەش بون لە تەواوی حقوقی مەدەنی ئەوانەش کە لەسەر خزمەتن ئەگەر لە دوایەدا فێری تریاك بن لە دوای یەکساڵ زیندانی بەکار لە سەر خزمەت دەردەکرێن.

ماده ٦ هەڵاتن لە شەڕدا و ئەسلەحە بە دوژمن دان جەزای ئیعدامە.

ماده ٧ خەیانەت بە میللەت یان دەوڵەت یان نیشتمان ئیعدامە ئەمما ئەگەر دەلیلی تەخفیف لە بەین دا بێ وەك لە مادەی ١ دا نوسراوە ڕەفتار دەکرێ.

ماده ٨ دەسدرێژی بە ناموسی خەڵك جەزای هەر بەو جۆرەیە کە لە هەیئەتی ڕەئیسەی میللی دا گوزەراوە.

ماده ٩ بەرتیل وەرگرتنیش هەروەها.

تێبینی ١: تەواوی گرتوان (دوکتۆر، لیسانس، دیپلومە و ناقیس نەبێ) لە ڕۆژی گیرانەوە بە ئەمری ئەو مەقاماتەی کە سەلاحیەتیان هەیە مومکینە کاریان پێ بکرێ ئەمما ڕۆژی لە ٦ سەعات زیاتر نا و ڕۆژانی تەعتیلیش هەرنا.

تێبینی ٢: ئەفسەران و نەفەراتی هێزی دیمۆکراتی کوردستان و جاسوسانی خاریج ئەگەر یەکێك لەو گوناحانەیان لێ ڕو بدا هەر لە دیوانی حەرب پێی ڕادەگەن خەڵکی خاریج لە هێزەوەش بە پێی فەرمانی ڕیاسەتی موعەزەمی جمهور ئەم دیوانە حوکمیان دەکات.

ئەوا بۆ ئاگاداری تەواوی دیمۆکراتی کوردستان ئەم قانونە چوارجار لە دوی یەك لە ڕۆژنامەدا چاپ و بڵاو دەکرێتەوە خودا بکات هیچ کەس یەکێ لەو گوناحانەی لێ ڕونەدا حەتمەن بەو موجازاتەی کە نوسراوە گرفتار دەبێ.

سەرۆکی دیوانی حەربی هێزی دیمۆکراتی کوردستان

ئیبراهیم سەلاح "(١٣)

١. ٣. ٣. زمانی بازرگانی

"ئاگاداری

لە نەتیجەی جەلەسەی ڕۆژی جومعەی ١٩ ی ڕێبەندانی ٢٤ وا قەرار درا سەرمایەی ئەسڵی شیرکەت بە یەك ملیون تمەن دانراوە کە سولسێکی نەغدە دو سولسی دیکە قەبزی سپەردەی دوخانیەیە لە کەسانێکی پولی نەغدیان نەبێ قبوڵ دەکرێ بەڵام قازانجیان بۆ حساب ناکرێ هەتا وسولی پولی ئەو قەبزانە و شیرکەتی تەرەقی موجاز کرا سەرمایەی خۆی بە دو موقابیل مەبلەغی ئەسلی زیاد بکا کەسانێکی تا وێستاکە سەهمیان نەکڕیوە

ئەوانیش دەتوانن بە قەبزی سپەردەی دوخانیە هەرچەند سەهمێك مایل بن بکڕن هەر سەهمی شیرکەت عیبارەتە لە یەك هەزار تمەن لە بروارێ ئەو نوسراوە قەبزی سپەردەی دوخانیە قبوڵ دەکرێ هەتا ئاخر مانگی ڕەشەمەی ١٣٢٤ هەرکەس مایلە قەبزی خۆیان بە نێوی شیرکەتی تەرەقی کوردستان ئینتیقال بدەن. مودیری شیرکەتی تەرەقی کوردستان محەمەد ئەمین موعینی"(١٤)

١. ٣. ٤. زمانی پێشمەرگایەتی

کاربەدەستانی وەزارەتی هێز تەقەللایەکی زۆریان داوە بۆ دانانی ناو و وشەی کوردی لە جێگای زاراوەی بێگانە. "سەرۆکی ستادی هێزی مەرکەزی دیمۆکراتی کوردستان مرادی" لە نامەیەکی ڕەسمی دا بۆ ڕۆژنامەی کوردستان نوسیویێتی:

" بەرگەیەك لە ئەلقابی قەدیم کە بە تازەگی لە دانیشتوی ئەفسەران دا تەسویب کراوە لە گەڵ دەنێردرێت پێویستە لە ڕۆژنامەی دا دەستور بە چاپ کردنی دەفەرمون:

ئیستیلاحاتی قەدیم	ئیستیلاحاتی تازە
سەرباز	پێش مەرگە
جوگە	لێزگە
گروە	قۆڵ
دەستە	دەستە
گروهان	چڵ
گوردان	لك
هەنگ	پۆل
تیپ	تیپ
لەشکر	لەشکر
سپا	هێز" (١٥)

لە ژمارەی ١٧ ەوە بە ئیمزای "فەرماندەی هێزی مەرکەزی دیمۆکراتی کوردستان نانەوازادە" لیستەیەکی تری "لوغاتی مەربوت بە پێش مەرگەی کە کراوە بە کوردی...." بڵاو کراوەتەوە.

٢. دامەزراندنی چاپخانەی کوردستان

چاپخانە یەکێکە لە نیشانەکانی پێشکەوتنی وڵات و، بۆ پێشەوە چونی لە مەیدانی شارستانێتی دا. هەر وەکو حکومەتانی داگیرکەری کوردستان نەیان

هێشتوە نوسینی کوردی لە چاپخانە گەورەکانی پایتەخت و شارە گەورەکان دا چاپ بکرێ، مۆڵەتیشیان نەداوە لە کوردستان چاپخانە دابمەزرێ و گەشە بکات. لە کوردستانی عێراق کۆنترین چاپخانە ئەوەبو مێجەر سۆن دوای تێکدانی حوکمداریێتی شێخ مەحمود (١٩١٩) لە گەڵ خۆی بۆ چاپکردنی رۆژنامەی پێشکەوتن هێنایە سلێمانی. ئەم چاپخانەیە بو بە هی حکومەت. هەمو رۆژنامەکانی سەردەمی شێخ مەحمود و دوای ئەو بەمە چاپ کران. دوابیتر پیرەمێردیش چاپخانەیەکی کڕی و حەفتەنامەکانی "ژیان" و "ژین" ی پێ چاپ ئەکرد. جگە لە چاپخانەی "بەلەدیە" یاخود "حکومەت"و چاپخانەی "ژین" تەنیا چاپخانە ئەوە بو کە حسێن حوزنی موکریانی لە ڕواندز دای مەزراند بۆ چاپی گۆڤاری "زاری کرمانجی" و هەندێ نوسراوی تری کوردی. هەمویان کۆن بون و بە دەست بەکار ئەخران.

لە کوردستانی ئێران کۆنترین چاپخانە ئەوانی ورمێ بون، ئەوانەش هەندێکیان موڵکی میسیۆنێرە بێگانەکان بون و دوای سییەکان چاپخانەش دامەزرابێ هەم بچوك بون و، هەم بەرهەمی کوردی‌یان پێ چاپ نەکراوە. لەبەرئەوە چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد و چاپخانەی بۆکان بە رووداوێکی گرنگ دائەنرێ لە مێژوی رۆشنبیری و سیاسی کوردستانی ئێران. بەگەر خستنی چاپخانەکە و چاپکردنی رۆژنامەی کوردستان بە لای تێکۆشەرانی حیزب و گەورە پیاوانی کوردەوە بە رووداوێکی ئەوەندە گەورە دائەنرا، ئەو رۆژە جێژنیان بۆ کرد. کوردستان خۆی لەو بابەتەوە رێپۆرتاجێکی نوسیوە:

"جێژنی کردنەوەی ئیدارەی رۆژنامەی کوردستان

رۆژی ٢٠ ی ١٠ ی ٢٤ ساتی ٥ ی پاش نیوەڕۆ لە ئیدارەی رۆژنامە و گۆڤاری (کوردستان) بە موناسەبەتی کردنەوەی ئیدارە و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ژمارەی رۆژنامەی کوردستان جێژنێکی بە شەوکەت گیرا. عولەمای ئەعلام و ئەعزای حیزبی دیمۆکرات و نوێنەرانی نوقاتی کوردستان و توجار و موحتەرەمینی مەهاباد و زۆر لە ئاغایانی ئەتراف لەم جێژنەدا حزوریان بو.

لە پێش دا جەنابی حاجی باباشێخ بە نوتقێکی کورت جەلەسەی ئیفتیتاح فەرمو و، لە زیمن دا لە جەنابی قازی محەمەد رەئیسی حیزبی دیمۆکرات و پێشەوای میللی و دینیی کوردستان زۆر تەمجید و تەحسینی کرد و فەرمووی: "وجودی وی بو مە غەنیمەتە و هەر ئەو دەتوانێ کەشتی کوردستان لە نێو شەپۆلی سیاسەت دا بگەیەنێتە ساحیل."

سەید محەمەدی تەهازادە معاونی حیزب لە لایەن پێشەواوە: قادری مودەڕیسی بە سەرۆکی بنگاهی چاپخانە، عەلی خوسرەوی بە مدیری داخلی چاپخانە، سەید محەمەدی حەمیدی بە مدیر و سەردەبیری رۆژنامە و گۆڤاری کوردستان ناساند. "

لەم کۆڕەدا سەید محەمەدی حەمیدی، ئیبراهیم ئاغای ئەدهەم، قاسم ئاغای ئێلخانی زادە، سدیقی حەیدەری، وتاریان خوێندەوە. شاگردانی مەدرەسە سرودی میللی‌یان پێشکەش کرد. بە قسەی ڕۆژنامەکە "لەم ئانەدا کە حوزار لە نێو شادی و چەپڵەڕێزان دا غەرقی شادی بون چرابەرق هەڵ بو و چاپخانە دەستی کرد بە کار و حوزار بۆ دیتنی چاپخانە بانگ کران. دەستە دەستە ئاغایان دەستگای چاپخانەیان دیدەن کرد و جێژن ساتی ٧ ی پاش نیوەڕۆ تەواو بو"(١٦)

وەکو لە ڕۆژنامەکەدا دەرئەکەوێ سەعید رزگەیی و محەمەدی شاپەسەندی لە چاپخانەکەدا کاریان کردوە. هەندێ جار شیعر و وتاریشیان بڵاوکردۆتەوە.

لە رۆژانی داهاتودا قازی محەمەد و زۆری تر لە پیاوە ناسراوەکانی کورد چون بۆ دیدەنی چاپخانەی کوردستان و باربویان پێ کردون. چاپخانەی کوردستان لە چاو کورتی تەمەنی دا بەرهەمێکی زۆری چاپ کردوە.

٢ . ١. گۆڤاری کوردستان

ژمارەی یەکەمی ساڵی یەکەمی گۆڤاری "کوردستان" لە ١٥ ی سەرماوەرزی ١٣٢٤. دا بەرامبەر ٦ ی دێسەمبەری ١٩٤٥ لە چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد چاپ و بڵاو بوتەوە. گۆڤاری "کوردستان" لە ژێر ناوەکەی دا نوسراوە: "بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان" و " گۆڤارێکی ئەدەبی ، کۆمەڵایەتی، سیاسییە، هەر پازدە رۆژ جارێك بڵاودەکرێتەوە".

سەید محەمەدی حەمیدی سەرنوسەری گۆڤارەکە بوە.

گۆڤارەکە خۆی بە ناونیشانی "خوێندەوارانی بەرێز" ئامانجەکانی خۆی بەم جۆرە رون کردۆتەوە:

"خۆمان گەلێك بە بەختیار دەزانین کە بە یارمەتی خودا یەکەم ژمارەی "کوردستان" تان پێشکەش دەکەین و هیوامان هەیە بە دڵێکی خۆش لێمان وەرگرن و لە حدودی دەسەڵاتی خۆتان دا بۆ بڵاوکردنەوە و ژیاندن و پێش خستنی ئەو گۆڤارە یارمەتیمان بدەن تا ئەی گەیەنینە ریزەی گۆڤارە

هەرەچاکەکانی گێتی چونکە ئەو هۆش و لێکدانەوە و گەرمییەی کە ئێمەی خستۆتە سەر دەرهێنانی ئەم گۆڤارە لە دڵی گەرمتر و بەتینترە.

نە کەس لە پڕێ دەبێ بە کوڕێ و نە ئێمەش بە گەورەیی و پۆشتەیی و خوێندەواری لە دایك بووین. هەمو شتێ سەرەتایەکی هەیە و هەمو شتێ لە سەرەتادا کەموزۆر ناتەواوی و کەم و کورتی تێدا دەبێ کوتوپڕ نابێ لێی زویر بن و فڕێی دەنە لاوە. "کوردستان" وەکو گۆڤارەکانی گێتی ڕەنگاوڕەنگ و پڕ وێنە و ڕێکوپێکی نابینن چونکو کاڵا لە قەد باڵایە و دیاری شوان ئاڵەکۆکە و چاکی و خراپی و دوا کەوتن و پێشکەوتنی هەمو گۆڤارێك بە پێی کەموزۆری و دڵسۆزی و کەمتەرخەمی خوێندەوارەکانێتی.

کوردستان گۆڤارێکی ئەدەبی، تاریخی، کۆمەڵایەتی (اجتماعی) مانگیی کوردی‌یە یەکەمین ئارمانی بژار و ژیانەوەی زمان و ئەدەبیاتی کوردی‌یە و زیندوکردنەوەی کورد و کوردستانە بە پێی شارستانێتی ئەمڕۆ و بۆ ژیانەوەی نێو و ئاساری زانایانی کورد تەقەلا دەدا لە بەر ئەوە تکا لە خوێندەوارانی خۆشەویست دەکەین هەر کەس بەیت و حیکایات و سەرگوزەشتەی پیاوێکی مەزن وە یا عەشیرەتێکی کوردی لە کن بێ و یان نوسراوێکی لەلا بێ یا لەبەر بێ: کوردی، فارسی، عەرەبی... مادامێك هی زانایانی کورد بێ و لە چاپ نەدرابێ بۆمان بنێرن کە بە یارمەتی خودا لە چاپی بدەین کە بە سەرهاتی ڕۆژگار لە نێوی نەبا."

بابەتەکانی ژمارەی یەکەمی بریتی‌یە لە: ل ٢ تا ٤ شەرحی حاڵی ستالین، ل ٥ تا ٨ پەیامی من بە میللەتی کورد، ل ٩ تا ١٠ بۆ پەیدا نەبونی جەنگی سێیەم، ل ١١ تا ١٦ کردەوەی حیزبی دیمۆکرات، ل ١٨ تا ٢٠ دیموکراسی چیە. هەروەها دو شیعری هەژار و شیعرێکی خاڵەمین کە لە هەوەڵ کۆنگرەی حیزب دا خوێندویانەتەوە و، شیعرێکی م م عەشقی و، شیعرێکی کۆکەیی سانی. گرنگترین بابەتی ئەم ژمارەیە ئەو ڕێپۆرتاجەیە کە لە سەر بەستنی یەکەمین کۆنگرەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بڵاوی کردۆتەوە.

ژمارەی دوەمی لە ٣٠ ی سەرماوەزی ١٣٢٤ بەرامبەر ٢١ ی دیسامبەری ١٩٤٥ دەرچوە. بابەتەکانی بریتی‌یەلە: ل ١ تا ٦ زبان و ئەدەبیاتی کوردی(لێکۆڵینەوەیەکی فارسی) م حەمیدی، ل ٦ شیوەنم بۆ وەتەنە(شیعر) خ شێواو، ل ٧ تا ٩ بژی دیمۆکرات (شیعر) م هێمن، ل ٩ تا ١٠ ئەی دایکی نیشتمان (پەخشان) ع خوسرەوی. ل ١٠ تا ١١ دەورە دەورەی هونەر و کار دەبی (شیعر) م عەشقی، ل ١١ تا ١٤ نامەی کچێکی دیل (وەرگێڕان) م هێمن،

ل١٤ فرمێسکی هەتیو (شیعر) ع هەژار، ل ١٤ تا ١٧ دیموکراسی چیە م نژادی، ل ١٧ تا ١٨ هەڵ دەکەم (شیعر) م هێمن، ل ١٨ تا ٢٠ ژەنرالیسموس ستالین م حەمیدی. گرنگترین بابەتی ئەم ژمارەیە ڕیپۆرتاجێکە لە سەر "هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردستان لە نەغەدە".

دەرچونی گۆڤاری "کوردستان" هاوزەمان بو لەگەڵ هەڵچونی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردا لە ئێراندا. لەو ماوەیەدا ڕوداوی مێژوساز قەومان. دەست کرا بە دەرکردنی ڕۆژنامەی ڕۆژەناڕۆژەی "کوردستان" لە هەمان چاپخانە بە هەمان نوسەر و کرێکار لە بەر ئەوە ژمارەی سێیەمی گۆڤاری کوردستان دواکەوتوە تا خاکەلێوە.

ژمارەی سێیەمی لە مانگی خاکەلێوەی ١٣٢٥ بەرامبەر مارسی ١٩٤٦ دەرچوە بابەتەکانی بریتی‌یە لە: عەکسی پێشەوای موعەزەمی کوردستان، ئیبن خەلەکان سەید محەمەد حەمیدی، سۆسیالیستی چیە (وەرگێڕان) ب شیرین، فێلد مارشاڵ کوتوزوف (وەرگێڕان) محەمەدی شاپەسندی، سەرگوزەشتی من (پەخشان) دڵشاد ڕەسولی، ئەشعاری مەرحوم سەیفولقوزات، یا وەتەن یا مردنم (شیعر) محەمەد گڵۆلانی عەتری، سوزەی دەرون (شیعر) محەمەد گڵۆلانی عەتری. گرنگترین بابەتی ئەم ژمارەیە ڕیپۆرتاجێکە لە سەر "هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردستان لە مەهاباد ".

گۆڤاری کوردستان لە گەڵ ڕوخانی حکومەتی کوردستان دا لە دەرکەوتن کەوت.

٢.٢. ڕۆژنامەی کوردستان

یەکەمین ژمارەی لە ڕۆژی پێنجشەممو ٢٠ ی ١٠ ی ١٣٢٤ بەرامبەر ١١ ی کانونی دوەمی ١٩٤٦ دەرچوە لە سەر ناوی ڕۆژنامەکە نوسرا بو: "بە نێوی خودای بەرز و بێ هاوتا" و لە ژێریشی دا: "بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیمۆکراتی کوردستان".

دەرچونی "کوردستان" تەجروبەیەکی تازە بو لە ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری نەتەوەی کوردا. بۆ کوردستانی ئێران بایەخێکی زۆری هەبو. دوای تەقەللا تەمەن کورتەکەی سمکۆ، یەکەمین جار بو لە شارێکی ئازادی کوردستان دا بە زمانی کوردی بڵاوکراوەیەکی ڕێکوپێکی بەردەوام دەربچێ.

سەید محەمەد حەمیدی سەرنوسەری ڕۆژنامەکە لە ژێر سەر دێڕی "ئامانجی ئێمە" دا لە یەکەمین ژمارەی دا نوسیوێتی:

"لەم کاتەدا کە خاکی کوردستان لە هەمو وەختێك زیاتر پێویستی بە فیداکاری کوڕەکانێتی.

لەو ئانەدا کە هەمو نەتەوەکانی گێتی بۆ ڕاگرتن، بۆ وە دەستهێنانی سەربەستی و ئازادی خۆیان وە بۆ وە دەس خستنی وەسائیلی پێشکەوتنی هاونیشتمانەکانیان دە تەقەلادان.

لەو وەختەدا کە هەمو نەتەوەکانی عالەم غەیرئەز سەربەستی و گەورەیی نیشتمانەکەیان ئامانجێکیان نیەو بە شەو و بە ڕۆژ بۆ گەیشتن بەم ئامانجە هەوڵ دەدەن، ئێمە خەریکی چین و ئامانجمان چیە؟

پاش چەندین ساڵ دەربەدەری و سەرکزی و بەند و تێهەڵدانی بێ ژمار و قوڕبەسەری و هەژاری، لە پاش ئەوەی بە ئیشارەتی دوژمنان بە نێوی مەنگوڕ و مامەش و زەرزا و دیبوکری و گەورك و گەڵباغی و.. کەوت بوینە گیان و ماڵی یەکتر و خوێنی یەکترمان دەمژی و دەڕشت و بۆ قازانجی شەخسی خۆمان هیچ شتێکمان نەدەهاتە بەر چاو و هەر خەریك بوین دوبەرەکی و تەفرەقە بخەینە نێو یەکتر، بە کورتی پاش ئەوەی هیچ وەختێك لە بیری هاونیشتمانی خۆمان دا نەبوین و لە تەپوتۆزی زەمانەدا بە غەیری نەفعی خۆمان بیرێکمان نەبو و دوژمنەکانمان نەیان دەهێشت بە زمانی خۆمان بخوێنین و لە تیشکەی زانستی دەورەی بیستەم بێ بەش کرا بوین بیری سەربەستی لە لامان خەیاڵی پوچ بو و، ئەوانەش کە بیرێکیان هەبو کەم بون بە تایبەتی غولی ئیستیبدادی ڕەزاخان بە جارێك پشتی ئێمەی شکاند بو. پیاوە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان یا کوژران یا لە شیراز و تاران و خۆراسان دا بەند کران. لەو کاتەدا کە زیللەت و دەربەدەری بە نوقتەی ئاخر گەیشت خودای بەرز هاتە سەر ڕەحم و بەزەیی بە ئێمەدا هات. شەهریوەری ١٣٢٠ هاتە پێش. ئێمە لە زنجیری دیلی ڕزگاریمان بو، وە دەستی بەستروامان کراوە، چاوی نوستومان وە خەبەر هات. کۆمەڵێك لە لاوان و گەنجانی کوردستان کۆبونەوە دەستی برایەتی و یەکێتی‌یان دا دەس یەك، بێوچان سەعی‌یان بە خەرج دا تا حیزبی دیمۆکراتیان بە وجود هێنا و هەر بەرهەڵست و خائینێك کە لە ناو کوردستان دا هەبو لە نێویان هەڵگرت. حیزبی دیمۆکرات لە مەودایەکی کەم دا توانی لکی خۆی لە تەواوی شارەکانی کوردستانی ئێران بکاتەوە. ئێستا لە کوردستان دا نێوی مەنگوڕ و مامەش و زەرزا و دیبوکری و... و هەر پیتێ کە بۆنی جودایی لێ بێ ناگوترێ. هەمو بە یەکدەنگ دەڵێن: ئێمە کوردین کوردمان دەوێ. ئیمڕۆ سەرکزیمان بە سەربڵیندی و هەژاریمان بە دەوڵەمەندی و دوبەرەکیمان بە یەکێتی گۆڕیوەتەوە.

... بۆ میللەت کار دەکەین و بە زمانی شیرینی کوردی دەخوێنین، ئەخلاقی خەراپمان گۆڕیوەتەوە بە ئەخلاقی چاك. ئێمە کە بە دڵمان دا نەدەهات خاوەنی چاپخانە و ئینتیشارات بین، ئەوا بە یارمەتی خودا نامەی کوردستان داندرا و هەوەڵ ژمارەی بڵاوکراوە، ئەم نامەیە کە لە لایەن حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بڵاو دەبێتەوە دەیەوێ قەڵایەکی ئاسنین لە ئیتیحاد و برایەتی بێنێتە بەرهەم کە بناغەکەی بە زانست و هونەر و لەشساخی داندرا بێ و بتوانێ دە گەڵ سێڵاوی دوبەرەکی و بێدینی و هەمو جۆرە ڕەوشتێك کە بۆ سەربەستی زەرەر بێت بەربەرەکانی بکا.

هیوامان وایە کە ئەم قەڵایە کە خەریکین قایمی بکەین: وەها قایم و بەهێز بێت کە هیچ هێزێك نەتوانێ بەربەرەکانی لە گەڵا بکا."

هەر لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارەی یەکەم دا وتار بۆ "ژەنراڵیسموس ستالین بە بۆنەی ٦٦ هەمین ساڵی لە دایك بونی" تەرخان کراوە. جگە لەمانە "گفتوگۆی جەنابی قازی محەمەد: پێشەوای بەرزی کوردستان دەگەڵ خاوەنانی ڕۆژنامەی تاران" و ڕێپۆرتاجێ لە سەر "هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردستان لە شاری بۆکان" لە گەڵ چەند هەواڵ و ئاگاداریيەکی کورت.

کوردستان ژمارەیەکی زۆر بابەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، دینیی، ئەدەبی، بڵاو کردۆتەوە. لەو سەردەمەدا شیعری سیاسی بە جۆرێکی دیار گەشاوەتەوە.

سەید محەمەدی حەمیدی چالاکترین نوسەری ڕۆژنامەکە بو. جگە لە چەندین سەروتار و لێدوانی سیاسی لە سەر بابەتەکانی ڕۆژ، بە زنجیرە: ڕێپۆرتاجێکی درێژی لە سەر "جێژنی سەربەخۆیی و ئیستیقلالی کوردستان" و، وەرگێڕاوی فارسی "کوردان از بدو تاریخ تا سال ۱۹۲۰" ی لەسەر مێژوی کۆنی کورد و، وەرگێڕاوی کوردیی "بەسەرهاتی ئارارات" ی "ڕۆژنامەی کوهستان" ی تارانی و، "زانایانی کورد" ی بڵاو کردۆتەوە. "بەسەرهاتی ئارارات" ئاگاداری زۆر و زانیاری بە نرخی لە سەر شۆڕشی ئاگری تێ دایە.

حەسەن قزڵجی، هێمن، هەژار، هاشم خەلیل زادە، ڕەسول مکائیلی، دڵشاد ڕەسولی، ئیبراهیم نادری، لە نوسەرە دیارەکانی ڕۆژنامەکەن. جگە لەوان چەندین کەسی تر وتار و بابەتی جۆراوجۆریان بڵاو کردۆتەوە لەوانە: قادر مودەڕیسی، محەمەد مەجدی، مەلا محەمەد ئەیوبی، عەلی خوسرەوی، عەزیز مەولەوی، عەبدوڕەحمان ئیمامی، محەمەد شاپەسەندی، سەید محەمەد تەهازادە، عەبدوڕەحمان زەبیحی، ئەحمەد ئیلاهی، عەبدوڕەحمان سالار، سەید عەبدولقادر سیادەت، قاسم ئوتەمیشی، عەبدولقادر دەباغی، محەمەد یاهو، محەمەد قادری.

جگە لە هەژار و هێمن کە بە بۆنەی جیاوازەوە ژمارەیەکی زۆر شیعری سیاسی‌یان لە کوردستان دا چاپ کردوە، چەند شاعیری تریش یەك شیعر یا زیاتریان بڵاو کردۆتەوە لەوانە: خاڵەمین، حەقیقی، خالید حیسامی (شێواو)، عەلی حەیدەری، سەید کامیل، سەعید زرگەیی.

لە کوردستان دا ئافرەت بێ بەش نەبون. سەرەڕای دواکەوتنی هەلومەرجی ئەوسای وڵات و، زۆری نەخوێندەوار لە ناو پیاوان دا چ جای ژنان، چەند ئافرەتێکیش کە یان لە بۆنە سیاسی‌یەکان دا "خیتابە" یان داوە و لە کوردستان دا بڵاو کراوەتەوە وەکو: ویلمەی سەیادیان، خەدیجەی حەیدەری، سەڵتەنەت داودزادە، عوشرەت عەزیمی، فەریدە زەندی، ئیرانی بلوری، یا وتاریان نوسیوە وەکو: کوبرا عەزیمی، حەلەب سمایلی فەرەجی، شاە سوڵتان خانم فەتاحی قازی.

چەند نوسەری کوردی عێراقی بە نوسین و شیعر بەشداری "کوردستان" بون. لەوانە: محەمەد مەحمود (شەهید محەمەد قودسی)، محەمەد تۆفیق ووردی، عەبدولقادر ئەحمەد، یەحیا چروستانی، ئەنوەر دڵسۆز، شوان، میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی، قانع.

ڕۆژنامەی کوردستان نرخێکی مێژویی گەورەی هەیە بۆ لێکۆڵینەوەی ڕوداوەکانی ئەوسای کوردستان چونکە: بەشێکی زۆری نوتقەکانی قازی محەمەد و کاربەدەستەکانی تر و هەواڵە سیاسی و کۆمەڵایەتی و پێشمەرگەیی و فەرهەنگی‌یەکانی حکومەتی کوردستانی تێدا بڵاو کراوەتەوە.

نە حکومەتی کوردستان "ئاژانسی دەنگوباسی" تایبەتی خۆی و نە هیچ ئاژانسێکی بێگانە بنکەی لە کوردستان هەبوە، لە بەر ئەوە سەرچاوەی هەواڵەکانی کوردستان هەر ڕادیۆکانی بێگانە و ڕۆژنامەکانی دەرەوە بون.

لە گەڵ تێکچونی حکومەتی کوردستان ڕۆژنامەی "کوردستان" یش لە بڵاوبونەوە کەوت. وەکو ئەڵێن: بە هەموی ١١٢ یاخود ١١٤ ژمارەی لێ دەرچوە.

ڕۆژنامەی کوردستان ئەهێنێ سەرلەنوێ چاپ بکرێتەوە، لێکۆڵینەوەی تایبەتی لە سەر ناوەڕۆك و بابەتەکانی و نوسەرەکانی بنوسرێ.

٢. ٣. هاواری نیشتمان

یەکەمین ژمارەی لە ١ ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ دا بەرامبەر ٢١ ی مارسی ١٩٤٦ لە مەهاباد لە چاپخانەی کوردستان دەرچوە. هاواری نیشتمان "بڵاوکەرەوەی بیری ییکەتی جەوانانی دیمۆکرات" و "گۆڤارێکی: ئەدەبی، سیاسی، کۆمەڵایەتی" بوە.

مودیری مەسئولی سدیقی ئەنجیری ئاژەر بوە.

٢. ٤. گۆڤاری گرِوگاڵی منداڵان

٢. ٥. گۆڤاری هەڵاڵە

٣. ڕادیۆی: " کوردستان قسان دەکا"

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی گشتی لەو وڵاتانەدا کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە بەشێ بوە لە دەزگاکانی حکومەت. کوردیش کە نە خۆی حکومەتی هەبوە و، نەبەشی لەو حکومەتانەدا هەبوە، هەمیشە لەو دەزگایانەدا بەشی نەبوە. تەنانەت مافی ئەوەشی نەبوە بە زمانەکەی خۆی لەو دەزگایانەوە گۆرانی بڵێ. بەریتانیا و فەرەنسە لە جەنگی جیهانی دوەم دا وەکو بەشێ لەو هێرشە پرِوپاگەندەییە فراوانەی لە ساڵانی جەنگ دا دژی ئەڵمانیا و دەوڵەتانی میحوەر دەستیان پێ کرد، هەندێ کاری پرِوپاگەندەییان، چ بە چاپ و چ بە ڕادیۆ، بە زمانی کوردی کرد.

ساڵی ١٩٣٩ ئیستگای ڕادیۆی بەغداد ١٥ دەقیقەی بۆ بەرنامەی کوردی تەرخان کرد. ساڵی ١٩٤٣ بەریتانیاش ٣ کەس لە ئەدیب و هونەرمەندانی کورد: گۆران، رەفیق چالاك، رەمزی قەزازی بانگ کرد بۆ شاری یافا لە فەلەستین بۆ ڕێکخستنی بەشی کوردی ڕادیۆی عەرەبیی "ڕۆژهەڵاتی نزیك". هەرچەندە ئەم ڕادیۆیە تەرخان کرابو بۆ بڵاو کردنەوەی هەواڵەکانی جەنگ و پرِوپاگەندە بۆ بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی، بەڵام سرودی نەتەوەیی و گۆرانی و بەرنامەی کوردی خۆشی پێشکەش ئەکرد. گۆڤاری "گەلاویژ" لە کوردستانی عێراق و گۆڤاری "نیشتمان" لە کوردستانی ئێران بە خۆشی‌یەکی زۆرەوە هەواڵی دامەزراندنی ئەم ڕادیۆیەیان بڵاوکردۆتەوە.

ڕادیۆ ئەتوانێ دەورێکی کاریگەر لە یەکخستنی زمان و گەشەپێدانی هەست و هۆشی هاوبەشی نەتەوەیی و لە سازدانی بیروڕای گشتی خەڵك دا بگێڕێ. کاربەدەستانی حکومەتی کوردستان گرنگی ڕادیۆیان ئەزانی. یەکەمین ئیستگای ڕادیۆیان دامەزراند. لە چلەکان دا بەهۆی دواکەوتنی

هەلومەرجی ئابوری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دانیشتوان و، بڵاویی هەژاری و نەخوێندەواری لە کوردستان تاکوتوك ڕادیۆ هەبو. لە گەڵ ئەوەش ئەم ڕادیۆیە بایەخی سیاسی گەورەی هەبو. ڕۆژنامەی کوردستان ڕێپۆرتاجێکی لە ژێر سەردێڕی "کوردستان قسان دەکا" بڵاو کردۆتەوە. لەبەر نرخی مێژویی ڕوداوەکە، وا لە خوارێ ئەی نوسینەوە:

"ڕۆژی سێ شەممو ١٠ ی بانەمەڕی ١٣٢٥ ئیستاسیۆنی رادیۆی مەهاباد پایتەختی حکومەتی میللی کوردستان دەگەڵ ٥ دەستگا بڵیندگۆ کە (١. لە حەوشی کانگای حیزبی دیمۆکرات ٢. لە پێشمەرگەخانە ٣. ڕوبەڕوی شارەوانی ٤. ڕوبەڕوی خانوی حەزرەتی پێشەوا ٥. ڕوبەڕوی مزگەوتی عەباس ئاغا نەسب کران) دانرا و رەسمەن کرایەوە و جێژنێکی جوان گیرا بو. لەم جێژنەدا جەنابی حاجی سەید بابا شێخ ڕەئیسی هەیئەتی ڕەئیسەی میللی کوردستان و ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی و کاربەدەستانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و ژمارەیەکی زۆرلە ئاغایانی دەرەوە و ریجال و موحتەرەمینی شاری مەهاباد حزوریان بو.

لە ساتی چواری پاش نیوەڕۆ ئاغای سەید محەمەد تەهازادە معاونی حیزبی دیمۆکرات جەلەسەی دەست پێ کرد و لە تەرەقیات و پێشکەوتنی... لە ئیتیحادی جەماهیری شورەوی دا بەیاناتیکی چاکی کرد.

پاش ئەو جەنابی سەید بابا شێخ لە لایەن هەیئەتی ڕەئیسەی میللی، ئاغای محەمەد ئەفەندی لە لایەن ژەنەراڵ مەلا مستەفای بارزانی، جەنابی قازی محەمەد لە لایەن کۆمیتەی لکی بۆکان، ئاغای سەلاح لە لایەن هێزی کوردستان، ئاغای عەلی خوسرەوی لە لایەن ئیتیحادیەی جەوانان، ئاغای دڵشادی ڕەسوڵی لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی، ئاغای ئەحمەدی ئیلاهی لە لایەن زەحمەتکێشان و جوتیارانی کوردستان، ئاغای کوڕی کورد لە لایەن مەدرەسەی کوڕان، ئاغای حەسەن داودی لە لایەن بازرگانان، ئاغای مابور عەلی زادە هێنەری چتەکان لە لایەن دەوڵەتی با شەهامەتی ئیتیحادی شورەوی، ئەیەزەن ئاغای دڵشادی ڕەسوڵی لە لایەن وەزارەتی فەرهەنگ لە بەرانبەر میکرۆفۆن وتاری زۆر بە تینیان خوێندەوە و مەراتیبی سوپاسگوزاری خۆیان نیسبەت بە ئیتیحادی جەماهیری شورەوی کە ئیستاسیۆنی رادیۆی دەگەڵ پێداویستییەکانی و دەگەڵ یەك دەستگا ماشینی سینەمایی سەیاریان بە نێوی ئەنجومەنی ڕەوابیتی فەرهەنگی بە کوردستان بەخشیوە، بە جێ هێنا.

پاشان ئاغای سەید محەمەد تەهازادە دەستگاکانی لە ئاغای مایور عەلی زادە تەحویل وەرگرت و دیسان مەراتیبی سوپاسگوزاری لەلایەن میللەتی کوردستانەوە نیسبەت بە ئیتیحادی جەماهیری شورەوی نواند و بە تایبەتی لە زەحمەتی ئاغای مایور عەلی زادە کە زەحمەتی هێنانی ئەو چتانەی قبوڵ کرد بو، زۆری تەشەکور کرد و هەردوکیان دەستیان لە نێو دەستی یەکتر ناو، میهری موتەقابیلیان دەرحەق بە یەکتر ئیزهار کرد و، جێژن لە ساتی ٦ ی پاش نیوەرۆ دوایی هات."(١٧)

بەم بونەوەیە قازی محەمەد لە سەعات ٦ ی ڕۆژی ١٢ ی ٢ ی ١٣٢٥ دا "نوتقی ژێروی بە هۆی رادیۆ بە گوێی دانیشتوانی کوردستان گەیاند و بە بڵیندگۆ بڵاوکرایەوە:

برایانی خۆشەویست!

لە دامەزراندنی دەستگای ڕادیۆ و ئەم موەفەقیەتەی کە دەستتان خستوە تەبریکتان لێ دەکەم چونکو لە وەختی کردنەوەی دەستگای رادیۆ لێرە نەبوم ئێستا ئیحساساتی خۆم نیسبەت بە پێشکەوتنی ئێوە ئیزهار دەکەم. ئومێدەوارم کە لێرە بە دوا ڕۆژ بە ڕۆژ بتوانین لە مەسایلی مەدەنی دا پتر تەرەقی بکەین.

لە هەمو شتێ جاتر بۆ ئێمە ئەوەیە کە بتوانین قسەی خۆمان بە گوێی دنیا بگەیەنین و تەسدیقی دەفەرمون کە هەمو شتێك وردە وردە تەرەقی پێ دەدرێ. دیسان دەتوانین بە هۆی ئەم دەستگایە دەرسی ئەخلاقی و، فەلاحەتی و... بە برایانی خۆشەویست بڵێین و لە ئایندەش دا بەرنامەیەکی باش بۆ ڕادیۆکەمان دیاری دەکەین."(١٨)

لەسەرەتای مانگی جۆزەردان دا عەلی خوسرەوی دانرا بە "موعاوینی وەزارەتی تەبلیغات" و "مودیری ئیستاسیۆن".(١٩)

مەودای ڕادیۆی کوردستان ئەوەندە بڕی نەئەکرد بگاتە شارەکانی تری کوردستان. وەکو دەنگێکی ناوچەیی بۆ ناو شاری مەهاباد مایەوە تا ئەرتەشی ئێران وڵاتی داگیرکردەوە. ئەوسا ئەویش لە " قسان" خرا.

٤. دامەزراندنی کتێبخانی میللی

ڕۆژنامەی کوردستان نوسیوێتی:

" لەبەر ئەوەی پێداویستی‌یەکی زۆر بە بونی کتێبخانەیەکی میللی لە شاری مەهاباد هەست دەکرێ حەزرەتی پێشەوای کوردستان دەستوری فەرمو کە بە زویەکی زو دەست بە کۆکردنەوەی کتێبەکانی قەرائەتخانەی عیسازادە و فەرهەنگ بکرێ و یەکجێ لە سالۆنی تەنیشتی چاپخانەی کوردستان دابنرێن و کتێبخانەیەکی میللی و عمومی ساز کرێ..."(٢٠)



بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان



* هاواری کورد *

ژمارە

١

.... بەرە

١٣٢٤



هاواری

نیشتمان

مدیری مسئول: ص . انجیری . آذر

بلاوکەرەوەی بیری یەکەتی جەوانانی دیموکرات

« گۆڤارێکی: ادبی . سیاسی . کومەلایەتی »

سالی ١ ژمارە ١ – ١ خاکەلێوەی ١٣٢٥ – ٢١ مارس ١٩٤٦

سالی تازە

.. عشقی

زستانی ... کێو و کێوی هەژار ... ئەمجاری

... ئەمەی ... لە زستاندا هاتە بەر .

... تەواو بو . تاریخی خۆشی و سعادەت هاتە گۆڕێ

و دونیامان ... حقوقی ... و کادی بە

بە پێشوازی آزادی دونیا ... تۆزی ... ئەکاندین ... ی

... آزادی حقیقیمان گەیاندین .

ئەورو ... ی کوردستانی عراق و ترکیە و ایران بە

هەلالە

ملتیکی بو ئەستاندنی حەقی خوی تینە کوشی
و هورژم نەبا وەهەر دەفکری خو پاراستندا بی
ذلیل دەبی •

حضرت علی

ژمارە ٣ سالی یەکەم
بانەمەری ١٣٢٥
١٩٤٧

چاپخانەی بوکان

رۆژنامەوانی ٦: گۆڤاری «هەلالە» لە بۆکان دەرچوە

دیاره دامەزراندنی کتێبخانەی میللی گرنگی‌یەکی زۆری هەیە لە ژیانی هەمو گەلێك دا. هەنگاوی یەکەم بۆ دامەزراندنی نرا. هەندێ کتێب کۆکرایەوە و هەندێ کەس کتێبیان پێ بەخشی. ئەویش لەگەڵ گیرانەوەی مەهابادا هەڵوەشایەوە.

٥. سینەمای کوردستان

یەکێ لە هەوڵەکانی حکومەتی کوردستان بۆ دامەزراندنی سینەما بوە. دیارە سینەما وەکو هۆیەکی ڕاگەیاندنی بینراو هەم بۆ گەشەپێدانی هۆشی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵك، بە تایبەتی نەخوێندەواران و، هەم وەکو هۆیەکی بەسەربردنی کات بایەخێکی زۆری هەبوە. لە پێش دا وەکو پرۆژەیەکی تایبەتی جەعفەری کەریمی ئیجازەی لە حکومەتی کوردستان وەرگرتوە بۆ دامەزراندنی سینەمایەك. پێ ئەچێ ئەم پرۆژەیە سەری نەگرت بێ.

لەگەڵ هێنانی دەستگای ڕادیۆ لە لایەن کاربەدەستانی سۆڤیتی‌یەوە، دەزگای سینەمایەکی گەڕۆکیشیان بە دیاری داوە بە حکومەتی کوردستان.

لە ژمارەی ٦٢ دا هەواڵێك دەربارەی سینەما بەم جۆرە بڵاوکراوەتەوە:

"سەحنەی سینەمای کوردستان کە چەندێ لەوەی پێش لە لایەن وەزارەتی بەرزی تەبلیغاتەوە دەست بە سازکردنی کرا بو دوایی هات و فیلمی نوێی زۆر ئەعلای ئەخلاقی کە ئەندازەی لە خۆبوردن و نیشتمانی پەرستی قارەمانی جەماهیری شورەوی نیشان دەدا و دەنوێنێ کە ئەم میللەتە ئازایە بۆ پاراستنی نیشتمانی خۆشەویستیان چە فیداکاری‌یەکیان بە خەرج داوە واریدی کراوە و دەستی بەکار کردوە. پێویستە برایانی نیشتەجێی مەهاباد و دەوروبەر ئیستیفادەی لێ بکەن و بە تایبەتی لەلایەن وەزارەتی تەبلیغاتەوە ڕاگەیەندراوە کە لەکاتی چون بۆ سینەما و لە وەختی وارید بون و دانیشتن دا موراعاتی ئینزیبات بفەرمون."(٢١)

پەراوێزەکانی بەشی چوارەم

١. ر. کوردستان، ژ ١ ، ٢٤/١١/١٥ بەرامبەر ٤٦/٢/٤. ئەو شوێنانەی نوقتە دانراوە کۆپییەکەی خراپ بو نەخوێنرایەوە.

٢. توفيق السويدى، مذكراتى: نصف قرن من تاريخ العراق و القضبه العربيه، دار الكتاب العربى، تموز ١٩٦٩، بيروت، ص ٢٠٨–٢٠٩.

٣. ر کوردستان، ژ ١٠، ٢٤/١٠/٢٠.

٤. ر کوردستان، ژ ١٥، ١٣٢٤/١١/٢٧ بەرامبەر ١٩٤٦/٢/١٦.

٥. ر کوردستان، ژ ١٠، ٢٤/١١/١٥ بەرامبەر ١٩٤٦/٢/١٦.

٦. ر کوردستان، ژ ١، ٢٤/١٠/٢٠ بەرامبەر ٤٦/١/١١.

٧. ر کوردستان، ژ ٢٤، ٢٤/١٢/٢٢ بەرامبەر ٤٦/٣/١٣.

٨. ر کوردستان، ١٣٢٥/٤/٣٠.

٩. ر کوردستان، ژ ١١، ٢٤/١١/١٧ بەرامبەر ٤٦/٢/٦.

١٠. ر کوردستان، ١٣٢٥/٥/٢٠.

١١. ر کوردستان، ژ ١٧، ١٣٢٤/١٢/١.

١٢. ر کوردستان، ژ ١٨، ١٣٢٤/١٢/٤.

١٣. ر کوردستان، ژ ٤١، ٢٥/٢/٩.

١٤. ر کوردستان، ژ ١٦، ٢٤/١١/٢٩.

١٥. ر کوردستان، ژ ١٢، ٢٤/١١/٢٠.

١٦. ر کوردستان، ژ ٣، ٢٤/١٠/٢٤.

١٧. ر کوردستان، ژ ٤٣، ١٣٢٥/٢/١٤ بەرامبەر ٤٦/٥/٤.

١٨. ر کوردستان، ژ ٤٤، ١٣٢٥/٢/١٦ بەرامبەر ١٩٤٦/٥/٦.

١٩. ر کوردستان، ژ ٥٤، ٢٥/٣/١٥.

٢٠. ر کوردستان، ژ ٢٥، ٢٤/١٢/٢٦ بەرامبەر ٤٦/٣/١٧.

٢١. ر کوردستان، ژ ٦٢، ١٣٢٥/٤/٥.

٥. دامەزراوی پێشمەرگایەتی

١. ستراتیجی سیاسی - پێشمەرگەیی حکومەتی کوردستان

چەککردنی عەشایەر یەکێ لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سیاسەتی رەزاشا بو بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری خۆی لە ناو عەشایەر و ناوچە دێهاتییەکانی سەرانسەری ئێران دا. ئەرتەشی ئێران بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە لە چەندین شوێن توشی پێکادان و شەڕی خوێناوی درێژخایان بو. بەڵام سەرەنجام دەستی بە سەر هەمو ناوچەکان دا گرت و چەکی لە ناو دانیشتوان دا نەهێشت. هەرەسی ئەرتەش، بە دوای هاتنی هێزی ڕوسی - بەریتانی دا بۆ ناو خاکی ئێران، سەرلەنوێ هەلی بۆ خەڵك هەڵخست خۆیان چەکدار بکەنەوە. کوردستان لەو بارەیەوە هەلی زۆرتری بۆ هەڵ کەوت. لە ناوچە دێهاتییەکانی موکریان دا، تەنانەت لە ناوچە دێهاتییەکانی ئوستانەکانی کوردستان و کرماشان دا بە هەزاران کەس خۆیان چەکدار کردبو. پاسگاکانی ئێرانیان چەك کرد بو. سەربازەکان چەکەکانیان ئەفراند و بە نرخی هەرزان ئەیان فرۆشت، یا خەڵك لێیان ئەسەندن لە پێش ٢ ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ دا کەسانێکی زۆری سەر بە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان چەکداربون. سەرکردایەتی حیزب هەندێکی ڕێك خست بون. لە ئاهەنگەکانی ٢ ی ڕێبەندان دا بە قسەی ڕۆژنامەی کوردستان "... هێزی بەهێزی دیمۆکرات بە ساز و بەرگ و ئەسلەحەوە لە لایەکەوە و قوتابییەکانی کچان و کوڕانی هەمو قوتابخانەکان لە لایەکی دی..."(١) بەشدار بون. هەر لە ئاهەنگەکانی هەمان ڕۆژدا محەمەد حسێن خانی سەیفی قازی "کومەگ فەرماندەی هەمو هێزی کوردستان" "بە نوێنەری لە لایەن هێزی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانەوە." و محەمەدی نانەوازادە "فەرماندەی هێزی مەرکەزی حیزبی دیمۆکرات" هەر یەکە وتارێکیان خوێندەوە.

ستراتیجی سیاسی و پێشمەرگەیی حکومەتی کوردستان هەمان ستراتیجی سیاسی - پێشمەرگەیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بو. ح د ك هیواکانی

خۆی لە سەر بەڵێنەکانی هاوپەیمانەکان بە تایبەتی دۆستایەتی یەکێتی سۆڤێت و ڕاگەیاندنی ئەتلانتیك هەڵچنی بو. ح د ك ئەی ویست لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێران دا خودموختاری یا خود ڕاستتر مافی هەڵبژاردنی گشتی بۆ ئەنجومەنی ئەیالەتی و ولایەتی بۆ مەڵبەندە کوردنشینەکانی ئێران دابین بکا. بۆ ئەو مەبەستەش زۆرتر باوەڕی بە خەباتی سیاسی و گفتوگۆی سیاسی و گوشار دروست کردن و ڕێی هێمنانەی بەلاداخستنی ناکۆکییەکان هەبو، نەك بە لەشکرکێشی و هێرشی چەکدار بۆ ڕزگارکردنی شارەکانی کوردستان. قازی لە وتارەکانی دا، چ ئەوی لە بەردەم خەڵك دا بە ئاشکرا و ڕاشکاوی گوتویەتی و، چ لە قسەکانی ناو کۆبونەوە داخراوەکان دا کردویەتی، ئەمەی نە شاردۆتەوە.

مەسەلەی ڕزگاکردنی کوردستانی گەورە و، مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیی جیاواز لە ئێران ئەگەر لە شیعر و نوسینی هەندێ کەسی کاربەدەستی ناو حکومەتی کوردستان دا ڕەنگی دابێتەوە، ئەوا لای پێشەوا ئەوانە قابیلی جێبەجێ کردن نەبون، لە قسەکانی دا لە گەڵ ڕۆژنامە نوسەکان دا بە ئاشکرا لەوانە دواوە.

لە گفتوگۆیەك دا لەگەڵ ڕۆژنامەوانەکانی "ایران ما" و " فرمان" و "رهبر" ی تارانی، کە ڕۆژنامەی کوردستان لە یەکەمین ژمارەی دا نوسیویێتییەوە، بێ پێچوپەنا ئەم مەسەلەیە ڕون ئەکاتەوە:

" پرسیار: لە تاران دەڵێن کوردان بە ڕەهبەری جەنابت جوێ بونەوە و ئیستیقلالی کوردستانیان دەوێ ئایا ڕاستە؟

وەڵام: خەیر ڕاست نیە لە بەر ئەوەی ئێمە لە دەوڵەتی ئێران ئیجرای قانونی ئەساسیمان دەوێ و دەمانەوێ بە خودموختاری لەژێر بەیداغی ئێران دا بژین، وە خودموختاریشمان وە گیرکەوتوە."

هەر بۆیە لە سەرەتای دامەزراندن تا هەرەسی حکومەتی کوردستان دو بۆچونی جیاواز لە ناو کاربە دەستەکانی کوردستان دا بو:

یەکێکیان کە پێشەوا نوێنەرایەتی ئەکرد، لای وابو بە ڕێگەی گفتوگۆی سیاسی هەولی سازین و ڕێکەوتن بدرێ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی لە تاران، لە ئەنجامی ئەمەش دا ڕێگەی هیچ جۆرە پێشڕەوییەکی بە پێشمەرگەکانی کوردستان نەئەدا. بەڵکو ئەبو لە حاڵەتی دیفاع و چاوەڕوانی و ڕاوەستان دا لە سەنگەرەکانی خۆیاندا بمێننەوە.

ئەولای تریان هەندێ لە سەرکردە لاوەکانی دیمۆکرات و ئەفسەرە کوردەکانی عێراق و بارزانییەکان، تەنات کەسانی وەکو حاجی بابەشێخی

سەرۆکی هەیئەتی رەئیسە و محەمەد ڕەشید خان، پێیان وا بو کە ئەبێ هێزەکانی کوردستان ساز بدرێن بۆ ئازاد کردنی شارە کوردنشینەکانی ئێران یەك لە دوای یەك.

سەرانی کۆمار تا ئەو کاتەی حکومەتەکەیان هەرەسی هێنا لە ناو خۆیان دا لە سەر ئەو مەسەلەیە ساغ نەبونەوە. لەوەش دا چەند فاکتەر دەوری هەبو: تەرازوی هاوسەنگی هێزەکانی کورد و ئێران. هەروەها فاکتەری سیاسی، هەڵوێستی ڕوسی، ئینگلیزی، ئەمریکی، لە ڕوداوێکی وەها.

مەترسی هێرشی ئەرتەشی ئێران بۆ سەر کوردستان و گرتنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان تا ئەهات زیادی ئەکرد. بە تایبەتی لەگەڵ نزیك کەوتنەوەی کاتی کشانەوەی هێزی ڕوسی. هێزەکانی ئێران لە سنە مۆڵیان ئەخوارد.

پادگانی سەقز بە هێز ئەکرا. لەم ڕووەوە سەقز گرنگیەکی تایبەتی هەبو. لە وێوە ئێران ئەیویست پادگاکانی بانە و سەردەشت بە هێز بکات و ڕێی پێشکەوتنی هێزی پێشمەرگەی دیمۆکرات ببڕێ بەرەو سنەو کرماشان و لە دوارۆژیش دا ڕێگەی گەڕانەوەی خۆی بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان تەئمین بکا.

حکومەتی کوردستان ئەبو هێزەکانی خۆی بۆ پاراستنی خۆی و سنورەکانی لە دەستدرێژی ئێران ساز بدات.

٢. ڕێکخستنی پێشمەرگە

٢. ١. وەزارەتی هێزی دیمۆکراتی کوردستان

لە پێش ئاهەنگەکانی ڕێبەندان دا سەرکردایەتی حیزب پێشمەرگەکانی لە: لیزگە، قۆڵ، دەستە، چڵ، لك، پۆل، هێز... دا ڕێك خست بو. بۆ "بەیعەتی پێشەوا " بەیانی ڕۆژی ٣ ی ١١ ی ٢٤ لە "کانگای پێشمەرگە" ئامادە بون. لە مەراسیمێکی پێشمەرگەیی - سیاسی دا بەیعەتیان بە پێشەوا کرد و، ئامادەیی خۆیان بۆ خۆبەختکردن لە پێناوی پاراستنی حکومەتی کوردستان دا دەربڕی.(٢)

ح د ك کاتێ دامەزراندنی حکومەتی کوردستانی ڕاگەیاند هێزێکی چەکداری هەبو. بۆ سەرپەرشتی ئەم هێزە لە "هەیئەتی رەئیسە" دا محەمەد حسێن خانی بە وەزیری جەنگ دانا و وەزارەتی جەنگی دامەزراند. لە ئەنجامی سیاسەتی رەزاشادا کوردستان بە دواکەوتویی مابووەوە. لە بەر ئەوە بەشی کوردستان، لە کادری پێگەیشتو و کارامەی کیشوەری و لەشکری دا، نەبو یا ئەگەر هەبوبێ زۆر کەم بو. حکومەتی کوردستان کادری جەنگیی

دەرچوی زانستگا جەنگی‌یەکانی ئێرانی نەبو. هەر لە سەرەتاوە ناچار بو پلەی سپایی و پێشمەرگەیی بە کادرە سیاسی و رێکخراوەییەکانی خۆی و سەرۆکەکانی عەشایەر بدات.

محەمەد حسێن خانی سەیفی قازی بە پلەی جەنەراڵ بو بە وەزیری جەنگ. جەعفەری کەریمی بە پلەی مایور (میجەر) بە معاونی حەربی وەزیر و، محەمەد نانەوازادە بە پلەی پات کۆلۆنیك بە فەرماندەی هێزی مەرکەزی و دواییتر بە معاونی سیاسی وەزیر و، ئیبراهیم سەلاح بە پلەی مایور بە سەرۆکی ستادی گشتی و، محەمەد ئەمین شەرەفی بە پلەی مایور بە سەرۆکی تەخشابی هێز و، عەزیزی سدیقی بە پلەی کاپیتان بە بازرەسی هێز... تاد.

جگە لە سەیفی قازی پلەی جەنەراڵی بەخشی بە ٣ لە گەورە پیاوانی کورد: عومەر خانی شەریفی سەرداری ئێلی شکاك، محەمەد رەشید خانی مەزنی بەگزادەکانی بانە و، مەلا مستەفا سەرکردەی ناوداری ئێلی بارزانی. هەمو ئەندامەکانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب پلەی "مایور" یان پێ درا. کەسانی تریش پلەی جیاواز وەکو کاپیتان. ئەمانە هیچ کامیان هیچ زانستگایەکی جەنگی‌یان لە ئێران یان لە دەرەوەی ئێران نەدی بو. لە پێدانی پلەی پێشمەرگەیی دا، شارەزایی زانستەکانی جەنگ رەچاو نەئەکرا، ئەوەی رەچاو ئەکرا دڵسۆزیی ئەو کەسە بو بۆ حکومەتی کوردستان و، رادەی نفوزی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ناو ئێل و مەڵبەندەکەی خۆی دا. پلەی ئەفسەرەکان و جلوبەرگیشیان هی لەشکری روسی بو، ئەفسەرانی کوردی عێراقی، کە هەندێکیان لە گەڵ بارزانی و هەندێکی تریشیان دوای ئەو، چوبونە کوردستانی ئێران، ئەوانیش پلەی نوێیان درایە.

ئەفسەرانی کوردی عێراق لە زانستگای جەنگی عێراق دەرچو بون، هەندێکیان زانستگاکانی ئەوروپاشیان دی بو. ئەمانە ئەیان توانی دەورێکی کاریگەر بگێرن بۆ پێکهێنانی سپای کوردستان و پێگەیاندن و مەشق پێ کردنی. هەروەها بۆ دامەزراندنی هەندێ فێرگاو زانستگای جەنگی نوێ. سەرانی حکومەتی کوردستان، وەکو چەند جارێ ئاگاداری سەرکردەکانی رێکخروەکانی کوردستانی عێراقیان کرد بو، پێیان وابو جگە لە پزیشك و برینپێچ پێویستی‌یان بە هیچ کادرێکی تر نیە. لەبەرئەوە هانی هیچ کوردێکی عێراقیان نەئەدا بچێتە ئەوێ.

ناوی وەزارەتەکە بە ناوی جیا جیاوە لە ڕۆژنامەی کوردستان و، لە نامە ڕەسمی‌یەکان دا ئەهات، وەکو: وەزیر و وەزارەتی جەنگ، وەزارەتی هێزی میللی کوردستان، وەزارەتی هێزی دیمۆکراتی کوردستان.

وەزارەتی هێز دەستی کرد بە ڕێکخستنی نوێ و هاوچەرخی هێزەکانی و، دانانی ڕێوشوێنی ڕاهێنان و مەشق پێ کردنی. هێشتا بڕیاری "سەربازگیری" نەدا بو، پێشمەرگایەتی کارێکی ئارەزومەندانە بو.

کوردستان لە ژێر سەردێڕی "تەعلیماتی پێشمەرگەیی" دا نوسیویێتی:

"بە پێی دەستورێ کە لە لایەن کۆمیتەی مەرکەزی‌یەوە درا بو ڕۆژی ١٤ ی ٤ ی ١٣٢٥ تەواوی ڕوئەسا و کاربەدەستانی ئیدارات و ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی سەعات ٧ ی بەیانی لە پێشمەرگەخانە حازر بون.

لە پێش دا لە لایەن ئاغایان حاجی ڕەحمان ئاغای ئێلخانی زادە، کاپیتان میزانی (سەرکردەیەکی ئازەربایجانی)، عیزەت عەبدولعەزیز، محەمەد مەحمود، ئیبراهیمی نادری، محەمەد ئەمین قادری، جەعفەری کەریمی معاونی وەزارەتی هێز، سدیقی حەیدەری، ئیبراهیم سەلاح فەرماندەی هێزی ناوەندی لە بابەت فێربونی تەعلیماتی پێشمەرگەیی و، خۆشەویستی و پارێزگاری لە نیشتمان و فەریزەی فەردی و ئیجتیماعی هەر کەسێك نوتق کرا.

پاشان حازرین ڕیزیان بەست و تەعلیمات دەستی پێ کرا و تا سەعات ١١ ئیدامەی هەبو."(٣)

٢.٢. هێزەکانی ئێلاتی کورد

سەعاتی ٢ تا ٦ ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ٢٠ ی ٤ ی ١٣٢٥ "پێشمەرگەکانی هێزی ناوەندی کوردستان بۆ عەمەلیاتی سەحرایی چوبونە دەری شاری" مەهاباد، لە گەڕانەوەیان دا "وەزیری هێز" نوتقی ژێرەوی بۆ دان:

" برایان! پێشمەرگەکان، سەرکردان، ئەهالی موحتەرەم!

شوکری خودا تەواو ناکەم کە شانازی و ئیفتیخاری ئازادی کورد وە چەنگ مەهاباد و میللەتی تێگەیشتوی ئەم شارە کەوت. ئێوە هەرچەندە لە مادییات دا زۆرتان زیان کێشاوە بەڵام لە مەعنەوییات دا زۆر وە پێش کەوتون.

برایان ئێوە جێگای هومێد و چرا و ئاڵا هەڵگری هەمو کورد و ئازادی کوردستانی مەزنن.

ئێوە دەبێ ڕۆژبەڕۆژ هێزی کارکردنتان زیادتر و ئینزیبات و دیسیپلینتان قایمتر بێت.

برایان مزگێنیتان دەدەمێ بە کوێرایی چاوی دوژمنانی ئازادی، کورد ئازادی دەست کەوتوە. هەر ئازادیش دەبێ و هیچ هێزێك ناتوانێ هەستی ئازادیخوایی ئێمە بکوژێنێتەوە و ئازادیخوازانی دنیاش هەمو پشتیوانی ئێمەن و بە هەر ئیسم و ڕەسمێك بێت کورد ئازادە و ئازادی خۆی وە گیر هێناوە بەلام گەورەترین وەزیفەیەك کە ئەورۆ لە سەر ئێوە ئەنجامی پێویستە فیداکاری‌یە لە ڕێگای ڕاگرتنی ئازادی دا.

ئەورۆ نزیکەی ملیۆنێك کورد لە ژێر ئالای موقەدەسی کوردستانی ئازاددا زۆر بە خۆشی دەژین و دڵیان پڕ لە هەستی نیشتمان پەرستی‌یە.

ئەورۆ چل و پێنج هەزار فیدایی کورد لە ژێر ئیختیاری من دایە گشت ئامادەن بە چکۆلەتر ئیشارەیەك خوێنی پاکی خۆیان لە ڕێگای پاراستنی نیشتمانی موقەدەس دا بڕێژن.

ئاغایان ئەوا ڕەسمەن بە هەمو کەس ڕادەگەیەنم لەمەودوا هەرکەس بێتو کارێك بە پێچەوانەی ئازادی کورد بکا وە یا زەرەیەك لە دەستورات لا بدا مەحو و نابودی دەکەم و حکومەتی میللی و هەیئەتی دەوڵەت دەسەلاتی هەیە دوژمنانی ئازادی کورد بە موجازاتی سەخت بگەیەنێ. لەوە پتر زەحمەتو نادەم و بە خوداو دەسپێرم."(٤)

لە ڕاستی دا هێزی سەرەکی حکومەتی کوردستان، هێزی ئێلەکان بو بە سەرکردایەتی گەورەکانی خۆیان. هەرچەندە سەیفی قازی باسی چل و پێنج هەزار فیدایی کورد ئەکات، بەلام زۆر لە سەرچاوە ئاگادارەکان ژمارەی هێزەکان بە جۆرێکی تر باس ئەکەن. لەوانە ئیگلتن لە کاتی سازدانی هێزەکان دا لە جەبهەی سەقز بەمجۆرەی لای خوارێ سەرژمێریان ئەکات:

بارزانی بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا	١٢٠٠ پیادە
بارزانی بە سەرکردایەتی شێخ ئەحمەد (لە جەبهە نەبون)	٩٠٠ پیادە
جەلالی و میلانی	٤٠٠ سوار
شوکاك بە سەرکردایەتی عومەر خان	٨٠٠ سوار
شوکاك بە سەرکردایەتی تاهیرخانی سمکۆ	٥٠٠ سوار
هەرکی بە سەرکردایەتی ڕەشید بەگ و بەگزادە	
بە سەرکردایەتی نوری بەگ	١٠٠٠ سوار
هەرکی بە سەرکردایەتی زێرۆ بەگ	٧٠٠ پیادە
تاقمی بنەماڵەی سەیدعەبدوڵای گەیلانی	
بە سەرکردایەتی سەید فەهیم	٢٠٠ سوار
زەرزا بە سەرکردایەتی موسا خان	٣٠٠ سوار

قەرەپاپاخ (تورك) بە سەرکردایەتی پاشاخان و خوسرەوی خان	٥٠٠ سوار
مامەشی تیرەی کاك عەبدوڵا قادری	٤٠٠ سوار
مامەش بە سەرکردایەتی کاك هەمزە نەلۆسی ئەمیر عشائیری	٥٠٠ سوار
پیران بە سەرکردایەتی محەمەد ئەمین ئاغا و قەرەنی ئاغا	٣٠٠ سوار
مەنگوڕ بە سەرکردایەتی عەبدوڵای بایەزید	٣٠٠ سوار
مەنگوڕ بە سەرکردایەتی سەلیم ئاغای ئۆجاغ	٢٠٠ سوار
مەنگوڕ بە سەرکردایەتی عەلی خان و ئیبراهیم سالاری	٤٠٠ سوار
گەورکی سەردەشت بە سەرکردایەتی کاکەڵڵا	٢٠٠ سوار
گەورکی مەهاباد بە سەرکردایەتی بایزی عەزیز ئاغا	٣٠٠ سوار
گەورکی سەقز بە سەرکردایەتی عەلی جەوانمەردی و محەمەد ئاغا و حاجی ئیبراهیم ئاغا	٤٠٠ سوار
تێکەڵاوی خێڵەکانی سەردەشت	٥٠٠ سوار
تیرەی سوێسنی	١٠٠ سوار
دیبوکری مەهاباد بە سەرکردایەتی جەعفەر کەریمی	٤٠٠ سوار
دیبوکری بۆکان بە سەرکردایەتی ئاغاکانی ئێلخانیزادە	٥٠٠ سوار
فەیزوڵا بەگی بۆکان و سەقز	٨٠٠ سوار
بنەماڵەی بداغی سەقز	٢٠٠ سوار
تێکەڵاوی تیرەکانی مەهاباد و شاهیندژ	٣٠٠ سوار
تاقمی حەمە رەشید خانی بانە	٣٠٠ سوار
پێشمەرگەی جوانڕۆ و هەورامان	١٥٠ سوار
کۆی هەمویان:	١٢ ٧٥٠ (٥)

٣. بارزانییەکان

٣. ١ پێشوازی ڕەسمیی مەلا مستەفا

لە سەرەتا دا مەلا مستەفا و بارزانییەکان بە جۆرێ پشت گوێ خرا بون، بیریان لەوە ئەکردەوە بگەڕێنەوە تەسلیمی حکومەتی عێراق ببنەوە. نەخۆشی تیفوس و هەژاری و نەبونی تەنگی پێ هەڵچنی بون. لە لایەك مەترسی هێرشی ئەرتەشی ئێران بۆ سەر کوردستان و، لە لایەکی ترەوە مەزبەتەیەك کە تێکۆشەرانی کوردستانی عێراق، بە یارمەتی شێخ لەتیفی

حەفید و هەندێ لە سەرانی ئێلە کوردەکانی عێراق، ڕێکیان خست بو بۆ ناساندنی مەلا مستەفا وەکو نوێنەری هەمو کوردی عێراق و ڕێزلێنانی، ناردبویان بۆ قازی محەمەد، وایان لە قازی و سەرانی حکومەتی کوردستان کرد ئاوڕ لە بارزانی و کوردەکانی عێراق بدەنەوە.

لە مانگی ڕەشەمەدا قازی محەمەد، مەلا مستەفای بانگ کرد بۆ مەهاباد. ئەمجارەیان بە ڕەسمی پێشوازی لێ کرا. کوردستان هەواڵی هاتنی لە "ئەخباری نێوخۆمان" دا بەمجۆرە نوسیوە:

"جەنابی مەلا مستەفا قائیدی کوردی بارزان ڕۆژی ٩ ی ١٢ ی ١٣٢٤ ساتی ٥ ی پاش نیوەڕۆ واریدی مەهاباد بو.

وەختێ گەیشتە نێوباغان ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی پێشوازییان لێ کرد. وەختێ مەلا مستەفا لە چۆمی پەڕییەوە بە ئیحتیرامی ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی دابەزی لەم کاتەدا کۆمیتەی مەرکەزی هەنگاویان توندتر کردو لە قەراخ چۆمی پێك گەیشتن، برای خۆشەویست سدیق حەیدەری مەراسیمی بە خێرهاتنی بە جێ هێناو هەمو ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی بە مەلا مستەفا ناساندو ئەویش دەستی لە ناو دەستی هەموان ناو لە نیهایەتی خۆشی دا بۆ کانگای حیزبی دیمۆکرات هاتن و لە سالۆنی ئەنجومەنی فەرهەنگی دانیشتن.

لە ساتی ٦ حەزرەتی پێشەوای کوردستان بە پێی (القادم یزار) تەشریفی بۆ کانگا هات و مولاقاتی دەگەڵ مەلا مستەفا فەرمو، لەو وەختەدا محەمەد ئەفەندی خیتاب بە حەزرەتی پێشەوا، خیتابێك کە وێنەی ئیحساساتی قەلبی مەلا مستەفا بو لە خسوس خودەپێناونانی کوردی بارزان و دەربەدەری ئەم قەومە نەجیبە لە ڕێی سەربەستی کوردستان دا خوێندەوە و جەنابی پێشەواش وەڵامی دانەوەو ئەوانی بێ ئەندازە بە حکومەتی کوردستان و حیزبی دیمۆکرات ئومێدەوار کرد.

پاشان حەزرەتی پێشەوا تەشریفی بردە سالونی تایبەتی خۆی ئەنجا مەلا مستەفا بە حزوری شەرەفیاب، ماوەی دوسات خەریکی گفتوگۆ بون.

مەلا مستەفا پیاوێکی سیاسی و زەعیمی کوردی بەرزانە لە ڕێی سەربەستی کوردستان دا زۆری مەینەت کێشاوە. دوژمنانی کوردستان ئەو و تەواوی ئێل و عەشیرەتی ویان بە گوناهی ئازادیخواهی دەربەدەر و لە نیشتمانی خۆشەویستیان وە دەرناوە. زاتی ناو براو بێجگە لەوەی قائیدێکی بەرزە، پیاوێکی زانا و تێگەیشتوە موتەمەددین و نیشتمانپەرستە و تەمەنی لە حدودی چلوپێنج ساڵ دایە."(٦)

٢.٣ نوتقی محەمەد مەحمود

محەمەد مەحمود، خەڵکی سلێمانی و دەرچوی زانستگای جەنگی عێراق بو. لە ناوەڕاستی سییەکان دا ئەندامی "کۆمەڵی برایەتی" و، دوایی یەکێ لە ئەندامە چالاك و شۆڕشگێڕەکانی "حیزبی هیوا" بو. نوسەر و خەتیب بو. چەندین وتاری سیاسی لە بڵاوکراوە نهێنیەکانی حیزبی "هیوا" و گۆڤاری "گەلاوێژ" و لە ڕۆژنامەی "کوردستان" دا نوسیوە. بەشداری شۆڕشی بارزان بو. یەکێ لە دامەزرێنەرەکانی "هەیئەتی ئازادی" بو. لە گەڵ بارزانی چوە کوردستانی ئێران و یەکێ لە هاوکارە نزیکەکانی بو. لەوێ وەکیلی مەلا مستەفا بو. لە زۆری بۆنە سیاسییەکان دا محەمەد مەحمود بەناوی مەلا مستەفاوە قسەی ئەکرد. لێرەش دا ئەم وتارەی بە ناوی بارزانییەوە خوێندەوە:

"پێشەوای موعەزەم! گەورە بەرێزەکانم!

بە ناوی کوردی وریا بوەوە لە ژێر ماوەی پەیڕەوی کۆنی زەبر بەدەستی، بە ناوی سەرکردەی شۆڕشی گەل لە بارزان، شۆڕشی بەرهەڵستی سەرگەردانی، شۆڕشی نەهێشتنی زوڵم و ئیستیبداد، ڕۆژباش پێشکەشی دانیشتوانی ئەم کۆبونەوەیە دەکەم، کە ئاڵای پیرۆزیان لە سێ یەکی نیشتمانی گەورەدا بڵیند کردەوە، بە ناوی خوێنی پاکی گەلێ کۆششکەرانەوە کە لە مەیدانی ئازادی دا پێشکەشیان کردوە، هاوارتان دەکەینێ کە ئەم بەرە پیرۆزە - ئازادی و سەربەخۆیی پێ بگەیەنن. بە ناوی فرمێسکی چاوی بێوەژنان و ئاە و ناڵینی هەتیوانەوە هاوارتان دەکەینێ کە پەیمانی حقوقی گەل بدەن، ئیقتیسادیاتی بپارێزرێت، پشتی فەرهەنگ بگرن بە پەروەردە کردنێکی گیانی دیمۆکراتیەوە، پارێزگاری لە دیمۆکراتی بفەرمون کە ڕێگەی پێشخستنی گەل و سەربەخۆیی نیشتمان و ڕۆیشتنە بەری وەیە لە گەڵ کاروانی گەلانی ئازادی بەرەو تەواوەتی......

بێگومان لەبیر ناکرێت کە حکومەتی ئازاد هێشتا لە یەکەم قۆناغیایەتی وە کۆششی ئێوەی پێ دەوێت، بۆ سەرکەوتنی کوردستانی مەزن و ڕزگار بونی، یارمەتی گەلیشی پێویستە. ئەو بەشانەی نیشتمانی مەزنمان کە لە ژێر دەستی بێگانەدان، گەلی کوردستانی مەزن چاوی بڕیوەتە یارمەتی ئەو ئاڵایە کە لە سەر ئەم حکومەتە دەشەکێتەوە، دەیەوێت ژێر سێبەریەوە، لە پیاوەکانی حکومەت دەخوازن کە براکانیان لەو پێوەندی ئاسنینە ڕزگاربکەین کە تێدا دەناڵێنن.

پێشەوای موعەزەم! گەورەکانم!

ئەو سیاسەتە حەکیمە جوانەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەری ڕۆیشت و سەربەخۆیی نیشتمان و ئازادی کوردی وەرگرت، ئامادەیە کە بچێت بە هاواری نیشتمانی گەورەوە و، گەلی کورد سەرتاپا ڕزگار بکا.

لەم کاتەدا، لە هەمو کانی دڵمانەوە و یاریدەی ڕاستیمانەوە بەرەو گەورەترین شەخسیەتی کورد، ئەو شەخسیەتەی کە گەلی کوردی بە بیری بەهێزی و سەرکردەیەکی حەکیمانەوە بە ڕێگای دیموکراتی دا برد و گەیاندیە سفرەی ئازادی، بە کۆششێکی عەبقەری و عەزمێکی قایم وە سەرکردەی دیموکرات، پێشەوای موعەزەمی کوردستان جەنابی قازی محەمەد، خۆمان پێشکەش دەکەین.

با هەمو پێکەوە هاوار کەین بژی سەرکردەی موخلیسی کوردستان، بژی گەلی کورد پشت بەست بە دیموکراتی، بژی پارتی ئازادی کوردستان و پارتی گەل، بژی پارتی دیموکرات، بژی نیشتمانی مەزنمان بە سەربەخۆ و ئازادی، بژی یەکێتی سۆڤیاتی مەزن هەتا بێ گەلانی خۆش بەختی ئازادی و سەربەخۆ بێ.(٧)

بارزانی و، کوردەکانی تری عێراق ئەیان توانی لەوێ وەکو پەنابەر بە گۆشەگیری دابنیشن، خۆیان لە هیچ کاروبارێ نەگەیەنن. بەڵام ئەوان بۆ ئەوە نەچو بون پاڵی لێ بدەنەوە. چوبون بۆ ئەوەی بە هەمو تواناوە بەشداری بکەن لە پاراستن و سەرخستنی ئەو تەجروبە تازەیەدا. خوێندنەوەی ئەم وتارە بە ناوی بارزانی‌یەوە، لەو کاتەدا، چەند مەبەستی ئەگەیاند. یەکێکیان، دەربڕینی دڵسۆزی بۆ حکومەتی کوردستان و پێشەواکەی و، پیشاندانی ئامادەیی خۆ لە پێناونانی بە هەمو توانایەکەوە. دوەمیان، بە درۆ خستنەوەی واتەواتی ململانێی پێشەوا – بارزانی و، قوبوڵ کردنی سەرۆکایەتی قازی محەمەد. سێیەمیان، پێداگرتن لە سەر یەکێتی چارەنوسی کورد و هەوڵدان بۆ ئازادکردنی ناوچەکانی تری کوردستان.

٣ . ٣. بەرنامەی گەڕانی بارزانی

کوردستان لە ژ ٢٦ – ٢٧ دا بەرنامەی گەڕانی مەلا مستەفای بەدرێژی بەم جۆرە نوسیوە:

ڕۆژی جومعە ١٠ ی ١٢ ی ١٣٢٤

ئەندامانی حیزب و ئەشراف و ئەعیانی شاری مەهاباد و ڕوئەسای عەشایەر یەك بەدوا یەك دا چونە خۆپێناسینی میوانی خۆیان. هەر کە کاتی نوێژی جومعە هات زەعیم مەلا مستەفا لە گەڵ ئەندامێکی هەیئەتی

مەرکەزی حیزب تەشریفی بردە مزگەوتی جامیعە و فەریزەئی خودای مەزنی لەگەڵ هەمو موسوڵمانانی شاری مەهاباد دا لە سەرخۆ لابردو دوایی لە ناو قەرەباڵغی‌یەکی زۆردا گەڕایەوە یانەی فەرهەنگی مەرکەزی حیزب.

رۆژی شەممو ١١ ی ١٢ ی ١٣٢٤

بەیانی ١١ ی ١٢ ی ١٣٢٤ زەعیم مەلا مستەفا و ئەفسەرانی و یەکێك لە ئەندامانی هەیئەتی مەرکەزی ئاغای ئەحمەدی ئیلاهی تەشریفیان چوە هێزی کوردستان و هەر کە گەیشتنە ئەوێ لە لایەن قەرەوڵی تایبەتی‌یەوە رەسمی تەعزیمی بۆ کراو سەرکردانی هێز بە سەرکردەی فەرماندەی هێزی مەرکەزی محەمەد نانەوازادە پێشوازی کراو یەکە یەکە سەرکردەکانی پێ ناسرا نزیکەی نیو سەعاتێك لە گەڵ سەرکردەکاندا رای بواردو لە دوایی‌دا یەکە یەکە چوە لای سەرکردەکان لە جێگای خۆیان دا وە پیرۆزبایی خۆی پێشکەش کردن و داوای لێ کردن کە هەمو بە گیانێکی پاکی نیشتمانپەروەرانەوە ببنە سپەری نیشتمان و پێشخزمەتی پێشەوای موعەزەم کانگای هێزی بەجێ هێشتەوە و بە بە بزۆکی حەزرەتی پێشەوا ڕوی کردە دەبیرستان لەوێ قوتابی‌یەکان هەمو کۆببونەوە لە دوای زیارەتی مامۆستاکان و رەئیسی هەیئەتی فەرهەنگ ئاغای رەشید ئاغای هەمزە ئاغا تەشریفی بردە لای شاگردەکان وە لێرەدا ئەفسەر عەبدوڕەحمان تەیب موفتی چەند ئامۆژگاری و پیرۆزبایی‌یەکی بەناوی زەعیم مەلا مستەفاوە پێشکەش کردن لە دوایی‌دا زەعیم مەلا مستەفا ڕوی کردە ئیدارەی شارەوانی......

... هەروەها تەشریفی بردە ئیدارەی دژوانی لە دوای ئەوە ڕوی کردە مەدرەسەی گەلاوێژ و بە هۆی ئاغای ئەحمەد ئیلاهی‌یەوە مامۆستایانی ناسین و یەکە یەکە بە پۆلەکان دا گەڕاو لە هەر پۆلێك ئەفسەر محەمەد مەحمود بە ناوی زەعیم مەلا مستەفاوە ئیزهاری خۆش وەختی و ئامۆژگاری بۆ شاگردەکان دەکرد. لە دوایی‌دا تەشریفی بردە مەدرەسەی کوردستان دیسان لەگەڵ مامۆستایان خۆناسینیان کردو بە ناو پۆلەکان دا گەڕا و لەهەر ؟لێك دا سرودێك دەخوێندرایەوە.

ئینجا زەعیم مەلا مستەفا گەڕایەوە مەرکەزی حیزب.

شەوی یەکشەممو ١٢ ی ١٢ ی ١٣٢٤

زەعیم مەلا مستەفا تەشریفی بردە چاپخانەی کوردستان وە لە لایەن موديری چاپخانە ئاغای قادری مودەڕیسی بە هۆی ئاغای ئەحمەد یلاهی‌یەوە خۆناسینیان کردو لە دوایی‌دا لە لایەن محەمەد مەحمودەوە

چەن ئامۆژگاریی‌یەك بە كارگەرانی چاپ كرا و سپاسی مودیری چاپخانەی بە ناوی زەعیم مەلا مستەفاوە كرد.
ڕۆژی یەكشەممو ١٢ ی ١٢ ی ١٣٢٤
بەیانی لەگەڵ ئەفسەران و ئاغای ئەحمەدی ئیلاهی تەشریفی بردە لای رەئیسی هەیئەتی رەئیسەی میللی كوردستان جەنابی سەید حاجی بابە شێخ لە دوای سەعاتێك گفتوگۆی گیانی بە گیانی بە خۆشی‌یەوە زەعیم ئەوێی بەجێ هێشت و گەڕایەوە مەركەزی حیزب.
ڕۆژی دوشەممو ١٣ ی ١٢ ی ١٣٢٤
بەیانی دیسان زەعیم مەلا مستەفا و ئەفسەرانی لە گەڵ ئاغای كەریمی ئەحمەدین تەشریفی بردە ئیدارەی شەهرداری لە لایەن میرزا غەنی خوسرەوی... پێشوازی لێ كرا......
سەعات ١٠ ی ئێوارە دیسان خۆی و ئەفسەرانی محەمەد مەحمود و عەبدوڕەحمان تەیب موفتی تەشریفیان بردەخزمەت پێشەوای موعەزەم لە یانەی فەرهەنگی... نزیكەی نیو سەعات گفتوگۆی تایبەتی‌یان كرد و گەڕایەوە جێگەی خۆی"(٨)

٣. ٤. ڕێكخستنی هێزی بارزانییان

تاقمێكی باش ئەفسەری كورد لە دەرچوانی زانستگای جەنگی عێراق كە لە هاوكارانی بارزانی بون و هەندێكیان لەگەڵ ئەو چوبونە كوردستانی ئێران و هەندێكیشیان دواییتر لەوانە : عیزەت عەبدولعەزیز، سەید عەزیزی شەمزینی، مستەفا خۆشناو، میرحاج ئەحمەد، محەمەد مەحمود قودسی، عەبدوڕەحمان موفتی، بەكر عەبدولكەریم حەوێزی، خەیروڵا عەبدولكەریم، نوری ئەحمەد تەها، جەلال ئەمین بەگ، محەمەد ساڵح و نائب زابت ئەحمەد ئەفەندی كویی و، شەوكەت ئەفەندی.
قازی محەمەد داوای لە مەلا مستەفا كرد بارزانی‌یەكانیش وەكو هێزێكی ڕێكوپێك لە ڕیزی هێزی دیمۆكرات دا ڕێك بخرێن و كاروباریان پێ بسپێردرێ. لە سەرەتای نیسان دا لە سەر داوای مەلا مستەفا زیاتر لە هەزار بارزانی بۆ پێشمەرگایەتی بانگ كران. لە ٤ لك دا ڕێك خران. چەكی نوێیان درایە. پاش مەشق پێ كردنێكی كورت نێردرانە جەبهەی سەقز بۆ پاراستنی سنوری حكومەتی كوردستان لە هێرشی چاوەڕوانكراوی ئەرتەشی ئێران. ئەفسەرە كوردە عێراقی‌یەكان، ئەگەرچی كەسیان بارزانی نەبون، دانران بە سەركردەی لكەكانی هێزی بارزانییان. میر حاج ئەحمەد، بەكر عەبدولكەریم حەوێزی، مستەفا خۆشناو، نوری ئەحمەد تەها كە ٤ ئەفسەری دەرچوی

زانستگا جەنگی‌یەکانی عێراق بون، هەر یەکەیان بو بە سەرکردەی یەکێ لەم ٤ لکە. ئەفسەرەکانی تر هەندێکیان لە گەڵ مەلا مستەفا خۆی وەکو "هەیئەتی ئەرکانی هێزی بارزانییان" مانەوە و، هەندێکێشیان لە "ستادی کول" بۆ کاروباری مەشق کەڵکیان لێ وەرگرتن. لە گەڵ ئەمانیش چەند کەسێ لە تێکۆشەرە ئازاکانی بارزانی‌یەکان پلەی پێشمەرگەیی‌یان درایە و کران بە فەرماندەی چڵەکانی ئەم ٤ لکە وەکو: محەمەد ئەمین میرخان، مامەند مەسیح، فارس کانی بۆتی، سەعید وەلی بەگ، خۆشەوی خەلیل، مستەفا جانگیر، سالح کانیالەنجی، حەیدەر بەگ عارف بەگ، وەهاب محەمەد عەلی ئاغای ڕەواندزی.(٩)

٦. ٣. ٥. پێکهێنانی پارتی دیمۆکراتی کورد

جیاوازی بیروبۆچونی ئەندامەکانی حیزبی هیوا سەبارەت بە هەڵوێستی سیاسی لە شۆڕشی بارزان و، لە هەردو دەوڵەتی سۆڤێتی و بەریتانی، بو بە هۆی تێکچونی ڕیزەکانی و، سەرەنجام پارچە پارچە بونی. ساڵی ١٩٤٥ چەندین ڕێکخراوی سیاسی جیاواز لە کوردستانی عێراق دا دروست بوبو. لە ناو ئەو ڕێکخراوانەدا حیزبی شیوعی کوردستان "شۆڕش" و، حیزبی ڕزگاری کورد و، لقی عێراقی کۆمەڵەی ژ. ك لە هەمویان گرنگتر بون. ئەفسەرە کوردەکانی چوبونە ناو شۆڕشی بارزانەوە، ئەوانیش ڕێکخراوێکیان بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی بەناوی "هەیئەتی ئازادی" ەوە دامەزراند بو، بەڵام لە گەڵ کشانەوەیان دا بۆ کوردستانی ئێران ئیتر چالاکی‌یان نەمابو. لە پاڵ ئەم ڕێکخراوانە دا لقی کوردی حیزبی شیوعی عێراق و، چەند وردە ڕێکخراوێکی تر هەبون. بەم جۆرە پەراگەندەیی سیاسی باڵی کێشا بو بە سەر بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردستانی عێراق دا. حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، وەکو حیزبێکی ئێرانی، نەی ئەویست و نەی ئەتوانی ببێتە ڕێخەر و پێشرەوی کوردستانی عێراق و، نوێنەرەوەی ئامانج و ئاواتە سیاسی‌یەکانیان. لەو سەردەمەدا بیری کۆکردنەوەی ریکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستانی عێراق لە حیزبێکی یەکگرتو دا لای بارزانی و هاوڕێکانی گەڵاڵە بو. نوری ئەحمەد تەها بۆ ئەم مەبەستە بە نهێنی سەری کوردستانی عێراقی دایەوە. بارزانی بە هاوکاری میرحاج ئەحمەد، نوری ئەحمەد تەها، عیزەت عەبدولعەزیز، سەید عەزیزی شەمزینی، خەیروڵا عەبدولکەریم، محەمەد مەحمود و چەند کەسێکی تر "پارتی دیموکراتی کورد" یان دامەزراند و بەرنامەکەیان نوسی. بارزانی لە ناو خەڵکی کوردستانی عێراق دا و، لە لای تێکۆشەرەکانی، پایەیەکی تایبەتی هەبو. هەمزە عەبدوڵای بە نوێنەری خۆی

ناردەوە بۆ کوردستانی عێراق بۆ پەیوەندی و گفتوگۆ لەگەڵ سەرانی هەمو ڕێکخراوەکان و، ئامادەکردنی ڕێوشوێنی یەکگرتنی هەموبان لەناو ئەو حیزبە نوێیە دا. بیری دامەزراندنی تەنیا حیزبێکی یەکگرتو بۆ سەرکردایەتی خەباتی کورد لە کوردستانی عێراق دا، جۆرێ بو لە چاو لێکردنی کوردەکانی ئێران.

هەمزە لە کارەکەی دا سەرکەوتو بو. لە ١٦ ی ئابی ١٩٤٦ دا یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی "پارتی دیموکراتی کورد" لە بەغداد لە ماڵی عەلی حەمدی بەسترا. مەلا مستەفای بارزانی‌یان بە سەرۆکی حیزب هەڵبژارد و بەرنامەکەیان پەسەند کرد.

٤. گفتوگۆ لە تاران و شەڕ لە سەقز

٤. ١. شەڕی سالح ئاوا: یەکەمین پێکادانی پێشمەرگە و ئەرتەش

ڕۆژی ٣ ی ٢ ی ٢٥ نوێنەرانی هەردو حکومەتی کوردستان و ئازەربایجان لە تەورێز "پەیمانی یەکێتی و برایەتی" یان ئیمزا کرد.

ڕۆژی ٨ ی ٢ ی ٢٥ دەستەی نوێنەرایەتی تێکەڵاوی ئازەربایجان و کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوەری چو بۆ گفتوگۆ بۆ تاران. محەمەد حسێن خانی سەیفی قازی، وەزیری جەنگی حکومەتی کوردستان و، ئەبولقاسمی سەدری قازی، نوێنەری مەهاباد لە خولی ١٤ هەمی مەجلیسی شورادا، ئەندامی هەیئەتەکە بون.

لەو کاتەدا کە نوێنەرانی حکومەتەکانی ئازەربایجان و کوردستان لە تاران سەرقاڵی گفتوگۆ بون هێزەکانی ئێران لە سەقز خەریکی بەهێزکردنی بنکە و سەربازگەکانی خۆیان بون، ڕۆژێك دوای چونی هەیئەتەکە بۆ تاران، هێشتا قازی محەمەد لە تەورێز بو، هێزەکانی ئێران لە قۆڵی سەقزەوە هێرشێکیان کرد.

جەنەراڵ مایور محەمەد ڕەشید خان قادر خان زادە "فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتیقە" کە سەرکردەی جەبهەی سەقز بو لە دو نامە دا کە ڕۆژی ١٢ ی ٢ ی ١٣٢٥ بۆ "پێشەوای بەرزی جمهوریەتی کوردستانی موعەزەم" ی نوسیوە، هەم باسی شەڕەکەی گێڕاوەتەوە و، هەم پێشنیارەکەی خۆی بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی دوژمن نوسیوە.

سەعات ١١ و ١٥ دەقیقەی ڕۆژی ٩ ی ٢ ی ٣٢٥ هێزێکی ئێرانی کە پێك هات بو لە ٧٠٠ کەس بە تۆپ و ڕەشاش و نارنجۆك بە پشتیوانی ٢ فرۆکەی جەنگیی لە ناکاو لە چەند لایەکەوە هێرشی کردە سەر پۆستەکانی هێزی دیموکرات:

له مەلقەرەنی له شاخی بێژنگ بەسەر کە لە ژێر سەرپەرشتی بەکر ئاغای حەوێزی و، لە کەلی سەرا کە لە ژێر سەرپەرشتی میرحاج و، لە کێوی بالومان کە لە ژێر سەرپەرشتی مستەفا خۆشناو دا بو.

لەم شەڕە دا زیاتر لە ١٠٠ کەس لە هێزی ئێرانی کوژرا و ٣٩ کەسیان لێ بەدیل گیرا و هەندێ چەك و تفاقی جەنگییان دەس کەوت.

شەڕ ٧ سەعاتی خایاند. لە کۆتاییدا هێزی ئێرانی شکا.

بە قسەی خان: "لەو وەختەی کە دوژمن لە هەمو لایەکەوە خەریکی تەقەدوم و ئاگرباران بو پێشمەرگەکانی هێزی بارزانی یەك بە یەك نیهایەتی حەماسەت و نەشڵەژان گوێیان لە ئەوامیری فەرماندە و قیادەی خۆیان ڕائەگرت بە وێنەی نیزامیی مودەڕەبی دەوڵەتیی و، حەرفیەن تەتبیقی ئەو پرۆغرامەیان ئەکرد کە لە تەرەف قیادە و سەرکردە و ئەفسەران پێیان ئەبێژرا. بە ئەندازەیەك لە ئیقدام و فنونی جەنگ و نیشان گرتن و هەڵمەت بردن شارەزا بون کە قەڵەم لە تەعریفی عاجزە."

بەو بۆنەیەوە کە: میرحاج، بەکر حەوێزی، مستەفا خۆشناو، وەهاب ئاغا و یارمەتیدەرەکانیان: محەمەد ئەمین میرخان، مامەند مەسیح، ساکو، خۆشەوی خەلیل لەو شەڕەدا قارەمانەتییان نواندوە، حەمە ڕەشید خان تکای لە پێشەوا کردوە کە ٤ ئەفسەرە گەنجەکە بە "تەقدیری عەمەلیات" و "موکافات" و یارمەتیدەرەکانیان بە "دەرەجاتی لائیق مەسرور و تەشجیع بفەرمون."(١٠)

دڵشاد ڕەسولی لە سەروتاری ڕۆژنامەی کوردستان دا لە ژێر سەردێڕی "ڕۆژی نەنگ و ڕیسوایی دەوڵەتی فارس" سەبارەت بەم شەڕانە نوسیوێتی:

"... بۆ هەوەڵ جار لە تاریخی ١٠ ی ٢ ی ٢٥ لە جەبهەی سەقز – ساڵح ئاوا هەوەڵ مادەیان بە ئیمتیحان گەیشت و لە سەر ئەو هەمو ئەسلەحە گەورانەی کە ئەوان هەیان بو عیدەیەکی ١٥٠٠ نەفەری ئەوان لە بەرامبەر ٢٠٠ نفوسی ئێمە بەو نەوعە نەنگ و ڕیسواییە شکاو پەرتوبڵاو کراو هەر لە ماوەی ٢ سەعات دا ١١٠ نەفەریان لێ کوژرا و ٢٨ ئەسیریان لێ گیرا جودا لە ٣٠٠ قەبزە تفەنگ و ٣ موسەلسەلی قورس و ٣ موسەلسەلی سوك.

لە ڕۆژێکی وادا دەبو ئەو سەرلەشکرە لوت بڵیندانەی فارسان ئەو مارشاڵە فیرارییانەی پڕ غروری ئەرتەشی ڕەزا خانی لە شەرمەساری واقیعەی ٣ ی شەهریوەری ١٣٢٠ سەری خەجاڵەتی بەردەنەوە و خۆیان بکوژن. بەرعەکس دەبینین وەك ڕێویان لێ هاتوە بۆ خۆیان بە تەنها جێگایان نابێتەوە هەژگێکیش لە دوای خۆیان رادەکێشن. ئیستیقلالی فارسان بە تەواوی لە ژێر نفوزی بێگانان مەحو بۆتەوە تازە ئەو مارشاڵانە خەریکی داگیر کردنی کوردستانن..."(١١)

٤. ٢. هاتنی پێشمەرگە و لە خۆبوردوان

ئۆردوی سور لەسەر کشانەوەی یەکجاری بون. ئێران هێزی کۆ ئەکردەوە و سازی ئەدان. پەلی ئەهاویشت بۆ بەرزاییەکانی دەوروپشتی سەربازگەکانی. هێزی زیادی لە دەری ناوچەکەوە ئەهێنا بۆ بەهێز کردنی پادگانەکانی. مەترسی پەلاماردان لە قوڵی سەقزەوە زیادی ئەکرد. ئەو هێزانەی پێشمەرگە کە لەوێ بون بەشی پارێزگاری سنوری حکومەتی کوردستانی نەئەکرد لە هێرشی ئەرتەشی ئێران. وەزارەتی هێزی دیمۆکرات بەشێ لە هێزەکانی شیمالی سازدا. پێشمەرگەکانی شکاك و هەرکی و بەگزادەی لەگەڵ سەردارە بە نفوز و ناودارەکانی وەکو: عومەرخانی شەریفی شکاك، تاهیرخانی سمکۆ، نوری بەگی عەباسی، زێرۆ بەگی هەرکی، هێنایە ناوچەکانی سەردەشت، بانە، سەقز. بەرامبەر هێزەکانی ئەرتەش دای مەزراندن.

ڕۆژنامەی کوردستان لەو بارەیەوە نوسیویەتی:

"ئەم ڕۆژانە پێشمەرگە و لە خۆبوردوانی کوردستان بێوچان وارید دەبن و بۆ پارێزگاری بۆ سنوری کوردستان دەڕۆن.

ئاڵا بە پیرەوە بردن: ڕۆژی ١٦ ی ٢ ی ٢٥ ساتی ٦ ی ئێوارە کە پێشمەرگە و لەخۆبوردوانی ئێلی قارەمانی هەرکی گەیشتنە قەراخ شاری ئاڵای موقەدەسی کوردستانیان بە پیرەوە بردن و لە نێو هەست نواندنێکی لە ئەندازە بەدەر واریدی کران. هەر کە گەیشتنە پێش کانگای حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئاغایانی زێڕۆبەگ و تەها ئاغای هەرکی دەستگای ئیستاسیۆنی رادیۆیان دیدەن کرد و یەکی سەد تمەنیان باربوی دەستگای ئیستاسیۆن کرد و ئاغای زێڕۆبەگ نوتقێکی بەتینی خوێندەوە لە زیمن دا گوتی: ئێمە تا ئاخر تنۆکی خوێنی خۆمان لە کوردستان قارەمانانە پارێزگاری دەکەین و لە باتی ئەو ئاڵایە کە بە ئێمەتان پێشکەش کردوە ئێمەش ئامادەین بە کۆمەگی خودا شارێکی گەورەی کوردستان بۆ ئێوە بگرین و بە تەواوی چەك و موهیماتەوە پێشکەش بە حکومەتی کوردستانی بکەین.

لە خۆبوردوانی ئێلی قەرەپاپاق: ڕۆژی ١٦ ی ٢ ی ١٣٢٥ ساتی ٦،٣٠ ئێوارە لە خۆبوردوان (فیدائیـیان) ی ئێلی غەیوری قەرەپاپاخ بۆ پارێزگاری کوردستان لە نێو هەست و نواندنێکی لە ئەندازە بەدەری خەڵکی شاری دا وارید و لە لایەن حیزبەوە پەزیراییان لێ کرا."(١٢)

٤. ٣. هێزەکانی ئێران لە سەقز

بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی فەرماندەی جەبهەکە لە حەفتەی یەکەمی بانەمەڕی ١٣٢٥ دا هێزەکانی ئێران لە جەبهەکەدا بەمجۆرە بو:

٣٠٠٠ نەفەری عەجەم لە ناو سەقزدا
٥٠٠ نەفەر عەجەم لە دۆڵی میرەدێ و تەموتە و کەلیخان
١٥٠٠ نەفەر لە ناو بانەدا
١٠٠٠ نەفەر لە سەر دەشت(١٣)

بەگوێرەی هەڵسەنگاندنی نانەوازادە، لە حەفتەی یەکەمی پوشپەڕی ١٣٢٥ دا، ئەبێ هێزەکانی ئێران لە سەقز و دەوروبەری بەمجۆرە بوبن:

١٨٠٠ سەرباز و ئەفسەر لە ناو سەربازگا.
٤٠٦ کەس لە ناو بورجەکان دا.
٢٢٠٦ کەس کۆی هەمویان
٢ تانکی گەورە و ٢ تانکی بچوك و ٢ زرێپۆش
٧ فڕۆکەی ٢ کەسی (فڕۆکەوان و دیدەبان) یەکێکیان شکا بو
١٥ ئوتومبیلی نیزامی (١٤).

٤. ٤. ڕاوەستان یا پێشڕەوی

لەو کاتەدا هێزی دیمۆکرات ڕێگاکانی نێوان پادگانەکانی بانە و سەردەشتی لە ژێر دەست دا بو. حەمەرەشیدخان لەنامەیەکی دا نوسیوێتی:

"... بۆ ئەوەی کە جارێکی تر دوژمن نەتوانێ ئەم ئیرادەی تەجاوزە بکاتەوەو، ئەیەزەن هێزی ئێمە حاکم بێ بەسەر خەتی مواسەلات و هاتوچۆ و ئیتیسالاتی دوژمنان کێوانی ئاڵتون و مل قەرەنی و مەرخوز و سەیداوامان خستۆتە ژێر سەیتەرەی خۆمانەوە. حاڵی حازر هێزی ئێمە لە دو جیهەتەوە تەقریبەن موحاسەرەی مواسەلاتی لە سەقزا کردوە. تا حاڵ ئەو جێگایانەی کە بە قوەتی سیلاح لە دوژمن وەرگیراوە رەدمان نەکردۆتەوە.

....

... هەروەکو بە عەرزی بارەگای بەرزتانم گەیاند هێزی ئێمە لە دو جیهەتەوە قەتعی خەتی مواسەلاتی دوژمنی کردوە و سەقزی خستۆتە شکلێکی خەتەرەوە. بەڵام دوژمنیش بۆ ئەوەی ئەو ئیستیحکاماتانەمان لێ وەربگرێتەوە هەروەها خەریکی تەرتیبات و تەنزیماتی عەسکەری و پروپاغاندەی عەشائیری ئەو ناوەیە. جا بۆ ئەوەی کە دوژمن مەیدانی ئەوەی نەبێ ئیتیسال لەگەڵ هێزی بانە و سەردەشت و سەقز و ئاغایانی ئەترافیا

پەیدا بکات و نەتوانێ کە زەفەر بە هەدەفی ئەساسی پێشەوا و خیتەی بەرزی کوردستان بەرێ زۆر بە زەروری ئەزانم کە ئیرادە بفەرموی بە تەرتیباتی حەرەکات بۆ سەر دوژمن..."(١٥)

ئەفسەرەکانی هێزی بارزانی لە جەبهەی سەقز: میرحاج، مستەفا خۆشناو، وەهاب ئاغا، بە وردی لە ناوچەکەیان نۆڕی بو. پلانی پاککردنەوەیان داڕشت بو. هەریەکە لە لای خۆیەوە پلانەکەی خۆی خست بوە بەردەستی فەرماندەی جەبهە بۆ ئەوەی بڕیاری لێ بدات.(١٦) بەڵام بڕیار دان لە سەر مەسەلەیەکی وا گرنگ و ژیانیی نە لە دەس حەمە رەشید خان دا بو، نە لە دەس مەلا مستەفای بارزانیدا. تەنیا کەس کە دوابڕیاری بە دەس بو قازی محەمەد بو. قازی لە وەڵام دا بۆی نوسین:

"جەنابی ئاغای محەمەد رەشید خان

لەو دیفاعەی کردوتە تەبریك دەکەم. هەر نەوعە ئیحتیاجێکو هەیە فەوری بۆم بنوسن کە خەریك بم ڕەفعی بکەم. چونکە نومایندانی مە لە تارانێ خەریکی گوفتوگۆیەن بە هیچ وەجە نابێ بچنە سەر دوژمنی. لەو جێ هەن ڕاوەستن و خۆتان مەحکەم کەن.

محەمەد قازی ١٢ / ٢ / ٢٥"

ڕۆژی ٢٣ ی ٢ ی ٢٥ وەفدی هاوبەشی کورد و ئازەری بەسەر نەکەوتویی لە تاران گەڕایەوە. سەیفی قازی بەو بۆنەیەوە لە مەهاباد نوتقیکی درێژی دا. هەر بەو بۆنەیەوە قازی محەمەدیش وتارێکی دا. سەرەڕای تێشکانی گفتوگۆ "نەچونە سەر دوژمن" و "ڕاوەستان لەو جێی هەبون" بو بە ستراتیجی سیاسی - پێشمەرگەیی حکومەتی کوردستان.

٤. ٥. بەردەوامی وردە شەڕ

لە نێوان هێزەکانی دیمۆکرات و هێزەکانی ئێران دا ئیتر وردە شەڕ بەردوام بو. ئێران ئەی ویست پێشمەرگەکانی کوردستان ماندو بکا.

ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارەی ڕۆژی ٤ ی ٣ ی ٢٥ دا لە ژێر سەردێڕی "هێرشی ئیرتیجاع" دا نوسیوێتی:

"بەرانبەر ڕاپۆرتێکی ڕۆژی ٢٨ ی ٢ ی ١٣٢٥ گەیشتوە لە بەشی سەردەشت هۆردوی فارسە مورتەجیعەکان عیدەیەك بانەیییان دەگەڵ بون هێرشیان بۆ عیدەدەی حەسەن ئاغای هەنارە و زێرۆ بەگ و گەورکەکان هێناوە لە نەتیجەی دیفاع دا مورتەجیعەکان زۆر خراپ شکاون و تەلەفاتێکی زۆریان داوە ٣٠ کەس لە بانەییيان بە دیل گیراون و دو ئاغا و دو نۆکەریان کوژراوە ١٤ قەبزە تفەنگ ٤ قەبزە دەپانچە و یەك دوربین و ٦ ئەسپ بە غەنیمەت گیراوە و بە شپرزەیی گەڕانەوە دواوە."(١٧)

لە ژمارەی ڕۆژی ٦ ی ٣ ی ٢٥ دا لە ژێر سەردێڕی "دەنگوباس لە جەبهەی سەردەشت" دا نوسیوێتی:

" خەبەر گەیشتوە کە شەوی چوارشەممو پێشمەرگەکانی ئیرتیجاع بە هەوارەی (!) نێزیکی سەردەشت کە پۆستی کوردستانی لێ دەبێ پەلاماری دەبەن و پۆستەکە دەورە دەدەن و... پەلاماری ئێلی گەورك کە کاکەڵا ئاغا فەرماندەیان دەبێ دەبەن لە پاش شەڕێکی زۆر هێزی ئیرتیجاع و کوڕانی بەزۆر هاتوی ئێرانی ٤٤ کەسیان لێ دەکوژرێ و نێزیکی ٤٠ کەسیان بریندار بوە زۆر بە شپرزەیی دەشکێن و هەڵدێن و لە هێزی کوردستان ٥ کەس بریندارە و سەعید بەگ پیاوی حەمەدی وسێن ئاغا بە دەرەجەی شەهادەت گەیشت.."(١٨)

لە ژمارەی ڕۆژی ١٥ ی ١٣ ی ٢٥ دا نوسیوێتی:

"لە کێوی نەسراباد پشتی سەقز لە ڕۆژی ٨ ی ٣ ی ٢٥ کە هێزی کوردستان لە ژێر فەرمانی محەمەد حسێن هەرکی دادەنیشن لەو ڕۆژەدا هێزی ئێرانی دەورەیان دەدەن کە عیدەی کوردستان ئەسیر بکەن وەلێ پاش زەدوخوردێکی زۆر ٤ سەرباز بریندار و سەربازێکی ئێرانی دەکوژرێ و ٢ ئەسپ و تفەنگیان لێ بەجێ ماوە. هەر لەو ڕۆژەدا ٦ ئەمنیە و ١ کوردی عێلی تیلەکۆ لە لایەن هێزەکانی نورکۆ کوژراون."(١٩)

٥. گفتوگۆ یا خلافاندن

٥. ١. کۆبونەوەی سەقز

لە خاکەلێوەی ١٣٢٥ دا سەرلەشکر عەلی ڕەزمئارا، سەرۆکی ستادی ئەرتەش، خۆی هاتە ناوچەی سەقز بۆ دانانی نەخشە. لە پێشەوە کەوتە کات بەسەربردن بە ناوی گفتوگۆوە. خەتی تەموینی پادگانەکانی سەقز و بانە و سەردەشت لە ژێر دەستی پێشمەرگەدا بون. نەیان ئەهێشت خواردەمەنی و تەقەمەنی‌یان پێ بگات. لەو کاتەدا نە هێزەکانی ئەرتەشی هێشتا توانای هێرشی گشتی‌یان پەیدا کردبو، وە نە هەلومەرجی سیاسیش هێشتا بۆ کارێکی وەها لە بار بو. ڕەزمئارا ئەی ویست بێ شەڕ ئەم ئابلوقەیە بشکێنێ.

ڕەزمئارا لە سەقز لە گەڵ نوێنەرانی پێشمەرگەی کوردستان دانیشت. ئیبراهیم سەلاح، یەکێ لە ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتی کوردستان لە ژێر سەردێڕی "نوێنەرەکانی کوردستان و تاران لە سەقز" ڕاپۆرتێکی دەربارەی ئەم کۆبونەوەیە بۆ ڕۆژنامەی کوردستان نوسیوە. وا لە خوارێ وەکو خۆی ئەی نوسینەوە:

"ڕۆژی یەکشەممو ٥ ی ٣ ی ٢٥ هەیئەتی نومایندەگی حکومەتی کوردستان گەیینە سەقز لای ڕۆژئاوا سەرلەشکر ڕەزمئاراش لە گەڵ ٣ نەفەر نومایندەگانی ئازەربایجان:

١. ئاغای جەودەت وەزیری کار ٢. ئاغای عەلی زادە موفەتیشی مەخسوسی جەنابی پیشەوەری. ٣. ئاغای ئازەربادگان فەرمانداری مەراغە لە تارانەوە واریدی سەقز بون سەعاتێك لە شەو چو بو جەلەسە لە مەنزلی سەرتیپ هومایونی تەشکیل بو. موزاکەرە تا سێ سەعات و نیو تولی کێشا:

١. سەرهەنگ ٢ عیزەت عەبدولعەزیز بۆ کردنەوەی جەلەسە بە زمانی کوردی بەیاناتێکی زۆر باشی کرد کە جوملە بە جوملە بە زمانی فارسی تەرجومە دەکرا بینای ئەو بەیاناتە لەسەر ئەوە بو کە زۆرجێ خۆشوەختییە لە گەڵ برایانی ئازەربایجانی دۆستییەکی مەحکەم و برایەتییەکی تەواومان بۆ حاسڵ بوە و لەم جەلەسەش دا وا دیارە کە برایانی فارس مەیلیان لە سەرحوسنی تەفاهومە کە تەقازایان کردوە ئەمە بێینە سەقز و ئاغای سەرلەشکریش بۆ موزاکەرات لە تارانەوە هاتۆتە ئێرە تا ئێستا کە دو برای ئازەربایجانی و کورد دەستیان پێك دابو هەویایان هەیە کە لە گەڵ برایانی فارسیش دا لە سەر ئەسلی برایەتی موافەقەت حاسل ببێ و ببنە ٣ برا.

٢. ئاغای سەرلەشکر ڕەزمئارا لە پاش بەیاناتی برای خۆشەویست سەرهەنگ ٢ کاك عیزەت مەنزوری جەلەسەی بەیان کرد کە:

چونکو بەمزوانە دوبارە موزاکەراتی بەینی دەوڵەتی مەرکەزی تاران و نومایندەگانی ئازەربایجان و کوردستان دەست پێ دەکرێتەوە لەبەر ئەوە کە موزاکەرە لە سەر ئەسلی حوسنی تەفاهوم قەرار بگرێ وا بە چاك زانرا کە ئەم مەجلیسە لێرە تەشکیل ببێ و کارێکی وا بکەین لە تەواوی جەبهەدا تا دوایی موزاکەرە ئارامی بەرقەرار بێت.

٣. سەرهەنگ ٢ کاك عیزەت جوابی داوە کە ئەسڵی هاتنی ئێمە لە سەر ئیعتیبارنامەیەکە بە ئەمە دراوە و، ئەوەیە کە سابیت بکرێ شەڕی قارەوا بڕواری ٩ ی بانەمەڕ هەوەڵ جار حەملە لە تەرەف کێوە بوە؟ جا لەسەر ئەم ئەسڵە چەندین دەلیلی بەیان کرد لەوانە یەکێك ئەوە بو: بە هەمو قاعیدەیەکی حەربی هەمیشە تەلەفات لە عیدەی موهاجیم زیاتر دەبێ چون لە عیدەی نیزامیی ئێران لەو شەڕەدا تەلەفاتێکی زۆر بوەو لە عیدەی ئەمە یەکێك خوێن لە قامکی نەهاتوە ئەوە خۆی دەلیلە کە عیدەی نیزامیی ئێران حەملەی کردوە بۆیە لێیان تەلەف بوە ئەمما هی ئێمە چون لە سەنگەری

خۆیان دا بون گولله نەی گرتون. دەلیلێکی دی ئەوەیە لە ئەسیرانی خۆتان کە لە مەهاباد و تەورێزن بپرسن تا لێیان مەعلوم بێت کە نیزامیی ئێران حەملەی کردوە.

سەرتیپ هومایونی گوتی: من عیدەیەکم بۆ شیمالی سەقز نارد بو ئەمانە چو بونە خاکی مەهابادەوە لەو سورەتەدا ئەوە بە حەملە مەحسوب نیە.

سەرهەنگ ۲ کاك عیزەت لە جوابی دا وتی: سەقز و مەهاباد لە یەك جوێ نین هەردوك خاکی کوردستانن هەر کوێ کوردی لێیە ئێمە بە هی کوردی دەزانین.

لەو بەینەدا برای خۆشەویست کاپیتان سەعیدزادە لەسەر دوسێ مەتلەبی دی لە قەبیل فرینی تەیارە و هێندێ شتی دی پیلەی بە سەرتیپ هومایونی گرت. چون سەرتیپ هومایونی دەلیلی حەقی بە دەستەوە نەبو ناچار لە مەجلیس وەدەرکەوت ئیدی نەهاتەوە لە ئاخردا ئاغای سرلشکر رەزمئارا ئیقراری کرد کە لەوەدا عیدەیەك لە سەقزەوە نێردراوە بۆ سەر عیدەی کوردستان هیچ قسەی تێ دا نیە. مەوزوعی حەملە بەو جۆرە لە جەلەسەی رەسمی دا مەعلوم بو کە خەتای نەیروی ئێران بوە.

٤. مەوزوعی بەرقەراری ئارامی لە جەبهەدا لە پاش گفتوگۆیەکی و موتالەعەی نەخشەجاتی نیزامیی ئێران بە ئیتیفاقی ئارا قەرار کرا تا تەواو بونی موزاکەرە هیچ لایەك حەقیان نیە بچنە پێشەوە دەبێ هەر کەس لە هەر جێیەك هەیە ڕابوەستێ و هیچ لاش حەقیان نیە تەقە بکەن. زیمنەن سەرلەشکر رەزمئارا تەقازای کرد کە هێزی کوردستان چوارهەزار گەز لە دەرەوەی سەقز دورەوە کەون و سێ هەزار گەزیش لەسەر جادەی بەینی بانە و سەقز بکشێنەوە و بۆ لای خۆراوا تا نیزامییانی ئێران بتوانن بە ئازادی بۆ عیدەی بانە و میرەدێ ئازوخە بە رێ بکەن و لە موقابیل دا ئیمزایان دا کە تەیاراتی ئەوان هەر بە سەر جادەدا حەقی حەرەکەتی ببێ و عەلاوە ۳ نەفەر نوماینەدەی خۆمان هەمیشە لە سەقز و بانە و سەردەشت دا هەبێ و نازری کاری ئەوان بن کە عیدە و موهیمات بۆ ئەو ۳ نوختە لە تەرەف دەوڵەتی ئێرانەوە بەڕێ نەکرێ ئەمما ئەگەر عیدەیان بۆ عەوەز کردنی نەفەراتێك کە وادەی خزمەتیان تەواو بوە بێت مانیع نەبو. ئەم مەوزوعە بە مەقاماتی بەرزی مەرکەزی خۆمان عەرز کرا لە جواب دا فەرمویان کە لە سەر ئەسلی ئیحتیرامی دو تەرەفی ئێمە هەرچەند بکشێینەوە دواوە نیزامیانی ئێرانیش هەر بەو قەرارە دەبێ بکشێنە دواوە تەنیا غەیرەمومکینە و هەر جێیەك کە ئیشغالمان کردوە هەر لە دەست ئێمەدا

دەبێ و جادەش بە جێ ناهێڵین هەر بەو جۆرە لە جەلەسەی ڕسمی دا بە ئاغای سەرلەشکر ڕەزمئارا جواب دراوە.

٥. لە مودەتی ٣٨ سەعات دا کە ئێمە لە سەقز بوین فەرماندەی نیزامی‌یانی ئێران چەند جار هاواری بۆ ئێمە نارد کە: ئەوا لە میرەدێ شەڕە وەرن مەهێڵن. ئەوا جادەی بەینی سەقز و سنە هێزی کوردستان داگیری کرد بچن بیان گێڕنەوە. تا وابو بۆ وەی نەهێڵن تەقە بکرێ نوێنەرەکانی کوردستان لە ماشین دا کە بەیداغی شەهامەتی کوردستانی لەسەر دەلەراوە لە سەقزەوە بەسەر جادەی بانەدا هاتینە حەرەکەت و لە پشت سەر ئەوانەوە ماشینی نیزامی‌یانی ئێران کە یەکێك لە نومایندەکانی و دو سەرهەنگی ئێرانی تێدا بو لە ژێر پەناه و حیمایەتی بەیداغی ئەرزی کوردستان دا هێواش هێواش بە دوای ئێمە دا دەهات لە ئایچی، لە تەموغە، لە بەلەجەر و لە ئەغلەبی کێو بە چاوی خۆیان عیدەی مونەزەمی پێشمەرگان و سەرکردانی کوردیان دەدی کە چون لە کەمالی شەهامەت و بێباکی دا ئەو جێ‌یانەیان داگیر کردوە و مونتەزیرن بە مەحزی سادر بونی فەرمان قەلبی دوژمن هەڵدڕن. یەکێك لە نوێنەرەکان ئیبراهیم سەلاح"(٢٠)

ئەم کۆبونەوانە زۆر تر لایەنی سپایی‌یان هەبو نەك لایەنی سیاسی. وەکو دەرئەکەوێ زۆرتر بۆ ڕاگرتنی شەڕ و ڕێنەدانی پێکادان و پاراستنی هێمنی ڕێگەوبانەکان و دابینکردنی ناردنی پێداویستەکانی پادگانەکانی ئێران بوە، نەك بۆ گفتوگۆی سیاسی لەسەر پێوەندی حکومەتی کوردستان و حکومەتی ناوەندی و پاشەڕۆژی ناوچەکە.

حەسەن ئەرفەع لەم بارەیەوە نوسیویتی: "هەم هێزەکانی حکومەتی ناوەندی و هەم کوردەکان ئەیان ویست کەڵك لەم بەڵگەیە وەربگرن بۆ کات بەسەربردن بۆ ئەوەی هێزەکانیان کۆبکەنەوە. ئێران ئەی ویست پاش کۆکردنەوەی هێزی تەواوی هێرشی گشتی خۆی دەست پێ بکا، کوردەکانیش بە تەما بون لە دوای گرتنی شارەکانی بانە، سەقز، سەردەشت، بەرەو ئوستانی کوردستان پێشڕەوی بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش لە هەمو شوێنە شاخاوی‌یەکانی دەوروبەر بۆ ڕێگرتن لە بەهێزکردنی پادگانەکانی ئێران پەلاماری هێزە نێردراوەکانیان ئەدا..."(٢١)

٥ . ٢ بۆ چونی کۆمیتەی مەرکەزی

پێ ئەچێ کاربەدەست و بەرپرسەکانی کورد باوەڕیان بە کاربەدەستانی ئێران و گفتوگۆ و بەڵێنەکانیان نەبوبێ ڕۆژی ٦ ی ٣ واتە ڕۆژی دوای کۆبونەوەکانی ڕەزمئارا و نوێنەرانی کورد لە سەقز کۆمیتەی مەرکەزی

حیزبی دیموکراتی کوردستان نامەیەکی ئاڕاستەی نوێنەرەکانی خۆی کردوە بۆ وەڵامدانەوەی خواستەکانی نوێنەرانی ئێران. لێرە دا تێکستی نامەکە وەك خۆی ئەنوسینەوە:

"حیزبی دیموکراتی کوردستان

کۆمیتەی مەرکەزی

نوینەرانی بەرزی حیزبی دیموکراتی کوردستان

....

١. عیددەی مە لەو مودەیەی سەر خود هیچ جۆرە تەجاوز و عەمەلیاتێکی نەکردوە تا لە تەرەف عیددەی حکومەتی مەرکەزیەوە تەجاوز و حەملەیەك بۆسەر عیددەی مە نەکرابێ پاش تەجاوز و حەملەش عیددەی مە مەجبور بوە بۆ وەی کە نەیەڵێ عیددەی تەجاوزکار دەفعەیەکی دیکە ئەو جێگایەی بە دەستییەوە بوە نەیکاتە مەبدەئی حەملەی سانەوی ئەوەی دەگیر خۆیان بخەن.

٢. قیسمەتێکی موهیم لە عیددەی مە عەشایرن. وەکو ئەفرادی نیزامی دیسیپلینە نین هیچ مومکین نیە کە لە دوای وەی عەسەبانی کرا لە ئیتاعەتی خاریج دەبن چۆن دەبێ مەئمورینی حکومەتی مەرکەزی فکری وەی نەکەن کە تەیارە بچێتە سەر ئەوان بە موسەلسەلان دایان گرێ، لێیان بکوژێ، دیسان ئەوان بە ئومێدی واهی موزاکەراتی سولحێ دەجەرەیان دایە حەملەی موتەقابیلە نەکەن. ئەوە شتێکی غەیرە مومکینە.

٣. چۆن دەبێ ئەوانە خەجاڵەتی نەیان گرێ دەو وەختی دا کە دونیا پێی زانیوە کە موزاکەراتی سولحێ دە مابەین دایە و دەو وەختی دا کە نومایندەی مە چۆتە بەر دەرکە و ئاستانی وان ئەوان شەرمی نەکەن لە جەبهەی سەقز - سەردەشتی تەواوی عیددەی مە و ژن و منداڵی دێهاتی‌یان کە هیچ جۆرە زدێکی هەوایان نیە بە موسەلسەلان دایان گرن و تەلەفاتیان پێ بدەن.

٤. نازانین مەئمورینیْ حکومەتی مەرکەزی تا کەنگێ دەست لە دەسیسی و نەیرەنگی خۆیان هەڵ ناگرن کە ئەلعانەکە بە جەبر و زۆر نەیان توانیوە ئێمە بکشێنەوە دواوە بە حیلە و تەزویر خەریکن. ئەگەر... مەقسودیان ئەوە نیە کە ئەو جێگایانە دوبارە تەسەڕوف بکەنەوە حازرین هەرچەندی ئەوان... ئەمەش بکشێینەوە. بە ساعەت دەڵێن، بە فرسەخ دەڵێن، بە مەنزڵ دەڵێن، کە ئەوە قاعیدەیەکی بەینەلمیلەلی‌یە. ئیدی کەس نەی بیستوە لایەك بە تەنێ بکشێتەوە.

٥. فێڵێکی دی ئەوەیە کە بە بەهانەی خواروبار خەریکن ڕێگایان بە مە چۆڵ دەکەن کە دە سورەتێکی لەو مەنتیقانەی کە دە دەستیان دایە خۆراکیان هەیە و چاترین شاهید ئەو سەربازانەن کە لەوان گیراون و فیرایان کردوە و ئەلعان حازرن.

٦. ئێمە نازانین ئەو بەهانەو بەهانەتراشیە چیە؟ ئەو کشانەوە و مۆڵەت و ئیمروزوفەردا بۆچی ئەگەر حکومەتی مەرکەزی ڕاست دەکا و سولح دەکا لە دومانگ موزاکەرە زیاتر؟ فەرمون بیکەن ئەو سولحەی کە فەوری برایەتی دەنێو میللەتانی ئێرانێ بەرقەرار بێت.

١٣٢٥/٣/٦کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان(٢٢)

٥ .٣. بۆچونی فەرماندەی جەبهە

جەنەراڵ محەمەد ڕەشید خان فەرماندەی جەبهەی سەقزیش لەو ڕووەوە نامەیەکی بۆ پێشەوا نوسیوە. تێکستی نامەکە:

بۆ حەزرەتی پێشەوای بەرزی جمهوریەتی کوردستان

مەوزوع: حیلەی دوژمن، و عەدەم موافەقەت بۆ ئینسیحابی هێزەکانمان

١. گوزارشاتی ڕۆژی ٥ / ٣/ ٣٢٥ م موفەسەلەن عەرزی وەزارەتی حەربی هێز کردوە بە نوسراوی ژمارە ٣٣٨ ـ ٥ / ٣/ ٣٢٥ بەڵام لە بەر ئەوەی کە ئاغای کەریمی ئەگەڕێتەوە بۆ خزمەتتان و نەتیجەی موزاکەراتی خۆیانت بە عەرز ئەگەیەنێ، مەجبور مام کە منیش نەزەریەی حەتمی خۆمتان عەرزبکەم. هیچ ئومێد ناکرێ کە دوژمن لەم تەلەبەی دا مەقسەدێکی ڕاستی و دۆستایەتی و ڕێك کەوتنی ببێ لە غەیرەز وەقت و فرسەت زائیع کردنی ئێمە نەبێ. ئەگەر دوژمن بەهانەی تەئمینی زەخیرە و وەسیلەی مەعیشەتی هێزی بانە و میرەدێ و سەقزیەتی، تەئمینتان دەکەم لە هەمو جیهەتێکەوە وەسیلەی مەعیشەتیان تەواوە. ئەتوانن هەتا مودەیەکی زۆر بە ڕەفاهیەت بە زەخائیری حازرەیان ئیدارە بکەن. وە ئەگەر هەر مەتلەبیش بەهانەیەکە کە سەیتەرەتی هێزی ئێمە لە سەر مەنتیقەی نفوزی خۆیان دور بخەنەوە. بە سورەتی قەتعی ئیمکانمان نابێ کە یەك بست بکشێینە دواوە. ئەو جێگایانەیان بۆ چۆڵ بکەین کە بە قوەتی سیلاح لێمان گرتون. بەڵام ئەگەر دەوڵەتی عەجەم مەتلەبی ئاشتی و ڕێك کەوتنە من زانمن کە هەتا نیهایەتی موزاکەرە تەقەدوم و تەجاوزات لە تەرەف هێزی دیمۆکراتەوە واقیع نەبێ. جا بەو موناسەبەتەوە بە واجیبم زانی کە نەزەریەی ئیداری و عەسکەری خۆمتان عەرز بکەم گەڕانەوەمان بۆ پاشەوە زۆر موشکیلە. ئیتر ئیجابی متەوەقیفی ئەمرتانە.

فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتیقەی لە سەرا"(٢٣)

٥. ٤. بۆچونی قازی محەمەد

پێشەوا لە وەڵامی محەمەد ڕەشید خان دا نوسیوێتی:

حیزبی دیمۆکراتی کوردستان

کۆمیتەی مەرکەزی ١٣/ ٣/ ٢٥

ئاغای فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتیقەی سەرا

وە جواب نامەی ژمارە ٣٧١ ی ١٠/ ٣/ ٢٥

هەر کارێکی جوزئی ئەلئان دەبێ لە گەڵ ئەوزاعی بەینەلمیلەلی تەتبیق بکرێ چە جای کاری مە کە کوللیە لەبەر ئەوەی ئەمە مەجبورین لەرێی سولحەوە تا مومکین بێ ناتوانین بە رێی دی دا بڕۆین ئەو تاخیرە هی وەیە دەنا ئەمن لە تۆ بە پەلەترم. لە هاتنی عائیلە لە لایەك خۆشحاڵم کە بە سەلامەتی نەجاتیان بوە لە لایەك غەمگینم کە تا کەنگێ کورد دەبێ مالیکی جێگای خۆی نەبێ خودا ڕەحمێکی بکا. محەمەد قازی"(٢٤)

بۆچونی پێشەوا لەگەڵ فەرماندە و بەرپرسەکانی جەبهەی سەقز، تەنانەت لەگەڵ هەندێ لە کاربەدەست و بەرپرسەکانی حکومەتی کوردستان لەوانە حاجی بابە شێخ، سەرۆکی هەیئەتی ڕەئیسەی میللی و، کۆمیتەی مەرکەزی جیاواز بو، نامەکەی کۆمیتەی ناوەندی بۆ نوێنەرەکانیان لە سەقز لەگەڵ وەڵامەکەی پێشەوا بۆ حەمە ڕەشید خان جیاوازە.

هەر لەو ماوەیەدا نوێنەرانی کورد سەرلەنوێ چونەوە بۆ سەقز. ڕۆژنامەی کوردستان هەواڵەکەی لەژێر سەردێڕی"نوێنەری کوردستان بۆ سەقز" نوسیوێتی: "ڕۆژی ٨ ی ٣ ی ١٣٢٥ ساتی ٤ ی پاش نیوەڕۆ جەنابی حاجی سەید بابا شێخ ڕەئیسی هەیئەتی ڕەئیسەی میللی کوردستان و ئاغایانی مەنافی کەریمی و ئەحمەدی ئیلاهی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرەکانی تاران بۆ حەللی هێندێ جودایی لە نێوان هەر دو حکومەتدا چون بۆ سەقز هومێدمان وایە نوێنەرەکانی کوردستان بە موەفەقیەت بگەڕێنەوە."(٢٥) مانەوەی هێزەکانی کورد لە سەنگەری پارێزگاریدا بێ ئەوەی توانای دابینکردنی پێویستییە سەرەکییەکانیان هەبێ، هێزەکەی توشی زۆر کێشەی نالەبار کردبو. ئەفسەرەکانی هێزی بارزانییان و حەمەڕەشیدخان و... پێیان وابو کە ئەبێ پەلاماری شارەکانی سەقز و سەردەشت و بانە بدەن رزگاریان بکەن لە ژێر دەسەڵاتی تاران و، دوای ئەوەش بەرەو سنە بکشێن. بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی شارەزاکانی کاروباری پێشمەرگە ئەمە لە تواناادا بو پێشەوا ڕێگەی نەدا ئەم کارە بکرێ. تەنانەت خۆی لەو نوتقەدا کە بە بۆنەی شەڕی مامەشاوە داویەتی بە ڕاشکاوی باسی ئەکا کە ئەو ڕێگەی نەداوە پەلاماری

سەقز بدەن. "... ئەم ئێلە ئازایە - مەبەستی بارزانی‌یەکانە - تەنیا داخێ کە هەیانە ئەوە بو خەیاڵیان بو پەلامار بۆ سەقز بەرن و داگیری بکەن بەڵام ئەمن مەنعم کردن..."(٢٦)

هۆی موافەقەت نەکرنی قازی محەمەد ئەوە نەبو کە پێشمەرگە لە هێرشەکەیان دا بشکێن لەو کاتەدا ژمارەی پێشمەرگە و لە خۆبوردوانی کورد کە لە بەرامبەر هێزەکانی ئەرتەش دا ڕاوەستا بون و، چاوەڕوانی فەرمانی هێرش بون، لە هێزەکانی ئەرتەش بە ژمارە زۆرتر و، بە مەعنەویات باشتر بون. ئەوەی وای لێ کرد موافەقەت نەکا کاربەدەستانی سۆڤێتی بون، بە تایبەتی کۆنسوڵی روسی لە ورمێ، هاشموف.(٢٧)

٦. ئاگربڕی تا سەر

٦. ١. شەڕی مامەشا: دواین پێکادانی پێشمەرگە و ئەرتەش

ڕۆژی ٢١ ی ٣ هەیئەتی نوێنەرایەتی حکومەتی ئێران بە سەرۆکایەتی موزەفەر فەیروز گەیشتە تەورێز بۆ درێژە پێدانی گفتوگۆ.

هەر وەکو لە کاتی خولی یەکەمی گفتوگۆکانی تاران لە ٨ – ٢٣ ی ٢ هێزەکانی ئێران لە قوڵی سەقزەوە ڕۆژی ٩ ی ٢ هێرشیان هێنایە سەر هێزەکانی پێشمەرگە، ئەمجارەش لە کاتی دەستپێکردنی خولی دوهەمی گفتوگۆکانی تەورێز لە ٢١ – ٢٣ ی ٣ هێزەکانی ئێران لە قوڵی سەقزەوە ڕۆژی ٢٥ ی ٣ سەر لەنوێ هێرشیان هێنایەوە سەر پێشمەرگەکانی کوردستان.

هەر دو جارەکە قازی محەمەد لە تەورێز لە پەیجوری گفتوگۆ دا بو.

ئەمە کارێکی ڕێکەوت یا خود تەگبیر کراو بو؟ پرسیارێکە هێشتا وەڵامی نەدراوەتەوە.

لە دوای ڕودانی شەڕ قازی لە تەورێزەوە گەڕایەوە مەهاباد لە وتارێکا کە بەم بۆنەیەوە دای وتی:

"... کە سوئی تەفاهوم ببوە هۆی ڕودانی ئەم جەنگە چونکو من دەستوری تەلگرافیم دابو کە ڕێگای بۆ میرەدێ و بانە و سەردەشت بکەنەوە کە خواردەمەنی بۆ سەربازەکانی ئێران کە لەو مەڵبەندانە هەن ببرێت نازانم تەلگرافەکە درەنگ گەیشت بو یا ئیجرا نەکرا بو.

سەرتیپ ڕەزمئاراش کە ئێستا لە سەقزە تەلگرافی بۆ ئاغای قەوامی سەلتەنە نارد بۆ مەوزوعی ڕێگاکردنەوەی وەڵام دا بو و قەوامي سەلتەنەش دەستوری دا بو بە هێزی خۆیان ڕێگا ئاوەڵە بکەنەوە لە نەتیجە دا لە حدودی ٣ هەزار کەس سەرباز کە بە ٨ تۆپ و ٢ تەیارە و ٢ تانك پشتیوانییان لێ کراوە پەلامار بۆ گردی مامە شا دێنن و فەرماندەی پۆستی ئێمەش لەوی پەیام بۆ سەرکردەی خۆی مستەفا خۆشناو دەنێرێ کە ئەوا

هێزی ئیرتیجاع پەلاماری هێناوە چارە چیە؟ ئەویش دەستور دەدا تا نەیەنە نێو سەنگەری ئێوە دەست مەکەنەوە ئەوانیش جەمعەن بە کۆمەکێکەوە کە لە لایەن سەرکردەی خۆیانەوە پێیان دەگا دەبنە ٣٩ کەس دەنگ ناکەن تا دوژمن دەگاتە نێو سەنگەرەکەیان ئەمجار لێیان دەردەپەڕن و عیدەیەکیان لێ دەکوژن و پەنجا هەزار فیشەکیان لێ دەگرن و دوژمن دەشکێ.

دوای کەمێك دیسان دوژمن پەلامار دێنێ ئەمجار لە حدودی ٣٠ کەس لە پۆلی سەرکردە میرحاج ئەحمەد کۆمەك بۆ کوردەکان دێت و شەڕێکی ڕۆستەمانە و قورسیان دەگەڵ دەکەن و گورهانێکیان لێ دیل دەکەن بەڵام چونکو پێشمەرگەکانی کوردستان گەرمی شەڕ دەبن و ژمارەیان لە ٧٠ کەس پتر نابێت کەس نابێ ئەم دیلانە لێ خورێ. ئەمجاریش دوای لێ گرتنی چەند تفەنگ و کوژراوێکی زۆر دوژمن دەشکێ دیسان جاری سێیەم پەلاماری دێنن عیدەی مە کە وەسیلەی هەڵگرتنی بریندارەکانیان نەبو ناچار بۆ خۆیان بریندارەکانیان هەڵدەگرن و دەکشێنەوە و گردی مامەشا بە جێ دێڵن و لە سەربازەکان ٥٠٠ کەسیان کوژراو و ٢٥٠ کەسیان بریندارە ٢ تانك و ٢ تەیارەیان سوتاو و شکاوە.

حەزرەتی پێشەوا فەرموی:

موقارینی ئەم پەلامارە لەوبەر چۆمیش ڕا لە دێی خەیدرەوە و لە پۆستی میرەدێش ڕا پەلاماریان بۆ هێزی کوردستان برد بو هەرچەند لە جەبهەی خەیدر پێشمەرگەکانی ئێمە لە بەر کەمی لە هەوەڵەوە پاشەکشێیان کردوە بەڵام سوارانی ئاغای ئەحمەدخانی فاروقی بە هیمدادیانەوە هاتوە بیلنەتیجە لە هەر دو جەبهە دوژمن بڕێك تفەنگ و فیشەکی بە جێ هێشتوە و عیدەیەکی کوژراو داوە و هەڵاتون و لە جەبهەی میرەدێ محەمەد ئاغا... شەربەتی شەهادەتی نۆشیوە."(٢٨)

ڕۆژنامەی کوردستان لە ڕاپۆرتێکی درێژدا بە قەڵەمی عەبدولڕەحمان عەلی شەڕی مامەشا بەمجۆرە ئەگێڕێتەوە:

" شەڕی مامەشا: ٣ هەزار سەرباز، ٨ تۆپ، ٢ تەیارە، ٢ تانك بەرامبەر بە ٣٩ بارزانی"

لە ڕۆژی ٢٥ ی مانگی جۆزەردان ساڵی ١٣٢٥ پادگانی سەقز بە سەرکردەیی سەرلەشکر حاجی عەلی ڕەزمئارا دو ساعەت شەوی مابو دەستی کرد بە ئاگربارانی هێزی ئێمە کە لە دەوری شار بون بەو هیوایە کە ئەو پۆستانەی ئێمە دامان مەزراندون لە سەری ڕێی سەقز و بانە بگێڕنەوە دواوە و خواروبار بگەیەنن بە قشونیان لە میرەدێ، بانە و سەردەشت.

ئەم شەڕە دوازدە سەعات دەوامی کرد، هەرچی لە توانایان بو بەکاریان هێنا ٢ هەزار سەرباز، هەشت تۆپ، دو تەیارە و دو تانك بێوچان شەڕیان دەکرد. شەڕی دەکرد لەگەڵ هێزێك وەکی خۆی ئامادە و پڕ چەك؟ نە ! پۆستێکی ئێمە کە عیبارەت بو لە ٣٩ تفەنگچی بارزانی بە سەرکردەی پوت پۆلکونیك ئاغای مستەفا خۆشناو دلێرانە خۆیان بۆ لە سەنگەری خست بو وە بە تەنها سینگی بەرامبەر بەو ئاگرە زۆرە راگرت بو.

هێزی ئێمە لە بەر ئەوەی کە دەستوری شەڕی پێ نەدرا بو ئامادە نەبو بۆ شەڕ. لە پاش سەعاتێك فیشەکی تەواو بو. بەڵام سەربازەکانی پۆست سندوقی سەرمۆری فیشەکیان بەجێ هێشت بو لە سەنگەرەکانی پێشەوەیان. ئەو فیشەکانە وە دەست هێزی ئێمە کەوتن ئەوجار هەر دەبینی سەربازە و بە گوللەی خۆی دەکوژرێت.

شەڕ قایم بو: تانکێ ڕوی کردە سەنگەری بارزانی‌یان و بە توندی ئاگری دەهاویشت. تۆپەکانیان چاوی نەئەتروکان (لەو شەڕانەدا نزیکی پێنج هەزار گوللە تۆپی هاویشت). تەیارە لە خول خواردن نەدەکەوت. موسەلسەل(!)بۆمبای نەدەویست و بۆمبارانی خۆی دەکرد و هێزی پیادەش بێوچان هێرشی ئەهێنا بەڵام خێرا ڕایان دەکرد و بە پەلەپرۆزێ خۆیان گەیاندەوە سەنگەر ئەویش پەرێشان و بریندار بە چەند لاوە.

لەو ئاگربارانەدا بارزانی‌یان مێشیان میوان نەبو. ئاغای مستەفا خۆشناو هاواری دەکرد: کوردایەتی خۆتان بنوێنن، میللەتی کورد ڕوسور کەن. دو تانك بە گوللەی تانکشکێن شکێندران. یەکێ لە شۆفێرەکان کوژران. ئەوی دی هەڵات. ئاغای مستەفا خۆشناو لە تەقریرەکەی دا دەڵێت: هەر بۆ خۆم بیست گوللەی تانکشکێنم بە تانکەکانەوە نا. یەکێ لە بارزانی‌یان بە تەنها هێرشی بردە سەر تانکەکان تا گەیشتێ ٥ سەربازی کوشت، سەربازێکی دەی ویست لە پشتەوە بەیدەستی بارزانی بکا. بارزانی نیشتە سەری و گرتی، قەمەی سەربازەکەی دەرکێشاو لە ورگی دا. عیددەی سەقز تەلەفاتێکی زۆری بو، ماندوێتی زۆری بۆ هێنان ئینجا شەڕ دەستی کرد بە کز بون. بەرە بەرە تۆپەکانیان لە ئاگردان کەوتن و هاڕەی تەیارە بڕا. تانکەکانیان ئارەزوی هێرش هێنانیان نەما وەختێ کە دیان دوانیان بەو دەردە چو کە چو. پوت پولکونیك ئاغای مستەفا خۆشناو باسی زەرەر و زیانی هێرش هێنەرەکان ئەکا و دەڵێت: وەکو بە چاوی خۆمان دیتومانە ٥٠٠ نەفەر سەرباز کوژراوە. خوێن وەکو جۆگە فڕکەی دەکرد. دو تانکمان شکاندوە و شۆفێرێك کوژرا. نزیکەی ٢٥٠ نەفەر ئەسیر بون. بەڵام مەعەلئەسەف لە بەرئەوەی کە

نەفەراتمان زۆر کەم بو لەم شەڕەدا نەمان توانی کۆیان بکەینەوە... دواوەیان بکەین. تفەنگ بێ حەدو حیساب لە گەڵ موسەلسەلی گەورە و پچوك کەوتِ بو، بەڵام لە بەر ئەوەی ئەمرم کرد بو کە مەمنوعە دەست درێژ کردن بۆ هیچ چەك و سیلاحێك و لە بەر ئەوەی لە ئاخردا شیددەتی ئاگر زۆر زیاد بو نەمان توانی چەك و سیلاح کۆ بکەینەوە لە کیسمان چو.

لەم شەڕەدا لە بارزانی‌یان یازدە کەس بریندار بون. کوژراویان نەبو. با بپرسین و لێی بکۆڵینەوە چ سرێکە ئەو لەشکرە زۆرە پڕ چەکەی سەقز ئەو هەمو زیانەی لێ کەوت و کشایەوە دواوە، بەرامبەر بەو هێزە کەمەی بارزانی‌یان؟

بێگومان ئەو ئاگری نیشتمانپەروەری‌یە کە ئاگری تۆپ و تەیارە و تانك و موسەلسەل، هەرچەندە زۆر بەتین بێت، کەم توانا و بێ کەڵکە و هەروەکو پشکۆ ئاگری ئاوی بە سەردا کەی دەبێتە ڕیژو سارد ئەبێتەوە.

نشوستی نەهێنی هێزی حکومەتی میللی کوردستان

سەربەرز بێ هێزی بارزانی‌یان"(٢٩)

یەکێ لەو پێشمەرگانەی لەم شەڕەدا بە سەختی بریندار بو خۆشەوی خەلیل مزوری (١٩٢٨ – ١٩٤٦) بو. خۆشەوی کوڕی خەلیل خۆشەوی بو کە دوای کشانەوەی بارزانی‌یەکان بۆ تورکیا لە ساڵی ١٩٣١ دا ئەو لە چیاکانی سەرسنور مابوەوە تا لە ١٩٣٧ دا کوژرا.

خۆشەوی بەشداری شۆڕشی بارزانییان بو بو، لە گەڵ ئەوان کشا بوەوە کوردستانی ئێران. لە کاتی ڕێکخستنی هێزی بارزانی‌یەکان ئەم بە فەرماندەی چڵی ٢ ی لکی ١ ی هێزی بارزانی‌یان دانرا بو. بە برینداری بۆ تەداوی نێردرایە تەورێز. بەڵام لەوێ دوای ٤ ڕۆژ لە نەخۆشخانە مرد. بە مەراسیمێکی پڕ شکۆ لە مەهاباد بە خاك سپێردرا. محەمەد مەحمود لە ڕۆژنامەی کوردستان دا ژیننامەی "قارەمان خۆشەوی خەلیل مزوری" نوسیوە و هێمن شیعرێکی بە ناونیشانی "خونچەی خوێنین" بۆ شیوەنی هۆنیوەتەوە.(٣٠)

لە پێش مامەشا دا چەند جارێ شەڕ و پێکادان لە نێوان پێشمەرگە و ئەرتەش دا روی دا بو. ئەرتەش پتەوی دیواری دیفاعی پێشمەرگە، بە تایبەتی هێزی بارزانی‌یانی تاقی کرد بوەوە.

٦ . ٢. ڕێککەوتنی سپایی قازی – ڕەزمئارا

لە کاتی ڕودانی شەڕی مامەشا دا قازی محەمەد لە تەورێز بو، نوێنەرایەتی تارانیش لە تەورێز بو. خەریکی گفتوگۆ بون. قازی ڕۆژی ٢٦ ی

٣ ی ١٣٢٥ بە پەلە لە تەورێزەوە چو بۆ گوندی سەرا. گوندی سەرا بارەگای سەرکردایەتی جەبهەی سەقزی لێ بو.

ڕۆژنامەی کوردستان بەمجۆرە هەواڵی "چونی حەزرەتی پێشەوا بۆ سەرا" ی بڵاوکردۆتەوە:

"رادیۆی کوردستان وەڵامی دا حەزرەتی پێشەوای کوردستان لە تەورێزەوە چۆتە دێی سەرا و دەگەڵ سەرتیپ رەزمئارا گفتوگۆیان بوە ئێستاکە خەریکە بە جەبهەکان رابگا و دەستوراتی پێویستیان بۆ سادر دەفەرموێ."(٣١)

گفتوگۆکانی سەرا لە نێوان قازی و رەزمئارا دا لایەنی سپایی‌یان هەبو. هەردولا ڕێککەوتن لە سەر ڕونەدانی شەڕ و، لابردنی مەرجداری گەمارۆدانی ئەرتەش و، دانانی چەند نوێنەرێکی کورد لە ناوچە گەمارۆدراوەکان دا. خاڵە سەرەکی‌یەکانی پێکهاتنەکە بریتی بون لە:

١. ڕێگەدان بە هێزەکانی ئێران لە سەقزەوە خواردەمەنی و جلوبەرگ، لە دوای پشکنینی، بنێرن بۆ ئەو هێزانەی کە لە میرەدێ و بانە و سەردەشت لە لایەن هێزەکانی کوردستانەوە ئابڵوقە درابون.

٢. نەناردنی چەك و شتومەکی جەنگ بۆ ئەو شوێنانە و، نەگۆڕینی ئەفسەر و سەربازەکانی شوێنە ئابڵوقەدراوەکان، جگە لەوانەی نەخۆش و برینداارن.

٣. هەر کاروانێك ئازوخە و جلوبەرگ کە لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە، پاش پشکنینی، ئەنێردرا بۆ هێزە ئابڵوقەدراوەکان ئەبو نوێنەری حکومەتی کوردستانی لەگەڵ بێ.

٤. ئەگەر ئەرتەشی ئێران بە پێچەوانەی ئەم بەندانە بزوتەوە نەیروی کورد حەقی ئەوەی هەبو بەربەستی بکا و نەهێڵێ شتومەك بچێ بۆ ئەو شوێنانە.(٣٢)

٣. دانانی نوێنەرانی کورد

بۆ جێبەجێ کردنی بەندەکانی ڕێککەوتنەکە نوێنەری حکومەتی کوردستان لە شارەکانی سەقز، بانە، سەردەشت، دانرا. سەرانی حکومەتی کوردستان جێبەجێ کردنی وردی ئەم ڕێکەوتنەیان ئەوەندە بەلاوە گرنگ بو چەند کەسێ لە بەرپرسە پایە بەرزە باوەڕ پێ کراوەکانی خۆیان بۆ دانا. "وەزیری هێزی میللی کوردستان ژەنەراڵ سەیفی قازی"بە نامەیەکی ڕەسمی لە ١٨ ی ٤ ی ٢٥ دا "پات پالکوینك محەمەد نانەوازادە معاونی سیاسی وەزارەتی هێزی کوردستان"بۆ ئەم کارە داناوە:

"هەروەکو حوکمی بازرەسی تەواوی هێزی میللی کوردستان بە تۆ دراوە ئەلعان کە مەئموریەتت لە سەقز پێویستە دە غیابی مندا بە چاکی موتەوەجیهـ بی هەر وەختێ حیست کرد کە نوختەیەك لە پۆستەکانی قیوای دیمۆکرات عەمەلێك بەر خیلافی ڕوحی موسالەمەت روی دا فەوری شەخسەن بۆ رەفیعی ئەو عەمەلە بچی و لەو مەوزوعە ئیختیاراتی تەواوت هەیە بەو جۆرە ئیختیاراتی تۆ بە فەرماندەهانی جەبهە ڕاگەیاندرا کە مەسئولیەتی ئەو مەوزوعە متەوەجیهـ بە تۆیە."(٣٣)

جگە لە نانەوازادە چەندین نوێنەری تر لە شارەکانی سەقز، بانە، سەردەشت، دانران. ئاڵوگۆڕی نامە و هاتوچۆ لەنێوان نوێنەرانی حکومەتی کوردستان و ئەفسەرانی ئەرتەش دا دەستی پێ کرد.

ڕۆژی ١٤ ی ٤ ی ٢٥ سەیفی قازی و مستەفا بارزانی پێکەوە چون بۆ سەردانی جەبهە.(٣٤)

٥. بەربونەوەی نانەوازادە

نانەوازادە لەلایەن وەزارەتی هێزەوە ڕاسپێردرا بو لە سەقزەوە سەرپەرشتی گوێزانەوەی ئەو ئازوقەیە بکات کە بۆ سەربازگەکانی بانە و سەردەشت ئەنێردران. بەیانی ڕۆژی ٢٥ ی ٤ ی ٢٥ لە بانە سواری فڕۆکە ئەبێ بچێ بۆ سەقز لە نزیك کەلیخان فڕۆکەکەیان ئەکەوێتە خوارێ. فڕۆکەوانەکە بە چەتری نەجات خۆی ڕزگار ئەبێ. بەڵام نانەوازادە لە فڕۆکەکەدا ئەسوتێ.(٣٥)

محەمەدی نانەوازادە کوڕی میرزا عەبدوڵا، لە بنەماڵەی نانەوا، یەکێ لە بنەماڵە کۆنەکانی مەهاباد بو، باوکی نانەوازادە بازرگان بو. ساڵانی ١٢٩٨ – ١٣١٠ لە قوتابخانەکانی مەهاباد خوێند بوی. چەند ساڵێ فەرمانبەری "ئیدارەی فەرهەنگ" بو. ساڵی ١٣١٦ چوبو بۆ سەربازی "مەدرەسەی گروهیتی" بڕی بو. ماوەیەك لە "ئیدارەی مالیەی مەهاباد" سەرۆکی "مالیاتی غەیر موستەقیم" بو. ساڵی ١٣٢٣ وازی لە کاری حکومەتی هێنا بو خەریکی بازرگانی بو.

نانەوازادە ساڵی ١٣٢٠ چوە بۆ ناو "حیزبی ئازادی کوردستان" و، یەکێ لە دامەزرێنەرە چالاکەکانی کۆمەڵەی ژ. ك بو. لە ڕێبەندانی ١٣٢٤ دا بو بە فەرماندەی هێزی مەرکەزی و، موعاوینی سیاسی وەزیری هێزی دیمۆکراتی کوردستان بو.

نانەوازادە یەکێ لە بەرپرسە پایە بەرزەکانی حکومەتی کوردستان و، جێگەی ڕێز و باوەڕی قازی محەمەد بو. لە ڕۆژنامەی کوردستان دا زۆر بەرێز

و داخەوە لە سەریان نوسی و شیوەنیان بۆ کرد. قانع شیعرێکی بە سۆزی بۆ شینی هۆنیوەتەوە.

٦ . ٥. دۆخی جەبهە و ژیانی پێشمەرگەکانی

بارەگای سەرەکی سەرکردایەتی جەبهەی سەقز لە گوندی سەرا بو. جەنەراڵ مایور محەمەد رەشیدخان فەرماندەی گشتی جەبهەکە لەوێ بو. بارەگا و شوێنی هێزەکان لە ناو ئاوایییەکانی دەوری سەقز و، بانە و، سەردەشت داو لە ناو ماڵی دانیشتوان دا بو. هێشتا هێزی کوردستان، وەکو هەر هێزێکی رێك و پێکی سپایی، فێر نەکرا بون سەربازگە بۆ خۆیان لە دەرەوەی ئاوایی دروست بکەن. ئەمەش دەبو بە هۆی تێکەڵاوی لەگەڵ خەڵك و لە ئەنجام دا دروست بونی گەلێ کێشە و گیروگرفتی رۆژانە.

هێزەکان خێڵەکی بون. رێکخستنی کەرتەکانی پێشمەرگەی ئێلەکان لە یەکەی دیاری کراودا و دیاریکردنی پلەی پێشمەرگەیی فەرماندە و سەرکردەکانیان نەی توانی بو دیسیپلینی سپاییان تێدا بچەسپێنێ. زۆر جار گوێیان نەئەدایە سەرۆکەکانیان. شوێنەکانی خۆیان بەر ئەدا. دەستدرێژییان ئەکردە سەر مافی دانیشتوانی بێ دەسەڵات. لێپرسینەوەش بەهۆی هەلومەرجی ئەو کاتەوە کەم بو.

حکومەتی کوردستان نەی توانی بو وەکو پێویست ئازوقە و خواردەمەنی و، جلوبەرگ و، داوودەرمان، چەك و تەقەمەنی، بۆ هێزەکانی دابین بکات. لەبەرئەوە ئەرکێکی قورس کەوت بوە سەر دانیشتوان. هەندێ جار پێشمەرگە بە زۆر شتیان لە خەڵك ئەسەند و بێگاریان پێ ئەکردن.

سەرەڕای هەموو ئەم کەم و کوڕی و ناتەواویانە خەڵک پێشمەرگەیان بە هێزی خۆیان ئەزانی، هێزەکانی ئێران زۆریان لێ ئەترسان و پێشمەرگەکانی کوردستان لەبەردەمی هێرشەکانی ئەرتەشی ئێراندا رائەوەستان و هێرشەکانیان تێک ئەشکاندن، شوێنەکانی خۆیان چۆڵ نەکرد تا ئەو رۆژەی حکومەتی کوردستان فەرمانی پاشەکشەی پێکردن.

٧. رێکەوتنی سپایی کوردستان و ئازەربایجان

مەترسی هێرشی ئێران بۆ سەر قەڵەمڕەوی ئازەربایجان و کوردستان سەرانی هەر دو حکومەتی ناچار کرد بیر لە دانانی رێوشوێنی هاوبەش بکەنەوە بۆ رێکخستنی هێزەکانی خۆیان و پارێزگاری سنورەکانیان لە هەڕەشە و دەستدرێژی.

لە ١٦ ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٦ دا سەرانی هەر دو حکومەت ڕێکەوتنیان ئیمزا کرد. "کۆمیسیۆنی دیفاعی موشتەرەك" یان پێك هێنا. خاڵە سەرەکی‌یەکانی ڕێکەوتنەکە بریتی بون لە:

١. پێکهێنانی لەشکرێکی کوردی – ئازەری هاوبەش. ناوەندەکەیان لە تەوریز بێ.

٢. ناردنی هێزی نیزامی ئازەربایجان بۆ بە هێزکردنی جەبهەی سەقز لە کوردستان و، ناردنی هێزی نانیزامی کوردستان بۆ ئازەربایجان ئەگەر پێویستی کرد.

٣. جەنەراڵ عەزیمی سەرکردەی گشتی هێزەکان بێ لە سەقز و سەردەشت و هەوشار.

٤. جەنەراڵ بارزانی سەرکردەی گشتی هێزی هاوبەشی کورد و ئازەری جەبهەی سەقز بێ.

٥. جەنەراڵ سەیفی قازی سەرپەرشتی ناوچەی هەوشار بکا.

٦. قازی محەمەد فەرماندەی هەرە بەرزی هەمو هێزەکانی کورد و ئازەری بێ لە کوردستان.

٧. پیشەوەری فەرماندەی هەرەبەرزی هەمو هێزەکانی ئازەری و کورد بێ لە ئازەربایجان.(٣٦)

بە پێی ئەم ڕێکەوتنە حکومەتی ئازەربایجان چەند ئەفسەرێك و چەند تۆپێکی بۆ بەهێزکردنی خەتی دیفاعی سنوری کوردستان نارده جەبهەی سەقز.

ئەم ڕێککەوتنەش، وەکو هەمو پلانەکانی تری ئازەربایجان و کوردستان، لەگەڵ بڕیاردانی بەرەنگاری نەکردنی ئەرتەش دا هەڵوەشایەوە.

پەراویزەکانی بەشی پێنجەم

١. ر کوردستان، ژ ١٠، ٢٤/١١/١٥ بەرامبەر ٤٦/٢/٤.
٢. ر کوردستان، ژ ١٤، ٢٤/١١/٢٤.
٣. ر کوردستان، ١٣٢٥/٤/١٨.
٤. ر کوردستان، ٢٥/٤/٢٧.
٥. ئیگلتن، س ن، ل ٩١–٩٢.
Eaglton,William,Jr. The Kurdish Republic of 1946, London,1963. p. ٩١–٩٢.
لێرە بە دواوە ئەنوسین: ئیگلتن.
٦. ر کوردستان، ژ ٢١ ، ١٣٢٤/١٢/١١.
٧. ر کوردستان، ژ ٢٣ ، ١٣٢٤/١٢/١٥.
٨. ر کوردستان، ژ ٢٦ و ٢٧ ، ٢٧ /٢٤/١٢ – ٢٥/١/٥.
٩. بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە:
مەحمود مەلا عیززەت، دەوڵەتی جمهوری کوردستان: نامە و دۆکۆمێنت، ب ١، سوید، ئازاری ١٩٩٢. لێرە بە دواوە ئەنوسین: عززەت.
مسعود البارزانی، البارزانی والحرکە التحرریە الکردیە: ثورە بارزان ١٩٤٥-١٩٥٨، کردستان ١٩٨٧. ل ١٥-١٦.
١٠. عیززەت، دەوڵەتی...، ب ١، نامەی ژمارە ٢٢ و ٢٤.
١١. ر کوردستان، ٢٥/٢/١٦.
١٢. ر کوردستان، ژ ٤٥ ، ٢٥/٢/١٨.
١٣. عیززەت، دەوڵەتی...، ب ١، دۆك ١١، ل ٣٧.
١٤. عیززەت، دەوڵەتی...، ب ١، دو ١٨٠، ل ٢٥١.
١٥. عیززەت، دەوڵەتی...، ب ١، دو ٢٢، ل ٢٥–٥٣.
١٦. عیززەت، دەوڵەتی...، ب ١، لاپەڕەکانی ٧٨، ٩٤–١٠١ ، ل ١٠٦-١١١.
١٧. ر کوردستان، ژ ٤٩، ٢٥/٣/٤.
١٨. ر کوردستان، ژ ٥٠، ٢٥/٣/٦.
١٩. ر کوردستان، ژ ٥٤، ٢٥/٣/١٥.
٢٠. ر کوردستان، ژ ٥٣، ٢٥/٣/١٣.
٢١. ئەرفەع، ل ٩١.
P.91. 1966, London, The Kurds, Hassan Arafa,
لێرە بە دواوە ئەنوسین: ئەرفەع.
٢٢. عیززەت، دەوڵەتی...، ب ١، دوك ٩٧، ل ١٥٥.
٢٣. عیززەت، دەوڵەتی...، ب ١، دوك ١٣١، ل ١٩٣.
٢٤. عیززەت، دەوڵەتی...، ب ١، ل ١٩٤.
٢٥. ر کوردستان، ژ ٥٢، ٢٥/٣/١١.
٢٦. ر کوردستان، ژ ٦٢، ٢٥/٤/٥.

٢٧. د قاسملو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی: کورتەیەك لە مێژوی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران. بەرگی یەکەم، چ ٢، ١٩٨٨. ل ١٠٢.

ئیگلتن، س ن، ل ٩٧.

٢٨. ر کوردستان، ژ ٦٢، ٢٥/٤/٥

٢٩. ر کوردستان، ١٣٢٥/٤/١٨

٣٠. ر کوردستان، ژ ٦٢، ٢٥/٤/٥

٣١. ر کوردستان، ژ٦٠، ٢٥/٣/٢٩ .

هەروەها بڕوانە: ئەرفەع، س ن، ل ٩٤.

٣٢. علاءالدین سجادی، شۆڕشەکانی کورد و کورد و کۆماری عێراق، بەغداد، چاپخانەی مەعارف، ١٩٥٩. ل ٢٩٠. لێرە بە دواوە ئەنوسین: سجادی.

مەحمود مەلا عیززەت، کۆماری میللی مەهاباد: لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی، ١٩٨٤.

ل ١٧٢.

ئەرفەع، س ن، ل ٩١.

٣٣. عیززەت، دەوڵەتی...، ب ١، دو ١٩٣، ل ٢٦٧.

٣٤. ر کوردستان، ١٣٢٥/٤/١٨.

٣٥. ر کوردستان، ١٣٢٥/٤/٣٠.

٣٦. سجادی، س ن، ل ٣٠٨–٣٠٩.

نەخشەی ١٠: سنوری دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان،
شوێنی شەڕەکانی پێشمەرگەو ئەرتەش، ڕێگای چونی بارزانییان بۆ سۆڤیت



سەرچاوە: نیگلتن، سەرچاوەی ناوبراو

٦. کورد لە نێوان دۆست و دوژمنەکانیدا

١. ڕاگەیاندنی ئەتلانتیک و هیواکانی کورد

لەو کۆبونەوەیەدا کە سەرکۆماری ئەمریکا ڕۆزفێلت و سەروەزیری بەریتانیا چەرچڵ لە ئابی ١٩٤١ دا لە ناو ئەتلانتیکدا کردیان، ڕاگەیاندنێکی هاوبەشیان بڵاو کردەوە ئەو سەرەتایانەیان تیا باس کرد بو کە ئەبو ئەم دو وڵاتە پێڕەوی بکەن لە تەقەلاکانیاندا بۆ دامەزراندنی ئاشتییەکی ڕەوا و دنیایەکی ئارام دوای ڕوخاندنی ڕژێمی نازی. سەرەتاکان بریتی بون لە: (١) چوار ئازادییەکە: ئازادی لە ترس و برسێتی. ئازادی دوان و دین، (٢) جێبەجێکردنی سەرەتای ئازادی خۆبڕیاردان لە هەمو گۆڕانە ئەرزییەکاندا، (٣) مافی هەمو گەلان بۆ هەڵبژاردنی جۆری ئەو حکوماتەنەی بۆ ژیانی خۆیان ئەیانەوێ، (٤) چونی وەکو یەك بۆ بازرگانی و کەرەستەی خاوی بنەڕەتی خۆشیی و هاوکاری ئابوری لە ناو هەمو نەتەوەکاندا، (٥) ئاشتی و ئاسایش بۆ هەمو دەوڵەتەکان، (٦) ئازادی دەریاکان، و (٧) وازهێنان لە بەکارهێنانی چەك و دامەزراندنی سیستەمێکی ئاسایشی گشتی تاسەر و چەککردنی هەمو ئەو نەتەوانەی هەڕەشە لە ئاشتی ئەکەن.

ئەمانە خاڵە سەرەکییەکانی ڕاگەیاندنی ئەتلانتیك بون. ئەمیش وەکو ١٤ سەرەتاکەی ویلسۆن، کە لە یەکەم جەنگی جیهانیدا بڵاوی کردنەوە، لایەنی پروپاگەندەی سیاسی هەبو. بۆ دڵخۆشکردنی گەلانی زۆرلێکراوی دنیا و، بە دەستهێنانی لایەنگیری و پشتیوانییان بو دژی ئەڵمانیا و هاوباوەڕەکانی. هیچ هێزێکی لە پشت نەبو جێبەجێیان بکا.

لە ساڵانی دوەم جەنگی جیهانیدا سەرکردەکانی کورد، وەکو ساڵانی یەکەم جەنگی جیهانی هیواکانی خۆیان لە سەر بەڵێن و گفتە بڵاوکراوەکانی هاوپەیمانەکان هەڵچنی بو. هیچ دەوڵەتێك، بەڵێنێکی دیاریکراوی دەربارەی چارەنوسی سیاسی کورد، بە ئاشکرا یا بە نهێنی، بە گەلی کورد یا بە سەرکردەکانی نەدا بو. قازی محەمەد و سەرانی تری کورد باوەڕێکی زۆریان بە یەکێتی سۆڤێت و هیوایەکی زۆریان بە "ڕاگەیاندنی

ئەتلانتیك" هەبو. لایان وابو، ناوەڕۆكی ئەو ڕاگەیاندنە سەبارەت بە دابین کردنی ئازادی گەلان بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان، کوردیش ئەگرێتەوە.

گۆڤاری "نیشتیمان" زمانی کۆمەڵەی ژ. ك لە دواین ژمارەی‌دا لە ژێر سەردێڕی "مۆسکۆ، واشینگتۆن، لوندۆن" دا بە قەڵەمی "ع مرۆ " نوسیویەتی:

"ئەوە هاواری هەمو کوردانە بۆ ئەو سێ دەوڵەتە گەورانە کە بۆ ڕزگاری و خۆشبەختی گێتی بە شەڕ دێن، کوڕ و باب و برای خۆیان بە کوشت (دەدەن) تا کوڕ و باب و برای نەتەوە بچوکەکان پێك شادو شکور بن، زەویوزاری کێڵدراو و پڕحاسڵی خۆیان بە سوتان دەدەن و دەیکەنە پێشێل و، ماڵ و منداڵی خۆیان برسی دەکەن تا دەشت و کێوی بەیار و ڕەقوتەقی ئەوان بێتە کێڵگە و پێخوست نەبو کوڕوکاڵیان تێر و تەسەل بن، ئەو هەمو کارخانە گەورە و کۆشك و باڵەخانە ڕازەوە و ئاوەدانانەی خۆیان دەکەنە نیشانگەی بۆمب و تۆپ و ئاور، وە بە تێکدان و وێرانبونی دەدەن، بە کەم بەرگی و بێ خانویی میللەتی خۆیان ڕازی دەبن تا دەزگای جۆلایی و خەڕەك و ئاشی ئەوان بە ئارامی بگەڕێ و جاو و، بوزو و، ئاردی ورد، بۆ بەرگ و خواردەمەنی ئەوان ساز بکا و بە کۆك و پۆشتەیی و دڵخۆشی دەکوخ و خانوە نەوی و پچوکەکەی خۆیان دا بژێن!

ئەو ڕەوشتە لای زۆروی پیاوەتی و ئینسانییەت و بەشەرییەتە و دەبێ ببێتە سەرمەشقی هەمو دەستڕۆیوێك.

خشڵ و خۆڕازاندنەوەی پیاوان، ئاکاری چاکە، نەك بگرەوبەردە و زێڕ و زێوەری دیمەنی چاك و دڵ و دەرونی پیس و خراپ. ئەو سێ دەوڵەتە گەورانە بڕیاریان داوە هەر بە چاوێك تەماشای گشت نەتەوەکان بکەن و نەهێڵن زۆردار بێزۆر بخوا، هێزدار بێهێز قوت بدا و، ئازادی و سەربەخۆیی بە تەواوی نەتەوەکان ببەخشن.

کوردیش کە یەکێك لە گەلانی بەشخوراو و زۆرلێکراوە لەسەر ئەو بڕیارە لە ئازادی و سەربەستی و ڕزگاری خۆی دڵنیایە وە هێندی هەمو دنیا بەم بڕیارە دڵخۆشە و شانازی پێوە دەکا، چونکو هیچ میللەتێ وا ژێرچەپۆکە و سوك و چروك و بەشخوراو نەبوە.

دراوسێکانی ئێمە: تورك، عەرەب و فارس ئێمەیان لە ناوخۆیان‌دا بەش کردوە و بە چاوی دیلی و یەخسیری تەماشامان دەکەن و هیچ چاکەیەکمان پێ ڕەوا نابینن و لە هیچ خراپەیەك دەربارەمان خۆناپارێزن.

بۆ ئەوەی وردەوردە لە ناو خۆیان‌دا بمان توێننەوە نایەڵن بە زمانی خۆمان بخوێنین و بنوسین، تەنانەت لە قوتابخانەکان‌دا دەبێ ئاخاوتنیشمان

بە زمانی وان بێ نایەڵن خۆبەخۆ ڕێك بکەوین، ئەگەر دو کەس پێکەوە کۆبینەوە بە ناوی سیاسەت دەمان گرن و دەمان کوژن.

خەریکن لە لای ئێوە کە بڕیاری ژیانی سەربەخۆتان بۆ هەمو نەتەوەیەکی پچوك داوە ڕەگەزمان بەرنەوە سەر خۆیان، بە تورك، عەرەب و فارس مان بناسێنن تا هاوارمان نەگاتە پێشگای عەدالەتی ئێوە.

خۆ ئێوەش دەزانن، مێژوش گەوایی دەدا کە کورد نەتەوەیەکی جیاواز و بنەماڵەیەکی سەربەخۆ و پاکە، نە عەرەب، نە تورك و نە فارسە، نە دەش بینە یەك لەوانە.

کورد بە هیچ بارێك لەو نەتەوانەی کە دەژێر سایەی ئێوەدا ئازاد و موستەقیل دەژین کەمتر نین. تکامان وایە ئێمەش لە قەومانی تر هەل ناوێرن وە زیاد لەو هەمو نەتەوە گەورە و بچوکانە، کوردان دڵشکاو و جەرگبڕاو نەکەن و ئاهونزولەی ئەو هەمو ژن و منداڵە بێکەس و هەژارانە مەهێننە سەر خۆتان. ئەوەندەش بزانن عەرەب و تورك و فارسەکانیش تێ بگەهێنن کە کورد چاویان کراوەتەوەو دەزانن: زەمانی یەخسیری و بەندەیی نەماوە، ئەو هەمو شەڕ و کوشتارە لە پێناوی وشەی پیرۆزی "ڕزگاری – ئازادی" یە و تازە ناچنەوە ژێر باری ئاغا و نۆکەری هیچ کەس. هەرکەس بەتەمای داگیرکردنی کوردستان بێ لازمە سەر و لەشی سەربازانی خۆی و کوردان بکاتە پردەباز و کەشتی تا لە زەریای خوێنی خۆی و کوردان بپەڕێتەوە بەری کوردستانی گەورە.

کورد گەلێکی گەورە، دارای وڵاتیکی پڕ خێر و بەرەکەت، کە بە خوێن کڕاوە و پارێزراوە.

ڕستەیەکی کوردی هەیە کە هەمو کورد باوەڕیان پێی هەیەو دەڵێن: "ژین وەك لێیان کردۆتە هەرا وا خۆش نیە، مردنیش وەك لێیان کردۆتە هەرا واناخۆش نیە". پێداویستە عەرەب، تورك و فارسەکان چاك بیر لە داوای میللی ئێمە (کوردان) بکەنەوە و چی دیکە خۆمان لێ گێل نەکەن و لێمان نەبنە: وشتری ناو پەمو. دەستی ئێمەو دامێنی ئێوە، ئەی حکومەتە گەورە و دادپەروەرەکانی گێتی!"(١)

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئێران، لە یەکەمین ڕاگەیاندنی خۆیدا نوسیوێتی:

"ئەمڕۆ گەلانی دونیا لە گەورە و بچوك دەیانهەوێ لەو ڕێگایەی کە بەرەو ئازادی خۆش کراوە کەڵك وەرگرن و لەو بەڵێنی‌یانەی کە بە هۆی مەنشوری

میژویی ئاتلانتیکەوە دراوە سود ببینن و هەڵسوڕاندنی کاروباری خۆیان بەدەستەوە بگرن و چارەنوسی خۆیان بەویست و مەیلی خۆیان دیاری بکەن."

حیزبی ڕزگاری کورد، لە عێراق، هەر لەو سەردەمەدا لەو یادداشتەدا کە داوێتی بە کۆنفرەنسی وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتە گەورەکان لە مۆسکۆ نوسیوێتی:

"مرۆڤایەتی بەخۆشی‌یەوە بڕانەوەی جەنگ و سەرکەوتنی هێزە دیموکراتی‌یەکان و تێکشکانی پیسترین شێوەی ئیستیعمار (فاشیزم) لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا وەرگرت. گەلی کوردی دابەشکراوی مافخوراو لە مێژە لەژێر باری زوڵم و چەوسانەوەدا ئەناڵێنێ و، لە هەمو مافە مرۆڤایەتی و نەتەوایەتی‌یەکانی بێبەش کراوە. ئەوەش لە ئەنجامی پلان و قازانجەکانی ئیستیعماری بەریتانی و حکومەتە کۆنەپەرستە فاشیستەکانی ئێران و تورکیا و عێراق دا بوە.

بە بۆنەی بڕانەوەی جەنگ و سەرکەوتنی هاوپەیمانەکانەوە گەلی کورد تکا ئەکا بە چاوی عەدالەت سەیری مەسەلەکەی بکرێ و، بێ بەش نەکرێ لەو بەڵێن و پەیمانانەی هاوپەیمانەکان دابویان بە گەلانی بچوك، سەبارەت بە ڕزگاری و مافی چارەنوسی خۆیان. ئێستاش کە وەزیرانی دەرەوەی ۳ دەوڵەتە زلەکە لە مۆسکۆ کۆئەبنەوە هیوادارین بە ویژدانەوە سەیری مەسەلەی گەلان و نەتەوەکان بکەن.

حیزبی ڕزگاری بە خۆشی‌یەوە ئەم نوقتانەتان ئەخاتە بەرچاو کە پەیوەندی‌یەکی پتەویان هەیە بە کێشەی گەلی کورد و ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە:

۱. ئێمە پشتیوانی لە خەباتی برا کوردەکانمان لە ئێران لە گەڵ برا ئازەربایجانییەکاندا ئەکەین لە پێناوی خودموختاری و حوکمی دیموکراتی و خەبات دژی حکومەتی کۆنەپەرست و لایەنگرەکانیان.

۲. بە گرنگی‌یەوە سەیری دۆخی گەلی کورد لە تورکیا بکرێ، حکومەتی تورکیای فاشیست بە شێوەیەکی دڕندانە ڕەفتاریان لەگەڵ ئەکات بۆ ئەوەی بە تەواوی لەناویان ببات بە زۆر بیانکا بە تورك.

۳. دۆخی گەلی کورد لە عێراقدا تا ڕادەیەکی زۆر خراپ بوە، لە هەمو مافە دەستوری‌یەکانی بێبەش کراوە بە هۆی بونی ئیستیعماری بەریتانی و حکومەتی کۆنەپەرستی ئێستا و ئوسلوبە فاشیستی‌یەکانیەوە. سوتاندنی دێهاتی بارزانی‌یەکان و ناوچە نزیکەکانی و، پەرەوازەکردنی هاوڵاتی‌یان و گرتنیان، وەکو مەلا مستەفا و لایەنگرەکانی، بەڵگەی عەمەلین لەسەر ئەوە.

لەبەرئەوە داوا ئەکەین خواستە نیشتیمانییەکانی کورد لە عێراق دا جێبەجێ بکرێن، هەرچەندە ئێمە باوەڕمان وایە ئەوەش هەر بە لەناو بردنی ئیستیعمار و حکومەتی کۆنەپەرستی ئێستا و گۆڕینی بە حکومەتێکی دیموکراتی ڕاستەقینە ئەبێ مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە عێراقدا دابین بکا.

ئێمە وا سەرنجمان ڕاکێشان بو ئەم ڕاستییانە، هیوادارین بە گیانی مرۆڤپەروەری چارەی بکەن، چارەسەرکردنی بە شێوەیەکی واقیعی ڕاستەقینە ئەبیتە هۆی گەشانەوەی شارستانێتی و ئاشتی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. کۆمیتەی بەڕیوەبەری حیزبی ڕزگاری کورد".(٢)

ئیگلتن لە زمانی قازی محەمەدەوە چیرۆکێ ئەگێڕێتەوە، کە لە یەکێ لەو دانیشتنانەدا کردویەتی، کە لە گەڵ باقیرۆف بویەتی:

"ئاغایەك تانجییەك بە گوندییەك ئەبەخشێ. بۆ ڕۆژی دوەم گوندییەکە دێتەوە لای ئاغاکە و سوپاسێکی لە ڕادە بەدەری ئەکات، بە جۆرێ ئاغاکە چاوەڕوانی ئەو هەمو ستایشە ناکات. سەری سوڕ ئەمێنێ و ئەڵێ: پێم ناڵێی خەلاتێکی وا بچوك ئەم هەمو سپاسە ئەهێنێ؟

گوندییەکە لە وەلام دا ئەڵێ: لەبەرئەوەیە تانجییەکت پێ بەخشیوم ئەوەش مەعنای وایە بۆ تەواوکردنی کەرەسەی ڕاو و ڕاوی نێچیر ئەسپێکیشم ئەدەیتێ، ئەسپیش بێ خواردن ناژی، مانای خواردنی ئەسپەکەشم ئەدەیتێ. ئەسپ و خاوەنە تازەکەی بێ لانەش ناژین، بۆیە خانویەکیشم ئەدەیتێ. جا من ئەو هەمو شتانەم ئەدرێتێ چۆن کەیفخۆش و لە هەمو کەس زیاتر خۆشحاڵ نابم؟"

ئەم جۆرە بیرکردنەوە و چاوەڕوانییە، لە ڕاستیدا، نمونەیەکە بۆ جۆری بیرکردنەوەی هەمو سەرانی کورد، لەو سەردەمەدا، سەبارەت بەو چاوەنۆڕییە زۆرەی لە هێزە زلەکانی دنیایان هەبو.

ڕۆژنامەی کوردستان لە سەروتاری ڕۆژی ٢٤ ی ١٠ ی ٢٤ دا نوسیوێتی:

"... هیچ قوەت و قودرەتێك ناتوانێ لە دنیای دیموکراسی فیعلیدا ئێمە بێنێتەوە ژێر یوغی ئەسارەت و بەندەگی چون ئەو حەقە ئەورۆ ئێمە بەدەستمان هێناوە ڕوحی مەنشوری ئەتلانتیك و موعاهەداتی موتەفیقینە."

محەمەد مەحمود لە ژێر سەردێڕی "کورد و پەیمانی ئەتلانتیك" نوسیوێتی:

"لە لایەن هەموەوە ئاشکرایە کە پەیمانی ئەتلانتیك کەی دانرا.

ئەو پەیمانە مێژووییە کە لە بەینی سەرەکوەزیری پێشوی ئینگلیز میستەر چەرچیل و سەرەك جمهوریەتی ئەمریکا میستەر فرانکلین ڕۆزفێڵت. ئەو پەیمانەی کە هەمو میللەتانی بچوك و گەورەی سەرزەمینی دڵ خۆش کرد و هەر بەو بۆنەیەوە هەمو میللەتانی سەرزەمین بە مەبدەئی خۆیان کە ئازادیە و مژدەیەکی خۆش بو لە لایەن ئەم پەیمانەوە باوەڕیان هێنا و پشت ئەستور بون.

ئەگەر تەماشایەکی ئەم پەیمانە بکەین کە لە لایەن دو گەورەی سیاسی عالەمەوە ئیمزا کراو بڵاوکرایەوە ئەو دەمەمان دێتە پێش چاو کە هێزی دیکتاتۆر و فاشیستان گەیشت بونە پۆپەی سەرکەوتنیان لە هەمو ئەوروپا و زۆری ئەفریقا و بەشی ئۆکراین و بەرەو قەفقازیش دەهاتن. هەر لەم کاتە دا بو ئەم مزگێنییە درایە هەمو میللەتان کە لە چێشتنی تاڵی و ناخۆشی زوڵم و ئیستیعمار دا بون.

ئێستا بێینەوە سەر ئەو کاتەی کە چەرخ وەرگەڕاو بە هۆی هێزی سور و هێزانی سوێندخۆرانەوە شەڕ کۆتایی هات و هەمو میللەتان لە... دیکتاتۆری ڕزگاریان بو.

.... هەروەها کۆبونەوەی دەوڵەتانی موتەفیقین لە سانفرانسیسکۆ و کۆبونەوەی وەزەرای دەرەوەی ڕوس و ئینگلیز و ئامریکا و چین و فرانسە ئەمانە هەموی بۆ دامەزراندنەوەی دونیای دوای شەڕ بوە لەسەر ئەو پەیمانە پیرۆزە بەنرخە کە پەیمانی ئەتلانتیکە.

بەڵێ هەمو میللەت و دەوڵەتێك چاوەڕوانی ئەوەیە پەیمانی ئەتلانتیك بێتە جێ. چونکو بە تایبەتی میللەتانی بچوکی ئەم دوایی شەڕە وەك دوایی شەڕی پێشو تەماشا ناکەن. میللەتی کوردیش، کە یەکێکە لەو میللەتانە کە ئاوارەی دەستی ئیستیعمار بوە، بە هەمو هێزێکەوە تێ دەکۆشێ بۆ هێنانەجێی پەیمانی ئەتلانتیك کە ڕێگای بۆ هەمو میللەتێك کردۆتەوە چە گەورە چە بچوك بەرەو ڕێگای ئازادی بڕوات.

میللەتی کورد خاوەنی جێگای خۆیەتی لەو بەشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە دەستی ئیستیعماری شەڕی پێشو وای بەسەر هێناو، کردییە سێ بەشەوە. بەڵام کوردیش ئەمڕۆ زۆر باش ئاگاداری ئەو سیاسەتانەیە کە لەناو دەوڵەتان دا دەگەڕێت و، ئەمینە لەوەی کە پەیمانی ئەتلانتیك تەنها نوسین نیە لە سەر کاغەز، بەڵکو پەیمانێکە کە بەرامبەر هەمو میللەتێك دێتە کارەوە و، ئەم هاتنە کارەش دەگاتە میللەتی کوردی خاوەنی مێژو و ئەرز و زبان و ئەدەبیات و عەنعەناتی میللی.

کورد لە هەمو دەمێك دا بۆ تەئمینی ئاسایشی دنیای دوای شەڕ خۆی بە بەشدار دادەنێت بە تایبەتی ئەساسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئازادی و سەربەخۆیی خۆیدا دەبینێ و ئەنجا لەو دەورەدا خۆی هەواڵی هەمو دەوڵەتێکی دراوسێ و هەمو میللەتێکی عادلپەروەری سەرزەمین دەزانێت."(٤)

سەرکردەکانی کورد لە نوتقەکانیاندا و، نوسەرەکانی ڕۆژنامەی کوردستان لە وتارەکانیاندا زۆر جار ڕاگەیاندنی ئەتلانتیکیان ئەکردە بنچینەی بیانوی سیاسی و قانونی دامەزراندنی حکومەتی کوردستان. بەڵام ئەم بەڵگەیە هیچ هێزێکی قانونی نەبو دەوڵەتان ناچار بکا پێڕەوی بکەن و هیچ هێزێکی چەکداریش بۆ جێبەجێ کردنی تەرخان نەکرا بو. بۆ حکومەتی کوردستانی هاپەیمانی یەکێتی سۆڤێت، کە ستایشێکی بێ ئەندازەی هۆردوی سور و ستالینی ئەکرد و لەگەڵ حکومەتی ئازەربایجانی لایەنگری کۆمۆنیزم و حیزبی تودەی ئێران پەیمانی هاوکاری ستراتیجی بەست بو، چاوەڕوانی و هیواداری بە ڕاگەیاندنێك کە لە لایەن ئەمریکا و ئینگلیزەوە بڵاو کرابوەوە، دور بو لە واقیعبینی سیاسی‌یەوە.

هەروەها دامەزراندنی حکومەتی کوردستان بە پشتیوانی سۆڤێتی و خۆ ساغ کردنەوەی یەك لایەنەی سیاسی و خۆبەستنەوە بە هورودی سوری سۆڤێتی‌یەوە، لە کاتێك دا بە پێی ڕێکەوتنی "یالتا" دیار بو ئێران و هەمو ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە دابەشکردنی جیهانیی ناوچەکاندا، ئەکەوتنە ناو مەڵبەندی دەسەڵاتی ڕۆژئاواییەوە و ئەبو یەکێتی سۆڤێت بەجێی بهێڵێ، هەڵەیەکی کوشندە بو، سەرکردەکانی حیزب و حکومەتی دیموکراتی کوردستان توشی بون.

٢. ترسی کورد: پەزارەی هاوبەش

جمهوریەتی کوردستان لە مەهاباد دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەبو. نەخۆی بە جیاواز و سەربەخۆ دائەنا لە ئێران، نە هیچ دەوڵەتێکیش بە سەربەخۆی ئەناسی. حکومەتێکی "دی فاکتۆ" بو لەناو چوارچیوەی دەوڵەتی ئێران دا. لەبەرئەوە پێوەندی‌یەکانی دەرەوەی سنوردار بو لەگەڵ چەند شوێنێکی دیاری کراودا. بە واتایەکی تر دنیای دەرەوەی حکومەتی کوردستان، دنیایەکی زۆر تەنگ بو.

هەلومەرجی جیۆپۆلیتیکی کوردستانی ئێران لە هی بەشەکانی تر باشتر نەبو. لایەکی دەسەڵاتی ئێران و لایەکی تورکیا و لایەکی عێراق و لای سەروی سۆڤێت بو. واتە لە ٣ لاوە دوژمن دەوری دابو. دەوڵەتانی هاوسنوری، جگە لە

یەکێتی سۆڤێت، هەمویان بە توندی دژی حکومەتی کوردستان بون. بە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە و ترسناکیان دائەنا بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتەکانیان.

ئەمریکا و بەریتانیا لە دو سەرەوە دژی حکومەتەکانی ئازەربایجان و کوردستان بون: لە سەرێکەوە، لەبەرئەوەی ئەوان دژی هەمو شتێکی یەکێتی سۆڤێت بون و ئەم دو حکومەتەشیان بە دەستکردی ڕوسی دائەنا و لە سەرێکی ترەوە ئەوان ئەمەیان بە هۆی پارچە پارچە کردنی زەمینی ئێران و تێکدانی ئاسایشی تورکیا و عێراق و سوریا دائەنا، کە ڕاستەوخۆ پێچەوانەی قازانجە ستراتیجیەکانیان بو. نوری سەعید بە پەلە سەردانی تورکیای کرد بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی هاوبەش دژی کێشەی کورد دابنێن. عەبدولڕەحمان زەبیحی لە ژمارەی ١٢ ی ڕەشەمەی ڕۆژنامەی "ایران ما" ی چاپی تارانەوە وتارێکی لەسەر "چونی نوری سەعید بۆ تورکیە" کردۆتە کوردی، لەبەر نرخی سیاسی وتارەکە لێرەدا دوبارە ئەی نوسینەوە:

"چەندێك لەمەوبەر هێندێك لە ڕۆژنامەنیگارەکانی مەرکەز ئاگایی چونی نوری سەعید سەرەك وەزیری ئێستای عێراق و ئەندامی بەکاری یەکێتیی عەرەبیان بە ڕێگای سوریادا بۆ تورکیا بڵاوکردەوە: ئەو دەمێ نوری سەعید لە کابینەی عێراقدا ئەندامەتی نەبو لە کاتێکدا لەگەڵ کاربەدەستانی سوریا خەریکی هاوپرسەکی و گفتوگۆ بو، کابینەی عێراق بە سەرۆکایەتی حەمدی پاچەچی کەوت و، نوری سەعید لە لایەن نایبوسەڵتەنەی عێراقەوە بۆ دامەزراندنی کابینەی تازە بانگ کراوە بەغدا.

ئەو وەختێ هێندێك مەحافیلی سیاسی وایان دەزانی کە سیاسەتی ئیمپریالیزم پێی باش نیە نوری سەعید بچێتە تورکیا، بەڵام چەند شەو پێش، ڕادیۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەبەری دا کە هەیئەتێکی ڕەسمی بە سەرۆکێتی نوری سەعید دەچێ بۆ تورکیا، لە بەغداش بۆ بێدەنگ کردنی پەیامنێرانی بێگانە بەرنامەی ئەم هەیئەتەیان لە پێنج بەنددا بە هۆی ئیعلامیەیەکی ڕەسمی بڵاو کردەوە.

....

لە یەکەم سەفەری نوری سەعید بۆ سوریا گەلێك لە پەیامنێرە بێگانەکان چاویان پێ کەوت و گفتوگۆیان دەگەڵ کرد لە جوابی پرسیارەکانی ئەم پەیامنێرانەدا دەیگوت: "ئەم سەفەرەی من هیچ جەنبەیەکی سیاسی نیە" باسی ئێرانیشی کرد بو گوتبوی: "ئەوزاعی ئێران گەلێك تێکەڵوپێکەڵە پێم چاك نەبو لە گەڵ کاربەدەستانی ئەوێ بدوێم" لەم وتەیەڕا دەردەکەوێ کە نوری سەعید خەیاڵی بوە گفتوگۆیەك دەگەڵ کاربەدەستانی ئێران بکاو

نەتیجەکەی بە حکومەتی تورکیا خەبەر بدا بەڵام چونکو ئەوزاعی ئێران تێکەڵوپێکەڵ بوە، وازی لەم گفتوگۆیە هێناوە.

ئێمە بۆ ئەوەی ماکەی ئەم سەفەرەی نوری سەعید بدۆزینەوە دەبێ چاوێك بە ڕۆژنامەکانی بێگانەدا بخشێنین و بزانین کە پەیامنێرەکانی ئەم ڕۆژنامانە وەزعیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان چۆن لێك داوەتەوەو لەم بابەتەوە چی دەنگوباسێکیان بڵاو کردۆتەوە.

مەسەلەن ڕۆژنامەی "کومبا" چاپی پاریس لە ژمارەی ٢٨ ی نۆڤەمبەری خۆیدا دەنوسێ: " نوری سەعید لە بەیتەلمەقدیس پەیدا بونی نەهزەتێکی تازەی کورد لە ئێران بەیان دەکا، بە ڕاستی نابێ وا بزانن کە تیرەیەك بە تەنهایی لە ئێراندا شۆڕشیان کردوە بەڵکو لە ناو کۆمەڵێکی نۆ ملیۆنیی کورد کە لە نێوان ٣ وڵاتی تورکیا، عێراق و ئێراندا دابەش کراون هەر لە ئەرزرۆمەوە تا ئارارات و لە موسڵ تا لورستان دەست پێکرانی شۆڕشێکی گەورە دێتە بەرچاو" هەر ئەم پەیامنێرە لە جێگایەکی دیکە دەنوسێ: "کوردانی تورکیا لە ژێر زوڵموزۆرێکی بێ مانەندا دەژین، لە عێراق بە یارمەتی هێزەکانی ژەنەراڵ (ڕەنتون) ی ئینگلیسی قەتلوعام دەکرێن". ڕۆژنامەکانی دیکەش هەر وەکو ڕۆژنامەی کومبا لە بارەی کوردەکان و کارەساتی تورکیا و عێراق بۆ دامرکاندنی قیامی کوردەکان ئەخبارێکیان بڵاو کردۆتەوە کە نیگەرانی زۆری کاربەدەستانی ئەو وڵاتانە لە جوڵانەوەی ئازادی خوازی کوردان نیشان دەدا.

خوێنەرەکانی ڕۆژنامەی "ایران" ئاگایان لێیە کە نیگەرانی کاربەدەستانی تورکیا لە کوردان شتێکی تازە نیە بەڵکو ساڵەهایە کە تورکەکان بۆ بەربەست کردنی هەستی ئازادی خوازی لە کوردستانی تورکیا بە هەمو هێزی خۆیانەوە تێ کۆشاون حەتا ڕادیۆی پاریس چەند مانگێك لەمەوپێش خەبەری دا: "حکومەتی تورکیا بۆ پێش گیری لەپەرەسەندنی بیرانی ئازادی خوازی لە ناو تورکیا بە تایبەتی کوردەکان هێزێکی گەورەی ڕەوانەی سنورەکانی ئێران و عێراق و سوریا کردوە."

تورکەکان وایان دەزانی بەمجۆرە دەتوانن ببنە بەرهەڵستی شۆڕشی ئیحتیمالی کوردانی تورکیا و قەومێکی چەندین ساڵە بەبێ ڕوحمی و زوڵموزۆر لە ژێر بەند و دیلی خۆیان دا ڕایان گرتون ڕامیان بکەن، ئیتر بیریان نەکردەوە هەستی تۆڵە سەندنەوەی کوردان کە لەپێناوی ئازادیدا هەزاران قوربانییان داوە موحتاجی بزواندنەوە و تەحریك نیە و لە کاتی -

خۆیدا بەرانبەر زوڵم و بێدادی تورکەکان ڕادەبن و خۆیان لە دیلی و ژێر دەستیی ڕزگار دەکەن.

کاتێك کە کاربەدەستانی تورکیا هەستیان کرد داخستنی دەرگای وڵات (سنور) ئامانجی تورکەکان پێك ناهێنێ، کەوتنە سەروکاری دامرکاندنی ئەم نەهزەت و شۆڕشە. ئەوەش پێك نەدەهات مەگەر دەگەڵ کاربەدەستانی سوریا و عێراق ڕێك کەون و بیان هێننە ژێر نفوزی سیاسی خۆیانەوە و کوردەکانی ئەم دو ناوچەیان پێ بێ دەنگ بکەن، ئەوەش لە وەختێك دا بو کە نایبوسەڵتەنەی عێراق، عەبدولئیلاە، لە لۆندۆن ڕا بە تورکیا دا دەگەڕاوە بۆ عێراق.

کاربەدەستانی تورکیە بە فرسەتیان زانی پێیان گوت: ئەگەر حکومەتی عێراق ڕێی ئازادی کوردەکانی خۆی بگرێ ئەوان حازرن لە داوای خۆیان دەربارەی ناوچەی موسڵ کە لە جەنگی ڕابوردوڕا تا ئێستا ماوەتەوە و حەل نەکراوە وازدەهێنن.

هەروەها خەبەر درا کە نایبوسەڵتەنەی عێراق کچی سەرکۆمار (ڕەئیسی جمهوری) تورکیا مارە دەکا. موسەفارەتی سەرۆك کۆماری تورکیا یا وەزیری دەرەوەی ئەم وڵاتەش بۆ عێراق لەنێو ئەم دەنگوباسانەدا هەبو کە هێشتاش هەر دەیلێنەوە بەلام ڕەسمی لەم بابەتەوە هیچ شتێك نەبێژراوە.

وا هەڵ کەوت کاتێ نایبوسەڵتەنەی عێراق گەیشتەوە بەغدا شۆڕشی مەلا مستەفای بارزانی هاتە پێش، بە تەحریکی حکومەتی تورکیا و ئیقتیزای سیاسەتی ئینگلیسەکان حکومەتی عێراق لەشکری بردە سەر ئەو ڕۆڵە ئازا و ئازدیخوازەی کورد لە نەتیجەدا توشی زەرەروزیانێکی زۆر بو. عیدەیەك لە ئەفسەرە کوردەکان بۆ لای برا ئازا و دلێرەکانیان هەڵاتن و لە پێناو پاراستنی ئازادی نەتەوەکەیان دا ئەوەندەی پێیان کرا جەنگین.

ڕەکێش کردن و هێنانە بەرباری حکومەتە تازە بنیادەکەی سوریاش زۆر سەمەرە و سەیر بو، لە کاتێك دا کە هەیئەتی تورکیا لە لوندۆن ڕا بە سوریادا ئەگەڕانەوە چەند ڕۆژێك ڕەسمەن دەگەڵ کاربەدەستانی ئەم وڵاتە گفتوگۆیان کرد.

حکومەتی تورکیا بە دو شەرت: یەکێك ئازادی کوردانی سوریا ئەوەندەی مومکین ببێ بەربەست بکرێت. ئەوی دیکە سوریا ئیتر داوای وەرگرتنەوەی ناوچەکانی ئەسکەندەرونە و ئەنتاکیە کە لە سەرەتای جەنگ دا حکومەتانی ئینگلیس و فەڕەنسە بە بەرتیل دابویان بە تورکیا، نەکاتەوە.

ئەگەر خوێنەرەکانمان بە چاکی ورد ببنەوە دەزانن کاربەدەستانی تورکیا مودەتێکە هەستیان بە نالەباری وەزعی ئێستای خۆیان کردوە بۆیە جارێك لە یەکێتی عەرەبەکان... و جارێکیش هەوای تازە کردنەوەی پەیمانی فشەگاڵتەی سەعدئابادیان دەکەوێتە مێشك.. وە بەمجۆرە بۆ خنکاندنی ڕوحی ئازادی لە ناو کوردەکان دا تێ دەکۆشن و خەریکن لەم پەیمانە شوم و نەگبەتەی خۆیان دا چەند حکومەتی دیکەش بکەنە بەشدار.

ڕەنگە بە شوێن ئەو گفتوگۆیەدا کە ئێستا لە نێوان تورکیاو عێراق دا هەیە تورکیا لە ئێرانیش بگێڕێتەوە بەڵام حکومەتی ئێران دەبێ بزانێ هاوکاری و یەکڕەنگی دەگەڵ هەر ئەنجومەنێك کە بۆ بێدەنگ کردنی کوردەکان تەشکیل دەدرێ بۆ ئێران زیانی زۆرترە لە قازانج..."(٥)

تورکیاو عێراق لە ٢٩ ی ٣ ی ٤٦ دا پەیمانی "دۆستایەتی و دراوسێیەتی باش" یان ئیمزا کرد.

٣. کورد و ئازەر

٣. ١. پاشماوەی ناکۆکییەکانی ڕابردو

عەلی خوسرەوی، یەکێ لە نوسەرەکانی ئەوکاتە، لە ژێر ناونیشانی "کورد و ئازەربایجان" دا لە ڕۆژنامەی کوردستان دا نوسیوێتی:

"تا چەند ساڵ لەوەوپێش کە وێستا شەیپوری ئازادی لێ نەدرا بو هێزی ئەهریمەنی فاشیستی دەدونیادا موسەللەت بون کورد و ئازەربایجانی لە گەڵ یەك زۆر ناکۆك بون. دەستی ئیستیعمار بۆ ئیستیفادەی خۆی شەووڕۆژ خەریکی ئیختیلاف لە نێو ئەو دو نەتەوە... دا بون تا بە بۆنەی ئەوە بتوانێ لە مەنفەعەتی مادی ئەو نەتەوانە بەهرەوەر بن و لە مەنافیعی وان کۆشك و باڵەخانەی چەند نهۆمیان ساز دەکردو لە تێك بەردانی ئەوان بۆ خۆیان لە کۆشکەکانی تارانی دادەنیشتن و قاقا بە ڕیشی میللەتی مەزڵوم کە هەڵ فریوا بون پێ دەکەنین.

وەلێ بە یارمەتی خودای بێ هاواڵ ڕۆژی ڕەشمان ڕوناك بو، زنجیری ئەسارەت لە دنیادا پساو ئاخرین نەفەر لە دەستپەروەردەکانی هیتلەر یەك لە دوای یەك بە جەهەننەم موشەڕەف بون.

چاومان هەڵێنا دیمان کە دەستوپێوەندی گۆبڵزی لەعنەتی تا وێستا لە دوبەرەکی ئێمە ئیستیفادەیان کردوە و بۆ مەنزور و مەرامی خۆیان کورد و ئازەربایجانیان پێك وەر کردوە.

ئیستیعمارچی‌یان بو تێکوپێك چو و بۆ ئەو دو میللەتە ئازادیخواهانەش هەل هەڵ کەوت لە نێو خۆیان دا بۆ لە بەین بردن و مەحو کردنەوەی فاشیستی و دیکتاتۆری قەدی پیاوەتی‌یان بەرزکردەوە و شان بەشانی یەك بەربەرەکانی‌یان دەست پێ کرد و ئاڵای بە ڕاستی دیموکراسی و ئازادی‌یان بڵند کرد و لە بەر ئەوەی ئەو دو میللەتە برایانە نەك هەر بۆ جێکردنەوەی ئازادی خۆیان بەڵکو بۆ دامەزراندنی ئازادی لە سەرتاسەری ئێران بۆ هەمو وەختێکی دەستیان داوەتە دەستی یەکدی.

جا لەبەر ئەوە لە ڕۆژی سێ شەممو ٣ ی بانەمەڕی ١٣٢٥ ساتی ٥ ی ئێواری لە شاری تەورێز لە عەمارەتی میللی ئازەربایجان بە حزوری سەرانی حکومەتی میللی کوردستان:

ڕەئیسی حکومەتی میللی کوردستان جەنابی ئاغای قازی محەمەد، ئاغای سەید عەبدوڵای گەیلانی عزوی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئاغای عومەر خانی شەریفی عزوی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕەئیسی عێلی شکاك، ئاغای محەمەد حسێنی سەیفی قازی وەزیری هێزی حکومەتی میللی کوردستان، ئاغای ڕەشید بەگی جیهانگیری عزوی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕەئیسی عێلی هەرکی، ئاغای زێرۆبەگی بەهادوری عزوی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی کوردستان، نوێنەری کوردی شنۆ ئاغای قازی محەمەد خزری.

وە بە حزوری سەرانی حکومەتی میللی ئازەربایجان:

ڕەئیسی مەجلیسی میللی ئازەربایجان جەنابی ئاغای حاجی میرزا عەلی شەبوستەری، سەرۆك وەزیری حکومەتی میللی ئازەربایجان جەنابی ئاغای سەید جەعفەر پیشەوەری، معاونی سەدری فیرقەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان ئاغای پادگان، وەزیری داخلەی ئازەربایجان دکتۆر سەلاموڵای جاوید، وەزیری فەرهەنگی ئازەربایجان ئاغای محەمەد بیریا.

بۆ قایم و مەحکەم کردنی دۆستایەتی کە لە بەینی ئازەربایجان و میللەتی کوردستان دا بوە بۆ پایەداری سەمیمی‌یەت و دۆستایەتی زیاتر لە بەینی ئەو دو میللەتەدا ئەو قەرارانەی خوارەوەیان قبوڵ کرد هەردوکیان لەوەدوا لە گەڵ ژیانی خۆیان تەتبیقی دەکەن:

١. لەو جێگایانەی پێویست بزانرێ هەردوك حکومەتی میللی نوێنەر دەگۆڕنەوە.

٢. لە ئازەربایجان دا ئەو جێگایانەی کە دانیشتوانی کورد بن کاری ئیداراتی دەوڵەتی بە کوردان دەبێ هەروەها لە کوردستانیش لەو جێگایانەی

کە بەشی زۆری دانیشتوانی ئازەربایجانی بن لە تەرەف مەئمورانی حکومەتی میللی ئازەربایجانەوە ئیدارە دەکرێ.

٣. بۆ حەل بونی مەوزوعی ئیقتیسادی لە بەینی هەردوك میللەتان کۆمسیۆنێکی تێکەڵاو دادەمەزرێ و قەراری ئەو کۆمیسیۆنە بە کۆششتی سەرانی ئەو دو حکومەتە ئیجرا دەکرێ.

٤. لە کاتی پێویست دا لە بەینی حکومەتی میللی ئازەربایجان و کوردستان هاوکاری پێشمەرگەیی دەکرێ و دەبێ ئەوەی لازم بێ بۆ کۆمەگی یەکتری ئەنجام بدرێ.

٥. هەر کاتێك پێویست بێ لە گەڵ حکومەتی تاران قسە بکرێ دەبێ موافیقی نەزەری حکومەتی میللی ئازەربایجان و کوردستان بێت.

٦. حکومەتی میللی ئازەربایجان بۆ ئەو کوردانەی کە لە خاکی ئازەربایجان دا دەژین تا ئەو ئەندازەی کە بتوانێ بۆ پێشکەوتنی زمان و تەرەقی پێدانی فەرهەنگی میللی وان هەوڵ دەدا.

هەروەها حکومەتی میللی کوردیش بۆ ئەو ئازەربایجانی‌یانەی کە لە خاکی کوردستان دا دەژین بۆ پێشکەوتنی زمان و تەرەقی پێدانی فەرهەنگی میللی وان ئەو ئەندازەی کە بتوانێ هەوڵ بدا.

٧. هەر کەس بۆ تێکدانی دۆستایەتی تاریخی نەتەوەی ئازەربایجان و کورد و لە بەین بردنی برایەتی وە دیموکراتی میللی وە یا لەکەدار کردنی یەکەتی وان هەوڵ بدا هەردولا بە یەکدەست ئەو مورتەکیبانە بە جەزای خۆیان دەگەیەنێ.(١٠)

سەرکردەکانی کورد و نوسەرەکانی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستان بە گرنگی‌یەکی زۆرەوە پێشوازی‌یان لە ڕێکەوتنی کورد و ئازەر کرد. لەم بارەیەوە سەید محەمەدی حەمیدی، حەسەن قزڵجی، هەژار، هێمن... چەندین وتاری سیاسی و لێکدانەوە و تەنانەت شیعریشیان پیا هەڵ دا.

ڕاستی‌یەکەشی ئەوە بو، ئەگەرچی ئەم ڕێکەوتنە هەندێ لە ناکۆکی‌یە بنەڕەتی‌یەکانی بە چارەسەر نەکراوی بەجێ هێشت، بەڵام بەسەر کەوتنێکی گەورە دائەنرا بۆهەر دو نەتەوەی کورد و ئازەری چونکە دوای چەندین ساڵ ناکۆکی و ناتەبایی نوێنەرەکانیان پەیمانیان بە یەکتری دا لە مەیدانی سیاسی و سپایی دا چارەنوسێکی هاوبەش بۆ خۆیان دیاری بکەن.

حکومەتی تاران و، ناحەزەکانی حکومەتەکانی ئازەربایجان و کوردستان، لەم ڕێککەوتنە زۆر تورە بون. پێیان وابو ئەوانە وەکو دو حکومەتی جیاواز ڕەفتاریان کردوە و بۆ دابەشکردنی ئێران هەوڵ ئەدەن.(١١)

٣. ٣. گفتوگۆی هاوبەش
٣. ٣. ١. خولی یەکەمی گفتوگۆ لەتاران

بە دوای ئیمزا کردنی "پەیمانی یەکێتی کوردستان و ئازەربایجان" دا دەستەیەکی تێکەڵاو لە نوێنەرانی هەر دو حکومەتی ئازەربایجان و کوردستان بە سەرۆکایەتی جەعفەر پیشەوەری چون بۆ تاران. نوێنەرەکانی کورد لەم هەیئەتەدا وەکو قازی محەمەد لە نوتقی ڕۆژی ١٢ ی ٢ ی ٢٥ دا بە هۆی ڕادیۆ ڕای گەیاند: محەمەد حسێن خانی سەیفی قازی و ئەبولقاسم سەدری قازی بون.(١٢) یەکەمیان وەزیری هێزی دیموکراتی کوردستان و، دوەمیان نوێنەری مەهاباد لە خولی ١٤ هەمی مەجلیسی شورای میللی ئێران دا.

ڕۆژی ٢٦ ی ٢ ی ١٣٢٥ سەیفی قازی نوێنەری حکومەتی کوردستان لە تاران گەڕایەوە.(١٣)

وەکو ڕۆژنامەی کوردستان نوسیوێتی، سەیفی قازی لە میتینگی ڕۆژی ٣١ ی ٢ ی ١٣٢٥دا گوزارشی ژێروی دەربارەی گفتوگۆکانی خۆیان لە تاران بە ئیتیلاعی عوموم گەیاند:

" هاونیشتمان برایانی خۆشەویست!

ئەمن بە ئەمری پێشەوای موعەزەم و بە دڵگەرمی و پشتیوانی برایانی خۆشەویست مەئمور بە ئیفتیخاری نومایندەگی بۆ حکومەتی تاران بوم. بە پێویست دەزانم کە شەرحی مەئمورییەتی خۆم ئیجمالەن بە عەرز بگەیەنم.

ڕۆژی یەکشەممو ٨ ی بانەمەڕ سەعاتی ٩ و ٢٠ دەقیقە لە ئیستگای تەورێزەوە دەگەڵ نومایندەگانی ئازەربایجان کە عیبارەت بو لە: ئاغای پیشەوەری سەرۆکی حکومەتی میللی ئازەربایجان و ڕەئیسی هەیئەتی نومایندەگی و، ئاغای سادق پادگان و، ئاغای دکتۆر جیهان شاهلو و، ئاغای ئیبراهیمی و، ئاغای دیلمقانی و ١٤ نەفەر فیدایی بە ڕیاسەتی ١ نەفەر کاپیتان حەرەکەتمان کرد و لە ساتی ١١ و ٢٠ دەقیقە واریدی ئیستگای میهراباد بوین لە لایەن ئازادیخواهان و ئەهالی ئازەربایجان ساکنی تاران – با ئینکە کە سەعاتێك پێش وارید بونی مە بە وەسیلەی مەئمورینی دەستگای دیکتاتۆری عیبارەت بو لە ئەفرادی ژاندارمری بێ شەرمانە مومانەعەتێکی موسەلەحانەی بۆ پێشوازی نەکردن لە ئێمە بە عەمەل هات بو و دو نەفەر لەو ئازادیخواهانە کوژرا بون چەند نەفەریشیان بریندار کردن بون – دیسان جەمعیەتێکی یەکجار زۆر کە خۆیان لە چنگی موستەحفیزینی ژاندرم خەلاس کرد بو بە دەسکەگوڵەوە خۆیان گەیاند بوە مەیدانی تەیارەی. شور و

شەعەف و ئیحساساتێکی وایان بە خەرج دا کە ڕوحی مەیان وە لەرەزە خست و بە دەنگێکی بڵیند چەپڵەیان لێ دەدا و هاواریان دەکرد: ئەنگۆ ئەمەو نەجات دا. ئەنگۆ خەڵکی ئێرانیو لە ئەسارەت خەلاس کرد. ئەمما وشیار بن ئیشتیباهێ نەکەن ئازادی ئێمە بە حەرەکاتی ڕاست و بێ خەتای ئێوە پێوەندە. و هوڕایان دەکێشا و لێکڕا دەیان گوت: بژی خەڵکی ئازەربایجان. بژی مەشعەلداری ئازادی ئێمە ئازادیخواهانی کوردستان.

دە واقیع دا ئەو ئیحساساتەی وان ببوە باعیسی سەر بڵیندی ئەهالی کوردستان و ئازەربایجان و ئەوەیان بە تەواوی مەعلوم دەکرد و دەیان گەیاند کە مەعلومە کوردستان و ئازەربایجان خۆیان خەلاس کردوە بەڵکو لیاقەتی ئەوەیان هەیە کە ئازادی تەواوی خەڵکی ئێران وەدەست بێنن و سابیتی بکەن. ئاغای موزەفەر فەیروز معاونی سیاسی نوخست وەزیری ئێران و سەرتیپ سەفاری ڕەئیسی تەشکیلاتی کوللی شارەوانی لە تەرەف دەوڵەتێوە بۆ ئیستیقبال حازربون و بە شارەزایی وان بۆ قەسری جوادیە کە لە دوازدە کیلۆمەتری تارانیەو لە پێش دا بۆ پەزیرایی حازر کرا بو حەرەکەتمان کرد. وەسایلی پەزیرایی مە لە تەرەف وەزارەتی ئوموری خاریجەوە بە عەمەل دەهات.

لە ڕۆژی دوشەممویەوە موزاکەرە دەستی پێ کرا. نومایندانی دەوڵەتی تارانی عیبارەت بون لە ئاغایان: موستەشارودەولە محەمەد وەلی میرزا، فەرمافەرمائیان، لەنگەرانی' ئیپکچیان، و ئاغای موئەریخودەولە سپەهر وزیری پیشە و هونەر و، موزەفەر فەیروز معاونی سیاسی و پارلەمانی نوخست وەزیر..."(١٤)

نوێنەرانی ئازەربایجان ئەیان ویست بە حکومەتی ناوەندی بسەلمێنن:

١. کە ئەنجومەنی میللی ئازەربایجان لە باتی ئەنجومەنی ئەیالەتی بە ڕەسمی بناسێ.

٢. ئەنجومەنی ئەیالەتی ئوستاندار و، سەرۆکی دائیرەکان لەوانە سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی دارایی دابنێ.

٣. زمانی تورکی ئازەری ببێتە زمانی ڕەسمی خوێندن و دادگا و دائیرەکانی دەوڵەت و ئەرتەش.

٤. ئەو هێزەی پێکیان هێنا بو وەکو بەشێکی ئەرتەشی ئێران وەربگیرێن و، هەمو ئەو پلەو پایە سپاییانەی دابویان بە ئەفسەرانی هێزەکەیان حکومەتی ئێران دانی پێدا بنێ.

نوێنەرایەتی حکومەتی ناوەندی نەی ئەویست هیچ کام لەم خواستانە بسەلمێنێ.

داوایان ئەکرد هێزە چەکدارەکانی ئازەربایجان هەڵ بوەشێتەوە، حکومەتی ناوەندی ئوستاندار و، سەرۆکەکانی دەزگاکانی دەوڵەت دابنێ و، زمانی ڕەسمی هەروەکو جاران فارسی بێ و، ئەنجومەنی ئەیالەتی‌یش هەڵ بگیرێ بۆ دوای هەڵبژاردنی خولی ١٥ هەمی مەجلیسی شورای میللی و دانانی قانونێکی تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە.

مەسەلەی مانەوە یا هەڵوەشانەوەی هێزە چەکدارەکانی ئازەربایجان بو بوە گرێکوێرەی گفتوگۆکان. حکومەتی قیوام و سەرۆکی ستاد و، شەخسی محەمەد ڕەزاشا بە هیچ جۆرێ ئامادە نەبون مانی ئەم هێزە بسەلمێنن. نوێنەرانی ئازەربایجانیش ئامادە نەبون هەڵی بوەشێننەوە. نوێنەرایەتی ئازەربایجان بۆ گونجاندنی هێزەکەیان لە گەڵ ئەرتەشی ئێران پرۆژەیەکی ١٤ مادەییان دا بە حکومەت. حکومەتی قیوام موافەقەتی لە سەر نەکرد. بەڵام لە باتی هەمو پرۆژە و خواستەکانی نوێنەرانی ئازەربایجان پرۆژەیەکی ٧ مادەییان بەمجۆرەی لای ژێرو دا بە دەستەی گفتوگۆکەر.

١. سەرۆکەکانی کشتوکاڵ، بازرگانی، پیشەو هونەر(کار)، گوێزانەوە، فەرهەنگ، تەندروستی، دادگا، چاودێریکەرانی دارایی ناوچەیی، لە ڕێی ئەنجومەنی ئەیالەتی‌یەوە هەڵئەبژێردرێن و، بڕیاری دامەزراندنی ڕەسمی‌یان لە لایەن حکومەتەوە لە تاران دەرئەچێ.

٢. ئوستاندار لە لایەن حکومەتی ناوەندی‌یەوە بە لەبەرچاوگرتنی ڕەئی ئەنجومەنی ولایەت دائەنرێت. فەرماندەکانی ئەرتەشی و ژاندارمری لە لایەن حکومەتی ناوەندی‌یەوە دائەنرێن.

٣. زمانی ڕەسمی ئازەربایجان وەکو هەمو شوێنەکانی تری مەملەکەت فارسی ئەبێ، هەمو ئەحکامی ڕەسمی و بەڕێوەبەرایەتی و دادگایی بە زمانی فارسی و ئازەربایجانی (تورکی) ئەبێ. خوێندن تا پۆلی پێنجەم بە زمانی ئازەربایجانی ئەبێ.

٤. لە کاتی دانانی بودجە و دەرامەتی ماڵیات دا، حکومەت پێویستی‌یەکانی ئازەربایجان بۆ چاکردن و ئاواکردنەوەی شارەکان و، باشکردنی کاری فەرهەنگی و تەندروستی و شتی تری ئازەربایجان لە بەرچاو ئەگرێ.

٥. چالاکی ڕێکخراوە دیموکراتی‌یەکانی ئازەربایجان و یەکێتی‌یەکان و هی تر وەکو شوێنەکانی تری مەملەکەت ئازاد ئەبێ.

٦. بەرامبەر ئەهالی و بەشدارانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و یەکێتی کرێکاران هیچ کارێ ناکرێ.

٧. ژمارەی نوێنەرانی ئازەربایجان بە گوێرەی ژمارەی ڕاستەقینەی دانیشتوانی ئەو ئەیالەتە زیاد بکرێ، بۆ ئەم مەبەستە لە سەرەتای کردنەوەی خولی ١٥ هەمی مەجلیس دا پێشنیاری پێویست لەم ڕووەوە ئەخرێتە بەردەمی مەجلیس و پاش پەسند کردنی بۆ پڕکردنەوەی ژمارە کەمەکەی ئەم خولە هەڵبژاردن ئەکرێ. (١٥)

سەیفی قازی لە درێژەی گوزارشەکەی دا ئەڵێ:

"پاش گفتوگۆیەکی زۆر لە ئەتراف نەهزەتی دیموکراسی کوردستان و ئازەربایجان داوخواز و تەقازای ٥ ملیۆن کورد و ئازەربایجانی، کە بە خوێنی هەزاران لاو و پیر و جەوانی میللەتی قارەمانی کورد و ئازەربایجانی، کە ساڵەهای ساڵ لەو ڕێیەدا لە ملە و موبارەزادا بون و بە دەستیان هێناوەو دە موقابیلی ئیبلاغییەی پوچ و بێ مەعنای حەوتگانەی دەوڵەتی تاران، لە بەر ئەوەی کە دونیا بزانێ کە میللەتی قارەمانی کورد و ئازەربایجان حازر بە خوێنڕشتن و براکوژی نین و، بۆ لە دەم دانی ئیرتیجاع و خوێمنژە زاڵم و گەورەکانی دنیایە کە دەو ڕێیەدا هەزاران ئیفتیرا و بوختانیان بۆ ساز کرد بوین، بە ٣٣ مادان بە دەوڵەتی تاران پێشنیهاد کرا کە ئەوە بۆ ئاگاداری ئێوە عەرز دەکرێن.

پاش گفتوگۆ کێشە کێشێکی زۆر و چەند ڕۆژ موزاکەرە بە ئیستینادی درۆ و قسەی پوچی قانونی ئەساسی و بەو نەوعەی کە ئەمن لە نیزیکەوە دیومەو لێم مەعلوم بوە قانونی ئەساسی بە تەعبیری دەوڵەتی تاران، عیبارەتە لە پاماڵ کردنی حقوقی میللەت و دەست و پێ بەستنی وان وە بەرەڵا کردن وتێ بەردانی عیدەیەکی مەحدود، بە عینوانی جوێ جوێ، مەئمورینی لەشکری و کیشوەری و ژاندارم کە لە پاماڵ کردنی حەق و عەدالەت، کە مەزامینی قانونی ئەساسی حەقیقی، بە تەواوی نەتەوانی ئێرانی قایل بوە و، داندراوە درێغیان نەکردوە. هەروەکو بۆ خۆتان دیوتانە لە تەعەڕوز بە گیان و ماڵ و حەیسیەت و ناموسی نەتەوانی ئێرانی مەخسوسەن میللەتی کوردی... دەکەمالی بێ شەرمی و بێ حەیایی دا لە مودەتی ٢٠ ساڵەی دیکتاتۆری ڕەزاخان دا موزایەقەیان نەکردوەو، ئەوان ئێرانێ فەقەت بە تاران دەزانن و، بە غەیری ئیستیفادەی شەخسی و خۆشگوزەرانی و ڕاگرتنی مەقام و جاوجەلالی خۆیان هیچ فیکری دیکەیان نیە. تارانیش چە تاران مەرکەز و بناغەی فەساد، لائوبالی و بێ عەلاقەیی و بێ خەبەری و دە حەقیقەت دا

مەرکەزێکی زۆر زۆر کەسیف و قەسرو قسوری زۆر عالی و موجەلەل که بە خوێن و زەحمەت و ڕەنج و ئارەقی نێوچاوانی هەزاران هەزار بەدبەخت و بێچارەی نەتەوانی زەحمەتکێشی ئێرانی بناغەی داندراوەو ڕازاندراوەتەوە، بە هیچ نەوعێکی شوعلەی ڕوناکایی و ئومێدی ڕزگاری دەو عەسری تەمەدون و ئەتۆم دا بۆ میللەت و نەتەوانی ئێرانی وە بەر چاو نایەو، هەتاکو ئەو سەفەرە وە دیتنی ئەو دەزگایە، مەعنای کەلیمەی حکومەتانی پوشالیم نەدەزانی، بەلام لەو موسافەرەتەی تارانێ دا که بەچاوی خۆم دەستگای هەلسوڕی خوێنمژ و پوچەلی حکومەتی تارانم دی لێم حالی بو که حکومەتی پوشالی ئەوەیە که ئەلعان لە تاران بەرقەرارە. ئەمما ئەوەندە هەیە ئەوڕۆکە ئەوەی جەنبەی مەیدانی سیاسەتی بەینەلمیلەلی پەیدا کردوەو دەستگای ئیرتیجاعی دونیایە بە وەسیلەی کاسەلێسانی خۆیان، بۆ مەنفەعەت بردنی و قازانجی دائیمەن خەریکی دەسیسەو ئانتریك و هەو و جەنجالن، ئەمە دوبارە لەبەر ئەوەی که دونیا بزانێ غەیری حەقی حسابی خۆمان و خوێندن و نوسین بە زمانی دایکی و پەرەپێدانی فەرهەنگ و لەشساغی و هاتنە دەر لە غار و ئەشکەوتی بەدبەختی و خۆگەیاندن بە عەسری تەمەدون هیچ مەنزور و دەسایسێکی خاریجی نیە بۆ گوزەشتێکی زۆر لەو حەقەی که وە دەستمان هێناوە حازربوین، هەرچەند بە سورەتی زاهیر شەخسی ئاغای قیوامو سەڵتەنە موساعید و تا دەرەجەیەکی حازر بوە که دە موزاکەراتی دوائی دا که دەست پێ کرابا موافەقەت، پێشنیهادی خۆیان دە تەحتی ١٤ مادەدا تا ئەندازەیەك موافەقەت حاسل بو، بەلام چەند نەفەر لە وەزیران کەوا مەعلوم نەشەیان گولی کرد بو بە ئیستیناد بە فەرمایشی ئاغای پیشەوەری لە ئەوپەڕی قانونی مەنعی تریاك لە ئازەربایجانێ دا عەسەبانی ببون، نەیانهێشت که دەوڵەتی ئاغای قیوامو سەڵتەنە لەو مەوقیعە ئیستیفادە بکا و، ئەو مەسئەلە بە خۆشی تەواو ببێ.

لەبەرئەوە ناچار بوین بە بێ ئەخزی نەتیجەی ڕۆژی دوشەممو ٢٣ ی بانەمەڕ هەیئەتی نوماینده‌گی کوردستان و ئازەربایجان سەعاتی ٧ و ٥ دەقیقە لە تاران گەڕاینەوە و لە پاش گەڕانەوەی مە دەوڵەتی قیوامو سەڵتەنە ئیعلامیەیەکی لە تاریخی ٢٣ ی ٢ ی ٢٥ دا ئینتیشار دا. ئەوا عەرز دەکرێ. هەروەکو لە تەورێز لە تەرەف هەیئەتی نوماینده‌گی‌یەوە بە وەسیلەی ئاغای پیشەوەری ڕەئیسی هەیئەت جوابی دراوەتەوە ئەمن نامەوێ دەو مەوزوعەی چی دی بدوێم.

برایانی خۆشەویست! حوسنی تەدبیر و، ئیرادەی پێشەوای بەرز یەکەتی و برایەتی کوردستان و ئازەربایجان و، غیرەت و شەهامەت و جانبازی پێشمەرگانی کوردستان و فیدائیبانی ئازەربایجان، دەستگای زوڵم و ئیرتیجاعی موتەزەلزیل کرد و لێیان مەعلوم بوە کە ئەو نەهزەتە کە بە پشتیوانی تەواوی تەبەقاتی میللەتی قارەمان و ڕەشیدی کورد و ئازەربایجان بە وجود هاتوە شۆخی پێ ناکرێ و، بە فشە و گاڵتە ناژمێردرێ و ئەو دو میللەتە برا و ڕەشیدە دە مەیدانی موبارەزە دا خۆیان پێ ناساندون و ئەو حەقەی کە ئەستاندویانە ڕای دەگرن و، لە لیاقەتی ئیدارەکانی خۆیان بە دونیای ئەوڕۆ سابیت کرد."(١٦)

هەر بە هەمان بۆنەوە "ڕۆژی ٣١ ی ٢ ی ١٣٢٥ لە میتینگی ئەو ڕۆژە دا کە تەواوی سەران و سەرکردان و ژەنەراڵان و مەزنانی کوردستان و چەند هەزار کەس پیاو و ژن و فلەخوی و جوتیار حزوریان بو" قازی محەمەد "ئەم نوتقەی ژێروی خیتاب بە حازران ئیراد فەرمو:

"برا خۆشەویستەکان!

مەعلوم تەسدیقی دە فەرمون کە دەگەڵ ئەو هەمو ئیختیلاف و دوبەرەکی‌یە کە دە نێو کورداندا هەبو کە نێوان ناخۆشی وای لێ هات بو تەئسیری دەخانەوادانیش کردبو نێوانی برایانیش تێك چو بو و حەتتا باب و کوڕیش پێکەوە یەك نەبون پێشرەفتی کار و دانانی تەشکیلات چەند موشکیل بو وەلێ چونکو لە مەردان کار عاسی نابێ و میر بە سەر هەمو چەوت و چەڵەمەیەك دا فایەق دەبێ بە هۆی ڕەنج و زەحمەت حەول دانی چەند کەسی ساحیب ئیمان و ڕاست تەشکیلاتیش سازکرا و نەزم و تەرتیبیش دە نێو مەملەکەت دا بەرقەرار کرا و دەمودەتێکی کەم دا ئیختیلافات و ناتەباییش دوایی پێ درا تو خوداکەی چە شاهید و دەلیلێك لەوەی گەورەترە هەر ئەوەندە کە خەبەری خەتەرێك لە جەبهەی سەقزی و سەردەشتی و تەجاوەزی دوژمن بە خاکی کوردستانی ئازاد بە کوردان خۆیان گەیشت هەمو پێکەوە و لە دورترین نوقات کوردان خۆیان گەیاندە حدودی و هەرگاە لە تەرەف حکومەتی میللی کوردستانەوە ئیجازەیان با وەك شێری ژیان دەیەك ساعەت دا تەواوی دوژمنیان ونجڕ ونجڕ دەکرد و تا شاری کرماشانی وەك هەژدیهای دەمان هەرچی هاتبا پێشیان هەڵیان دەلوشی.

وە ئەگەر ئەو دوبەرەکی‌یەی جاران مابا چلۆن لەبەر یەکتری دەیان وێرا ماڵە خۆیان بەجێ بێڵن و بیست مەنزڵ لە ماڵە خۆیان دور کەونەوە دەوجا دوژمنان تا کەنگێ دەبێ چاوی خۆیان بقوچێنن و تا کەنگێ لەسەر نەفامی

برۆن و نەزانێ کە تا ئێستا کورد هەر زیللەت و بەدبەختی‌یەکی بە سەریان دا هات بێ لەبەر ناڕێکی و ناتەبایی بوە دەنا ئەگەر کورد ڕێك کەوێ و تەبا بێ کێ پێی دەوێرێ پێم وایە دوژمنانی خارجی دەوەی گەیشتون بۆیە وا وە جوڵەجوڵ کەوتون و ملیان لە دورەوە دەرێناوە بەڵا دەزگای دیکتاتۆری تارانی هێندەیان خوێن خواردوە کە بێهۆشی‌یەکی وا دای گرتون ئەمانیش نازانن دنیا چە باسە. هێندێکیشیان بە نەشئەی تریاك سەرخۆشن و عیددەیەکیش مەستی عارەق و شەراب لەگەڵ دلبەرانی مەهوەش خەریکی عەیش و نۆشن و دەڵێن:

مارا بجهان خوشتر از این یکدم نیست
کز نیك و بد اندیشەو از کس غم نیست

بەوان چی غەیری تارانی مەرکەزی فەساد و شەرارەت و جندەبازی ئەوی دی هەموی خراپ ببێ هێشتا لەبەر ئەو شتانە کە عەرزم کردن متەوەجیهی کاری کوردان بە چاکی نەبون دەنا لە پاش ئەوەی کە ئەمە ئیستیقلالی تام و تەمامی خۆشمان بەدەست هێنا بۆ وەی لە حکومەتی مەرکەزی مەعلوم بکەین و بە دنیایەش نیشان بدەین کە ئەمە ئەو کارانەمان کردوە لەبەر موخالەفەت لەگەڵ دەستگای دیکتاتۆریە نەئینکی کورد لە برایەتی فارسان حاشا بکا یا بە ئێرانیەتی خۆی ئیفتیخاری نەکا بەڵا ئەو دەردەی کە دەستگای حکومەتی تاران چە لە پێش ڕەزاخان دا و چە لە زەمانی ڕەزاخانی دا و چە لە پاش ڕەزاخانی داویە بە کوردان جەنگیز و مەغۆلیش لە گەڵ کەسی نەکردوە.

کێ نەی بیست بێ کە بە چی فێڵ و نامەردی‌یەك دە زەمانی قەجاران دا جەعفەر ئاغای شکاك لە تەورێز کوژرا. کوشتنی حەمزە ئاغای مەنگوڕ و هەزاران ئەمسالی وایان نەبیست بێ؟ کێ بێ نەیبیست بێ کە بە چی ناجەوانمەردی‌یەکی قشونی ڕەزاخانی پەهلەوی چۆن دەوەختێك دا کە ئاراراتی گەرمی شەڕی لەگەڵ تورکان بون و چە ناپیاوانە و ناجەوانمەردانە وە نێو ژن و منداڵی کوردان کەوتن (نەعوزوبیللا) چی‌یان بەسەر هێنان چی‌یان لێ کردن جەلالی چۆن هەمو بارکران و دەگەڵ هەزاران ماڵی کورد و لاوی وان هەریەکە بۆ نوقتەیەکی ئێرانی بران ئەلئانیش بەشی زۆریان کەس نەیزانی چی لێ هات و چۆن تەلەف بون و، ئەو دەردی دایان بە گەلباغی‌یان کە بە زستانێ باریان کردن سەدها منداڵیان دە بەفری دا قربون و پیاوان دەست و پێیان سەرما بردی و گەیەندرانە شارانی هەرەدوری ئێرانی و بە ئەشەدی عەزاب بەشی زۆریان تەلەف بو، هەتکی ناموسی و بێ

عیفەتی‌یەکی کە دەو هەمو کارانە دا بەسەر کوردان هات شەرمێ دەکەم شەرحی بدەم و تا ئەورۆ بەشەر نەی کردوە. کاری ئەمنییان چی لێ بلێم سەرتاسەری ئێرانی دۆست و دوژمن شاهیدی فەجایع و جینایات و هەتکی ناموسی وانە حەتتا تەعەڕوزیان بە پیاوان دەکرد. شەهرەبانی و نەزمیەیان سەد لە ئەمنیە خراپتر. عەدلیە مەرکەزی تالان و بڕۆ و ڕوتانەوەی خەلکی بون لە پالەوان پەنبانی فیراری شەهریوەر مانگی کە دەشانی وان دا هاتوە:

همه سر به سر پشت بدوشمن دهیم

از ان به که خودرا به کوشتن دهیم

هێندە هەوای تەکەببور و عەزەمەت و گەورەییان لەسەر ئێمە لێ دەدا بە دەرەجەی خوداوەندیش ڕازی نەبون و کەسری شانیان دەزانی دەنا ئیدیعای ئولوهیەتیان دەکرد و ئەوەی سەرتیپ هۆشمەند بە سەر بانە و هەورامان و مەریوانی هێنا دنیا بیستویە.

لەبەرئەوە چاوترساو بوین حازر بوین هەمو خۆمان بە کوشتن بدەین و ئیتاعەت و فەرمانداری ئەو دەزگایە نەکەین دەنا ئەگەر بێتو ئازادی لە ئێران دا بەرقەرار بێ چە مانعێك هەیە ئەوی لە ئێرانێ دا دەژین تێکڕا دەستی برایەتی بدەن بە یەکتری. بزانن شورەوی چل پەنجا دەولەت و میللەتن عەدالەت کردونیە برا، ئەمریکا چل و چەند جمهورین، سوێس دوسێیەکن یەك ڕوح و گیان پێکەوە دەژین، بۆ وەی کە ئەمە نیشان بدەین دە وادەی خۆمان دا ڕاستگۆین با وەسفی وەی کە لەگەڵ نەتەوانی دیی ئازەربایجانی هیچ شتێکمان یەك نەبوە چونکە ئەوانیش بونە ئازادیخواز و دیموکرات هەردو بوینە یەك بە یەکێتی‌یەك کە ژیان و مردنمان پێکەوەیە (جە وێنەی بادام دو مەغز و یەك پۆست) و بۆ وەی کە لە سایری نەتەوانی دیکەی ئێرانیش مەعلوم بکەین کە برایەتیمان لەگەڵ وانیش تێك نەداوە دو نەفەر نوماینەدەمان مەعلوم کرد لە بەردەرك و ئاستانەی وان حازر بێ و بلێ خۆتان دەگۆڕن و تەشکیلاتو دەکەنە دیموکراسی چون ئەنگۆ دەلێن برایەتیو دەکەین هەرگا خۆتان نەگۆڕن و تەشکیلاتیشتان نەکەنە دیموکراسی دیسان ئەمە زدیەتێکمان لەگەڵ ئەنگۆ نیە و برایەتیمان برایەتی کیسەمان جودایەتی. ئەمەش سالهای سالە بۆ ئازادی هەولێ دەدەین پیاوی چابن چی دیکە بە تانك و تۆپ و تەیارە لێمان تێك مەدەن ئەمەش بەشەرین حەقێکمان دە بە شەریەت دا هەیە چە میللەتێك غەیری مە دە ئەسارەت دا ماوە؟ چی دیکەمان قیل بە چاویەوە مەنێن و لۆکەمان دەگوێی مە ئاخنن. ئەوانەی ئەو هەمو کارخانەی ساحیب عەزەمەتانەیان دروست کردوە و ئەو

هەمو شتە عەجایب عەجایبانە وە دەر دەخەن. دەمێکی وەك تەیری بە حەوای دا دەفڕن هەر ئەوەندە چاو لێك دەی لە مەشریق دەچن بۆ مەغریب. جارێك وەك ماسی هەر ئەوەندە بڵێی یەك و دو بە بن دەریا دا ئەو سەر و ئەو سەری دنیا دەکەن. کێوانیان هەمو بە تونێلان پەڕە پەڕە کردو بە ڕێی ئاسندا سەدها وەتاق کە شارێکی هەڵدەگرن پیاندا لەو دیوئەودیو دەکەن. ئۆتۆمۆبیلی ببینن و تانکی تەماشا کەن و سەرنج بدەنە ڕادیۆ و لە تەلگراف و تەلەفۆن خورد ببنەوە کە لە هەزاران مەنزڵ ڕێوە قسە بە یەکتری دەگەیەنن و چرابەرقی چاو لێ کەن چۆن شەوی کردۆتە ڕۆژ.

خولاسە هەر لە ئەلئان ڕا تا ساڵێکی یەك یەك ئیختیراعاتی ئەو شتانە کە لە سایەی خوێندن و سنعەت بە دەست هاتوە شەرحی بدەم تەواو نابێ. بەڵێ ئەوانە ئەو عەجایبانەیان هێناوەتە سەر دنیایە ئەوانیش وەك مە بەشەرن بەڵا چونکو کاری خۆیان بە دەست خۆیانە و غەمی خۆیان بۆ خۆیان دەخۆن ئەوەی دەی خوێنن تێی دەگەن و ئەوەش پێش کەوتون لێمان گەڕێن با ئەمەش تەکانێکی بە خۆمان بدەین وە دوای خوێندن و سنعەت کەوین و فەلاحەت و کشتوکاڵی خۆمان وەك خەڵکی لێ بکەین میللەتمانی پێ دەوڵەمەند بکەین و کارخانە بێنین و ئەو هەمو کانگا و مەعدەنانەمان هەیە با وە دەری خەین و بە مەنفەعەتی وانە وڵاتی خۆمانی پێ بڕازێنینەوە.

ئاغای محەمەد حسێن خان نومایندەی مە نیشانی دا کە کورد هێندە لە براکوژی و ئیختیلافی خۆی دەپارێزێ کورد کە دە ئێرانێ دا ئەکسەریەتی هەیە بە ئەقەلیەتێکی ئازەربایجانی وەك ئەرمەنی و ئاسوری داندران دەنگی نەکرد.

دیسان حکومەتی تارانێ هێندە لە دیتنی مەنزەرەی کە دایك بۆ کوڕی کوژراویان قورسە وە سەر دەکەن کەیف دەبەن و، بە بیستنی ڕۆڕۆی هەتیو و باب کوژراوان وە دەماغ دەکەون و، بە بە چاوکەوتنی خانوی وێران و گرگڕ ئایساو شاد دەبن و، بە ناڵەناڵی برینداران وە نەشئە دێن و دە خوێن تلانەوەی نەوجەوانان خۆشحاڵیان دەکا، کە بە هەمو گوزەشتەی کوردانی ئەهمیەت نەدا. نومایندەی مەی بە مەئیوسی ناردەوە.

ئێستا تەکلیف چیە و میللەتی کورد چلۆنی پێ مەسڵەحەتە؟ بڵێن بزانم حەقمان نیە بڵێین ئەی تاران ئەو هەمو قەسروقسورەت کە بەماڵی مە دروست کردوە بەست بێ با ئەمەش فکرێکی بۆ خانولە گڵێنەکانمان کە وە غارانی دەورەی سەنگی دەچن بکەین و ئەو هەمو خیابانی ئەسفالت و کوچەی ڕازاوەت کافیە ئەمەش دە کوچانێك دا لەبەر تۆزی بە وشکانی و

لەبەر قوڕ بە تەڕوتوشی ناتوانین پیدا بڕۆین با ئیسلاحاتێکی بکەین ئەو هەمو تەجەمولله دە هەرخانویەکی تارانیت دا وە خرکردو خەرجو قیمەتی هەمو وڵاتی کوردانە چە ئیستیفادێکت لێ کردوە کە ئی دیت دەوێ؟ سنگ و بەرۆکی خانمانو هێندە زێڕو تێ کردوە کە دو ئێرانی دیشی پێ ئاوەن دەبێ، ئیدی چیت دەوێ لە کوردی ڕوتاوە؟

دیسان دەڵێم: بڵێن سەرانی کورد، بڵێن سەرداران، بڵێن برا جوتێرەکان و زەحمەتکێشەکان، بڵێن چە بکەین و تەکلیف چیە؟

دوای ئەوەی بەیاناتی حەزرەتی پێشەوا لە کاتێکدا تەواوی حازرین پەنجەرەی دڵیان بۆ حاڵی بون ئاواڵە کرد بو گوێیان لەو فەرمایشانە ڕاگرت بو لە نێو چەپڵەڕێزان و هوڕاکێشان و بژی کورد و کوردستان تەواو بو و تەواوی گەورە و چکۆلەی حازران یەکدەنگ و یەکئاواز هاتنە جواب لە وەڵامی حەزرەتی پێشەوای مەحبوب دا گوتیان:

ئاوری نیشتمانپەرستی و ئازادیخواهی ئێمە کوژاندنەوەی بۆ نیە ئێمە مەرامی موقەدەسی (یا مەرگ یا ئازادی) مان وە پێش گرتوە و ئازادی خۆشمان وە چەنگ هێناوە ئێستاش هاسانە ئازادی خۆمان زۆر مەردانە و پیاوانە دەپارێزین و ڕای دەگرین و ئامادەین ئازادی گشت نەتەوەکانی دانیشتوی ئێرانی تەئمین و پایەدار کەین و ئەوان لە ژێر زۆری دیکتاتۆرانی خوێنمژ و خوێنڕێژ دەربێنین و وەك خۆمان لە ئازادی بەشداریان کەین.

بژی کورد و کوردستان

بژی ئازادی و دیموکراسی بەڕاستی."(١٧)

٣ . ٣ . ٢ . خولی دوەمی گفتوگۆ لە تەورێز

بەیانی ڕۆژی ٢١ ی ٣ ی ٢٥ هەیئەتێکی حکومەتی ناوەندی لە تارانەوە بە سەرۆکایەتی موزەفەر فەیروز بۆ گفتوگۆ گەیشتە تەورێز. ئەندامانی هەیئەت بریتی بون لە: سەرتیپ محەمەد عەلەوی موقەدەم، موسا زادە، موهەندیس خوسرەو هیدایەت و، چەند کەسێکی تر. لەلایەن ئوستانداری تەورێز سەلامولا جاوید بەگەرمی پێشوازی لێ کرا.

پڕۆژە ٧ مادەییەکەی حکومەتی ناوەندی بنچینەی گفتوگۆکان بون. هەندێ ئاڵوگۆڕیان تێ دا کرد. پاش گفتوگۆ هەردولا گەیشتنە ئەم ڕێکەوتنەی لای خوارو:

"لە ئەنجامی گفتوگۆی حکومەت و نوێنەرانی ئازەربایجان بە لەبەرچاو گرتنی مەوادی حەوتگانەی ڕاگەیاندنی ٢ ی بانەمەڕی ١٣٢٥ ی حکومەت، کە جێگەی سەیرکردنی نومایندەگانی ناو براو بو، لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕی بیروڕا

ڕێکەوتن کە مادەکانی لای خوارو بۆ ڕون کردنەوە و تەواو کردنی ڕیك بخرێ و جێبەجێ بکرێ:

١. سەبارەت بە مادەی ١ ی ڕاگەیاندنەکەی حکومەت، سەرۆکی دارایی بە پێشنیاری ئەنجومەنی ئەیالەتی و پەسەند کردنی حکومەتی ناوەندی دائەنرێ.

٢. ئەنجومەنی ئەیالەتی چەند کەسێ بۆ ئوستانداری ناودێر ئەکات و وەزارەتی کیشوەر یەکێکیان لێ هەڵئەبژێرێ.

٣. حکومەت مەجلیسی میللی ئازەربایجان وەکو ئەنجومەنی ئەیالەتی ئەناسێ. دوای دامەزراندنی مەجلیسی پانزەهەم و دانانی قانونی تازەی ئەنجومەنی ئەیالەتی و ولایەتی کە لە لایەن حکومەتەوە پێشنیار ئەکرێ، ئەوسا ئەنجومەنی ئەیالەتی ئازەربایجان بە گوێرەی ئەو قانونە هەڵئەبژێردرێ.

٤. هێزەکانی ئازەربایجان بە بەشێ لە ئەرتەشی ئێران دابنرێن. کۆمیسیونێکی تێکەڵاو لە نوێنەرانی حکومەتی ناوەندی و ئەنجومەنی ئەیالەتی پێك ئەهێنرێ بۆ جێبەجێ کردنی.

٥. لە ٧٥% ی دەرامەتی ئازەربایجان بۆ خەرجی ناوچەیی و ٢٥% ی ئەنێردرێ بۆ ناوەند بۆ خەرجی گشتی ئێران.

تێبینی ١: دەرامەتی پۆست و تەلگراف و گومرگ و ڕێگای ئاسنین و کەشتیرانی لە دەریاچەی ورمێ دا هەموی بە حکومەتی ناوەندی ئەدرێ.

تێبینی ٢: دروستکردن و چاکردنی شەقامەرێکان لە ئەستۆی ناوەند و ڕێگا لاوەکی و ناوچەییەکان لە ئەستۆی ئەنجومەنی ئەیالەتی دا ئەبێ.

تێبینی ٣: ٢٥% ی دەرامەتی گومرگی ئازەربایجان بۆ دانیشگاهی ئازەربایجان تەرخان ئەکرێ.

٦. حکومەت هەوڵ ئەدا ڕێگای ئاسنینی میانە - تەورێز بە زوترین کات دەس پێ بکا و تەواوی بکا.

٧. هێزەکانی فیدائی ئەبن بە ژاندارمری کۆمیسیۆنێکی تێکەڵاو لە نوێنەرانی حکومەتی ناوەندی و ئەنجومەنی ئەیالەتی پێك ئەهێنرێ بۆ جێبەجێ کردنی.

٨. ئەو ئەرزانەی دابەش کراون ئەوی هی دەوڵەتە مانیعی لەسەر نیە ئەوی هی زەویدارەکانە ئەبێ بۆیان ببژێردرێ و، بۆ ئەو مەبەستە کۆمیسیۆنێکی تێکەڵاو لە نوێنەرانی حکومەتی ناوەندی و ئەنجومەنی ئەیالەتی پێك ئەهێنرێ بۆ جێبەجێ کردنی.

٩. حکومەت موافەقەت ئەکا دوای کردنەوەی مەجلیسی پانزەهەم پرۆژەی قانونی هەڵبژاردن لە سەر بنچینەی ئازادی و دیموکراسی، هەڵبژاردنی ئازادی نهێنی ڕاستەوخۆی ژن و پیاو دابنێ. ئازەربایجان بە گوێرەی زیادبونی ژمارەی دانیشتوانی ژمارەی نوێنەرەکانی زیاد بکرێ.

١٠. ئەیالەتی ئازەربایجان ئوستانەکانی ٣ و ٤ ئەگرێتەوە.

١١. حکومەت موافەقەت ئەکا بۆ دابینکردنی باش بەڕێوەچونی کاروباری ئازەربایجان شورای بەڕێوەبەرایەتی لە ئوستاندار و سەرۆکی دائیرەکان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ئەیالەتی پێك بێ.

١٢. لە قوتابخانەی ناوەنجی و بەرز خوێندن بە دو زمانی فارسی و ئازەربایجانی ئەبێ بە پێی بەرنامەی وەزارەتی فەرهەنگ.

١٣. حکومەت موافەقەت ئەکا کوردەکانی ئازەربایجان لە (مەزایای) ئەم ڕێکەوتنە کەڵك وەربگرن. تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بە زمانی خۆیان بخوێنن. کەمایەتییەکانی دانیشتوی ئازەربایجان وەکو ئاسوری و ئەرمەنی مافیان ئەبێ تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بە زمانی خۆیان بخوێنن.

١٤. لەبەر ئەوەی حکومەت بە تەمایە قانونێکی تازە بۆ هەڵبژاردنی شارداری بۆ هەمو ئێران لە سەر بنچینەکانی دیموکراسی، واتە دەنگدانی گشتی، نهێنی، ڕاستەوخۆی وەکویەك پێشنیار بکا بۆ مەجلیسی پانزەهەم، پاش پەسەندکردنی ئەو قانونە هەڵبژاردنی نوێ بۆ ئەنجومەنەکانی شارداری لە هەمو ئێران دا دەس پێ ئەکات. تا ئەو کاتە ئەنجومەنەکانی شارداری ئێستای ئازەربایجان کارەکانی خۆیان ئەنجام ئەدەن.

١٥. ئەم ڕێککەوتنامەیە بە دوڕونوس ئامادەکراو گۆڕدرایەوە. پاش پەسەند کردنی لە لایەن حکومەت و ئەنجومەنی ئەیالەتی ئازەربایجانەوە جێبەجێ ئەکرێ.

٢٣ ی خوردادی ١٣٢٥ موزەفەر فەیروز – پیشەوەری(١٨)

لە کاتی سەردانەکەی نوێنەرانی حکومەتی تاران دا بۆ گفتوگۆ بۆ تەورێز ڕۆژنامەی کوردستان دو وتاری گرنگی بڵاوکردۆتەوە: یەکێکیان لە ژێر سەردێڕی: "قابل توجه نمایندەگان حکومت تهران بازربایجان: ما أکراد چه میخواهیم؟" بە زمانی فارسی بە قەڵەمی ئیبراهیم نادری و، ئەوی تریان لە ژێر سەردێڕی: "چی مان لە تاران دەوێ؟" بە زمانی کوردی بە قەڵەمی ئەنوەر دڵسۆز.(١٩)

مەسەلەی هێزە چەکدارەکانی ئازەربایجان یەکێ لە کۆسپەکانی ڕێگای پێکهاتن بو. سەرانی ئازەری ئەیان ویست ئەفسەرەکانیان چ ئەوانەی

دەرچوی زانستگاکانی ئێران بون و دابویانە پاڵ ئەمان و، چ ئەوانەی خۆیان پلەو پایەیان پێ بەخشی بون، لە ڕیزی ئەرتەش دا بە هەمان پلەی هەیان بو وەربگیرێنەوە. ستادی ئەرتەش و، شا ئەمەیان قبوڵ نەکرد. بەڵکو نەیان هێشت ڕێکەوتنەکە هیچی جێبەجێ بکرێ.

۳. ٤. کێشەی کورد لە سەبەتەی مەسەلەی ئازەربایجان دا

بە بۆنەی خولی دوەمی گفتوگۆکانی نوێنەرایەتی ئێران و ئازەربایجانەوە، ڕۆژنامەی کوردستان لە ژێر سەردێڕی "دەنگوباسی حەفتە" دا نوسیویێتی:

" ئەحوالی سیاسی لەم حەفتەیەدا وا دەردەکەوێ... مەسئەلەی ئازەربایجان دو حەفتە بو لە بێدەنگی دا بو، ڕۆژنامە و ڕادیۆکانی دنیا لەم مەسئەلەیە نەدەدوان. چەند ڕۆژە ئەم مەسئەلەیە دوبارە کەوتۆتە سەر زبان. هاتنی ئاغای موزەفەر فەیروز معاوینی نوخست وەزیری حکومەتی تاران بۆ تەورێز لە مەحافیلی سیاسی دنیا دا شتێکی نوێ نیشان نەداوە لە ئانی برانی موباحەساتی تاران لە بەینی ئاغای پیشەوەری و ئاغای قەوامی سەڵتەنە لە لایەن هەردو تەرەفەوە ئیعلامیە درا کە نەگەیشتنە نەتیجەیەك و تەفاهوم حاسڵ نەبو، وە لە هەردو لاوە بڵاوکراوەکە نییەتی دوبارە کۆبونەوەیان هەیە لەبەر ئەوە مەسئەلەی موباحەساتی تەورێز شتێکی کوتوپڕی نەبو.

موباحەساتی تەورێز هەر وەکو بۆمان دەرکەوت ئاغای موزەفەر فەیروز هەمیشە لە گەڵ ئاغای قیوامو سەڵتەنە لە ئیتیسال دا بوە، موباحەسات پێش ئەوە لە تەورێزەوە ئیعلان بکرێت لە ڕادیۆکانی بێگانە ئیعلان کرا و ڕۆژنامەی (ڕەهبەر) ی تاران چەند ڕۆژە ئینتیهای موباحەسات و تەفاهومی هەر دولای بە ئەهالی گەیاندوە. موخبیرانی ڕۆژنامەی بێگانان لەم چەند ڕۆژەدا ئەم خەبەرەیان وەرگرتوە. ئینتیهای موباحەسات و تەفاهومی هەر دو تەرەف لە لایەن ئاغای پیشەوەری و ئاغای موزەفەر فەیروز هەر دو سەرۆکی نومایندەکانی تەورێز و تاران ئیعلان کران.

گۆیا حکومەتی تاران لە خودموختاریەتی ئازەربایجان موافیقە و ئەنجومەنی ئەیالەتی و ولایەتی بە ئینتیخاب و لە تەرەف میللەتی ئازەربایجان تەشکیل دەدرێت و ئازەربایجان مەجلیسی میللی خۆی دەبێ وە بۆ خۆی سەرۆکی خۆی تەعین دەکات وە بە گوێرەی ئەم ئیتیفاقیەیە حکومەتی خود موختاری ئازەربایجان لەشکری میللی خۆی دەبێ بەڵام بە ناوی ئەمنیە بۆ موحافەزەی داخلی دەناسرێت.

مەسئەلەی کورد

بێینە سەروکاری مەسئەلەی کورد، خوێندەوارە خۆشەویستەکان هەر وەکو دەزانن مەسئەلەی کوردی بەرامبەرسیاسەتی دنیا شتێکی بە ترسە پێشەوای موعەزەممان لە بەر ئەم نوقتەیە بە سیاسەتی حەکیمانەی خۆی مەسئەلەی کوردستانی ئێرانی بە مەسئەلەی ئازەربایجان بەستوە وە لەوەش دا ماعەدای قازانج هیچ زەرەرێکمان نەکردوە، چونکە میللەتی ئازەربایجان هەر وەکو میللەتی کورد لە ژێر چەنگاڵی ئیستیعمار و چەپۆکی دیکتاتۆری رەزاخان دەناڵێ لە هەرچی ناحیەیەك نوقسانیان بوبێ میللەتی ئازەربایجانیش نوقسانیان هەبو، لەبەرئەوە ڕەهبەری دانامان پێشەوای خۆشەویست هیچ مانعێکی نەدیوە بەڵکو بە زەروری زانیوە ئەمڕۆ مەسئەلەی کورد رەبتی مەسئەلەی ئازەربایجان بکرێت دەلیلیشم هەر وەکو دەبینن لە ڕۆژی ئەوەڵی ئازەربایجان هەڕچی شتێك بۆ میللەتی ئازەربایجان کرابێ بۆ میللەتی کوردیش کراوە لە هەر قیسمەتێك دەست بە پڕکردنەوەی نوقسانیان کراوە.

ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە حکومەتی تاران تەتبیقی قانونی ئەساسی ئێرانی دەرعوهدەی خۆی وەرگرتوە، جا ئەمەش وا نیە تەنیا لە ئازەربایجان بێ بەڵکو لە هەمو ئێران سەراپا. جا ئەگەر بەم چەشمە کە تەماشای مەسەلەی هەمو کوردستانی ئێران بکەین زۆر بە ئاسانی بۆمان دەر دەکەوێ کە کوێرەوەری ئەمەندە ساڵانەمان بە خەسار نەچوە وە گەیشتینە مەرام و ئامانجی خۆمان.

نەگبەتی ئێمە تاکو وێستا هەر هەندە بوە ئێمە بە زوبانی خۆمان نەدەخوێند، بێگانە دەهاتن دەبونە حاکمی ئێمە. ئەمیش لە تەتبیق نەکردنی قانونی ئەساسی بو دەگەڵ ئوسوڵی دیموکراسی، جا ئەگەر لە هەمو ئێران قانونی ئەساسی بە ئەمینی تەتبیق بکرێت مەعنای ئەوەیە کە لە کرماشانیش و لە سنەش بە کوردی دەخوێندرێت و ئەنجومەنانی ئەیالەتی و ولایەتی لە تەرەف میللەتەوە بە سورەتێکی دیموکراسی ڕاست ئینتیخاب دەکرێت و سەرۆکی خۆیان خۆیان تەعینی دەکەن.

ئەگەر ئەمەش زیاتر تەفسیر بکەم وا دەردەکەوێ: شارەکانی کوردستان چونکە هەموی بە زبانێك گفتوگۆ دەکات تابیعی یەك مەرکەز دەبن یەعنی پاش ئەوەی لە تەرەف ئەهالی ئەم شارانە ئەنجومەنانی ولایەتی ئینتیخاب دەکرێت لە تەرەف ئەم ئەنجومەنانە ئەنجومەنێکی ئەیالەتی لە یەك

مەرکەز ئینتیخاب دەکرێت وە لە تەرەف ئەنجومەنانی ئەیالەتی یەك نەفەر یا چەند نەفەرێك بە سەرۆکی ئینتیخاب دەکرێت.

هەر وەکو عەرزم کردن: ئیتیفاقیەی ئازەربایجان و تاران تەنیا مەشمولی میللەتی ئازەربایجان ناکات بەڵکو کوردیش حەتتا ئەرمەنی و ئاسوری لەمەدا بەشدارن. دەبێ هەمو کوردێك ئەم ڕۆژانەی ڕۆژی شادی و بەم خەبەرە بەختیار بێ. بۆ تەمامکردنی مەسەلەی کورد کۆسپەیەکمان لەبەر دەم دەمێنێ ئەو کۆسپەش ئەوەیە کە ئەنجومەنانی ولایەتی کوردستان تەماشای یەك ئەنجومەنی ئەیالەتی بکەن بۆ برینی ئەم مەسئەلەیەش زۆر ئیحتیمال دەبینم بە ئاسانی تەفاهوم بکەن چونکە بۆ ئاسایشی ئێران ئەگەر ئەمەندە زەحمەتانە ئاسان بکرێت وە حکومەتی مەرکەزی تاران هەمو مەتالییمان بدات دەبێ ئەمەشمان دروست بکرێت وە ئیللا هەر وەکو شتێك نەبونی وایە چونکە هەمو کوردستانی ئێران تەماشای سابڵاغ دەکات وە چرای سابڵاغ ڕێگایان بۆ ڕوناك دەکات وە هەمو کوردێك ئیمڕۆ دەیەوێ لە ژێر سێبەری پێشەوای ڕەهبەرمان بەرقەرار بێ."(٢٠)

ناوەرۆکی ئەم وتارە و، ئاگاداری‌یەکانی و، خۆشبینی‌یەکانی لە گەڵ ڕێککەوتنەکەی فەیروز - پیشەوەری دا یەك ناگرنەوە.

هەر لەو کاتەوە کە دەستەی نوێنەرایەتی کورد بانگ کرابون بۆ باکۆ گفتوگۆ لە سەر پاشەڕۆژی سیاسی کوردستان، باقیرۆف و کاربەدەستەکانی تری جمهوریەتی ئازەربایجانی سۆڤێتی ئەیان ویست مەسەلەی کورد لە ئێران دا بخەنە ناو مەسەلەی ئازەربایجانەوە. باقیرۆف، بۆ سەلماندنی قسەکانی، پێوەندی نێوان جمهوریەتەکانی یەکێتی سۆڤێت و نەتەوە بچوکەکانی ئەوێ‌ی بە نمونە بۆ هێنا بونەوە. بیانوەکانی باقیرۆف نوینەرایەتی کوردی پێ قانع نەکرا بو. کوردەکان سور بون لەسەر ئەوەی کە هەم حیزب و هەم حکومەتی تایبەتی خۆیان هەبێ.

جۆری بیرکردنەوەی باقیرۆف، نواندنەوەی جۆری بیرکردنەوەی سەرانی حکومەتی میللی ئازەربایجان و فیرقەی دیموکرات و نۆڕینی ئەوان بو بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی کورد. لە مانگەکانی دواییتریش دا هەر هەمان بۆچون زاڵ بو بەسەر جۆری بیرکردنەوەیان دا. قازی محەمەد لە کۆبونەوەیەك دا ڕۆژی ١٢ ی ١١ ی ٢٤ ئەڵێ: "دو دەفعە لە لایەن ئازەربایجانەوە بۆ تەورێزیان بانگ کردم کە لە ئازەربایجان دا کرێمان (!) هەبێ ئەمن پێشنیهادی ئەوانم قبوڵ نەکرد چون میللەتی کورد چوار ساڵە کە خودموختارە داوای ئیستیقلال و تێکخستنەوەی تەواوی خاکی کوردستان دەکا

زۆرم پێ گران بو کە لەو حەقەی دەست هەڵ بگرێ و ئیحساساتی ئێوە مانیعی ئەوەی بو کە ئێمە بە خودموختاری ڕازی بین چونکو لە موددەی ئەو چەند ڕۆژەی کە جێژن گیراوە ئیحساساتێکی ئێوە نواندوتانە وێنەیەکی حەساس و کامیلە و دەبێ دنیا بزانێ کە کورد لیاقەتی ئیستیقلال و سەربەخۆیی هەیە."(٢١)

لە بۆچونی ئازەری‌یەکان دا ڕەنگە دو شت کاری کردبێ، یەکێکیان لە بەر ئەوەی کورد بەسەر ٤ دەوڵەتی جیاوازی ئێرانی، تورکی، عەرەبی دا دابەش بوبون مەسەلەکەی دوراییەکی سیاسی ڕۆژهەڵات – ناوەڕاستیی هەبو. پشتیوانی‌ی مەسەلەی نەتەوایەتی کورد لە ئێران دا، تورکیا و عێراق و سوریای لە یەکێتیی سۆڤێت ئەوروژاند. ئەوەش بۆ سیاسەتی یەکێتیی سۆڤێت باش نەبو. ئەوی تریان گیانی خۆبەزلزانینی نەتەوەیی سەرانی ئازەربایجانی کە خۆیان لە کورد بە زلتر و، پێشکەوتوتر و، کوردیان لە خۆیان بە بچوکتر و، دواکەوتوتر دائەنا.

ئەوکاتەی ئەنجومەنی ئازەربایجان دامەزرا قازی محەمەد لە سەر داوای سۆڤێتی ٥ کەسی لە خەڵکی مەهاباد: سەیفی قازی، حاجی مستەفای داودی، مەنافی کەریمی، کەریمی ئەحمەدین، وەهابی بلوریان، بۆ بەشداری لەو ئەنجومەنەدا ناردە تەورێز.(٢٢) ئەم نوێنەرانە هیچ جیاوازی‌یەکیان نەبو لە گەڵ نوێنەرانی شارەکانی تری ئازەربایجان. بە نوێنەری گەلی کورد، یا تەنانەت بە نوێنەری حکومەتی کودستانیش، حساب نەئەکران.

خولی دوەمی گفتوگۆکانی ئازەری – ئێرانی مەسەلەی کوردی بردەوە بۆ دواوە و خستیە ناو سەبەتەی ئازەربایجانەوە. یەکەم، لەم گفتوگۆیانەدا نوێنەری کورد بەشدار نەکران. نوێنەرانی ئازەربایجان لە باتی هەر دو نەتەوە قسەیان لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی ناوەندی ئەکرد. دوەم، مەسەلەی کورد لە ئێران دا وەکو مەسەلەی تایبەتی نەتەوەیەکی سەربەخۆ کە ئەویش وەکو گەلی ئازەری قەوارەیەکی سیاسی و بەڕێوەبەرایەتی جیاوازی خۆی هەبێ کە خۆی ئەنواند لە مافی پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی ئەیالەتی و ولایەتی دا خرابوە پشت گوێ. کوردیش وەکو کەمایەتی‌یەکانی تری دانیشتوی ئازەربایجان: ئاسوری و ئەرمەنی باس کرابو. قازی لە نوتقەکەی ڕۆژی ٣١ ی ٢ ی ٢٥ دا دان بەمەدا ئەنێ. سێیەم، باسی کوردەکانی دەرەوەی ئازەربایجان، وەکو ئوستانەکانی کوردستان، کرماشان، ئیلام، کە زۆرایەتی کوردی ئێرانی بون بە تەواوەتی لە بیر کرابون. ئەگەر کوردەکانی ئازەربایجان لە "مەزایا" ی ڕێککەوتنی پیشەوەری – فەیروز شتێ

کەڵکیان وەربگرتایە: بۆ نمونە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بیان توانیایە بە زمانی خۆیان بخوێنن، ئەوا کوردی شوێنەکانی تر ئەوەشیان پێ نەئەبڕا.

٤. کورد و تاران

٤. ١. بۆچونی کاربەدەستانی ئێرانی بۆ چارەسەری کێشەی کورد

لە سالانی دوەم جەنگی جیهانی دا مەسەلەی نەتەوایەتی کورد لە ئێران دا دوراییەکی سیاسی بە خۆیەوە گرت بو. جولانەوە پچڕ پچڕ و لە یەك دابڕاوەکانی کوردستان، لە هەر دو ناوچەی نفوزی ڕوسی و بەریتانی دا، ئەگەرچی زۆرتر یاخیبونی خێڵەکی و دەربڕینی نارەزایی ڕێك نەخراوی ئێل و هۆزەکانی کورد بو، بەڵام گرنگی شاردراوەی کێشەی نەتەوایەتی کوردی پیشان ئەدا. کۆمەڵەی ژ. ك چالاکی‌یەکی ڕێکخراوەیی، سیاسی، ڕۆشنبیری، بەربلاوی دەس پێ کرد بو. گۆڤاری "نیشتیمان" و بلاوکراوە کوردی‌یەکانی لە عێراق و لوبنان و سوریا دەرئەچون بە سەرانسەری کوردستان دا بلاو ئەبونەوە. هەوالی جموجولی سیاسی کوردەکانی عێراق و، شۆڕشی بارزان ئەگەیشتە گوێی خەلکی کورد. ئێرانیش کە چەند ملیون کوردی تێ دا ئەژیا نەی توانی هەتا سەر گوێی خۆی بخەوێنێ. ئەترسا کێشەی کورد لەوێش بتەقێتەوە.

لە ١٦ ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٤ دا حکومەتی ئێران چەند کەسێکی لە پیاوە ناسراوەکانی بۆ گفتوگۆ لە سەر هەلومەرجی ئەوسای کوردستان بانگ کرد بۆ تاران لە وانە: قازی محەمەد، قەرەنی ئاغای مامەش، عەبدولا بایەزیدی مەنگوڕ، بایزی عەزیز ئاغای گەورك، عەلی ئاغای دیبۆکری. قازی بە هیوا بو حکومەتی ئێران هەندێ کاری باش لە کوردستان دا بکا وەکو: کردنەوەی قوتابخانە بە زمانی کوردی، نەخۆشخانە و ڕێگاوبان.(٢٣)

سەردانەکەی قازی و هاوسەفەرەکانی هیچ ئەنجامێکی دیار و بە کەڵکی نەبو. لەم سەفەرەدا قازی چەند کەسێکی لە کاربەدەست و بەرپرسەکانی حکومەتی ناوەندی بینی. لەوانە حەسەن ئەرفەع سەرۆکی ستادی ئەرتەش.

ئەرفەع خۆی باسی گفتوگۆکانی لە گەڵ قازی ئەگێڕێتەوە و، نوسیوێتی:

"هەر لەو کاتانەدا بو کە قازی محەمەد و سەیفی قازی هاتنە تاران. ڕۆژێکیان براکەی قازی، کە لە مەجلیسی شورای میللی یش دا نوێنەر بو، بە تەلەفۆن داوای لێ کردم خۆی و براکەی ببینم.

ئەوانە هاتنە ستادی ئەرتەش، بە دورودرێژی گفتوگۆمان کرد. سەدر و سەیف تا ئەندازەیەك محافەزەکارانە و نەرم ئەدوان. وایان دەر ئەخست کە

ئومێدەوارن حکومەتی ئێران لە کۆتایی دا خسوسییاتی تایبەتی‌یان دەرك بکا و مافە نەتەوەیی‌یەکانیان بسەلمێنێ و ئەوانیش بۆ پێشکەوتنی هەمو میللەتی ئێران لە گەڵ حکومەت هاوکاری بکەن. قازی محەمەد کە سەریحتر بو، سەرەتا گلەیی لە نارەحەتی‌یەکانی ڕابردو ئەکرد، باسی فەساد و بێ لیاقەتی دەزگا ئیداری‌یەکانی شوێنە کوردنشینەکانی کرد و لەوە دوا بۆچی لەم شوێنانەدا کەڵك لە کوردەکان خۆیان وەرناگرن بۆ کاروباری بەڕێوەبەرایەتی.

من وەڵامم دایەوە، کە ئەعلا حەزرەت هومایون شاهنشاه هەمان هەستی بەرامبەر کوردەکان هەیە کە بەرامبەر هەمو کەمە نەتەوەیی‌یەکان هەیەتی. دوای ئەوە بە بیرم هێنایەوە کە زۆر کورد لە ڕابردودا لەم وڵاتەدا گەیشتونەتە پلەی بەرز و تەنانەت یەکێکیان ئەندامی کابینەش بوە. هەڵبەت پێم لێ نا کە هەندێ فەساد و بێ لیاقەتی لە دەزگای بەڕێوەبەرایەتی دا هەبوە و هەیە. بەڵام ئێمە ئەبێ هاوکاری باش پیشان بدەین و بە ڕێبەری ئەعلاحەزرەتی هومایونی ئەم کەموکوڕی‌یانە چاك بکەین. شەخسی ئەعلاحەزرەت شاهنشاه ئیمپراتۆرێکە و هی میللەتێکی تایبەتی نیە، بەڵکو هی هەمو کەمینەکانی وەکو فارس، تورك، بلوچ، کورد، تورکمان، عەرەب و هی ترە، کە هەر کام لەوانە ئاداب و رسومی دێرینەی خۆی زیندو پاراستوە و، شانازی ئەکەن بەوەی بەشێکن لە میللەتی ئێران. لە گەڵ هەمو ئەم درێژەپێدانەدا سەیرم کرد کە قازی محەمەد بییەك نیە بەم بایانە بلەرزێ و، بێگومان لە پاشەڕۆژا ئەبێتە هۆی تەنگ پێ هەڵچنینمان."(٢٤)

بیرکردنەوەی ئەرفەع نمونەیەك بو لە جۆری بیرکردنەوەی هەمو کاربەدەستانی ئێرانی بەرامبەر ڕێگای چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوەیی کورد ئەوانە لایان وابو، یان ڕاستتر، ئەیان ویست وای دەربخەن لە ئێران دا شتێك نیە ناوی مەسەلەی نەتەوایەتی بێ.

٤. ٢. گفتوگۆی کوردی - ئێرانی

قازی محەمەد لە گفتوگۆیەك دا لە ١ ی مانگی حوزەیرانی ١٩٤٦ دا لە گەڵ پەیامنێری ئاژانسی "فرانس پرێس" کردی، لە وەڵامی پرسیارێك دا ئەڵێ:

" کورد رازی ئەبێ ئەگەر حکومەتی ناوەندی بڕیار بدا قانونی دیموکراتی لە هەمو ئێران دا جێبەجێ بکرێ و، دان بنێ بەو قانونانەدا کە ئێستا لە

کوردستان دا سەبارەت بە خوێندنی کوردی و ئۆتۆنۆمی بەڕێوەبەرایەتی ناوچەیی و لە شکر کاریان پێ ئەکرێ."

لە وەڵامی پرسیارێکی تردا ئەڵێ:

" هەلومەرجی کوردستان زۆر جیاوازە لە هی ئازەربایجان. وڵاتەکەی ئێمە هەرگیز لە لایەن هێزەکانی سۆڤێتەوە داگیر نەکراوە و، لەو کاتەوە رەزاشا وازی لە شاهێتی هێناوە، نە ژاندارم و نە هیچ هێزێکی تری ئێران نەهاتۆتە ناو کوردستانەوە. لە بەر ئەوە ئێمە لەو ساوە بە کردەوە بە سەربەخۆیی ژیاوین. ئێمە هەرگیز چاوپۆشی ناکەین لە هیچ جۆرە دەستێوەردانێکی بێگانە لە هەر کوێوە بێ. کێشەی کوردستان بە تەواوی مەسەلەیەکی ناوخۆیی‌یە ئەبێ لە نێوان کورد خۆی و حکومەتی ناوەندی دا لابەلا بکرێ.

ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ پێ دائەگرین لەسەر داوای ئۆتۆنۆمی‌یەکی جوزئی بۆ وڵاتەکەمان، گوناحی حکومەتی ناوەندی‌یە کە هیچی نەکردوە بۆ باشکردنی وەزعی ئێمە. ئێمە بە ڕاستی حەز ئەکەین ڕێگای پێشکەوتن بگرین. ئێمە حەز ناکەین لاسایی ئەمریکا یا ڕوسیا بکەینەوە، بەڵام ئەوەش ڕەت ئەکەینەوە کە وەکو ئاژەڵی وڵاتانی شارستانی بژین."(٢٥)

حکومەتی کوردستان ئیدیعای جیابونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆی نەئەکرد. بەڵکو ئەیویست وەکو حکومەتێکی "دی فاکتۆ" دانپیانانی قانونی حکومەتی تاران بە دەست بهێنێ و، ببێتە حکومەتێکی "دی ژور" لە چوارچێوەی "قانونی ئەساسی ئێران" دا. بۆ ئەوەش ئەبو لەگەڵ حکومەتی تاران گفتوگۆ بکات و، هەوڵی سازین و ڕێك کەوتن بدات.

جمهوریەتی مەهاباد خەریك ئەبو جێگیر ئەبو، ئەنجومەنی وەزیران کاروباری خۆی رائەپەڕاند، هیزی چەکداری جمهوریەت خەریك بو ئەبوە هێزێکی نیزامی ڕێکوپێك بە تایبەتی دوای ڕێکخستنی بارزانی‌یەکان و پۆلەکانی هیزی ناوەندی لە چەند فەوجی نیزامی دا، جمهوریەتی مەهاباد پەیمانێکی لەگەڵ جمهوریەتی ئازەربایجان دا بەست، ئەرتەشی ئێرانی لە جەبهەی سەقز لە بەرامبەر هێزی پێشمەرگە دا چەند کەڕەتێ شکا، گفتوگۆکانی حکومەتی ئازەربایجان لەگەڵ تاران سەری نەگرت. حکومەتی قیوامو سەڵتەنە قازی محەمەدی بانگ کرد بۆ تاران بۆ گفتوگۆ لەسەر ڕێکخستنەوەی جۆری پەیوەندی دەوڵەتی مەرکەزی و حکومەتی کوردستان.

کوردستان لە ژمارەی ٦٧ ی ٢٣ ی ٤ ی ١٣٢٥ نوسیوێتی:

"دەنگوباسی هەرە موهیمی داخیلی هەفتەی ڕابردو، تەشریف بردنی پێشەوای مەحبوبمان بۆ تاران بو، پێشەوا ڕۆژی دوەمی ئەو ڕۆژەی کە لێرە موسافەرەتی فەرمو لە تەورێزەوە بە تەیارە بۆ تاران موسافەرەتی فەرمو، لە ماوەی دو سەعات و نیو دا گەیشتە فرودگای تاران. لە فرودگا لە لایەن نومایندەی ئاغای قیوامو سەڵتەنە نوخست وەزیر و عیدەیەکی زۆر لە کوردانی نیشتەجێی تاران و ناسیاوان لە پێشەوا پێشوازی کراوە.

لە میوانخانەی دەربەند لە تەرەفی دەوڵەتەوە میوانی دەکرێ، پێشەوای موعەزەم لە ئەوەڵی ڕۆژی گەیشتنە تارانی لە لایەن نوخست وەزیر ئاغای قیوامو سەڵتەنە دەعوەت کراوە، تاکو ئێستا شتێکی ڕەسمی لە موباحەساتی پێشەوا و حکومەتی تاران نەزانراوە، بەڵام هەر وەکو بۆمان دەردەکەوێ، بێ دڵگیری لە ژێر ئاسمانێکی دۆستایەتی و تەفاهوم بۆ نەتیجە دەڕۆن."

لە ژمارەی ڕۆژی ۳۰ ی ٤ ی ۲٥ دا نوسیوێتی:

" پێشەوای مەزنی کوردستان،

کورد و کوردستانی بە دیداری موبارەکی شاد کرد و ژیاندەوە

حەزرەتی پێشەوا کە لە سەفەری تاران گەڕاوە چەند ڕۆژێك تەشریفی لە تەورێز ماوە و ڕۆژی ۲٦ ی ٤ ی ۲٥ کە خەبەری هاتنەوەی بە مەهاباد گەیشت هەیئەتی کۆمیتەی مەرکەزی و سەرانی حکومەتی میللی و سەرکردانی ئەرشەدی کوردستان و موحتەرەمین تا مياندواو و خانمان و شاگردانی مەداریس و هێزی ناوەندی و نزیکەی دە هەزار نەفەر پیاو و ژن گەورە و بچوك لە هەمو تەبەقەیەك تا یەك فرسەخی مەهاباد بە پێشوازی پێشەوای خۆشەویستی خۆیانەوە چون و سەعات ٦ ی نیوەڕۆ ڕۆژی ۲۷ ی ٤ ی ۲٥ لە نێو چەپڵەڕێزان و گوڵباران تەشریفی گەیشتەوە مەهاباد. کورد و کوردستانی بە دیداری موبارەکی شاد کرد و ژیاندەوە و لەگەڵ هەموان بە تایبەتی شاگردانی مەداریس و یەکەتی جەوانان ئەحواڵپرسی و ئیزهاری لوتفی فەرمو."(۲٦)

قازی محەمەد دەربارەی گفتوگۆکانی لەگەڵ کاربەدەستانی تاران لەگەڵ ڕۆژنامەی "ڕەهبەر" ئورگانی حیزبی تودە، گفتوگۆیەکی کرد بو، حەسەن قزڵجی کردویەتی بە کوردی و لە ڕۆژنامەی کوردستان دا دوبارەکراوەتەوە. ئەمەش تێکستەکەیەتی:

" موساحەبەی نوێنەری ڕۆژنامەی ڕەهبەر لەگەڵ پێشەوای مەزنی کوردستان.

ڕۆژنامەی ڕەهبەر دەنوسێ:

پێرەکە سەعات ٦ ی دوای نیوەڕۆ ئاغای قرشی ئەندامی هەیئەتی نوسەرانی ڕەهبەر لە ڤێللای ژمارە ٥ واقیع لە دەربەند لەگەڵ جەنابی قازی محەمەد ڕەهبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان کە دە ڕۆژ پترە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی هاتۆتە تاران موساحەبەی کردوە. شەرحی ئەو موساحەبەیە لە خوارەوە بە نەزەری خوێندەواران دەگا:

جەنابی قازی محەمەد کۆت و شەلوارێکی ساکاری لە بەر دابو و زۆر مەحبوب و بە ویقار و بە هەیبەت دەبیندرا. چەند نەفەر لە موتەنەفیز و گەورەگەورانی کورد کە لەو مەجلیسە دا حازربون ئیحترامێکی زۆر نیسبەت بە ڕەهبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان قایل بون. جەنابی قازی دوای ئەوەی لە تەقازای ئێمە ڕاجیع بە موساحەبە لە تەرەف (ڕەهبەر) ەوە ئاگادار بون زۆر بە مەیل و ئیشتیا حازر بون جوابی پرسیارەکانمان بدەنەوە. جوابەکانیان کورت و موختەسەر وسەریح و لە ڕوی ئیمان و قوەتی قەلبەوە بو:

پرسیار: مەڵبەند و قەڵەمڕەوی ئێستای نەهزەتی دیموکراتی کوردستان تا کوێ دەڕوا؟

وەڵام: مەڵبەندی نفوزی حیزبێکی کە بە ناو کۆمەڵێکی زۆروزەوەندا بڵاو بوبێتەوە زەحمەتە مەعلوم بکرێ. بەڵام نەهزەتی ئێمە ڕاستەوخۆ کوردی دەوروبەری ماکۆ، شاپور، خوی، ڕەزائیە، شنۆ، سندوس، سەقز و سەردەشت، کە نزیکەی حەوت سەد هەشت سەد هەزار کەسە شارەزایی و ڕەهبەری دەکا.

پرسیار: هێندێ لە سابیقە و ڕابردوی تاریخی نەهزەتی خۆتان شەرح دە؟

وەڵام: حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرەتای لە مەزڵومی و نا ڕەزایەتی قەدیم و کۆنەوەیە هەرچەندە سابیقەی زۆرە بەڵام لە نۆ مانگە بەم لاوە دەستی بە فەعالیەتی عەمەلی کردوە (کۆمیتەی مەرکەزی حیزب لە مەهابادە) دەستپێکردنەوەی حیزبی ئێمە بە فەعالیەت عەکسولعەمەلی زۆر بۆ هێنانی دەوڵەتانی مورتەجیعە کە لە پێش دەوڵەتی ئێستادا لە سەر کار بون و دەیانەویست دەگەڵ هەمو نەهزەتێکی لاگیری ئازادی و ئیستیقلالی ئێران بەربەرەکانی بکەن.

پرسیار: چ ئیقداماتێك تا ئێستا لەو ناحیە مەنتیقەدا کراوە؟

وەڵام: کارێکی هەرە گەورە کە نەهزەتی ئێمە لە مەڵبەندی دەسەڵاتی خۆی کردویە ئیجادی گیانێکی سەمیمییەت و یەکەتی‌یەکی بێ نەزیرە لە نێوان چەند سەد هەزار نەفەر برایانی ئێرانی ئێوەدا. ئەمنییەت و

ئارامی‌یەکی کە لەو مەڵبەندەدا هەیە قەت نەبوە و میللەتی ئێمە لە خۆڕا لە ئیجاد و ئیبداع و دەست کردنەوەیەکی بە شەرەفانە لە حەیسیەتی میللەتی ئێران زۆر شاکاریان کردوە. دەگەڵ ئەو وەختە کەمە و نەبونی وەسائیل، چاکردنی ڕێگایان، دامەزراندنی مەدرەسان، دامەزراندنی چاپخانە و بڵاوبونەوەی ڕۆژنامەو گۆڤار و... سیاسی و نیزامی کۆمەڵێکی زۆر لە کوردانی هاونیشتمانی ئێوە بەرەو تەرەقی ڕۆیشتوە.

پرسیار: ئاگات لە حاڵی کوردانی جنوبی کە ڕێ و ڕاست لە ژێر نفوزی مەعنەوی نەهزەتی ئێوەدا نین، هەیە؟

وەڵام: لەو جێگایانە لە هەمو جۆرە بزوتنەوەیەکی دیموکراتیك پێش گیری کراوە بەڵام ئێمە دەزانین لە هەمو جێگایەك هەمو کوردێکی زۆرلێکراو و عاشقی ئازادی لاگیری نەهزەتی بەرەو تەرەقی ئێمەیە.

پرسیار: وەزعی ئێستای کوردانی دنیا بۆ ئێمە شەرح بدە؟

وەڵام: بێجگە لە کوردانی ساکینی ئێران نزیکەی دو ملیۆن و نیو کورد لە تورکیادا ڕای دەبوێرن. لە تەرزی بزوتنەوە و ڕەفتاری ئێستای دەوڵەتی تورکیە نیسبەت بە کوردانی ساکینی ئەوێ خەبەرێکم نیە بەڵام لەوە پێش کوشتار و عەزیەت و ئازاریان دەکردن. وە ئەمەش کە دەوڵەتی تورکیە ئیدیعای دەکا کە: "مەسئەلەی کوردی لەو مەملەکەتەدا حەل کردوە" لە لای من قابیلی قبوڵ نیە. مەگەر پێمان وابێ کە ئەو حەل کردنە بە باری هەڵگوشین (!) و دامرکاندنی ئارەزوی میللی ئەوان دا بوبێ... بێجگە لەوەش نزیکەی ملیۆنێك و دوسەدهەزار کوردی دیکەش لە عێراق دا دەژین. ئاکار و بزوتنەوەی حکومەتی عێراقیش دەگەڵ ئەوان لە فیرار و هەڵاتنی بە پۆل و کۆمەڵی کوردانی عێراق بۆ مەنتیقە و مەڵبەندی نفوزی نەهزەتی دیموکراتیکی ئێمە ڕوناك دەبێتەوەو وە دەر دەکەوێ. بەڵام دەبێ بڵێم کە دەوڵەتی فرانسە دەگەڵ حەوت سەد هەزار کوردی کە لە سوریەدا دەژین باش بوە.

پرسیار: چ ڕابیتەیەکی مەعنەوی لە نێوان نەهزەتی کوردستان و ئازەربایجان دا هەیە؟

وەڵام: هەردك لامان بۆ ئامانجێك کە ئازادی و سەربەخۆیی حەقیقی و بە ڕاستی ئێرانە کار دەکەین.

پرسیار: دەکرێ لە گفتوگۆی تاران، یا کوللیاتی ئەوە ئاگادارمان بکەی؟

وەڵام: ئەمن چەند جەلەسە دەگەڵ ئاغای موزەفەر فەیروز معاونی سیاسی ئاغای قیوامو سەڵتەنە سەرۆك وەزیر و ئاغای سەرلەشکر ڕەزمئارا

وه دوجار دەگەڵ جەنابی سەرۆك وەزیر مولاقاتم کردوە، نەزەری ئاغای سەرۆك وەزیرم زۆر تێکەڵ بە حوسنی زەن و چاك نیەتی دیوە. داخەکەم بەرهەڵستێکی کە گفتوگۆی ئێمەی وەدواخست نەخۆشی جەنابی ئاغای قیوامو سەڵتەنە بو. لە خودام تەڵەبە زوتر چا بێتەوە تا موزاکەرە بە خێرو خۆشی و نەفع و قازانجی ئازادی دوایی بێت.

پرسیار: ئایا لەو ناوەدا چلوچۆیی مورتەجیع پاشەکشەکان قابیلی تەوەجوە و لێ وریا بون نیە؟

وەڵام: وەختێکی ئیرادەی میللەت و دەوڵەتێك لە کارێکی سەحیح و چاك دا رێك کەوێ. هیچ شتێ ناتوانێ پێشی لێ بگرێ. من ئاتیەیەکی زۆر چاك تێبینی دەکەم و هیوادارم دەوڵەتی مەرکەزی بتوانێ دیموکراسی بە هەمو ئێران دا بڵاو بکاتەوە.

پرسیار: نەهزەتی دیموکراتیکی کوردستان تا چ ئەندازەیەك یارمەتی دیموکراسی ئاتیەی ئێران دەدا؟

وەڵام: نەهزەتی ئێمە لە ئازادیخوازانی تارانەوە ئیلهامی گیر کەوت. ئێمە شاعیرێکی میللی بە ناوبانگمان هەیە بە نێوی هەژار کە قەسەیدەیەکیشی لە رۆژنامەی رەهبەردا چاپ کرابو. لەم قەسەیدەیەدا گوتویە: "ئێمە بە شمشێر ئەوان بە قەڵەم" ئەمن ئەو قسەیە وا بەیان دەکەم کە قەڵەمی ئێوە لە تاران کاری سەد شمشێری ئێمەی لە مەنتیقەی خۆمان کرد و میللەتی ئێمە زۆریان دڵ بە نەهزەتی ئازادیخوازی ئێرانەوەیە. رۆژنامە ئازادیخوازەکانی تاران بە ئیشتیا دەخوێننەوە وەتف و لەعنەت لە رۆژنامەی ئیرتیجاعی و پاشەکشە دەکەن.

پرسیار: لەو مانگانەی دوایی دا لە نێوان دەوڵەتی مەرکەزی و نەهزەتی کوردستان دا بەرهەڵستێکی وابو کە نەیەڵێ هەردك لا لێك نزیك ببنەوە و رێك کەون یان نە؟

وەڵام: پێش دەوڵەتی جەنابی قیوامو سەڵتەنە ئەم جۆرە بەرهەڵستانە زۆر بون بەڵام دوای ئەوە کە ئەو دەوڵەتە هاتە سەرکار، دەوڵەتی مەرکەزی هەوڵ و تەقەللای دا بۆ رێك کەوتن و سازان.

پرسیار: بۆچی فەرانسەوی راجیع بە مەسەلەی کورد زۆر عەلاقە دەنوێنن و ئایا ئەو خەبەرەی موخبیری فەرانسەوی بە زمانی تۆوە گوتویە: "ئێمە هەر وەختێك کە کەیفمان لێ بێ کرماشان دە دەست دەگرین"، راستە یا نا؟

وەڵام: من پێم وایە فەرانسەوی دەگەڵ کوردان نەزەرێکی خراپیان نیە لە سوریە ئەوەندەی لە دەستیان هاتبێ کۆمەکیان بە کوردان کردوە. راجیع بە

خەبەرێکی موخبیری فرانسە لە زمانی منەوە گوتویە: هەوەڵ ئەوەیە کە ئەم قسەیە بە ئێستا، کە ئێمە لاگیری ئەوەین مەسئەلە بە موسالەمەت حەل بێ، مەربوت نیە. دوەمیش ئەمەیە کە مەنزور دە دەستگرتنێکی غاسیبانە و ئیمپریالیستی نەبوە بەڵکو مەقسود ئازادکردنی بەشێك لە هاونیشتمانان و کۆمەکێکی پتری بە ئازادی تەواوی ئێران بوە و دیسانیش دەڵێمەوە کە دەوڵەتی ئێستا ئەو جۆرە نەزەریاتە کە هی زەمانی حکومەتە ئیرتیجاعی‌یەکانی پێشوە لە ناو دەبا."(٢٧)

قازی لە نوتقی ڕۆژی ٤ ی ٥ ی ٢٥ دا گۆشەیەکی تری گفتوگۆکانی خۆی لە گەڵ قەوام باس کردو، وتی:

"... بۆ خۆتان دەزانن کە ئەمن بۆ وەرگرتنی حقوقی کورد شەوورۆژ وچانم نەداوە و ئەو زەحمەتەش بە فەخر دەزانم تا یەك ڕۆژم لە دنیا ما بێ دەست لە فیداکاری هەڵ ناگرم و بە هەمو کەسێکی دەسەلمێنم کە کورد شایانی ژیانە.

دیسان بۆ خۆتان دەزانن کە لە پێش دا ئێمە بە هیچ جۆرێك داوای تەجزییەی ئێرانمان نەکردوەو تەنیا مەبەستمان ئازادی خۆمان و پاراستنی دیموکراتی بو. بەڵام لە پێش دا کاربەدەستانی ئێران بێجگە لەوەی جوابیان نەداینەوە شۆخی‌یشیان بە داوای ئێمە کرد و ناچار بوین حکومەتی میللیمان دامەزراندو هێزی خۆمان لە بەرامبەر ئەوان تاقی کردەوە. ئەوان کە ویستیان لەمە بێنە پێش ئێمەش لەوان چوینە پێش ئێستاش ئەوان حازر بون پاشەکشێ بکەن ئێمەش ئامادە بوین بکشێینەوە..

لە سەفەری تارانم دا دەگەڵ ئاغای قیوامو سەڵتەنە زۆرم گفتوگۆ کرد. ئاغای قەوام نەزەرێکی موساعیدی دەگەڵ کوردان هەیە. ڕۆژێك ئاغای قیوام پێی گوتم: ئەوا ئێمەش بوینە دیموکرات و حیزبی دیموکراتی ئێرانمان دامەزراندوەو وا بەباش دەزانم کە نێوی حیزبی دیموکراتی کوردستان بگۆڕن و نێوی بنێن حیزبی دیموکراتی ئێران. منیش وەڵامم داوە: کە ئەمن بە بێ تەسویبی کۆمیتەی مەرکەزی هیچ کارێکی ناکەم چونکە دیموکراتی مەعنای ئەوەیە کە شەخس ناتوانێ مەسڵەحەتی میللەتێ بێ مشاوەرە بگرێتە دەستی خۆی. ئاغای قیوام دانی بەوەدا هێنا کە کوردستان شایانی تەقدیرە و میللەتی کورد ئامادەی هەمو جۆرە فیداکاری‌یەکە بۆ گەیشتن بە ئازادی و دیموکراتی و گوتی: نەهزەتی دیموکراتی کوردستان بە پشتیوانێکی گەورەی خۆمان دەزانین و ئومێدمان ئەوەیە کە بە هۆی ئێوەوە دیموکراتی لە تەواوی ئێران دا بڵاو بێتەوە..."(٢٨)

قازی لە سەردانەکەی تارانی دا وەکو خۆی ئەڵێ: دوجار قیوام و، چەند جارێ موزەفەرفەیروز و رەزمئارای دیوە. لەو بارەیەوە وتویەتی کە "ئاغای قیوام نەزەرێکی موساعیدی دەگەڵ کوردان هەیە" و "نەزەری ئاغای سەرۆك وەزیرم زۆر تێکەڵ بە حوسنی زەن و چاك نیەتی دیوە". بەڵام بە ڕەسمی شتێك دەربارەی ناوەرۆکی گفتوگۆکانی بڵاو نەکراوەتەوە.

هەمو ئەوانەی لە سەر ئەم ڕوداوەیان نوسیوە، بێ ئەوەی ناوی سەرچاوەیەکی ڕەسمی ببەن، لەوەدا یەك ئەگرنەوە کەوا: سەروەزیری ئەوسای ئێران، قەوامی سەڵتەنە، پێشنیاری کردوە بۆ قازی محەمەد هەمو ناوچە کوردنشینەکانی ئێران لە سنوری سۆڤێتیەوە تا کامیاران، لە نێوانی هەردو ئوستانی کرماشان و سنەدا، بکرێتە یەك ئوستان و، قازی محەمەد ببێتە یەکەمین ئوستانداری ئەم مەڵبەندە یەکگرتوە.(٢٩)

کرماشان نەخراوەتە ناو سنوری ئوستانی پێشنیار کراو. یەکەمیان، چونکە کرماشان نەوتی تێ دا بوە. کۆمپانیە بەریتانیەکان نەوتی ئەوێیان دەرئەهێنا دیارە ئەوان بە هیچ جۆرێ قبوڵیان نەئەکرد بخرێتە ناو ئوستانێکەوە کورد بەڕێوەی ببات. دوەمیان، کرماشان لە دابەشکردنی سەرزەمینی ئێران دا بەشی بەریتانی بو. بەریتانیاش ڕازی نەئەبو بەوە.

یەکێ لە خواستە سەرەکیەکانی کورد، چ لە ئێران و چ لە عێراق، یەکخستنی هەمو ناوچە کوردنشینەکان بوە لە یەکێتیەکی بەڕێوەبەرایەتی دا. بۆیە ئەمە بە دەستکەوتێکی گەورە دائەنرا بۆ گەلی کورد. لە بەرامبەر ئەم دەستکەوتەدا قیوام داوای لە کورد ئەکرد دەست لە دۆستایەتی و هاوپەیمانێتی ئازەربایجان هەڵ بگرێ.(٣٠)

قازی، بە لەبەرچاوگرتنی تەجروبەکانی ڕابردوی کورد لە گەڵ کاربەدەستانی ئێران، تا چە ڕادەیەك ئەی توانی باوەڕ بە گفت و بەڵێنەکانیان بکا. هەرچۆنێ بێ ئەگەر کابرایەکی ماکیافیللی بوایە ئەم "عەرز" ەی قوبوڵ ئەکرد. بەڵام قازی پیاوی "بیروباوەڕ" بو. لە بەرئەوە داواکەی قیوام لە قازی، لە فەرزێك دا ئەگەر ڕاستیش بوبێ، قابیلی قوبوڵ نەبو، چونکە ئەمە سەرەڕای ئەوەی بە پەیمانشکێنی و بێبەڵێنی دائەنرا بۆ قازی محەمەد، گەلی کورد و حکومەتی کوردستانی: هەم لە دۆستایەتی ئازەربایجان بێ بەش ئەکرد، کە قازی بە برا و پشت و پەنای دائەنان و، هەم لە دۆستایەتی یەکێتی سۆڤێتی دائەبڕی، کە بە تەنیا پشتیوانی خۆیان ئەزانی. یەکێتی سۆڤێتی هەرگیز سەودایەکی وەهای لە نێوان کورد و تاران

دا لە سەر حسابی ئازەربایجان پەسەند نەئەکرد. شارەزایەکی ئێرانی دەربارەی قیوام نوسیویێتی:

"... قەوامی سەڵتەنە بۆ بەدەسهێنانی دڵنیایی ڕوسەکان و دەستە چەپییەکان، تەمایلی زۆری بە فیرقە (مەبەستی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجانە) نیشان ئەدا، لە هەمان کاتا هەوڵی ئەدا ئەگەر بتوانێ پیشەوەری بە دەستی قازی محەمەد یا هەردوکیان بە هۆی حیزبی تودەوە سەرکوت بکا، یا بە پێچەوانەوە بە یارمەتی ئەو دو کەسە کە دو کەسایەتی سەرناس و قودرەت تەلەب بون، حیزبی تودە لە ناوا نەهێڵێ یا کەساسی بکا..."(٣١) قەوام سیاسییەکی ئێرانی زیرەك بو، ئەیویست کوردستان لە ئازەربایجان داببڕێ و، ئەو پەیمانەی بەست بویان هەڵ بوەشێتەوە، بە تایبەتی ئەیزانی سەرکردایەتی جمهوریەتی کوردستان کۆمۆنیست نین وەکو سەرکردایەتی ئازەربایجان. بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان و ئازەربایجان، هەوڵی ئەدا لە پێش دا ئەمانە بێ بەش بکا لە پشتیوانی یەکێتی سۆڤێتی و، سۆڤێت ناچار بکا هێزە چەکدارەکانی لە ئێران بکێشێتەوەو ئەوسا ئەرتەشی ئێران دەس بگرێتەوە بە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئازەربایجان و کوردستان دا. گفتوگۆکانی تاران بێ ئەوەی بە ئەنجامێکی باش بگا کۆتاییان هات. قازی بە نائومێدی گەڕایەوە کوردستان.

٥. کورد و ڕوس

٥. ١. سیاسەتی کوردیی یەکێتی سۆڤێت

یەکێتی سۆڤێت، وەکو دەوڵەتێکی گەورەی کۆمۆنیستی دوژمنی ڕیژێمی سەرمایەداری، ستراتجێکی دنیایی هەبو. کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشێکی ئەم ستراتیجە بو. یەکێتی سۆڤێت لە چەند سەرەوە پەیوەندی بەم مەڵبەندەوە هەبو. لە گەڵ دو دەوڵەتی ناوچەکە هاوسنور بو. دانیشتوانی هەندێ لە جمهوریەتەکانی ئاسیای هاودین و هاوڕەگەز و هاوزمان بون لە گەڵ هەندێ لە گەلەکانی ئێران و تورکیا. ئاوی گەرمی خەلیج و، پەترۆڵی ناوچەکەش دو هۆی گرنگی، یەکێکی کۆن و یەکێکی تازەی، ڕاکێشەری بون. دوای ئەوە لە شەڕی ئەڵمانیاوە گلا، گرنگیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ستراتیجی سیاسی – سپایی سۆڤێتی دا، لە چاو جاران دا، چەند جارێ زیادی کرد.

کورد جگە لەو کەمایەتییە بڵاو و ڕاگوێزراوەی کە لە ناو یەکێتی سۆڤێتی دا ئەژیان، لە ٤ دەوڵەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دا هەبون

وەکو بەشێکی گرنگی دانیشتوان، بەڵکو وەکو نەتەوەیەکی سەرەکی، بەڵام بێ بەش لە مافی نەتەوەیی و، لە بەشداریی دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەتەکان و، لە بڕیاردانی دوارۆژی سیاسی ناوچەکە. کورد لە ستراتیجی سۆڤێتی دا جێگە یا گرنگی‌یەکی تایبەتی نەبو. ئەگەر بایەخی بە مەسەلەی کورد بدایە لەو ڕوانگەیەوە بو: هەمو کاتێ ئەیان توانی، لەم دەوڵەتانەدا، نائارامی‌یەکی سەرەنجام نادیار بخولقێنن، ئاسایشی هەمو ناوچەکە بشێوێنن. یەکێتی سۆڤێت ئەی ویست، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سنورە سیاسی‌یەکانی بێ گۆڕان وەکو خۆی بمێنێ، ئەو نەتەوانەی لەم وڵاتانەدا ئەژین لە چوارچێوەی دەوڵەتەکانی خۆیان دا گەشە بکەن.

ئێران هاوسنور و دراوسێی لای خواروی بو. شاڕێی گوێزانەوەی کەلوپەل و تفاقەکانی دەوڵەتانی هاوپەیمان بو لە خەلیجەوە. پاش لێخرانی ڕەزاشا و هەڵتەکاندنی نفوزی ئەڵمانی لای سەروی کەوت بوە ژێر دەسەڵاتی ڕوسی و، لای خواروی ڕۆژئاوای کەوت بوە ژێر دەسەڵاتی بەریتانی و ئەمەریکی. هەمو جۆرە جموجوڵ و نائارامی‌یەك کە ئاسایشی ئەم شاڕێیەی، کە دوایی ناویان نا پردی سەرکەوتن، تێك بدایە لە گەڵ ستراتیجی سیاسی – سپایی سۆڤێتی دا نەئەگونجاو، هیچ جۆرە قازانجێکی ئەوی تێ دا نەبو. کاربەدەستانی ڕوسی چەند جارێ پشتیوانی‌یان لە دەسەڵاتی ناوەندی تاران کرد دژی نائارامی و جموجوڵی سەرانی کورد، جارێکیان لە بانەمەڕی ١٣٢١ دا کە ڕێگایان دا بە ئەرتەشی ئێران لە تارانەوە هێز بنێرێت پادگانەکانی ورمێ و دەوروبەری ئاوەدان بکاتەوە و دەست بگرێتەوە بە سەر مەڵبەندەکەدا.(٣٢) جارێکی تریش لە ڕەزبەری ١٣٢٣ دا، کاتێ کە داوای وەرگرتنی ئیمتیازی نەوتیان لە حکومەتی ئێران ئەکرد.(٣٣) تا بڕانەوەی جەنگ ئاوڕیان لە جموجوڵی کۆمەڵەی ژ. ك و، بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و، گەورەپیاوەکانی کورد نەدایەوە.

تورکیاش دەوڵەتێکی تری هاوسنور و دراوسێی لای خواروی ڕوسیا بو. لە جەنگ دا بێلایەن ڕاوەستا بو. ئەمەش بۆ یەکێتی سۆڤێت گرنگ بو. سنورێکی دورودرێژی زەمینی و دەریایی گرنگی کە بە درێژایی چەند قەڕن لە حاڵەتی دوژمنایەتی دا بو لە گەڵی، لە مەترسی هاوکاری ئەڵمانی دور کەوت بووەوە. کاتێ کاربەدەستانی تورك پەژارە و ترسی خۆیان لە جموجوڵی کوردەکانی ناو ئەرزی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئەوان دەبڕی، یەکێتی سۆڤێتی پەژارەکەی ڕەواندنەوە. یەکێتی سۆڤێتی هیچ قازانجێکی لە نائارامی‌یەکی کوردی دا نەبو لە ناو ئەرزی ئەم دراوسێ بێلایەنەی دا و، هیچ قازانجێکی لەوەش دا

نەبو تورك لە بەر خاتری کورد بترسێنێ یا برەنجێنێ. بزوتنەوەی کوردیش لە تورکیا لە کۆتایی سییەکانەوە وەها بە توندی سەرکوت کرا بو بەو نزیکانە چاوەڕوانی بوژانەوە و بەهێزبونی لێ نەئەکرا.

عێراق لە ژێردەستی بەریتانیا دا بو، بەریتانیاش هاوپەیمانێکی جەنگیی کاریگەری سۆڤێت بو. ئەگەرچی بزوتنەوەی کورد لە عێراق دا هەرگیز نەکوژابوەوە، بەڵام لە ساڵانی جەنگ دا بەهێزتر و ڕێکوپێکتر کەوت بوە چالاکی. لە ڕوی سیاسییەوە، کۆمەڵی هیوا، هێزێکی سیاسی کاریگەری پێك هێنابو. لە ڕوی چەکداریشەوە شۆڕشی بارزان هەڵگیرسابو. شۆڕشی بارزان لە ناکۆکی دا بو لە گەڵ بەریتانیا، هەوڵی ئەدا دۆستایەتی لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت ببەستێ، کەچی کاربەدەستانی سۆڤێتی هەم لە کۆمەڵەی هیوا و هەم لە سەرکردەکانی شۆڕشی بارزان بەدگومان بون، چونکە نەیان ئەویست نائارامی هەبێ. بە چاوی گومانەوە سەیری هەمو نائارامی و پشێوی و ڕاپەڕین و جموجوڵێکی شۆڕشگێڕانەیان ئەکرد.

سوریا لە ژێر دەستی فەرەنسەدا بو. کاتێك حکومەتی پاریس سەری بۆ ئەڵمانیا دانەواند، هێزەکانی فەرەنسە لەسەروی ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرپێچییان کردو، حکومەتی ئازادی فەرەنسایان دامەزراند. فەرەنسای ئازاد هاوپەیمانی جەنگیی یەکێتی سۆڤێت بو. کوردەکانی سوریا بە ژمارە کەم بون، ئەگەر چالاکییەکیان هەبوایە زۆرتر کاری ئەکردە سەر کوردستانی تورکیا. لەبەر ئەوە بۆ یەکێتی سۆڤێت باش نەبو لە ناو کوردەکانی سوریاش دا هیچ جموجوڵێك هەبێ بۆ ئەوەی نە تورکیا بترسێ و، نە فەرانساش خەریك بێ. بەدرێژایی ساڵانی جەنگ یەکێتی سۆڤێتی قازانجی لەوەدا بو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئارام بێ. سیاسەتیشی بەرامبەر بە کورد ئەوە بو: هیچ جموجوڵێ نەکا. بەڵام دوای برانەوەی جەنگ و، پێویستی کێشانەوەی هێزەکانی لە ئێران و، دەرکەوتنی ئەمریکا وەکو زلهێزێکی نوێ و، هەڵگیرسانی "جەنگی سارد"، کوردی ئێران لە سیاسەتی ئێرانیی سۆڤێتی دا جۆرێ لە بایەخی پەیدا کرد.

٥. ٢. بانگهێشتنی سەرانی کورد بۆ باکۆ

د قاسملو نوسیوێتی:

" پاش پێکهاتنی ح د ك، لە سەرەتای خەرمانانی ساڵی ١٣٢٤ دا قازی محەمەد بە سەردان چوە تەورێز و لە جێژنی پێکهاتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە ١٢ ی خەرمانانی ١٣٢٤ (٣ ی سیپتامبری ١٩٤٥) دا بەشدار بو. هەر پاش ئەم جێژنە لە گەڵ چەند کەسی دیکە بۆ جاری دوهەم بۆ باکۆ

بانگهێشتن کرا. دیاره سەفەری ئەم جاره سەفەرێکی بە تەواوی سیاسی بو، چونکە قازی محەمەد وەك سەرۆکی ح د ك و ئەندامانی دیکەی هەیئەتیش وەك بەڕێوەبەرانی ح د ك چونە باکۆ. هەر بۆیەش ئەم جاره داخوازەکانیان فۆرمولە کرا بون. داوایان لە یەکێتی سۆڤێتی ئەوە بو کە پشتیوانی لە حکومەتی کوردستان بکا کە خەریکی پێکهێنانی بون، یارمەتی مالی بەم حکومەتە بکا و چەك و تەقەمەنیشی بۆ بنێری، بۆ ئەوەی حکومەتی کوردستان بتوانێ سوپای میللی و هێزی چەکداری خۆی دابمەزرێنێ.

ئەم جارەش هەیئەتەکە هەر لە گەڵ باقیرۆف قسەی کرد. هەڵوێستی باقیرۆف لە جاری پێشتر زۆر باشتر بو. لە لایەنی یەکێتی سۆڤێتی‌یەوە بەڵێنی دا:

١. چەکی سوك و قورس بدەن بە حکومەتی کوردستان.
٢. یارمەتی مالی بدەن.
٣. بۆ پێگەیاندنی هەندێ کادری جەنگی لاوانی کورد لە فێرگەکانی خۆیان وەربگرن.
٤. چاپخانە لە مەهاباد دابمەزرێنرێ.(٣٤)

نوێنەرایەتی کورد بۆ باکۆ ئەمجارەیان بریتی بون لە: قازی محەمەد، سەیفی قازی، مەنافی کەریمی، عەلی رەیحانی، قاسمی ئێلخانی زادەی دیبوکری، عەبدولا قادری مامەش، کاك هەمزەی نەڵۆسی مامەش، نوری بەگی بەگزادە.(٣٥)

سەردانی سەرانی کورد لە باکۆ و، گفتوگۆکانیان بۆ پشتیوانی لێ کردنی دامەزراندنی حکومەتی کوردستان، لە کاتێك دا بو کە جەنگی جیهانیی براوەوە. یەکێتی‌ی سۆڤێت بە گوێرەی ئەو بەڵێنەی لە کاتی ئیمزاکردنی پەیمانی ٣ قۆڵی دا ساڵی ١٣٢١ دابوی، ئەبو ئیتر ڕێوشوێنی کێشانەوەی ئۆردوی سور و، بە جێ هێشتنی ئێران دابنێ. ئەی بۆچی بە درێژایی سالانی سەردەمی جەنگ کوردی پشت گوێ خست بو، کەچی لەم کاتەدا کەوتە هاندانی سەرکردەکانی ئازەربایجان و کوردستان حکومەتی ناوچەیی خۆیان دابمەزرێنن؟ یا بۆچی سەرانی کورد لە دوای برانەوەی شەڕ هەوڵی بە دەستهێنانی پشتیوانی ڕوسی‌یان دا بۆ دامەزراندنی حکومەتی کوردستان و، لە سەردەمی شەڕدا ئەم هەوڵەیان نەدا؟ تۆ بڵێی سەرانی کورد نەیان زانی بێ یا نەیان بیست بێ ساڵی ١٣٢١ پەیمانێکی ٣ قۆڵی لە نێوان ئێران لە لایەك و، ڕوسیا و بەریتانیا لە لاکەی ترەوە بەسترا بو، یەکێ لە مادەکانی

گفتی چۆڵ کردنی ئێران بو دوای شەڕ بە شەش مانگ. خۆ ئەگەر ئەمەیان ئەزانی چۆن هیوایان لە سەر مانەوەی ئوردوی سوری سۆڤێتی هەڵچنی بو؟

سۆڤێتییەکان هەندێ لەو گفتانەیان بەجێ هێنا کە دابویان بە نوێنەرایەتی کوردو، هەندێکێشیان بە جێ نەهێنا: ١٠ هەزار تفەنگی برنەویان دانێ، بەڵام چەکی قورسیان پێ نەدان. یارمەتی ماڵیشیان نەدان، مەگەر ئەو سەودایەی لە سەر کڕینی توتنی کوردستان کرا. ٦٠ لاوی کوردیش نێردرانە سۆڤێت بۆ پەروەردە کردنی سپایی. لە مەهابادیش چاپخانەیەك دامەزرا.(٣٦)

٥. ٣. سۆڤێت: ئامۆژگاریکەرێکی خراپ

لە دوای دامەزراندنی حکومەتی کوردستان بۆ ڕێکخستنەوەی پێوەندییەکانی خۆی لە گەڵ حکومەتی ناوەندی دو ڕێگەی لە بەردەم دا بو:

یەکەمیان، ئازادکردنی ناوچە کوردنشینەکانی ژێر دەسەڵاتی ئێران.

دوەمیان، سازین لە گەڵ حکومەتی ئێران.

کاتێ کە کفتوگۆکانی ٨ – ٢٣ ی ٢ ی دەستەی تێکەڵاوی نوێنەرایەتی کورد و ئازەر لە گەڵ حکومەتی ئێران بە تێشکان تەواو بو، وە هێزەکانی ئەرتەش لە قۆڵی سەقزەوە کەوت بونە شەڕفرۆشتن بە هێزەکانی پێشمەرگەی دیموکرات. حکومەتی کوردستان هێزەکانی خۆی لە قۆڵی سەقز کۆکردەوە. هەمو ئەو هێزانە بە گەرمی ئامادە بون پەلاماری سەقز، بانە، سەردەشت، سنە... بدەن. لەوکاتەدا هێزەکانی ئێران چەند جارێ هات بونە پێش، شەڕیان بە پێشمەرگە فرۆشت بو، هەر دولا یەکترییان لە مەیدانی شەڕدا تاقی کردبوەوە. ئەرتەش ورەیان ڕوخاو و پێشمەرگەکان ورەیان بەرز بو. سەربازگاکانی میرەدێ، بانە، سەردەشت و تەنانەت هێزەکانی سەقز لە لایەن پێشمەرگەوە گەمارۆ درا بون. نەیان ئەهێشت خواردەمەنی و پێویستییەکانی تریان پێ بگات.

ئەمە هاوزەمان بو لە گەڵ کۆبونەوەکانی پیشەوەری – فەیروز لە تەورێز و، شەڕی مامەشا. هاشمۆف، کۆنسوڵی ڕوسی لە ڕەزائیە، لەو کاتەدا گەیشتە بنکەی سەرکردایەتی هێزی دیموکرات لە سەرا. لەوێ چاوی بە قازی محەمەد، مەلا مستەفا، عومەر خانی شکاك و سەرکردەکانی تری کورد کەوت و پێی وتن:

واز لە هێرشەکەیان بهێنن، ئەگینا لەوانەیە توشی ڕوبەڕو بونەوە ببن لە گەڵ هێزی بەریتانی، چونکە بەریتانیا قازانجی ژیانیی لە نەوتی کرماشان دا هەیە، وە ئەگەر توشی ڕوبەڕو بونەوە ببن لە گەڵ هێزی بەریتانی، ئەوا

ناتوانن حساب لە سەر پشتیوانی روسی بکەن و، ناشتوانن رێگا لە ئەرتەشی ئێرانی بگرن ئەگەر لە قۆلێکی ترەوە پەلاماری حکومەتی کوردستان بدات.(٣٧)

قسەکانی هاشموف جێگەی خۆی گرت. سەرکردەکانی کورد وازیان لە بیری هێرش هێنا. پێشتر مەنافی کەریمی‌یان نارد بو فەرمان بە هێزەکانی پێشمەرگە بدات پەلاماری سەردەشت بدەن. هێشتا بە رێگاوە بو فەرمانێکی پێچەوانەی ئەوەی یەکەمی پێ گەیشت: فەرمانی پێ درا کە پێیان بلێ راوەستن و چاوەڕێ بن.

لە باتی هێرش کردن گفتوگۆی سپایی لە جەبهەی شەڕ دەستی پێ کرد بو جۆرێ لە رێکەوتنی ئاگربڕ لە نێوان ئەرتەش و پێشمەرگەدا، کە قازی خۆی لە گەڵ رەزمئارا ئیمزاو، سەرپەرشتی جێبەجێ کردنی کرد.

دیارە بۆ یەکێتی سۆڤێت گرنگ نەبو، حکومەتی کوردستان ناوچە کوردنشینەکانی تریش بهێنێتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. یا کارەکانی خۆی بۆ پێشەوە ببات. بۆ یەکێتی سۆڤێت لەو کاتەدا ئەوە گرنگ بو رێککەوتنەکەی پیشەوەری – فەیروز سەربگرێ و، حکومەتی قیوام لە سەر کار بمێنێ بۆ ئەوەی وەکو بەڵێنی دابو: ئیمتیازی نەوتی شیمال بە روسیا بدات.

بەمجۆرە هێزەکانی کورد لەو سنورە تەسکەدا بە قەتیس ماوی لە سەنگەرەکانی خۆیان دا مانەوە تا ئەو رۆژەی هێرشی گەورە و دوایی ئەرتەشی ئێران بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان و ئازەربایجان دەستی پێ کرد.

کاربەدەستانی سۆڤێتی هەر وەکو نەیان هێشت کورد بە شەڕ کێشەکەی خۆی بە لادا بخات، پێشیان خۆش نەبو بە سازین و رێککەوتن لە گەڵ دەسەڵاتی ناوەندی چارەسەری بکات. لەو کاتەدا کە قازی محەمەد لە تاران خەریکی گفتوگۆ بو لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانی و، قیوام پێشنیاری کرد ناوچە کوردنشینەکان بکرێنە یەك ئوستان و، بەڕێوەبردنی بە کورد خۆی بسپێرن، دیسانەوە کاربەدەستانی سۆڤێتی بە توندی دژی ئەم پرۆژەیە راوەستان و، نەیان ویست کورد بە ئاشتی کێشەکەی خۆی بە لادا بخات، چونکە لە لایەك ئازەربایجانی پێ لاواز ئەبو، لە لایەکی ترەوە کارتی کوردیان لە دەس ئەدا. یەکێتی سۆڤێت وەکو ئامۆژگاریکەرێکی خراپ، هەم هەلی شەڕ و هەم هەلی ئاشتی لە کیس سەرانی حکومەتی کوردستان دا و، سەرانی کوردیش بە قسەیان کردن.

پەراوێزەکانی بەشی شەشەم

١. گ نیشتمان، ژ ٧ و ٨ و ٩، خاکەلێوە، بانەمەڕ، جۆزەردانی ١٣٢٣، ل ٥–٦.
٢. احمد فوزی، قاسم والاکراد: خناجر و جبال، بیروت، ١٩٦١، ل ١٠٣–١٠٤.
٣. ئیگلتن: ل ٤٥.
Eaglton,William,Jr. The Kurdish Republic of 1946, London,1963. p.٤٥.
لێرە بە دواوە ئەنوسین: ئیگلتن.
٤. ر کوردستان، ژ ٢٨، ٢٥/١/٧ بەرامبەر ١٩٤٦/٣/٢٧.
٥. ر کوردستان، ژ ٢٤، ٢٤/١٢/٢٢.
٦. ر کوردستان، ژ ٩، س ١، شەممو ١٣ ی ڕێبەندانی ٢/١٣٢٤ ی فیوریەی ١٩٤٦.
٧. د قاسملو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی: کورتەیەك لە مێژوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. بەرگی یەکەم، چ ٢، ١٩٨٨، ل ٩٠.
٨. قاسملو، س ن، ل ٩١.
٩. ە س، ل ٩٢.
١٠. ر کوردستان، ژ ٤٥، ٢٥/٢/١٨.
١١. سرلشکر احمد زنگنە، خاطراتی از ماموریت‌های من در آذربایجان (از شهریور ١٣٢٠ تا دی ماە ١٣٢٥)، انتشارات شرق، تهران، بلا. ل ٨. لێرە بە دواوە ئەنوسین: زەنگەنە.

هەروەها: جعفر مهدی نیا، زندگی سیاسی قیوام السلطنە، چ ٢، تهران، تابستان ١٣٦٦، ل ٥٠٩. لێرە بە دواوە ئەنوسین: مەهدی نیا.
ئیگلتن، س ن، ل ٨٢.
١٢. ر کوردستان، ژ ٤٤، ١٣٢٥/٢/١٦ بەرامبەر ٦/٥/ ١٩٤٦.
١٣. ر کوردستان، ژ ٤٩، ١٣٢٥/٣/٤ بەرامبەر ١٩٤٦/٥/٢٣.
١٤. ر کوردستان، ژ ٥٠، ١٣٢٥/٣/٦ بەرامبەر ١٩٤٦/٥/٢٧.
١٥. مەهدی نیا، س ن، ل ٣٣١.
هەروەها: حاج مخبر السلطنە هدایت، خاطرات و خطرات، چ ٤، زوار، تهران ١٣٦٣. ل ٤٤٧.
١٦. ر کوردستان، ژ ٥٠، ١٣٢٥/٣/٦ بەرامبەر ١٩٤٦/٥/٢٧.
١٧. ر کوردستان، ژ ٥٠، ١٣٢٥/٣/٦ بەرامبەر ٢٧ ی مەی ١٩٤٦. ئەسلی شیعرەکە بە فارسی بەمجۆرەیە:

همە سر بسر تن بکشتن دهیم
ازان بە کە کشور بدشمن دهیم

١٨. مەهدی نیا، س ن، ل ٣٣٥–٣٣٩. هدایت، س ن، ل ٤٤٨.
١٩. ر کوردستان، ٢٥/٣/٢٢.
٢٠. ر کوردستان، ژ ٦٠، ٢٥/٣/٢٩.
٢١. ر کوردستان، ژ ٣٠، ٢٥/١/١٢.
٢٢. ئیگلتن، س ن، ل ٦٠.

٢٣. دکتور عزیز شمزینی، الحرکه القومیه التحرریه للشعب الکردی، مطبعه الشهید ابراهیم عزو، نیسان ١٩٨٦. ل ١٥٩.

هەروەها: فریده کوهی - کمالی دیهکوردی، کۆماری کوردستان: دامەزران و ڕوخانی، نامەیەك بۆ بەدەستهێنانی پلەی ماستەر بە ئینگلیزی دراوە بە زانستگای ئۆکسفۆرد، ١٩٨٦. ل ٤٥-٤٦. ئەویش لە ئارشیفی بەریتانی دەرهێناوە.

٢٤. ئەرفەع، س ن، ل..؟

....P. 1966, London, The Kurds, Hassan Arafa,

٢٥. هاوێڵ، ل ١٨٨.

The soviet Union And The kurds: A study ،WILSON N. ،Jr. ،HOWELL .P. 188 ،1965 ،Of National Minority

٢٦. ر کوردستان، ژ

٢٧. ر کوردستان، ژ

٢٨. ر کوردستان، ژ

٢٩. قاسملو، س ن، ٩. ئیگلتن، س ن، ل ١٠٦. مەهدی نیا، س ن، ل ٥١٨ - ٥١٩.

علاءالدین سجادی، شۆڕشەکانی کورد و کورد و کۆماری عێراق، بەغداد، چاپخانەی مەعارف، ١٩٥٩. ل ٢٩٩. لێرە بە دواوە ئەنوسین: سجادی.

هەروەها: مەحمود مەلا عیززەت، کۆماری میللی مەهاباد: لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی، ١٩٨٤. ل ١٧٧.

٣٠. سجادی، س ن، ل ٢٩٩.

٣١. مەهدی نیا، س ن، ل ٣٣٠.

٣٢. زەنگەنە، س ن، ل ٣٧.

٣٣. دیهکوردی، س ن، ل ٤١.

٣٤. قاسملو، س ن، ل ٦٦.

هەروەها بڕوانە: عیززەت، کۆماری میللی.... ل ٩٣. ئیگلتن، س ن، ل ٤٣.

٣٥. ئیگلتن س ن،...

٣٦. قاسملو، س ن، ل ٦٦.

٣٧. ئیگلتن س ن، ل ٩٧. قاسملو، س ن، ل ١٠٢.

٧. کوردستان لە ژێر هەرەسی سەرماوەزدا

١. کابینەی قەوامی سەڵتەنە

١. ١. نائارامی سیاسی

لەو کاتەوە کە رەزاشا لێخرا تا ئەو کاتەی کاروباری وەزارەت بە ئەحمەد قەوامی سەڵتەنە سپێردرا ئێران لە نائارامی‌یەکی سیاسی بەردەوام دا بو. وەزارەت دائەنراو پاش ماوەیەك لێ ئەخرا، بێ ئەوەی توانیبێتی هیچ یەکێ لە گیروگرفتە ئاڵۆزەکانی وڵات چارەسەربکا. بێکاری، کەمی خواردەمەنی و کەلوپەلی پێویستی ژیان، پەنمینی دراو، گرانی، هەلومەرجی ژیانی خەڵکیان تاڵ کرد بو.

مەحمود جەم، مەتین دەفتەری، عەلی مەنسور (مەنسورولمولك)، محەمەد عەلی فروغی (زەکائولمولك)، عەلی سوهەیلی، ئەحمەد قەوامی سەڵتەنە، دوبارە عەلی سوهەیلی، محەمەد ساعید مەراغەیی (ساعیدولوزارە)، مورتەزا قولی بەیات (سوهامولسولتان)، ئیبراهیم حەکیمی (حەکیمولمولك)، موحسین سەدر (سەدرولئەشراف)، دوبارە حەکیمولمولك، ئینجا قەوامی سەڵتەنە، بە ریز بە دوی یەك دا ئەهاتن و ئەرۆیشتن. هەندێکیان لە چەند حەفتەیەك زیاتر نەیان ئەتوانی لەسەر کار بمێیننەوە.(١)

لە کاتێك دا هێزەکانی دیموکرات پادگانەکانی تەورێزیان گەمارۆ دابو، حکومەتی ناوەندی ویستی لە تارانەوە هێزی ئەرتەش بۆ یارمەتی‌یان بنێرێ. ئۆردوی سور لە نزیك قەزوین رێگەیان پێ گرت و گێڕایانەوە دواوە. سەروەزیری ئێران ئیبراهیم حەکیمی، لەم بارەیەوە، پەیامێکی بۆ سەرانی ٣ دەوڵەتە گەورەکە نارد. لەو ماوەیە دا دوەمین دانیشتنی کۆنفرەنسی وەزیرانی دەوڵەتانی سەرکەوتو لە مۆسکۆ ئەبەسترا. حەکیمی ویستی بچێتە پایتەختی سۆڤێتی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ وەزیرانی دەرەوە. کرملین گوێی نەدایە ئەم ویستە. لە کۆبونەوەکەش دا، نوێنەرانی سۆڤێتی ئەو پێشنیارەیان وەرنەگرت، کە نوێنەرانی لەندەن و واشینتۆن کرد بویان، بۆ لێکۆڵینەوەی روداوەکە و دۆزینەوەی چارە. لە بەر ئەوە حەکیمی گازاندەی ئێرانی دژی

یەکێتیی سۆڤیت پێشکەش کرد بە "ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان". دوای ئەوە ڕاستەوخۆ لە ١ ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ دا وازی لە سەروەزیری هێنا.(٢) حەکیمی بە لایەنگیری سیاسەتی ئینگلیز ناسرا بو.

٢. ١. پێکهێنانی کابینەی قەوام

لە کۆبونەوەی ڕۆژی ٦ ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ ی مەجلیسی شورای میللی دا ١٠٤ نوێنەر ئامادە بون. لە ئەنجامی دەنگدان دا بۆ بەخشینی باوەڕ بە سەروەزیر، ئەحمەد قەوامی سەڵتەنە ٥١ دەنگ و موئتەمەنولمولك ٥٠ دەنگی بە دەس هێنا. قەوام بو بە سەروەزیری ئێران. قەوام زەویوزارێکی فراوانی لە ناوچەکانی ژێر دەستی ڕوسی دا لە سەروی ئێران هەبو. خۆی وای دەرئەخست کە لە گەڵ سیاسەتی سۆڤێتی دا ڕێکە.

ئەنجومەنی ئاسایش لە کۆبونەوەی ٣٠ ی ١ ی ٤٦ دا لە دوای مشتومڕێکی توند لە نێوان نوێنەرانی ئێران و سۆڤێت دا، بڕیارنامەیەکی پەسەند کرد، کە وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ئیرنست بوین، پێشنیاری کرد بو، بڕیارنامەکە ئێران و ڕوسیای ڕائەسپارد بۆ بەلاداخستنی کێشەکانیان گفتوگۆی ڕاستەوخۆ بکەن.(٣)

قەوام ڕۆژی ١٨ ی ڕێبەندان لە کاتی ناساندنی کابینەکەی دا بە مەجلیس وتی:

"لەم کاتەدا کە بە پێی ئارەزوی زۆرایەتی مەجلیس و فەرمانی ئەعلا حەزرەتی هومایونی بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت بە عۆدەی من سپێردراوە... قوبوڵکردنی مەسئولیەتێکی وا قورس لە لایەنی منەوە لە باری شێواوی ئێستای وڵات و لە گەڵ دژواریی بەینەلمیلەلی‌دا کە مێژو وێنەی کەمتر دیوە بە تەنیا بۆ خزمەتی نیشتمانی پیرۆز و ڕزگاری هاونیشتمانانە لە تۆفانی مەترسی گیروگرفت." قەوام ئەندامانی کابینەکەی خۆی بەمجۆرە بە مەجلیس ناساند:

سەر وەزیر و، وەزارەتی کاروباری دەرەوە و،	ئەحمەد قەوام سەڵتەنە
وەزارەتی کیشوەر	بەیات
وەزارەتی دارایی	سەرلەشکر فەیروز
وەزارەتی ڕێگا	ئەنوشیروان سوپەهوبدی
وەزارەتی دادگوستەری	ئەحمەد عەلی سوپهەر
وەزارەتی پیشە و هونەر (کار)	دکتۆرر ئیقبال
وەزارەتی بیهداری	

وەزارەتی پۆست و تەلەگراف و تەلەفۆن	سوهامەدین غەفاری
وەزارەتی فەرهەنگ	مەلیکوشوعەرا بەهار
جێگری وەزارەتی کشتوکاڵ	شەمسەدین ئەمیر عەلائی
معاونی سیاسی و پارلەمانی	موزەفەر فەیروز
وەزارەتی جەنگ	سوپەهبودئەمیر ئەحمەدی

هەر لەم کۆڕەدا قەوام ڕای گەیاند، بۆ بەهێز کردنی پایەکانی دۆستایەتی لە گەڵ یەکێتی سۆڤیێت لە سەر بنچینەی ڕێزگرتنی یەکتری، سەردانی مۆسکۆ ئەکا.

١. ٣. سەردانی مۆسکۆ

قەوام ڕۆژی ٢٩ ی ڕێبەندان لە گەڵ دەستەیەکی نوێنەرایەتی کە پێك هات بو لە: جوادی عامیری، حەمید سەیاح، دکتۆر شەفەق، عەبدولحسێن نیکپور، سەلمان ئەسەدی، دەری، عەمید نوری، جیهانگیر تەفەزولی، قاسم مەسعودی، حەمید ڕەزەوی، پیرنەزەر، چو بۆ دیتنی ستالین و کاربەدەستانی تری سۆڤیێتی لە مۆسکۆ. لە سەرەتای ڕەشەمەدا هەواڵنێری سۆڤیێتی لە مۆسکۆ ڕایگەیاند: ڕۆژی ٢٥ ی شوبات لەو کۆبونەوەیەدا کە لە گەڵ ئاغای قەوامی سەڵتەنە کرا، بڕیاری حکومەتی سۆڤیێتی پێ ڕاگەیانرا کە لە ڕۆژی ٢ هەمی مارتەوە بەشێ لە هێزەکانی سۆڤیێتی لە خوراسان، شاهرود، سمنان لە ڕۆژهەڵاتی ئێران، کە ئارامی‌یەکی نیسبی تێدایە، ئەکشێنەوە، بەڵام هێزی سۆڤیێتی لە شوێنەکانی تری ئێران دا ئەمێنێتەوە تا وەزع ڕون ئەبێتەوە.

سەردانی قەوام بۆ سەرانی کورد مایەی پەژارە بو. یەکێ لە نوسەرەکانی کوردستان لە وتارێك دا بە ناوی "شورەوی و ئێران" بەم بۆنەیەوە نوسیوێتی:

"ئێستاش کە قەرارە هەیئەتێك نوێنەر بە سەرۆکیی ئاغای قەوامی سەڵتەنە بچنە مۆسکۆ بۆ ئەوەی کە حەق بکەن بە ناحەق و مەرامی شومی هیتلەری نازی زیندو کەنەوەو نەهێڵن ئیستعیمار لە بەین بڕوات... ئێمە بە ناوی مەدەنییەت دەڵێین و دەنوسین سێ دەوڵەتی ڕوس و ئینگلیس و ئەمریکا کە بە یەکەوە مەنشوری ئەتلانتیکیان بەست بۆیە بو... داروەدەستەکانی مەحو و نابوت کەن و نەتەوەکانی کە هەتا ئەوڕۆ لە ژێر چنگورکی ئیستیبدادو ئیستیعماردا دیل و یەخسیر و ناڵاندویانە ڕزگاریان بێت و سەربەست بژین: ئەگەر بێت و خودای نەکەردە وەفا بە عەهدی خۆیان نەکەن بە زویەکی زو ئاوری چارەڕەشی نەتەوە چوکەکان هەڵ دایسێنن و قسەی تیا نیە داوێنگیری وانیش دەبێت. جا کەوابو هیوامان وایە دەوڵەتی

دیمۆکراسیە ڕاستەکان چاوەنۆڕیی نەتەوە چوکەکانی دونیا بە ناهومێدی نەگۆڕنەوە و گوێش بە گوتەی نوێنەرانی دیکتاتۆری ئێرانییەکان، کە بۆ دەسڕێك قەیسەرییەکی ئاور تێ بەر دەدەن، نەدەنەوە."(٤)

١. ٤. قەوام دەستی ستالین ئەبڕێ

قەوام ماوەیەکی درێژ لە مۆسکۆ مایەوە. لەوێ بەڵێنی بە سەرانی سۆڤێتی دابو: ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی شیمال بدا بە ڕوس و، "تودەیی" یەکانیش لە کابینەکەی خۆی دا بەشدار بکات. کاتێ گەڕایەوە تاران خولی ١٤ هەمی مەجلیس تەنیا چەند ڕۆژێکی تەمەنی مابو. سەروەزیران دەربارەی گفتوگۆکانی ڕاگەیاندنی خواروی بڵاو کردەوە:

" گفتوگۆیەکی کە لە لایەن سەروەزیرانی ئێرانەوە لە مۆسکۆ لە گەڵ کاربەدەستانی حکومەتی یەکێتی سۆڤێتی دەستی پێ کراو لە تاران پاش هاتنی سەفیری سۆڤێتی درێژەی پێ درا لە ١٥ ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ دا بەرامبەری ٤ هەمی نیسانی ١٩٤٦ بە ئەنجامی ژێرو گەیشت و، لە سەرهەمو مەسەلەکان بە تەواوی پێك هاتن.

١. هێزەکانی لەشکری سور لە تاریخی ٢٤ ی مارتی ١٩٤٦ دوە واتە یەکشەممو ٤ هەمی خاکەلێوە لە ماوەی مانگ و نیوێکا هەمو خاکی ئێران چۆڵ ئەکەن.

٢. ڕێککەوتننامەی دامەزراندنی کۆمپانی تێکەڵاوی نەوتی ئێران و سۆڤێتی و مەرجەکانی لە ١٤ ی مارتەوە تا ٧ مانگی تر بۆ پەسند کردن بۆ مەجلیسی شورای میللی پێشنیار ئەکرێ.

٣. لەبەرئەوەی ئازەربایجان مەسەلەیەکی ناوخۆی ئێرانە، ڕێوشوێنێکی هێمنانە بۆ ئیسلاحات بە پێی قانونەکانی ئێستاو بە گیانی خێرخوازی بەرامبەر خەڵکی ئازەربایجان لە نێوان حکومەت و خەڵکی ئازەربایجان دائەنرێ."(٥)

١. ٤. ١. ڕێککەوتنی نەوتی ئێرانی – ڕوسی

لە ساڵەکانی جەنگ دا هەم کۆمپانیەکانی ئەمریکاو، هەم یەکێتی سۆڤێت ئەیان ویست ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی سەروی ئێران وەربگرن. بڵاوبونەوەی هەواڵی گفتوگۆی ژێربەژێری حکومەتی ئێران و کۆمپانی نەوتی ئەمریکی "ستاندارد ئۆیڵ" بۆ دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوت لە خواروی ڕۆژهەڵاتی ئێران دا، کرملینی وروژان. لە ئەیلولی ١٩٤٤ دا نوێنەری ڕوسی بە ڕەسمیی ئەم داوایەی لە ئێران کرد. مەجلیسی شورای میللی ئەوسا لە

سەر پێشنیاری د. محەمەد موسەدەق قانونێکی دانا کە تا ئەو زەمانەی هێزی بێگانە لەئێراندا بێ، مەجلیس بۆی نیە باسی دانی ئیمتیازی هیچ سامانێکی ژێرزەمینی بە دەوڵەتانی بێگانە بکا.(٦)

قەوام لە ١٥ ی ١ ی ٢٥ دا نامەیەکی ڕەسمیی بۆ سەفیری سۆڤێتی لە تاران نوسی:

"جەنابی ئاغای سادچیکۆف سەفیری مەزنی یەکێتی کۆمارە سۆڤێتیە سۆسیالیستەکان

بە دوای گفتوگۆی دەمیی کە لە نێوانمان دا بوە بەڕێزەوە بە حزوری ئەو جەنابەی ئەگەیەنێ، حکومەتی ئێران موافەقەت ئەکا کە حکومەتەکانی ئێران و سۆڤێتی کۆمپانییەکی تێکەڵاوی ئێرانی سۆڤێتی نەوت بۆ گەڕان و کەڵك وەرگرتن لە ئەرزە نەوتاویەکانی ژوروی ئێران بەم مەرجە سەرەکییانەی لای خوارو دابمەزرێنێ:

١. لە ماوەی ٢٥ساڵی کاری یەکەمی کۆمپانی لە ٤٩% بەشەکانی هی ئێران و لە ٥١% هی سۆڤێت ئەبێ و لە ماوەی ٢٥ ساڵی دوەمی دا ٥٠% بەشەکانی هی ئێران و ٥٠% تری هی سۆڤێت ئەبێ.

٢. قازانجەکانی کۆمپانی بە پێی ڕادەی بەشەکان لە نێوان هەر دولادا بەش ئەکرێن.

٣. سنوری ئەرزەکانی یەکەم کە بۆ گەڕان تەرخان کراون ئەوەیە کە جەنابعالی لە میانەی گفتوگۆکانی ٢٤ ی مارت دا بەم لایەنەی سپارد بو، بێجگە لە خاکی ئازەربایجانی غەربی کە لە ڕۆژئاوای خەتێکەوە لە نوقتەی لێکدانی سنورەکانی سۆڤێتی و تورکیا و ئێرانەوە دەس پێ ئەکا و بە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی ڕەزائیەدا ڕائەبورێ تا ئەگاتە شاری میاندواو. بەوجۆرەی ڕۆژی ٤ ی نیسانی ١٩٤٦ خراوەتە سەری و دیاری کراوە. حکومەتی ئێران بەڵێن ئەدا ئەو خاکەی کەوتۆتە لای خۆرئاوای خەتی باسکراو بە ئیمتیازی کۆمپانیە بێگانەکان بسپێرێ.

٤. سەرمایەی لایەنی ئێرانی بریتی ئەبێ لە ئەرزە نەوتاویەکانی مادەی سێیەم کە دوای کاری فەنی ئەبێتە خاوەنی بیری نەوت و بەرهەمەکەی قابیلی کەڵك لێ وەرگرتنی کۆمپانی ئەبێ. سەرمایەی لایەنی سۆڤێتیش بریتی ئەبێ لە هەمو جۆرە خەرج و ئالات و ئەدەوات و موچەی شارەزا و کرێکارەکان کە بۆ دەرهێنانی نەوت و پالاوتنی پێویست ئەبن.

٥. کارەکانی کۆمپانی پەنجا ساڵە.

٦. پاش بەسەرچونی ماوەی کاری کۆمپانی حکومەتی ئێرانی مافی هەیە بەشەکانی سۆڤێتی لە کۆمپانی بکڕێتەوە. یا ماوەی کۆمپانی درێژ بکاتەوە.

٧. پاراستنی ئەو ئەرزانەی جێگەی گەڕان و بیری نەوت و هەمو دامەزراوەکانی کۆمپانی بە تەنیا بە هۆی هێزی ئاسایشی ئێرانەوە ئەبێ."(٧)

١. ٤. ٢. "تودەیی" ئەبن بە وەزیر

لە سەرەتای گەلاوێژی ١٣٢٥ دا حیزبی تودە گوشارێکی زۆری بۆ قەوامی سەڵتەنە برد کە:

١. حیزبی دیمۆکرات (حیزبەکەی قەوام خۆی) و، حیزبی تودە و، حیزبی ئێران و، فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان و، حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بەرەیەکی یەکگرتو پێك بهێنن.

٢. کابینەکەی ئێستا هەڵ بوەشێنرێتەوەو کابینەیەکی ئیئتیلافی تر بە بەشدار بونی ئەو حیزبانە بە سەرۆکایەتی قەوام دابمەزرێنرێ.

٣. "شورای موتەحیدەی مەرکەزی" وەکو یەکێتی رەسمی کرێکاران بناسرێ.(٨)

قەوام نەچوە ژێر باری خواستەکانی حیزبی تودە. حیزبی تودەش ئەوەندە سور نەبو لە سەری. پاش گفتوگۆیەکی درێژ تەنیا ئەوەی لێ قبوڵ کردن کە ٣ کەس لە سەرانی حیزبی تودە لە وەزارەتەکەی دا جێ بکاتەوە.

ڕۆژی ٩ گەلاوێژ بە فەرمانی قەوام وەزیرەکانی کابینەی پێشو وازیان هێناو لە جێگەی ئەوان ٣ وەزیری تودەیی: دکتۆر یەزدی، ئیرەجی ئەسکەندەری، دکتۆر کیشاوەرزی، دانا.(٩)

قەوام بەم کارە زیرەکانەیە دو نیشانی بە جارێ ئەنگاوت، لەو کاتەدا تودەییەکان نفوزیان لە تاران و هەندێ شاری تردا زۆر زیادی کرد بو ئەیان توانی گیروگرفتی زۆر دروست بکەن. بەمە دەمکوتی کردن. ئەوی تریان زیاتر باوەڕ و دڵنیایی کاربەدەستانی سۆڤێتی بە دەس هێنا.

تودەییەکان ئەو کاتەی لە وەزارەت دا بون، وایان پێشنیار ئەکرد قەوام بەرەیەکی یەکگرتو پێك بهێنێ و، کورسییەکانی پەرلەمان لە نێوان حیزبەکەی قەوام و حیزبی تودە و چەند حیزبێکی تری چەپ و هەر دو دیمۆکراتی ئازەربایجان و کوردستان دابەش بکەن و، پێکەوە بچنە هەڵبژاردنی گشتی خولی پانزەهەمی مەجلیسەوە.

قازی محەمەدیش، وەکو ڕۆژنامەی کوردستان نوسیوێتی، بۆ پشتیوانی لە پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوی پێشنیار کراو ئەم بروسکەیەی بۆ قەوام ناردوە:

" تەلگرافێك بە مەزمونی ژێرەوە لەلایەن جەنابی ئاغای قازی محەمەد پێشەوا و رەهبەری حیزبی دیمۆکراتی کوردستان موخابەرە کراوە:

تاران: جەنابی ئەشرەف ئاغای قەوام ڕەهبەری حیزبی دیمۆکراتی ئێران
ڕونوس: جەنابی ئاغای دکتۆر کیشاوەرزی ڕەهبەری حیزبی تودەی ئێران
ڕونوس: جەنابی ئاغای ساڵح ڕەهبەری حیزبی ئێران
ڕونوس: تەبرێز، جەنابی ئاغای پیشەوەری ڕەهبەری فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان
ڕونوس: تاران، ئاغای پادگان معاونی سەدری فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان

بە ئیحتیرامەوە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئامادەیی خۆی بۆ ئیئتیلاف دەگەڵ ئەحزابی ئازادیخواز (دیمۆکراتی ئێران، تودەی ئێران، دیمۆکراتی ئازەربایجان، حیزبی ئێران) ڕادەگەیەنێ و ئەم ئیئتیلافە موجیبی سەعادەت و عەزەمەتی میللەتی ئێران دەزانم و بەم وەسیلە جەنابی ئاغای سەدری قازی لە لایەن حیزبی دیمۆکراتی کوردستانەوە بۆ گفتوگۆی پێویست و ئیمزای ئیئتیلافنامە بە نوماینده‌یی موعەڕەفی دەکەم.

ڕەهبەری حیزبی دیمۆکراتی کوردستان –محەمەد قازی" (١٠)

قەوام نەک هەر ئەمەی قبول نەکرد، بەڵکو سەرەنجام تودەییەکانیشی لەوەزارەت دورخستەوە.

٢. گەڕانەوەی ئەرتەش

٢. ١. کشانەوەی ڕوس

بە پێی مادەی ٥ ی پەیمانی ٣ قۆڵی: ئێران، ڕوسی، بەریتانی ٩ ی ١١ ی ١٣٢٠، ئەبو لە دوای بڕانەوەی جەنگ تا ماوەی ٦ مانگ، هاوپەیمانەکان هێزەکانی خۆیان لە ئێران ببەنە دەرەوە.

لە ٢٠ ی گەلاوێژی ١٣٢٤ دا دوەمین جەنگی جیهانیی بە ڕەسمی، دوای خۆبەدەستەوەدانی بێ مەرجی ژاپۆن، کۆتایی هات.

سەرانی دەوڵەتانی هاوپەیمان کە لە پۆتسدام بۆ ڕێکخستنەوەی دنیای دوای جەنگ کۆبونەوە، ئەو بەڵێنەی خۆیان سەبارەت بە چۆڵکردنی ئێران دوای بڕانەوەی جەنگ دابویان، دوبارە کردەوە.

لە ٢١ ی خەرمانانی ١٣٢٤ دا حکومەتی ئێران ٣ یادداشتی دا بە سەفارەتەکانی ٣ دەوڵەتە زلەکە: یەکێتی سۆڤێت، بەریتانیا و ئەمریکا لە تاران، گفتەکانی خۆیانی لە بارەی بە جێ هێشتنی ئێرانەوە بە بیر هێنا بونەوە.

هێزەکانی ئەمریکا لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٣٢٤ داو، هێزەکانی بەریتانیاش تا کۆتایی هەمان ساڵ هەمو هێزەکانی خۆیان لە ئێران کێشایەوە. یەکێتی سۆڤێت مابو گفتەکانی خۆی بەجێ بهێنێ و ئەویش هێزەکانی لە ئێران بباتە دەرەوە. بەڵام یەکێتی سۆڤێت ئەی ویست لە نرخی چۆڵکردنی ئێران دا ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی سەروی ئێران وەربگرێ.

قەوام سیاسی‌یەکی زیرەك و فێڵباز بو. ستالین و کاربەدەستانی تری روسی قانیع کرد کە ئیمتیازی نەوتی شیمالی ئێران ئەدا بەوان. بەڵام تا لەشکری بێگانە لە خاکی ئێران دا بێ "مەجلیسی شورای میللی" هەقی نیە هیچ پەیمان و رێککەوتنێ لە گەڵ بێگانە پەسند بکا، بۆیە پەسندکردنی قانونی دانی ئیمتیازی نەوتی شیمال بە روس لە لایەن مەجلیسی شورای میللی‌یەوە ئەبێ بکەوێتە دوای کشانەوەی هۆردوی سور لە خاکی ئێران.

نوێنەری سۆڤێتی بەم نامەیە سەروەزیرانی ئێرانی لە بڕیاری روسی ئاگادار کرد:

"جەنابی ئاغای قەوامی سەڵتەنە سەروەزیرانی ئێران

بە دوای دەربڕینە دەمییەکانی کە ئەم لایەنە بە پێی فەرمانی حکومەتی سۆڤێت لە ١٢ ی مانگی ئەم ساڵ دا دوپاتی ئەکاتەوە کە رۆشتنی هێزی سۆڤێتی لە ئێران بە پێی نەخشەی چۆڵکردنی ستادی ناوچەی نیزامی قافقاز لە کۆتایی مانگی مارت دا بڵاو کراوەتەوە ٩ هەمی مانگی مایس بە تەواوی جێبەجێ ئەکرێ... سادچیکۆف"(١١)

حکومەتی قەوام بە رواڵەت بڕیاری دا ئیمتیازی نەوتی شیمال بە روس بدات. روسیش بڕیاری دا خاکی ئێران چۆڵ بکات، بە واتەیەکی تر ئەبو ئازەربایجان بە جێ بهێڵێ و بەوەش هەر دو کۆماری ئازەربایجان و کوردستانی بێ پشتیوان بەجێ ئەهێشت. ئەرتەشی ئێران ئیتر بێ هیچ بەرهەڵستی‌یەك ئەیتوانی بە ناوی گێڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندی و دابینکردنی ئازادی هەڵبژاردنی گشتی‌یەوە بۆ خولی پانزەهەمی مەجلیسی شورای میللی، کە ئەبو رێککەوتنی روسی - ئێرانی دەربارەی نەوت پەسند بکات، بچێتەوە ئازەربایجان.

لە ٢٧ ی تشرینی دوەم دا سەفیری ئەمریکا لە ئێران جۆرج وی ئالن بە ئاشکرا رایگەیاند، ئەوەی ئێران وتویەتی: "... حکومەتی ئێران ناچارە بۆ دابینکردنی ئاسایش، هێزی نیزامی بۆ هەمو شوێنەکانی ئێران بنێرێ..." شتێکی بە تەواوی بەجێ و دروستە.(١٢)

٢. ٢. كورد و ڕۆیینی ئۆردوی سور

لە مانگی سەرماوەزدا دەستەیەکی نوێنەرایەتی کورد چون بۆ ورمێ بۆ گفتوگۆ لە گەڵ کۆنسوڵی سۆڤێتی، هاشمۆف، دەربارەی کشانەوەی ئۆردوی سور لە ئێران و پاشەڕۆژی سیاسی کوردستان. هاشمۆف بەوانی وت: ئێران هێزێکی پچوك بۆ پارێزگاری ئاسایش ئەنێرێتە کوردستان تا چاودێری هەڵبژاردن بکا، دوای تەواوبونی هەڵبژاردن لە ناوچەکە ئەکشێتەوە. لە بانەمەڕی ١٣٢٥ دا ئۆردوی سور ئێرانی بەجێ هێشت. شەوی ١٢ ی ٢ لە تەورێز بەم بۆنەیەوە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەیان بەست. لەو کۆڕەدا هێمن ئەم شیعرەی بە ناونیشانی "ئاونگی سور" خوێندەوە:

دوێنێکە کاتێ کازیەوەی بەیان
لە خەو هەڵستام ڕۆیم بۆ گەڕان
گەڕام زۆر کێو و چیاو بەندەنان
گوڵزار و باخ و دەشت و چەمەنان
دیتم دیارە دەدرەوشێ لە دور
لە سەر گوڵێك ئاونگێكی سور
پرسیم لە یەکیان: "ئەرێ ئەتۆ چی،
بۆچی لە ڕەنگی ئاونگی دی نی؟
ئەمن ئاونگی سورم نەدیوە،
کەنگێ ئاونگی وەك تۆ باریوە؟"
ئاونگ: "ئەمن ئاونگی ئاسمانی نیم
من: "ئیدی ئەتۆ چی؟"
ئەو: "دەزانی من چیم؟
فرمێسکی سوری کوردی داماوم،
کە لە سوێی ئۆردوی قزل ڕژاوم"
ئەنجام و دوائی چاکە ئەوەیە
ئۆردوی میهرەبان دۆستی وای هەیە
لە پاش ڕۆیشتن لە دوی دەکەن شین
لە چاویان دەتکێ فرمێسکی خوێنین
ئەی لەشکری سور، ئەی ئۆردوی زەفەر
ئێستا کە دەڕۆی لێرە دەچییە دەر
خودات دەگەڵ بێ و ئەوەی بزانە
جێی تۆ هەمیشە دڵی کوردانە

ئەی ئەو فریشتەی کوردت کرد ئازاد
لە ژێر پەنجەیی دێوی ئیستیبداد
لەوەی بەدواوەش قەت مەیکە لە بیر
حەیفە بە تەنها کورد ببێ یەخسیر(١٣)

کشانەوەی ئۆردوی سور هاوزەمان بو لە گەڵ چەن ڕوداوێکی گرنگ. تازە بە تازە "پەیمانی یەکێتی و برایەتی کورد و ئازەر" بەسترا بو، گفتوگۆی سیاسی نوێنەرایەتی هاوبەشی کوردستان و ئازەربایجان لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی ئێران لە تاران دەستی پێ کرد بو، هەر لەو ماوەیەش دا بو ئەرتەش بنکەکانی خۆی لە سنە و، سەقز و، بانە و، سەردەشت بەهێز کردو، کەوتە شەڕ فرۆشتن بە پۆستەکانی پێشمەرگەی کوردستان.

دیارە کشانەوەی "ئۆردوی سوری سۆڤێتی" لە کاتێکی وەها ناسکدا بۆ خەڵکی کوردستان شتێکی خۆش نەبو. لە گەڵ ئەوەشدا خەڵك ورەیان بەر نەدا. هەر کە بەرپرسەکانی حکومەتی کوردستان داوایان لە هێزەکانی ئێلات کرد بچن بۆ جەبهەی سەقز بۆ پاراستنی سنوری کوردستان لە هێرشی چاوەڕوانکراوی دوژمن، یا بە قسەیەکی تر، بۆ پێشڕەوی بۆ ئازادکردنی سەقز و سنە، بە هەزاران پێشمەرگە و لەخۆبوردو لە شوێنە دورەکانی کوردستانەوە کۆبونەوە.

قازی محەمەد بەو بۆنەیەوە، لە کۆبونەوەیەك دا لە ڕۆژی ١٥ ی ٢ ی ٢٥ لەگەڵ هەندێ لە "سەرانی عەشائیری مەنگوڕ، مامەش، زەرزا، گەورك، دیبوکری، قەرەپاپاق و، ئەفسەرانی بێباکی هێزی دیمۆکرات" نوتقێکی داوە. لە قسەکانیدا وتویەتی:

"لە کاتێکیدا ئۆردوی سور لە نێوماندا بو، دوژمنانی ئێمە هەمیشە وایان بڵاو دەکردەوە کە داوا و ئیدیعای کوردان هەموی بە هۆی سیاسەتێکی خاریجییە، کە مەقسودیان ئۆردوی سور بو، بەڵام ئەوڕۆ بە ئاشکرای لە هەمو کەسێك مەعلوم بوە، کە کورد ئازادی دەوێ و دەست لەو مەرامە هەڵناگرێ و، وجودی ئەو عەشائیرانە لەوڕۆدا کە بە گیان و ماڵ ئامادەن ئاخرین دڵۆپی خوێنی خۆیان بۆ ئەو مەرامە بڕژێنن شاهیدێکی زۆر گەورەیە بۆ ئەوەی کورد ئازادی دەوێ و دەستی لێ هەڵناگرێ و بۆ وەچنگ هێنانی ئازادی ئیعتیمادی هەر بە خۆیە.

ئەمن زۆر سوپاسی برا مەنگوڕەکان دەکەم هەر بە بیستنی ئەوەی کە زانیویانە ئۆردوی سور وڵاتی تەخلیە کردوە و ڕۆژی کارە، گەورە و بچوکیان، بۆ پاراستنی وڵات ئامادەی خزمەت بون.

برایانی مامەش هەر کە زانیویانە کە ڕۆژی ئەوەیە دەبێ وڵاتی کوردەواری نفوزی بێگانەی تێ دا نەمێنێ و دەستی ئیستیعماری لە سەر لابردرێ هەموی بە گیان و دڵ حازر بون.

هەروەها برایانی گەورك و دێبوکری و زەرزا و ئاغایانی قەرەپاپاق، هەمو ئەوڕۆ وەك گورد لە مەیدانێدا ڕاوەستاون و چاوەنۆڕی فەرمانن کە هەموی شاهیدێکی گەورەیە لەو ڕۆژەدا کە ئۆردوی سور وڵاتی تەخلیە کردوە ئەوان واجیبی موقەدەسی خۆیان بە جێ دێنن و بەڵگەیەکی زۆر زلە بۆ ئەوەی هەستی نیشتمان پەرستی و ئازادی لە دڵی هەمو کوردێك دا جێگیر بوە و دەست لێ هەڵگرتنی نیە.

برایانی خۆشەویستی بارزانی کە لە ڕێگای وەدەست خستنەوەی ئازادی کوردستانی مەزن وڵات و ماڵ و منداڵیان لە بەر چاو نیە و هەمویان لە پێناو ئەو مەتلەبە ناوە. مەردانە لە کۆشش دان جێگای شانازییە و ئازادیخواهی میللەتی کوردەواری نمایش دەدەن و شارەزایی وان لە عەمەلیاتی جەنگی و ئازادی و ڕەشیدییان، کە سیفاتی مومەیزەی کوردانە، لە شەڕی سالْح ئاوایەدا مەعلوم بو کە عیدەیەکی ٧٠٠ نەفەری ئۆردوی فارسەکان دەیویست بۆ لای سەرایە بێت ئەوان ١٧٠ نەفەر پێشیان لێ گرتن و تەلەفاتێکی زۆریان لێدان بێ ئەوەی یەك نەفەر خوێن لە کەپوی بێ.

جەنابی حەمە ڕەشید خان کە چەند وەختە لەو ڕێگایەدا ئیمتیحانی خۆی داوە. هەروەها ئەوانە بەڵگەیەکی زۆر گەورەن کە جونبوشی ئازادیخواهی کوردستان بە هۆی سیاسەتی خاریجی نەبوە بەڵکو هێزێکە لە دڵی هەمو کوردێكدا مەوجودە و لە سایەی خودا ئەو هێزەش ئەوەندە بە قوەتە کە دەتوانێ دەستی زاڵم ببڕێ.

بەڵام میللەتی کوردی زۆر خاوەنی ئینساف و ڕوحمە دیسان لەسەر ئەو حاڵەشەوە کە هێزی مە زۆر کافیە بۆ ئەستاندنەوەی وڵاتی خۆمان و تۆڵە ستاندنەوەمان لەسەر ئەوەشەوە ئەوا خەریکین کەوا بە ڕێگایەکی سولح و موسالەمەت حقوقی خۆمان وەرگرینەوە.

ئەگەر هاتو هەر بە موسالەمەت لەگەڵمان نەهاتن و ئیدیعای ئێمەیان قبوڵ نەکرد کە نوماینەدەی کوردستانی ئازاد بۆ ئەو جامیعە لە تاران مەشغوڵی موزاکەرەن. ئەو وەختی بە هومێدی خودای، بە گشتی عالەم بە تایبەتی بە دەوڵەتە زاڵمەکانی کە وڵاتەکەمان لێ داگیر دەکەن، نیشان دەدەین کە کورد چەندە بەهێزە و لێیان مەعلوم دەکەین کە تۆڵە سەندنەوە چۆن دەبێ."(١٤)

هەروەها ڕۆژی ٢٠ ی ٢ ی ٢٥ لە وتارێکی ترا وتویەتی:

"دوژمنانی کورد وایان شۆرەت دەدا کە دەوڵەتی کوردستان ئەساسێکی نیە و بە ڕۆینی هێزی سور تێك دەچێ. درۆ بونی ئەو ئیدیعایە و گۆیە پوچانە زو هاتە جێ و کورد ئیمتیحانی خۆی دا لەو چەند ڕۆژانە دا کە ئۆردوی سور خاکی ئێرانی چۆڵ کرد سەد هێندی جاران کورد وە جۆشش کەوتوە و هەزارەها کەس لە خۆبوردوان لە سنوری کورد ئامادەن تا ئاخرین تنۆکی خوێنیان لەرێی کوردستان دا برێژن.

دەبێ ئەوجار ئەو دوژمنانە بڵێن چی؟

دەبێ لێیان مەعلوم: بێ ئەگەر زو حەقی کوردی نەدەن بە زۆری ئەسلەحە دەیئەستێنین فەقەت ڕاوەستانی ئێمە لەو ڕۆژەدا بۆ ئەوەیە کە حەقی مە بە بێ شەڕ و بە موسالەمەت بدرێ و، پێمان خۆش نیە دوبارە لە دنیادا ئاوری شەڕ هەڵکەینەوە. ئەورۆ کورد سەهلە دەتوانێ حەقی خۆی لە ئێران بستێنێ بەڵکو دەتوانێ حەقی خۆی لە دنیا بستێنێ."(١٥)

قسەکانی قازی محەمەد بۆ چاوبەستن و بەرزکردنەوەی ورەی خەڵك نەبو، بەڵکو قسەکانی ڕاست و دروست بون. کورد بە لە خۆبڕانێکی ڕاستەقینەوە ئەی ویست ئەو ئازادیە بپارێزێت کە دەستی کەوت بو و، نەیئەویست جارێکی تر بە هیچ جۆرێ بچێتەوە ژێردەستی حکومەتی تاران.

٢. ٣. فەرمانی شاه

ڕۆژی ٢٤ ی خاکەلێوە هێزەکانی سۆڤێت قەزوینیان چۆڵ کرد.

ستادی ئەرتەش هێزەکانی ئامادە کرد لە تارانەوە بچێ شوێنە چۆڵکراوەکانی ئۆردوی سور بگرێ. بەڵام بە هۆی ئەو گفتوگۆیەوە کە لەگەڵ نوێنەرانی ئازەربایجان هەبو حکومەتی ئێران جولاندنی هێزەکانی خۆی تا سەرەتای سەرماوەز دواخست. سەرلەشکر حەسەن ئەرفەع لە سەرۆکایەتی ستاد لابرا بو، لە جێگەی ئەو سەرلەشکر عەلی رەزمئارا دانرا بو. لەو ماوەیە دا ستادی ئەرتەش کەوتە خۆی بۆ سازدان و ڕێکخستنەوەی هێزەکانی و، لێکۆڵینەوەی هەلومەرجی ئازەربایجان و کوردستان و، دانانی پلانی گرتنەوەی. سەرۆکی ستادی ئەرتەش، سەرلەشکری رەزمئارا، فەرمانی دا بە لەشکری ١ ی مەرکەز و لەشکری ٣ ی قەزوین بۆ ئامادەکردنی هێزەکانیان.

ڕۆژی ٢ ی سەرماوەز بەپێی پلانی پێشەکیی ستادی ئەرتەش هێزەکانی لەشکری ١ لەناکاو چونە ناو شاری زەنجانەوەو گرتیان.

ڕۆژی ۳ ی سەرماوەز ناوچەی سەرجەم لەسەر ڕێگای زەنجان بۆ میانە لە لایەن ئەرتەشەوە گیرا.

ڕۆژی ١٥ ی سەرماوەز شای ئێران، محەمەد ڕەزا پەهلەوی، بە فرۆکە گەیشتە زەنجان بۆ سەردانی هێزەکانی ئەرتەش. هەر لەوێ فەرمانێکی بۆ "ئەفسەران و دەرەجەدارانی ئەرتەش" نوسی. لەم فەرمانە دا هات بو:

" ئێوە کە ئەمڕۆ لە کوردستان و زەنجان و مەڵبەندەکانی گەیلان بۆ ئازاد کردنی نیشتیمانی هێژا و خۆشەویست کۆبونەتەوە گوێ بە فەرمان چاوەڕوانی زانینی کاتی دەسپێکردنن ئەبێ بزانن ئێرانی خۆشەویست بە درێژایی چەندین قەڕن بە گەورەیی و سەربەرزی لە دنیای کۆن و نوێ دا ناسراوە، لەگەڵ ئەوەی زۆر گەل و وڵات لەو ماوەیەدا بەهۆی ڕەوتی ڕوداوەکانی جیهانەوە لەناوچون و ناویان لە مێژودا سڕاوەتەوە، بەڵام ناوی ئێرانی نیشتیمانی خۆشەویستمان کە کۆنترین وڵاتی دنیایە هەمیشە جێگیر و هەمیشە بە توانا و گرنگییەوە ماوەتەوە.

لاتان وا نەبێ ئەم وڵاتە توشی هێرش و دەستدرێژی نەبوە، سەرانسەری مێژوی پڕ شانازی ئێمە چیرۆکی دەستدرێژی گەلانی بێگانە یا کەسانی لە ژێر کارتێکرانی فریوی دەرەوە بۆ تێکدانی سەربەخۆیی ئەو کارەیان کردوە ئەگێڕێتەوە. بەڵام لام وایە بە درێژای مێژو هیچ کاتێ ڕوداوێکی وەها شومی وەکو ئەوەی کە لە ٢١ ی سەرماوەزی ١٣٢٤ دا بەسەر وڵاتە خۆشەویستەکەمان دا هاتوە نەقەوماوە کە مشتێ سەرەڕۆی بێ نیشتیمان ناوچەی گرنگ و سەرسەوزی ئازەربایجان واتە گیانی ئێران لە نیشتیمان جیا بکەنەوە.

لەبەر ئەوە بڕیارمان دا هێزەکانی ئاسایش بەرەو ئازەربایجانی خۆشەویست بکشێن و هەمو جۆرە بەرەنگاری و بەرهەڵستییەك بە تەواوی وردوخاش بکەن. هاونیشتیمانانی عەزیزمان لە ژێر باری ئیستیبداد دەربهێنن و سەرەڕۆکان تەفروتونا بکەن و، ئاڵای شێر و خورشید لە هەمو شوێنەکانی ئەم سەرزەمینە دا بخەنە شەکانەوە و.."(١٦)

٢. ٤. پلانی گشتی ستادی ئەرتەش

ستادی گشتی پلانی گرتنەوەی دانا بو. عەمەلیاتی گرتنەوەی ئازەربایجان و کوردستان ئەبو لە ۳ قۆڵەوە بە هاوکاری عەمەلیاتی عەشایەر جێبەجێ بکرێ:

قۆڵی یەکەم، کە گرنگترینیان بو، لە میحوەری زەنجان - تەورێزەوە بجوڵێ بۆ گرتنەوەی شارەکانی ئازەربایجان و دانانی پادگان لە شارە گرنگەکانی: تەورێز، مەراغە، رەزائیە، میانە و هی تر.

قۆڵی دوەم، ئەبو لە کوردستان (سنە) وە بە میحوەری تیکاب - شاهیندژ - میاندواودا بجوڵێ بۆ دابڕینی کوردستان لە ئازەربایجان تا هێزی بارزانییەکان نەتوانن یارمەتی "موتەجاسیرین" بدەن.

قۆڵی سێیەم، ئەبو لە رەشتەوە بەرەو ئاستارا - ئەردەبیل بجوڵێ بۆ ئەوەی رێگای یارمەتی دەرەکی لە سنورەکانی لای سەروی موتەجاسیرین ببڕێ.

سەرەڕای ئەمانەش ئەبو بەهۆی عەشایەرەوە گیروگرفت بۆ هێزەکانی دیمۆکرات دروست بکرێ.(١٧)

٣. هەڵوەشانی حکومەتی کوردستان

٣ . ١. کۆبونەوەی مزگەوتی هەباس ئاغا

ستادی ئەرتەش پلانی هێرشی گشتی بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستان داڕشت بو. بۆ ئەو مەبەستە هێزەکانی خۆی لە زەنجان و کوردستان مۆڵ ئەدا. رۆژی ١٤ ی سەرماوەز سازدانی هێزی پێویستی ئەنجامدانی هێرشەکە تەواو بو. ئەو هێزانەی بۆ لەشکرکێشی کۆکرابونەوە بریتی بون لە:

٢٢ گوردانی تەواوی پیادە، ٤ هەنگ سوار، ٢ ئاتەشباری تۆپخانەی ٥٧ ملیمی کوهستانی، ٢ ئاتەشباری تۆپخانەی ١٠٥ ملیمی بڵند، ١ ئاتەشباری دژی ئاسمانی، ١ گروهان موسەلسەلی دژی ئاسمانی، ٤ گروهان خومپارە ئەنداز، ٣ گروهان ارابە جەنگی، نزیکەی ٢ گروهان موهەندیسی بە کەرەستەی پێویستەوە، ٤ گروهان تۆپی ٣٧ ملیمی، هەمو دەزگا پێویستەکانی سەررشتەداری، باربەری، بیهداری، دامپزیشکی، تەداروکات، موهیماتی تۆپخانە و پیادە.

هەمو کەس ئەی زانی هێرشێکی گەورە بە رێگاوەیە.

رۆژی ١٤ ی سەرماوەزی ١٣٢٥ بەرامبەر ٥ ی دیسەمبەری ١٩٤٦ قازی محەمەد تاقمێکی ١٠ کەسیی لەوانە: سەیفی قازی و سەدری قازی، بۆ ڕاوێژ دەربارەی پێکهێنانی "شورای جەنگ" بۆ کۆبونەوە بانگ کرد. لەم کۆبونەوەیە دا بڕیار درا هێزەکانی عەشایەر و جمهوری ساز بدرێن بۆ بەرهەڵستی هێزەکانی ئێران. بەڵام دوابڕیاریان بە جێ هێشت بۆ کۆبونەوەی رۆژی دوایی کە ئەبو لە مزگەوتی هەباس ئاغا بکرێ.

ڕۆژی ١٥ ی سەرماوەز سەرۆکەکانی عەشایەر و، ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی و، گەورە پیاوەکانی ئەوێ، بانگ کران بۆ مزگەوتی هەباس ئاغا بۆ ڕاوێژ بۆ بڕیاردانی دوا هەڵوێست بەرامبەر هاتنەوەی ئەرتەش و دەسەڵاتی ئێرانی.

پێشەوا و سەدری قازی ڕەئیان وابو ئەبێ پێشگیری لە ئەرتەش بکرێ. تەنانەت سەدری قازی وتی: "دەوڵەتی مەرکەزی توانای ئەوەی نیە لە دو جەبهەی ئازەربایجان و کوردستان دا شەڕ بکا. من نیزیکەی ٣ ساڵ لە تاران بوم و لە ورەی سەربازان و دەرەجەداران و ئەفسەران ئاگادارم. دەوڵەت لە سەقز و سەردەشت و تکاو هێزێکی نیە و ئێمە بە یارمەتی فیداییە دیمۆکراتەکان بە چاکی دەتوانین هێزی دەوڵەتی مەرکەزی تەفروتونا بکەین. لە رابردودا دەستەیەك لە عەشیرەت دەیان توانی ماوەیەکی زۆر بەرامبەر بە هێزی دەوڵەتی ڕابوەستن و خۆ ڕاگرن، ئێستا ئێوە لە وان کەمتر نین، نابێ بترسێن، دەبێ خەبات بکەین."(١٨)

لە بەرامبەر ئەم ڕەئیەدا، لە ناو خەڵکی شاردا هەندێ کەس وەك مەلا عەبدوڵای مودەڕیسی و مەلا حسێنی مەجدی ڕەئیان وابو: بەربەرکانێ کردنی هێزەکانی دەوڵەت کارێکی بێ سودە، بەوەش بیری ئاشبەتاڵیان لە نێو خەڵك دا بڵاو کردەوە.(١٩)

ڕۆژی ١٨ ی سەرماوەز لەشکرکێشی بە پەلاماردانی بەرزاییەکانی قافلانکو لە سەر ڕێی زەنجان – میانە دەستی پێ کرد. ڕێگای تاران بۆ تەورێز بەم بەرزاییانە دا تێ ئەپەڕی. فەرماندەی هێزەکانی ئازەربایجان کە دیفاعی لە قافلانکو ئەکرد جەنەراڵ غولام یەحیا دانشیان بو. هێزی ئازەری بەرگرییەکی ئەوتۆی نەکرد و زۆر زو شکا. پاش نیوەڕۆی ٢٠ ی سەرماوەز ئەرتەش گەیشتە ناو شاری میانە.

دوای داگیرکردنی میانە سەرکردەکانی ئەرتەش بۆ ئەوەی ماوەی خۆرێکخستنەوەی هێزی دیمۆکرات نەدەن و سەرکەوتنەکە بقۆزنەوە هێزەکانیان خستەوە جوڵان:

قۆڵی سەرەکی، بە شەقامەڕێ ی میانە – تەورێز دا ڕوی کردە شاری تەورێزی ناوەندی ئازەربایجان.

قۆڵێکی تر لە میانەوە بەرەو مەراغە.

قۆڵێکی تر لە میانەوە بەرەو بوستانئاباد و، لەوێوە بۆ سەراب و ئەردەبێڵ.

قۆڵێکی تر لە ڕەشتەوە بۆ ئاستارا.

قۆڵێکی تر لە کوردستانەوە بۆ شاهیندژ و تیکاب.

دیمۆکرات لە هیچ کوێیەك بەرەنگاری‌یەکی ئەوتۆیان نەئەکرد. خەریکی خۆدەربازکردن و هەڵاتن بون. ئەرتەش بە ئاسانی ئەگەیشتە ئامانجە دیاری کراوەکانی.

رۆژی ۲۰ ی سەرماوەز لە تەورێز "شورای جەنگ" پێك هات بو. بەڵام توشی راڕایی و سەر لێ شێوان بو بون. لە سەر بڕیارێکی ڕون ساخ نەبو بونەوە. وا بڵاو بوەوە کە سەلامولای جاوید تەلگرافی خۆبەدەستەوەدانی بۆ تاران ناردوە و، سەران و بەرپرسەکانی حکومەت و فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان بەرەو سۆڤێت هەڵدێن.

سەرەنجام سەرانی حکومەتی ئازەربایجان بڕیاری بەرەنگاری نەکردن و خۆبەدەستەوەدانیان دا. چەند هەزارێ سەربازی تورکی ئازەری کە بۆ بەهێزکردنی جەبهە لەوێ بون بەرەو تەورێز کشانەوە.

رۆژی ۲۱ ی سەرماوەز فەرمان درا بە هێزەکانی پێشمەرگە لە جەبهەکانی سەقز، بانە، سەردەشت، بکشێنەوە و، رێ بۆ ئەرتەش چۆڵ بکەن.

پێشمەرگە بارزانی‌یەکان کە چەند مانگ بو پارێزگاری سنوری حکومەتی کوردستانیان پێ سپێردرا بو لە جەبهەی سەقز، ئەوانیش لە ڕێگەی میاندواوەوە کشانەوە بۆ بۆکان و لە وێوە بە لاڕێ دا بۆ مەهاباد. هەمان ڕۆژ سەرهەنگ غەفاری گەیشتە بۆکان. هێزی ئێلە کوردەکان دایانە پاڵی. ڕۆژی ۲۲ ی سەرماوەز ئەرتەشی ئێران گەیشتە ناو تەورێز. هەمان ڕۆژ لەوێوە هێزەکانی ئەرتەش بە ڕێ کەوتن بۆ سەر مەرەند، جولفا، ماکۆ، خوی.

هێمن بیرەوەری‌یەکانی ئەو ڕۆژانەی خۆی بەمجۆرە ئەگێڕێتەوە:

" ماوەیەك بۆ ئەوەی کارەکانی حیزب باشتر ڕابپەڕن پاش ئەوەی شەوانە پێشەوا کە زۆر شەو تا درەنگ لە دەفتەری حیزب دا دەماوە دەچوە ماڵی خۆی، کادرێکی حیزبی لە دەفتەری حیزب دا دەماوە بۆ ئەوەی ڕاپۆرتی خوارەوە ئەگەر پێویست بو بە پێشەوا ڕابگەیەنێ و دەستوراتی پێشەوا بۆ خوارەوە بنێرێ. ئەوێ شەوێ نۆرەی منی تازە زاوا بو. لە دەفتەری حیزب دانیشتبوم و خەریکی نوسینی مەقالەیەك بوم بۆ "کوردستان" ئەفسەرێکی پچوك هاتە ژور. دەستی بۆ ڕادیۆکەی سەرمێزەکە برد. لە پڕ شتێکی وامان گوێ لێ بو کە وەختا بو پێمان بە عەرزەوە وشك بێ. ڕادیۆی تاران تەلگرافی پیرۆزبایی دوکتۆر جاوید وەزیری ناخۆی ئازەربایجانی دەخوێندەوە کە بە بۆنەی گەڕانەوەی ئەرتەشی شاهەنشاهی بۆ تارانی نارد بو. دوایە خەبەری ڕاکردنی "موتەجاسیرین" ی ڕاگەیاند... دەسبەجێ بە تەلیفون ئەو خەبەرەم بە پێشەوا ڕاگەیاند.

ئازەربایجان وا تەیارو پڕچەك بە لەشکری سازو پەرداخ و فەرماندە لێزانەکانیەوە بۆ وا زو تەسلیم بو؟ پیشەوەری کارامە و شۆڕشگێڕ و کۆنەپیاو و ئازا و ڕابەرەکانی تری ئازەربایجان بۆ وا بە پەلە ڕایان کرد؟ پرسیارێکە کەس بە تەواوی جوابی نەداوەتەوە و منیش جوابم بۆ نادرێتەوە."(٢٠)

"دەسبەجێ بە تیلیفون ئەو خەبەرەم بە پێشەوا ڕاگەیاند گوتی بۆ خۆت وەرە ئێرە و بە ئەوانی تریش ڕابگەیەنە بێنە ئێرە. بە دوای ئەوانم دا ناردو بۆ خۆم چوم بۆ ماڵی پێشەوا. سەدری قازی برای پێشەوا کە نوێنەری مەجلیس بو لە تاران و بە ڕواڵەت نەدەبو لەو واقیعە بترسێ، لە هەمو کەس پتر شڵەژا بو. ئەو دەسبەجێ گەڕاوە بۆ تاران و لەوێ گرتیان و هێنایانەوە مەهاباد...

بەڵێ کوتوپڕ تەورێز گیراوە و کوردستانیش لە هەمو لاوە گەمارۆ درا. پاش ئەوەی سەدری قازی نازانم بۆچی بەرەو تاران گەڕاوە ڕابەرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە ماڵی پێشەوا کۆبونەوە و، ئەو شەوێ ڕوحیەی هەمو کەس دەتوانم بڵێم باش بو. شورای جەنگ بە سەرۆکایەتی حاجی بابە شێخ پێك هات و سورەت جەلەسەی یەکەم ئیمزا کرا و قەراری بەربەرەکانی درا. بەڵام هێشتا مەرەکەبی بڕیارنامەکە وشك نەببوەوە کە خەبەرێ هات یەکێك لە ئەندامانی ئەو شورایە ڕای کردوە.

بۆ بەیانی وەزع گۆڕاو بڕیاری بەربەرەکانی هەڵوەشایەوە و بە پێشمەرگە دەستور درا بێ دەستکردنەوە پاشەکشە بکا و ڕێگا بۆ ئەرتەش بەتاڵ بکا و خەڵك دەستێکی کەوتە ئەولای و یەکێکی کەوتە ئەملای.

پێشمەرگە لە جەبهەی سەقز و سەردەشتەوە بە ڕێکوپێکی پاشەکشەی کرد. بەڵام فیداییەکان کە فەرماندەکانیان ڕایان کرد بو وەك مەڕی بێ شوان بڵاو بون.

فەرماندەی ئەرتەش بێ هیچ زەحمەت گەیشتە گوندی حەمامیان و پێشەوا لەوێ دیتی. لەو ماوەدا من هەمیشە لە گەڵ پێشەوادا بوم. دیارە لە گەڵی نەچومە حەمامیان. بەڵام لە شاری بەجێم نەهێشت، دەمدیت پەشۆکا بو. بەڵام نەك لە ترسان، بەڵکە لە داخان و لەبەر ناهومێدی.

ڕۆژی ٢٦ ی سەرماوەز ١٣٢٥- ١٩٤٦ ئەرتەشی شڕو شپڕێوی شاهەنشاهی، تەواو ساڵە وەختێك پاش هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، شاری مەهابادی گرتەوە."(٢١)

٣. ٢. خۆبەدەستەوەدانی سەرانی حکومەت

خۆبەدەستەوەدانی ئازەربایجان بێ شەڕ و بەرەنگاری و، هەڵاتنی سەرکردەکانی کارێکی گەورەی لەورەی سەرکردەکانی کوردستانیش کرد.

ڕۆژی ٢٣ ی سەرماوەز میرزا رەحمەتی شافیعی، شێخ حەسەنی شەمسی بورهانی، عەلی ئاغای ئەمیر عەشائیری و چەند کەسێکی ناسراوی تر چون بۆمیاندواو بۆ پێشوازی سەرتیپ هومایونی کە لە گەڵ هێزەکەی دا لە ڕێگەی سەقزەوە هات بون.

ئێوارەی ٢٣ ی سەرماوەز تاقمێ لە پێشمەرگە و بەرپرسەکانیان کۆبونەوە چونە لای قازی بۆ ئەوەی باسی پەنا بردن بۆ سۆڤێت یا عێراقی لەگەڵ بکەن. داوایان لەویش کرد لە گەڵیان بڕوا. قازی ڕەی لێ نەگرتن بڕۆن پێی وتن چی‌یان پێویستە لەگەڵ خۆیان ببەن بەڵام وتی: "من لە گەڵ خەڵکی مەهاباد ئەمێنمەوە، چونکە سوێندم خواردوە کە لە گەڵیان بم و چاوم لێیان بێ. حکومەتی ناوەندی بە ڕق و توڕەییەوە دێتەوە، ئەگەر من بگرێ داخی خۆی بە من ئەڕێژێ و واز لە خەڵك ئەهێنێ، جا بۆ ئەوەی خەڵکی شار توشی زەرەر و زیان نەبن ناچارم بمێنمەوە."(٢٢)

ڕۆژی ٢٤ ی سەرماوەز ئەسەدوف نوێنەری بازرگانی ڕوس مەهابادی بەجێ هێشت و گەڕایەوە کۆنسوڵگەی سۆڤێتی لە ورمێ.

ڕۆژی ٢٤ ی سەرماوەز هێزەکەی سەرهەنگ غەفاری و ئێلەکانی هاوپەیمانی گەیشتنە نزیك مەهاباد.

ڕۆژی ٢٥ ی سەرماوەز قازی بە تەلەفۆن قسەی لە گەڵ سەرتیپ هومایونی کرد، ئینجا خۆی و سەیف و حاجی بابە شێخ و چەند کەسێکی تر بە ئوتۆمۆبیل چون بۆ حەمامیان تەسلیمی سەرتیپ هومایونی بون. سەرتیپ همایونی فەرماندەی لەشکری ٤ ی کوردستان و، سەرکردەی ئەو هێزە بو کە ئەبو لە قوڵی سەقزەوە بەرەو مەهاباد بجوڵێ. هومایونی، وەکو خۆی گێڕاویەتەوە، بەر لەوەی قازی محەمەد و سەرانی تری حکومەتی کوردستان بچن بۆ لای گفتی "تەئمینی جانی" پێ دابون.(٢٣)

هەمان ڕۆژ مەلا مستەفا بە پەلە خۆی گەیاندە مەهاباد بۆ دیتنی قازی. ئەمە دوایین جار بو بارزانی قازی ببینێ. داوای لێ کرد خۆی بە دەستەوە نەدا و لە گەڵ ئەو بچێ. بەڵام قازی بڕیاری دابو بمێنێتەوە.(٢٤)

ڕۆژی ٢٤ مەرەند و ڕۆژانی ٢٥ و ٢٦ شارەکانی ماکۆ، خوی، مەراغە و، ڕەزائیە گیرانەوە.(٢٥)

٣. ٣. ئەرتەش دێتەوە مەهاباد

ڕۆژی ٢٦ ی سەرماوەز (١٧ ی دیسەمبەر) قازی و سەرکردەکانی تر لە جادەی شیمالشەرقی سێزدە کیلۆمەتر بە لای گوندی گۆکتەپە چون بۆ ئەوەی بە ڕەسمیی پێشوازی هاتنەوەی هێزی نیزامیی ئێران بۆ مەهاباد بکەن. ئینجا ئەرتەشی ئێران لە لای شیمال و هێزەکەی غەفاری لە گەڵ عەشایەر لەلای شەرقەوە "دروست یەك ساڵ دوای چەك کردنی شارەبانی مەهاباد"(٢٦) هاتنە ناو مەهاباد.

بە گەیشتنی هێزەکانی ئەرتەش و خۆبەدەستەوەدانی قازی و سەرکردەکانی تری، حکومەتی کوردستان بە تەواوی هەرەسی هێنا. ئەگەرچی ئەرتەش بە ئاسانی گەیشتە بۆکان و مەهابادی پایتەختی جمهوریەت، بەڵام هێشتا هەندێ لە سەرانی ئێلەکان و چەکدارەکانیان مابون ئەیان توانی گیروگرفت دروست دەکەن. مەلا مستەفا و بارزانییەکان لە دەوری نەغەدە و، ڕەشید بەگی جیهانگیری هەرکی و، زێرۆ بەگی هەرکی لە دەوری ورمێ، بون. هێزەکانی ئەرتەش کەوتە دانانی پلانی چەك کردنیان. لە ناو ئەوانەدا بارزانییەکان جێگای مەترسی بون و هێزەکانی ئەرتەش حسابێکی زۆریان بۆ ئەکردن. ڕەشیدبەگ دوای چەند پێکا هەڵپژانێ خۆی دا بە دەست هێزەکانی ئێرانەوە. ناردیانە ورمێ و بەر لێبوردنی گشتی کەوت. زێرۆ بەگیش دوای چەند پێکادانێ لە گەڵ ئەرتەش کشایەوە دیوی عێراق و خۆی دا بە دەست کاربەدەستانی عێراقەوە.(٢٧)

قازی محەمەد، ئەی توانی سەرکردایەتی جەنگی بەرگری بکات: بە شێوەی "شەڕی جەبهەیی" وەکو چەند مانگی ڕابردو لە جەبهەی سەقز کردبویان، یان بە شێوەی "شەڕی پارتیزانی" وەکو لە ساڵانی دوەم جەنگی جیهانییدا بوبو بە نەریتی خەباتی زۆر لە گەلانی ئەوروپاو ئاسیا دژی داگیرکەرانی نازی و فاشیستی و ژاپۆن. یاخود ئەی توانی وەکو سەرکردەکانی ئازەربایجان ڕێگای هەڵاتن بگرێ. هەمو ئەو ڕێگایانەی لە بەردەم دا کراوە بون. بەڵام لەناو هەموویان دا ڕێگای خۆبەدەستەوەدانی هەڵبژارد.

٣. ٤. گیران و موحاکەمەی قازییەکان

لە کاتێكدا قازی محەمەد لە لای سەرتیپ هومایونی ئەبێ، ڕادیۆی تاران هەواڵی گیرانی قازی لە لایەن هومایونیەوە بڵاو ئەکاتەوە.(٢٨) وەکو ئەگێڕنەوە لەو کاتەدا قازی و هومایونی لە ماڵی مەحمود ئاغای ئێلخانی

زادە ئەبن، هومایونی، بۆ هێمنکردنەوەی قازی، هەستاوە شەقێکی لە ڕادیۆکە هەڵداوە و، لە بەر خۆیەوە هەندێ جنێویشی بە قسەکەرەکە دا بو، وت بوی: ئەوان ئاگادار نین لە خۆیانەوە قسە ئەکەن، ئێوە ئازادن بۆ کوێ ئەچن بڕۆن.

لەو کاتەوە کە قازی چو بو بۆ پێشوازی هومایونی و ئەرتەشی ئێران، نە هومایونی خۆی و نە هیچ کام لە فەرماندەکانی تری ئەرتەش کارێکیان نەکرد بو قازی یا هاوڕێکانی دوڕدۆنگ بن یا بسڵەمنەوە. هومایونی هەوڵی ئەدا هیچ شتێ ڕونەدات و بە هێمنی دەست بەسەر کاروباردا بگرێ.

ڕۆژی ۳۰ ی سەرماوەز هومایونی، سەرەڕای ئەوەی بەڵێنی "تەئمینی جانی" بە قازی محەمەد و هاوڕێکانی دابو، ۲۸ کەس لە سەرکردەکانی حکومەتی کوردستان لەوانە: پێشەواو، سەیفی قازی گرت.(۲۹) سەدری قازی گەڕا بوەوە بۆ تاران، بە قسە و بەڵێنەکانی قەوام پشت ئەستوربو، بەڵام ئەوانە هیچیان کەڵکی نەگرت. سەدر لە تاران گیرا. بە حەپسی هێنایانەوە مەهاباد. سەرانی ئەرتەش پێیان لە سەر ئەوە داگرت بو، کە هەم موحاکەمەی قازییەکان و هەم ئیعدام کردنیان لە مەهاباد بێ. لەوەش وەکو ئەڵێن مەبەستیان ئەوە بوە هیچ کەسێکی دەسەڵاتدار نەتوانێ بۆ ڕزگارکردنیان تێ بکەوێ. بەڵام ڕەنگە هۆی ڕاستەقینەی موحاکەمە و ئیعدامی قازییەکان لە مەهاباد، چاوترساندن و تەمێکردنی داواکارانی مافی نەتەوەیی کورد بوبێ لە هەمان شوێندا کە بانگی ئازادی کوردیان تێ دا دابو.

دادگا یاخود وەکو ناوی لێ نرا بو: "مەحکەمەی بەدەوی سەحرایی" بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ پارسی تەبار لە چەند ئەفسەرێکی ئەرتەش پێك هات بو. سەرهەنگ فەیوزی دادستان بو.

تاوانەکانی بە پاڵ قازی و سەرانی حکومەت ئەدرا بریتی بون لە: پۆشینی بەرگی جەنەراڵ، سەرۆکایەتی جمهوریەتی کوردستان، گۆڕینی ڕەنگی ئاڵای ئێران، لابردنی نیشانەی شێر و خورشید، چون بۆ باکۆ و، کۆبونەوە لە گەڵ جەنەراڵەکانی بێگانە، کوشتنی ئەفسەر و سەربازی ئێرانی، بەڵێندانی بەخشینی ئیمتیازی نەوت بە بێگانە.

هەروەها نامەی دەسخەت و ڕونوسی نوتقەکانی ناو کۆبونەوە گشتییەکان.

لە بەفرانباری ۱۳۲۵ دا هەر ۳ قازی بە ئیعدام حوکم دران.(۳۰)

حوکمی ئیعدامی قازییەکان لەو کاتەدا بە بڵاونەکراوەیی هێڵرایەوە. قازییەکان داوایان کرد مەسەلەکەیان بخرێتە بەردەم "دادگاهی

تەجدیدنەزەر" بۆ چاو پیاگێڕانەوەی. لەو ماوەیەدا هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ئەوەی موحاکەمەکە ببرێتە تاران. بەڵام "ستادی ئەرتەش" سور بو لە سەر ئەوەی هەر لە مەهاباد بکرێتەوە.

ڕۆژی ٧ ی بەفرانباری ١٣٢٦ ئەندامانی "دادگاهی تەجدیدنەزەر" گەیشتنە مەهاباد. ئەمجارەیان دادگا بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ عەتائی و و دادستانی سەرهەنگ نیکوزاد بو.

دادگا دو پارێزەری بۆ قازییەکان دانا بو: سەروان سولح جو و سەروان نەبەوی.

ئەو تاوانانەی لە "دادگای بەدەوی سەحرایی" دا بە پاڵ قازی محەمەد درا بون و لە سەری بە ئیعدام حوکم درا بو، بریتی بون لە: ڕاپەڕینی چەکدار دژی حکومەتی ناوەندی، بەستنی ڕێککەوتنی نەوت لە گەڵ بێگانە، سوکایەتی کردن بە ئەرتەش و حکومەتی مەرکەزی، فەرمانی کوشتن و سوتاندنی ماڵی فەرمانبەرانی حکومەت..

ئەو تاوانانەی بە پاڵ سەیف و سەدریش درابون، شتێکیان کەمتر نەبو، لەوانەی بە پاڵ قازی درا بون.

هەیئەتی دادگا لە گەڵ ستادی ئەرتەش بەردەوام بە بێتەل پێوەندی تەلگرافی هەبو. پرسی پێ ئەکرد و فەرمانی لێ وەرئەگرت. ئەمیش حوکمی ئیعدامی: محەمەد قازی، محەمەد حسێن خانی سەیفی قازی، سەدری قازی دایەوە. کاتێ کە ستادی ئەرتەش ئاگادار کرا لەوەی دادگا حوکمی ئیعدامی داون. ستادی ئەرتەش فەرمانی دا بە فەرمانداری نیزامیی مەهاباد لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا حوکمەکە جێبەجێ بکات.(٣١)

ڕوداوەکانی ناو دادگا لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەی تاران دا بە یەك شێوە و زمان بڵاو کراونەتەوە. پێ ئەچێ کاربەدەستانی ئەرتەش، بەو جۆرەی خۆیان ویستویانە، ڕاپۆرتەکەیان بۆ چاپ و بڵاو کردنەوە ئامادە کرد بێ، بە تایبەتی بۆ شکاندنی شەخسییەتی قازییەکان کە بوبون بە ڕەمزی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد.

٣ .٥. چارەنوسی قازییەکان و بەرپرسەکانی حکومەتی کوردستان

هەر وەکو حکومەتی کوردستان هەرەسی هێنا، داوودەزگای حیزبی دیمۆکراتیش هەڵوەشا. شا "عەفوی عمومی" دەرکرد. بەڵام عەفوی عمومی هەمو کەسێکی نەگرتەوە.

لە ٣١ ی مارتی ١٩٤٧ دا:

قازی محەمەد

محەمەد حسێن خانی سەیفی قازی
ئەبولقاسمی سەدری قازی
لەمەهاباد لە سەیدارە دران.
لە ٧ ی نیسانی ١٩٤٧ دا:
حەمید مازوچی
رەسول نەغەدەیی
عەبدوڵا رەوشەنفیکر
محەمەد نازمی
لە مەهاباد هەڵواسران.
هەر لەو ماوەیەدا:
عەلی بەگی شێرزاد
لەسەر حەوزی بۆکان و
ئەحمەد خانی فاروقی (سالار)
عەبدوڵا خانی مەتین (برای سالار)
محەمەد خانی دانشوەر (برای سالار)
عەلی خانی فاتیح
محەمەد بەگی فەیزوڵا بەگی
حەسەن خانی فەیزوڵا بەگی
ئەحمەد خانی شەجیعی
شێخ ئەمین ئەسعەدی کەسنەزانی
شێخ سدیق ئەسعەدی یازیبڵاغی
عەلی ئاغای جەوانمەردی
رەسول ئاغای مەحمودی (برای عەلی ئاغا)
لە سەقز هەڵوسران (٣٢)

قازی محەمەد لە ناو کوردا پایەیەکی زۆر بەرزی هەبو. هەمو شاعیرەکانی ئەو سەردەمەی کوردستانی ئێران وەکو: مەلا مەعروفی کۆکەیی، هەژار، هێمن، خاڵەمین، حەقیقی، سەید کامیل، عەلی بەگی حەیدەری، شێواو... شیعریان لە ستایشیدا هۆنیوەتەوە. لە سەردەمی ژیانی خۆیدا شاعیر و نوسەر و سیاسی و سەرانی ئێل و مەلا و گەورەپیاوەکانی کورد هەمیشە بەرێز و ستایشەوە ناویان ئەبرد. قازی بوبو بە رەمزی ئازادی و سەربەستی کورد. لە سێدارەدانی ویژدانی هەمو خەڵکی هەژاند. دو کەس لە ئەدیبە هەرەبەرزەکانی ئەو سەردەمەی کوردستانی عێراق: پیرەمێرد و

ئیبراهیم ئەحمەد، هەریەکەیان بەم بۆنەیەوە شیعرێکیان داناوە لە ڕیزی شاکارەکانی ئەدەبی سیاسی کوردا دائەنرێن.

پیرەمێرد شیعرەکەی خۆی بە ناوی "وەلی دێوانە" لە ژێر سەردێڕی "نائومێدی" دا و ئیبراهیم ئەحمەد، کە ئەوسا هەم خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری "گەلاوێژ" و، هەم بەر پرسی لقی عێراقی کۆمەڵەی ژ. ك بو، شیعرەکەی لە ژێر سەردێڕی "یاران" دا. هەردو شیعر لە گۆڤاری "گەلاوێژ" دا بڵاوکراونەتەوە.

٤. بارزانی‌یەکان و حکومەتی ئێران

بارزانی‌یەکان ئێرانی نەبون. هێزێکی چەکداری ئازا و ڕێکوپێك بون. ڕوخانی حکومەتی کوردستان نەی توانی بو ڕیزەکانی ئەوان تێك بدا و هەڵبوەشێنێ. کاربەدەستانی ئەرتەش حسابێکی زۆریان بۆ ئەکردن. ئەترسان ببن بە پێشەنگی بەرەنگاری چەکدار و نانەوەی شۆڕش. بارزانی‌یەکان نەیان ئەویست تەسلیمی ئێران ببن. کاتیان بەسەر ئەبرد. هەوڵیان ئەدا حکومەتی عێراق "لێبوردنی گشتی" یان بۆ دەربکا و بگەڕێنەوە بۆ خاکی باوباپیرانیان. ئەیان ویست زستان تێ بپەڕێ و بە فری چیاکانی ناوچەی ٣ سنور بتوێتەوە.

ماوەیەکیان بە گفتوگۆ لە گەڵ کاربەدەستانی ئێرانی لە تاران و ماوەیەکیان بە شەڕ لە گەڵ ئەرتەش بەسەر برد. سەرەنجام گەڕانەوە کوردستانی عێراق. دوای ئەوەی نائومێد بون لەوەی حکومەتی عێراق "لێبوردنی گشتی" یان بۆ دەربکا بون بە دو بەش، بەشێکیان، کە زۆریان ژن و منداڵ بون، لە گەڵ شێخ ئەحمەد خۆیان دا بە دەست کاربەدەستانی عێراقەوە. بەشەکەی تریشیان بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا پاش چەندین شەڕ و پێکادان بە پێ گەیشتنە سنوری سۆڤێتی و لەوێ بون بە پەنابەر.

پەراوێزەکانی بەشی حەوتەم

١.حاج مخبر السلطنه هدایت، خاطرات و خطرات، چ ٤، زوار، تهران، ١٣٦٣، ل ٤٣٩.

هەروەها: مصطفی الموتی، ایران در عصر پهلوی: پهلوی دوم در فراز و نشیب، چ ٤، لندن، ١٩٨٩، ل ١٨٣–١٨٤.

٢. اندره فونتن، تاریخ جنگ سرد، ترجمه: عبدالرضا هوشنگ مهدوی، چ ١، نشر نو، تهران، ١٣٦٤، ل ٣٦٠–٣٦١.

٣. فونتن، س ن، ل ٣٦١.

٤. خلیل زادە، ر کوردستان، ژ ١٣، ٢٤/١١/٢٢. نوسەر لێرەدا بە هەڵە چوە. "مەنشوری ئەتلانتیک" ڕاگەیاندنێ بو ڕۆزفێلت، سەرکۆماری ئەمریکا و، چەرچڵ، سەرۆوەزیری بەریتانیا ئیمزایان کرد بو. ڕوسیا لەم "مەنشورە" دا لایەن نەبو.

٥. جعفر مهدی نیا، زندگی سیاسی قوام السلطنه، چ ٢، تهران، تابستان ١٣٦٦، ل ٢٩٩. لێرە بە دواوە ئەنوسین: مەهدی نیا.

٦. فونتن، س ن، ل ٣٥٩.

٧. مەهدی نیا، س ن، ل ٣٠٠ – ٣٠١.

٨. هس، ل ٣٢٠.

٩. هس، ل ٣٢١.

١٠. ر کوردستان، ١٣٢٥/٦/١١.

١١. مەهدی نیا، س ن، ل ٣٠٢.

١٢. هس، ل ٥٢٠

١٣. ر کوردستان، ژ ٤٤.

١٤. ر کوردستان، ژ ٤٦، ٢٥/٢/٢١.

١٥. ر کوردستان، ژ ٤٧، ٢٥/٢/٢٥.

١٦.علی دهقان، سرزمین زردشت، انتشارات ابن سینا، تهران، اسفند ١٣٤٨، ل ٧٨٢–٧٨٤.

١٧. هس، ل ٧٨٥.

١٨. مەهدی نیا، س ن، ل ٥٢١، قاسملو، س ن، ل ١١٢، ئەویش وەری گرتوە لە: ن. پیسیان، از مهاباد خونین ... ل ١٧٣.

١٩. قاسملو، س ن، ل ١١٣.

٢٠. هێمن، تاریک و ڕون، ل ٢٦–٢٧.

٢١. هس، ل ٢٧–٢٨.

٢٢. مەهدی نیا، ل ٥٢٢–٥٢٣.

٢٣. الموتی، س ن، ل ٤٨٧ و ل ٤٨٨.

٢٤. مەهدی نیا، س ن، ل ٥٢٥.

٢٥. دهقان، س ن، ل ٧٨٥–٧٨٨.

٢٦. قاسملو، س ن، ل ١١٧.
٢٧. دهقان، س ن، ل ٧٩٦.
٢٨. الموتي، ل ٤٨٨.
٢٩. قاسملو، ل ١٧٧.
٣٠. مەهدی نیا، س ن، ل ٥٤٣.
٣١. مەهدی نیا، س ن، ل ٥٤٧ـ٥٥٥.
٣٢. علاءالدين سجادی، شۆڕشەکانی کورد و کورد و کۆماری عێراق، بەغداد، چاپخانەی مەعارف، ١٩٥٩. ل ٣١٧.

هەروەها: گ ڕۆژی نوێ، ژ ١٠، سلێمانی، ١٩٦١/١/١، ل ٨٥. نامەیەکی تایبەتی کاك عەبدولقادری دەباغی.

برای عبرت تاریخ

بمناسبت عفو عمومی کردستان

در روز واقعه هنگام سحر در روشنائی صبحدم و در سایه روشن نور شفق سه جسم بیجان در هوا معلق بود!

خون قاضی محمد بوی نفت میداد!

من شاهد تشنجات روح گداز صدر قاضی ونعرههای گوش خراش سیف قاضی بودم!

محمد قاضی تقاضا داشت تیرباران شود!

بهاینکه قلبهای پولادین و نعرههای آهنین ازوحشت میلرزید و زانوی پهلوانان پیشانی خاکرا بوسه میداد

بقلم م....

توقف اتوبوس و سایر وسایط برای انتظار و مسافرت افسران و درجه داران ارتش در مقابل ستاد لشکر و سایر مراکز ارتشی در تبریز امری معمولی و عادی شده بود و عابرین و ناظرین می دانستند که منظور اصلی از این نقل و انتقالات تصلیه خطه آذربایجان از عمال بیگانه و دمکرات آذربایجان و سایر مهاجرین و استقرار امنیت و بسط و توسعه قدرت حکومت مرکزی میباشد.

اما آنروز عصر که یکدستگاه اتوبوس درب ستاد لشکر متوقف و اسباب و اثاثیه عدهٔ متجاوز از دوازده نفر افسر ارشد که اکثر آنها سرهنگ تمام و یا سرهنگ دوم بودند بر بالای سقف اتوبوس می بست مردم و عابرین تصور می نمودند که این عده افسران دوره ماموریت موقت خود را خاتمه داده و بطهران مراجعت مینمایند

در صورتی که حقیقت امر غیراز این بوده و این عده افسران برای تشکیل هیئت محکمه نظامی (ناشر) مامور که برحسب امر مرکز به مهاباد حرکت مینمودند.

روژنامەوانی ٧ : ریپۆرتاجی ژمارەی ڕۆژی ٢٣ی نازرماهی ١٣٢٥ی ڕۆژنامەی "مرد امروز"ی تارانی دەربارەی هەلواسینی قازییەکان